نیهاد جامی

# رەخنەگرتن لە مۆدێرنێتی

لێکۆڵینەوەی فەلسەفی

سەنتەری رووناکبیری هەتاو, ژمارە (14)


www.dengekan.com
1/14/2007

ناوی کتێب: ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی

ناوی نووسەر: نیهاد جامی

جۆری کتێب: لێکۆڵینەوەی فەلسەفی

تایپ و هەڵەچن: نووسەر

نەخشەسازی و بەرگ: هاوڕێ محەمەد زادە

تیراژ: 1000 دانە

چاپخانە:

چاپی یەکەم

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **دەسپێك** | 5 |
| **بەشی یەکەم:** مۆدێرنیتیو پۆست مۆدێرنیتی | 7 |
| – ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵگای مۆدێرنیتی | 9 |
| – مۆدێرنیتیو دەسەڵاتی شێتخانە | 23 |
| – پرسیارکردن لە فەلسەفە | 29 |
| **بەشی دووەم:** هەڵوەشاندنەوە | 91 |
| – هەڵوەشاندنەوەی عەقڵومیتافیزیکیای فەلسەفە | 93 |
| – کۆتایی ئایدیۆلۆژیاو سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە | 106 |
| – هەڵوەشاندنەوەگەرایی ییل | 124 |
| – فێمێنیزمو هەڵوەشاندنەوەی زمان | 142 |
| **بەشی سێیەم:** هیرمنیۆتیکا | 179 |
| – هیرمنیۆتیکای گومان | 181 |
| – هیرمنیۆتیکاو هەڵوەشاندنەوە | 188 |
| – مۆدێرنیتیو هیرمنیۆتیکای ڕەخنەیی | 196 |
| **بەشی چوارەم:** سیمیۆلۆژیا | 215 |
| – سەرەتایەك بۆ سیمیۆلۆژیا | 217 |
| – ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی | 241 |
| – بنەماکانی سیمیۆلۆژیا | 262 |
| – سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ | 273 |
| – سیمیۆلۆژیای ڕاڤەکاریی | 297 |
| – گراماتۆلۆژیا: ڕەخنەگرتن لە سیمیۆلۆژیا | 307 |
| | 315 |





www.dengekan.com
1/14/2007

– سیمیۆلۆژیای چۆمسکی

# دەسپێك

ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی باسێكی دەست نیشان كراو نیە تیایدا لێوە بمانەوێت پرۆژەیەكی فەلسەفی لەتێڕوانینی ڕەخنەییەوە بخوێنینەوە بەڵكو ڕەخنەگرتنە لە پرۆژەیەكی فەلسەفی كە تیایدا دەسەڵاتی عەقڵگەرایی دروست كرد, ئەوەش ڕەخنە گرتنە لەو لۆژیكەی كە بیركردنەوەی مرۆڤی خۆر ئاوایی لەسەر بەرهەم هێنراوە, بۆیە پۆست مۆدێرنیتیەكان لەو ڕەخنانە بێدەنگ نەبوون و هاتوونەتە وەڵام بەوەی ئەگەر ڕەخنەگرانی مۆدێرنیتی كە بە پۆست مۆدێرنیتی ناسراون پێیان وابێت كە مۆدێرنیتی پرۆژەیەكی تەواوە, ئەوا مۆدێرنیتی شەڕی لەسەر ئەوەیە كە پرۆژەكەیان ناتەواوە, بەو مانایەی كە مۆدێرنیتی كۆتایی نەهاتووە, بەڵام بۆ ئەوەی بەشداریەك لەناو ئەو گوتارە ڕەخنەییە بكەین پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ هەردوو دەقەكانی ئەو دو ئاراستە دژەو فەیلەسوفو ڕابەرەكانیانو گەڕانەوە بەرەو پرسیاركردن لە فەلسەفەو خولّقاندنەوەی سەر لەنوێی ماناكانو نووسینەوەی ئەو جیاوازیانە كە تاچەند پۆست مۆدێرنیتی توانیویەتی بەرهەمی بێنێتەوە, بۆ ئەوەش پێویستمان بە هەموو ئەو تێزو ڕەخنانە هەیە كەلەگەڵ ئەو ئاراستە نوێیەدا هاتە بوون, بۆیە

ئێمەش هەر بەو مەبەستە كتێبەكە پـۆلین دەكەینـە سـەر چـوار بـەش لەبەشـی یەكەمدا دێینە سەر ئەو كۆمەڵگا نوێیەی كە پۆست مۆدێرنیتی قسەی لە بارەوە دەكـات بـەوەی مـۆدێرنیتی پرۆژەیـەكی تـەواوە, بەتایبـەت لەسـەر ڕەخنـە هاودژەكـانی هابرمـاسو لیوتـار, دواتـریش لەسـەر پەیوەنـدیی مـۆدێرنیتی بـە شێتخانەوە كە بـەلای فۆكـۆ وە مـۆدێرنیتی لـەو ڕێگەیـەوە دەیـەوێت دەسـەڵات بداتــەوە عــەقڵ, بــۆ پیاچــوونەوە بــە پــرۆژەی مــۆدێرنیتی دێینــە نــاو فــەزای فەیلەسوفێكی تر كە دۆلۆزە بەتایبەت لەبارەی پرسیاركردنەوەی لە فەلسەفەدا, لەبەشی دووەمیش كە تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەو ئاڵا هـەڵگریی ئـەو تێـزە كـە دریدایە دێینە سەر بۆچوونەكانی دریدا لەبارەی هەڵوەشاندنەوە بۆ ڕوانینـەكانی فۆكۆیامـاو هـەروەها ڕەخنـەگرتنی لـە سـێنتەرو گەڕانـەوەش بـەرەو لای نیتـچە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی عەقڵ كـە دریـدا جـارێكی تـر لـە سـەر خوێندنـەوەی هایدگەر بۆ نیتچە كاری كردەوە, هەروەها هەڵوەشـاندنەوەگەرایی یـال باسـێكی ترە لەو بەشەدا ئەو چوونە ژوورەوەیە بەوە واز ناهێنین تـا خۆمـان لـە ژانرێكـی تری پۆست مۆدێرنیتی نەدەین كـە ئـەویش پۆسـت مـۆدێرنیتی فێمێنیـستیە كـە كریستیڤاو هێلین سیكسۆس‌ولۆرا كیپنزو چەندین ناوی تر نوێنەرایەتی دەكەن.

لەبەشـی دواتـریش دێینـە سـەر هیرمنیۆتیكـاو لەسـێ تـەئویلكاری جیـاواز دەدوێین ئـەوانیش گـادامێرو ڕیكـۆرو بلۆمـە, بەشـی چـوارەمیش كـە دوا بەشـی كتێبەكەیە تەرخانە بۆ سیمیۆلۆژیا هەر لە سۆسێرەوە تا دەگات بـە چۆمـسكی, كە ئەوانیش بەشێكی ترن لەناو پرۆژەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی.

**ن.ج**
**/4/23**
**2005**

هەولێر

## بەشی یەکەم

# مۆدێرنیتیو پۆست مۆدێرنیتی

# ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای مۆدێرنیتی

لەدوای ئەوەی مۆدێرنیتی لەسەر شێوازی سڕینەوە هەوڵی کۆمەڵگایەکی تریدا, کەلەخەسڵەتە مرۆییەکان دووری کردینەوەو کۆمەڵگا لەسەر بنەمای عەقلّ دروستکرا, ئەوەش بیرکردنەوەو پایەدانی بە عەقڵداو ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانەی لە ڕابردوودا هەبوون, کەدواجار نەیتوانی ئەو کۆمەڵگا عەقلاّنیە دابمەزرێنێت, چونکە بەشێکی زۆری بۆچوونەکان بوونە دیلی تیۆرولە هەڵچوون لەناو کلتوری ڕابردوو دەرەنەچوون, چونکە ئەو قۆناغە پێویستی بە گەشەکردنی بەردەوام هەبوو, دوای ئەوەی (مارکس.. فرۆید.. نیتچە) ئەو سێ گۆڕانە گەورەیەیان لەعەقڵی فەلسەفی خۆر ئاوا بەرپاکرد, ئومێدی گەورەتریان بەگۆڕان هەبوو, بەلاّم نەبوونی فەیلەسوفی تر لەشێوەی ئەو سیانە وای لێکردن ئیدیی مۆدێرنیتی داکۆکی لەو دەسکەوتانە بکات, دەسکەوتێك لەتواناى نەبوو هیچی نوێتر بەرهەم بێنێت, کۆمەڵگا ئەوەبوو کەباسی لێوە دەکرا, گۆڕانێك نەما, ئەوەش وایکرد ڕاچەنینێك دروست بێت

بەوەی ئەو کۆمەڵگایەی هیوای بۆ دەخوازرا کۆمەڵگایەکی ڕادیکالی نەبوو کە ئیدیی بەهاکان بپارێزێت, بەڵکو ئەو پارێزگاری لەهیچ بەهایەك نەکرد.. بەدژی بەهاو نەریتەکان وەستایەوە, ژیانی کرد بە حیکایەتێك زەمەن تیایدا وەستابوو, ناوی پاڵەوانەکان دەدرەوشایەوە, سەردەمی حیکایەتە مێژوویەکان ئەو سەردەمە بوو کە کۆمەڵگای تووشی قەیران کرد, چونکە حیکایەت هۆیەکە بۆشاردنەوەی حەقیقەت, زۆرینەی ئەو حیکایەتانە خورافیین وپەیوەندیان بە ڕاستیەوە نیە, بۆیە کاتێ پۆست مۆدێرنیتی زانست دەکات بە ئەلتەرناتیڤی لەهەمان کاتدا فەیلەسوفێکی وەك لیوتار بەدژی بینینی زانستە وەك حیکایەت, بەڵکو زانست بەردەوام پێویستی بەڕەخنەگرتنە لەخۆی, ئەو زانستەی لێرەدا مەبەستە زانستێکە بەردەوام لەگەڵ چەمکی حیکایەت لەکێشەدایە, چونکە دەیەوێ زانیاری ببەخشێت بۆ بەرهەم هێنانی حەقیقەت, بەپێچەوانەی حیکایەت کەدەمانباتە ناو ئەفسانەکان تاوەکو حەقیقەتمان لێ بشارێتەوە, حەقیقەت شتێ نیە لای مۆدێرنیتی جگە لەوەی کەعەقڵ دانی پیا دەنێت, ئەوەش لەدایکبوونی حەقیقەتی عەقڵ بوو, کە هیگل واناوی دەبرد ئەوەی عەقلانی بێت واقیعیەو ئەوەی واقیعیش بێت عەقلانیە, بەمانای ئەوەی لەناو سنوری عەقڵدا جیهان کورت کرا بۆوە, بۆیە زانست بەئامادەگی گوتاری فەلسەفی لە ڕێگەی میتا گوتارەوە تەئویلی ماناکان دەکات, ئەو گوتارەی لەناو حیکایەت بەدەوری پەیوەندیەکی داخراو دەسوڕێتەوەو ڕێگە بەتەئویل نادەن سنوری مانا ببەزێنیێ, بەڵکو مانا بۆخۆشی ئەو توانایەی نیە, ئەو تێکەڵی بونیادە خورافیەکانی ناو حیکایەت بووە, بەوەش عەقڵ حەقیقەتو دادوەری لەناو تاکە ڕەهەندێکی عەقلانیەوە دەکاتە دوو پێکهاتە بۆ حیکایەت, حیکایەت بەهۆی ئەوانەوە خۆی گەورە دەکاتو بە گەورە بوونیشی ئەوان دەشارێتەوە, دەسەلات وەرگرتنی سڕینەوەی پێکهاتە ناوەکیەکانە, هەربۆیە بوونی حیکایەت قەیرانێکی گەورەی درووست کردووە, ئەو قەیرانەی ڕووی

فەلسەفەی داپۆشیووە, بەوەی میتافیزیکیاش بۆخۆی تووشی قەیران دێت, چونکە توانای بەزاندنی ئەو سنورە خورافیەی نەبووە, حیکایەت وەزیفە لە (زمان, توخم, ئاماژە, بکەر) دەسەنێتەوە بەتەنیا پاڵەوانە دەردەکەوێت, پاڵەوان بەمەداری وەهمە دۆنکیشۆتانەکانی خۆیەوە خەریکە, ئەو وەهمەی گۆڕانی فەلسەفی ڕاگرت, بۆیە بەدوای شۆڕشی پیشەسازیی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا سەرلەنوێ ڕێکخرایەوە, ئەوەش بەدوای نزیکبوونەوەی نێوان کێشوەرەکان لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە, کە نەك هەرلەڕووی میدیاکانەوە بەڵکو سەفەرکردن بەڕێگای ئاسان دەستەبەر کرا, دیارە ئاگاداربوونی مرۆڤ بەجیهانەوە بەگۆڕانێکی مەزنی مەعریفە دادەنرێ, بەوەی مەعریفە نەك هەر بۆ ئەو کۆمەڵگایانە سوود دەگەیەنێ کە شۆڕشی پیشەسازیی تیا ئەنجامدراوە, چونکە وولاتانی جیهانی سێیەم سوودێکی زیاتر دەبینن, ئەو لەکۆمەڵێك قۆناغ بۆ گەیشتن بەو دەسکەوتانە نزیك دەبێتەوە, ئەوەش ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوون لەو دابڕانەو هەوڵدان بۆ پەیوەندیی کردنەوە بەجیهان, ئەگەر چی ناکرێ مەعریفە بەیەك ڕوو ببینین, چونکە ئەو هێزی بەرهەم هێنەرە, هەر بۆیە لەڕوویەکی تردا ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لەدرووست کردنی سیخوڕی لە ڕێگەی کۆمپیوتەروئەنتەرنێتەوە, ئەوە سەرەڕای ئەوەی وێرانکردنی وولاتانی خۆر هەلآت لەلایان خۆر ئاواوە دەبێت بەکارێکی ئاسایی, چونکە تەکنەلۆژیا ئەمجارە لەبڕی سوود وەرگرتن لە مەعریفە, مەعریفە دەخاتە خزمەت وێرانسازی بۆ بەرهەم هێنانی گازی ژەهراوی وموشەکی نوێ, ئەوەش بازرگانی کردنی مەعریفەیە لەکۆمەڵگایەکدا کەناو دەنرێ بە(کۆمەڵگای زانیاری) بەلاّم زانیاریەك پاکیوبەرائەت دەدۆڕێنێ, چونکە ئەو چەندە زانیاریمان پێدەبەخشێ, هێندەش لە ڕاستگۆیی دوورمان دەکاتەوە, چونکە لە کۆمەڵگایەکدایە مۆدێرنیتی پایەکانی لەسەر عەقلآنیەت درووست کردووە, ئەوا پۆست مۆدێرنیتی دەیەوێ لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا مەعریفەی نوێو جیاواز

بخاته سەر زانیاریەکانی, ئیدیی پاکی توانای ئەوەی نییە رێگە بگرێت, بەڵکو ئەو بەهایەی خۆی لەناو مەعریفەی کۆمەڵگای زانیاری لەدەست دەدات, ئەوەش هەرگیز گەڕانەوە نیە بۆ مۆدێرنیتی, کە دەکرێ لەبینینی ڕووکەشانە بە شێوە نزیك بوونەوەیەك ببینرێت, بەڵام لەجەوهەردا خاڵێکی تەواو جیاوازیان هەیە, چونکە مەعریفە لە پۆست مۆدێرنیتی بۆ سەپاندنە نییە, بەڵکو پێویستیەکە دەبێ قەبوولی بکات, گۆڕانێکە لەجیهانبینی, ڕزگارکردنی عەقڵە لەمەدارێکی دەست نیشان کراو, قسەکردنە لەوانەی چەپێنرابوون.

هەربۆیە لیوتار بڕوای وایە" گەشەسەندنی ئابوریو فراوانبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو ڕامیاری بەشێوەیەکی سرووشتی یەکتری تەواو دەکەن"(1) ئەوەش خولقاندنی پەیوەندیی زمانە, وەك زانست لەگەڵ ئەخلاق کە ئەویش ڕووی تەواوکەریی سیاسەتە, هەریەك لەو دوانە بەر لەدرووست بوونی پەیوەندیەکەیان لەناو خۆیان گەیشتونەتە ئاستێکی پێشکەوتوو, ئاستێك خۆرئاوا ناویدەنێ(هەڵبژاردن) هەڵبژاردن لەوێنەی باڵا لەوەی مەعریفەیەکی بەرزو قووڵ هەیە, ئەمرۆ وای لێ دەکات پەیوەندیی بەئەویتر درووست بکات.

ئەو کۆمەڵگایەی پۆست مۆدێرنیتی هەوڵ بۆ خولقاندنی دەدات, کۆمەڵگایەکە بەزۆر شێوە ناوزەد کراوە(جی. دی. پۆر) ناوی کۆمەڵگای ئیستعرازی لێناوەو(دانییل بیل) بە کۆمەڵگای دوای پیشە سازیی ناوی دەبات و(هنری لۆڤیڤەر) یش ناوی دەنێت کۆمەڵگای بیرۆکراتی بۆ لەکار کەوتنێکی ڕێکخەر, ئەوەش چونکە زانست و تەکنەلۆژیا لەو کۆمەڵگایەدا خاسیەتێکی سەرەکیە بۆ کارکردن, بەوەی بڕوای بەهەموو ئەو گۆڕانکاریانەی زانست هێناوەو هەرگیز بۆ وەڵام بە مۆدێرنیتی نایەت بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای بەر لە مۆدێرنیتی, بەڵکو دەیەوێ ڕەفزی ئەو ژیارەی مۆدێرنیتی بکاتەوە, بەڵام هەرگیز ڕەفزی ئەو زەمەنە ناکات, کەسۆبجێکتی ئەو ئامادەگی تیا هەیە, بۆیە پرسیاری مەعریفە پرسیارێکە جارێکی تر دەخرێتەوە ژێر ڕۆشنایی, بۆئەوەی تەکنەلۆژیا فەرامۆش

نەکات کەدابیبڕین لە گۆڕانکاریەکان, هەربۆیە لیوتار زوو ئەو پرسیارەی کرد"کێ بڕیار دەدا لەوەی مەعریفە چیە, وکێشە ئەوەی دەزانێ پێویستە چارەنووسی چی بێت؟ لەسەردەمی کۆمپیوتەر پرسیاری مەعریفە دەبێ بە پرسیار لەشێوەی فرماندان لەهەر کاتێکی تر زیاتر"(2) ئەو پرسیارە دەرخستنی رووی جەوهەری مەعریفەیە, بەوەی کۆمەڵگای نوێ پێویستی پێیەتیو لەگەڵ گۆڕانەکان دەبێ سوودمەند بێت, بۆیە چارەنووسی مەعریفە لە کۆمەڵگای پاش نوێگەریدا چارەنووسێکی نادیارە, بەوەی ڕۆژانە زانیاری دەخاتە سەر ئاگایی مرۆڤ, هەربوونی ئەو مەعریفەیەشە دەبێتە بەربەست لەوەی قەیران خۆرئاوا وێران بکات, ئەگەرچی لەڕووی تردا وێرانە نەبوون"هۆیەکەی ئەوەبوو کە ئەوان مەسەلەی گەندەڵیو کێشەی دەروونیو دژایەتیو ڕووبەروو بوونەوەکانیان بەباشی بینیو لەگەڵ باسکردنی کێشەکەشدا بەسەریدا زاڵبوون"(3)و توانیان لەڕێگەی مەعریفەوە شوێن بە حیکایەت لەق بکەن, ئەوەش بەدوای گومانکردن لە حیکایەتەکانی مۆدێرنیتی کە بووە هۆی پرسیاری هەمەچەشن بۆ خوڵقاندنی جیاوازی, کە لە قەیرانی مەعریفەی زانستی ڕێگەی لە جیاوازی دەگرت, بۆیە مەعریفەی زانستی ئەو قەیرانەی چارەسەرکرد کە بەدرێژایی مێژوو مەعریفەی حیکایەت کاری تیادا دەکرد, چونکە"قەیران گرنگترین ووشەیە لەفەرهەنگی زمانی پۆست مۆدێرنیتیدا"(4) ڕەنگە گرنگیەکەی لەوە دابێت کەخاڵێکی جەوهەری ئەو هەڵ ومەرجەی پۆست مۆدێرنیتیە, چونکە بوونی قەیران وادەکات هەڵومەرجێك بێنێتە پێشەوە, کەبوونی بکاتە پێویستیەکی فەلسەفی.

لەوەی بەدرێژایی قۆناغە فەلسەفیەکان نەتوانراوە پەیوەندیی لەنێوان مەعریفەو تەکنەلۆژیا درووست بکرێت, چونکە مەعریفە هەرگیز لە پێش سامان دانەنراوە, بەڵکو"ئارەزوو لە سامان زیاتر بووە لە ئارەزوو لە مەعریفە"(5) ئەوەش وایکردووە تەکنەلۆژیا خەریکی گەشەکردنی بەرهەمەکانی خۆی بێت و ئەو بۆچوونە سەراوژێر بکات کە دەیووت" تەکنەلۆژیا نیە بەبێ سامان"(6)

بەواتای تەکنەلۆژیا بەبێ سامانیش سەرهەڵدەدات, بەڵکو ئەوە سامانە بەبێ تەکنەلۆژیا نایەتە دیی, ئەو خاڵەیە پۆست مۆدێرنیتی دێنێتە بوون, بەوەی ژیار لەسەر زەمەنی ئێستا دابمەزرێنن, ئەوەش لەرێگەی سرینەوەی ئەو مۆرکە ژیاریەی مۆدێرنیتیە, لەنێوان دابڕانی ژیاری مۆدێرنیتیودرێژبوونەوە لەناو هەمان ژیاردا ململانێو گفتوگۆ فەلسەفیەکانی ئەو دوو لایەنە دەست پێدەکات, بەتاییەت بەدوای ووتارەکەی هابرماس بەناوی(مۆدێرنیتی پرۆژەیەکی ناتەواوە) کە پێی وایە پۆست مۆدێرنیتە دەیەوێ خۆی بکاتە خاوەنی دەسکەوتەکانی دووسەدەی مۆدێرنیتە، ئەوە لەکاتێکدا مۆدێرنیتە خاوەن دەسکەوتێکی بێخەوش نەبووە تاوەکو وەربگیرێت، بەڵکو دنیایەك کەلێنو دیدیی ناتەواویی جێهێشتووە، پۆست مۆدێرنیتی دەیەوێت  ئەوەی مۆدێرنیتی کردوویەتی ئەو نەیکات، وەك ئەو ڕەخنەیەی (هانزد کۆنگ) ئاراستەی (هابرماس)ی دەکات، کە مۆدێرنیتی بەدژی ئاین وەستاوەتەوە، کەچی تا ئەم ڕۆژگارەش ئەم بیرە نەچەسپیووە و بوونی لەناو خۆرئاوا هەر ماوە، بۆیە ئەو بۆچوونە  لەدیوی شاراوەیدا سەرەتایەکە بۆ دەیالۆگ لەوەی مۆدێرنیتی پرۆژەیەکی تەواوە نەك ناتەواو، ئەگەر هابرماس ناتەواویی بەوە دەبینێت زیادە ڕۆیی لەهەندێك شوێن تیاکراوەو پێی باشە"پێشنیاری ئامرازێك بکەین کە لەڕووگیریی مۆدێرنی ڕۆشنبیریی‌و ناکۆکیەکانی لامان بدات"(7)

ئەوە دەتوانین ئەو دێرەی خۆی بکەینە پاڵپشت بۆ ڕەخنەکەی کۆنگ، چونکە پێشنیارکردن بۆ خۆلادان، بەواتای جێگۆڕکێ کردن بەو ئامرازانە تاوەکو لەگەمەیەك بەردەوام بین، کەئەوانی دێن هەڕەشەن بۆ مانەوەی، بۆیە مۆدێرنیتی ئەگەر هەر ناتەواویەکی هەبێت ئەوا بەدوای ووتارەکەی هابرماس دەبێتە پرۆژەیەکی تەواو، پرۆژەیەك لەوێوە دەرگا لەسەر خۆی دادەخاتوهەرگیز نەدەبێتە درێژکراوەی ئەوانی دوای خۆیو نەئەوانی تریش خۆیان بەدەسکەوتەکانی ئەو بادەدەن، تەواوبوونی ئەو پرۆژەیەش  قسەکردنە لەباسێك

كه قسه لەودیو پرۆژەی ڕابردوو دەكات، چونكه پەیوەندیەكان لەسنوری تەسك دەرچوون‌ولەپانتاییەكی فراوانەوە دەركەوتنەوە، ئەوەش بەدوای ئەوەی توانرا ڕەخنە لەو ڕابردووە بگیرێت كە هەڵەكانی ڕابردوو هێناویەتی، نەك لەو ڕێگەیەوە درێژە بە ڕابردو بدەن، بەڵكو بەپێچەوانەی ئەوان كاریان كردووە، ئەگەر مۆدێرنیتی لەپێناو نائامادەبوونی هەردوو گوتاری (دادوەری/ حەقیقەت) درێژە بەخۆی دەدات ئەوا لیوتار ئەودوو گوتارە دەكاتە مەرجی كۆمەڵگای نوێ، قەیرانەكانی جیهانیش لەناو دیدیی تاكڕەهەندی مۆدێرنیتی دەردەكات بەوەی لەیەك جیهانبینیەوە سەیری ئاستەنگەكان بكەین‌و لەڕوانگەی دەركەوتەكان سەیری كێشەكان بكەین.

قەیران بۆ دیاردە سەردەمیەكان ناگەڕێنێتەوە، بەڵكو بۆ بوونی حیكایەتە مێژوویەكان دەگەڕێنێتەوە، چونكە ئەو بیرۆكەیەی دەیەوێ لەودیو حیكایەتە مێژوویەكانەوە مرۆڤایەتی بەرەو پێش ببات، بڕوایەكە دەمێكە جیهانبینی خۆی لەدەست داوە، بەوەی دەیەوێ خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەنجام بدات بۆ ئەو حیكایەتانەی لەبنەماوە فاسد بوونە، بۆیە لیوتار پۆست مۆدێرنیتی بەچاخی نەرگی حیكایەتەكان ناو دەبات، مەرگی حیكایەتەكانیش مەرگی ئەو شێوازە گەورانەی ڕەخنە بوو كە سەراپاگیریانە سەیریی واقعیان دەكردو هەوڵیان دەدا لەناو یەك چەمكی نەگۆڕیی عەقلآنی ڕاڤەی دنیا بكەن، بۆیە كاتێ حیكایەت لەلای پۆست مۆدێرنیتی دەبێت بەو قەیرانە هۆیەكەی ئەوەیە كەنایەوێ ئیدیی مرۆڤ (ماڵ) و(شوێن) ی هەبێت، ئەو دوانەی دواجار یەك چەمك لەناو حیكایەت بەرهەم دێنن، ئەویش بوونی(من) ی وەرگرە لەناو(شوێن) ی حیكایەت‌و دواجار گێڕانەوەی (من) ە بۆ (ماڵ)، ئەوەیان بكەرێكی سەرەكی ناو حیكایەتەكانەو دەیەوێ دەریبكات، بۆیە ئەو گۆڕانكاریە ئابوریەی خۆرئاواو پێشكەوتنی میدیاییەی كەپەیوەندیە جیهانیەكانی خێراتر كردووە مەودای خۆشكردووە بۆ كۆمەڵگایەكی نوێتر، كە لەسەر بنەمای ڕەخنە درووست بێت، تەنانەت ئەو

کۆمەڵگایەی مۆدێرنیتی بەژیارێکی گەیاندبێت، ئەو ژیارەش ڕەت دەکاتەوە، چونکە پۆست مۆدێرنیتی دەیەوێ بنەمایەکی نوێ بۆ ڤیکریی هیومانیزمی دابنێت، بەوەی ئیدی ئایندەی نەتەوە دەبێتە ڕکەبەرەکی لەپێناو زانستدا، نەتەوەکان دەکەونە شەڕێکی مەعریفی لەگەڵ یەکتریی، چونکە شەڕی ئایندە لەپێناو کۆنترۆڵ کردنی مەعریفە دەبێت، ئەوەش گواستنەوەی شەڕە لە (نیشتیمان) ەوە بۆ(مەعریفە).

ئەو شەڕەی لە ڕابردوو لەپێناو بستێك خاك دەکرا ئەمجارە شەڕ دەبێ لەسەر زانیاریەکان، ئەگەرچی پۆست مۆدێرنیتی خاوەنی یەك بۆچوونی ڕەها نیە، بەڵکو کۆمەڵێك جیاوازیی هەیە لە نیوانیان، بەڵام جیاوازیەکان نەبۆتە مایەی ناڕەحەتیان بەرامبەر بەیەکتریی، چونکە ئەوەی دواجار هەموویان کۆبکاتەوە ئەو خاڵەیە کە ڕەخنە گرتنیانە لە مۆدێرنیتیی و ڕەتکردنەوەی ئەو چەمکە ژیارییە بۆ بنەمایەکی تازەی مرۆیی، ئەگەرچی لەبارەی ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی ژیاری مۆدێرنیتی جارێکی تر جیاوازیی دەکەوێتە نێوانیان، بەوەی ئەوەی لیوتار بەیەکجارەکی پشت دەکاتە ئەو ژیارە بەومانایەی کە سەردەمی تەواوبوو دەبێت بەرەو سەردەمێکی تر بچین بەلای هەندێکیانەوە دوا قسەکردن لەسەر ئەو باسە بابەتێکی تەواو نەبووە. ئەگەرچی ئەوان دان بەبوونی ڕۆشنگەریی دەنێن لەڕووی سەرهەڵدانی دیموکراسیوگۆڕینی سیستمی سۆسیۆلۆژیی، بەڵام پێیان وایە ئەمرۆ ژیانی دوای مۆدێرنیتیەو دەبێ ئەو دەسکەوتانە بخرێتە ژێر ڕەخنەوە،و بەچاوی گومانەوە سەیری دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتی بکەن، نەك وەك ئەوەی هابرماس دەڵێ ئەوان دەسکەوتە پۆزەتیفیەکانی مۆدێرنیتی داگیر دەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەمرۆ هەندێ لەلایانگرانی مۆدێرنیتی پێیان وایە پۆست مۆدێرنیتی بەتەنیا گەمەیەکی زمانەوانیە، ئەگەرچی بۆ وەڵام بە چەمکی گەمەکردن لەناو پۆست مۆدێرنیتی ئەوە ژمارەیەکی کەم نیە لەو بۆچوونانەی

پێیوایە گەمەیەکی بەهێزوکاریگەرە، بەمەبەستی وشیارکردنەوەمان لەدوور خستنەوەی حەقیقەتی مرۆیی کە زۆرینەمان فەرامۆشمان کردووە.(8)

لەوەشدا دەتوانین ئاماژە بەکاریگەریی (نیتچە) بدەین بەسەر فیکریی (لیوتار) ەوە، نزیکترین نمونەش هێنانەوەی چەمکی حەقیقەتە کە نیتچە لەبارەیەوە دەڵێ "حەقیقەت ئەو هەڵەیە یە کە هێشتا نەمانزانیووە کە هەڵەیە"(9)

دوورخستنەوەی حەقیقەت لەناو مۆدێرنیتەدا بەمەبەستی هەڵەی ئەو چەمکە نیە، بەڵکو مۆدێرنیتی دەیەوێ ئەو چەمکە بکاتە دەرەوە، بۆئەوەی هەموو ئاسەوارەکانی پێش خۆی بسڕێتەوە، بۆیە کاتێ پۆست مۆدێرنیتی چەمکی حەقیقەت دەگەڕێنێتەوە ئەو گەڕانەوەیە بۆ ئەو مەبەستەیە کەهەموو ئەوانەی مۆدێرنیتی زەوتی کردبوو وەدەستی بێنێتەوە، چونکە مۆدێرنیتی حەقیقەتی شاردبۆوەو کۆمەڵە پاڵنەرێکی تر بەو ناوە قسەیان دەکرد، وەك چۆن مەعریفە بۆ بەرژەوەندیی مەعریفی دەگۆڕێ، بۆیە بەلای(لیوتار) ەوە هیچ ململانێیەك نیە لەنێوان(حەقیقەت/ مەعریفە) چونکە حەقیقەت چەمکێکی ڕێژەگەری هەیە، ودەلالەتی ڕەها وەرناگرێت، بۆیە بە قسەکردنەوەی لە حەقیقەت مەبەستی گەڕانەوەی دادوەرییە، دادوەریش بەدوای ئەوە دێت کە ڕاستگۆیی دێت بۆیە یەکێك لەبنەما مرۆیەکانی ئەوەیە کە ڕاستگۆیی بگەڕێنێتەوە، ڕاستگۆیش پێویستیەکی ئەخلاقیە کە لەناو مۆدێرنیتی وون بووەو لیوتار دەیەوێ تیۆرریزەی بکات، وەك چۆن لە کتێبی(ئابوری شەهوانی) هەوڵ دەدات ئارەزوو لەگەڵ ئابوری سیاسی ڕێکبخات، وپەیوەندیی لە نێوان چێژ لەگەڵ تیۆر درووست بکات، ئەگەر فرۆیدیانە قسە بکەین، دەبێ بڵێین تێکەڵ کردنی (ئارەزوو/ چێژ) لەناو ئابوری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی بۆ سێکس هەیبووەو بووە بەربەست لەوەی لەبواری وێنەکێشان ولەبواری مێژوویی بەردەوام بێت، دوای

ژنهێنانیش سەیری کردووە ئەو بەهرە گەورەیەی لەخۆی نەبینیووە کە وێنەبکێشیێو ئەو توانایەشی بەدی نەکردووە ببیٚ بە مێژوو نووس، بۆیە ڕووی کردۆتە فەلسەفە، لەفەلسەفەشدا ئەو ئارەزوەی بۆسێکس هەیبوو بۆناو ئابوری سیاسی تیۆریزەی دەکات.

ئەگەر مۆدێرنیتی یەکێك لەدەسکەوتەکانی دەرخستنی فەلسەفەی مێژوو بێت، ئەوا پۆست مۆدێرنیتی لەودیو مێژووەوە قسە دەکات، بەواتای ئەو بەو پرسیارەوە خەریکە کە لەپاش مێژوو چی هەیە ! ؟ نەك وەك مۆدێرنیتی بەدەرخستنی فەلسەفە بۆ مێژوو ئیدیی دەوەستێتو پیرۆزی دەداتە ئەو چەمکە فەلسەفیە، پۆست مۆدێرنیتی بڕوای بەو پیرۆزیە نیە، ئەگەرچی بەلایانەوە قسەکردنەوە لە مێژوو بێمانایە، بەڵام بەبیٚ دوان لە مێژوو ناتوانین لە فەلسەفە بدوێین.

بەوەی دەبێت لە مێژوو تێگەیشتبین ئەوسا دەتوانین لەفەلسەفە بدوێین، ئەوەش دواجار تێگەیشتنێکی ترە لەدنیای فەلسەفی لیوتار، وەك خۆشی هەر لەو بیرۆکەیەوە بیرکردنەوە بە فەلسەفەی دەگەیەنێت، چونکە مێژووە لای لیوتار تەوەرێکی سەرەکی عەقڵی فەلسەفیە، مێژوویەك بێئەوەی لایەنگیریی بۆ گریمانە مێژوویەکان بکات، بەڵکو ئەو دەیەویٚ پرسیار لەو مێژووە بکات، کەهەر سۆبجێکتێك خاوەنیەتی، ئەوەش دواجار سەیرکردنەوەی مێژووە بە پێی چەمکە یۆنانیەکە.

سەیرکردنەوەی مێژوو بەواتای گەڕانەوە لەناو ئەو فرمانانەی واقیع، نەوەکو بچێتە ناو ڕەگی واقیعەوە، ئەو پێی وایە ئەوە کاری فەیلەسوف نیە کە بچێتە ناو ڕەگی واقیعەوە، کە مێژووی لەدایکبوونی بۆکەی دەگەڕێتەوە، هەربۆیە ئەو چەمکە فەلسەفیەی بۆ مێژوو دەکات بە حەقیقەتێك کە پێویستیەکە بۆ هەموو فەیلەسوفێك، ئەو تێگەیشتنە لە مێژوو تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی لا درووست

دەكات بۆ پۆست مۆدێرنیتی، بۆیەپێی وایە ئەوەی ئەمریكیەكان پاشگری(یزم) ی دەخەنە سەر بەوكارە دەیكەنە جۆرێك لە فەلسەفەی مێژوو، كە دەكرێ(پۆست مۆدێرنیزم) وەك ئەمریكیەكان ئاوا ناوی دەبەن شوێنی فەلسەفەی مێژووش بگرێتەوە، ئەگەرچی لیوتار بۆخۆی هەرگیز بەپاشگری (یزم) ناوی نابات، ئەوەش بەمانای ئەوەیە نایخاتە ناو فەلسەفەی مێژوو.

لەبەرئەوەی ئەوكات لەڕووی مەنتقیەوە تووشی هەڵەی زاراوە دێت، لەڕووی مۆدێرنیتیو مۆدێرنیزم، چونكە ئەو لەبنەماوە نایەوێ بیخاتە ناو مێژوو، بەوپاشگرەش مەبەست لەجێگرتنەوەی فەلسەفەی مێژووە، ئەوەش بەتەواویی لەمەبەستی پۆست مۆدێرنیتە دوور دەكەوێتەوە، ئەوە لەكاتێكدا بیركردنەوە لە تراژیدیاكان یەكێكە لە خەسڵەتەكان، كە دەیەوێ چەمكی زەمەن تیایدا بەڕەهاو نەگۆڕ نەمێنێتەوە، بەڵكو زەمەن لەلایان دەلالەتە بۆ كۆتاییو مەرگ، چونكە پۆست مۆدێرنیتە مەبەستیەتی ڕەگی میتنافیزیكیا دەربخات، وەك چۆن سەراپاگیرییو عەقلانیەت لەناو وەهم دەردەكاتو هەوڵ دەدات وەك خۆی نیشانمان بدات، ئەو وەهمەی مۆدێرنیتی خوڵقاندی وەهمێك بوو پەیوەندیی نێوان مرۆڤوسرووشت لەسەر بنەمای سڕینەوە بنیات نابوون لەوەی بەدژی ڕابردو دەوەستێتەوە، ئەوا پۆست مۆدێرنیتی بە پێچەوانەوە" نرخ ئەدات بەڕابردوو هەر لێرەیشەوە نرخی ئاینیش فەرامۆش ناكرێت"(10)

بەواتای ئەوەی لەدەرەوەی عەقڵ بێت ناچێتە نێو سڕینەوە، ئیدیی پایە مرۆیەكان بەتەنیا لەسەر بنەمای عەقلانیەت ناخوڵقێنرێت، وەك ئەوەی مۆدێرنیتی عەقڵی لەشێتی جیاكردەوە(11) چونكە مۆدێرنیتی سڕینەوەی ڕابردوو بوو بەمەبەستی وەدەست كەوتنی دەسەلاتێك كە تەنها دان بەبوونی خۆی دەنێت، بۆئەوەی پایەكانی خۆی پتەو بكات، ئەوەش لەسەر قوربانیدان بەهەموو ئەوانەی لەپێشوودا هەبوون، بۆئەوەی گۆڕانێكی بنەڕەتی وەدەست

بێنێت كه لەمێژوو دایدەبڕێت، ئەودابڕانە خولْقاندنی دەسەلاْتی عەقلاْنیە، عەقلاْنیەتی مۆدێرنیتی هەموو تواناكان بۆ ئیرادەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە(12) توانایەك نیتچە پێی وابوو مرۆڤ كاتیٚ هەلْدەستیٚ بەكوشتنی یەزدان بەو كوشتنە تواناكانی خۆشی لەدەست دەدات، ئەو جیاكردنەوەیە داننانە بە جیاوازی، هۆكارێكی سەرەكی هاتنە ئارای پۆست مۆدێرنیتیە، چونكە لیوتار بڕوایەكی تەواوی بەو ووتەیەی نیتچە هەبوو كە حەقیقەت هەلْەیەكەو ئێمە لێی بێئاگاین، هەر ئەو بێئاگاییەشە وامان لێدەكات لەڕێژەییەوە بیگۆڕینە سەر ڕەهایی، ڕەهایی بوونی بارتوئالْتۆسێروفۆكۆ بەبونیادگەری، بەوەی سۆسێر بۆ ئەوان حەقیقەتێكە، هەرئەوەشە دواجار دەبێتە هۆی خولْقاندنی فەلەسەفەی جیاوازیی لای هەریەك لە دریداودۆلۆز، چونكە "بونیادگەری سنور بۆ ئازادیی بیركردنەوە دادەنێتو داكۆكی لەبونیاد دەكات"(13) ئەوداكۆكی كردنەیە لەحەقیقەت كە بەلای مۆدێرنیتی دەبێتە یەقینونەبوونی فرە وێنەییە پۆست مۆدێرنیتی دەكاتە پێویستیەكی حەتمی لەوەی ڕەخنەی لە مۆدێرنیتی گومانە بەرامبەر ڕاڤەكردنەكان.

بەلای (هابرماس) ەوە مۆدێرنیتی ئەگەر تووشی نوشستیش بێت، لەوەدایە كەبلاْو بۆتەوە ناو لقەكانی ژیانو دەیەویٚ لەڕێگەی هونەرەوە كەلێنی نێوان(مەعریفە.. ئەخلاق.. سیاسەت) پڕبكاتەوە، ئەوكارەش بەلای(لیوتار) ەوە دەبێت مایەی ئەو پرسیارەی كە ئاخۆ مۆدێرنیتی توانای ئەوەی هەیە ستراتیژیی سەرەكی بەبیٚ دامەزراندنی یەكێتیەكی كۆمەلاْیەتی ڕۆشنبیریی بەوەی فكر وتوخمەكانی ژیانی ڕۆژانە لەناویدا دەربكەوێت؟ ئەوەش بەپرۆژەیەكی تازەگەریی نابینێت، چونكە ئەوگریمانەیە بەلایەوە لەفەلسەفەی هیگلیٚ وەرگیراوە، وەئەگەر هابرماس مەبەستی لەگەمەی زمانی جیاواز، گەمەی(مەعریفە.. ئەخلاق.. سیاسەت) بێت، بەوەی ئینتیما دەكات بۆ سیستمێكی جیاواز كە توانای كاریگەری هەبێت بەسەر پێكهاتەیەكی حەقیقی،

ئەوا بەلای (لیوتار) هوە ئەو گریمانەیە لەناواخنی کتێبی(ڕەخنە لە ئیجتیهاد) ی کانتەوە نزیکە، هەرلەبەر ئەوەشە هابرماس"بالآیی–کانتی تێکەڵ دەکات لەگەڵ موئەدەبی فرۆیدیی، لەبەرئەوەی جوانناسی لەلای ئەو بەجوانی ماوەتەوە"(14)

ئەو دوو گریمانەیەش بۆ قسەکردنە لەکۆتایی هاتنی مۆدێرنیتی، چونکە شتێکی تازە بۆ وەلآم بە پۆست مۆدێرنیتی نالێت، بەڵکو ئەوەی دەیلێت بەتەنیا دووبارەکردنەوەی دەسکەوتە کۆنەکانی مۆدێرنیتیە، ئەوەش دوای ئەوە دێت کە قۆناغی خۆی لەناو فەلسەفە تەواو دەکات، بەتەواوبوونیش تووشی خاوبوونەوە دێتو فەلسەفەش پێویستی بەقۆناغی ترە، چونکە هەست دەکات ئیدیی پڕۆسەی کەشفکردن پرۆسەیەکە لەناو مۆدێرنیتە توانای ئەوەی نەماوە بەهەمان چالاکی پێشوو لەکاردا بێت، چونکە ئیدیی ووتەیەکی نوێی نەدەووت، نەبوونی وتەیەکی نوێی فەلسەفی، بەواتای گۆڕان پێویستیەکە لەو ڕێرەوە فەلسەفیە، چونکە چۆن نیتچە پێویستیەك بوو بۆ فەلسەفە۔ تاوەکو گۆڕان لەناو فەلسەفە بخولقێنێت، ئاواش گۆران لەناو ڕێرەوەی مۆدێرنیتە پێویستیەکە پۆست مۆدێرنیتی ئاراستەکەی دەگۆڕێت.

بۆیە لیوتار هیچ گومانی لە کۆتایی هاتنی مۆدێرنیتی نیە، بەڵکو ئەو دوو گریمانەیە بەڵگەیەکی زیندووی ئەون، بەتایبەت دوای بەکار هێنانی زاراوەی(هەڵومەرجی پۆست مۆدێرنیتی) چونکە بەکارهێنای ئەو زاراوەیە بەواتای دڵنیابوون لە کۆتایی هاتنی مۆدێرنیتی، کۆتاییەك هۆکارەکەی بۆ بێتوانایی مۆدێرنیتی دەگەڕێتەوە، بۆیە پۆست مۆدێرنیتە دەیەوێ بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە کەهەرگیز لەناو یەك شوێن کۆنابنەوە ئەوا ئەو هەوڵی کۆکردنەوەیان دەدات، بەوکارەش یەقین دەخولقێنێ بۆ کۆتایی مۆدێرنیتی, بەلآم هەرگیز پۆست مۆدێرنیتی کارێك ناکات لەناو گریمانەکانی مۆدێرنیتە قسەی لەبارەو کردوە، ئەو ئومێدەی کە لە یەکێتیەکی ڕاستەقینە لای هیگل کۆ دەکرێتەوەو

گەمەکانی زمانیش لای کانت کە ترازان دەخولڵقێنێت، دوو گریمانی مۆدێرنیتێن
کە هەرگیز پۆست مۆدێرنیتی متمانەی ناکاتە سەر، بەڵکو دەیەوێ لەبرِی ئەو
گریمانانە شۆرِشێك بۆ بەرپاکردنی جیاوازی بخولڵقێنێت، ئەوەی مۆدێرنیتی
بەهیچ جۆرێك توانای قبوولڵ کردنی نەبوو، بەڵکو دانی بە ئەویتر نەدەنا،
لەوەشدا بۆمان روون دەبێتەوە کە پۆست مۆدێرنیتی درێژکراوەوی مۆدێرنیتی
نیەوئەوەی بەدرێژکراوەی یەکتریش ناوی دەبات متمانەیان کردۆتە سەر
ووتارەکەی هابرماس کە لەلای لیوتار هابرماس لەو ووتارەدا لەناو گریمانەکانی
کانتو هیگڵ دەسورِێتەوە، کە دیارە کانت بەلای لیوتارەوە دەکەوێتە نێو
کۆمەڵێك رِەخنەی سەردەمیانە، ئەوەش رِەخنەی بنەرِەتیە لە پرِۆژەی
مۆدێرنیتی، هەر بۆیە رِەخنەگرتن لەناو دەقی (کانت) ەوە پرِۆسەیەکە
سەرلەنوێ بەرەو رِەخنە دەرِواتەوە، نەوەك بۆ برِوابوون بەحەقیقەت، بەلاَم کاتێ
میراتگرانی مۆدێرنیتی ئەو رِەخنە کانتیە دەبەنەوە بۆ حەقیقەت، لێرەوە
رِەخنەی لیوتار لە مۆدێرنیتیدەست پێدەکات کەرِەخنەیەکە دەقی کانتی بەرەو
زەمینەیەکی کۆنکرێتی بردووە، بۆیە لە ئاستی مێژووگەرییو سیاسیدا ئەو
دەقەی گەرِاندەوە بۆناو قسەکردن کەئەو رِەخنەیە چۆن قسە لە مێژوو دەکات،
ئایا وەك مۆدێرنیتی بەشێوەیەکی سەراپاگیریی سەیری دەقی کانت بکەین
یاخود دەبێت دەقە سیاسیەکانی لەوانیتر جیا بکەینەوە؟

کەدیارە لای لیوتار پێویستە هەر دەقێکی کانت لەوەی تری جیابکرێتەوە،
بەتایبەت کە ئێمە لەلای کانت بەتەنیا دوو جۆرە دەقی سیاسیو مێژووییمان
نیە، بەڵکو لەناو دەقە مێژوویەکانیش دەقی فەلسەفیمان هەیە، ئەگەرچی پێی
وایە لەدەقەکانی کانتدا لێکچوونێك هەیە لەنێوان دەستەواژە فەلسەفیو
سیاسیەکان، کەدەکرێ لەبنەرِەتدا ئەو لێکچوونە تەنیا لەسەر ئاستی رِەخنەدا
بێت، بەلاَم ئەو لێکچوونە وای کردووە میراتگرانی مۆدێرنیتی وەك پرِۆژەیەکی
تەواونەکراو ئیشی لەسەردا بکەنەوەو بیکەن بەزەمینەی پرِۆژەی مۆدێرنیتی.

لەکاتێکدا لیوتار ڕەخنەیەکی زۆری لە چەمکی هەستەوەریی کانتی هەیە، بەتایبەت ئەو کاتەی کانت پێی وایە هەستەوەریی مرۆڤ ناکەوێتە ژێر هەڕەشەی وێنەی جیهانی شتەکان، کەئەوەش لەپێناو بەلاشکاندنەوەی کانتە بۆ عەقڵ، ئەو بەرز ڕاگرتنەی عەقڵ، وا لە لیوتار دەکات پرسیاری ئەوەی ئاراستە بکات"ئەگەر ئێمە داوای ئەوە ناکەین تەسلیمی ئەو هەڕەشەیە بین، ئەوە ئێمە لە کانت دەپرسین: کەوابێ چۆن فەیلەسوفی ڕەخنەگر حوکمی ئەوە دەدات ئەوە کێشەکەیە مادامەکی هەستەوەریەك نیە لەپێناو کێشەیەك"(15)

دیارە دەستەواژەی(ئەوە کێشەکەیە) دەستەواژەیەکی لیوتاریەو زۆرجار بۆ ڕەخنەگرتنی لەکانت بەکاری دێنێتەوە، چونکە ئەو دەستەواژەیە بڕوا پێهێنەرە، بەلاَم لەپشت ئەو بڕوایەوە لیوتار مەبەستیەتی پێمان بلێ بڕوایەکی کۆنکرێتی نیە تاوەکو مۆدێرنیتی بیکات بەو بیانوەی لەسەری بژیێت.

هەربۆیە ئەگەر هەستەوەریی لای کانت ببێت بەگۆڕینی وێنەی جوانکارییو ئەوەش ڕەمزێکی چاکەخوازیی ئەخلاقی بێت، ئەوە هەستەوەریی وەك لیوتار ناوی دەبات تەنیا ڕەمز بوون دەبەخشێتن بەواتای هەستەوەریی توانای ئەوەی نیە سنوری ڕەمزبوون ببەزێنێت.

<u>پەراوێزو سەرچاوەکان:</u>

1- الوضع ما بعد الحداثي/جان فرانسوا ليوتار, ترجمة: احمد حسان/دار شرقيات(قاهرة)1994/ص30

2- هەمان سەرچاوە/ل32

3- سوننەت.. مۆدێرنە.. پۆست مۆدێرنە(گفتو گۆ لەگەڵ د. جەوادی تەبا تەبایی) وەرگێرانی: راسان موختار, نما ژمارە4, ل171

4- پاش مۆدێرنیتی/بابەك ئەحمەدی/وەرگێرانی: ڕێبین هەردی, سەردەم, ژمارە 3, ل171

5- الوضع ما بعد الحداثي/جان فرانسوا ليوتار, ترجمة: احمد حسان/دار شرقيات(قاهرة)1994/ص62

6- هەمان سەرچاوە

7- نوێگەری پرۆژەیەکی ناتەواوە/ یۆرگن هابرماس وەرگێڕانی(جەمال ڕەشید) ئێستا ژمارە(17) لا112

8- البحث عن مابعد الحداثة/ د.احمد ابوزيد ، العربي عدد(506) يناير 2001، ص19

9- ڕەهەند، ژمارە(6) لا 115

10- پاش نوێگەری‌وگێڕانەوەی پاش نوێگەری/ عەبدوڵلاّ تاهیر بەرزنجی، گەلاوێژی نوێ ژمارە(14) لا175

11- لەبەشی داهاتووی ئەو کتێبە لەسەر چەمکی عەقڵو کردنەوەی شێتخانە دەوەستین، بۆیە لێرەدا ئەو چەمکەمان دوا خستوە بۆبەشی داهاتووکەئەو بەشیان تایبەتە بەتێڕوانینی فۆکۆ بۆ شێتی.

12- پێویستە ئەوەمان بەبەردەوام لەبیر نەچێت مرۆڤی مۆدێرنیتی مرۆڤێکی عاقڵەوشێت نیە، مرۆڤێکە پایەکانی خۆی لەسەر عەقڵ بنیاتناوە

13- پاش نوێگەری‌وگێڕانەوەی پاش نوێگەری/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا176

14- مابعد الحداثة/ جان فراسوا ليوتار، ترجمة(غازي مسعود) الموقف الثقافي، عدد(3) ص23

15- الحماسة..النقد الكانطي للتأريخ/ جان_ فرنسوا ليوتار، ترجمة(نبيل سعد) المجلس الاعلى للثقافة/2001، ص26

# مۆدێرنیتی ودەسەلاَتی شێتخانە

مۆدێرنیتی سرینەوەی رابردووە.. سەپاندنی دەسەلاَتێکی تازەیە,دەسەلاَتێك تەنیا دان بەبوونی خۆی دەنێت, بۆئەوەی پایەکانی خۆی پتەوبکات, ئەوەش لەسەر قوربانیدان بەهەموو ئەوانەی لەپێشوودا هەبوون, بۆئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی وەدەست بێنێت, ئەوەش ئەوەمان بۆ سانا دەکات کەمۆدێرنیتی چەندە مژدەیە بۆ ئاسۆیەکی ڕون هێندەش گوناهبارە,چونکە دەبێتە هۆی کوشتنی خەونی پەریزادەکان, بەوەی تاکێتی بونیادەکانیخۆی لەسەر ئەو بنەمایە پتەو دەکات, کەکەسی بەرامبەری قبوڵ نییە, بۆیە قەبوڵ کردنی لەسەر بنەمای عەقڵە, عەقڵ لەمۆدێرنیتیدا یەکێکە لەگەورەترین حیکایەتەکان, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە شێتەکان لەکۆمەڵگا جیا بکاتەوە, بەوبیانووەی کە ئەوەی گۆڕان لەکۆمەڵگا درووست دەکات ئەوە عاقڵەکانن, ئەوەش عەقلاَنیەتی مۆدێرنیتی بوو, کەهەموو تواناکان بۆ ئیرادەی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە, توانایەك نیتچە پێی وابوو"مرۆڤ دوای ئەوەی توانی خودا بکوژێت تواناکانی خۆشی لەدەست داوە"(1)

ئەگەر مۆدێرنیتی خودوعەقڵی بەرەو پێش هێنا, بەلاَم لەشێوەیەکی دی بەهای لەمرۆڤ وەرگرتەوە, بەوەی ئیدیی مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بەنرخە نییە, بەڵکو لەسەر بنەمای عەقڵیەتی مۆدێرنیتیەوە مرۆڤ نرخی خۆی دادەنیّ, بەوەش عەقڵوعاقڵ دەبوونە ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنیتی, بۆیە فۆکۆ بەکتێبی (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدا) کەوتە دژایەتی مۆدێرنیتی بەوەی عەقڵ دەمامکێکی ڕووی دەسەلاَتی مۆدێرنیتیە کەتوانای نییە لەخودییەتوەزری بالاَ

ڕزگاری بێت, دەیویست شێوەی بەکارهێنانی عەقڵ وئەو ڕەهەندانە بدۆزێتەوە کە لەشوێنێك عەقڵ لەکار دەخات, ئەوەش پەیوەندیەکی درووست کراوی دەسەلآتە بەعەقڵ, بەوەی شێت لەژیانی کۆمەلآیەتی دووردەخاتەوە, کۆکردنەوەی شێت لەناو دامەزراوێك ڕێگەگرتنە لەئازادی بەواتای لەدەرەوەی جیهانی عەقڵ شورەیەك هەیە جیایان دەکاتەوە, ئەویش دیلکردنیانە.. بەتاوانی لەدەستدانی عەقڵ.. تاوانێك ئەو لێی بەرپرسیار نییە, کەچی مۆدێرنیتی ئەوە بە تۆڵەیەك دەزانێت, چونکە شێت بەکائینێکی دڕندەو زیانبەخش ناو دەبات.[2]

بۆیە مۆدێرنیتی ئەوەی عاقڵ نەبێتوشێت بێت بەگوناهباری دەزانێت, گوناهباریش بەلای مۆدێرنیتی دەبێ بخرێتە زیندانەوە, ئەگەرچی شێتی نەخۆشیەکی جەستەیی نییە تالێیەوە کۆمەڵگا تووشی بێت, وەك "لەسەدەکانی ناوەڕەستدا ئەوە (گوڵ)ەکان بوون کە لەکۆمەڵگا وشارەکان دەردەکران, هۆی دەرکردنی گولەکانیش بریتی بوو لە (ترس لەنەخۆشیومردن)بەلآم شێتەکان لەپاڵ ئەوانی دیکەدا دەژیان"[3]

بۆیە قبوڵ نەکردنی شێتەکان بەردەوام وای لە فۆکۆ دەکرد ئەو وتەیەی پاسکال بێنێتەوە یاد "شێتەکان بەڕادەیەك شێتن, کە ئەگەر بێتومرۆڤ وابزانێت کەشێت نییە, ئەوا بەجۆرێکی دی شێتە"[4]

بەواتای ئەو نەخۆشخانەیەی کە بۆ شێتەکان دەکرێتەوە, تاتیایدا زیندانیان بکەن, بۆخۆی شێتیەکی دیکەیە, چونکە مۆدێرنیتی دەسەلآتی ئەوان دەکات بەهۆزێك کەهۆزی شێتەکانن, هۆزێك هەر شێوەی هیندیە سوورەکانمان بیر دێنێتەوە,. جیاکردنەوەیان لەعاقڵ بۆ دڵنیابوونە.. ئارامیەکە بۆ عەقڵ لەدڕندەیی شێت, ئەوە بەپێی بۆچوونی مۆدێرنیتی, کە لەبەرامبەر ئەوەشدا فۆکۆ پێی وایە شێت لەوکاتەدا کە جیا دەکرێتەوە, مۆدێرنیتی گۆشەگیریی بنیات دەنێت, کە شێت لەناو ئەو گۆشەگیریەدا بۆی هەیە مومارەسەی ژیانی

خۆی بكات, بەوەی بێمانایی ببەخشێت بە لۆژیكی شێت ولـۆژیكێكی عـەقلانیش بداتــەوە بــە عــەقڵ, ئـەوەش هــاتنو ڕێكخـستنی دەسـەڵات بـوو, كـە(بابـەك ئەحمـەدی) درووسـت بـوونی نەخۆشـخانە بەشـێوازێكی دی مەعریفەودەسـەڵات دەزانێ كەدەبێتە هـۆی لـەدایكبوونی(پزیـشكی یاسـایی), ئـەوەش بـە دووبـارە كردنـەوەی بونیادەكـانی دەسـەڵات سـەیردەكات, ئـەو كـارەش بـە پتـەوكردنی دەزگاكـان نـاو دەبـات"دەزگایـەك درووسـت دەكرێـت بۆئـەوەی دەزگایـەكی دی بەهێز بێت, بەهۆی سۆزانیخانەوە بنـەمای خێـزانو بـەهۆی شـێتخانەوە بنـەمای عــەقڵخوازی پتــەو دەكــەن وعــەقڵخوازی دەبێــت بەبنــەمای كــاركردنی ئــەو دەزگایانـەی كـە سـەرەتا وا دەردەكـەون كـە چ پەیوەندیـەكیان بەشـێتخانەوە نییە"(5)

بۆیە دامەزراندنی بۆ پتەوكردنی پەیوەندیەكانی هێزە, مۆدێرنیتی بـەو كـارە ئەوەی سەلماند كە نایەوێ شێتی لـەناو پرۆژەكـەی ئـەودا بێـت, بـەواتای جگـە لەعەقڵ هیچی دی قبوول نییـە, مـرۆڤ ئـەو بوونـەوەرە بەنرخـە نییـە بـەڵكومرۆڤ لەبونیادێكی فیزیكیوسەراپاگیریی دەگوازێتەوە بۆ شـێتوعاقڵ, ئـەو بەهایـەش دەدات بەعەقڵ, ئەوە لەكاتێكدا شێتی لای شكسپیر پلەیەكە لەئاگاییەوە(لیـدیی ماكبێسو شالیر) لەكاتی شێتی حەقیقەت دەڵێن, ئەوەش بەلای (جاك لاكان)ەوە خەسڵەتێكی مرۆییانەیە, چونكە بەبێ شێتی توانای ناسینمان نابێت, بۆیە شێتی بەلای لاكـان شوناسـێكە بـۆ ناسـینی مـرۆڤ, بـەڵام مـۆدێرنیتی چـونكە مـرۆڤ بـە كائینێكی عاقڵ دەزانێت, ئەوا لەشێتی دەری دەكات.

دەركردنێك كەترسی لێی هەیە, ئەوترسەش فۆكۆ بەوە ناوی دەبات كەشـێت لەتوانای هەیە درك بەهەموو ئەو شتانە بكات كەكەسی عاقڵ لێی شاراوەیە, بۆیە شێت پلەیەكە لەسەر ئاگایی, كەواتە چەمكی جینالۆژیای شێتی لەناو پۆتۆپیادا حەشـاردراوە, ئـەوەش بەبـەركردنی سـرووتێكی فانتازیـە بـەڕووداوەكان, كـە

لەودیوو سرووتێکی فانتازیانە پرسیار ئامادەگی هەیە, پرسیارێك کەعاقڵەکان درکی پێ ناکەن, بۆیە بوونی فۆکۆ ترسێك رووبەرووی گوتاری عەقلانیەتی مرۆڤی خۆرئاوایی دەکاتەوە, پرسیاری ئەوەی کێ لە میشیل فۆکۆ دەترسێ؟(6)

ئەوەش ترسی ئەوانەیە کەهەست دەکەن بوونی فۆکۆ گۆڕینی بونیادە چەسپیوەکانە گۆڕینی مەعریفەی باوە, ترسێکە بۆ هەڵگرانی ئەو مەعریفە کۆنە,ئەوەش داماڵینی دەمامکە لەڕووی مەعریفەی مۆدێرنیتی, ئەو کارەش وای لەیەکێك لەمیراتگرەکانی مۆدێرنیتی کرد هێرشێکی توند بکاتە سەر فۆکۆ ئەویش(هابرماس) بوو, کە شێتی بەکارێك ناوبرد عەقڵی خۆرئاوا ئیدراکی پێکردووە, کاری فۆکۆشی بە ئینتیما وگەڕانەوەیەك بۆ رابردوو ناو بردەوە, بەتایبەت بۆ(باتای, فرۆید, نیتچە, شۆپنهاوەر)(7)

ئەوە سەرەرای ئەوەی رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی چەمکی دەسەلآت لای فۆکۆ دەکات ونووسینەکانی دواتریشی بە پاشگەزبوونەوەی ووتارەکانی پێشووی دەبینێت, تەنانەت کتێبی(چاودێریی‌وسزا) بە پاکانە بۆ نووسینەکانی پێشووی سەیر دەکات.

ئەگەرچی ئەوکارەی هابرماس دەیەوێ وێنەی بێگوناهی مۆدێرنیتیدەربخات, کە کارێکە دامەزراوەکانی مۆدێرنیتی داکۆکی لێ دەکەن, ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بپرسین: ئایا لەنێوان دیدی فەلسەفی هابرماس وپرۆژەکانی مۆدێرنیتی ئەو دوو فاقیەتە لەکوێوە سەری هەڵداوە؟ هابرماس بۆچی دەیەوێ لەبابەتە سەرەکیەکە دوورمان بکاتەوەو جارێکیتر بە خودی نووسینەکانی فۆکۆوە خەریکمان بکات؟ بەوەی فۆکۆ نەیتوانیوە لەسەر چەمکی ئەرکیۆلۆژیای دەقەکانی نیچە وفرۆید دەقی نوێ بەرهەم بێنێت, بەڵکو بۆچوونەکانی ئەوانیدووبارە کردۆتەوە, بۆیە ئەو رەخنانەی هابرماس لەبۆچوونەکانی فۆکۆ کارێکی تازە نییە, فۆکۆ ووتەنی" دەروون پزیشکەکان بەسەرۆکایەتی مارکسیستەکان لەکۆنفراسێکدا لەشاری تۆلۆز لەدەوری یەك کۆبوونەوەو بە

دەهـۆڵ کوتـان, منیـان بەئایـدیۆلۆگی بـۆرژواو لـەم بابەتانـە تاوانبـار کـردو دادگایەکیان لەدەروون پزیشکەکان پێکهێنا بۆ مەحکوم کردنی ئەم کتێبە"[8]

بۆیە مۆدێرنیتی هـەرگیز توانـای ئـەوەی نییـە گوناهبـاری خـۆی لەبەرامبـەر شـێتی بـسڕێتەوە, ئـەوەش پەیوەنـدیی دەسـەڵاتە بـە بونیادەکانـەوە, ئـەو بونیادانەی دەسەڵات کـۆنترۆڵی دەکـات, بـۆ ئـەوەی چاوەکانیخۆی لەئاسـتیدا دابخات, دەسەڵات لەئاسـتی تاکایەتیـەوە مەبەسـتی بـوو دیاردەکـانی لـەجۆری شێتی ڕابگرێت, وەك زاڵبوونی فەلسەفەی مارکسیزم بەسەر کۆمەڵگاوە.

لەکاتی دەرکردنی ئەو کتێبە فۆکـۆ بـەوە تاوانبـارکرا کـە ئایدیۆلۆژیـستێکی بۆرژوازیە, دیارە ئەو کارەش پەیوەندیی بونیادەکـانی دەسـەڵات دەکاتـەوە بـە پتەوکردنی کۆنترۆڵی ئەو پەیوەندیە, ئەوەتە لەو دیدارەی (بۆنسن) لەگەڵ فۆکۆ سازی کردووە و دوای مەرگی بلاوکراوەتەوە, فەیلەسوفی مێژووی شێتی دەڵێت:

" کۆمۆنیـسترین دەروون پزیـشکی فەرەنـسایی لەدەهـەی 1950دا چـووبوە مۆسکۆ دیبووی کە لەوێ چۆن لەگەڵ نەخۆشیە دەروونیەکانـدا ڕەفتـار دەکـەن, بـەلام کـە گەڕایـەوە دوو لێـوەی نـەکردبۆوە, تەنانـەت یـەك ووشـەیش, نـەك لەبەرئەوەی کە ترسنۆك بێت, بەڵکو بەڕای من لەبەرئـەوەی کـە کەرامـەتی ڕێـی پێنەدەدا, چونکە زەبرێکی وای لێ کەوتبوو کە نەیدەویست هیچ بڵێو هەتا چەند ساڵ دواتریش کەمرد, هیچ شتێکی سەبارەت بەوەی کە دیبووی نەگووت"[9]

بـەلام ئـەوەی کەسـانێك ناچـار ناکـات ڕاسـتیەکان بڵێن ترسـە لەدەسـەڵات, چونکە ئەو کەرامەت چوونەی فۆکۆ لەترس جیای دەکاتەوە, بۆخۆی لە بونیادی ووشەکە ترسێکی دیکەی هەڵگرتووە بۆ شاردنەوەی حەقیقەت, حەقیقـەتێك کـە فۆکۆ بەجۆرێکی دەسەڵات تەماشای دەکات, بۆیە حەقیقەتی شێتی دەسەڵاتێکە دەسەڵاتی بەرامبەر (مـۆدێرنیتی) سـەرکوتی کردۆتـەوە, دوان لەشـێتیش دوانـە لەحەقیقـەتی ئـەو دەسـەڵاتە, ئـەو دەسـەڵاتەی مـۆدێرنیتی لـەبالا دەسـتی

عەقلانیەتی خۆی دەیەوێ دانی پیا نەنێتوبیسرێتەوەو بە تاوانباری بزانێت, هەر بەو تاوانەش دەسگیری دەکات, تا سیستمەکەی ئەو لەشێتی بەدوور بێت,بۆیە دەبێ بپرسین: ئایا مۆدێرنیتی بەدەرکردنی شێت هەموو خەسڵەتە مرۆییەکان لەکۆمەڵگا ناسەنێتەوە؟ کۆمەڵگایەك بەئاگا بێتو قسە لەمەدەنی بوون بکات یانی چی نەتوانێ شێتەکان قبووڵ بکات؟ ئەوەش ئەو پرسیارانەن کە فۆکۆیان دەخستە بیرکردنەوە, بیرکردنەوەیەك عەقڵی خۆرئاوای خستە ژێر ڕەخنەوە, ڕەخنەیەك هەموو دامەزراوەکان کە شوێنێك لەدەسەلات بەڕێوە دەبەن, بکەونە بەردەم مەترسی گەورەتر, مەترسیەك دیسان گومان لەئایندەی خۆشنوودیی مرۆڤی خۆرئاوایی بکەن.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**

1– زانین‌ودەسەلات, بابەك ئەحمەدی, وەرگێرانی: ڕێبین هەردی, سەردەم ژمارە(2) نیسانی 1999.

2- ميشيل فوكو.. مسيرة فلسفية, اوبير دريفوس- بول رابينوف, ترجمة: جورج ابي صالح, مركز الانماء القومي(بيروت).

3– زانین‌ودەسەلات, بابەك ئەحمەدی (هەمان سەرچاوەی رپێشوو).

4– کێ لەمیشیل فۆکۆ دەترسێت؟, محمد الراويي, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی, ئێستا ژمارە (4).

5– زانین‌ودەسەلات, هەمان سەرچاوە.

6– نووســەری عــەرەب (محمـد الــراوی) ئەوپرســیارەی کــردووە بەناونیــشانی ووتارەکــەی بەمەبەستی تێگەیشتن لەوترسەی ئەوانەی لەفۆکۆ دەترسێن کە ئایا ئەوە داهێنەروشـێتەکانن, یاخود فەیلەسووفـودەرووناسـەکان بـوون؟ کـەبۆ وەلاّم بـە پرسـیارەکەش پێـی وابـوو ئـەوانی دواتر هەلگری ئەوترسە بون.
7- القول الفلسفي للحداثـة, هابرمـاس, ترجمـة: د.فاطمـة الجيوشـي, دراسـات فلسفية, وزارة الثقافة(دمشق)1995.
8– چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فۆکۆدا, گەلاوێژی نوێ ژمارە(14)ی 1999.
9– هەمان سەرچاوە.

## پرسیارکردن لە فەلسەفە

**"1"**

خەوشـێکی گەورەیـە چـاوەڕوانی ئـەوە بـین لـەم دەروازەیـەوە رێگایـەکی درێژلـــەکۆل خۆمـــان بکەینەوەوبگەینـــە سەرئەوتێگەیـــشتنەیکە ئێمـــە زەمینەیـەکمان هەیـە بـۆ تێگەیـشتن لـە جیـاوازیی فەلـسەفی, ئەوەجگـە لەنائومێدیەکی گەورە چیتر نییە, چونکە ئەو کارەی ئێمە تەنیابۆگفتوگۆکردنـە لەسەرپرسـیار, ئـەو پرسـیارەی لـەناو کلتـوری دەقـەکان توانـای خولّقانـدنی جیاوازیی هەیە, ئەو جیاوازییـەش لای فەیلەسـوفی فەڕەنـسی(جیـل دۆلـۆز)بـە پرسیار کردن لە خودیی فەلسەفە خۆی دەست پێدەکات, ئـەو پرسـیارەش بـە

مەبەستی بەرهەم هێنانەوەی چەمکی نێو دەقەفەلسەفییەکانە, خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ ئەو کلتورە فەلسەفییەی لەڕێگەی پرسیارەوە دەیخاتە ڕوو,کە مەبەستیشی تەنیا لەوەدا نییە وەڵامی پرسیاری(فەلسەفە چییە؟) بەوە کۆتایی پێبێنێت کە خولقاندنەوەی چەمکە, بەڵکو دەیەوێ ئەو خوڵقاندنەوەیە لەناو دەقەکانی(فرۆید, نیتچە, فۆکۆ, برگسۆن) بدۆزێتەوە, کە هەر یەك لەو ئیشکردنانە دەکەینە ڕووبەرێك بۆ تێگەیشتنمان لە ئەزموونی دۆلۆز و دواتریش دەگەڕێینەوە سەر ناونیشانی سەرەکی باسەکەمان کە جیاوازیی فەلسەفیە.

## "2"

کاتێ دەمانەوێ لەفەیلەسوفێکی وەك (جیل دۆلۆز) بدوێین، دەبێ خۆمان لەو راستییە بێئاگانەکەین، کە ئێمە لەکەسێك دەدوێین بەدرێژایی مێژووی رۆشنبیریمان فەرامۆشمان کردووە، جگە لەوەرگێڕانی دوو چاوپێکەوتنی بۆ سەر زمانەکەمان، نەمانویستووە قسە لەخوێندنەوەکانی بکەین، لەکاتێکدا کۆمەڵێك فەیلەسووفیتر دەهێنینە نێو نووسینەکانمان، کەڕۆژانە ئەو فەیلەسووفانەش دەگۆڕینو دەستمان لەگەڵ هەندێکیتر تێکەڵدەکەین, تاسەر ناتوانین فەیلەسوفێکیش قبوڵ بکەین، قبوڵکردن بەمانای ئینتیمای دۆگمایانە نا, کەتوانای خوێندنەوەی رەخنەییمان بکوژێت، بەڵکو قبوڵکردنێك لەجۆری خوێندنەوەی دۆلۆز بێت بۆ دەقە فەلسەفییەکان، بۆیە دەپرسین: چی وادەکات رووناکبیری کورد لەگەڵ رۆژگارەکان سەیری فەیلەسووفەکان بکەن!؟ ئایا فەیلەسووفەکان توانای ئەوەیان تیانییە وەڵامی روناکبیری ئێمە بدەنەوە؟ یاخود روناکبیری کورد لەدەرەوەی دەقەکانەوە ستایشی فەیلەسووفەکان دەکەن!؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش ئەگەر ئاوڕێك لەتوێژینەوەكانمان بدەینەوە، ئەوسا ئەوەمان لەلا رۆشن دەبێ كەئێمە هەوڵمان نەداوە توێژینەوە لەدەقە فەلسەفییەكان بكەین، تا پرسیارە فەلسەفییەكان توانای رازیكردنی ئێمەیان نەبێت، بەڵكو ئەوەی دەبێتە رارایی بوونمان لەبەرامبەر فەیلەسووفەكان، نەبوونی سەلیقەیە بۆ خوێندنەوەی دەقەكان، لەڕێگەی راڤەكردن بۆ دەقەكان، دەمانەوێ بەفەلسەفە ئاشنابین، ئەوەش خەوشی خوێندنەوەیە نەك دەق، بۆیە پرسیارێك كەبتوانی لەقسەكردن لەو گرفتە دیالۆگی لەتەكدا بكەین، خوێندنەوە رەخنەییەكانی (دۆلۆز)ە بۆ فەلسەفە، ئەو فەیلەسووفەی لەنووسینەكانیدا هەستی ئەوەمان لادروست دەكات، كەچۆن بەدوای خەوشەكانماندا بگەڕێین، وریامان دەكاتەوە لەوەی بەو جۆرە سەیركردنەمان بۆ فەلسەفە، تائێستا نەمانتوانیووە لەفەلسەفە نزیك بكەوینەوە، بەڵكو دیوارێكمان لەنێوان خۆمانو ئەودا دروستكردووە، دۆلۆز چەندە لەو گرفتانە بدوێت كەپێوەندی بەخوێندنەوەی ئێمە هەیە بۆ فەلسەفە، بەڵام چونكە نەبووە بەمۆدێك، ئیدی لای ئێمە زۆر بەسانایی فەرامۆش دەكرێت، كەواتە لەكوێوە هەوڵدەین لەو فەیلەسووفە بدوێین!؟ چۆن لەڕێگەی خوێندنەوەمان بۆ ئەو فەیلەسووفە، ئیشكالی خوێندنەوەی خۆمان بخەینەژێر رەخنەوە!؟ ئایا لەڕێگەی تێگەیشتنمان لەو روانینە رەخنەییە نوێیەی كە لەبواری (رەخنەی ئەدەبی)و (رەخنەی فەلسەفی)و (فەلسەفەی رەخنەیی)خوڵقاندی، دەبێتە چوونە ژوورەوەمان كە بتوانێ جیهانبینیمان بۆ رەخنە بگۆڕێت!؟ ئەو پرسیارەش بەكراوەی بۆ خوێنەر جێدێڵین، كەدوای ئەم لێكۆڵینەوەیە دەتوانێ (دۆلۆز)یش هەروەك فەیلەسوفێكی تر فەرامۆش بكات، یاخود قسەی تری لەبارەوە هەبێت.

سەرەتا پرسیار بەرەو گومانێكمان دەبات، كەچی وای لە (میشێل فۆكۆ)كرد پێشبینی فەیلەسووفی سەدەی لێ بكات، ئاخۆ تەنیا لەڕێگەی

توانای خوێندنەوەی بوو بۆ دەقەکان! ؟ قسەکردن لەو پرسیارە توانای ئەوەی نییە بمانگەیەنێ بەمەبەستێك، ئەگەر نەتوانین چەمکی فەلسەفە لای ئەو فەیلەسووفە نەناسین، ئەو چەمکەی بەپرسیارکردن دەیەوێ لەچییەتی فەلسەفە بدوێت، وەنەبێت پرسیاری (فەلسەفە چییە! ؟)پرسیارێك بێت تەنیا لای دۆلۆز کرابێت، بەڵکو پرسیارێکە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بەتاکە وەڵامێك ناگات، هێندەی لەوەڵامەکان دیدی فەیلەسووفەکانمان بۆ دەردەکەوێت لەبارەی فەلسەفەوە، بەڵام کاتێك (دۆلۆز) ئەو پرسیارە ئاراستەی فەلسەفە دەکات دەبێت لەو راستییە بێئاگانەبین، کەبێ بوونی ئەو پرسیارە ئەستەمە توانای خوێندنەوەی ئەو بۆ فەلسەفە بزانین، ئەو پرسیارە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتنمان، کەویستی دەستبەرداری وەڵامەباوەکان بێتەوە، هەر لەو مەبەستەی یۆنانییەکان فەلسەفەیان ناودەبرد بە(بنەما سەرەتاییەکانی مەعریفە) تا پرسیاری (کانت)و (هیگل)کە بنەمای گوتاری فەلسەفی مۆدێرنەیە، بەتایبەت پرسیاری کانت، چونکە بووە بنەمایەك بۆ پرسیاری فەلسەفی مۆدێرنە، یەکێك لەو پرسیارانەی دۆلۆز رەخنەبوو لەبارەی تێگەیشتنی لەفەلسەفە، بەوەی فەلسەفە پێویستە لەسەر وتراوەکانی پێشوو هەڵوەستە نەکات هێندەی دەبێ بەدوای دۆزینەوەی بۆچوونی نەووتراو بن، ئەگەرچی لەو خاڵەشدا زۆر کەلێن بەجێدەهێڵن‌و تەنیا وەڵام بەو بەشانە دەدەنەوە کەپێوەندی بە تێڕوانینەکانیانەوە هەیە، بۆیە پرسیاری فەلسەفی پرسیارێکە ئەوەندەی دەیەوێ بەشێکی نادیار ئاشکرا بکات، هێندە مەبەستی گەڕان نییە بەدوای فەلسەفە لەناو پرسیارەکە، ئەو حەقیقەتە رەخنەییە بۆ فەلسەفە دیدێکی نامۆبوو بۆ خوێندنەوەی فەلسەفی، بەتایبەت کاتێ فێری ئەوەمان دەکات مەرج نییە لەگرفتەکان بێدەنگ نەبین‌و بەشداربین بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە، ئەو جۆرە بێدەنگییە بەلایەوە پێوەندی بەجوانی مرۆڤەوە هەیە، کە لەکێشەو گرفتێکدا بۆچوونی نابێت‌و بەشداری ناکات بۆ بیرکردنەوە لەو

گرفتـه، وەك چـۆن خۆشـی كاتـێ كتێبـی یەكـەمی بڵاوكـردەوە، هەشـت سـاڵ بێدەنگبوو و هیچی نەنووسی، ئەوەش ئەو جوانیە بوو بەلایـەوە، كەلەبەرامبـەر هەر دیاردەو گرفتێك مـەرج نییـە بنووسـیو بۆچـوونی خـۆت دەربـبڕی، بەقـەد ئەوەی ئەو پرسیارە لەخۆمان بكـەین لـەبارەی ئـەو رووداوەی كـەڕوودەدات یـا ئــەوەی روویــدا، بــۆ ئــەوەی لــە فەلــسەفەی مێــژوو دەریبكــات، ئــەوەش رەخنەگرتنی بوو لەدیدی فەلسەفی هیگل، بۆیـە ئـەوەی وای لـە (فۆكۆ)كـرد پێشبینی ئەوە بكات كەدوورنییە ئەم سەدەیە بەسەدەی دۆلـۆزیی نـاو بـەرین، لەو روانینو خوێندنـەوە تازەگەرانـەی دۆلـۆز هـاتبوو، كـە دواتـر بیـست سـاڵی نەبرد پێشبینییەكەی (فۆكۆ) هاتەدیو ئەمجارە ئـەو سـەردەمەی بـەوە نـاوبرد كە جێپەنجەكانی دۆلۆزی بەسـەرەوەیەو تەنانـەت گەیاندمانییـە ئـەو راسـتیەی بەبێ (دۆلـۆز) زەحمـەت بـوو دیدگای فەلـسەفی زۆر دەقمـان لاڕۆشـن بووایـە، چـونكە سـەر لـەنوێ پرسـیاری ئاراسـتەی مانـا فەلـسەفییەكان كـرد. ئـەوەی واشیكرد رەخنـە بەلایـەوە رەخنەیـەك بێـت هـاودژ بۆمانـای بـاو، لەحەقیقـەتی فرمانـدان هـاتووە، كەنووسـین بەمەبەسـتی دەسـتكەوتنی نووسـەر نـەبێ بـۆ فرماندان، بەڵكو پێككەیشتنێك بێت لەنێوان ئەو دووانە نـەك فرمـان دەركـردنو ناسین بێت بۆ دەق، ئەوانەی بـەو مەبەسـتە دەنووسـن بەلایـەوە كـارێكی بـاش ناكەن، چونكە دەیانـەوێ فرمـان بەسـەر دەقـدا بـدەن، فرمـانی مـردن، یـاخود بۆیە ئـەو دەقـە بـەمردوو سـەیردەكەن كەنـەیتوانیووە خـۆی بناسـێتو دابـڕان بخولقێنێ، لەبری ئەوە پێویستە (پێگەیشتن)ی خۆی لەگـەڵ دەق دروسـتبكات لەسەر ئەو بنەمایەی كەدیالۆگ بخولقێنن، لـەبارەی ئـەو سیـستمە رێكخـەرەی لــەناو دەق تاچــەند توانــای ئــەوەی دەبێــت هــەر لەســەرەتاوە بەســیمای سەمازانێكەوە بەو سێركە شاگەشكەمان بكـاتو پرسـیار لـەو رێكخـەرە بكـەین كەدەق دەگەیەنێتە ئاستێكی وشیاری بۆ وەرگر.

تاوەکو خۆشی نەبێت بەقوربانی فرمانەکانی، وەك چۆن بەو فرمانانە ئەوە دەیەوێ دەق بکوژێت، نەك ئەو وریامان بکاتەوە لەمردنی دەق, چونکە زمان چۆن بێلایەن نییە, ئاواش رۆڵی گەیاندنی هەواڵ نییە، کاری زمان نییە هەواڵی مردنی ئەو دەقەمان پێ رابگەیەنێت، بەڵکو کاری زمان دواندنەوەی ئەو سیستمە رێکخەرەی دەقە، کەدەق‌و خوێنەر بەیەك دەگەیەنێت تا لەناو دوو زەمەن‌و دوو جیهان‌و جیهانی خودێك‌و جیهانی دەق, دیالۆگ بگۆڕنەوە“ زۆر جار دەبێ بەدیالۆگ بۆ گۆڕینەوەی کلتورەکان, لەو دیالۆگە بایەخی زمان دەردەکەوێت، کەدەیەوێ لەئەنجامی دیالۆگ چەمکی فەلسەفیمان بۆ بخولقێنێت، بەوەش رەخنە دەگاتە نەزانراوێکی‌تر، کە لەکاتی فرماندان نەك هەر ناگات بەهیچ نەزانراوێك، بەڵکو لەبازنەیەکی بێسوود خولدەخواتەوە، بۆیە دۆلۆز لەرەخنەکانیدا دەیەوێ لەڕێگەی پرسیارکردنەوە بگات بەخوێندنەوەی دەق، فەیلەسووفی لەناوی موقەدەسێکەوە گەڕاندەوە بۆ ناو دەق.

چۆنیەتی خولقاندنەوەی پرسیار پێوەندی بەچۆنیەتی تێگەیشتنە لەدەقەکان، ئاستی کزی خوێندنەوە دەسبەرداری پرسیار دەبێ‌و بازدەداتە سەر بابەتی‌تر، دەیەوێ لەناو پرسیاری دەق بچێتە دەرەوە، بەبیانووی تێگەیشتن لەدەق، پرسیاری فەلسەفی لایان دەبێ بەپرسیاری مردنی فەلسەفەو تێپەڕاندنی فەلسەفە ئەوەش پرسیارگەلێکن، پرسیارە سەرەکی‌و جەوهەرییەکان دەکوژن، ئەو پرسیارانەی بەبیانووی تێگەیشتن خۆیانی لێ دەربازدەکەن‌و دواجار دەیانەوێ شوێنگەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پرسیاری ئەوە بکەن کەدەقەکە تا چەند توانای تێپەڕاندنی هەیە، ئەو حوکمە رەهایە دیدێکی ئایدیۆلۆژیە دەیەوێ سیما رووکەشەکان دەربخات‌و پرسیارەکان فەرامۆش بکات‌و قسەکردن لەمردنی فەلسەفە لەداهاتوودا پرسیارێکی بێهودەیەکە بەهیچ دەرەنجامێك ناگات، بۆیە (دۆلۆز) هەوڵیدا بەجیاواز لەو روانینانە دەسبەرداری ئەو دوو پرسیارە بێمەبەستە بێتەوەو بەتێگەیشتن

لەپرسیارەکان، توانی ئەو پرسیارانە بخاتەوە ژێر رەخنەوە، چونکە دەیویست گفتوگۆیەکیتر لەناو دەقەکان بخولقێنێتەوە، ئەوەش بووە هۆی دۆزینەوەی ئاسۆیەکی جیاواز بۆ خوێندنەوە، بەمەبەستی خولقاندنی چەمکی فەلسەفی، کەبەتاکە وەزیفەی فەلسەفە سەیردەکات، ئەم کارەش کرانەوەیە بەسەر دیالۆگ، لەڕێگەی دیالۆگەوە دەیەوێ دەق بکاتەوە، تابتوانێ کرانەوە لەناو دەق دیالۆگێك بخولقێنێ، ئەو خولقاندنەش دامەزراندنی چەمکی فەلسەفەیە، ئەوەش تێگەیشتنێکی جیاوازبوو بۆ فەلسەفە، کەوای کرد بەبایەخەوە سەیربکرێت.

دۆلۆز لەڕێگەی راکردن لەشوێن هەوڵدەدات بەو چەمکە ئاشنامان بکات کە توانای بەرهەمهێنانەوەی چەمکی فەلسەفی تری هەیە، گەورەترین راکردنیش نووسینە, ئەو دەقانەی زۆرینە بەخەیاڵاوی ناوی دەبەن، راکردنی نووسەرە بۆ ناو جیهانێکی تر، لەجیهانێك نووسەر دەست بەخیانەت کردن دەکات لەگەڵ خۆی, بەوەی رادەکاتە ناو جیهانێکی تر، جیهانێك هەموو بونیادەکان بەجێدێڵیو سەرلەنوێ دەیەوێ لەناو شوێنە نوێیەکەی کە رووبەری نووسراوە دەست پێبکات لەسەر بنەمای خیانەتکردن لەژیان، چونکە گەر وانەکات، ئەو ساتە دەبێ خیانەت لەشوێنە نوێیەکەی بکات، ئەگەر ئەوەشی کرد، راکردنی بۆ ناو نووسین گەڕەنەوەیە بۆ ئەو شوێنەی کەلێی رایکردووە، چونکە راکردن بەرهەمی واقیعە نەك راکردن بێ لەواقیع، چڕکردنەوەی ژیانە لەناو کارێکی ئەفرێنەر، بۆیە بەر لەوەی رووبەڕووی پرسیاری (بۆچی دەنوسین[1] ! ؟)ببینەوە، دەبێ ئەوە بزانین کەنووسین نایەوێ حەقیقەت بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، چونکە خود خاوەنی حەقیقەتی ژیان نییە، بۆیە (ئامانجی نووسین هەڵگرتنی ژیانە بۆ حاڵەتی هێزی ناکەسی، لێرەوە نووسین جیادەبێتەوە لەهەموو نیشتمانێكو لەهەموو مەبەستێك کە لەئاستی خودی خۆی تەواو دەبێت[2]).

ئەو کاتەی نووسین توانای ئەوەی هەبوو ژیان بۆ هێزێکی ناکەسی ببات وتیایدا خاڵی بکاتەوە لەنیشتمانێکی دیاریکراو، ئەوە دەتوانێ نووسین بکات بەو دیوارە شووشەییەی کەخۆی لەجیهان جیا بکاتەوە، بەواتای ئەو جیابوونەوەیە لە واقیع دیوارێکی شووشەییە دەکەوێتە نێوانی لەگەڵ نووسین، لەناو نووسین شووشەیەك هەیە جیامان دەکاتەوە، لەکاتی خوێندنەوەی دەق ئێمە رامانکردۆتە دەرەوە، دەرەوەیەك دیوارێکی شوشەیی لەنێوانمانە، ئەگەر تۆزێك زیاتر پێدەبگرین، دەستەواژەیەك بەنمونە بێنینەوە زیاتر مەبەستەکە روونتر دێتە بەرچاو، کاتی دەڵێین (منی کوردیو منی دیکارت).

دیوار لەنێوان ئەو دو (مـن)ە پیتی (و) کەمن دووانەیەکن، یەکێکیان (کوردی)و ئەویدی (دیکارتی)، لەیەکەمیاندا کەسێکی واقیعی ناو ژیانە خاوەن ژیانو کەسێتیو دیدو رەفتاری کەسێکە لەناو کۆمەڵگایەکی دەستنیشانکراو، ئەویتریش ئاماژەیە بۆ کەسێك بیرکردنەوەی فەلسەفی بەرهەمی دێنێ، دەلالەت لەسنوری جوگرافی هیچ خودێك ناکات، نیشتمانێکی دەستنیشانکراوی نییە، ئەگەر بیرکردنەوە بوونی نەبێت ئەو (مـن)ە لەهیچ شوێنێك سەرهەڵنادات، لەئامادەبوونی فەلسەفەی (دیکارت)ئەو (مـن)ەش ئامادەگی دەبێت.

کەبوونی پەیوەستە بەخودێکی بیرکەرەوە، لێرەدا وەزیفەی (و) چەندە کۆکردنەوەی ئەو دوو منەیە لەڕستەدا، هێندەش دوو خودی جیاواز دروستدەکات، تەنیا لەڕێگەی ئەو پیتەوە دەیانکات بەدووڕوانینی جیاواز، بەڵام خوێنەر هەردووکیان دەبینێت، لەڕێگەی ئەو پیتەی کە رۆڵی دیوارێکی شووشەیی دەگێڕێتو لەڕووی زمانەوانییەوە دەبێتە خوڵقێنەری پێوەندی نێوان ئەو دوو منە، ئەو پێوەندییە لەپێوەندی نێوان (ئادەمو سێو) دەچێت کەحەرامە، بەواتای ئەدەم پێوەندییەکی حەرام دەخوڵقێنێ، کەپیسبوونی ناوەوەی جەستەیەتی، ژاراوییبوونی جەستەییە لەڕێگەی ئەو سێوەی

کەحەرامکراوە، قەبوڵکردنی ئادەم بۆ ژاراوییبوونی جەستە لەڕێگەی پێوەندی دروستکردن لەگەڵ سێو، کارێکە بەلای (دۆلۆز) هێزی پرسیاری (سپێنۆزا) دەردەخات کاتێ دەپرسێ (جەستە لەتوانای دایە چی بکات! ؟ ئەو سۆزانە چین کەتوانایان بەسەریدا دەشکی! ؟)[3] ئەوەش پرسیارە لەتوانای جەستە، پرسیارێك کەجەستە ئامادەنییە واز لەو سۆزە بێنێت، بۆ نووسینەوەی خود، کەئەگەر ئەوە بەزیانێکی گەورەش کۆتایی بێت، کەدەرکردنی بێت لەبەهەشت، بەلاّم دواجار پێوەندی نێوان زەوی‌و ئاسمان دیوارێکی ترە لەنێوان دوو جیهان، جیهانێك کەیەزدان جەستەژاراویەکان قبوڵ ناکات، جیهانیکی‌تر کە (ئادەم)ێکی عاشق، نەیەزدان دەتوانی قبوڵی بکات، نەخۆشی دەتوانێ بەقسەی دۆستەکەی نەکات‌و حەرامەکە نەخوات[4]، کەحەرام نووسینی دەقێکی ئەفرێنەرە لەسەر زەوی، دەقێك بەتاوانی کوشتن لەنێوان کوڕەکانی ئادەم دەستپێدەکات, بەوێرانبوونی ئەو جیهانە کۆتایی دیت، بەواتای ئادەم لەڕێگەی ئەو پێوەندییە خوڵقێنەری دەقێکە، کەپرۆسەیەکە بۆ نووسینەوەی جەستە، ئەویش عەشقە حەرامەکەیەتی، عەشقێك بەهۆی مەعشوقەکەی لەبەهەشت دەردەکرێت، کەواتە عەشق چییە! ؟ پێوەندی جەستە بەنووسین چی بەعەشق دەبەخشێت! ؟ ئایا عەشق توانای نووسینەوەی خودی هەیە! ؟ کاتێ جەستە دەیەوێ لەڕێگەی جولەی تایبەتەوە دەلالەت بەپێوەندی جەستەیی ببەخشێت، ئەو کاتە زمانێك بەرهەمدێنێت کەزمانی جەستەیە، ئەو زمانەیە دەبێتە خولقێنەری پێوەندییەکی ئێرۆسی، چونکە وتراوی نێو زمان (ئاخاوتن) خودی زمانەکە پێکناهێنێت، هێندەی بەشێکی نێو زمانەو جەستەیە (تەوابوون) بەو زمانە دەبەخشێت، بەدوای رووبەرە شاراوەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەگەڕێت، ئەوەش پرۆسەیەکە بۆ کەشفبوون، بەلاّم کاتێ جەستە وەزیفەی بۆ پرۆسەیەکی لەکارکەوتوو دەگۆڕێت، ئەوسا رووبەری جەستە دەبێتە شوێنگەی پرسیار، پرسیاری کوشتنی جەستەو ناونانەوەی

لەناو پرۆسەیەکی تردا کە لەشفرۆشییە، ئاخۆ لەو کاتەدا جەستە گوناهبارە یا وەزیفەیەکی تر بەخۆی دەبەخشێت!؟ گوناهبارە بەچی..؟ بەخۆی یا بەعەشق!؟ عەشق چیی!؟ ئایا عەشقو غەریزە تەواوکەری یەکترین!؟ ئایا نیگاکان پرسیار لەشکستی گۆڕینی وەزیفەی جەستەدەکەن!؟ یاخود نیگامان بۆ غەریزە هەمان نیگایە بۆ عەشق!؟ ئاخۆ ئێمە واسەیری جەستەدەکەین بەوەی بەشداربین لەپرۆسەی نووسینەوەی زمان، یاخود بۆ بەتاڵبوونی غەریزەو دواتر بەیەك روانین سەیری جەستەکانیتر دەکەین!؟ رەنگە مەسەلەی گوناهباری جەستە نەبێ لەوەی رووتدەبێتەوە بۆ بەرامبەر، بەڵکو گوناهباری ئەو لەگۆڕینی پێوەندی سرووشتییانەیە بۆ بەکاڵاکردنو فرۆشتنی ئەو جەستەیە، فرۆشتنی جەستەیە شوناسی گوناهباری پێدەبەخشێ، ئەو کاتەش جەستە تەنیا بەرامبەر بەعەشق گوناهبارە، گوناهەکەش لەوێدایە کاتێ هەموو پێوەندییەکان وەك یەك سەیردەکاتو هەستێك نابێ لەگەڵ جەستەیەك کۆی بکاتەوە، چونکە ئەگەر ئەو عەشقە بەپێوەندییەکی جەستەیی دەگەیەنێت، بەڵام لەو کاتەدا ئەوە پارەیە توانای رووتکردنەوەی هەیەو ئەندامەکانی جەستەی دەفرۆشێتە هەر کەسێك، بەرامبەر هیچ پێوەندییەکی ئیرۆسی بەجەستەی ئەو نییە، هێندەی ئەو دەیەوێ مومارەسەی غەریزە بکات، هەر ئەوەشە وامان لێدەکات لەهەموو بارەکاندا نەتوانین عەشقو غەریزە بەدوانەی تەواوکەری یەکتری ناوبەرین، چونکە غەریزە بێ ئامادەگی عەشق تەنیا بەتاڵبوونەوەی ئارەزووی چەپێنراوە، بەڵام کاتێ عەشق دەبێتە پاڵنەری غەریزە، ئەوسا ئیرۆسییەت هەڵگری دوو چەمکی تەواوکەری یەکترین، ئەڤینی (منو تۆ) چەمکێکی رۆحییەو پەیوەستە بەهەستی دوانەیی، کەدواتر ئەو پێوەندییە دەبێ بە (ئەڤینی جەستە) بەواتایووردو خاشکردنی دیوارە شووشەییەکەی نێوانمان، کە (و)ی پێوەندی دەگۆڕێ بۆ (جەستەی ئێمە)، چونکە لەو کاتەدا جەستە (سێکس) وەك پرۆسەیەك بۆ بەتاڵبوونەوەی غەریزە

مومارەسـەناكات، بـەڵكو گەیشتنە ترۆپكی عەشـقە، عەشـقە زمـانی خـۆی لـە (وتراو) دەگەیەنێ بـە (جولـە)، ئـەوەش لـەجۆری ئاخـاوتنو زمـانی نێـو تیـۆری زماننـاسییە، دواجار پرۆسەیەكە عەشق دەگەیەنێ بەسـاتی بـاڵای چێژو كـردەی ناونـان بەجێدەگەیـەنێت، (نیگـا) لـەو پرۆسـەیەدا بونیـادێكی نێـو زمانـە, كـە لەسـاتی چـێژ بەشـداری دەكـات، روانینیـەتی لـەنیگای دۆسـت، چركەسـاتی پێكگەیشتنی نیگا، بڕوابوونـە بەئاوێتـەبوون، ئـەوە لەكاتێكدا نیگا لەپرۆسـەی لەشفرۆشـی گومانێكـە پرسـارمان لا دروسـت دەكـات، پرسـیاری بـێ بـەهابوونی جەستەو بێزاربوون لە فرۆشتنێك، كە لەپێوەندی بە (دۆست) دەبـێ بەپێوەنـدی جەستە بە (بازاڕ)وە، بۆیـە نیگـا لەفرۆشـتنی جەسـتە هـەموو هەسـتەكانی بـۆ پاكیزەیی‌و جوانی دەفرۆشێت بە كەسێك، كەپێوەندی بـەهیچ ئەنـدامێكی نییـە، هێندەی گەمەكردنە بەماتریالەكانی بـازاڕ، بـەواتای ئـەو وەك هـەر جەسـتەیەكی تر سەیریدەكات، لەكاتێكدا (ئەڤینی من) بۆ (جەستەی تـۆ) عەشـقێكە جیـاوازە لەهـەموو جەسـتەكانی تـر، هـەر بۆیـە لەشفرۆشـی دەسـكەوتنی چـێژی بـازاڕەو پێوەندی بەزمانەوە نییە، جەستە لەوكاتەدا زمـان نانووسـێتەوە، نووسـینەوەی زمان تەنیا لەنێو پێوەندیـەكی ئیرۆسی لـەدایك دەبێـت، پێوەندییـەك پایـەكانی لەسـەر عەشـق دامـەزراوە، هێزێـك نییـە ملكەچـی ئیرادەیـان پێبكـات، ئـەوەی وادەكات جەستە زمانی خـۆی بنووسـێتەوە، ئیرادەیـەكی زانیانەیـە بـۆ عەشـقو بەرەنجامی پێوەندییەكی رۆحییـە، دواتـر ئـەو پێوەندییـە هـەوڵی نووسـینەوەی دەدات، لەڕێگەی پرۆسەی سێكسییەوە، ئەو كاتەش خود زمانێك بەرهەمـدێنێت كـەزمانی جەسـتەیە، بـەڵام بارگاویـە بەعەشـق، هـەر بونیـادێكی نێـو جەسـتە بەشـدارە لـەو زمانـە، بـەواتای هـەموو لەهـەوڵی بەردەوامـدان بـۆ نووسـینەوە كەنووسینی زمانـە، زمانێك توانـای بەرهـەمهێنانیمان دەبـێ، ئەگـەر بەشـداربین لەپرۆسـەی نووسـینەوە، ئـەویش پرۆسـەیەكە بەتێكـەڵبوونی جەسـتە دەسـت پێناكات، بەڵكو جەسـتە لـەدوا قۆنـاغی تـەوابوون كەزمانـە تێكـەڵ بەجەسـتەی

بەرامبەر دەبێت، کە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان لەنێو پێوەندی ژنو مێردەکان نەگەیشتۆتە تەوابوون، بەڵکو گۆڕدراوە بەبەجێگەیاندنی وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیو بەتاڵبونەوەی غەریزەیە لەو چوارچێوەیەدا، چونکە بەبێ ئامادەگی عەشق ناتوانین زمانی جەستە بەرهەمبێنین، کەهەر ئەویش دەبێتەوە بەفاکتەری سەرەکی بۆ نووسینەوەی خود، کە پێوەندی نێوان (عەشق، جەستە)و (نووسین/ خود) بناسینو، بەرەولای پرسیارەکەی (سپینۆزا) بگەڕێینەوەو کەشفکردنی جەوهەری پرسیارەکە لەوێوە دەردەکەوێت، کاتێ دڵنیادەبین جەستە لە توانای دایە ببێتە گوتارێك بۆ خولقاندنەوەی زمان، زمانێك هەرگیز توانای نییە دەسبەرداری سۆزبێت.

بۆیە ئەوە تەنیا جەستەی ئادەم نییە بەلای یەزدانەوە ژەهراوی بووە، بەڵکو کۆی جەستەکانیتر تەسلیمی ئیرادەی سۆزدەبێت، بۆیە تەنیا لەڕێگەی نووسین دەتوانرێت بەرەو شوێنێکیتر رابکەین، ئەوەش یەکێکە لەو چەمکە فەلسەفییانەی لای (دۆلۆز) بایەخی پێدەدرێت، لەڕێگەی پرسیاری فەلسەفە چیە؟ دەیەوێ ئەو چەمکە فەلسەفییانە بخولقێنێتەوە، ئەوەش بەدوای ئەوەی پرسیارە فەلسەفییەکان دەگەڕێنێتەوە ناو رەخنە، کە تاچەند ئەم پرسیارانە توانای خولقاندنەوەیان هەیە، کە بۆ ئەوەش تەنیا لەخوێندنەوەی پرسیارەکان دەتوانی دیدێکی فەلسەفی تازەمان پێ ببەخشێت، بۆیە (فەلسەفە چییە!؟) ئەو پرسیارە بوو کەدرەنگ ئاراستەی فەلسەفەی کرد، پرسیارێك ئەگەر پێمان وابێ دەبوو سەرەتای کارە فەلسەفییەکان بەو پرسیارە دەستی پێکردبا، ئەوا خۆی تەواو بەدژی ئەو بۆچوونە دەوەستێتەوە، ئەو پرسیارە هێندە بەگرنگ سەیردەکات، بڕوای تەواویش بەوە هەیە کە دیدگا کاملەکان لەقۆناغی پیریدا دەووترێن، ئەو کاتەی لەناو فەلسەفەدا قووڵ دەبێتەوە، نمونەش بە (کانت) دێنێتەوە کە (رەخنە لەئیجتیهاد)ی لەپیریدا نووسیووە.

دیاره (دۆلۆز) کاری بەوە نییە کاتێ پرسیار لەفەلسەفە دەکات، بیەوێ بۆ مەبەستی گەڕانو دۆزینەوە، نەمەبەستی گەڕانە بەدوای حەقیقەت، بۆ ئەوەی وەبیرمان بێنێتەوە، بەڵکو ئەو پرسیارە بەدوای خۆڵقاندنی چەمکەوە ئیشدەکات، دەیەوێ لەنێو دەقی فەلسەفی چەمکی نوێ بخوڵقێنێت، کاتێ پرسیار لە فەلسەفە دەگوازێتەوە بۆ پرسیار لەچەمك، ئەوسا تێگەیشتن لەچەمك دەبێ بەتەوەری سەرەکی پرسیارکردن، پرسیار لەو چەمکەی لەناو دەق مەبەستیەتی، کەئاخۆ چەمکێکە لەناو هەمان لۆژیکی پێشوو سەیری دەکات، یاخود مەبەست لەچەمکێکە لەڕێگەی پرسیار دێتە بوون!؟

لەکاتێکدا ئەو پرسیارە دەکەین هەرگیز خۆمان لەو تێگەیشتنە قوتارناکەین کە لەگەڕانەوە بۆ مێژووی فەلسەفە پێمان دەڵێ: فرە چەمکی لەیادمەکەن، لەناو فەلسەفەدا تاکە چەمکێك نییە، بەڵکو کۆمەڵە چەمکێك ئامادەن، تەنانەت دەسپێك بۆ ناو دەقە فەلسەفییەکانیش خاڵی نین لەو فرە چەمکییە، تاکە چەمکێك نییە دەبێتە گومانی فەلسەفی دیکارت، بەڵکو زیاد لەچەمکێکە، ئەو قسەیە بۆ هیگلو تەنانەت (مارکس)یش ڕاستە، چونکە دواجار ڕەخنەی مارکس، ئەو ڕەخنەیەی دەیەوێ ئومێدی ژیانمان پێ ببەخشێتەوە لەچەمکێك زیاتر وێنای دەق دەکەن، هێنانەوەی ئەو پرسیارە لەسەر ئاستی دەق چەندە لەو ڕاستییە نزیکمان دەکاتەوە، کاتێ دەپرسین: فەلسەفە لای مارکس چییە!؟ ئەو خەونەی فەیلەسووف دەیەوێ پێشبینی بکات، ئاخۆ گۆڕانێك نییە لەناو کۆمەڵە چەمکێك کەپێوەندی بە پرسیاری مارکسەوە هەیە بۆ فەلسەفە؟ پرسیارێکی لەم چەشنە جگە لەدەرخستنی ئەو ڕاستییەی کەچەمکەکان دواجار لەناو چەمکی سەرەکی فەلسەفە کۆدەبنەوە چیدی نییە، بەڵام ئەوەی دۆلۆز لەبەرامبەر چەمکدا مەبەستییەتی چەمکێکی نوێ بخوڵقێنێ، جیاواز لەو مانازاراوەییەی چەمك لەفەلسەفەدا هەیبوو، چەمك لای ئەو دەچێتە ناو ڕووداو، ئەوەش کارێکی داهێنەرانەی فەیلەسووفە، کە

داهێنان لەخولّقاندنی دەکات، ئەوەش دەرکەوتنی بایەخی فەلسەفەیە، بۆ ئەو کارەش پشت بە (نیتچە)دەبەستێ، نیتچە کەڕەخنەی لەئاستی وەستان دەگرت، کە نابێ فەیلەسووف مەبەستی خۆی لەوەدا کۆبکاتەوە کەچەمکەکان رووی بریسکەداری خۆیان لەدەست نەدەن، بەڵکو دەبێ لەڕێگەی خولّقاندنی چەمکەکانوا لەخەڵکی بکەن کەبتوانن رازییان بکەن، بۆ ئەوەی بەرەو رووی بچن، دۆلۆز کاتێ پشت بەو قسەیەی (نیتچە)دەبەستێت، مەبەستی لەوەنییە بۆ چوونێك دەستنیشان بکات بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی، هێندەی دەرخستنی ئەو راستییەیە، کەخولّقاندنی چەمکەکان لە رەخنەی (نیتچە)وە وەرگیراوە، خوێندنەوەیە بۆ دیدگای فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی، کەڕوانینی وابوو بەبێ بوونی زەمینەو ئاستێك لەناو داهێنان توانای گەیشتن بەچەمکەکان ناگات بەمەعریفەی بالاّ، کەبتوانێ خولّقاندن بێنێتەکایەوە، چونکە بەبوونی ئەو زەمینەیە مەعریفە دەیەوێ بەهۆی چەمکەوە ئامادەبوونی خۆی دەربخاتەوە، مەعریفە لەڕێگەی بنیاتنانی چەمکەکان، بنیاتێکی تازەگەرانە بەخۆی دەبەخشێت، کاتێ مەعریفەو چەمك بەیەکەوە توانای ئەوەیان هەبوو داهێنان بخولّقێنن، ئەو ساتە هەست بەجیاوازی ئەو پرۆسەیەی داهێنان دەکرێ کە لەچەمکەکان خولّقێنراوە، ئەوەش گۆڕانێکە لەفەلسەفە کەتوانیویەتی خولّقاندن بخاتە نێو ئیشکردنی پرسیارەکە، پرسیار بەدەرەنجامێك گەیشتووە، کەسنوورو توانای فەلسەفە بەرەو ئاستێکی تردەبات، هەڵبەت لەو ئاستەشدا دەبێ سەیرکردنی بۆ فەلسەفە سەراوژێرکردنی بینینەکانی پێشووبێت، بۆیە دەپرسین: ئایا دۆلۆز توانی شکست بەو شوناسە بدات کەهەر لەسەردەمی ئەفلاتونەوە بەفەلسەفە بەخشراوە!؟ بەوەی فەلسەفە خاوەن سیانەی (تێرامان، بیرکردنەوە، قسەکردنە)!؟ دیارە دۆلۆز نەك یەکێك لەو سیانەی خستەژێر رەخنەوە، بەڵکو رەخنەی لەهەر سێکیان دەگرت، بۆیە دەیویست فەلسەفە لەوەجیابکاتەوە،

کە پرۆسەیەکی تێڕامانخوازی بێت، چونکە بەلایەوە فەلسەفە کارێکە لەوە فراوانترە بتەوی چەمکی تایبەتی هەبێت تا لەناویدا تێڕابمێنین، وەك چۆن بیرکردنەوەش سیمایەکی فەلسەفی نییە، هێندەی لەناو کایە جیاوازەکانیتر بوونی هەیە، بیرکردنەوەی بەکاری (فیزیا، بیرکاری، شیعر، مۆسیقا) دەزانی، لەهەمووی سەرنجراکێشتریش ئەوەیە کەفەلسەفە بەقسەکردنو دیالۆگ کردنیش نابینێت، چونکە ئەو کارە دەبێتە مایەی ئەوەی دژایەتی گومانو بۆچوونەکان بکرێت(5).

ئەوەش بەلایەوە دەبێ بەبکوژی فرەدەنگیو لەپاڵ ئەوەش گومان کەدەروازەیەکە بۆ پرسیارو رەخنەگرتن دەکوژرێت، یاخود بەدرێژایی زەمەن لەناو فەلسەفە دەکرێتەدەرەوە، رەخنەگرتن لەو شوناسە گۆڕانە لەو بنەمایانەی کەشوناسی فەلسەفی وەدەست دێنن، گۆڕانیش لەدیدی فەلسەفی، گۆڕانە لەوەزیفەی فەیلەسووف، چیدی فەیلەسووف بەلایەوە حەکیمێك نییە کەپەندو ئامۆژگاریمان فێربکات، فەیلەسووف لای ئەو عاشقێکە فێری هیچ حیکمەتێکمان ناکات، بەڵکو عەشق دنیایەکی نوێی پێ دێنێتەبوون، بۆیە پرسیاری فەلسەفە چیە؟ پرسیارێکە پێمان دەڵێ ئیدی فەلسەفە زانست نییە کەپێڕەوی بکەین، بەڵکو خوڵقاندنێکە لەناو زەمەنی فەیلەسووف, ئەو عاشقەی بەداهێنەری دادەنرێت، ئەگەر کەسی عاشق پرسیاری ئەوە لەخۆی بکات: ئاخۆ من لەتوانامدا هەیە لەڕۆمیۆ وەفادارتربم بۆ جوڵێت!؟ بڵێی عەشقێکی وێرانکاری نەبێت ئەوەی من دەیکەم؟ چونکە دواجار وەفاداری لەخواردنی ژەهرەوە دەستپێدەکات، بەمانای ئەوەی نەمریی بەرۆمیۆ دەبەخشێو دەیکاتە رەمزی وەفایی بۆ عەشق ژەهرخواردنییەتی کەواتە کاتێ وەفاداری بەمردن کۆتایی دێت، ئەوساتە چارەنووس تراژیدیاکە لای ئۆدیب بەقارەمانی دەستپێدەکاتو بەدوای کوشتنی (ئەبی هۆل)و شادبوون بە جەستەی (جۆکاستا)چارەنووسی دەبێ بەهەڵکوڵینی هەردوو چاوەکانی خۆی

و كوژراو دەبێ بەباوكو جەستەی دۆست جەستەی دایكە، بۆیە دەركەوتنی حەقیقەت بۆ ئۆدیب دڵنیابوونە لەوێنەی وەهمبوونی پاڵەوانیەتیو هەڵخەتانی خودە بەوەی عاشق بووە، ئەو حاڵەتە وا لەكەسی عاشق دەكات بپرسێ: من بەختەوەردەبم یا وەك ئۆدیب دەبمە كوێرێكی سەرگەردان!؟

لەوەڵام بەو پرسیارە دەیەوێ بگات بەو نهێنییەی كەپرسیارێكی تر لەخۆدەگرێت عەشق چییە!؟ ئەگەر ئەو پرسیارە بگوازینەوە بۆ فەیلەسووفی عاشق، ئەوسا دەبێ بڵێین، ئێمە لەپرسیاركردنمان لەفەلسەفە رووبەڕووی ئەو گومانە دەبینەوە، كەئاخۆ توانای ئەوەمان دەبێت، وەك (فرۆید)گۆڕانی فەلسەفی بێنینەكایەوە!؟ ئەو بەر پرسیاریەتییە بەرامبەر چەمكە فەلسەفییەكانی نێو دەقی فەیلەسووفە داهێنەرەكانە، گەڕانەوەیە بۆچییەتی فەلسەفە (كەپرسیارێكە لەبارەی چەمك بەرێگایەكی نوێ هەڵیدەگرێ لەسەر دووبارەكردنەوەی هەمان تێگەیشتنی چەمك، لەسەر بەرەوپێشچونێكی رەسەنو ناوازە، ئەوەش لەگرنگترین تایبەتمەندییەكانی چەمكە)[6] بەمانای چەمكە لەناو جینالۆجیای فەلسەفە دەخولقێنرێت، ئەو عەشقەش بۆ خولقاندن، عەشقی عاشقێكە كەناساڵەمێتەوەو ترسی لەپێشبینی نییە، عاشقێكە تەنیا مەعشوقەكەی لاگرنگە، (دۆلۆز)یش فەیلەسووفێكە حیكمەتەكانی هیچ نین، بەڵام عەشقی بۆ فەلسەفە دنیایەكی نوێیە، ئەوەی (رۆمێو) ناتوانێ بە (جۆلێت)ی ببەخشێت، ئەوا (دۆلۆز)دەیەوێ ئەو عەشقە بەفەلسەفە ببەخشێت، عەشقێك لای فەیلەسووفی عاشق بوونی هەبووە، بەڵام جورئەتی ئەوەنەكراوە فەلسەفە لەحیكمەتەوە ناوبنرێت عەشق، باشترین نمونەش (نیتچە)یە، شێتی پرۆسەیەكی عاشقانەی ئەو فەیلەسووفەیە بۆ فەلسەفە، عەشقە نیچە گەورەدەكات، نەك حیكمەت.

بۆیە ئەگەر حیكمەتەكان لەشوێنێكدا بوەستن، بەڵام عەشق شوێنێك بۆ وەستان دەستنیشان ناكات، بۆ ئەوەی فەلسەفە بتوانێ لەشوێنێكدا چەق

نەبەستێ، دەبێ لەگەشتی خۆی نەکەوێت، ئەو گەشتەی فەیلەسووف دەکاتە گەشتیار، ئەو کاتەی فەیلەسووف بوو بەگەشتیار، پرسیاری فەلسەفە چییە، لەپەندو حیکمەتو ئامۆژگارییەکان رزگاری دەبێت، (جیۆ– فەلسەفە)وەك چەمکێکی فەلسەفی تایبەتمەند دەخولقێنێ، کەپێوەندی نێوان جیۆلۆجیاو فەلسەفەیە، گەشتە بەدوای جوگرافیا، کەتیایدا پرسیاری بەردەوام بخولقێنێو دڵەڕاوکەیەك تووش بکات، نەتوانێ لەناو گەشتەکەی ئارام بێت، ئارامی بەخشین بە فەیلەسووف گیانی پرسیارو خولقاندن دەکوژێت، بەتایبەت چونکە گەشتی فەیلەسووف تاکە گەشتێك نییە، ئەوکاتەی رەخنەی لەو شوناسە گرتو هۆکاری رەخنەگرتنەکەشیمان روونکردەوە، کە (تێڕامان، بیرکردنەوە، قسەکردن) کاری فەلسەفە نییە، بەڵکو فەلسەفە دەبێ لەڕێگەی فەیلەسووفی گەشتیار گەشتی خۆی بکات، کەسێ گەشتەو دەبێ ئەنجامی بدات (گەشتێك بۆ رابردووی یۆنان کەنیشتیمانی یەکەمی فەلسەفەیە، گەشتێك بۆ ئێستای خۆرئاوای دیموکراسی کەئێستابووە بە نیشتیمانی فەلسەفە، گەشتێکیش لەدوا رۆژدا بەرەو خاکێکی نوێ بۆ فەلسەفەکە تا ئێستا ئاشکرای نەکردووە یا رووەو میللەتێك کەفەلسەفە بۆیان تازەیەو تائێستا نەیان دۆزیوەتەوە)[7] بۆیە گەشتی فەیلەسووف بەچەمکێکیتر ئاشنامان دەکات کەپێوەندی بەکلتوری فەلسەفییەوە هەیە، ئەویش چەمکی (نیشتیمان)ە، یەکێکیان لەرابردوودا کەبەرەو فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە، ئەویدیش کە لەزەمەنی هەنوکەیی دۆلۆز، خۆرئاوا دەبێت بەنیشتیمانی فەلسەفە لەئێستادا، لەنێوان ئەو دوو گەشتەدا دەیویست مرۆڤی ئێستا (هاوچەرخ)لەو گوتارە ئەقلانییە رزگاربکات، ئەوەش رزگارکردن نەبوو لەمۆدێرنە، بەڵکو رزگارکردنی بوو لەکلتوری رۆشنگەری، ئەو کلتورەی زەمەنێکی نەگۆڕی بەفەلسەفە بەخشیبوو، کەمۆدێرنە لەسەر ئەو کلتورە بنیاتنراوە، دەیویست مرۆڤ لەسەر ئەو زەمەنە هەنوکەییە چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات، نەك لەسەر پرسیارەکانی

ڕۆشنگەری، ئەوەی ڕۆشنگەری مرۆڤ دێنێتە سەردەمێکی نوێ، ئەوا لەئێستادا مرۆڤ دەبێ بڕوای بەوە هەبێت ئەو توانایە لەدەرەوەی خۆی نییە، بەڵکو لەناوخۆیدایەو دەبێ ئەو توانایەش بۆ ڕەخنەگرتن لەو کلتورە بخاتە کارو سەرلەنوێ پێوەندییەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە، ڕێکخستنەوەش پەیوەستە بەتوانای پرسیارەکانی لەبەردەم ئیرادەی خۆی، وەك مرۆڤو توانای عەقڵ وەك دەسەڵاتێك کە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەکانی ئەوی کردووە، ئەوەش دەبێتە چونە ناو گەشتی سێیەم، کەتەواوکەری سیماکانی چەمکی نیشتیمانە، گەشتێکە لەداهاتوودا، پێوەندی ئەو گەشتەش بۆ چەمکی نیشتمان خولقاندنی چەمکێکی نوێی فەلسەفەیە کەلەڕێگەی (رابردوو فەلسەفەی یۆنان)و (ئێستا– خۆر ئاوای دیموکراسی)و (داهاتوو– خاکێکی نادیار) دێتەبوون بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕان لەگوتاری فەلسەفی دروست بکات، ئەوەش ئاشکراکردنی ئەو رووە شاراوەیە بۆ جیهان، کەبەهۆی ئەقلانییەتی مۆدێرنە سنوری دەستنیشانکردنی  فەلسەفەی لەچوارچێوەیەك هێشتۆتەوەو دەیەوێ لەسەر ناوە دەرەوشاوەکانی فەیلەسووفەکان بژیێت، بۆیە (دۆلۆز)ئەو ئەقلانییەتە دەخاتەژێر ڕەخنەوە تاوەکو کۆتایی بەو دیدە بێنێت کەنرخ لە ئێستا وەردەگرێتەوە[8]، چونکە فەلسەفە تیۆرێك نییە وەك زۆرێك تێیگەیشتوون، بەڵکو هەڵگری (مۆرکێکی جیۆلۆجیە، زیاتر لەوەی مۆرکێکی جینالۆجی هەبێت، بەمانای توێژینەوە نییە لەبنەماو ڕەگەزەکان هێندەی وێنەکێشانە بۆنەخشەی فکرو گەڕانە لەجوگرافیای عەقڵ)[9] ئەوەش پێمان دەڵێ کەپرسیاری فەلسەفە چییە، پرسیارە لەعەقڵ، کەعەقڵ چییە!؟ کۆی پرسیارەکان هاوواتا دەبێتەوە بۆ عەقڵو دەگوازرێتەوە بۆ پرسیاری ڕەخنەیی، ئەوەش قوڵبوونەوەی ڕەخنەیە لەناو رووداو، ڕووداو لای دۆلۆز دەمانگوازێتەوە بۆ ناو فینۆمینۆلۆژیاو فەلسەفەی مێژوو، چونکە دەیەوێ ئەو ئەقلانییەتە قبوڵنەکاتەوە، لەلایەکیتریش مەبەستی خوڵقاندنەوەی چەمکە،

خولْقاندنەوەش رەخنەگرتنە لـەدەق و ئامادەبوونی پرسیارە لـەناو رەخنـەدا، کـەبێ قـسەکردن لەخوێندنـەوەکانی بـۆ دەقـە فەلـسەفەییەکان، ئەسـتەمە تێگەیشتن لەو فەیلەسووفە، بۆیە ئـەو دەسـپێکە تـەنیا ئاشـنابوونە بـۆ چـوونە ژوورەی جیهانی دۆلـۆز، نـەوەکو خوێندنـەوە بێـت بـۆ دەقـە فەلـسەفییەکانی، هێندەی هەولْدانێکە بۆ نزیکبوونەوە لەپرسیاری دەسپێك، بەمەبەسـتی چـوونە ناوەوەی دەقەکانی، کەبێشك بەبێ ئاراستەکردنی ئەو پرسیارە ناتوانین بـچینە نێو خوێندنەوە رەخنەییەکانی بۆ دەقی فەلسەفی.

"3"

کاتـێ پرسـیار لـەمردن دەکرێـت, بـەواتای کۆتـایی هێنـان بەجەسـتەیەك کەجولْـە لەدەسـت دەدات, بۆیـە پرسـیار لـەمردن .. پرسـیارە لەجەسـتەی پێکهاتوو, کەتاچەند ئەو جەسـتەیە توانـای جولْـەکردنی لەدەسـتداوە !؟ ئایا جەستەیەکە توانای نەماوە هەناسە بدات !؟ کاتـێ فکـر بـەمردوو ناودەبرێـت, ئـەو سـاتە تـەنیا پرسـیارنییە بەهەنـد وەردەگیرێـت, بـەڵکو ئـەو ئاڕاسـتە رەخنەییەش کەلەپشت پرسیار حەشاردراوە, تاچەند توانای قسەکردنی هەیـە لەپشت تەرمی مردوو !؟ چونکە کێشەکە تەنیا لەگوتراودا نییە, بـەڵکو گـوتراو دەتوانـێ ئـەو مردنـە بکاتـە رەخنەیـەك کەلـەوێوە دیـدێکی رەخنـەیمان پـێ ببەخشێت, شوناسی تازەگەری بۆ رەخنەی فەلسەفی ئەوکاتە ئەتوانێ بـەرەو خوێندنـەوەی قـوڵایی دەق بـڕوات, کـەدەق لـەناو بانگەشـەی مـردن فڕێدرایـە دەرەوە و هێنرایـە نـاو دوانـدن, بۆیـە کاتـێ (جیـل دۆلـۆز) قـسە لـەمردنی شیکردنەوەی دەروونی دەکات, ئەو مردنە وەك ئەو بانگەشانەی پێشوو سـەیر ناکەین, کەدەیانوویست (فرۆید) بمرێنێت چونکە لای (دۆلـۆز) فرۆیـد نامرێـت, بەڵکو تیۆرە دەمرێت, ناتوانێ پرسیارە زەمەنیەکان لەئێستا ئامادە بکاتەوە, بەمانـەوەی پرسـیارەکان لـەناو زەمـەنی ئاڕاسـتەکراو, بـوار بـۆ رەخنـەی

فەلسەفی دەکاتـەوە,  بـۆ ئـەوەی بـەو روانینـەدا بـچێتەوە کەلەئێستادا چـۆن سـەیری ئـەو گۆڕانـە گەورەیـەی فرۆیدبکـەین کەلـەبواری نەسـتدا خولّقانـدنی, بۆئـەوەش لـە (گرێـی ئۆدیـب) دەدوێـت,  کـەوەك چـەمکێکی فەلـسەفی فرۆیـد سـەیری دەکــات کەفرۆیــد لەشــانۆگەری (ئۆدیپــۆس)ی ســۆفۆکلیس — ی وەرگرتـووە,  کاتـێ ئۆدیـب لـەڕێگای چـوونە ژوورەوەو دەروازەی شـار (ئـەبی هۆل) دەکوژێت و دەبێتە مێردی شـاژن,  دوای ئـەوەی چـوار منالّیـان دەبێـت, کە قەشە لەئاسمان دێتەوە و ئۆدیب هۆی پەتاکەی شاری لێ دەپرسێ خواکـان وتیان هۆیەکەی ئۆدیبە,  چونکە ئەوپاشایەی کوشتویەتی باوکی خۆی بـووە و شاژنی هاوسەری دایکیەتی,  کەلەکاتی هاتنە دنیای دوورخراوەتەوە لەکۆشـك, گەڕانەوەی ئۆدیب و کوشتنی پاشا,  چەندە بێ ئاگـای ئۆدیبـە لـەوەی ئـەوەی دەیکوژێـت باوکیـەتی,  بـەلاّم لای فرۆیـد ئـەو کوشـتنە پەیوەنـدی بەنەسـتی ئۆدیبـەوە هەیـە,  کـەباوك لەسـاتی منـالّ  بـوون لـەئامێزی دایـك دەریـدەکات, بۆیە شادبوونەوە,  بەئامێزی دایك,  گەڕانەوەیە بۆ ئەو حەزەی منـالّی کـەباوك لەڕێگــەی دوورخــستنەوەی لــەمالّ ئــارەزووی چەســپاندووە,  ئــەو  دەقــەی (ســۆفۆکلیس) لای فرۆیــد دەبــێ بەدۆزینــەوەی خــالّێکی فەلــسەفی گــرنگ کەبـە(گرێـی ئۆدیـب) نـاوی دەبـات و کەشـفی چـەمکی نەسـتی تیـا دەکـات, کەمنالّ لەخەون بەکوشتنی باوك,  ئارەزووی گەڕانـەوە دەکـات بـەرەو ئـامێزی دایك,  ئەگـەر چـی بـڕوای وایـە خـەونی کوشـتنی بـاوك لەبنـەماوە لـەڕق سـەر هــەلّنادات,  بــەلّکو لەســەر ســامی بــوونی منــالّ بــەباوکی,  دەیــەوێ لاســایی رەفتارەکانی بکات,  کـەدواجار بـاوك دەبـێ بەبەربەسـت لەبـەردەم کەسـایەتی ئەودا,  ئەوەش دەبێتە دروست بوونی ترس لەباوك,  ترسـێك خـەونی کوشـتنی لا دروسـت دەکـات,  چـونکە لـەئامادە نـەبوونی بـاوك ئـەو دەتوانـێ شـوێنی بگرێتــەوە,  کــەدیارە رکابــەری لەگــەلّ بــاوك,  بـۆ سـەرنج راکێـشانی دایکـە, بۆئـەوەی سـۆزی دایـك بەدەسـت بێنێـت,  کاتـێ دەبینێـت لەلایـەن باوکـەوە

داگیرکراوه, بیرلەکوشتنی ئەو داگیرکەره دەکاتەوه, فرۆید پێی وابوو (هانز) ئۆدیبێکی بچکۆلەیه, کاتێ حەزی دەکرد لەگەڵ دایکی بخەوێت, رق و ترسیشی لەباوك لەوێوه سەرچاوەی گرت, لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ, هانز لەنێو نوێنی دایك دوور دەکرایەوه و باوك دەگەڕایەوه نێوئەو نوێنه, بۆیه (ئارەزوو) چەندە بەرەو لای دایکی پەلکێشی دەکات, هێندەش بۆ (مردنی باوك)ی بەپەرۆشە, ترسێك لەناوەوەی ئامادەگی هەیه, کەلە (ئەسپ)ەوه باوك دەبینێت, ئەو ئەسپەی دەبێتە رەمزێك بۆ باوك, ترس لەو ئەوسپەی کەپەلاماری ئەندامی سێکسی بدات, لەبنەماوه ترسە لەخەساندن لەلایەن باوکەوه, بەو کارەش فرۆید درێژە بەتیۆری (داروین) دەدات, کاتێ وتی مرۆڤ لەئاژەڵەوه گەشەی کردووه )[10], لای (فرۆید)یش سێکس ئەو ئاستەیه کەبەرەو ئاژەڵ بوونەوەی دەبات, ئەوەش لەرێگەی ئەو پەیوەندیه سێکسیەوه دەردەکەوێت, بۆیه ((ئەو هیچ جیاکارییەکی بنەڕەتی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا ناکات لای فرۆید مرۆڤ ئاژەڵێکە تۆزێك زیاتر پەرەی سەندووه))[11] تەنانەت جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەناوئەفسانەکان بەنموونە دێنێتەوه, کەخواوەند خاوەن جەستەیەکی ئاژەڵیانەیه, یاخود کەللە سەری ئاژەڵەو خوارەوەی لەشی مرۆڤە, بۆیه کاتێ ترس لای (هانزی بچکۆلە) لەباوکەوه دەگوازرێتەوه بۆ ئەسپ یان بەپێچەوانەوه, لەهەردوو حاڵەتەکەدا یەك دەلالەت دەدەن بەدەستەوه, ئەویش دەلالەتی ترسە .

بەڵام کاتێ ئەو بڕوایە دەخرێتە ژێر رەخنەوه و ئەو چەمکەی بەگرێی ئۆدیب ناو دەبرێ بە(ئەنتی ئۆدیب), ئەو کاتە پرسیارێك کەئاڕاستەی دۆلۆز بکرێت ئەوەیه : چۆن لەناو دەقێکی مردوودا دەیەوێ چەمکی فەلسەفی بخولقێنێت! ؟ ئەگەر چەمکی (مردن) لای (دۆلۆز) هەمان ئەو واتایە بدات بەدەستەوه کەپێشتر بەخشرایە فرۆید, ئەوا ئەوساتە ئەو پرسیارە تووشی جۆرێك لەگومانکردنی دەکردین, بەڵام ئەوەی وادەکات لەپشت مردنی

(فرۆید)ەوە چەمکی نوێ بخوڵقێنێت, دەرەنجامی تێگەیشتنی دۆلۆزە لەمردن و دواجاریش رەخنە گرتنیەتی لەناو دەق, رەخنە لەو چەمکە فەلسەفییەی بردراوەتە ئاستی تیۆر, ئەو تیۆرە کەلەلای دۆلۆز کەوتۆتە بەردەم گومانی فەلسەفی)[12], بەوەی تیۆرێکی مردووە, تیۆرێکە توانای بزاوتی نییە, چوونکە ئەو چەمکەی تیۆری لەسەر دامەزراوە, سێنتەری رەخنەگرتنە لەو فەلسەفەیە کەنەستە, بۆیە مردن لەناو چەمکی نەستدا گەشە بەخۆی دەدات, نەك لەناو فەیلەسووف, وەك لەپێش دۆلۆز قسەکردنەکان لەمردنی فرۆید بوون, بەڵام ئەو هۆکارەی وادەکات ئەو قسەکردنە بەجیاواز لەو راگەیاندنە سەیربکەین, مردن ئەو چەمکەی پرسیارێکی بێ ئەنجامی بەلایەوە دەخولقاند بووەستێ, ئەوەیە کەمردنی شیکردنەوەی دەروونی دەکاتە رووەرێکی تر بۆ دایالۆگی فەلسەفی, لەو خاڵە سەرچاوەی گرتووە کەنەست لای ئەوان وەك خاڵێکی سەرەکی بەردەوام بۆی دەگەرێنەوە, کەئەوەش چەمکێکی فەلسەفی فرۆیدە لەناو فەلسەفەدا, بەڵام ئەوەی بەلای دۆلۆزمایەی سەرسامیەو بووە هۆی رەخنەگرتن لێی, ئەوەیە کەشیکردنەوەی دەروونی نەست بەسێنتەری ئاشکراکردن ناودەبات, کەچی لەهەمان کاتدا بەبەردەوام هەوڵی دوورخستنەوەی دەدات, بۆیە رەخنەکەی دۆلۆز بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەبێت, ئەوانیش (هەموو بەرهەم هێنانەکانی ئارەزوو دەشکێنێت, ((هەموو شێوە گوتراوەکان رادەکێشێت, لێرەوە هەماهەنگیەکە بەروویدا دەشکێنێ, هەماهەنگی ئامێریانە بۆ ئارەزوو, هەمانگی کۆمەڵێ بۆ دەربرین))[13] مەبەستیش لەوەیە کەدەربرینەکان دەخرێنە نێو ئاستی مامڵانێ و گەمەکردن و ئاڵوگۆرکردن, بەواتای شێوە پێکهاتەیەك کەلەدەربرین دەیخولقێنێ, پەیوەندی بەو تەئویلە هەیە کەتەئولیکار پێی هەڵدەسێ, وەك چۆن ئارەزوو لە قەبارەی خۆی چەندین جار گەورەتر دەکرێتەوە, ئەوەش بەلایەوە پێوەندی نییە بەتیۆرەوە, هێندەی جۆری ئەو تەئویلە دەیسەپێنێ

کەلەنازووی سێکس قولْ دەبێتەوە, بۆ ئەوەش زیاتر مەبەستی لەئۆدیبە, بەلای (دۆلۆز) نەست و توانای ئەوەی نییە وڕێنەکان بیگەیەنێ بەنهێنی ژیانی دایك و باوکی, ئەوەش رەخنەبوو لەسەنتەری بڕواکانی فرۆید, بەوەی ئەو لەبنەماوە توانای ناسینی منالْی نەبووە, چونکە نەست ئەو دەسەلاٚتەی نیە وەك فرۆید بۆی چوو بوو, ئەو کاتەش رەخنەکانی چڕدەبنەوە سەر ئەو پرسیارەی : کەبۆچی دەبێ چارەنووسی ئۆدیب بگاتە ئاستی کوشتنی باوك ؟ ئاخۆ ئەو کوشتنە هەر پێوەندی بەڤینی دایك و رق لێبوونەوە و ململانێیە لەگەلْ باوك! ؟ دیارە مەبەستێکی سەرەکی لەو پرسیارە گەڕانەوەیە بۆ ئەو حەقیقەتەی کەفرۆید چەندە ئاشکراکردن بۆ نەست دەگەڕێنێتەوە, بەلاٚم دۆلۆز لەبەرامبەر ئەو ئاشکراکردنە ئەوەمان بۆ دەردەخات, کەئەوە دوور خستنەوەی نەستە, کەپێوەندی بەتەئویلی فرۆیدەوە هەیە بۆ ئارەزوو, دەقی فرۆید لەتیۆرەوە نەهاتووە, بەلْکو لەتەئویلەوە تیۆر دەسەپێنێ, ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئارەزوو کەلەنەست ئازاد دەبێت ئەو جارێکی تر دەیچەپێنێ و رێگەی ئازاد بوونی لێدەگرێت بۆ ئەوەی ئاستی خوێندنەوەی دۆلۆز و چۆنیەتی رەخنەکەی لەفرۆید دەست نیشان بکەین, دەگەڕێینەوە بۆ دوو بیریار کەتوانیویانە دایەلۆگ لەلای فرۆید بکەنەوە بەبێ ئەوەی گومان لەتیۆرەکەی بکەن ئەوانیش (ئەریك فرۆم)و (جاك لاکان)ن, یەکەمیان قسە لەگرێی ئۆدیب دەکات, کەتا چەند ئەو رێگرییە لای هانز ئامادەگی هەیە, ئەویدیش پرۆژەکەی ناو نا (گەڕانەوە بۆ فرۆید), ئەوەی سەرەتا مەبەستمان بێت (فرۆم)ە کەگومان لەو تیۆرە ناکات کەگرێی ئۆدیب دەخولْقێنێ, بەلْکو ئەو لەگەلْ دەرەنجامی شیکردنەوە کەناکۆك دەبێت, بۆ ئەوەش پرسیارەکەی فرۆید لەبارەی راستگۆی لای دایك و باوکی هانز دەوروژێنێتەوە, کە تاچەند لەگەلْ منداڵەکەیان راستگۆ بوونە, چونکە بەشێکی زۆری ئەو دۆخەی(هانز)تێی کەوتووە, ئەنجامی درۆکردن و هەڕەشەی دایکیەتی,

هەڕەشـەی بڕینـەوەی ئەنـدامی سێکـسی و درۆکـردن لەنەگەڕانـەوەی بـاوك, ئـەوەش وادەکـات دایـك متمانـە بـدۆڕێنێت, چـونکە لای فـرۆم وەك دایکەکـە سەیری (هانز) ناکرێت, کەمناڵێکی هێندە سادە بێـت, تـا بـڕوای ئـەوەی پـێ بهێنرێـت, کەخوشـکە تـازە بووەکـەیان لەقلـەق دەیهێنێـت, کەئـەوەش شاردنەوەی پرسیاری نێو خێزانە (ئـەو مناڵـەمان چـۆن بـوو! ؟), کاتـێ دایکـی هانز رۆڵی فریودەرێك دەگێڕێ بۆ دەسخەڕۆکردانی مناڵەکەی, ئەو سـاتە دایـك ئەو هەیبەتـەی نـاو دەسـەڵاتی خێـزان دەدۆڕێنێـت ناتوانـێ وابکـات مناڵەکـەی متمانەی پێ بکات, بۆیە هانز چەندە حـەز بـەوە دەکـات لەگـەڵ دایکـی بێـت, هێندەش ترسی لەخەساندن هەیـە, بۆیـە حـەز دەکـات ئەگـەر لـەتوانای بێـت ئەشـکەنجەی بـدات, هـەر بەدەسـکی ئـەو گـسکەی کەلەپێـشتر دایـك وەك هەڕەشە ئاماژەی بۆ دەکـرد, ئـەوەش مانـای وانیـە هـانز ئـارەزووی کوشـتنی دایکی بکات, بەڵکو ئارەزوویەکی سادییانەی تێدایە بەرامبەر بەدایك, ئەمەش گوزارشـتە لـەئارەزوو بـوونی باوکییـەتی, دڵنیاشـە تـەنیا لەڕێگـەی مردنـی باوکـەوە, ئـەو دەتوانـێ ئـەو شـوێنە بگرێتـەوە, کەچـی (فـرۆم) ڕەخنـە لەدەرئەنجامی ئەو تەداعیە دەگرێت بەلایەوە ئەو کارە ((گوزارشت لەوە ناکـات کـەڕقی لەباوکیـەتی یـان حـەز بەمـەرگی دەکـات, نابـێ ئـەوەمان لەیادبـچێت کەیەکێك لەبەڵگە نەویسترین خواستەکانی منـاڵان گـەورە بـوون و رزگاربوونـە لەژێر دەستی گەورەکان و لەوەی کەنەبنە مایەیی پێکەنین و گاڵتە پێکردنیان, هـەر لەبـەر ئەمەشـە کەکـچەمناڵەکان حـەزیان لـەیاری بـوو کەشووشـەیە و کوڕەمناڵەکانیش خۆیان بەگەورەو باڵق دەزانن))[14] ئەوەش بەو مانایـەی ئـەو ترسـەی فرۆیـد لـەهانز دۆزیـەوە, فـرۆم ئـەو ترسـە بـەئارەزووی گـەورە بـوون ناودەبـات, ئـەوە بەلایـەوە ئـارەزووی بوونـە بـاوك, نـەك تـرس بێـت لـەباوك, هەڵبەت گۆڕینی ئەو دەرەنجامەش بـەواتای ڕەتکردنـەوەی ئـەو چـەمکە نییـە, هێندەی گۆڕینی دەرەنجامی چەمکەکەیە, لێرەدا لەگەڵ فرۆم هاوڕا دەبینـەوە

بـەدژی فرۆیـد, کەئەگـەر هـانز بـەو رادەیـە رقـی لـەباوکی بوایـە بەشـداری ئەودایالۆگانەی نەدەکرد و بەم چەشنە وەڵامـی نەدەدایـەوە, بۆیـە ئەگـەر بـۆ چوونەکان چڕبکەینەوە, ئەو دیدگایە بەلای فرۆم لەو ڕەخنەیە دەتـوانین کـۆی بکەینەوە, سەرەڕای ئەو ئارەزووەی بوونە باوکایەتی (وادێتە بەرچـاو, فرۆیـد کەلـەژێر کاریگـەری و دەمـارگیریی بـاوك سـالاری و باڵادەسـتی رەگـەزی نێـردا بـوو, بەڵگـە کلینیکیـەکانی یەکلایەنـە لێکدابێتـەوە, وەڵامـی ئـەو شـتانەی نەداوەتەوە کەلەگەڵ لێکدانەوەکەی ئەودا ناکۆك بوون)[15] بۆیە ئەگەر (فـرۆم) بەمجۆرە سەیری فرۆید بکات, ئەوا (لاکان) خوێندنەوەکانی هێندە دژە فرۆیـد ناکەونەوە, بەتایبـەتی کەئـەو دەیـەوێ بـەرەو فرۆیـد بگەڕێتـەوە, دەیویـست فرۆیـد بەرزبکاتـەوە بـۆ ئاسـتێکی تـر کەلـەدژی مردنـی فرۆیـد وەسـتا, ئـەو پڕۆژەیەی لاکـان بـۆ دۆلـۆز و گوتـاری بایـەخێکی تایبـەتی هـەبوو, (گوتـاری) پێشتر خوێندکاری (لاکـان) بـوو, سـودێکی زۆری لەمامۆسـتاکەی وەرگرتبـوو, چونکە لاکان کاتێ بۆ فرۆید گەڕایەوە ویستی کۆتایی بەو ڕاڤەکردنانەی پێشوو بێنێـت و خوێنەوەیـەکی نوێگەرانـە بـە فرۆیـد ببەخـشێت, بـۆ ئـەوەی بتـوانێ کۆتایی بەو روانینە ئـاڵۆزە بێنێـت و دیـدێکی روونـی پـێ ببەخـشێت بەتایبـەت بەچەمکی نەست کەلەناو راڤەکردنـەکان شـێوێنرا بـوون, بـەواتای ئـەو نـەهات گــۆڕان لەوچــەمکە بکــات, هێنــدەی ئــەو چــەمکەی بــردە نێــو چــاوگە سەرەکییەکەی, بۆئەوەی بتوانێت پارێزگاری لەداهێنانی فرۆید بکات, بـوونی خۆشـی لەبــەردەم ئـەو دەقـەدا ئامـانجێکی هـەبوو, بۆیــە (ئـەو ئامانجـەی کـە(لاکـان) بۆخـۆی دەسـت نیـشانی کـرد, بیرکردنـەوەی بـەردەوام بـوو لەبیرکردنـەوەی فرۆیـد))[16] بۆئـەوەی بتوانێـت لـەناو دەقـی فرۆیـد لەئاسـتی چـەپاندن تێبگـات, ئـەوەش گەڕانـەوە بـوو بـۆ نـاو شـیکردنەوەی دەروونـی, کەئەو گەڕانەوەیەش جۆرێك لەهەڵوەشـاندنەوە گـەرایی تیـابوو, کەدەیویـست لەبەرنیادە هەڵوەشێنەرەکانەوە بیرکردنەوە بگەڕێنێتەوە نـاودەق, کەهەڵبـەت

ئەوەش خەونێك بوو كەدەیویست بیهێنێتەدی لەڕێگەی گەڕانەوەی فرۆید, بەواتای پرۆژەی لاكان, پرۆژەی گەڕانەوەی خەونێك بوو, كەشیكردنەوەی دەروونیە, بەڵام ئەو خەونەی لاكان لەلای دۆلۆز گوتاری دەبێتە رەخنە, بەواتای خەون بەشیكردنەوەی دەروونی دەگۆڕن بەڕەخنە لەشیكردنەوەی دەرون, جیاوازی سەرەكی خۆشیان لەگەڵ لاكان دەست نیشان دەكەن, لەسەر ئەو بنەمایەی كەبەلای (لاكان) نەست وەك زمان خولڨێنراوە, ئەوەش بەرزكردنەوەی ئاستی نەست بوو لەشیكردنەوەی دەروونییەوە بۆ زماننناسی, بردیەوە ناو ئەو ئاستەی كۆمەڵە ئاماژەیەكە سیستمێك رێكیان دەخاتەوە, ئەوەش بەدەر نەبوو لەتێگەیشتنی (سۆسێر) بۆ زمان, بۆیە ئەگەر (فرۆید) دەرەكی بەوە نەكردبێ كەنەست وەك زمان وایە, بەڵام (لاكان) بەدوای ئەو گۆڕانە گەورەیەی سۆسێر لەبواری زانستی زمان هێنایە بوون ئەو حەقیقەتە جەوهەریەی بۆ دەرخستین, ئەوەش بەمەبەستی روانینە لەشێوەی زمانەوە بۆ نەست, كەمەبەستی شوبهاندنی بوونیادەكانیان نییە, بەڵكو پرسیار كردنە لەو بونیادانەی كەهەردوو لایان وەزیفەیەكیان پێ سپێردراوە كەلەبنیاتدا لەیەك دەچن, چەسپاندن لەناو نەستدا, لەشێوەی سانسۆر كردنە لەناو زمان, بەواتای چەسپاندن لەناو نووسین ئامادەیی هەیە, وەك چۆن سانسۆر لەناو نەستدا وێنای خەون دەكات, بۆیە سیستمی رێكخەر هەمان وەزیفەی دەبێت كەلەناو زماندا هەیەتی, سەرباری ئەوەش حەقیقەتێك هەیە ناكرێ فەرامۆش بكرێت, ئەویش ئەوەیە لەبنەڕەتدا پێوەندیەك هەیە لەنێوان (چەپاندن) و (سانسۆر), كەزات بەهۆی ترێكەوە نهێنی ناوەكی دەچەسپێنێ, ئەو ساتەی جورئەتی ئەوە ناكات بەپرۆسەی زمان بەشداری دایالۆگی نەفیكردن بكات, ئەوەش وادەكات زمان ببێتە هۆیەكی تر بۆ چەپاندن, كەلەو كاتەدا ئەو دووانە ئارەزوو دەكوژن و لەنەستیدا كۆی دەكەنەوە, ئەوەش دەبێتەی هۆی ئەوەی زات لەنا ئاگایدا دەری دەبڕێت,

یاخود چەپاندن لەناو خەوندا دەیەوێ ئازادبێت, ئەوکاتەش بڕوای ئەوەی لادروست دەکات کەخەون ئەو ئاماژانەیە کەلەناو وشیاریدا پێی ناگەین, یاخود لەپشت زەللەی زمان بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت ئاماژەی تر فڕێ دەدەین, یان ناتەواویەك لەڕستە بەجێ دێلین, کەپێوەندی بەسانسۆری پێشتر هەیە کەلەبەر ترسێك چەسپاندوومانە, کاتێ لەنامەیەکدا هەڵەیەك لەدەستمان دەردەچێ و بۆ هاوڕێیەك دەنووسین (حەزدەکەم نەتبینم) دوا وشە هەڵەیەك نییە, بەڵکو زێللەیەکی نووسینە و پێوەندی بەحەقیقەتی ئێمە هەیە, کەئەوەیان راستیەکە, لەبنەڕەتدا حەز ناکەین ئەو هاوڕێیە ببینین .
بۆیە ئەو خەونەی لاکان بەلای دۆلۆز ئنتیماکردنە بۆ گەورەکردنەوە و ستایشکردن کەهەڵقولاوی چەمکێکی مێژوویە, لەڕوانینی ئەوانەوە (دلۆز و گوتاری) چیدی فرۆید نابێ بەپرۆژەیەك کەخەون بەچەمکە فەلسەفیەکەیەوە ببینین, بەڵکو ئەو چەمکە بردرایە نێو رەخنە, رەخنەو لەنێو گومان و پرسیار, گومان لەنەست و پرسیار لەتوانای دەست نیشان کراوی منالّ, کەتوانای ئەوەی نییە وڕێنەکانی بگۆڕێت بۆ ئاشکراکردنی نهێنی, ئەوەش چەمکێکی فەلسەفی نوێی لەنێو دەقی فرۆید خولّقاند, کەناویان نا (ئەنتی ئۆدیب), دۆلۆز لەو دەقەدا جگەلەوەی ویستی ئەو دەرەنجامە فەلسەفیەی فرۆید بخاتە نێو رەخنەش چەمکێکی فەلسەفی نوێ بێنێتە بوون, هەولّبدا رەخنە لەهاو سۆزانی (فرۆید و مارکس)یش بگرێت, کەدەیانوویست لەڕێگەی ئەو دوو فەیلەسووفەوە فەلسەفە لەناو زاستەکان بەشداری پێبکەن, ئەوەش رەخنەگرتن بوو لەوانەی زۆر بەخێرایی دەیانوویست دەرەنجامی نوێ بۆ ئەو دوو فەیلەسووفە بدۆزنەوە, لەو رەخنەیەش مەبەستی لە(لاکان) نەبوو, هێندەی رەخنەکە (هربرت مارکۆزە) و بەشێکی دیاری (قوتابخانەی فرانکفۆرت) دەگرێتەوە, ئەوەش تەنیا رەخنە نەبوو لەدەقی فەلسەفی, بەڵکو رەخنە گرتن بوو لەو دەستە بژێرەش کەهەولیان دەدا بونێکی تر بۆ

ئارەزوو بخولْقێنن, ئەوانەش کەپێکهاتبوون لەسیاسیە ناسراوەکان, بەلای (دۆلۆز) ئیرهابی تیۆرین و لەناو کەسێتی شۆڕشگێڕی ساختەکاری دان, ئەوەش وایدەکرد ڕەخنەکەی ببێ بەڕەخنەگرتن لە (کەسایەتی فکری) ئەو کەسایەتیەی فاشیەتی نوێی دەخولْقاند, کەپێوەندی بەفاشیەتی مێژوویی نییە, بەڵکو فاشیەتێك لەقولایی ناخماندا خۆی حەشارداوە و لەگەڵ ڕەفتار و خەیاڵمان بزاوت دەکات[17].

ئەگەر چی بۆچوونێك هەیە پێی وایە ئەوانە دەستە بژێرێك نین دۆلۆز ڕەخنەیان ئاراستەدەکات, بەڵکو ئەوانە سێ ڕەگەزن کەڕەخنەکەی دۆلۆز بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەرسێ ڕەگەزەکەیە ئەوانیش (سیاسیە ناسراوەکان, تەکنیکارەکانی ئارەزوو, فاشیە تازەکان) بەڵام لەدواجاردا ئەو سێ ڕەگەزە ستراتیژێك هەیە کۆیان دەکاتەوە, کەلەناو (فاشیە تازەکان)دا چەمکی نەست بەدەردەخات, ئەوەش بەو مەبەستەیە کە(ئەنتی ئۆدیب) چەندە چەمکێکی فەلسەفیە, هێندەش ڕەخنەیە لەو ئایدیا وێرانسازی و ئەنتی هیومانیزمیەی کەئیرهابی تیۆرکارن, لەوەشدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە (دۆلۆز) لەبەرامبەر (فاشیە تازەکان) دەگاتە ئەوەی کە نەست ئەگەر هەر توانایەکیشی هەبێت, ئەوا دیسان لەمناڵەوە سەرچاوە ناگرێت, هێندەی ئەو حاڵەتە لەساتی گەورە بوون دەردەکەوێت, چونکە ئەگەر بەلای فرۆیدەوە (ئەو – **id**) توانای هەڵگرتنی نهێنیەکانی (من – **Ego**)ی لەخۆگرتووە, ئەوا واخۆی وتەنی (ئەوکاتەی من هەبوو ئەو لەوێدا ئامادەیە) ئەوەش بۆ دۆلۆز بووە بەڕەمزێکی دیار بۆ مردنی هەر دوو تەوەری (ئارەزوو دەربڕین), چونکە دۆلۆز ئەو قسەیەی فرۆید بەوە لێکدەداتەوە, کەوێرانکردنی هەموو ئەو ئارەزووەیە کەبەرهەمی هێناوە, وەك چۆن هەموو پێکهاتەکانی ئاخاوتنیش بەهەمان دەرد دەبات[18].

ئـەوەش چـەندە رەخنەگرتنـە لەسـێنتەری بـڕوای فەلـسەفیەکانی فرۆیـد, هێنـدەش کۆتـایی هێنایـە بـەو خوێندنەوانـەی کەدەیانـەوێ داکـۆکی لـەوبیرە فەلسەفیە بکەن, ئەوەی (لاکـان) بەپرۆژەیـەکی نـوێ بـۆ فرۆیـد خستیە ڕوو, ئەو رەخنەیـە بـەر لەهـەر ئاراسـتەیەك بـەرەو ئـەو پرۆژەیـە دەچێت, چـونکە لاکـان نـەیتوانی ئـەو چـەمکە وەك خـۆی نەهێڵێتـەوە, لێـرەوە پرسـیارێك کەهاوسۆزانی فرۆید, ئەوانەی بڕوا بەو مردنە ناکەن دەپرسن:

ئەگەر نەست لەناوخەون و لەپشت زەللەی زمان دەرناکـەوێت و ئـەوە منـاڵ نییە کەشفی توانا نەستیەکانی دەکریا, ئەدی نەست چـیەو کـێ خـاوەنی ئـەو توانا داهێنەرانەیە ! ؟ لەو بارەیەوە دۆلۆز دەڵێ:

(نەست ماددەیەکە پێویستی بەدرووستکردنە بۆ ئـەوەی بـە — الانـسیاب — دەسـت پێبکـات, کەئـەویش پانتـایی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـە و پێویـستی بەملکەچ بوون هەیـە)[19] ئـەوەش تـەنیا پێوەنـدی بەچـەمکی نەسـتەوە نییـە, بەڵکو بەلای دۆلۆز هەڵەیەك هەیە ئەویش بەدحالّی بوونی فرۆیدەلـە (ئـارەزوو), کەزمان بۆتە هۆکاری سڕینەوەی مرۆڤ, سـڕینەوەش بـەمانای چاودێری کـردن لەسـەر جـۆری گووتراوەکـان, بـۆ ئـەوەش ئـۆدیبی بـەوە نـاوبرد کـەدوورە لەوتێگەیشتنەی فرۆید کەئارەزووی کوشـتنی بـاوك بکـات و غـەریزە بیگەیـەنێ بەدایك, بەڵکو دۆلۆز ئۆدیبی لەوە دەرکردوو بردیە ناوبیرۆکەیـەك, بیرۆکەیـەك کەلەبەرژەوەنـدی وێرانـسازیەوە هـەڵقوڵاوە, ئـەو پێـشنیارییە دۆلۆزییـە بـۆ ئەوەیە کـە فرۆیـد بەهەڵەلـە ئـارەزوو گەیـشتووە, ئـەوە ئارەزوونییـە کـەباوك دەکوژێت و لەگەڵ دایك دەخەوێت, بـەڵکو بیرۆکەیەکـە خزمـەت بەسـڕینەوە و وێرانـسازی دەکـات, هەڵبـەت مەبەسـت لـەدەقی شـانۆگەری (ئۆدییـۆس)ی سۆفۆکلیسە, کەدەیەوێ بڵێـت ئـەو شـانۆگەریە هـەڵگری ئـەو بیرۆکەیـە, نـەك وەك فرۆید تێی گەیشتووە, کـەوابێ بـا پرسـیار لـەو هۆکـارە بکـەین کەفرۆیـد

دەمرێنێ, ئایا ئەو مردنە بەدژی ئەو بڕوا فەلسەفییە ناکەوێتەوە, کەبەلای دۆلۆز بانگەشەکردن بۆ مردنی فەلسەفە بانگەشەیەکی پووچگەرانەیە ! ؟

ئەوەی فرۆید دەمرێنێ دۆلۆزنییە, بەڵکو نەستە ((ئەگەر ئەنتی ئۆدیب بانگەشەی ئەوەی کردووە کەڕەخنەی لەشیکردنەوەی دەروونی گرتووە, ئەوە بەپێی چەمکی نەست وای کردووە, جاچ باش بێت یان خراپ, لەکتێبەکەدا بەدرێژی دیارە, بەلام کاتێ فەیلەسووفە نوێیەکان مارکس تاوانبار دەکەن, خۆیان هیچ شیکردنەوەیەك بۆ سەرمایە ناخەنە ڕوو, ئەم ڕەگەزە بەشێوەیەکی سەیر لەنووسینەکانیدا بزرە, ئەوانە هەندێ ئەنجامی کۆمەلایەتی و سیاسی ستالینیزم ڕەیسوا دەکەن, وادەزانن کەلەمارکسیزمەوە هاتبن, ئەمانە زۆر لەو کەسانە نزیکن کەهەندی ئەنجامی بێ ڕەوشتیان دەدایە پاڵ فرۆید, ئەمەش هیچ پێوەندیەکی بەفەلسەفەوە نییە))[20].

لەو قسەیەدا مەبەستی سەرەکی قسەکردن لەمردنی شیکردنەوەی دەروونی زۆر بەڕوونی خۆ دەنوێنێ, مەسەلەکە تەواو جیاوازە لەو ڕاگەیاندنانەی بانگەشەی مردنی دەق دەکەن, ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان دۆلۆز و ئەوانیتر ئەوەیە, کەئەوانیتر هەوڵیان داوە حوکمی پێشینە و ئەخلاقی بەسەر (فرۆید)دا بدەن, هەرچی (دۆلۆزە)ە لەڕێگەی (چەمکی نەست)ەوە هەوڵی خوێندنەوە دەدات, داخستنی دەرگاکانی دایالۆگ دەکاتەوە, بەواتای ئەوە (فرۆید)ی فەیلەسووف نییە کەدەمرێت, ئەوە مردنی ئەو پیاوە نییە کەگۆرانی فەلسەفی هێنا, بەڵکو مردنی تەئویلی فرۆیدە, کەلەخوێندنەوەی ئەو تەئویلە تیۆر ناتوانێ بنەمایەکی فەلسەفی دابمەزرێنێت, ئەوەش بەشێکە لەناو خولقاندنەوەی چەمك, بۆیە ئەنتی ئۆدیب چەمکێکی نوێی فەلسەفییە نەك ڕەتکردنەوەی, چەمکێك تیایدا چەمکی نەست دەخاتە بەر گومان و ئەو تیۆرەی بووە بەگرێی ئۆدیب تیۆرێکە دەمرێت و ئەو گرێیەش دەبێ بەئەنتی ئۆدیب, کەلەقولایی ئەو چەمکەدا ڕوویەکی تری لەخۆگرتووە ئەویش لە(ئەنتی

ئۆدیب و مردنی فرۆید) هاوكێشه فه‌لسه‌فیه‌كه ده‌گۆڕێت به‌ (ئه‌نتی فرۆید و مردنی ئۆدیب) .

## "4"

فه‌لسه‌فه‌ی لای نیتچه خولْقاندنی چه‌مك و گه‌ڕانه‌وه‌ی به‌هابوو، چونكه گوتاری فه‌لسه‌فی نه‌یتوانیبوو به‌ها بگه‌ڕێنێته‌وه، به‌ڵكو مه‌به‌ستی ڕێڕه‌وێكی‌تر بوو بۆ گۆڕان، ئه‌وه‌ش له‌ناو عه‌قڵه‌وه ده‌یویست ره‌خنه له‌عه‌قڵ بگرێت، به‌لاَم نیتچه به‌رله‌وه‌ی ره‌خنه بگرێت، ره‌خنه‌ی ئاراسته‌ی عه‌قلاَنیه‌ت كرد، ره‌خنه‌گرتنی له‌عه‌قلاَنیه‌ت پێوه‌ندی به‌و گوتاره باوه هه‌بووه كه‌توانای بزاوت و گه‌شه‌كردنی نه‌بوو، ئه‌و گوتاره‌ی ده‌سه‌لاَتی له‌مرۆڤ ده‌سه‌نده‌وه، بۆیه ره‌خنه‌ی نیتچه ره‌خنه‌گرتنێكه له‌سێبه‌ری ئه‌و عه‌قڵه، كه‌هه‌وڵیداوه مرۆڤ بخاته شوێنی یه‌زدان، گه‌روا نه‌بێت مرۆڤ ناتوانێ تواناكانی خۆی بخاته‌كار، ئه‌و ره‌خنه‌یه‌ش گۆڕانێك بوو له‌گوتاری فه‌لسه‌فی كه‌(دۆلۆز) به‌بایه‌خه‌وه سه‌یری ده‌كات و ده‌یه‌وی له‌خوێندنه‌وه‌ی بۆ فه‌لسه‌فه‌كه‌ی، به‌پرسیاری مۆدێرنه‌دا بچێته‌وه و رۆشنگه‌ری بخاته نێو روانینێكی ره‌خنه‌یی، له‌ڕێگه‌ی پرسیاركردن له‌فه‌لسه‌فه و ره‌خنه‌گرتن له‌(كانت).

له‌ڕێگه‌ی پرسیاركردن له‌فه‌لسه‌فه ده‌یه‌وێ ئه‌و رووبه‌نده‌ی سه‌ر مانا فرێبدات، كه‌تێگه‌یشتنی سه‌یری بۆ فه‌لسه‌فه دروستكردووه و به‌ئامۆژگاری ناوبراوه و فه‌یله‌سوفیش بووه به‌حه‌كیمێك، بۆیه دۆلۆز ده‌یه‌وێ پێمان بڵێ فه‌یله‌سوف له‌ڕێگه‌ی بیركردنه‌وه چه‌مكی نوێمان بۆ ده‌خولْقێنێ، ئه‌وه‌ش فه‌لسه‌فه ده‌كاته پرۆسه‌یه‌ك بۆ ئه‌فراندن، كاتێ فه‌لسه‌فه ببێت به‌پرۆسه‌یه‌ك بۆ حاڵه‌تێكی ئه‌فرێنه‌ر، ئه‌وساته فه‌یله‌سوف له‌حه‌كیمێكه‌وه به‌ره‌و عاشقێتی ده‌چێت، ئه‌وه‌ش گۆڕانی وه‌زیفه‌ی فه‌لسه‌فه‌یه، به‌مانایه‌كی‌تر فه‌لسه‌فه‌ی نوێ خولْقاندنی چه‌مكه و فه‌یله‌سووفیش گه‌شتیارێكی عاشقه، ئه‌وه‌ش ئه‌گه‌رچی

پرسیاری فەلسەفی لەنیتچەوە نەگۆڕی، بەڵکو عاشقی نیتچە بۆ فەلسەفە زیاد لەسنوورێکی دەستنیشانکراوبوو، وانەبێت فەلسەفە لای فەیلەسوفانی یۆنانیش تەنانەت (ئەفلاتون) کەبڕوای بەتێڕامانە نەك چەمك، بەڵام بەهۆی بڕوا نەبوون لەئەفرانـدنی چەمکەکان وایکردبوو ئەو پرسیارە بەئاقاریتر ببردرێت، بەڵام کاتێ نیتچە دەیەوێ فەیلەسوفەکان بڕوا بەچەمك بێنن، لەوێوە فەلسەفەی نوێ سەرەتایەك بۆ دیدێکی جیاواز دەدۆزێتەوە، هەربۆیە ئەگەر (میشیل فۆکۆ) بڕوای وابوو کەکاتێ پرسیارمان لەبارەی فەلسەفەی نوێ لێبکەن، پێویستە بۆ (کانت) بگەڕێینەوە، بەڵام (دۆلۆز) بڕوای وایە دەبێت بۆ (نیتچە) بگەڕێینەوە نەك (کانت) ئەگەرچی هەردوو فەیلەسووفەکە هەڵگری عەقڵێکی رەخنەیی جیاوازنو دەبنە سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی نوێ، هەر کاتێك بۆ فەلسەفەی نوێ بگەڕێینەوە، ئەوا جیاوازی جەوهەری نێوان (دۆلۆز)و (فۆکۆ)مان بۆ دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر فۆکۆ بۆ فەلسەفەی نوێ بگەڕێتەوە بۆ پرسیاری رۆشنگەری لای کانت، ئەو پرسیارەی مۆدێرنە بەسەرەتای دەسپێکی رەخنەیی سەیری دەکات، کەبووە مایەی ئەوەی رەخنە لەو عەقڵە چەقبەستووە بگرێت، بەڵام دۆلۆز سەربارەی ئەوەی وا سەیری (کانت) دەکات کەیەکەم فەیلەسووفە رەخنەی بەڕووە پۆزەتیڤەکەی وەرگرت، هەر ئەو سەیرکردنەشە کەڕەخنە بەشێوە سەراپاگیرییەکەی لەوەوە سەیردەکات، کەڕەخنەیەکە بێهۆکارنییە، بەواتای کانت تەنیا نیازی رەخنەگرتنی نییە، بەڵکو ئەو دۆخی بیرکردنەوەیە وای لێکردووە رەخنەبگرێت، ئەگەرچی ئەو رەخنەیە مژدەی پرۆژەیەکی مەزنی پێنەبوو، بۆیە (دۆلۆز) بەبڕوایەکی جیاوازەوە سەیری ئەو رەخنەیە دەکات، چونکە (کانت) نەیتوانی بەهاو مانا لەو ئیشکالیەتەی ئامادەگیان هەبوو بیانخاتەڕوو، بۆیە "(کانت) هەڵنەستا بەرەخنەیەکی راستەقینە، لەبەرئەوەی نەیزانی کێشەکەی خۆی بخاتەڕوو بەگوزارشتەکانی بەها"[21].

بۆیە ئەوە کانت نەبوو پرۆژەیەکی رەخنەیی مەزنی هێنایە بوون، بەڵکو ئەوە (نیتچە) بوو ئەو کارەی کرد، کەڕەخنەی بردە ئاستی حەقیقەتو حەقیقەتی لەو وێنە رەهایە تێکشکاندو (مەعریفە، ئاکارو ئایین)ی خستەبەردەم گومانکردن، چونکە (کانت) دەیویست عەقڵ لەیەك کاتدا رەخنە لەخۆی بگرێت رەخنە لێگیراویش بێت، بۆیە نیتچە بەدژی ئەو ململانێ جیاوازەی کانت وەستایەوەو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی عەقڵیداو رەخنەی لەمیتافیزیکیاتی فەلسەفی گرت[22]، بۆیە ئەوە (نیتچە) بوو توانی بەها بەفەلسەفە ببەخشێت، لێرەوە جیاوازی نێوانیان لەوەدا دەخرێتەڕوو کە(کانت) دەیویست رەخنەبگرێت تا بەفەلسەفەیەکی نوێ بگات، بەڵام (نیتچە) مەبەستی رەخنەگرتن نەبوو هێندەی وەڕسی لەو دۆخە وایکرد روانینەکانی خۆی بخاتەڕوو، ئەگەر لێرەدا پرسیاری رۆشنگەری چییەی کانت بەمەبەستی رزگارکردنی عەقڵ بێت، بەڵام پرسیاری نیتشە لەمردنی ئەو عەقڵ بوو، ئەوەش لای (دۆلۆز) بوونە بە(چەمکی ماناو بەهای فەلسەفە)، نیتچە مانای لەڕێگەی فرەییەوە بردە ئاستی چەمکی فەلسەفی، چونکە لەڕێگەی فرەیی مانا ئیدی (روخسار)ێك نەبوو بەتاکە حەقیقەت، ئەو مانایەی خۆی بەچاوگەی حەقیقەت دەزانی، بەلای نیتچەوە ئاوێنەیەك بوو بەدەست خواوە کەوتە خوارەوەو شکا، ئیدی مانا ئەگەر ئەو (ئاوێنە)یە بێت، ئەوا چەند پارچەیەکی شکاوە، بەمانایەکی تر ئەگەر تاك مانایی (روخساری مانا) بێت، ئەوە نیتچە لەڕێی فرە ماناییەوە (دەمامکەکانی مانا)مان پێدەناسێنێ، کەکۆمەڵە دەمامکێکی بۆ مانا کەتەئویل بەرەو کۆمەڵە ئاستێکی جیاواز دادەبەنو تاکمانایی لەناو فرەمانایی نوقمدەکەن، بەڵام ئەگەر خاوەنی یەك تەئویلەبووین بۆ مانا ئەوا لەو رێگەیەوە دەمانەوێ بێمانایی ببەخشین بەمانا، چونکە ئەو کاتە مانا خاڵی دەکەینەوە لەهەموو کەینوونەیەکی زمانەوانیو گەمەی گۆڕینی دەمامکەکان، بۆیە ئەوە فرە ماناییە تەئویلی جیاواز بۆ

دەمکەکان دەکاتو حەقیقەت وەك کۆمەڵە مانایەك سەیردەکات. ئەو سەیرکردنەش دابڕاو نییە لەکلتورێکی فەلسەفی، بۆیە لای (دۆلۆز) ماهیەتی دەرخستنی جیهانی هەست پێکراوو جیهانی عەقڵ بۆ (سوکرات) دەگەڕێنێتەوە، چونکە (سوکرات) بوو رۆڵی میتافیزیکی دەرخست، ئەوبوو توانی زەمینەیەکی فەلسەفی بۆ عەقڵو هەست دەستنیشانبکات، (کانت)یش بوارێکی لەو زەمینەیە دۆزییەوە، بەلاّم بەجۆرێك لەحەقیقەتی ناوبرد، (مەعریفە، ئاکارو ئایین) کەگفتوگۆی قووڵی لەسەر نەکرد، بەڵکو ناویبرد بە(بەرژەوەندییە موقەدەسگەراکانی عەقڵ) کەنیتشە بەتەواوی رەخنەی ئاراستەی موقەدەسی ئەو عەقلّە کردو بەحەقیقەتی مردوو سەیری دەکرد، هەڵبەت دەبێت ئەوەش بزانین بەلای (نیتچە)وە مردنی یەزدان بەس نییە بۆئەوەی بە(گۆڕانی بەهاکان) ناویبەرین، چونکە ئاماژەی بەوەدا کەبەلای کەمییەوە پانزە رۆمان نووسراون لەبارەی ئەو مردنەوە، کە لەئاستی جوانکاری بەرزیشدا بوون، بەلاّم مەبەستی (نیتچە) دەبێ لەو ئاکارو مەعریفەیە بێت کەدەسەلاّتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو دەسەلاّتێکی ناوەنکی مرۆڤە کەدەیسەپێنێتەسەر خۆی، ئەوە یەزدان نەبوو ئاکاری مەسیحی سەپاند، بەڵکو مرۆڤ بوو ئەو کائینەی دەبووە مەسیحی درێژەی بەنەریتێکی ئاکاریداو مەعریفەیەکی سواویان بەحەقیقەت ناودەبرد، بەلای (نیتچە)وە چەندە (هێز) گرنگییەکی ئەوتۆی دەبێت، بوونی (ئیرادە)ش بەهەمان ئاراستە گرنگە، کۆیلە چەندە لەنەبوونی هێز ناتوانێ بەشدار بێت بۆ گۆڕینی بەهاکان، هێندەش پێویستی بەئیرادەیەکی خودییانە هەیە، کەدەبێت خۆی هەڵگری بێت، نەخۆشێك ئەگەر چەندە هێزێکی تەندروستی هەبوایە دەیتوانی بەکارێك هەڵبستێت، بەلاّم ئەو کارە بەقەد (هێز) پێوەندی بە(ئیرادە)ی نەخۆشەکەوە هەیە، ئیرادەی هەڵسانەوە لەناو نوێنو هەڵسان بەو کارەی کەمەبەستیەتی پێی هەڵبستێت.

بۆیە رەخنەگرتن تەنیا دیدێکی فەلسەفی نییە بۆ مردنی یەزدان، بەڵکو مردنی مرۆڤیشە، مردنی ئەو عەقڵەیە کەخۆی بەسەرکەوتوو دادەنێت، ئەو مرۆڤەش دەکوژێتو لەشوێنیدا بەدوای مرۆڤێك دەگەرێت کەسیفاتی سوپەرمانی تێدابێت، ئەو مرۆڤەی مەبەستیەتی مرۆڤێکە بۆئەوەی خۆی لەکۆمەڵگا جیابکاتەوە، دەبێ شێوەی ژیانیشی بگۆرێت، بەواتای تایبەتمەندێتی ئەو مرۆڤە تەنیا لەوزەدا دەبینێتەوە، کەبۆئەوەی بیربکاتەوەو بتوانێ گۆران لەو بیرکردنەوە وەستاوە دروستبکات، پێویستە ببێ بە(ئاژەڵ) یان (یەزدان)، بۆچی دەیەوێ لەیەکێك لەو دوانە بچێت! ؟ ئەگەر رووکەشانە سەیری ئەو هەوڵە بۆ لێکچواندنی ئەو مرۆڤە بکەین، دەبێ بەرەخنەیەکی گاڵتەجارانە وەریبگرین، بەڵام لەقووڵبوونەوەمان، دەزانین مەبەستی لە(ئاژەڵ) بەواتای دەرکردنیو فرێدانی عەقڵە لەناو خۆیدا، نابێت گوێ بەو عەقڵە بدات، کەجولەو کردار دەستنیشاندەکات، ئەوەدەبێت لەبەرامبەر ئەو عەقڵەدا ئاژەڵێك بێت، چونکە ژیانی تایبەتیو بیرکردنەوەی جیاوازی خۆی دەژیێت، بروابوون بەو مرۆڤەش دەبێت لەبروابوونێکی فەلسەفییەوە سەرچاوەی گرتبێ کەخۆی لەشێوەی (یەزدان) ببینێت، یەزدانێك ئەوانیتر لەدواجاردا کرنوشی بۆ بەرنو تەسلیمی ئیرادەی ئەوبن، ئەوێك لەئەنجامی بیرکردنەوە هێزێکیتر، هێزێکی جیاوازە هێزێك کەگۆران دەخولقێنێت، دەبەخشێتە بوون.

ئەو کاتەی لەنهێنیو مەستی ژیان حاڵی بووین، بەواتای توانیومانە بەسەر ئەو فاکتەرانە زاڵ بین کەدەبێ بەربەست لەبەردەم خۆشنودی، ئەوەش قسەکردن نییە لەفاکتەرەکانی ژیان، هێندەی پرسیارکردنە لەخودی ژیان خۆی، بۆئەو پرسیارەش (نیتچە) جەخت دەکاتەوە سەر (سوکرات)و چۆنیەتی تێگەیشتنی بۆ ژیان، کاتێك لەسەرەمەرگی ژیانی جگە لەنەخۆشیی ئیفلیجی بەشتێکیتر ناونەبرد، ئەوەش نەخۆشییەکە لەتوانای فەیلەسووف نییە بەدوای چارەسەر بگەرێتو ببێ بەپزیشکی، بەدڵنیاییەوە ئەوەش مەبەستێکی

سەرەکی (دۆلۆز)ە لەفەلسەفە، بۆیە (بەتەنیا مردنی ئەو پزیشکەیە، بەلام سوکرات شتێ نەبوو تەنیا نەخۆشێك نەبێت بۆ زەمەنێکی درێژ)[23] , نەخۆش دەبێت بەئەنجامی بیرکردنەوەو خولقاندنی پرسیار، بۆیە ئەگەر شێتی بەنەخۆشییەك ناوبەرین، ئەوا نەخۆشی بەلای (نیتچە) ئازارێك نییە لەدەرەوەی جەستەوە بپەڕێتەوە ناویەوە، بەلکو نەخۆشیی ڤایرۆسێکە لەناو جەستە ئامادەبوونی هەیە، بەلام هەرگیز نایەوێ بهێنێرتەناو فەلسەفەوە، چونکە نەخۆشیی نابێتە پالنەر بۆ ئینتیماکردن بۆ فکر، بەلکو دەتوانین زۆر بەجیاواز سەیری ئەو مەسەلەیە بکەین، کەهیچ سیستمێك لەتوانایدا نەبێت ئەو دوانە کۆبکاتەوە، ئەگەر بەهۆی دابڕانی لە(لۆسالۆمی) توانی (وەهای وت زەردەشت) بنووسێ سەرباری کاریگەری (شۆپنهاوەر) لەسەر بیرکردنەوەی، ئەوا دەبێت بپرسین پێوەندی لەنێوان (لۆسالۆمی)و (زەردەشت)دا چییە؟ ئایا ڕەخنەکانی نیتچە لەسەر زمانی زەردەشت ئاراستەی جیهانی دەکات، هیچ پێوەندییەکی بە(لۆسالۆمی)یەوە هەیە!؟

بێگەومان نەخێر، ئازاری نیتچە هەرهێندەیە (لۆسالۆمی) ئامادەنییە مێردی پێبکاتو لەسەر داوای نیتشە پێوەندی هاوڕێیەتییەکەیان دەپچڕێت، کەهەلبەت لەو کتێبەی (لۆسالۆمی) سالی 1894 لەبارەی نیتچە نووسیویەتی دەریدەخات کەئەو شەیدای نەبووە، هەلبەت لەو کتێبەکەدا نیتچە لەلوتکەی جوانی فەلسەفی باسدەکرێت، بۆیە ئەو پێوەندیە خالیە لەڕەخنەیەکی فەلسەفی قوول لەبارەی دنیا، بەپێچەوانەی (زەردەشت) کەڕەخنەیەکە ئاراستەی مەسیحیەتی دەکات، بۆیە ئازارو نەخۆشییەکانی بەپالنەری فکری ناونابات، بەلکو دوو حالەتی جیاوازن، ئەو ئازارە خودییە دەگۆڕێت بەئازاری فکری، ئازارێك بەبڕوای (دۆلۆز) جۆرە ماسکێکە کەنیتشە بەکاریان دێنێت "تەندروستی ماسکییە کەمە بۆعەبقەریەتیو ئازارەکانیش لەهەمان کاتدا ماسکێکیترە بۆ عەبقەریەتیو تەندروستی[24].

وەك چۆن لای (سوکرات) دەبینین قسەکردن هەیە نەك نووسین، بەلاّم قسەکردن دەبێت بەو ماسکەی فەلسەفە بگات بەدیالۆگێکی ئازاد، کەوابێت ئەگەر (ئەفلاّتون) فەلسەفە لە(قسەکردن)ەوە بەرەو (نووسین) دێنێت، ئەوا (نیتچە)ش ماسکەکان لەقسەکردن دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵە چەمکێك، چەمك دیدێکی سەراپاگیری نییە، چەندە لەخولّقاندنەوە دارێژەییە، هێندەش توانای رەهابوونی هەیە. بەواتای خۆی لەسەریەکێکیان یەکلایی ناکاتەوە، ئەگەر چەمکی (لەبیرچوون) بەنموونە بهێنێتەوە، ئەو چەمکەی لەدواجار (خود) تووشی نەخۆشیی دەکات، ئەو نەخۆشییەی بووە هۆی بەریەککەوتنی ئازارەکانو دەقی مەزنی بەرهەمهێنا، ئەو چەمکە کردارەکانی پێشووی بیردەچێت، بیرچوونیش بەواتای لەیادکردنی دەقە مەزنەکان (یاسبرز) لەو بڕوایەدایە (نیتچە) نموونەیەکی ئەو حاڵەتەیە ئەو "بۆخۆی هەڵەکانی راستدەکردەوە، تاوەکو بیرێکی نوێ دابمەزرێنێت، بێئەوەی بەڕوونی دان بەوەدا بنێتو لەحاڵەتی پووکانەوەدا ئەو ئەنجامانەی بیردەچوو کەپێشوو پێی گەیشتبوو[25]، بۆیە ئەو گەیشتبووە دەرەنجامی گەورە، بەلاّم چونکە چاوی لەستایشکردن نەبوو، بەڵکو دەیویست رێگایەکی تاریك لەبەردەم مرۆڤدایە رۆشنبکاتەوە.

رۆشنکردنەوەی کەئەو رێگایەش رەخنەگرتن بوو لەمەعریفەو ئاکارو ئایین، ئایین کەبەشێکی دیاری پرۆژەی رەخنەیی نیتچە بوو، چونکە ئەگەر ئایین بۆ ئەوەبێت رزگارمان بکاتو ببێ بەفریادڕەسی مرۆڤ، خۆشی لەدواجاردا دەبێتەوە قوربانی وەك کاتێ (مەسیح) لەپێناو مرۆڤدا لەخاچ دەدرێت، نیتچە پێیوایە مەسیح قوربانی نییە، بەڵکو لەڕێگەی بلاّوکردنەوەی ئایین سیستمێکی ئاکاری جیاواز دروستدەکات، ئەوەش بە(میتافیزیکیای جەللاد) ناودەبات، بەواتای ئاکاری ئایین دەبێت بەئاکاری جەللادو لەقوربانییەوە هاودژ دەبێتەوە بۆ جەللاد، ئەوەش پێوەندی بەو راستییەوە هەیە کە"ئاکارو ئایین

متمانەیەکی تەواو دەکەنەسەر سایکۆلۆژیایەکی هەڵە[26]، چونکە ئایین لەڕێگەی یەزدانەوەبوونی لەمرۆڤ سەندۆتەوە، ژیانی داوەتەوە دەست یەزدان، (نیتچە) لەو بڕوایەدایە تەنیا بەسەندنەوەی بوون لەیەزدانو بەخشینەوەی بەمرۆڤ توانای رزگاربوونی جیهانمان دەبێت، مرۆڤێك دەبێت فێری زانین بێت، فێربوونی ئەوانەی لەڕێگەی پرسیارەوە رەخنەبخولقێنێت، فێری ئەوەبێت شتەکان ببینێت، بیریان لێبکاتەوە، پرسیاریان لێبکات، قسەی لەبارەیانەوە هەبێتو لەبارەی شتەکانەوە بنووسێت، ئەوەش خولقاندنەوەی چەمکە لەناو ژیانەوە، تیۆریزەکردنو خولقاندنی پرسیاری فەلسەفییە لەڕابردوویەك، کەبۆ ئەوەی بتوانین خاوەنی فەلسەفەیەکی بەرزو دەقی جیاواز بین، دەقێك کەپرسیاری تازەی بۆ فەلسەفە هەڵگرتبێت دەبێت سەرلەنوێ بەدوای دۆزینەوەی بین لەڕێگەی (بینین، نووسین، پرسیارو ئاخاوتن). بەلای (نیتچە)وە ئەڵمانییەکان خۆیان بەنەتەوەیەکی بیرکەرەوە دەبینن، بەڵام لەئێستادا بیریارێکیان نییە، بەفەلسەفەیەکی نوێیان بگەیەنێت، بۆیە رەخنەگرتنی لەعەقڵ رەخنەگرتن بوو لەفەلسەفە، رەخنەگرتن بوو لە (داروین) کەفەلسەفەکەی وەك دەستکەوتێکی مەزن لەدەرەوەی رەخنە تەماشادەکرا، بۆیە گەر بەلای داروینەوە ململانێیەك هەبێت لەپێناو ژیاندا، ئەوا (نیتچە) ئەو ململانێیە بەململانێ لەسەر دەسەڵات ناودەبات، ململانێیەك بەبەرژەوەندی بەهێزەکان کۆتایی دێت، بۆیە وای دەبینێ (داروین) چەمکی عەقڵی بەتەواوی بیرچۆتەوە.

ئەو دەقە فەلسەفییەی نیتشە خوازیاری بوو کەلەفەلسەفەی ئەڵمانی بوونی نەبوو، دواجار ئەو دەقە تەنیا خۆی هێنایەبوون، ئەوەش ئەو تێگەیشتنە فەلسەفیەیە کە(دۆلۆز) لەهەموو فەیلەسووفەکانیتر لای (نیتچە) هەستی پێدەکات. ئەوەش فەلسەفەی نیتچەی کردووە بەپرۆژەی گەڕانەوەی چەمكو بەها کە(کانت) نەیتوانی ئەو کارە بکات، کاتێ (نیتچە) هەڵساوە بەو

پرۆژەیــە کەتــەنیا زەمینەیــەك لــەئارادا بــووە بێئــەوەی هەڵوەشــاندنەوەو گوتارێکی جیاوازی بنیاتنا، گوتارێك بەدوای خوێندنــەوەی (دۆلۆز) نــەك تــەنیا ماهیــەتی ئــەو فەیلەســووفەمان بــۆ دەردەکــەوێت، بــەڵکو دەبێــت بەدەقــە فەلــسەفییەکانی تریــشدا بــچینەوە، چــونکە تــوانی لــەو رێگەیــەوە گفتوگــۆی پرســیاری تازەگــەری بکــات لای (فۆکــۆ)، ئــەوە ســەرەڕای ئــەوەی هەوڵیــدا (فۆکــۆ)ش وەك فەیلەســوفێکی جیــاواز بخوێنێتــەوە کەبەرهــەمی رەخنــەی نیتچەیە، لەڕێگەی گۆڕینی چەمکی (هێز) بە(دەسەڵات)، پرۆژە فۆکۆییەکەشــی ناونا (دەسەڵاتو مەعریفە.. دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەی فۆکۆ) کەئەوەشیان ئێستا دێینــە ســەری،ئــەویش لەڕێگــەی ناوبردنــە دولــوز بییەکــە,کــە فۆکــۆی بەفەیلەسوفی سەدە ناوبرد.

## "5"

دەق بــەدوای پرۆســەی خوێندنــەوە دەچــێتە پــرۆژەی تــەواوکردن، کەجارێکیتر دەست بەنووسینەوەی دەکرێت، تیایدا چەمکە فەلسەفییەکان دەخرێتــەڕوو، کــەدەق ئیــشیپێکردووە، بــەوەش خوێندنــەوە هەڵدەســتێ بەقسەکردن لەپێوەندی دەلالیو ئاماژەی زمانەوانی لەنێو نووسیندا، بەتایبەتی کاتــێ دەمانــەوێ روانینــی فەیلەســوف بــۆ پرســیاری (فەلــسەفە چــییە؟) دەربخەین، چونکە ئەوە پرسیارێك نییە بۆ ناسینی فەلسەفە هێندەی گەڕانە بــەدوای میتــۆد، فەیلەسـوف کاتــێ ئــەو پرســیارە دەکـات، مەبەسـتی جـۆری میتۆدە نەك گوتـاری فەلـسەفی، بـێ بـوونی میتـۆد گوتـار بـوونی نییـە، ئـەوە میتـۆدە زەمینـە بـۆ پرسـیارو بیرکردنـەوە دەخولقێنێـت، میتـۆدە دەبـێ بـەو رووبەرە بۆ وەڵامدانەوە بۆ پرسـیاری فەلـسەفە، کەبیرکردنـەوە بـەدوای میتـۆد دەبـێ بەتەواوکـەری ئـەو میکانیزمـە بـۆ ئیـشکردن لەسـەر پرسـیارەکە، کاتـێ توانیمان لەناو میتۆدو ئەگەرەکانی ستراتیژی باسەکە لەدەست نەدەین، ئەوسا

لەناو میتۆد لەوەش دەگەین کەبیرکردنەوە پرسیارەکە بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات، میتۆد نایەڵێ بیرکردنەوە بچێتە سەر ئاراستەیتری ترەوە، بەڵکو میتۆد وادەکات بگاتە جەوهەری پرسیارەکە، بۆیە میتۆد رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ بۆ بیرکردنەوە، نەبوونی هەریەکێکیان خەوشێکی گەورەیە بۆ ئەویتریان، هەردووکیان بەیەکەوە دەتوانن گوتار بەرەو ئاراستەی فەلسەفی بەرن، ئەوەش خوێندنەوەیە بۆ ئەو سیستەمە دەلالیەی دەق ئاشکرا دەکات، بۆیە (فۆکۆ) چەندە وەك فەیلەسوفێك روانینی نوێی بەمێژوو بەخشی، هێندەش خوێندنەوە قووڵەکەی (دۆلۆز) بوو چەمکە فەلسەفییەکانی دەرخست، ئەوەبوو (دەسەڵات/ مەعریفە)ی وەك دوو چەمکی فۆکۆیی دەرخست، کەمیکانیزمی گوتارە فەلسەفییەکەیەتی، گوتارێك ئەو لەچەمکەکانی نەدەدوا، هێندەی فکرەکانی دەخستەکارو ئیشی پێدەکردن، بەڵام ئەوە (دۆلۆز) بوو تیۆریزەی ئەو چەمکانەی دەکردو فەلسەفەکەی هێنایە ناو دواندنی فەلسەفیو رەخنەیی، بەوەی فۆکۆ هەوڵیداوە مەعریفە لەرێگەی ئەرکیۆلۆژیاوە بخاتەوە نێو پرۆسەی خوێندنەوەیەکی جیاواز، کەسڵ لەهیچ دەرەنجامێك نەکاتەوە، بەڵکو پرسیاری نوێ لەناو ئەو بەڵگەنامە مێژووییانە کەشف بکات، ئەو کارەش بووە مایەی ئەوەی زۆرێك بیخەنە ژێر رەخنەو تەنانەت چەندین تۆمەتیشیان دایە پاڵییەوە، سەیرترینیشیان ئەوەبوو کتێبە ناوازەکەی (وشەکانو شتەکان) بەکتێبەکەی هیتلەر شوبهێنرا، ئەوەی توانی کۆتایی بەو تۆمەتو سەرزەنشت کردنانە بێنێتو رەخنەکانی بگوازێتەوە ناو چەمكو دەلالەتەکانی دەق (دۆلۆز) بوو، دوای نووسینی پرۆژە رەخنەییەکەی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە دەبێ فۆکۆ دەیالۆگی بەردەوامی لەسەر بکرێت، ئەو سەرنجەش بووەمایەی ئەوەی کەسانێکی بەرچاو وتارو کتێبی لەبارەوە بنووسن.

جیاوازی فۆکۆ لەگەڵ فەیلەسوفەکانیتر لەوەدا دەردەکەوێت، ئەوان ویستویانە بۆ قسەکردن لەمۆدێرنە لەسەردەمەکەی خۆیان دەست پێبکەن،

لەساتەوەختی کەتیایدا بیردەکەنەوەو دەنووسن، هەرچی (فۆکۆ)یە بۆ قسەکردن لەمۆدێرنە پشت بەڕاڤەکردنە کلاسیکییەکان دەبەستێت، یاخود بەرەو رابردوو دەگەڕێتەوە (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدا)و (چاودێرو سزا) دوو نمونەی دیاری کارکردنیەتی، ئەگەرچی ئەو پشت بەستنەی بەڕابردوو بووە مایەی ناڕەزایی زۆرکەس، بەڵام دواتر لەکتێبی (ئەرکیۆلۆژیای مەعریفە) بەقووڵی لەو چەمکە مێژووییە نزیکمان دەکاتەوە، فۆکۆ بۆ بەرهەمهێنانەوەی مەعریفە مێژووی وەك ئەو کایە سەربەخۆیە سەیردەکرد، رستەکان لەبڕی ئەوەی بەڕابردوویەك ئاشنامان بکەن، ئەو رابردووەی بەچەندەها بەشی جیاوازو لێکترازاو دەبینی، هەر رستەیەك تەواوکەری رستەکەیتر نییە، بەڵکو ئەو رستەیە لەتوانایدایە ئەویدی بەدرۆبخاتەوەو سەرلەنوێ هەوڵی نووسینەوەی رستەی پێشوو بدات، مەبەست لەو کارە فرە تەئویل بەخشین بوو بەمێژوو، بۆئەوەی مێژوو وەك کاییەکی وەستاو سەیرنەکرێت، بەڵکو بینینمان بۆ مێژوو زەوییەکی نەکێڵدراوبێت، فۆکۆ لەبەردەم مێژوو خۆی لەناو زەمینەیەك دەدۆزییەوە، کەئەوە فەیلەسوفە دەتوانێ فرمان بەو زەمینەیە بکاتو مانای پێ ببەخشێت، نەوەکو زەمینە مێژووییەکە فرمان بەفەیلەسوف بکات، چونکە ئەو کاتە ملکەچی مەعریفەیەکی کۆن دەبین، فۆکۆ بەو کارەی واسەیری مەعریفەی مێژوویی دەکرد، کەژێرخانێکە بۆ دەستکەوتنی مەعریفە، چونکە مەعریفەی مێژوویی مەعریفەیەکی ناوازە نەبوو، تاوەکو پێویستی بەبوونی نوێ نەبێت، کاتێ لەسەر بەڵگەنامەکەی (بییر ریڤێر) کاری کرد، گەڕانەوەی تاوانباری نەبوو بۆ کەسێك کەتاوانی کوشتنی (دایك، خوشكو برا)کەی خۆی ئەنجامداوە، بەڵکو ئەو بەڵگەنامەیە دەروازە بوو بۆ قسەکردنی لەمێژووی تاوانو ئەو هۆکارانەی کەلەپشت کوشتن خۆیان حەشارداوە، ئەو خوێندنەوە ئەرکیۆلۆژییە بوو بۆ مێژوو وایکرد دۆلۆز ئیشکردنی فۆکۆ بەوە ناونەبات، کەلەناو مێژوو مەعریفە

بەرهەم بێنێت، بەڵکو مەعریفەی مێژوویی مەعریفەیەکی گوماناویە مەعریفەکە مێژووی گوتار تیایدا نادیارە، فۆکۆ مێژووی گوتاری بۆ قۆناغێکی نوێ هێنا، لەڕێگەی ئەوەی دەستەواژە خاوەن بابەتێکی سەربەخۆیەو هەڵگری گوتاری تایبەتی خۆیەتی، گوتارێك دەستەواژە ئاماژەی فەلسەفی دەدات بەدەستەوە، کاتێ دەستەواژە توانیی ئاماژەی فەلسەفیمان پێببەخشێت، ئەوکات فەلسەفەش بەو چالاکییە عەقڵییە ناودەبەین، کەلەبزاوتێکی بەردەوامدا بۆ مانای نادیار، ئەوەش ئەرکیۆلۆژیا دەکات بەچەمکێك کەلەمانا فەرهەنگییەکەی بەتاڵ دەکرێتەوەو (فۆکۆ) بارگاوی دەکاتەوە بەمانای نوێ لەخولقاندنەوەیەکی جیاوازەوە بۆ چەمکی فەلسەفی، کەوابێت (داهێنانی عەقڵی مرۆیی، سەرەتاکانی هەرچۆنێك بێت، دەبێ توێژینەوەی مێژوویی بۆ بکرێت نەك دەروونی)[27].

دەستەواژە کاتێ توانای تەئویلکردنی هەیە، پەیوەندی بەئامادەنەبوونی شوناسەوە هەیە، چونکە شوناسێکی نییە تاوەکو تەئویل نەکرێت، لێرەوە فۆکۆ، دەیەوێ شوناس بەدەستەواژەکان ببەخشێت، ئەوە تەئویلە شوناسیان پێدەدات، نەك چەقبەستن لەناو مانا وەستاوەکانی رابردوو، بۆیە ئەوە دەستەواژەکانن لەناو بەڵگەنامەکان توانای هەڵکۆڵینی ئەو مەعریفەییەیان هەیە، نەك سەیرکردنەوەی گرفتو رستەکان، بۆیە فۆکۆ لەکارکردنی لەسەر بەڵگەنامەکان دەستبەرداری دوو بنەمای سەرەکی مێژوونووسان بووە، بۆ ئەوەش (وازی هێنا لەزنجیرەی ئاسۆیی بۆ کێشەکان، کەبەجۆرێك بەرەو رێکخستنەوەیەکی دەبرد کەوای لێبکات بەدوای یەکتردا بێن، هەروەها بۆ زنجیرە ستونییەکان لەرستەدا، وایدەکرد هەموو رستەیەك، وەك ئەوە وابێت وەڵام بێت بۆ ئەویتر)[28].

کاتێ (مەعریفە) وەك چەمکێکی سەرەکی کارکردن وەربگرین، دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت، ئەو چەمکەش لەناو خۆیدا هەڵگری چەمکێکیترە

که(دەسەڵات)ە، فۆکۆ وتەنی مەعریفە دەسەڵات بەرهەم دێنێت، لای فۆکۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵات تەنیا دژی ئەو چەمکە بۆرژوازییە نییە, بەڵکو دژی ئەو چەمکە مارکسییەشە کەبۆ دەسەڵات وێنای دەکات[29].

لای ئەو دەسەڵات لەناو دامەزراوە مەعریفیو پەروەردەییەکان بوونی هەیە: (ماڵ، نەخۆشخانە، دەوڵەت، کارگە، خوێندنگاو زیندان) هەریەك لەو دامەزراوانە مومارەسەی دەسەڵات دەکەن، ئەو جۆرە دەسەڵاتە فۆکۆییە لەئەنجامی خوێندنەوەیەتی بۆ چەمکی (هێز)ی نیتشە، ئەو چەمکەی گۆڕیوە بەدەسەڵات، ئەوەش لەسەر ئەو تێگەیشتنە قووڵە وەستاوە، کەونبوونی پێوەندییەکانی هێز زەمینە بۆ دەرکەوتنی مەعریفە دەخوڵقێنێت، دەرکەوتنی مەعریفەش دەرکەوتنی جۆرێکیدیکەی دەسەڵاتە، دەسەڵاتێك لەنێو دامەزراوەکان پیادەدەکرێت، ئەویش دەسەڵاتی زمانە، دەسەڵاتێك لەتوانای گوتراو بەرهەم دێت کەشوێنی دەسەڵات دەگرێتەوە، ئەوەش مەعریفە دەکات بەخاوەن دەسەڵات، بوونی ئەو دەسەڵاتەش مادییانەیە، چونکە زمان بونێکی مادییە، ئەوەش جیاوازبوونی شێوەی مەعریفەیە لەدەسەڵات، بۆیە (فۆکۆ) دەسەڵاتی بەجۆرە هێزێکی نەبینراو ناوبرد، هێزێك لەناو مەعریفەدا مومارەسەی دەسەڵات دەکات، لەناو زماندا بوونی هەیە، ئەوەشی ناونا (میکرۆفیزیای دەسەڵات).

دەسەڵات کرۆکی نییە کەخۆی بخاتەڕوو، بەڵکو لەناو پێوەندی بەدواداچووەکاندایە، کەکۆمەڵە پێوەندییەکی هێزە، بەواتای ئەوە پۆلیسێك نییە مومارەسەی دەسەڵاتی پۆلیس دەکات، بەڵکو جۆری جلوبەرگەکەیەتی پێوەندی خۆی دەکات بەپێوەندی دەسەڵات، پێوەندییەك سەرباز لەڕێگەی (خودە)کەی سەرییەوە هێزو دەسەڵات دەردەخات، نەك بوونی ئەو لەناو سوپایەکدا، بەڵکو لەوێوە کەپێوەندییەکانی دەسەڵات بەخۆی دەبەخشێت، چەپاندنی سێکسی لەڕێگەی هێزێکی تۆقێنەرەوە پیادەناکرێت، بەڵکو زمان دەبێتە ئەو دەسەڵاتەی کەدەیچەپێنێ، وەك کاتێ دوو دەوڵەت بەنموونە

دێنینەوە (دەوڵەتێکی تۆتالیتار)و (دەوڵەتێکی یاسایی) لەجەوهەردا هەڵگری یەك شێوە دەسەڵاتن‌و جیاوازیان لەبەڕێوەبردن نییە، هێندە نەبێ ئەویتر لەژێر ناوی یاسا مومارەسەی دەسەڵات دەکات، بەوەش دەسەڵات چەمکێکی‌تری پێدەدەرێت، تەنانەت لای مەعریفەش شێوەکەی گۆڕدراوە، لێرەدا گەر سەیری (زیندان‌و نەخۆشخانە) بکەین، وەك دوو (دامەزراو–شوێن) کەدەسەڵات بەرهەمدێنن، دەسەڵاتێك کەلەو رووبەرە جوگرافییە، خودە تیا ئاخنراوەکانی تیادەبینین، (نەخۆش‌و گوناهبار) دوو تاوانن، ئەوان لەئێمە جیادەکەنەوە، لەو شوێنەدا دەتوانین بیانبینین، ئەوان لەجیهانی ئێمە جیادەکرێنەوە، بۆئەوەی نەپەڕنەوە ناوئێمە، بۆیە ئەوەی زۆر بەتوندی مایەی رەخنەلێگرتنی (فۆکۆ)یە، ئەگەر گوڵەکان لەکۆمەڵگە جیادەکرانەوە، لەبەر مەترسی تووشبوون، بەڵام خۆ شێتی نەخۆشییەك نییە تا مەترسی ئەوەی لێبکرێت کەتووشمان بێت، بۆیە کاتێ مۆدێرنە بەگوناهبار سەیردەکات نەك شێتی، هۆیەکەی ئەوەیە مۆدێرنە ویستوویەتی عەقڵ‌و شێتی لەیەکتری جیابکاتەوە، ئەوەش هۆکارێکی‌تر بوو وایکرد، کەدەسەڵات بەپەیوەندی هێز ناوببات، چونکە دەسەڵات بەلایەوە نەشێوەی دەوڵەت دەگرێتە خۆی‌و نەشێوەی پێوەندییەکانە، چونکە دەسەڵات کاتێ دەبێتە بەرهەمی پێوەندییەکانی هێز، مەبەست لەتاکە هێزێك نییە، بەڵکو هێز پێوەندی بەهێزەکانی ترەوە هەیە، پێوەندی بوون بەهێزەکانی‌تر دەسەڵات دەخوڵقێنن، بۆیە ئەوە جۆری پێوەندییەکان نین دەسەڵات دەخوڵقێنن، بەڵکو پێوەندی هێزەکانە، ئەو دامەزراوانەی ئاماژەمان پێدان بۆ دەسەڵات نموونەی دیاری ئەو دەسەڵاتەن، بۆیە پرسیاری (دەسەڵات چییە!؟) پرسیارێکە بۆ نزیکبوونەوەو لێحاڵیبوون نییە بۆ ئەو وێنە تۆقێنەرو توندوتیژەی کەبۆ دەسەڵات هەمانە، بەڵکو دەسەڵات براکسیسە لەناو کایەکان، لای فۆکۆ (نەخۆشخانە، کارگەو خوێندنگا) هەر لەشێوەی (زیندان) دەچن، چونکە پێوەندییەکانی هێز

لەهەریەك لەو دامەزراوانە بەهەمان سیستمی جوڵە بەڕێوەدەچێت، بۆیە (بەڕێوەبەری خوێندنگا)و (بەڕێوەبەری زیندان) وەك یەك مومارەسەی دەسەڵات دەکەن، پێوەندی بەڕێوەبەر بەشوێن، دواتر بەخوێندکاران یان زیندانییەکان یەك شێوە پێوەندی هێزن کەدەسەڵات بەرهەم دێنێت، کەوابێ بابپرسین (چۆن سەیری دەسەڵات بکەین! ؟) سەیرکردنمان بۆ دەسەڵات لەڕێگەی دامەزراوەکانیەتی نەك لەڕێگەی شێوەی دەسەڵات، بۆیە سەیرکردنمان بۆ دەسەڵات کۆمەڵە پێوەندییەکە دەوڵەت گریمانەی دەکات، وەك چۆن ئەو پێوەندییانەی هێز لەناو دامەزراوەکان دەسەڵات وەدەست دێنن، تەنیا بوونی شوێنەکە نییە بۆ دەسەڵات، بەڵکو هێزی هەریەك لە(زمان، کارو ژیان)ە، لەدەرەوەی مرۆڤ مێژووی خۆیان وەدەست دێنن، دواتر مرۆڤ ئەو مێژووە دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەوەش خود دەبێ بەتەئویلکارێك کەمێژووی ئەوسێ هێزە بۆ خۆی تەئویل دەکات، بۆیە پرۆسەی تەئویل لای خود، پرۆسەیەکە چەندە هرمنیۆتیکای هێزە، هێندەش تەئویل جیاوازی فۆکۆ لە(هایدگەرو میرلۆپۆنتی) دەستنیشان دەکات, دژی ئەو دیدگا فەلسەفییەی (هایدگەر) وەستایەوە، کەیۆنانییەکان لەڕێگەی داستانە مێژووییەکان بوونیان ئاشکراکردبێت، فۆکۆ رەخنە لەو بۆچوونە دەگرێت، نەك هەر وانییە شتێکیان بۆ بوون ئاشکرا نەکردووە، بەڵکو واسەیری دەکرد کەیۆنانییەکان نەیانتوانیوە ساکارترین کرانەوە لەناو داستانە مێژووییەکان بکەنەوە، رەخنەی لەو بڕوایەی (میرلۆپۆنتی) گرت لەبارەی (دیدگا/ ئاخاوتن)، بەوەی خود هیچ پێوەندییەکی هەبێت لەنێوانیان، ئەو گۆڕانکارییەی لەو نێوەندەشدا کردی ئەوەبوو (کاتێ فینۆمینۆلۆژیای سەراوژێر کرد بۆ ئەبستمۆلۆژیا، بەڵام مرۆڤ ئەو شتە نابینێ کەقسەی لەبارەوە دەکاتو قسەش لەوەناکات کەدەیبینێت)[30].

دۆلۆز سەبارەت بەپرسیاری فۆکۆ لەبارەی (خود)ەوە، ئەو پرسیارەی لەسەر تواناو ئیرادەی خود قسەدەکات، پرسیارێکە دەیگەڕێنێتەوە، بۆ

پرسـیاری (کانـت)، پرسـیاری خۆناسـین (ئێمـە کـێین لـەو سـاتەوەختە لەمێژوودا؟!) ئەو پرسیارەش لای فۆکۆ سێ رەهەندی ئـەنتۆلۆژی دەخـولقێنن ئـەوانیش دواجـار دەبنـەوە چـەمکی سـەرەکی فەلـسەفەکەی (دەسـەلات، مەعریفەو خود)، بۆئەوەی ئەو وەك فەیلەسوفێك بتوانـێ وەلام بـەو پرسـیارانە بداتـەوە، کەلـەبارەی ئـەو وەك کـائینێکی فەلـسەفی رووبـەڕووی دەبێتـەوە پرسیاری (دەتوانم چی بکـەم؟ چی ئـەزانم؟ چیم پێدەکرێ) ئـەو پرسـیارەی فۆکۆ لەناو رەهەنـدە ئەنتۆلۆژییـەکان دەیـەوێ بیرکردنـەوە بیگەیـەنێت بـەمانا شاراوەکان.

گەیشتن بەو رووبەرە شاراوەیە بەرەنجامی بیرکردنەوەیە (مانای گشتی بـۆ وشەی بیرکردنەوە رێکخستنی ئاژاوە فکرییەکانمانو ئەزموونەکانمانە)[31].

بـەواتای بیرکردنـەوە لـەناو ئـاژاوەی فکـریو ئەزموونیـدا دەژی، بۆیـە پێویـستی بەرێکخـەر هەیـە، لـەنێوان خـودو شـتەکان، بەهـەمان مانـا کاتـێ ئـەرکیۆلۆژیا دەیـەوێ (مەعریفـەی نەسـتی) بەزانـستە مرۆییـەکان ببەخـشێت، ئەوەش بۆخۆی رەخنەیـە لـەو زانستە، خولقانـدنی زمـانێکی نوێیـە، مەعریفـە لـەزمانێکی ئاشـکرا دەگـۆڕێ، بـۆ زمـانێکی نائاشـکرا، بۆیـە مەعریفـەی نـوێ (نەستی) دەبـێ بـەزمانی نەسـتی، ئـەوەش خۆنزیککردنـەوە نییـە لەمەعریفـە، هێندەی هەولێکی پراکتیکیانەی میتۆدییە لـەبواری مەعریفـەدا، پیاچـوونەوەیە بەپرسـیاری فەلـسەفە، بـەلای (فۆکـۆ)وە فەلـسەفە چـیتر بـەو جـۆرە پێنـاس ناکرێـت کـە(سـارتەر)و (میرلۆپـۆنتی) دەیانویـست ماناکـانی (ژیـان، ئـازادی، مردن، سێکسو بوون) بکەن بەپرسیاری سـەرەکی، بـەڵکو پێویـستە فەلـسەفە لـەناو بـواری مێـژوو بەشـێوەیەکی گـشتی دەربکـەوێتو (ئەفسانە)و (مێـژووی ئایینەکان) بەشێوەیەکی تایبەت بایەخ پێبدات.

مەبەستی لەمێژوو دەستکەوتنی مەعریفەیە لەچەشنی (مەعریفەی نەسـتی) کەپێـشتر نـەبینراوە، تیایدا قۆناغێك خـاوەنی یـەك گوتـاری فەلـسەفیو تاکـە

فەیلەسـوفێك نـەبێت، بـەڵكو مەبەسـتی دەسـكەوتنی نـەزانراوە، دیـدێكی فەلـسەفی بەخـشینە بـەو مەعریفەیـە، بۆیـە كاتـێ (كوشـتنی مـرۆڤ) وەك پێـشنیازێكی فەلـسەفی دەخاتـەناو پرۆژەكـەی، بەپێـچەوانەی نیتـشە كـە(كوشـتنی یـەزدان)ی خـستەڕوو، دیـارە (فۆكـۆ) بـەو پرۆسـەی كوشـتنە، مەبەسـتی گەڕانـەوەی دادوەری نـەبوو، بـەو نـاوەی بكـوژی یـەزدان كەمرۆڤـە بیكوژێـت، بـەڵكو فۆكـۆ ئـەو سـەرنجە رەخنەیـە بـەوە ناودەبـات (زانـستە مرۆییـەكان لەئێـستادا لەئاسـۆیەك بڵاودەبنـەوە كەنەزعـەی مرۆیـی دانـەخراوە یـاخود دەسـت نیـشان كراوبێـت، مـرۆڤ لەفەلـسەفەدا ون دەبێـت، نـەك وەك بابەتێك بۆ مەعریفە، بەڵكو وەك خودێك كەچێژ وەردەگرێ لـەئازادیو بـوون، لەو كاتەشدا مرۆڤ وەك خودێكی بكەر، خودێكی بكەر بۆ وشیاریو سەربەسـتی خۆی، ئەو لەقووڵایی وێنەیـەكی بـەرزی هەڵواسـراوە بـۆ یـەزدان، بۆیـە مرۆڤـی سەدەی نۆزدە، یەزدان لەمرۆییەتی بەرجەستە ببوو)[32].

لـەو قـسەیەی (فۆكـۆ) دەگەینـە دوو ئـەنجام، یـەكیان ئەوەیـە كـەكاتێ (نیتـشە) مردنـی یـەزدانی راگەیانـد وتـی مرۆڤـەكان كوشـتیان، مەبەسـتی لەكوشـتنی مرۆڤـی سـەدەی نـوزدە خـۆی بـوو، چـونكە مرۆڤێـك بـوو، وێنـەی یەزدانی لەناو بەرجەستە ببوو، ئەوەش (كوشتنی مـرۆڤ) لـەلای (فۆكـۆ) لـەبری ئەوەی بیكات بەدژی، دەبێ بەدرێژەی ئەو كوشتنە.

ئەنجامی دووەمـیش پێیبگـەین ئیشكالیەتی (فۆكـۆ)یـە لەگـەڵ فەلـسەفە، كاتێ لەو بڕوایەدایە مرۆڤ لەناو فەلـسەفە ون دەبێـت، بۆیـە نەیدەویـست خـۆی وەك فەیلەسوفێك بناسـرێ، بـەڵكو وەك مێژوونووسـێك، مێژوونووسـێك بـەدوای مەعریفـەی نەسـتییەوەیە، تەنانـەت كاتـێ قـسە لـە(خـود)یـش دەكـات، بـۆ رابردوویـەكی دوورتـر دەگەڕێتـەوە، لێـرەدا پێویـستە ئامـاژە بـەوە بـدەین، كـە(دۆلـۆز) لـەڕوانینی بـۆ خـود لای فۆكـۆ (دیكـارت) فەرامۆشـدەكات، ئـەو فەرامۆشـكردنە دەكـرێ بـۆ ئـەوە بگەڕێتـەوە، فۆكـۆ زیـاتر لـە(هایدگـەر)و

(میرلۆپۆنتی) رەخنەی گرتووە، بۆیە دۆلۆز ئەوە بەهەند وەرناگرێت خود لای هایدگەر لەکۆژیتۆ ناسراوەکەی (دیکارت) وەردەگیرێت، لەوێوە دۆلۆز لەتەئویلی (فۆکۆ)و جیاوازبوون لەهایدگەر سەیریدەکات، نەك بۆ کوژیتۆکەی دیکارت.

(فۆکۆ) گریمانەیەك دەخولقێنێ بۆ تەئویل (من هەڵدەکەم، کەواتە من هەم) خود دەخاتە نێو گریمانی هەڵەکردنەوە، بەوەی ئەلەوێ لەئەنتۆلۆژیای خود دڵنیادەبین کاتێ هەڵەدەکات، نەك بیربکاتەوە، بۆیە ئەگەر ئەرکیۆلۆژیای مێژوو بەبەرهەمی بیرکردنەوە بناسین دواجار دەکرێ تەئویلی فۆکۆ بێت بۆ مێژوو، بۆیە (بیرکردنەوە)ی دیکارت دەگۆڕێ بە(هەڵەکردن)، بەمانای (بیرکردنەوەی خود) دەباتەنێو (هەڵەکردنی خود)، بۆیە فەرامۆشکردنی لای (دۆلۆز) ئەو زەمینە فەلسەفییە دەسڕێتەوە کەفۆکۆ (دیکارت) بەزەمینەی فەلسەفی دەبینێت، وەك چۆن لای (هیگڵ) دەبێ بەشوێنی (مەعریفە، خود، ئاکار) بەواتای پرسیاری هیگڵ لەهەریەك لەوسێ چەمکە، بەرەنجامی خوێندنەوەیەتی بۆ دیکارت، لای (نیتشە) تەواو ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەرداێت، کەدەبێ بەدوای خودێکی سوپەرمانی بگەڕێت، خودێك بێت تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ دەرخستنی بوونی، بەواتای نیتشە بەدوای کەسایەتییەکی جیاواز دەگەڕێت، نەهات خود لەمردنی یەزدان وریابکاتەوە، بەڵکو لەدوای ئەو مردنەوە دەیەوێ خەونی گۆڕان دروستبکات.

لای نیتشە مرۆڤ دوای ئەوەی یەزدانی کوشت، تواناکانی خۆشی دۆڕاند، بەواتای بەو کوشتنە تواناکانی لەدەست دەرچوو، دەبێ بەدوای وزەیەکی ئەفسوناوی بگەڕێت، کەناوی سوپەرمانی لێدەنێت، بەواتای نیتشە بڕوای وانییە بیرکردنەوە بتوانێ بوون بسەلمێنێ تەنیا ئەو کاتەی بەدوای خودێکیتر گەڕا, بۆیە لەو بڕوایەدا بوو (دیکارت هەڵخەڵەتێنرا بوو بۆ مرۆڤی خۆرئاوایی)[33]، بەلام ئەو رەخنەیە بەدوای ئەو راستییە سەیردەکات،

که(دیکارت) شوێنو پایەیەکی بەرزی لەناو مۆدێرنەدا هەیە، دواتر هایدگەر لەناو (وێنەی دیکارتی) خود بەدەسپێك بۆ کرانەوەو رزگاربوون ناودەبات، بۆیە کاتێ (فۆکۆ) رەخنەی لێدەگرێت، ئەو رەخنە گرتنە بەتەنیا ئاراستەی ئەوی ناکات، بەڵکو گفتوگۆ دەخاتە ناو ئەو فەزایەی کەبیرکردنەوە دەکاتە زەمینەیەك بۆ فەلسەفە، بەواتای نایەوێت بەتەنیا قسە لەبۆچوونی (هایدگەر)و (میرلۆپۆنتی) بکات، بەڵام دۆلۆز ئەو کارەی فۆکۆ وادەردەخات کەڕەخنەیە لەو دوانە، نەوەکو گفتوگۆیەکی فەلسەفی رەخنەیی بێت، کەلە(دیکارت)ەوە دەستپێدەکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆلۆز توانی دەرگایەك بکاتەوە لەسەر دەقی فۆکۆ کەلەو کرانەوەیە دیالۆگی فەلسەفی لەسەر ئەو فەیلەسوفە دەستپێبکات، بۆیە ئەگەر رۆژگارێك فۆکۆ (دۆلۆز)ی بەوە ناوبرد کەئەو سەردەمە جێپەنجەی ئەوی بەسەرەوەیە، ئەوا (دۆلۆز چەند رۆژێك بەر لەبڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، لەدیمانەیەکدا وتی: بەلای منەوە فۆکۆ مەزنترین فەیلەسوفی هاوچەرخە)[34]، مەبەستی دۆلۆز دانەوەی قەرزێك نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی خوێندنەوەو تێگەیشتن لەدەقەکانی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی سەدەی بیستەم فەیلەسوفێکی تیانییە لەفۆکۆ مەزنتر بێت، بۆیە ناوی برد بەفەیلەسوفی سەدە.

## "6"

تائەو شوێنەی دەگەینە ئاستێك کە توانای پەڕینەوە بۆ ناو دەق درك پێ بکەین، ئەوا پرسیاری چیەتی فەلسەفە لای دۆلۆز، پرسیارێکە ناتوانین رووی شاراوەی نێو زمانی تیا ببینین، بەڵام کاتێ ئەو پرسیارە ئیدی تەنیا وەك پرسیارێکی گشتی ئاراستە ناکرێت، بەڵکو رووبەڕووی دەقێك دەکرێتەوە، ئیدی پرسیار دەبێ بەشوێنگەیەك بۆ رەخنەگرتن، رەخنە دەستنیشانی ئەو

چـەمکە گـشتیانە دەکـات، کـەتوانی زمـانی فەلـسەفی دەردەخـات، ئـەوەش زمانێکە بۆ خولْقاندنی جیاوازیی زەمەنیو جیاوازیی دەق، کەفەیلەسوف تیایدا دەبێ بەبەرهەمهێنەری دەقێکی نوێ، دەقێکی جیاواز کـەمانا نـەخوێنراوەکانی تیا دەخوێنرێتەوە، کاتێك ئـەو جیاوازیـە بـۆ خوێندنـەوە بگوازرێتـەوە بـۆ نێـو دەقێـك کەلەبنەڕەتـدا هـەڵگری خاسـیەتی لەیەکـچوو نـەبێت، ئـەوا ئـەو سـاتە بەرلەوەی پرسیار لەچیەتی فەلسەفە بکرێت، دەبێ پرسیار ئاراستەی جیاوازی بکەین، چونکە ئەگەر فەلسەفە خولْقاندنەوەی چەمك بێت، ئەوا چەمك لـەنێوان کۆمەڵە پەیوەندیەکی جیـاواز سـەر هەڵـدەدات، بۆیـە جیـاوازیی فرەدەنگیەکـە لەناو چـەمك، کەچـەمکەکان لـەناو تاکـە سیـستمێك کـۆ ناکاتـەوە، بـەڵکو هـەر چەمکێك خاوەنی سیستمێکی سـەربەخۆیەو پارێزگـاری لێـدەکات، هـەر کاتێـك ویستی بەشـداریی لەسیـستمی چـەمکێکی تـر بکـات، ئـەو کـات تایبەتمەنـدێتی خۆی لەدەست دەدات، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئـەوە نابێتـە دەروازەیـەك بـۆ ئـەو تێگەیشتنە قوڵە لەدەق، ئەگەر لەناو رووبەری زمانی دەقەوە سەیری جیـاوازی نـەکرێت، بۆیـە بۆدەرخـستنی ئـەو جیاوازییـە، دۆلۆزهـات لـەپاڵ کۆمەڵـە ئیشکردنێك لەسەر چەندین دەقی جیاواز، دێتە سـەردەقی فەیلەسـوفێکی وەك (برگسۆن) کەمیتۆدە فەلسەفیەکەی لەسەر جیاوازی بنیاتنراوە، ئەو میتـۆدەی دەبێتە لانکەیەك بۆ ئیشکردنو پەیوەندی کردن بەچـەمکەوە، بـەمانای میتـۆد چـەمکێك نییـە چـەمکەکانی تـری تیـا هاتبێتـە بـوون، بـەڵکو زەمینەیەکـە بـۆ خولْقانـدن، بۆیــە لێــرەدا پرســیار کــردن لەفەلــسەفە دەبــێ بەپرســیارکردن لەمیتۆد، ئەو پرسیارەیە دواتر چەمکی تیابەرهەم دێت.

با خۆمان لەو راستیەش نەدزینەوە، کەناکرێ فەلـسەفەی برگـسۆن بخەینـە نێو رووبەری چەمکەوە، بەبێ دوان لەومیتۆدە فەلسەفیەی فەیلەسوف پیادەی دەکات، بۆیە بەر لەوەی لەو سێ چەمکە فەلسەفیەی بێینـە قـسەکردن، دەبـێ هەوڵی ناسینی میتۆدەکەی بدەین، کـە(هەسـتەوەریی)ە لەئاسـانترین پێناسـدا

دەڵێین، هەستەوەری بریتییە لە(دیدێکی راستەوخۆ، هاوسۆزە، شتێکە زیاتر لەغەریزە دەچێ لەوەی لەعەقڵ)[35] ئەگەرچی ئەو میتۆدە یەکێك لەچەمکە فەلسەفییەکانی دەیهێنێتەبوون، بەڵام دواتر بەبێ ئەو میتۆدە رێك وەك ئەوە وایە (**Plan**)[36] و زەمینەیەکی فەلسەفیمان نەبێت، بەڵام پرۆژەوی خولقاندنەوەی چەمکمان کردبێ بە ستراتیژی پرسیار، کەئەوەشیان تەنیا دەبێ بەخۆهەڵخەڵەتاندنێك بۆیە ئەو میتۆدە کەچەمکی (زەمەن) بوونی کردووە بەپێویستییەك، کە لەرووکەشدا شتێکی ئەوتۆیان لەیەکتری جیاواز نییە، ئەوەی توانای دەستنیشان کردنی ئەو جیاوازییەی هەیە، ئەو مانا جیاوازەیە کەفەیلەسوف لەرووبەری تیۆرییەوە دەیانگۆڕێت بۆ چەمكو میتۆد، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەمیتۆد بەلایەوە رۆڵی لەئەپیستمۆلۆژیا کەمتر نییە، وەك دەبستیم سەیرکردنی میتۆد وایکردووە چەمکەکانی (زەمەن، یادەوەریی، پاڵنەرە زیندووەکان) لەمیتۆد جیا بکاتەوە. ئەگەر بەو جیاکردنەوەیە میتۆد وەك کردارێکی ساکار دەربکەوێت، ئەوا کردارێکە هەوڵی گۆڕینی هێز دەدات بۆ کردار، کەئەوانەش بۆ سێ جۆر پۆلین دەکات، ئەو پۆلین کردنەش پرۆسەیەکە بۆ ئاشکراکردن.

(گرفتەکانو خولقاندنیان)و (جیاوازییە راستەقینەکان لەسرووشتدا)و (هەستکردن بەزەمەنی راستەقینە)

ئەو پۆلینکاریە رۆڵو وەزیفەی میتۆد دەردەخات، بەئاراستەیەك کە توانای فەلسەفی برگسۆنی تیا بناسرێت، چونکە لەنێوان وەهمو راستیدا کۆمەڵە گرفتێك سەر هەڵدەدەن، کەگرفتەکانو چۆنیەتی خولقاندنیان لەوێوە دەستپێدەکات،کەلەوێوە گرفتەکە دەردەکەوێو بەرەوکام ئاراستە دەڕوات، چونکە ناسینی ئاراستەی گرفت، دەمانباتە سەرکرداری دووەم، کەئەگەر گرفتەکان لەنێوان راستیو بەوەهم کراویەتی، ئەوکاتەی گرفتە

راستەقینەکانمان دۆزییەوە، ئەوا کردەی جیاوازییە راستەقینەکان دەست پێدەکات.

ئەو جیاوازییە بیرکردنەوەو پرسیارکردنە فەیلەسووفی پێدەگەیەنێت، بەڵام گەیشتنێك تەنیا دەتوانێ ئەو دووحاڵەتە لەیەك جیابکاتەوە، نەوەکو رێگەی خۆش کردبێت، بۆ ئیدراك کردن بەزمەن، ئەوەیان دەکەوێتە نێوکرداری سێیەم، کاتێ فەیلەسوف زەمەنێکی راستەقینە درك پێ دەکات، ئەوەش چەندە دەبێتە هۆی بەهەند وەرگرتنی لەسەر چەمك هێندەش ئەو پەیوەندیەی دەکەوێتە نێوان (هەستەوەریی/ زەمەن) دەبێ بەپەیوەندیەکی جینالۆژیی، بەڵام دۆلۆز چەندە بەوردی میتۆد لەفەلسەفەی برگسۆن دەخاتە روو، دواتر ئەو میتۆدە دانابرێت لەمیتۆدی رەخنەیی لای کانت، چونکە پێی وایە لەجەوهەردا بیرۆکەیەکە لەکانتەوە هەلێنجراوە، ئەگەر پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین، چۆن بۆ کانت دەگەڕێتەوە، ئەو پەیوەندییە چییە وا لە دۆلۆزدەکات بەوی ببەستێتەوە؟

بۆ ئەوەی وەڵامێکی دروستو لۆژیکیانە بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوەو لەهەمان کاتدا نەکەوینە سەر باسی لابەلای تر، هێنانەوەی وتەیەك خۆی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کەدەڵێ" کانت بوو ئەوەی دەستنیشان کرد، عەقڵ لەقوڵی قوڵاییەوە هەڵەکانی تیا لەدایك نابێت، بەڵکو لەووەهمانەی کەهەیەتی)[37] مەبەست لەو وەهمانەیە کەدێتە نێو عەقڵەوە، ئەوە هەڵەکردن نییە، بەڵکو وەهمە دەبێ لەعەقڵ جیا بکرێتەوە.

لەپاڵ ئەو گەڕانەوەیە بۆ کانت، بەڵام کاریگەری دیکارت لەسەر برگسۆن بەتەواوی فەرامۆش دەکات، کەدەکرێ ئەو فەرامۆش کردنە ببەسترێتەوە بەچەندین گریمانەوە، لەوانە دیکارت مادامەکی بەلای دۆلۆزەوە یەکێکە لەدوو گەمژەکەی مۆدێرنە ئیدی فەرامۆش دەکرێت، لەگریمانەیەکی تریش دەبێ بڵێین پەیوەندیی بەجیاوازیی ئەو تێگەیشتنەوە هەیە، ئەگەرچی پەیوەندی

(عەقڵ/ ڕۆح)ی برگسۆن لە (عەقڵ/جەستە)ی دیکارتەوە هاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە (دیکارت لەو باوەڕەدا بوو کەعەقڵو جەستەی سەربەری ئەوەی نوێنەرایەتی دوو جەوهەری لەیەك نەچووی تەواو جیاواز دەکەن، ئەوەیان هیچ بواری تیانییە کەکەناڵی گەیاندن لەنێوانیان، ڕێگەیە کەبۆ بەستنەوەیەکی دەستنیشان کراو، هەروەك (برگسۆن)یش وایدادەنێ یادەوەری خاڵێکە لەنێوان دووبوون، کەناکرێ بەهەمان ڕێگە پێوانەبکرێت[38].

ئەوەش مانای وایە ڕۆحو جەستەوەك یەك لەگەڵ عەقڵ جیادەبنەوە، ئەوەی لای برگسۆن دەبێتە جیاکردنەوەی عەقڵو ڕۆح ئەوە یادەوەرییە،( لەو بڕوایەدایە یادەوەری هەموو ئەزموونەکان خەزن دەکات، هەرچەندە مرۆڤ تەنیا بەشێکی بەکاردێنێت)[39]، بەکارهێنانی ئەو بەشە دەبێتە خاڵێك بۆ جیاکردنەوە، کەدواتر ئەوکارەش گۆڕینی جەستە بەڕۆح بەمانای ئیشکردنەوەو خولقاندنەوەیەکیتره بۆ چەمك کەتیایدا ویستوویەتی گەشە بەچەمکە دیکارتییەکە بدات.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بێت خۆ لادانی دۆلۆزە لەوکاریگەرییە، کەئاخۆ ئەوەندە بەسە مادامەکی لای برگسۆن فلەسەفە بریتی بێت لەگەڕانەوەیەکی هۆشیارانە بۆ ناواخنی هەستەوەریی، ئیدی پێویست بەو گەڕانەوەیە نەکات؟

ئەوەیان بەپرسیارێك دەمێنێتەوە، بەڵام پرسیارێك توانای ئەوەی هەیە پێمان بڵێت کەلەدووتوێی میتۆدەوە پێویست بەو گەڕانەوەیە نەکات، چونکە درێژبوونەوەیەکە، درێژبوونەوەش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی شوێن، نەوەکو خەسڵەتێکی زەمەنی بێت، خەسڵەتی زەمەنی بەردەوام بوونە، ئەگەر ئەوەیان بوایە چونکە یەکێکە لەسێ چەمکەکە دەکرا بۆی بگەڕابوایەوە، جگە لەوە پێویستە ئەو تێبینە میتۆدیەش بخەینەسەر بۆچوونەکانمان، کەجیاوازیی سروشتی لەزەمەندا لەوێوە دەست پێدەکات کەدەبێ بەردەوام لەزەمەنی

ئێستادا بلێین (دەبوو) ئەوە کردارێکە بۆ ئەوەی بەردەوام گۆڕان لەناو ئەو زەمەنە بنیات بنرێت، کەلەبنەڕەتدا هەڵوێستێکی رەخنەگرانەیە لەزەمەن، وەك چۆن لەزەمەنی رابردوودا (دەکرا) وێنەیەکی ئەبەدیی بۆ رابردوو دەکێشێ، دەکرا بە مانای هەڵەکردنی رابردووە، بۆیە (دەبوو، دەکرا) دوو گریمانەی زەمەنین کەجیاوازیی نێو سروشت دەستنیشان دەکەن.

جیاوازییەك نەك لەخەسڵەتی دەقیتر ناچێت، بەڵکو لەنێوان زەمەنەکانیش تەواو جیاوازن، وەك چۆن چەمکەکانیش هەر بەشدارییەك لە خەسڵەتی ئەویدی بکەن لەسەر قوربانیدان بەوەزیفەی چەمکەکەی خۆی تەواو دەبێت.

بۆیە ئەو سێ چەمکە فەلسەفیەی برگسۆن، چەندە پەیوەندیەکی تەواوکەر بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هێندەش ئەو پەیوەندییە لەناو میتۆددا ستراتیژی فەلسەفی تیادەستنیشان دەکرێت، بۆیە لەبەرامبەر چەمکی زەمەن ئێمە لەباسێك نادوێین، کەهاودژ بێت بۆ میتۆد، بەڵکو ستراتیژی قسەکردن لەسەر یادەوەریی کۆدەبێتەوە، وەك دۆلۆز ئاماژەی پێ دەدات، بێئەوەی رووبەڕووی هیچ قورسیەك بێتەوە لەنێوان بەردەوامیو پچڕانی زەمەن، بەڵکو بەلایەوە بیرکردنەوە لەجیاوازییەکانی ناو سرووشت مەسەلەی سەرەکییە.

کاتێ بیرکردنەوە لەجیاوازییەکان ببێ بەتەوەری سەرەکی ئەو ساتە بەتەنیا زەمەنەکان نین توانای گەیاندنی ناو پرۆسەی بیرکردنەوەی هەبێت،بەڵکو یادەوەریی راستەوخۆ دەبێ بەشداریی بکات لەتەك زەمەندا، چونکە کۆی زەمەنەکانی رابردووی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.

ئەو ئاگاییە زەمەنیەی کردووە بەئاگاییەکی مێژوویی تیایدا برگسۆن بەدوو رێگە خستویەتیە روو (پاراستنی رابردوو لەئێستاداو پێچانەوەی بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی روون، لەسەر وێنەی رابردوو لەخۆی دەگرێت کە بەهەڵوەشاوەیی گەورە ببێت، وەیان بەجۆریتر دەیبینێت، ئەویش لەڕێگەی کردارەوە جۆری بەردەوامبوون دەگۆڕێت)[40] کەوابێ ئەوەش لەسەر

دابەشبوونی زەمەنە بۆ رابردوو لەپاڵ ئێستا، کەدیارە چەمکی سێیەمیش کە (پاڵنەرە زیندووەکان)ە، ئەویش بەهەمان شێوە دابەش دەبێتە سەر دوو جولە، (خاوبوون، گرژبوون)

خاوبوون سەر لەنوێ وردوخاش دەبێتەوە بۆ ناو ماددە، کەدیارە جولەی دووەم تەواو جیاوازە، بەمانای لەنێوان دوو جوڵەدا دووجیاوازیی بنەڕەتی دەبینین، چونکە (گرژبوون) تەواو بەپێچەوانەی (خاوبوون) سەر لەنوێ بەرەو ناو زەمەن سەردەکەوێتەوە.

بۆیە پاڵنەرە زیندووەکان توانای ئەوەیان هەیە، جیاوازیی نێوان ماددەوزەمەن دەربخەن، رۆڵی سەرکیش نیشان بدەن، سەرباری ئەوە ئەو جیاوازییانەی لەناو سرووشت زەمەن دەیدۆزێتەوەو یادەوریی بەشدارییە هاوبەشییەکانی ئەو پلەو ئاستانەی کەدەکرێ لەرووی کردارەوە پێی هەڵبستێت، وا پاڵنەری زیندوو ئەو کردەیە ئەکتیڤ دەکاتو ئەو هێڵەی پەیوەندیی نێوان هەرسێ چەمکەکە بەیەکەوە دەگەیەنێتەوە، ئەو بەیەکەوە گەیاندنەی چەمك پەیوەندیەکە بۆ میتۆد تاوەکو توانی خولقاندنەوەی (**Plan**)ی‌تری هەبێت لەساتە وەخت خولقاندنەوەو گۆڕان لەناوچەمکدا.

**"7"**

جیاوازیی بانگەوازێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەو پرسیارکردن دەیکەن بەستراتیژێکی فەلسەفی، بێ ئەوەی فەیلەسووف بانگەشەی بکات، بەڵکو رەخنەگرتن لەدەقو پرسیارکردن لەماناکان، شوناسی فەیلەسووفی جیاوازیی پێدەبەخشێت، بەتایبەت بۆ فەیلەسووفێکی وەك دۆلۆز کەهەر لەسەرەتاوە مەبەستی نەبووبێت لەناو گریمانە فەلسەفییەکان سەرسامیی خۆی نیشان بدات، هێندەی ویستوویەتی هەستی سەرسامی بگۆڕێت بەپرسیار، تەنانەت پرسیار لەوەزیفەی فەلسەفەش دەخاتەوە نێو گومانەوە،

بۆیە فەلسەفە بەلایەوە دەبێت بەخولْقاندنەوەی چەمك، بۆئەوەی لەچەمك تێبگەین، پێویستە سەرەتا پرسیار لەو دیدە فەلسەفییە بکەین" کەبۆچی فەلسەفە بەخولْقاندنەوەی چەمك ناودەبات..؟ ئایا خولْقاندنەوە دووبارە کردنەوەی دەقەکان ناگەیەنێت..؟ دەبێت وەڵاممان لەبەرامبەر پرسیاری لەم چەشنە چی بێت..؟ گومانمان نییە لەوەی ئەو پرسیارە رووبەڕووی هەر خوێنەرێك ببێتەوە، بەڵام بەر لەوەی ئەو گومانە لای دروستبێت، پێویستە ئاماژە بۆ رۆڵی چەمك بکەین، کەچەمك خاوەن یەك مانای نەگۆڕ نییە، بەڵکو خاوەن فرەمانایيە، فرە ماناییش رێگەی ئەوەی پێدەدات وەزیفەی فەلسەفە لە لامان مانایەکی نەدۆزراوەی پێ ببەخشرێت، مانایەك لەڕێگەی خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ چەمكو پرسیارکردن لەو چەمکە، چەمکی نوێ دەخولْقێنێت، ئەو خولْقاندنەش گۆڕینو دەستکاریکردنی وەزیفەی فەلسەفییە، هەر لەتێڕامانخوازیی ئەفلاتوونو بیرکردنەوە لای دیکارتو تا بەتیۆریی (بەردەوامبوون)ی هابرماس دەگات، ئەو گۆڕینەش بەتایبەت لەنێو چەمکەکانی نێو دەق لەنێو سیاقی مێژوویی دەقەکان دەرناهێنێت، بەڵکو چەمکەکان بەرەو چەمکێکی فەلسەفی دەبات کەناویدەنێ (**Plan**) کەلایەنگیریی دەکات بۆ گفتوگۆو قسەکردن، ئەوەش بەسەر ناکۆتاکانی چەمك دەکرێتەوە نەك دایبخات، ئەو کرانەوەیە وادەکات ئاستی بیرکردنەوەو تێڕامانو بەردەوامبوون بگۆڕێت بۆ گفتوگۆکردنێکی کۆمەڵی، یادی فەیلەسووف دەهێنێتەوە نێو یادەوەریی گشتی، لەنێو ئەو یادەوەرییەوە گفتوگۆی تێدا دەکات، گفتوگۆیەك چەندە چەمکە سەرەکییەکە لەسیاقی مێژوویيو مانای دەق دانابڕێت، هێندەش گفتوگۆکە دابڕاو ناکات لەزەمەنی هەنووکەیی، ئەوەیان رێك بۆ چەمکی (گرێی ئۆدیب) دەکرێت وەك نموونەیەك وەربگیرێت، کەئەو چەمکە گۆڕان بەرەو دۆخێکی جیاوازیی دەباتو ناویدەنێت (ئەنتی ئۆدیب)، کەگرێ بەدژ (ئەنتی) دەگۆڕێت، بۆیە چەمك دەبێت

بەسـێنتەرێك بـۆ پێكگەیـشتنی زەمەنـەكان، تـاوەكو لـەو بەیەكگەیـشتنە كلتووریبێت بەزەمینەیەكی لەبار بۆ هەنووكـەمان، كەفرۆیـد لـەتاوانی كوشـتنی باوكەوە دەگۆڕێت بۆ مانایەكی تر، كەپەیوەندیی بەفاشییە تازەكانەوە هەیە.

(**Plan**) چەندە چەمكێكی دۆلۆزییە كـەزیاتر وەك میكـانیزمێكی فەلـسەفی دەردەكەوێت بۆ جیاوازیی، بەڵام چـەمكێكە چـەمكە فەلـسەفییەكانی نـاو دەق پرسـیاریان ئاراسـتە دەكاتـەوەو جیـاوازیی خوێندنـەوەی تیـادا دەردەخـات، نابێت بەسڕینەوەی چەمك هێندەی شوێنگەیەكی سەربەخۆیان پێدەبەخـشێت، دەسەڵات ئەو چەمكە فۆكۆییە، كەچەندە بۆ دۆلۆز هەوڵێكە بۆ ناسینی توانـای دەقو ستراتیژی فەلسەفی، دواتر ئەو ناسـینو سـتراتیژو توانایـە هەیبەتەكـەی بـۆ چـەمك دەگەڕێتـەوە، بـەمانای یـەكێك لەوەزیفـە پۆزەتیڤـەكانی (**Plan**)، دەرخستنی رۆڵی ئەفراندنو سەربەخۆیی چەمكە، ئەوە جگە لەوەی چـەمكێكە بۆ پەیوەندیی گفتوگۆو قسەكردنی كۆمـەڵی لـەناو دەق، بـەڵام لەڕاسـتیدا "نـە چەمكێكی فكرییەو نەبیركردنەوەیە تیایدا، بەڵكو وێنەیەكە بـۆ فیكـر، ئـەوەش هـەر ئەوەیـە كـەفیكر بـەخۆی دەبەخـشێت، لەسـەر ماهیـەتو بـەكارهێنانو ئاراستەی ناو فیكر"[41].

ئـەوەش شـتێ نـەبوو زوو پێـی بگـات، بـەڵكو كـامڵبوونی پـڕۆژە فەلسەفییەكەی بـوو، كـە لـەدوا كتێبـی بـەناوی (فەلـسەفە چییە) بەهاوبەشـی لەگەڵ (فلیكس گوتاری) هاوڕێی پێیگەیشتن، تا ئەو ڕادەیـەی تـوانیی ئـەوەش بگەیەنێتە ئەو ئاستەی كەئەو چەمكە خاوەن دوو رووشـە، دووڕوویـی لـەجۆری (مادیی/ رۆحی) ئەوانیش (فكریی/سروشتی)ـن، بۆیـە بـەو كتێبـە ئیـدی پـڕۆژە فەلـسەفییەكەی گەیـشتە ئاسـتێك كـەتوانای قـسەكردن تیایـدا ئاخـاوتن نییـە لەپرۆژەیـەكی ناتـەواو، بـەڵكو دووانـە لەپرۆژەیـەكی تـەواو، تیۆریزەكردنـە بـۆ پـڕۆژە رەخنەییـەكان، بۆیـە پرسـیاركردن لەفەلـسەفە، هـێڵ كێـشانە بـۆ ئەزموونێكی سەربەخۆ كە(جیـاوازیی فەلـسەفییە) چ لـەڕووی خوێندنـەوەی بـۆ

کۆمەڵێك دەقی فەلسەفیو چ لەتێگەیشتنی جیاوازیی بۆ فەلسەفە، ئەوەش مانای وایە بەنووسینی ئەو کتێبە هەستدەکات پرۆژەکەی خۆی بەئەنجام گەیاندووە، بۆیە بیرۆکەی خۆکوشتن لەلای سەرهەڵدەدات، ئەگەر لەڕابردوودا فەیلەسووفێکی ترمان نەبێت جگە لە(سوقرات) کەڕەفتارو بیرکردنەوەی ناکۆکیی نەکەوێتە نێوانی، ئەو هاوکۆکبوونەش سووربوونی بووبێت لەسەر پەیامە فەلسەفییەکەی، کە بەژەهرخواردنی کۆتایی بەژیانی هات، ئەو ا (دۆلۆز)یش دەچێتە ریزی ئەو تێڕوانینە، چونکە ئەگەر وەڵامی بۆ پرسیاری فەلسەفە.. خولقاندنەوەی چەمك بێت، ئەو خولقاندنەوەیە پەیوەندیی بەیادەوەریی فەلسەفیی فەیلەسووفەوە هەبێت، ئەو یادەوەرییەی دەیەوێت چەمك بەمانای جیاواز بارگاوی بکاتەوە، ئەوا دواساتەکانی ژیانو کۆتاییهێنان بەو ژیانە دەبێتەوە بەخولقاندنەوەی چەمك، چونکە دوای نەخۆشکەوتنی بەهۆی تەنگەنەفەسیو پەنابردنە بەر ئۆکسجینی دەستکرد، لەنهۆمی شەشەمی باڵەخانەکەی تیایدا دەژیا، خۆی فڕێدەداتە خوارەوە، ئەوەش خۆکوشتنی (ئەمبدۆقلیس)ـی فەیلەسووفی یۆنانیمان بیردەخاتەوە، چونکە "فەیلەسووفە یۆنانییە کەخۆی فڕێدایە نێودڵی بورکانی ئەتنا کەتێکەڵ بە هەناویی زەوییە ئاگراوییەکە بوو، دۆلۆزیش خۆی فڕێدایە سەرشۆستەی شەقام"[(42)]..

ئەوەش دابڕاو نییە لەپەیوەندییەکی ژینالۆژیی لەنێوان دۆلۆزو نیچە. پێویستمان بەوە هەیە لەسەر ئەو پەیوەندییە هەڵوەستەیەك بکەین، چونکە بەدوای فەلسەفەی وجوودییەت لەسەر دەستی (سارتەر)، نەوەیەك دەرکەوتن کە بەنەوەی (نیچەیی) ناسراون، ئەوانیش (دریدا، دۆلۆز، فۆکۆ)ـن، کە لەڕاستیدا ئەوان زیاتر نیچەیەکی هایدگەرین، چونکە پرۆسە تەئویلکارییەکەی هایدگەر وایکرد بایەخی فەلسەفەی نیچە لای ئەوان بێتەوە نێو گفتوگۆکردن، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەنێوان ئەو سێ فەیلەسووفە هەندێك

بۆچوون ئەوانیش پۆلێندەکەن بۆ دوو نەوە، ئەگەر سارتەر کەوتبێتە نێوان ئەو دوو نەوەیە، ئەو کەلێنە هەڵدەقۆزنەوەو پێیان وایە تەنیا (دۆلۆزو گوتاری) سەر بەنەوەی نیچەن، هەندێك سەرباری ئەوەی نەوەکانی تر بەنەوەی سارتەریی ناودەبەن، دوو ناوی تریشیان دەخەنە پاڵ، بەمانای (فۆکۆ، دریدا، ئاڵتۆسێر، لیوتار)..

ئەگەرچی ئێمە لەو بڕوایەداین کەئەوان کوڕی ئەو نەوەیە نین، بەتایبەت (فۆکۆ)و پێداگرییو رەخنەکانی لەدژی سارتەر، وەلامێکە بۆ ئەو واقیعەی کەئەو دیارترین دەنگی نیچەییە لەفەلسەفەی فەرەنسیدا، دەکرێت ئەو بۆچوونە بۆ دووانەکەی دوایی راست بێت، بەلام بۆ ئەوانیتر، تاڕادەیەکی زۆر جێگای گومانکردنە.

خاڵێکی تری پەیوەندیی نێوان دۆلۆزو نیچە خاڵێکە دەکرێت لەخۆکوشتنەکەی نزیکمان بکاتەوە، ئەگەر نیچە سەرسامیی خۆی بۆ هۆلدرین دەردەبڕی، بەتایبەت بۆ شانۆگەرییەکەی بەناوی (ئەمبادۆقلیس) ئەوەش قسەکردنی دۆلۆز لەبارەی نیچەوە قووڵدەکاتەوە، نەتەنیا بۆ فەلسەفەکەی، بەڵکو بەرەو تێگەیشتنو سەرسامبوونی لەناو عەقڵی فەلسەفیی نیچەییدا، کەتاچەند رەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە مەرگی (ئەمبادۆقلیس) یانە مەرگێکی رێککەوت نییە بۆ ناونان، بەڵکو مەرگێکی ژینالۆژییە، ئەو مەرگە پەیوەندیی بەو یادەوەرییە فەلسەفییە هەیە، کەئەگەر پرسیارەکەی دۆلۆز ئاراستەی خۆکوشتنەکەی بکەین، دەبێت بڵێین فەلسەفە خولڤاندنەوەی چەمکێکی ئەمبادۆقلیسیانەیە، کەخولڤاندنەوەی ئەو چەمکەش بەخۆکوشتنی فەیلەسووف کۆتاییدێت، بۆیە خۆکوشتن خولڤاندنەوەی چەمکێکی نێو یادەوەرییە، بارگاویکردنەوەی چەمکی مردنی فەلسەفیە بەمانای جیاوازەوە، ئەو خۆکوشتنە مردنی کرد بەوەلامێکی تر بۆ پرسیاری فەلسەفی، کەچەمك بەخشینە بەژیان، ئەو بەو خۆکوشتنەی هەوڵیدا دواساتەکانی ژیان بکات

بەدڵنیاییەك بۆ پرۆژەكەی، نەك بەو مانایەی كەدۆلۆز تەنیا وا سەیری فەلسەفە دەكات كەخولقاندنەوەی چەمكە، ئەو چەمكە بارگاویكردنەوەیەكی جیاوازە بۆ كلتووری دەق، چەمك تەئویلكردنەوەیەكی تری زمانی فەلسەفییە، چونكە چەمك بەلایەوە خاوەن گوتارێكی ناكۆكییەو خاوەن گوتارێكی رەهایی نییە، بۆیە لەپرسیار كردنەوە لەناو فەلسەفە بەرەو گوتارە نادیارەكەی دەهێنرێت، بەڵام ئەوە مانای وانییە كەدابڕاوە لەمانا بینراوەكان، بەڵكو ئەو چەندە بەرهەمی ئەو عەقڵە پرسیارییە، بەڵام لەهەناوی ئەو كلتوورە فەلسەفییە هاتووەتە بوون، كەئەوەش خاڵی بەیەكگەیشتنی (دۆلۆز)ە بەفەیلەسووفەكانی تر، چونكە چەمك خاڵی دەستپێكی فەلسەفەیە "دامەزراندنو زەمینەی فەلسەفییە، بەوەش فەلسەفەكاتیٚموحایەسەكردنی دۆزییەوە، كەشفی ئەوە دەكات كەفەیلەسووف رەسمی دەكێشێت بۆ (**Plan**) بۆ موحایەسە، وێنەیەكیش بۆ فیكر دادەنێت، كەبابەتێكی نوێیە بۆ كەینوونە"[43]..

ئەوەش لەلایەكو لەلایەكی تر كاریگەریی نیچە لەسەر عەقڵی فەلسەفی، وایكرد رەخنەكانی لەمۆدێرنە دەستنیشان بكات.

تەنانەت پێی وایە نیچە بەو رەخنەیە جیاوازیی فەلسەفیی نێوان زەمەنەكان دەستنیشان دەكات، هەر لەڕوانگەی ئەو بنەماو زەمینە رەخنەییەوەش رەخنە لەمۆدێرنە دەگرێت، رەخنەیەك كەهەڵوەشاندنەوەی عەقڵی مۆدێرنێتەیە. ئەوەش خاڵی نییە لەپرۆژەیەكی فەلسەفی، بەڵكو لەپاڵ ئەوەدا رەخنەیە كەدەیەوێت ئەو پرۆژەیە لەوەهمەكان جیابكاتەوە، ئەو جیاكردنەوەیەش دژایەتیكردنی وەهمەكانی مۆدێرنەیە، كەبۆ ئەو وەهمەش بەرەو مێژووی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە، مێژوویەك كە بەلای خۆیو گوتاری هاوڕێی وەك لەكتێبەكەیان ئاماژەیان بۆكردووە، ئەو مێژووەیان (كورتكردووەتەوە بۆ دوو دووگەمژە،گەمژەی یەكەم دیكارتە، كەوتی: من،

بەکۆجیتۆکەی پەرییەوە بۆ بوون، کەوابەستەیە بەو پێشەکییە خودییانەی کەرەسمی پلانەکان دەکێشێت، ئەو بیریارێکی تایبەتمەندە لەبەرامبەر فکری گشتگیریی، سکۆلاریی، گەمژەی دووەم گەمژەیی دیستۆیفسکییە، ئەویش هەروا بیریارێکی تایبەتمەندە، بەڵام لەبەرامبەر یەکەم (ئەویتر) کەخۆی بەدوای حەقیقەتەکان دەگەڕا، ئەوەی دەیویست حەقیقەت لەکڵێسا ئازاد بکات، نەیدەویست تەنیا بیر بکاتەوە، ناگەڕێت بەدوای حەقیقەت، ئەو بێهودەیی دەوێت)[44]..

ئەگەر ئەو دەستەواژەیە کورتبکەینەوە، دەڵێین جیاوازیی نێوان دیکارتو دیستۆیفسکی، لەوێوە دەستپێدەکات، یەکەمیان دەیویست لەگەڵ بیرکردنەوە، بەشداریی خودی لەناو ئەو بیرکردنەوەیە بکات، لەڕێگای ئازادکردنو جیاکردنەوەی حەقیقەت لەکڵێسا، ئەوەش لەکۆجیتۆ ناسراوەکەی دەستپێدەکات،کەدواتر ئەو بیرکردنەوەیەی‌لای دۆلۆز بە گەمژەیی ناو دەبرێت هەرچی دیستۆیفسکییە تەنیا بیر دەکاتەوەو لەو بیرکردنەوەیەش مەبەستی بەشداریکردن نییە لەگۆڕان، هێندەی شەرعییەتدانە بەدۆخێکی بێهودەیی.

لای دۆلۆز کۆجیتۆکەی دیکارت وەك چەمك وەردەگیرێت، بەڵام چەمکێك دەچێتە نێو (گریمانە) نەك بەوەی مرۆڤ کائینێکی عاقڵەو بەوە لەئاژەڵ جیادەکرێتەوە، کەمنی عاقڵ بەپرۆسەی بیرکردنەوە هەڵدەستێت، یاخود رازیبوون بەناوبردنی (مرۆڤ ئاژەڵێکی عاقڵە) ئەو لەڕێگای ئەو گۆڕینە، تەواوی ئەو بنەما کۆنکرێتییەی خستە نێو گومانەوە، بەگومانکردن لەچەمك، مانای وانییە چەمکە دیکارتییەکە رەتدەکاتەوە، بەڵکو کردارێك دەخاتە نێوان چەمكو (**Plan**) بەر لەچەمکبوون، کەئەوەش وەك ئاماژەمان بۆکرد (گەمژەییە) کە لەبنەڕەتدا لەناونیشانی رۆمانێکی دیستۆیفسکی وەرگیراوە، بۆچی ئەو کارە دەکات؟ چونکە ئەگەر دیکارت بنەماو زەمینەیەك بێت بۆ مۆدێرنە، زەمینەیەك لەو کۆجیتۆیەوە دەستپێبکات، ئەوا زەمینەیەکی

بێئاگایە لەوەی نەیتوانیوە منی بیرکەرەوە لەئاژەڵێکی عاقڵ بگۆڕێت بۆ بیرکەرەوەیەك كەوێنای چەمك دەكات، بەواتایەکی تر، منی بیرکەرەوە، بەو بیرکردنەوەیە دەستبەرداری مەعریفەی پێشینەیی نەبووە، بەڵکو مەعریفەی بەر لەبیرکردنەوە، مەبەست لەساتەوەختی هاتنی کۆجیتۆکەی دیکارتە، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین دیکارت نەهات ئەو تێگەیشتنەی پێشوو نەهێنێتە نێو بیرکردنەوەی خود، بەڵکو هێنایەوە، بەڵام بەبیانووی ئاژەڵێکی عاقڵەوە، ئەوەش قبووڵکردنی چەمکێکی پێش خۆی بوو، کەبێ کۆجیتۆکەی دیکارتیش هەر هەبوو، بۆیە دەبوو لەگەڵ خولقاندنی بیرکردنەوە وەك چەمکێکی فەلسەفی، رووبەرێك بۆ کەسێتیی چەمك دەستنیشان بکات، ئەو کەسێتییە دەبووە زەمینەیەکی فەلسەفی کەجیاوازیی فەلسەفیی دیکارت دیاربخات، ئەو کەسێتییەی دۆلۆز بە (گەمژە) ناویدەباتو بۆ دوو شێوە لەیەکیان جیادەکاتەوە، بەپێی تێگەیشتنی زەمەنی، چونکە ئەگەر لەڕابردوودا ئەو کەسێتییە تەنیا بەها بۆ عەقڵ دادەنێت، ئەوا لەئێستادا بەها دەبەخشێتە قوربانییەکانی مێژوو، ئەوەش بەو مەبەستەیە کەکەسێتیی چەمك لەناو هەموو چەمکێکی فەلسەفی ئامادەیی هەیە، وەك دەبینین لای ئەفلاتوون ئەو کەسێتییە سوقراتەو، لای دیریدا مارکسەو لای دۆلۆز خۆی فۆکۆ کەسێتییەکی چەمکییە، بەڵام ئەو کەسێتییەی دیکارت حەقیقەتە مێژووییەکان بەهەند وەردەگرێتو (ئەرستۆ)ی تیادا ناکاتە دەرەوە، ئەوەش لەئێستادا دیکارت دەکاتە قوربانییەکی نێو مێژوو، قوربانییەك کەدەبوو بەکۆجیتۆکەی "لەمەحاڵەوە بەرزترین توانا بۆ فیکر دروست بکات"[(45)]..

لای دۆلۆز ئەوەش تەنیا رەخنەگرتن نییە لەو مێژووە، بەڵکو رەخنەیە لەتەواوی داکۆکیکارانی ئێستای مۆدێرنە، کە لەڕێگای تیۆریی (بەردەوامبوون) دەیانەوێت مۆدێرنە بەپرۆژەیەکی فەلسەفیی تەواو نەبوو ناوبەرن، لێرەوە ئەوە بەپێویست دەزانین بپرسین، بۆچی هابرماس لەڕێگای تیۆری

بـەردەوامبوون کـە لەبنەڕەتـدا تیـۆرێکی کانتـە، ناتوانێـت درێـژە بـەپرۆژەی مۆدێرنە بدات..؟

پرسیاری لەم چەشنە بۆ دۆلۆز پرسیاری بەردەوامبوونی کلتووری دەقەکان نییـە، بـەڵکو پرسـیارێك دەبێـت کەچـەمکە بـۆ گوتـاری فەلـسەفی پێویـستیی بەجیاوازییە، ئەم تیۆرە نـەك تـەنیا توانـای هـەڵگرتنی جیـاوازیی نییـە، بـەڵکو تیۆرێکە بوونە کلتووریی وایکردووە نەچێتە ناو پەیوەندیی دیالەکتیکی لەگـەڵ دەقەکان، بۆیە لێـرەدا دەبێـت درك بـەو راسـتییە بکـەین کەگرفتەکـە لەبەکـەم وەرگرتنی دەقـە فەلسەفییەکان نییـە، هێنـدەی گرفتێکـی فەلـسەفییە رێگـای ئەوە نادات بەسەر کولتوورێکی رەخنەییدا بکرێتەوە، ئەو جۆرە داخرانـە لـەناو دەقـدا پرۆژەیەکـە دواجـار بەمـەرگی فەلـسەفە دەشـکێتەوە، بۆیـە ئـەو دژایەتیکردنـە لای دۆلـۆز بـەوە وەڵام دەدرێنـەوە کـە"فەلـسەفە هـیچ دوا ئارامگەیەك نادۆزێتەوە بۆ بـەردەوامبوون کـە بـەهێز کارناکـات، تـەنیا لـەبواری بۆچـوونەکان نـەبێت، ئـەوەش لـەپێناو خولقانـدنی کۆمەڵییـە، نـەوەك لـەپێناو خولقاندنی چەمك بێت"[46]..

بەمانای ئەو نایەوێت لەپێناو چەمك دژایەتیی مۆدێرنەو مێژووەکـەی بکـات، بەڵکو ئەوەی مۆدێرنە بـەرەو کۆتـایی بـوون دەبـات، دیـدو بۆچـوونە هاوبەشـە کۆمەڵییەکانـە، ئـەو دیـدەی لـەناو مۆدێرنـەدا نائامادەیـە، دیدێکـە بـەردەوام لەڕێگـەی رەخنـەوە جیاوازییـەکانی خـۆی دەستنیـشان دەکـات، جیاوازییـەك لـەناو ئـەو نـەوە رەخنەییـەی کەبەپۆسـت مۆدێرنـەکان ناسـراون، جیـاوازیی دەکەوێتـە نێـوان خۆشـیان، بۆیـە ئەگـەر دۆلـۆز بـۆ بنەچـەکەی ئـەو رەخنەیـە بـەرەو لای نیـچە بگەڕێتـەوە، ئـەوا یـەکێك لەهـەرە هاوسـەردەمییەکانی خـۆی کـە(فۆکـۆ)یـە، بـەرەو کانـت دەیباتـەوە، کـەدیارە ئـەو دووانـەش سـەرەتای رەخنەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەی لەسەر دامەزراوە[47]..

ئـەوەش لـەڕێگای ئـەو پرسـیارکردنەوە لەدەقـەکان دەتوانرێـت جیاوازییـە فەلـسەفییەکانی تێـدا بدۆزرێتــەوە، ئــەو پرســیارەش چــەندە بــەوەڵامی خولقاندنەوەی چـەمکمان دەگەیـەنێت، بـەڵام دواتـر تێدەگـەین، ئـەو پرسـیارە لەجەوهەردا بەمەبەستی دەرخستنی ئاراستەیەکی نوێیە بۆ جیاوازیی.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

1– بـەلای (دۆلـۆز) نووسـین پرۆسـەیەکە بـۆ نەخوێنـدەوارەکان ئەنجامـدەدرێت، ئەوانـەی خوێندەوارییان نییە، یان بەلانی کەم ئەوانەی نایانەوێ بمانخوێننەوە.

2- حوارات، جيل دولوز- كليربارني ترجمة (عبدالحي ازرقان)- (احمد العلمي) افريقيا الشرق 1999, ص67

3– هەمان سەرچاوە, ص78.

4– دڵەڕاوکەی مرۆڤ حاڵەتێکـە لـەوێوە دروسـتدەبێ، پرسـیارێك بـەدوای فرەچـەمکی مانـا دەگەڕێت، ئادەم چەندە پێویستی بەوەیە کە لەبەهەشت دەرنەکرێتو یەزدان قبوڵی بکاتو دوای دەکردن پرسیاری (بۆچی لەبەهەشت دەرکراین؟) ببێ بـەو پرسـیارە، لەهـەمان کاتـدا پرسیارێکی تر هەیـە، پرسـیاری (مـن)ی ئادەمـە لـەخۆم، کەبۆچـی ئـیرادەی ئـەوەم نـەبوو بەقسەی حەوانەکەمو سێوەکە نەخۆم!؟ ئـەو پرسـیارو گومانکردنـە پرسـیارە سـەرەکیەکە دەخولقێنێ، کەپرسیارە فەلسەفییەکەی (سپێنۆزا)یە

5- نقد النص, علي حرب, المركز الثقافي العربى- 1995, ص247

6– هەمان سەرچاوە, ص248

7– هەمان سەرچاوە, ص250

8– ئەوەش یەکێکە لەو بنەما رەخنەییانەی (دۆلۆز)و (دیریدا)لەیەك نزیکدەکاتەوە، چونکە پێـشتر (دریـدا) لەڕێگـەی چـەمکی (سـێنتر الیزمـی لۆگۆسـی) ئـەو رەخنەیـەی ئاراسـتەی ئەقڵانییەت کرد، وەك چۆن کاتـێ (دۆلـۆز) دەیـەوێ لـە خوێندنـەوەی بـۆ مێـژوو، ئازادبێـت لەچـەمکی (هیگڵیـو هایدگـەری)، ئـەوەش نزیکبوونـەوە بـوو لەچـەمکی (میتافیزیکیـای

ئاماده)ی (دیریدا)ەوه، لەکاتێکدا له دوا کتێبی لەگەڵ (فلیکس گوتاری) نووسیویانه بەناوی (فەلسەفه چییه؟) کەدەبوو ئاماژه بۆ دیریدا بکەن، کەچی پشتگوێی دەخەن.
ئەو فەرامۆشکردنه تەنیا لەئەنجامی توێژینەوەی ئێمه نییه بۆ دەقی ئەو دوو فەیلەسووفه، بەڵکو لای بیریارێکی عەرەبی وەك (علی حرب)یش بووەتە مایەی ئەوەی، کەلەو هۆکاره بپرسێت که (دۆلۆز) قسه لەفەیلەسووفه مەزنەکانی فەرەنسی دەکات، کەچی (دیریدا)لەو قسەکردنه دووردەخاتەوه.

9- نقد النص, ص252

10– فرۆید بڕوای وایه ئەو لەتەك (کۆپەر نیکۆس و داروین) سێ زامی نەرسیسی دەخەنه کلتووری خۆرئاوا .

11– دەروون شیکاری و پێڕەوی فرۆید جەی . ئێف . دۆنسێڵ وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد) سەردەم ژماره (9) ل[155] .

12– بۆ ئەوەی ئەو گومانەی (دۆلۆز) جیابکەیەنەوه لەو گومانه هرمنیۆتیکیەی (پۆل ریکۆر) کەگومانی فرۆیده لەشیکاری, ئەگەر چی دواجار له تەئویل کردنەوەی بۆ گومان ئەوەمان لابەجێ دێڵێت, که ئەو گومانه پرۆسەیەکه بۆ کرانەوەی زمان, ئەوەش وادەکات لەزۆر خاڵدا بۆ فرۆید لەگەڵ (لاکان) هاوڕابێت, بەتایبەت ئەگەر بۆ وته ناسراوەکەی (جاك لاکان) بگەڕێینەوه (زمان وەك نەست بونیاندنراوه), ئەوه (ریکۆر) بڕوای وایه ئەگەر (فرۆید) رەمزی خستنه ناو نەستەوه, مەبەستی لەو کاره ئەوه بوو لەفەزای نائاگایدا راڤەی رەمز بکەین, هەرچی (دۆلۆز)ه مەبەستی لەو گومانکردنه, گومانکردنه لەتەواوی ئەو تیۆره, چونکه لەبنەڕەتدا نەست رەتدەکاتەوه .

13- حوارات / جيل دولوز- كلير بارني ترجمة (عبدالحي ازرقان)- (احمد العلمي), افريقا الشرق- 1999 / ص[101] .

14– گرێی ئۆدیب / ئەریك فرۆم :
وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی) سەردەم, ژماره (9) / ل[182 – 184] .

15– هەمان سەرچاوه / ل[185] .

16- جاك لاكان و اغواء التحليل النفسي, ترجمة (عبد المقصود عبد الكريم) المشروع القومي للترجمة 1999 / ص[81] .

17- الفلسفة ترحال / عمر مهيبل :
نزوى / العدد (26) ابريل 2001 / ص28 .

18- قراءة المعرفة / مايكل باين, ترجمة (دانا سردار) 2001 / ص[189] .

19– هەمان سەچاوە / ل[190]

20– ئەو سەردەمەی کەبە (جیل دۆلۆز)ە وە دەناسرێت وەرگێڕانی (ئاوات ئەحمەد) بـوون ژمارە (5)ل[115] .

21- نيتـشة والفلـسفة، جيـل دولـوز، ترجمـة اسـامة الحـاج، المؤسـسة الجامعيـة للدراسات، بيروت، 1993، ص5.

22– لێرەدا کاتێ قسە لەچەمکی هەڵوەشاندنەوەی عـەقڵ ناکـەین، هۆیەکـەی ئەوەیـە لـە بەشێکی تری ئەو کتێبە لەسـەر ئـەو چـەمکە قسەمان کـردووە، بڕوانـە: هەڵوەشـاندنەوەی عەقڵو میتافیزیکیای فەلسەفە.

23- افول الاصـنام، فريـدريك نيتشة، ترجمـة (حسان بورقيـة) و(محمـد النـاجي)، افريقيا الشرق، 1996، ص24.

24- نيتـشة والفلـسفة، جيـل دولـوز، ترجمـة اسـامة الحـاج، المؤسـسة الجامعيـة للدراسات، بيروت، 1998، ص11.

25- مـاهي الفلـسلفة، جيل دولـوز، فليكس غتـاري، ترجمـة مطـاع صـفدي، مركـز الانماء القومي، بيروت، 1997، ص44.

26- افول الاصـنام، فريـدريك نيتشة، ترجمـة (حسان بورقيـة) و(محمـد النـاجي)، افريقيا الشرق، 1996، ص53.

27- مقـال فـي المـنهج الفلـسفي، ر.ج.كولنجـوود، ترجمـة ودراسـة وتقـديم (فاطمـة اسـماعيل)، مراجعـة (امـام عبـدالفتاح امـام)، المجلـس الاعلـى للثقافـة، 2001، ص22.

28- المعرفة والسلطة، جيل دولـوز، ترجمـة سـالم يفـوت، المركـز الثقـافي العربـي، 1987، ص8.

29– ئـەوەش پێوەنـدی بەبەشـێکی دیـاری شـەڕی نێـوان سـارتەرو فۆکـۆوە هەیـە، لای سارتەر ئەو بۆچوونەی فۆکۆ تـەواو مایـەی ڕەخنەلێگرتنـە، چـونکە بەلایـەوە کاتـێ (مـرۆڤ لەمارکسیەت دوور دەکەوێتەوە مانای دوور دەکەوێتەوە لەتێگەیشتن بـۆ پەڕینـەوە) بڕوانـە دەقـی ئـەو چـاوپێکەوتنەی سـارتەر: الحـوار، المعركـة (سـارتر)، بيـت الحكمـة، عـدد (1)، 1986، ص17.

30- المعرفة والسلطة، جيل دولوز، ترجمة سالم يفوت، المركز الثقافي العربي، 1987، ص118.
31- حفريات المعرفة، بيير بورجلان، ترجمة مصطفى كمال، بيت الحكمة، عدد (1)، السنة الاولى 1986، ص27.
32- الحوار، المعركة (فوكو)، ترجمة مصطفى كمال، هـ. س. پ، ص20.
33- فوكو قارئاً لديكارت، محسن صخري، مركز الانماء الحضاري، حلب، 1997، ص42.
34– ئەو شارەی لێی لەدایكبووم، دیدیار ئیریبۆن، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، سەردەم، ژمارە (9)، ل16.
35- تاريخ الفلسفة الحديثة/ وليم كلي رايت, ترجمة (محمود سيد احمد) المجلس الاعلى للثقافة 2001-ص518
36– نووسینەوەی ئەو چەمكە دۆلۆزییە وەك خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كەلەزمانی كوردیدا وشەیەكمان نییە دەقاودەق ئەومانایە بگەیەنێ، بۆیە نەمانویستووە وشەی تری بۆ دابتاشین‌و نووسینەوەی وەك خۆی پێمان باشتر بووە، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر ماناكە روون بكەینەوە دەڵێین لەزمانی عەرەبیدا بە (المسطح) ناسراوە.
37- البرغسونية/ جيل دولوز, ترجمة (اسامة الحاج) المؤسسة الجامعية للدراسات (بيروت)1997،ص15
38- التفسير الفلسفي للذاكرة، ميري ورنوك, ترجمة (فلاح رحيم) افاق عربية، حزيران،1992/ص86.
39– هەمان سەرچاوە ص86
40- البرغسونية/ جيل دولوز, ترجمة (اسامة الحاج) المؤسسة الجامعية للدراسات (بيروت)1997،ص53
41- ماهي الفلسفة، جيل دولوز-فليكس غتاري، ترجمة: مطاع صفدي، مركز الأنماء القومي، 1997، ص56.
42- جيل دولوز.. القطب الفلسفة الفرنسية، ترجمة وتقديم: كاظم جهاد، نزوي، العدد6-انترنيت.
43- دولوز وغتاري: الفلسفة هى فن ابداع وصنع المفاهيم، عمر كوش..مجلة الكرمل، العدد61، ص254.

44- جينالوجيات مابعد الحداثة، رشيد بوطيب، مجلة افق، العدد27نوفمبر2002-انترنيت.

45- ماهي الفلسفة، جيل دولوز-فليكس غتاري، ترجمة: مطاع صفدي، مركز الأنماء القومي، 1997، ص78.

46– هەمان سەرچاوە، لا31.

# بەشی دووەم
# هەڵوەشاندنەوە

# هەڵوەشاندنەوەی عەقڵ و
# میتافیزیکیای فەلسەفە

گوتاری فەلسەفی خۆرئاوا پێویستی بە گۆڕان وفەیلەسوفی جیاواز هەبوو, تا ئەو گوتارە فەلسەفیە هەڵوەشێنێتەوەو پێشنیاری فەلسەفی تر بخاتە ڕوو, ئەو کارەش نیتچە خستیە ڕوو, ئەگەرچی ئالۆزیی فەلسەفی لە تێڕوانینەکانیدا دەردەکەوێ, بەلآم تائەمڕۆ فەلسەفە نەیتوانیوە فەرامۆشی بکات, بەڵکو بووە بە چاوگەیەکی فەلسەفی بۆ چەندین دەقی فەلسەفی لای هەریەکە لە (فرۆید, فۆکۆ, هایدگەر, دریدا)تەنانەت ڕێگای بۆ هیتلەریش خۆشکرد کە لەچەمکێکی دژە عەقڵیەوە تووشی گرێی خۆ بەگەورە زانین بێت, بەلآم دەبێت ئەوە بەلای نیتچە نەشکێتەوە, چونکە ئەوە هیتلەر بوو فەلسەفەکەی بەموڵکی خۆی دەزانی, هەر بۆیە "کاتێ کە هیتلەر لەبەردەم بینای ئەرشیڤی نیتچەدا لەڤایمار دەستی ئەلیزابێت فۆرستەر نیتچەی ماچ کرد وەکو ئاماژەیەك بۆ قبووڵ کردنی نیتچە بە فەیلەسوفی ڕەسمی نازیستەکان, ئەوە نازیستەکان بوون کە دووچاری حەماقەت بوون, نەك فەلسەفەکەی نیتچە"[(1)].


www.dengekan.com
1/14/2007

ئەگەرچی بەهای مرۆڤ بەهۆی کلتورەوە دەناسێت و چەمکی بایەلۆژی و ڕەگەزی فەرامۆش دەکات, بەڵکو بەها دەداتە ئەو کلتورەی ئەو (خود)ە بەرهەم دێنێت, کلتورێکە بۆ ئەوەی ئەو بوونی خۆی بسەپێنێ دەبێ هەوڵی سڕینەوەی ئەویتر بدات, ئەوەش دامەزراندنی خود نیە بەڵکو درووست کردنی خودە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوانیتر بە خراپ ناو دەبات, بەو سڕینەوەیەش خۆی پێ لەسەر ڕاستیە, ئەوەش ناو دەنێ ئاکاری کۆیلەتی, بۆیە " هیتلەر کەسێك بوو کە سەرتاپای بونی پڕبوو لەهەستی بێزاری وهەستی تۆڵە سەندنەوەی ژەهراویانە, لێرەوە ئەستەمە بەنمونەی وێنەی نیتچەی بزانین بۆ کەسی شەریف"[(2)].

دیدی فەلسەفی نیتچە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بوو لەعەقڵی خۆرئاوادا کە مۆرکێکی وێرانکاری گرتبووە خۆی, ئەوەش لەو بۆچوونەیدا هاتبوو کە حەقیقەت نمایشێکی سەربازی خاوەن وێنەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە بۆ مەجاز, کە پەرپوەتەوە سەر زمانێکی ڕەمزی, ئەو زمانەش لەناو ڕێکخەرێکدا دەستی بەسەر دەسەلآتی حەقیقەتدا گرتووە, بۆیە دەبوو دابڕانێك لەو ئایدیۆلۆژیا دڕندەیە بخولقێنێ کەهاوکێشە یۆنانیەکە بکاتە پێوانە بۆ ئەو دابڕانە, بەوەی جیاوازی بکەین لەنێوان حەقیقەتو لۆژیك.

ئەو هاوکێشەیەش ڕاڤەکردنێکە بۆ دەقە فەلسەفیەکانی ئەفلاتوون لەبارەی سۆفیستاییەکانەوە, کەچی نیتچە ڕاڤەکردنی دەقی ڕەت دەکردەوە, وەك چۆن دژی دیالەکتیکی هیگلیش دەبۆوەو ڕەخنەی ئاراستەی عەقلآنیەت و مۆدێرنیتی خۆر ئاوا دەکرد, چونکە پڕۆژەی عەقلآنیەتی مرۆڤی خۆرئاوایی بەکارێکی نیهلیستی تەماشا دەکرد, بۆئەوەش وادەیڕوانی کە مەعریفە بەتەنها توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی نیە, بەڵکو پێویستی بەهێز هەیە, بەبێ ئامادەبوونی هێز هەرگیز خود لەتوانایدا نیە ببێ بەخاوەن مەعریفە[(3)].

گوتاری میتافیزیکیاش بە تاوانبار ناو دەبات, چونکە هۆکاری خولّقاندنی ئاکارە, بۆیە پرسیارەکەی گواستەوە بۆ ئەو بەهاو ئاکارەی کە جینالۆژیای گوتارەکە بەرهەم دێنێت, ئەوەش وایکرد پرسیارەکەی بکات بەپرسیاری هەڵوەشاندنەوەی گوتاری میتافیزیکی خۆرئاوا, ئەوەش رەخنەیەکی جینالۆژیە لە فکری ئەو گوتارە, هەوڵ دەدات بێ بەهایی ئەو گوتارە دەست نیشان بکات, بەواتای رەخنەیەکە دەیەوێ ئەو بەهایە لە رابردوو وەربگرێتەوەو پرۆژەی مۆدێرنیتی بە دەسخەرۆدانی مرۆڤەکان ناو ببات, ئەوەش نەك هەر رەخنەیەکە لە گوتاری میتافیزیکیا, بەڵکو رەخنەیەکی جینالۆژیە لە فەلسەفەی خۆرئاواش, بۆیە کاتێ لە (زەردەشت وای ووت) لەسەر زمانی زەردەشت دەڵێ: "دوور نییە ئەم قەدیسە پیرە هێشتا لە دارستانەکەدا شتێکی لەوە نەبیستبێ کە خوا مردووە"(4).

لێرەوە بیری فەلسەفی نیتچە لەبەردەم رەخنە لە مرۆڤی خۆرئاوایی بەتەواوی دەردەکەوێت, کە مەبەست لەمردنی یەزدانە, ئەوەش مردنێکی فەلسەفیە کە دەیەوێ عەقڵی خۆرئاوا لەبنبەستی بیرکردنەوە رزگار بکات, تاوەکو لەناو رابردوو خۆی نوقمی بیرکردنەوە نەکات و گۆرانێك لە عەقڵی ئەو مرۆڤەدا درووست بکات, ئەو مرۆڤەی یەزدانێکی قەبوولّە بۆکوشتنی ئیرادە خودیەکانی و بەردەوام مردنی بۆ پێشنیار دەکات، لەگەڵ مردنی یەزدان ئەو مرۆڤە دەمرێت.

بەواتای مردن لەگوتاری فەلسەفی تەنها مردنی یەزدان نیە, بەڵکو مردنی ئەوانەشە کە پەیوەستو پاشکۆی ئەو بوونەن, بۆیە ئەوە مەسیح نیە بەتەنها دەمرێ, بەڵکو کلێساو مرۆڤیش بەشدارن لەو مردنە.

بەمردنی مرۆڤ پێشنیاری(مرۆڤی بالا) ی خستە روو, چونکە عەقڵ ئەو پەرستگایە بوو کە لە هەڵوەشاندنەوەی دەبێ رەخنەگرتن لە عەقڵ ببێ بە پەرستگای نوێ کە ئەو قەدەرو پێشهاتانەی پەرستگا کۆنەکان دەیانبردەوە

ئاسمان, ئـەوا لـەهاتنی مرۆڤـی بـاڵا, ئـەو مرۆڤـە بۆخـۆی دەبـێ چـارەنووس و قەدەری خۆی دیاری بکـات, بۆیـە ئـەو چـەمکەی لـە ڕابـردووو هـەبوو بۆعـەقڵ هەڵیوەشاندەوەو عەقڵی لە تێڕامـانی ڕەخنەییـەوە سـەیر کـرد, بـەوەی عـەقڵ پێویستە گوتاری عەقلانیەتی باو هەڵوەشێنێتەوە, بە ڕەخنە گرتن لـەو مرۆڤـە مـردووەی کـە نوێنەرایـەتی عـەقڵی دەکـرد, ڕەخنەیـەك بـەمردنی یـەزدان ئـەو مرۆڤەش دەمردو جارێکی تـر لەسـەر پایـەکانی ڕەخنـەدا سـەیری دەکـردەوە, بەوکارەش گومانی خـستە ئـەو عەقڵـەی پێـی وابـوو لۆژیکێـك هەیـە وێنـای بـۆ ژیانی کردووە, نیتچە ئەو حەقیقەتەی خستە بەر گومان و مرۆڤـی بـاڵا ئـەوەی ئەو خوازیاری بـوو, مرۆڤێکە لەسـەر ئـیرادە خودیـەکانی مرۆڤـەوە وەسـتاوەو لەسیستمی ئاکـاری کۆمەڵایـەتیجیا دەبێتـەوە, ئـەو مرۆڤـە لـەناو نائاکاریەتـدا بەدوای ئاکاردا دەگەڕێت.

ئەگەرچـی بـوونی ئـەو مرۆڤـە لەسـاتەوەختی فەلـسەفەکەیدا قبـووڵ کـراو نەبێت, بـەڵام نیتـچە بـوونی ئـەو مرۆڤـەی بەپرۆژەیـەکی ئاینـدەیی مرۆڤایـەتی سەیر دەکرد, وەك چۆن بـوونی خۆشـی بـۆ فەلـسەفە بـە فەیلەسـوفی ئاینـدە دەبینی, بەوەی سەدەیەکمان دەیـەوێت بـەدوای مردنـی بـۆ ئـەوەی بیناسـین و بەدیدە فەلسەفیەکانی ئاشـنا بـین, لـەم ڕۆژگارەشـدا کـاتێ سـەدەیەك بەسـەر مردنی تێدەپەڕێت لەهەموو ساتێ زیاتر فەلـسەفەکەی دەرکـەوتووە کـەگوتاری عەقڵی فەلسەفی هەرگیز توانای نیە ئەو فەیلەسـوفە فـەرامۆش بکـات, چـونکە لەم ڕۆژگارەدا گومانکردن لە فەلسەفەی نیتچە بۆخـۆی گومانکردنـە لـە عـەقڵی متبـووی ئەوانـەی توانـای پـەیبردنیان بـە ئیـدراك نیـە, کەکەسـانێکن دەبێـت بەپرسیارە فەلـسەفیەکانی نیتـچە وەڵام بدرێنـەوە, "ئایـا چـیدیی مانایـەك بـۆ بەرزو نزم ماوە؟ ئایا ئێمە نوقمی ناو نـەبوون نـین؟ ئایـا شـەوێکی زۆر تـاریکتر وقوڵتر گەمارۆمان نادات؟ ئایا سـپێدان پێویـستمان بـە چـرا نیـە؟ ئایـا هێـشتا

گوێمان لەو گۆڕ هەڵکەنانە نیە کە گۆڕی خودا هەڵدەکەنن؟ ئایا نـاتوانین بـۆنی داڕزانی پیرۆزی بکەین؟"[5].

دیارە مەبەست لەو جۆرە پرسیارانە گۆڕانە لە عـەقڵێك کـە تـەرمی ڕابـردوو خانـەکانی بۆگـەنو قێـزەون کـردووەو نایـەڵێ ڕونـاکی بخەینـە نێـو دەشـتە تاریکستانەکانەوە, لەکاتێکدا ئێمـە نەگەیشتوینەتە ئـەوەی سـپێدانیش بـەبێ چرا بەرچـاوی خۆمـان ببینین, چـونکە عـەقڵی وەسـتاو توانـای بینینو جولـە کردن لەدەست دەدات, بۆیە پرسـیار لـە سیـستمی ڕابـردوو پـەردە هـەڵماڵینی حەقیقەتی مردنی حیکایەتەکانـە, ئـەو حیکایەتانـەی عـەقڵیان ئـەفیون دەکـرد کەمەسیحیەت سـەرەکیترین ئەفیونـەو وەك مـاددە بـێ هۆشـکەرەکان سـەیری دەکرد, بۆیە کاتێ خۆی بەفەیلەسوفی ئایندە سەیر دەکرد, ئەوسا دڵنیـا بـوو لەوەی ڕۆژگارێك دێت ئەفیون کردنی عەقڵ کۆنترۆڵ لەدەست دەدات و توانـای نـامێنێ جلـەوی عـەقڵ بکـات"گومـانکردن لـەئاکاری مەسـیحی شـتێکی بەڵگـە نەویستە, سـەرەنجام لێکدانـەوەی ئاکاریانـەی جیهـان کەجگـە لـە هـەڵاتن بـۆ میتافیزیکیـا لـەم جیهانـەدا شـوێنێکی دی شـك نابـات, هـیچ نیـە بێجگـە لـە نیهلیزم, هەموو شتێ بێمانایە, لێکدانەوەی مەسـیحیانە بـۆ جیهـان کـە قـابیلی بەرگری لێکردن نیەو وزەیەکی خۆڕایشی بـۆ خـەرج کـراوە, ئـەو گومانـەمان لا دەرووژێنێت کەتەواوی لێکدانەوەکانی جیهان درۆیە"[6].

چونکە مردنی یەزدان متمانە کردنە سەر مرۆڤە, ئەو مرۆڤەی دەیـەوێ ئـیتر مرۆڤی خۆرئـاوایی بـەدوای چـەمکێك نەکـەوێت کەلـەناو ڕابـردوو درێـژ بۆتـەوە, بەڵکو چەمکی ئەو مرۆڤە سۆپەرمانەمان لەناو بخـولقێنێ, ئـەوەش پرسـیارێکە ڕووبـەرووی ئـەو مرۆڤـەی دەکاتـەوە, پرسـیارە لـە گوتـاری میتافیزیکیـا کەخۆشنودی ئەو مرۆڤە دەوەستێنێتو بەکارێکی دەسـخەڕۆدان نـاوی دەبـات, دەبێ لە ڕێگەی سۆپەرمانیەوە خـۆی لـەو فریودانـە ڕزگـار بکـات, چـونکە ئـەو

هاوارەی مرۆڤ بۆ ئاسمان لەکاتی گوناهکردندا, ئەوە هاواری مرۆڤە کە دەچێتە ئاسمان نەك گوناهەکانی.

ئـەو پرسـیارەی ئـەو ئاراسـتەی مرۆڤـی کـرد, بۆخـۆی ڕەخنـەبوو لەمیتافیزیکیا, چونکە میهرەبانی مەسیح ئەو کەسەی مرۆڤی خۆش دەویست, دواجار لەخاچ دەدرێت, ئەوەش لەو ڕاستیەمان دەگەیەنێت کـە "هێرشـەکەی نیتچە ئاراستەی مەسیحیەت کراوە نـەك کەسـی عیسای مەسـیح خۆی, لەبەر ئـەوەی بـەبڕوای ئـەو مەسـیحیەت لـە ڕاسـتیدا لایـەنگری دۆڕاوانـە, لایـەنگری کەسانێکە کەناتوانن لەسەر پێی خۆیـان بووەسـتن وپێویـستیان بـە خـەڵکانێك هەیە, خەمیان بخۆن"[7].

مردنـی یـەزدانیش بـێ ڕەوشـتیەك نیـە, هێنـدەی ئاکـارێکی تازەیـە لـەدژی ئاکارێك کە مرۆڤی بەکۆیلـە کـردووەو نیتـچە دەیـەوێ (مرۆڤـی بـالا)لەشـوێنیدا دابنێت, ئەو مرۆڤەی کەتوانای گۆڕانی هـەبێت و لاواز نـەبێت, هـەر بۆیـە کـاتێ زەردەشت وەك هێمایەك بۆمرۆڤی بـالا پێمـان دەناسـێنێت کـە مرۆڤێکـە تـەواو لەخەسڵەتی مەسـیح جیایـە, گـەر بینینـی بـۆ مەسـیح بەرهـەم هێنـانی وێنـەی یەزدان بێت, ئەوا زەردەشت بەرهەم هێنانەوەی وێنەی مرۆڤە.

ئەوەش دەرکەوتنی ڕەخنەیەتی لە عەقلانیـەت, عەقلانیـەتی مرۆڤـی خـۆر ئاوایی کە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەت ڕەگی داکوتابوو, ئەو دەیویست ئـەو سیستمە عەقلانیە تێك بشکێنێت, چـونکە ڕیتمێکـی نـەگۆڕی لـەناو کۆمـەڵگادا خولقاندبوو, ئەوەی بەئاکار ناو زەدکراوە, ئەو ئاکارەی بـەلای نیتـچەوە دەبـێ گۆڕانی بەسەر دابێت, چونکە پێی وابوو ئەوەی لە خۆرئاوا هەڵگری ئەو ناوەیـە مۆرالێکی ئاژەڵیانەیە, کەمرۆڤەکان خۆیان ئەو بەهایەیان پێ بەخشیووە, بـەها بەخشین بە ئاکار دەست پێکردنی مێژووی عەقلانیەتـە, لەوەشـدا ڕەخنـەی لـە فەلـسەفەی عەقلانیـەتی هیگـل دەگـرت وهـەوڵی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو فەلسەفەیەی دەدا, لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سـەردەمی پـێش ئاکـار, بـەواتا بـۆ

بەر لەسەرهەڵدانی مێژوو, چونکە ئاکارومێژوو بەیەکەوە بنەمایەکی پتەویان بۆ عـەقڵی خـۆر ئـاوا دادەمەزرانـد, بۆگـۆڕانی ئـەو عەقڵـەش نیتـچە پێـی وابـوو هەڵوەشاندنەوەی ئـەو عەقڵە لـە ڕێگـەی ئـەو چـەمکە ئاکاریـەی خـۆر ئاوایـە, ئـــەوەش بـــەدوای خوێندنـــەوەی کتێبـــی(جیهـــان وەك ئیرادەوبیرۆکـــە) ی شـۆبنهاوەر, کەئــەو کتێبــە گـۆڕانێکی تــەواوی بەســەر بــیرو بۆچــوونەکانی هێناوتووشـی ڕاچـەنینێکی خێـرای کـردو وایکـرد توانـای پرسـیاری لادروسـت بکات.

گومـانی شـۆبنهاوەر لـە یـەزدان کـە بـۆ ئامـادە نـەبوونی ئـیرادەی مـرۆڤ دەیگەڕاندەوە, بەوەی تەنها مـرۆڤ خۆیـەتی توانـای ئـەوەی هەیـە هەسـت بـەو ئەندێشانە بکـات پـەی بەحەقیقەتـەکان ببـات, ئـەوەش سـەرەتای هاتنـە نێـو دنیایــەکی نــوێ بــوو بــۆ نیتــچە, کــە دواجــار بــووە بیرۆکــەی (وەهــای ووت زەردەشت).

ئەگەرچـی یـەکێك لـەو هۆکارانـە پـچڕانی پەیوەنـدیی هاوڕێیـەتی بـوو بـە (لۆسالۆمی)یەوە, چونکە خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەری بۆ ئەو کچە ڕووسـە هەبوو, بەڵام دوای ئەوەی (لۆ) ئامادە نەبوو شووی پێبکـات, پەیوەندیەکـەیان لەسەر داوای نیتچە پچڕاند, بەو پچڕانە تووشی ئازارێکی گەورە هـات, ئـەوەش وای لێکـرد بیگۆڕێتـە سـەر چـاوگەی فیکـری وسەرسـامی پێشتریـشی بـە شۆبنهاوەر کتێبەکەی پێ نووسـی, ناسینیـشی بـۆ (ڤاگنـەر)وای لێکـرد لەسـەر مۆسـیقاکەی بنووسـێتوکارەکانی بـەوە نـاوبرد کـە ڕۆچـوونە نێـو ئەفسانەیە, دیارە شۆبنهاوەریش ئاماژەی بەتوانای مۆسیقا دابوو بۆ ئـیرادەی مـرۆڤ, بـەڵام ئەو مۆسیقا زان نەبوو, کەچی نیتچە پیانۆی دەژەنی وتەنانـەت دانـەری چـەند ئـاوازێکیش بـووە, بـەبێ ئـەوەی بچێتە سـەر مۆسـیقای ڤاگنـەریش, ئـەوەش بەدوای ئەوەی بە دژی مۆسیقاکەی وەستایەوە, لەلایەك چونکە ڤاگنەر بەدوای کردنەوەی شانۆکەی لە (بایروت) لـە خۆبـایی ببـوو, چـاوەڕوانی دەکـرد نیتـچە

زیاتریشی لەسەر بنووسێت, ئەگەرچی کەسانێك وای دەبینن کە"ئەوە ریچارد ڤاگنەر نەبوو کە گۆڕا, بەڵکو ئەوە نیتچە بوو زۆر بەقوڵی گەشەی کردبوو کاتێك لە ڕۆحیەتی گریکی ڕادەما"[8].

دیارە لەسەرەتادا نیتچە نوقمی نێو جیهانی شۆبنهاوەرو ڤاگنەر ببوو, بەڵام دواتر توانی خۆی لێیان جیا بکاتەوە, بەهۆی درووست بوونی جیاوازی بۆچوونەکان, ئەو نەك هەر لە مۆسیقای ڤاگنەر جیا بۆوە, تەنانەت شۆبنهاوەر کە سەرسامی کردبوو, بەڵام دواتر کۆمەڵێك جیاوازی هەبوو لەبەرامبەر فەلسەفەکەیدا, دیارترینیان گۆڕینی فەلسەفەی مەرگی شۆبنهاوەر بوو بۆ فەلسەفەی ژیان, هەموو ئەو ڕەخنانەی لەفەلسەفەی سیاسی ڕۆسۆ گیران, توانای ئەوەیان نەبوو ستراتیژێکی ڕەخنەیی بەرامبەر بەو فەلسەفەیە دەربخەن, تەنها نیتچە نەبێت توانی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی کرد بیگەیەنێتە "ڕەخنە گرتن لە خودی عەقلانیەت"[9].

ئەوەش بەدوای قووڵ بوونەوەی بەنێو پرسیارە فەلسەفیەکان کە بۆخۆی بەرهەم هێنانەوەی دەقی ڕەخنەیی بوو لەبەردەم عەقڵی فەلسەفیدا, کەئەوەش بەردەوامی پێدەبەخشی, بەردەوامیەك کە مەبەستی بوو شوێنگەیەك نەبێ بۆ پشوودان, بەڵکو خوازیاری گۆڕانی گوتاری فەلسەفی خۆرئاوا بوو, بەوەی هەرگیز ئومێدێکی لا دروست نەدەکرد, کە خۆشباوەری فەلسەفەکانی پێشوو ئارامیان پێ ببەخشێ, (سوقرات) ی بە دەسکەوتی وێرانبوونی ژیاری یۆنانی ناو دەبردو(ئەفلاتون) ی بەوە تاوانبار دەکرد, بەوەی فەیلەسوف نابێ لەدژی وڵاتەکەی خۆیدا کاربکات.

سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی دەگرت لەسەر ژن لەژیاری یۆنانیدا, چونکە ئەگەر ئەفلاتون داوای یەکسانی بوونی ژنانی دەکرد لەڕووی کارومافو ژیانیان, ئەوا نیتچە ئەو کارەی بە لەدەستدانی توانای ژنان دادەنێ, چونکە تواناو مەزنی ئەوان لە ڕۆڵی دایکایەتیدا دەبینێ کە ئەو ڕێزە

دەوڵـەت پێـی بەخـشیوون, ئـەوەش بەمەبەسـتی هەڵوەشـاندنەوەی دیـدی ژیاریانەی ئەفلاتونە, چونکە پێی وایە کارەکتەرەکانی(ئەلیکتراوئەنتیگۆنا) ئەو ژنانەن تەنها لەئەدەبدا قەبووڵ دەکرێن, لـە واقیعدا کـەس ئـەو کەسایەتیانەی قەبووڵ نیە, چـونکە بەلایـەوە ژنـان زیـاتر بـەلای لەزەتـدا دەچـن وناپـاکی لـە ژیانی هاوسەرێتی دەکـەن, بـۆ خـۆ بـەدوور گرتنیـشیان دەبـێ سـکیان پڕبێـت ومناڵیـان ببێـت, لـەدەرەوەی پرۆسـەی منـاڵ بـوون ژن بەکەسـانی دڵ ڕەق وقێزەون دەبینێت[10].

بەلاّم دەبێ ئەوەمان لاسەیر نەبێت کە ڕەخنەکانی"ڕەخنە گـرتن نـەبوو لـە بیروڕای فەیلەسوفەکانی پێشتر, بەڵکو ڕەخنە بوو لە عەقڵی فەلسەفی"[11].

بـەو ڕەخنانـەش هـەوڵی وەسـتاندنی گوتـاری فەلـسەفی خـۆر ئـاوای دەداو دەیویـست ئـەو گوتـارە بـەرەو گـۆڕان بـچێت, ئـەوەش لـە ڕێگـەی ڕووبـەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو کلتورە فەلسەفیە, هەوڵ دەدات ئەوەمان بە ناڕۆشـنی لا نەمێنێتـەوەو چـیتر خۆمـان دەسـخەڕۆ نەکـەین, بـەوەی بـڕوا بەحەقیقـەتێکی گومان لێکراو بکـەین, بـەڵکو دەبـێ بـە ڕادەی یـەقین پێدان پێویسته خۆمـان کەشـفی ئـەو گوتـارە بکـەین, بـەهۆی ڕاڤـەکردنی ئـەو بونیادانـەی گوتـارە فەلـسەفیەکە دەخـوڵقێنن, ئـەوەش کارێکـە نـەك بەتـەنها دەبـێ بەسـتراتیژی فەلـسەفەی نیتـچە بـۆ فەلـسەفەکانی پـێش خـۆی, بـەڵکو فۆکـۆ بۆکارەکـانی نیتچەش بە پێویستی دەزانێ, ئەوەتە دەڵێ: "لـە کارەکـانی نیتـچەشدا ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاڤـەکردن هەمیـشە تـەواو نـەکراوە, فەلـسەفە بـۆ ئـەو چـیە گـەر جۆرە فیلۆلۆژیایەکی هەمیشە مۆلەق بوو نـەبێت, فیلۆلۆژیایـەکی بـێ کۆتـایی, هەمیـــشە والا بـــوو, فیلۆلۆژیایـــەك کەهـــەرگیز بەشـــێوەیەکی ڕەهـــا نەچەسپاوە"[12].

بۆیـە ئـەو حەقیقەتـەی نیتـچە دەیخـستە ژێـر ڕەخنـەوە, مێژووەکـەی بـۆ ئەفلاتوون دەگەڕاندەوە, وەك لـە کتێبـی (سـەرلە ئێـوارەی بتـەکان) ئامـاژەی



www.dengekan.com
1/14/2007

پێدەدا"سەرەتا ئەفلاتوون بوو جیهانی هەست پێکراوی لە دەستدا بۆئەوەی بە پیر دنیای ئایدیاکانەوە بڕوات"[13].

ئەوە بەسەرەتای ئەو جیهانەی ئایدیای ناو دەبات, کەدواتر لەسەر وێنەی مەسیح پەیکەری زەبرو زەنگی دەسەلاتی خوێناوی بەرهەم دێنێت, ئەو دەسەلاتەی ئەفلاتوون ڕێگایەکی بۆ دەدۆزێتەوە, تا دواتر کانت بۆئەوەی ڕەگی عەقلانیەت لەگوتاری میتافیزیکی بباتە خوارەوە, بۆیە بەلای کانت"هەرشتێ لەسەرووی عەقڵەوەیە, بەبێ هیچ پێویستیەك بە سەلماندنی عەقلانی تەقدیس دەکرێت, بەم شێوەیەش جیهانی ڕاستەقینە بە نەناسراویی دەمێنێتەوە"[14].

ئەو شێتەی لە (زەردەشت وای ووت) لەناو بازاڕدا ڕایدەگەیەنێت کەیەزدان مردووە, مرۆڤەکان کوشتیان, بانگەوازێکە بۆ ئازادبوونی شێتێك لەسیستمی عەقلانیو بیرکردنەوەی کۆنترۆڵ کراو, هاتنە خوارەوەی (زەردەشت)یش لە بەرزایی چیاکانەوە, مەبەستێکی فەلسەفی (نیتچە)یە, تاپێمان بڵێت کوشتنی عەقڵ سەرەتای سەدەیەکی نوێیە بۆ گۆڕان, بۆئەوەی زۆر ڕوونتر مەبەستەکانی خۆی لە دژی فەلسەفەی میتافیزیکیا ڕابگەیەنێت, ئەوەتە لەسەر زمانی درێوترین مرۆڤ پێمان دەڵێت, مردنی خوایەك پێویست بوو کەمەبەستی لە عەقلانیەت وگوتاری میتافیزیکیە, دەبوایە هەر بکوژرێت, چونکە"مرۆڤ بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کەشایەتێکی وا بەزیندوویی بمێنێتەوە"[15].

نیتچە کاتێ پرسیار لە چاکە دەکات, دەیەوێ هەرخۆشی وەلامی شاراوەیشمان پێ ئاشنا بکات, بەوەی هەموو ئەوانەی لای مرۆڤ لەهەستیدا گەلاڵە دەبن, دەبنە هۆی ئیرادەی هێز, وەك چۆن خراپە لە لاوازی درووست دەبێت,(کۆڵن ولسن) لەبارەی ئەو بۆچوونە پێی وایە ئەو نەمەبەستی هێرش

کردنە سەر یەزدان ونە بۆسەر مەسیحیەتیشە, بەڵکو هێرشی ئەو تەمە ناحەقیقەتەی ئەو فرمانەیە[16].

ئەو تەمەی حەقیقەتی بۆ کلێسا دەگەڕێنێتەوە, بۆیە کاتێ نیتچە بەدوای حەقیقەتی ڕاستەقینەدا دەگەڕێت, دەگات بەو بۆچوونەی کەیەزدانی ڕێسا.. یەزدانی جانجالۆکە یەزدانێکی مردووە.

ئەوەش ڕەخنەیەك بوو بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گوتاری میتافیزیکیوگۆڕان لەفەلسەفەدا, کە ئەگەر ستراتیژەکەی نارۆشنیش کەوتبێتەوە, بەلاّم توانای خوڵقاندنی زەمینەیەکی هەبوو کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سازاند, بۆیە لە خۆڕا نیە (دریدا)دەیەوێ ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە لەنێوان نیتچەو مارکس دەست نیشان بکات, ئەو لەژێر تێڕوانینی ئەو ڕەخنانەی نیتچەوە توانی خوێندنەوە بۆ دەقە فەلسەفیەکان بکات, بۆئەوەی بگات بەستراتیژی نوێی دەق, هەر لەو ڕوانگەیەوەش وای دەبینێ کەنەك هەر دەقەکانی مارکس, تەنانەت دەقەکانی(لینین)یش پێویستیان بەجۆرە خوێندنەوەیەك هەیە کە کەشفی ڕەوانبێژی ورەمزی ئەو چەمکانەی ناو دەق بکات.

لەوەشدا مەبەستی وازهێنانە لە میتۆدی باو بۆ خوێندنەوە کە تەنها پێکهاتە ڕووەکیەکان دەبینێت, ئەو خوازیارە لە خوێندنەوەدا پەیوەندیی سواو بەتایبەت لەگەڵ(هیگل)دا بپچڕێنین, چونکە ئەو بۆچوونانە بەردەوام دەقی میتافیزیکی بەرهەم دێننەوە, ماتریالیزمی دیالەکتیك لەکەناڵی مەجازیەوە گریمانەکانی وەلانا, بۆیە کاتێ (دریدا) ش لەو مەسەلەیەی دەکۆڵیەوە, هۆیەکەی ئەوەیە نیتچە کۆمەڵێك پرسیاری لەو نێوەندە ئاراستە کردووە, کە مەعریفە بخاتە نێو گۆڕان, بەمانای دەقەکانی مارکس چەندە بۆ ساتە وەختێك ئومێد دێنن, دەبێ جارێکی تر گوتاری ئومێد لەو دەقەدا بە چەمك ومانای ترەوە بخوێنرێتەوە, ئەگەرچی دریدا ئەوە بە باسێك دەزانێ

کەدەبێت جاریٚ دوای بخەین, ئەو لەدەرکەوتنی تێزەکەیدا زیاتر لە هیگل دەدوێت ودەیەویٚ ئەو ڕەوانبێژیە لادەرە بە ستراتیژییەك ئاشكرا بكات, كە لەجیاوازی وبەراووردكاریەوە درووست بووە, بۆیە بەبۆچوونی ئەو خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە دەچێتە ناو هەموو خوێندنەوە فەلسەفیەكانەوە ماركسیزم نەبێت, وەك لەخوێندنەوەی بۆ هیگل دەیەوێت ململانیٚ لەنێوان هەڵوەشاندنەوەو دەقی ئایدیۆلۆژیادا بكات, ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئەو دوانەیە بەدیار بخات, ئەوەش تاكڕەهەندی مانایە لای هیگڵ, بەپێچەوانەی دەقەكانی ماركس فرە ڕەهەندی مانا دەچێتە نێو پرۆسەی خوێندنەوە, هەڵوەشاندنەوە لەسەر دەستی نیتچە ئەوەی سانا كرد, كەدەكریٚ لەهەر گۆشە نیگایەكەوە چەمكی مێژوو لای هیگل بخوێنێتەوە, چونكە خولقاندنی زمان نەیتوانیوە لەئاستی بیركردنەوە تووشی (خۆ بیرچوون) نەبێت, ئەوەش بەلای نیتچە (كوێرییە), گەیشتن بەحەقیقەت لەڕێگەی لۆژیكەوە جگە لە كۆمەڵە هەڵەیەك بەهیچی تر ناوی نابات, ئەوەش بۆخۆی پرسیارە لە مەعریفەی مێژوو, مەعریفەیەك كە هیگڵ هۆشیاری ومێژوو بەدوانەیەكی هاونزیك ناو دەبات, كەچی هەڵوەشاندنەوە دەیەویٚ ئەو مەعریفە ئایدیالە هەڵوەشێنێتەوە, بۆ ئەوەش ڕووبەرووی هێزی ڕاڤەكاری مێژوو دەبێتەوە, مێژوو دەكەوێتە گەڕان بەدوای مانا, وەك چۆن ماناش دەیەوێت مێژوو ئاشكرا بكات, تاوەكو بزانین چۆن ماناكانی مێژوو دێنێتە نێو ئەو سەردەمەمان؟

ئەوەش پرسیاری هەڵوەشاندنەوەیە لەمێژوو, ئەو پرسیارەی ناتوانین لەو چەمكەی هیگلیزم وەڵامەكەی وە دەست بێنین, ڕەخنە گرتن لە هیگڵ گەڕانە بەدوای وەڵامدا, ئەوەش كەشفكردنی خاڵی داخراوە, مانا ئەو خاڵەی لە خوێندنەوەمان بۆ دەقی ماركس لەناو ماناكانی مێژوو تیایدا ناگەینە ئەنجامێك, ئەوەش مانای وایە هیگڵ لە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا زمان دەیخاتە هەڵەی فیكرەوە, لەكاتێكدا (تیری ئیگلتۆن) بۆچوونی وایە ماركسیزم

لەتوانایدا نیە ڕووبەرووی ئەو گومانە بەردەوامیە بێتەوە, مەبەستیشی لە ئازادبوونی دەقە کەبتوانێ هاوسەنگیەك لە نێوان ڕادیکالیەتی خۆی, وگەمەی سەربەستی بۆ مانا سەراپاگیرە ناکۆتاکان دابنێت[17].

لەو شوێنەدا ئەو قسەیە ڕاستە کاتێ پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانی سەرمایەداری لەیەك ڕەهەندەوە تەماشا دەکەین, هەموو ماناکان یەك دەلالەت بەرهەم دێنن, ئەو گومانەی مارکسیزم ڕووبەرووی دەبێتەوە, پێش ئیگلتۆن خودی نیتچە خۆی ئیدراکی پێکردووە, بەلآم ئەوەی دوای خۆی دەگوترێتەوە, دەیانەوێ ئالۆزی دەلالەتەکانی ڕوون بکەنەوەو دەست نیشانی مەعریفەی دیالەکتیکی بکەن, ئەوەش سەرخانە بۆ مەجاز, چونکە مەجاز دەبێ بە فەزای بینراو, کەمەعریفەی دەق ڕووە تاریکەکانی دەکەونە نارۆشناییەوە, بەمانای ماناکانی هەلۆەشاندنەوە دەیکاتە ماتریالی بینراو, ئەوەش وای لە هایدگەر کرد بایەخ بە ڕەخنەی نیتچە بدات, ئەگەرچی هایدگەر ویستویەتی لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی خۆیەوە تەئویلی بۆچوونەکانی نیتچە بکات, بەلآم ئەوە وای کرد کە دریدا بتوانێ پشتی پێ ببەستێ بۆ هەلۆەشاندنەوە, هەرئەوەشە وای لێ دەکات کە لەزۆربەی کاتەکان بۆی بگەڕێتەوە, چونکە هەست دەکات ئەو زەمینەیەکی خۆش کردووە بۆ هەلۆەشاندنەوە, بەدوای ئەوەی نیتچە هەولێدا گوتاری میتافیزیکی هەلۆەشێنێتەوەو گۆڕانێکی فەلسەفی بخولقێنێت, ئەو گۆڕانەی بەبێ هەلۆەشاندنەوەی گوتاری میتافیزیکی لەتوانایدا نەبوو گۆڕان دروست بکات, هەر ئەوەشە هایدگەر ئەو بایەخەی پێداو (دریدا) ش بۆ هەلۆەشاندنەوەی گوتاری سێنترالیزمی لۆگۆسی, پشت بەتەئویلەکانی هایدگەر دەبەستێ, ئەوەشیان خالێکی جەوهەری نێوان هایدگەرو دریدایە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1- نیتچە/ پۆل ستراتێرن, وەرگێڕانی"ئازاد بەرزنجی"دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/2001, لا47

2- میراتی نیتچە/ کیت ئانسل پیرسۆن, وەرگێڕانی"ڕێبین هەردی"سەردەم, ژمارە11, لا99

3- فۆکۆ لەکارکردنی لەسەر دەقی نیتچە توانی سوود لەو دیدە فەلسەفیە وەربگرێتو چەمکی (هێز)ی گۆڕی بە (دەسەڵات) بەوەش گەیشتە ئەو ئاستەی کە مەعریفە بەجۆرێکی دەسەڵات سەیر بکات.

4- وەهای ووت زەردەشت/ فریدریك نیتچە, وەرگێڕانی"ڕاسان موختار"گوتار ژمارە 6, لا165

5- نیتچە/ پۆل ستراتێرن, هـ. س.پ, لا35

6- هـ.س. پ, لا43

7- لەگەڵ ئەقڵی خۆر ئاوا/وەرگێڕانی "ئازاد بەرزنجی"دەزگای چاپوپەخشی سەردەم, 2001, لا 77

8- ئەلێکسیس فیلۆ نینکۆ: نیتچە فەیلەسوفی ژیان, وەرگێڕانی "شاهۆ سەعید"سەردەم ژمارە 11, لا141

9- دیالەکتیکی ڕۆشنگەری/بابەك ئەحمەدی, وەرگێڕانی"ڕێبین هەردی" سەردەم ژمارە1, لا 7

10- نیتچەو فیمینیزم/کیت ئانسل پیرسۆن, وەرگێڕانی"ڕێبین هەردی"سەردەم ژمارە 11, لا 105

11- مۆدێرنیتەو قەیران/بابەك ئەحمەدی, وەرگێڕانی"ڕێبوار سیوەیلی" سەردەم ژمارە5, لا 61

12- نیتچە.. فرۆید.. مارکس/ میشیل فۆکۆ, وەرگێڕانی"ئەنوەر حەمەی ساڵح" سەردەم ژمارە9, لا 10

13- مۆدێرنیتەو قەیران/بابەك ئەحمەدی, لا 56

14- هـ.س, لا56

15- هـ. س, لا59

16- سقوط الحضارة/ كولن ولسن, ترجمة"انيس زكي"دار الاداب-بيروت/1971, ص213

17- التفكيكية النظرية والتطبيق/كريستوفر نورس, ترجمة"رعد عبد الجليل جواد" دار الحوار 1996, ص87

# کۆتایی ئایدیۆلۆژیاو سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە

کاتێ لەناو کلتوردا خاوەن دەقێکین, دەقێك دەیەوێ مەعریفە لە ئەمڕۆدا بخاتە ڕوو, ئەوا دەبێ خوێندنەوەی جیاوازو نوێ بۆ دەق بکەین, ئەوەش ساتەوەختی مەعریفەیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئێستا, بۆیە پرسیاری ئێمە لە چۆنیەتی دەست کەوتنی مەعریفە, پرسیارێکە تەنها بەوە ناوەستێ کە ئاراستەی خۆمانی بکەین, بەڵکو دەبێت لەگەڵ دەقدا ڕووبەرووی بکەینەوە, چونکە ئێمە نابێ دەق وەك کلتورێکی فەرامۆش کراو سەیر بکەین, دەقی زیندوو ئەو دەقەیە کە دەبێ پرسیارەکان ئاراستەی سێنتەری دەق بکرێت, بەلاّم بە مەبەستی گەڕان بەدوای پرسیارەکان, نەك ئینتیماکردنێکی سەلەفیانە بۆ دەق, چونکە ئینتیماکردنی سەلەفیانە بۆ دەق جگە لەبەرهەم هێنانەوەی گریمانەی مێژوویی هیچتر ناخوڵقێنێ, ئەوەش زەمەنێکە دەق لە ئێستا دادەبڕێت.

بونیـــادی زینـــدووی دەق کەپرســـیاری ئاراســـتە کـــراوە, ڕووبەڕووبوونـــەوە لەگەڵیـــدا مەسەلەیەکی ئاکاریە, کەزیندویەتی ئەو فەرامۆش ناکەین وبەشداری لـە پرۆسـەی بیرکردنـەوە پێدەکەین, ئەوەش هاوبەشیەکی فکریە لە دژی ئـەو وەهمانـەی دەیانـەوێ بـە زلهێـزیو لـەژێر تیشکی ڕۆشناییە هەڵخەڵەتێنـەرەکان مـەرگی دەق ڕابگەیـەنن و خۆیـان بـە ئەلتـەرناتیڤی دەق پێناس بکەن.

بۆیە تاکە ئومێد بۆ ئیشکردن لەناو پرسیارەکاندا تەنها داننانە بە زیندویەتی, بەوەی دەتوانێ لەگەڵمان هاوبەش بێـت لـە بیرکردنـەوەدا, ئـەوەش هێنانـەوەی تارماییەکەیەتی لەنیوە شەودا تا مەرگ بسڕینەوەو دڵنیابین لە زیندوویەتی, بۆیە مارکـسیزم بـۆ جـاك دریـدا لـەنێوان دوالیزمـی ژیـانو مردندایـە, هێنانەوەشـی بۆسـڕینەوەی مەرگـە, ئـەوەش ئلتیزامێکـی ئاکاریـە کـە هەڵوەشـاندنەوە پێـی هەڵدەستێ ولەڕێگەی ئەو دوالیزمەوە تارمایی دێنێتەوە, لەگەڕانەوەشیدا دەبێت بپرسین: تارمایی چییە؟

دیارە ناوبردنەوەی مارکس بـە تارمـایی لـە دوو ڕووخسـاردایە, کەیەکـەمیان هەیمەنەی گوتاری مارکسیزمە بەسەر گوتـاری ژیـاری خـۆر ئـاوادا, بـەوەی ئـەو تارماییـە دەیـەوێ خـۆی بـە تاکـە فەلـسەفە نـاو ببـاتو هەیمەنـەی گوتـارە فەلسەفیەکانی تر بکات, ئەوەش هەوڵدانێك بـوو بـۆ قبـوولّ نـەکردنی جیـاوازی, ڕەتکردنـەوەی دەنگـەکانی تربـوو, بەرامبـەر بـە دوژمـن سـەیر دەکـات, بۆیـە بـەتارمایی بینینـی مـارکس شکـستێکی لـەناو خۆیـدا هـەڵگرتبوو, کەشکـستی مارکسی ئایدیۆلۆژیە نەك فەلسەفی, شکستی ئەو عەقڵەی کـە هـەڵگری گوتـاری مارکسیزم بوو, ئەو عەقڵەی دەیویست پێمان بڵێت"تارمایی ئەورووپی.. تارمـایی کۆمۆنیزمە"[1].

بۆیە بەپیرۆز کردنی دەقی مارکس هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەیرکردنەوەو بە دۆگما کردنی مارکس, ئەوەش مەترسیەك بـوو ئـەنگلس زوو هەسـتی پێـی کـرد, بۆیـە وای دەبینـی کەلەگـەڵ کەشـف بـوونی نهێنیـەکانی گـەردوون, دەبێـت

مارکسیزم هەوڵی بەخۆدا چوونەوە بدات, بـەڵام بـەپیرۆز ڕاگرتنـی دەق وای کـرد کەچـەمکی کۆتـایی مێـژوو بۆکۆتـایی مـارکس ڕابگەیەنـدرێت, ئەگەرچـی ئـەوە کۆتـایی ئـەو عەقڵـە بووکـە دەیویـست هـەڵگری گوتـاری مارکـسیزم بێـت لـەناو دنیایەکی مت بوو, بۆیە کاتێ دریدا ئەو تارمایـە دەگەڕێنێتـەوە, مەبەسـتی لـەو ڕووخـسارەی نیـە بۆسـەر ژیـاری خـۆر ئـاوا, بـەڵکو مەبەسـت ڕزگاربوونـە لەوەهمـەکانی کۆتـایی, ئـەوەش دەرکـەوتنی ڕووخـساری دووەمـی تارماییـە, ڕووخسارێك بۆ ڕزگاربوونو کەشـف بـوونی حەقیقـەت دێت, کـە بـە دڵنیاییـەوە ترسێك هەیە ئەویش ترسی تارماییە, ئەو ترسەی لـە نێـوان کۆمـۆنیزم وکۆتـایی مێژوو تووشی بەریەککەوتن دێـن, ئـەوەش ترسـێکی هاوبەشـە لەسـەر تارمـایی یەکتری کە دریدا پێی وایە ئەو ترسە لەهەر شتێکی تر مەترسیدارترە.

بۆیە دریدا هـەرگیز نایـەوێ تارمـایی مـارکس بگەڕێنێتـەوە, تـاوەکو بـەرەو یەك فەلسەفە ڕێگا ببڕین, بەڵکو مەبەستی ڕزگارکردنی تارمایـە لـەناو مـارکس, ئەو تارماییەی تالێیەوە دەرباز نەبین, ناتوانین دەقـەکانی بخوێنینـەوە, دیارە ئـەو پرسـیارەی هەریـەك لـە دریـداو فۆکۆیامـا دەیکـەن لـەبارەی ئاینـدەی مارکسیزم, پرسیارێکە هەڵوەشاندنەوە دەیەوێ بە پێچەوانەی کۆتـایی مێـژوو لـەبری مـەرگ ڕاگەیانـدن, داوا دەکـات سـەرلەنوێو لـە گریمانـەی جیـاوازدا دەقەکان بخوێنینەوە, بۆیـە ئێمـە لەبـەردەم هـەردوو ڕووخسارەکەی تارمـایی دەبێت بپرسین ئایا زەمەنی مارکس گەڕانەوەی مێژووی تارماییـە؟ یـا تارمـایی لەپێناو گەڕانەوەی جیهانی وێرانکراو دێت؟

چونکە تارمایی بۆ ئەوە نایەت داکۆکی لەمانەوەی خـۆی بکـات و درێـژە بـە ڕووخساری یەکەمی خۆی بدات, بەڵکو دریدا بـۆ ڕزگـار بـوونی ئێمـە دەیهێنێـت, ئەوەش بینینی مارکس نیـە بـە فریـاد ڕەسـێك, ئێمـە دڵنیـاین لـەوەی "مـارکس دەرمانی ڕزگار بوونمان ناداتێ, بەڵام ئەوەمان بـیر دەهێنێتـەوە کـە نەخۆشـینو واچاکترە مشورێکی چارەسەرکردنی خۆمان بخۆین, ئەو هەندێ دەرمانیشمان بۆ

دەست نیشان دەکات, بەلاّم لەسەر ئێمەیە کە لەئاست کاریگەری ئەو دەرمانانە بتۆژینەوە"[2].

ئەوەش بۆ هۆشیار بوونەوەمانە لەناو گوتاری مانەوە, تاوەکو هەولّی گۆڕانی ئەو گوتارە بدەین کە زەمەنی ژیانی کوشتووە, کاتێ تارمایی دێتەوە بە مەبەستی تێگەیشتنمانە لە حەقیقەتی تاوانی کوشتن, بۆیە ئەو دەیالۆگەی تارمایی کە خۆی بە ڕۆحی باوك بە ئێمە دەناسێنێ, دەنگێکە بۆ وریابونەوەی ئێمە, بۆ بێدەنگ نەبوونمان لە کوشتن.

بێدەنگ نەبوون چەندە ئیلتیزامێکی ئاکاری دریدایە لە زەمەنی نەمانی بەها ئاکاریەکان بۆ گەڕانەوەی پێودانگ وبەهاکان, هێندەش وەلاّمێك وهەلّوەستەیەکە بۆ ئەوانی بە پۆست مۆدێرنیتی ناوی دەبەن, چونکە بەشێکی دیاری پۆست مۆدێرنیتیەکان مارکس بەیەکێك لە حیکایەتەکان سەیر دەکەن, بەلاّم دریدا مارکسی فەیلەسوفی مۆدێرنیتی دەگەڕێنێتەوە ناو باسی فەلسەفی و بەوەش دەبێ زۆر جیاوازتر سەیری دریدا بکەین و لەناو پۆست مۆدێرنیتی نەیهێلینەوە, وەك چۆن کاتێ مارکس بەتارمایی ناو دەبات, مەبەستی لە بەتارمایی کردنی مارکس نیە بۆ ژیاری خۆر ئاوا, کەدیارە ناشیەوێ بەو فەیلەسوفە ناوی بەرین کە دابڕانی ئەبستمۆلۆژی لە فەلسەفە هێناوەتە کایەوە, ئەگەر بەلایەوە گەمەی زمانەوانی بەمەبەستی کەشفکردنی نادیاری دەق بێت, ئەوا لە خوێندنەوەی بۆ مارکس لەو ستراتیژە نامێنێتەوە, بەلّکو گەڕانەوەی بۆ مارکس لەتایبەتمەندێتی ڕەخنەی مارکسەوە هاتووە, کەدەتوانێ بەبێ پێك گەیشتنی زەمەنیو پەیوەندیی ڕێکخەر لەنێوان شتەکان ڕەخنەکانی خۆی ئاراستە بکات, بەمانای ئەوەی دەقی مارکس ئەو توانایەی تێدایە بەبێ گەیاندنی (زەمەن.. مرۆڤ.. شتەکان)پەیوەندیی دروست بکاتەوە بە (ئێستا)مان, ئەوەش بۆ هەلّوەشاندنەوە گۆڕینو تێکشکاندنی گریمانەی ناو دەقە کە سنورێکی بۆ

پەیوەندیەکانی دروست نەکردووە, کە بۆ دریدا بوەتە هۆی ئەوەی وەك هەر فەیلەسوفێکی تر سەیری مارکس نەکات, بۆیە مەبەستیەتی ڕاڤەی ئەو کلتورە فەلسەفیە بکات کە مارکس بەرهەمی هێناوە, ئەگەرچی خاڵی ترازان لە خوێندنەوەکەدا لەویٚ درزێك دەخاتە نێوان(دیالەکتیك/ هەڵوەشاندنەوە) بەوەی بەهۆی دروستکردنی وێنەی تارمایی و دواتر مردنی ئەو تارماییە بە مەرگی مارکس ناو دەبرێت.

هەڵوەشاندنەوە دەیەوێت ئەو خاڵی ترازانە بکاتە پانتاییەکی فەلسەفی بۆ دەیالۆگ, بەوەی مردن ببیٚ بە خوێندنەوەیەکی تر, ئەوەش هەڵوەستە کردنی زەمەنیە, گەڕانەوەی مارکسە لە ئایدیۆلۆژیاوە بۆ فەلسەفە.

کوشتن پرۆسەیەکە مەحالیەت نییە, بەلاٚم دەبیٚ لە نێوان دەمامكو خود بزانین کامیان کوژراون, ئایا کۆتایی مێژوو بەکەوتنی دەمامك دەتوانیٚ کۆتایی خود ڕابگەیەنێت؟

چونکە خود نەمردووە, بەڵکو ئەوە دەمامکە لەشەڕی ئایدیۆلۆژیا شکست دەخوات, ئەو شەڕەی لەدەرەوەی ململانێی فەلسەفیەوەیە, بەواتایەکی تر باوکی کوژراو.. باوکی فەلسەفی نییە, بەڵکو باوکی ئایدیۆلۆژیە, تارمایش ئەمجارە تارمایی مردوو نیە, بەڵکو تارمایی فەلسەفیە حیکایەتی مەرگی ئایدیۆلۆژیا و ململانێکانی دەگێڕێتەوە, هەربۆیە ئەوەی ڕوویدا حەقیقەتێکە کەمارکس لەیەکەم لاپەڕەی مانیفێستدا ئاماژەی بەو تارمایەدا کە لە ئەوروپادا لەهاتو چۆدایە, ئەویش.. تارمایی کۆمۆنیزمە, دواتر(ئەنگلس) یش لەپێشەکی چاپە ئینگلیزیەکەیدا, پراکتیزەکردنی مانیفێست لەهەر شوێنێکدا بۆ بارودۆخو مێژووی ئەو کاتە دەست نیشانکراوە دەگەڕێنێتەوە, بۆیە گەڕانەوەی تارمایی لەلای دریدا دڵنیابوونە لە زیندوویەتی, ئەوەش ژیانی هاوبەشی ئێمەیە لەگەڵ تارمایی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە, هەر ئەوەش وامان لیٚ دەکات بەشێوەیەکی تر توانای ژیانمان هەبێت لەگەڵ(ئەو)دا, ئەو تارماییەی لە نیوەشەودا دێتەوە,

نەك ئەوانەی لە (ئێستا)قسە لە مەرگدۆستی دەکەن, بەڵکو بینینەوەی تارماییوەدان بەو مەرگە نەهێنین کە تائێستا دادوەری تێدا نیە, بۆئامادەگی دادوەریش دەبێ قسە لە تارمایی بکەین, بەبێ قسەکردن لە تارمایی لەجیهانێکداین لەناو نائامادەگیەکی ئاکاری گەورەدا دەسوڕێینەوە کەتوانای پرسیاری داهاتوومان لەدەست داوە, بەوەی داهاتوویەکی نارۆشن بەهۆی ژیانی ئێستاو ڕابردوو دەبینین, توندوتیژی سیاسیو قوربانیانی جەنگ ئومێدی ژیان دەکوژن, چۆن بەو دڵە ڕاوکەیەوە تارمایی ئومێدی ژیان درووست دەکاتەوە؟

ئەوەش پرسیارە لە داهاتوو, بەوەی بەرەو کوێ دەڕۆین؟ فەلسەفەو دەق ئاراستەکانیان بەرەو کوێ دەگۆڕن؟ ئەی ئێمە لەگەڵیاندا ڕووەو کوێ سەر هەڵدەگرین؟ ئایا هەڵوەشاندنەوە بەو جۆرە پرسیارانە دەتوانێ دادوەری وەدەست بێنێتەوە؟ یان تەنها مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارەیە کە ژێر خانێکی وێرانی بۆ داهاتوو خولڤاندووە؟

دەبێ لەو پرسیارەوە وێستگەیەك بدۆزینەوە کە دایبڕین لە بەردەوامی, چونکە بەردەوامی ڕێگا نادا دادوەری لەگەڵ خۆمان بەرینە ناو داهاتوو, بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو دیدەی ئەمڕۆ دادوەری دەتوانێ پاشە ڕۆژێکمان بۆ دابین بکات, بەجیاواز لە ژیانی هەنوکەییمان کەبەرەو مەرگ ڕاپێچمان نەکات, هەموو ڕاستیەکان لەگەڵ دەرکەوتنی تارمایی دەست پێدەکەن, نهێنی ڕاستی شاراوە ئەوەی سیستمێك هەوڵی شێواندنی دەدات, بەڵام گەڕانەوەی تارمایی کوشتنی چاوەڕوانیە, ئەو کوشتنەش تێکشکاندنی سیستمی فاسدبوونە, گەڕانەوەیە بۆئەوانەی لەدەستمان داون, ئەوەش خولڤاندنێکی تر نییە کە لەگەڵ واقیعدا بیگونجێنین, بەڵکو واقیعی ئەو ڕەوتەیە کەهەڵگری کۆمۆنیزمەو دەیەوێ سیستمی ئێستا هەڵوەشێنێتەوە, ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی ئاکارێکی سەپێنراوە وکۆمۆنیزم دەیەوێ مێژوویەکی جیهانی تێدا بسەپێنێ ونەیبەستێتەوە بە نەتەوەیەك وکێشوەرێکی تایبەتەوە، بۆیە کاتێ دەمانەوێ

ئەوانەی لەدەست دراون بیگەڕێنینەوە, شۆکێك نیە ئەمرۆ توشی هاتبین, چونکە ئەوە کلتورێکە بەدرێژایی مێژوو هەوڵیداوە خۆی بخزێنێتە ناومانەوەو لەگەڵماندا بکەوێتە ململانێیەکەوە.

هـاتنی تارمـایی ئـەو حەقیقەتـە شـاراوەمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە کەئـەوەی ڕوودەدات کارێکی تازە نییە, ئەوەشە تارمایی داوامان لێ دەکات دوای بکـەوین, تا لەو ڕاستیەمان بگەیەنێت, تارمایی بەرەو کۆڵانەکانی مێژوو دەمانبات, بەوەی ئەوەی ڕوویداوە سیستمێکە بۆ فاسدبوون کە دەبێ هۆشیاربین لەبەرامبەری نەك بـە دابـڕانو ئـەزموونو قۆنـاغێکی نـوێ نـاوی بـەرین, بۆیـە ئێمـە وەك هاملێـت بەتارمایی ناڵێین "لەوە دوورتر لەگەڵتا نایەم" چونکە تارماییەکەی ئێمـە و ئـەو یەك وەڵامی پێیە "من ڕۆحی بـاوکتم" ئـەوەش ڕاچـەنینێکی مێژوویيـە کـەدەبێ لەتاوانی کوشتنی تارمایی وریا بینەوە, چونکە ئەو تاوانە هۆکاری سـەرەکیە بـۆ درووست بوونی ئەو دۆخەی (ئێستا)ی تێدا بەرهەم هـاتووە, ئێمـە لـە بـڕی ئـەو پرسیارەی هاملێت کردی, دەتوانین پرسیاری تـر بکـەین, چـونکە پرسـیارەکەی ئەو گومان بوو لە تارمایی, بەڵام ئێمـە گومانمـان لـە تارمـایی نیـە, بـەو پێیـەی بەبەشێکی لە سیستمی سەپێنراوی دەزانین, بـەڵکو دەمانـەوێ ڕووی فەلـسەفی تارماییمـان بـۆ ئاشـکرا بێـت, ناسـینو دەلالـەتی ئامـادەبوونی چ ڕەهەنـدێکی مێژوویی دەگرێتە خۆی؟ ئایا ئەو پرسیارە تووشـی بەریەککـەوتن نابێـت لەگـەڵ پرسیارە گوماناویەکەی هاملێت"مـن هـەم یـان نـیم, ئەوەیـە گرفتەکـە" چـونکە پرسـیار لـەهاتنی تارمـایی پرسـیارە لەگـەڕان بـەدوای شـوناس, لـەوەی تـەنها سێبەرێکە یان حەقیقەتێکە بۆ ئاشکراکردنی تاوان؟

لەکاتی دوانی تارمایی ئێمە ئەوەمان بـۆ سـاغ دەبێتـەوە کـەتارمایی سـێبەر نییە, چونکە ئەو دەئاخڤێ, بەواتای توانای دواندنی هەیەو هاتووە تا ئەو لێڵیەی خراوەتـە سـەر (زەمـەنی ئێـستا) ڕۆشـنی بکاتـەوە, ئـەو زەمەنـەی لـە ئێـستادا کۆتـایی ڕادەگەیـەنێت, بـەوەی هـەموو شـتەکانی دوێنـێ ئەوانـەی لـە (زەمـەنی

ڕابردوو)بەهای خۆیان دەست نیشان دەکرد, ئەوا ئەو زەمەنە دەیخاتە ناو پڕۆژەی کۆتایی.

کۆتایی لێرەدا بەیەك ڕوانین سەیری(مێژوو.. فەلسەفە.. مرۆڤ) دەکات, ئەگەرچی کۆتایی ئەو چەمکەیە کەناتوانێت بێتە ناو فەلسەفە, چونکە چەمکێکە خاوەنی یەك ڕەهەندە, هەر بۆیە بوونی خۆشی فاکتەرێکی درەنگ هاتووی نێو فەلسەفەیە, چونکە ئەو چەمکە لەسەردەمی (هیگل)ەوە ویستویەتی بێتە ناو کایە فەلسەفیەکان, بەلاّم چونکە خاوەن یەك ڕەهەندە لە تێڕوانینەکانی, ئەوەش وای کردووە ئاسۆیەکی بۆ داهاتوو نەبێت, بەلّکو هەلّگری گوتارێکی ساتەوەختیە کە گەر بەناو ڕەهەندە قولّەکانی فەلسەفەدا بیبەینە خوارەوە, بۆخۆی تووشی شکست دێت, ئەوەش هەناسە کورتی چەمکی کۆتاییە, کەتوانای نیە فەلسەفە بباتە ناو پڕۆژەی سڕینەوە, بەلاّم ئەوەی وادەکات گەڕانەوەی (فۆکۆیاما) بۆناو هەمان باس گوێی لێ بگیرێت, دەگەڕێتە بۆ تەئویلکردنی ڕووداوێك, بەواتای ئەو وەك (هیگل) پێشبینی ناخاتە ڕوو, بەلّکو هەرەس هێنانی بلۆکی سۆسیالیستی بەکۆتایی مێژوو ناو دەبات, یانی ئەو هات تەئویلی بۆ ڕووداوەکە کرد, نەك پێشبینی گوتارەکە بخاتە ڕووکە بە تەئویل کردنی چەمکی فەلسەفی فەزای ئەو چەمکەی لەناو دەقەکانی مارکسو هیگل دۆڕاند, لەبەر ئەوەی ئەو نەیتوانی پەیوەندی"نێوان ڕێژەگەری مەعریفەی مرۆیی لەکۆمۆنیزمی مارکسو سرووشتی مرۆڤ لە نالۆژیکیەت و تێپەڕ بۆ مێژوو لە لیبرالیەتی هیگلّ"(3) ڕابگرێت, بەلّکو بەبیّ نرخ دانان بۆ هەریەك لەو دوو چەمکە فەلسەفیە کاری کردووە, ئەو هەرگیز نەیتوانیوە ڕەخنە لەوە بگرێت کە مارکسیزم لەناو فەلسەفە پێکهاتەی دەسەلاّت دەخولقێنێت, دەسەلاّتێك لەوەوە هاتووە کاتیّ دریدا مارکس بەکۆمەلّە تارماییەك ناو دەبات کە(نەتەوە.. خێلّ.. کۆمەلّگا)پێك دێنن, بەبیّ سەرۆکێك, بەلّکو دەسەلاّتێکی کۆمەلّییە, دەسەلاّتێك هیچ کۆبوونەوەیەك ئەوانی کۆ نەکردۆتەوە, بەلّکو ئەوە فرە بەهێزی دەسەلاّتی

ماركسیزمه كـه دهیـهوێ لهسـهردهمی نـهمانی ئاكـار دادوهری دابمهزرێنێتـهوه, ههڵهیـهك نیـه لـه مێـژوودا تـاوهكو شـهرمهزراربین بـهوهی شـهرم لهگهڕانـهوهی حهقیقهت ودادوهری بكهین, مادامهكی هێنانهوهی تارمایی.. كه ڕۆڵی حهقیقـهت دهگێڕێـت, هێنانـهوهش گهڕانـهوهی دادوهری بێـت, چـونكه ئـهو دوو چـهمكه پێكهاتهی جهستهی تارمایین كه دهبنهوه سزادهری مێژووكوژ, ئهوهی بانگهشـه بۆنهمانی دادوهری دهكات, نهمانیشی بـهواتای سـڕینهوهی پهیوهنـدی(ئـهو) بـه (ئـهویتر), تـاوهكو تـاوانی كوشـتن بـشاردرێتهوه, ئـهوهش لـهلای شكـسپیر سڕینهوهی پهیوهندیی نێوان(تارمایی)و (پاشا)یه, چونكه نـهبوونی پهیوهندییـه كۆشك هۆشیار دهكاتهوه, لهوهی پاشا تارمـایی كـوژهو بـهدهمامكی فێڵاویـهوه دهسهڵاتی وهرگرتووه, ئهوكاته دهبێ ئهو پهیوهندیه ئاكاریه بگهڕێتـهوه كـه لـه نـهبوونی ئاكـار پاشـا (غرتـرود) ی دایكـی هاملێـت مارهدهكـات ودهیكـات بههاوسهری خۆی.

نهمانی دادوهری سیستمێكی نائاكاری گهوره دهسهپێنێ, كهبوون و نهبوونی هاملێت دهبێته پرسیار له شوون بزركردنی حهقیقهت, بۆیه گهڕانـهوهی تارمـایی مهعریفه خستنه سهر زهمـهنی ڕابـردووه, گێڕانـهوهی تاوانێكـه, تاوانێـك كههـهر كوشـتنی دهسـهڵاتی لـهخۆ نـهگرتووه, بـهڵكو پهیوهندیـه كۆمهڵایهتیـهكان و سیستمه ئاكارییهكانیشی گۆڕیووه, بۆیه دریدا هێنانـهوهی تارمـایی مـاركس بـه تاكه ڕاستی جهوههری دادهنێت كه ئهوهی كهشفی ئهو تاوانه بكـات مهعریفـهی دهقه, ئـهو دهقـهی جـارێكی تـر پرسـیارمان لا دهرووژێنێتـهوه بـۆ ناسـینهوهی كارهكتهری پیاو كوژ, بۆئهوهش فاكتهری ئهو شهڕه به مهعریفه دهكات, چونكه ئهگهر بهربهریهتی دهسهڵاتی نوێ بههۆی توندو تیژی بێت, ئهوا ئهو دهیهوێ له ڕێگهی مهعریفهوه كهشفی تاوانهكه بكات, بهوهی دهقـی مـاركس لـه توانایدایـه جارێكی تر ئومێدمان لهلا درووست بكاتهوه, چونكه ئومێد ئـهو گوتارهیـه لـهناو دهقـی ماركسدا نامرێـت, ئـهوهی دهمرێـت ڕاڤـهكردنی ئایدیۆلۆژیـه, نـهبینینی

تارمایی هۆکارێکە بۆ نووسینی, بەوەی لە ڕێگەی نووسینەوە هەوڵی پەیوەندیی کردنو دەیالۆگ بدەین, بۆ ئـەوەی دەلالەتـەکانی دەق جـارێکی تـر بخەینـە نـاو پرۆســەی خوێندنــەوە, بــەوەی ئەگــەر ســێنترالیزمی لۆگۆسـی چــەمکێك بێـت لەبەردەم تێزێکی ئایدیۆلۆژی, ئەوا دەبێ جارێکی تر دەق لە فەرامۆشی ناو یەك تێڕوانین تەئویلی جیاوازی بۆ بکەین, ئەوەش گەڕانەوەیە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی بونیاد لە دەق, تـاوەکو بیگەیەنێتـەوە بەرەگـەزی جیـاواز, ئەوکاتـەش بـەمانای گریمـانکراو دەسـت پێـدەکات, گریمانـەکانی مانـا وازهێنانـە لـە خوێندنـەوەی ڕووکەشانە و قسەکردنە لە بونیادە هەڵوەشێنەرەکانی دەق, ئـەوەش دوانـە لـە ڕەگەزی ڕاستەقینە, نەك ستایـشێك بێـت بـۆ دەقێکـی نـەخۆش, چـونکە دەقـی مارکس بەهۆی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی نەخۆش کەوتبوو, کۆتایی مێژوو چەندە دەقی مارکس دەکاتە جەستەیەکی سستی بێ توانا, شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێندەی ئـەو نەخۆشـی خـستبوو, چـونکە حەقیقـەتی نـاو گوتـاری مارکـسیزمی بـۆ نـاو چەمکێکی ئایدیۆلۆژی برد بوو, کەتوانای گەشەکردنی لێ سەندبۆوە.

ئەوەی لەناو دەقی مـارکس ڕێگـەی خوێندنەوەیـەکی تێـدا نـەدرابێت زمانـە, زمـان لـە خوێندنــەوە کراوەتـە دەرەوە, هەڵوەشـاندنەوە کـاتێ بونیـاد لـەناو سیستمی ڕێکخەر دەردەکات دەیەوێ سـەرلەنوێ لەڕێگـەی نووسـینەوەی زمـان دەقی مارکس بەرهـەم بێنێتـەوە, بەپێچەوانەی فەیلەسـوفە هاوچـەرخەکان کـە مارکـسیان فـەرامۆش دەکـرد, دریـدا هەوڵیـدا لـە ڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ زمـان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مارکس بکات, بۆیە گەڕانەوەی تارمایی لەستایشەوە بۆ مارکس نەهاتووە, بەڵکو ئەو ستایش ناکات, هێندەی دەیەوێ ئەو دەقـە تـۆز لێ نیشتووە بخوێنێتەوە, بۆیـە خوێندنـەوەی بـۆ ئـەو فەیلەسـوفە گەڕانەوەیـە بـۆ زمان, چونکە ژیاری خۆر ئاوا بێ ئەوەی هەست بـەو مەترسـیە بکـات, ململانێـی لەگەڵ سەرمایەداری لەژێر دیدێکی فەلسەفی نەبوو, بەڵکو شەڕێکی ئایـدیۆلۆژی بـوو, چـونکە بـەهۆی فەرامۆشـکردنی زمـانی فەلـسەفی مـارکس لـەدەقی

فەلسەفیەوە گواسترابۆوە بۆ شەڕێکی ئایدیۆلۆژی, بۆیە کاتێ بەرەی ئەو شەڕە شکست دەخوات, خەوشێکی گەورەیە بەشکستی مارکسی بزانین, بەڵکو ئەوە شکستی ئەو دنیا ئایدیۆلۆژییە کە مارکسی کورت کردۆتەوە بۆ دیدێکی حزبی, بۆیە کۆتایی هێنان بەو دیدە ئایدیۆلۆژیە هەرگیز کۆتایی هێنان نیە بەو جیهانە فەلسەفیە, بەڵکو بەدوای مردنی ئایدیۆلۆژیا, دەبێ بە ڕێگا خۆشکەرێك کەتارمایی بگەڕێتەوە, تاوەکو لە سۆبجێکتی مارکسەوە دەست پێبکەین, ئەوەش خوێندنەوەو تەئویلکردنەوەی زمانی دەقە, پرسیارکردنە لەزەمەنی ئێستا, ڕەخنە گرتنە لەو دیدە ئایدیۆلۆژیە, بەوەی ئاخۆ ئەو زەمەنەی ئێستامان زەمەنی سڵاو کردنە لەو فەیلەسوفە, ئەوەش لەئەنجامی شوێن بزرکردنی وێنەی ڕاستەقینەو شێواندنی بەوێنەیەکی ئایدیۆلۆژی, دواجار بەشکستی ئایدیۆلۆژیاکە باڵی بەرامبەر سەرکەوتنەکە بە شکستی وێنە ڕاستەقینەکە ناو دەبات.

بۆیە دریدا دەیەوێ مارکسی ئایدیۆلۆژی کە لە ڕاڤەکردن لە مارکسی فەلسەفیەوە وەرگیراوە ودواجار شێوێنراوە جیا بکاتەوە, بوونی جیاوازی لەنێوان ئەو دوو وێنەیەی مارکس خاڵێکی سەرەکی کارکردنیەتی لەسەر ئەو فەیلەسووفە, بۆئەوەی لەدەست نیشان کردنی جیاوازیەوە, ئەو گوتارە هەڵوەشێنێتەوە کەخۆی ناوناوە(گوتاری مارکسیزم).

لەڕێگەی هێنانەوەی "بۆ دۆخی تارمایی بوون دۆخێك کەهێشتا مارکس لەچالاکی ناو زماندایە نەك چالاکی ناو مێژوو"[4].

بەواتای دەقی مارکسی بۆ ئەو ساتەوەختە دەگەڕێنێتەوە کەلەڕێگەی زمانەوە هەوڵی کرانەوەی بدات, ئەوەش بۆ پۆزەتیڤی هەڵوەشاندنەوە ناگەڕێتەوە, بەڵکو بۆ دەقی مارکس دەگەڕێتەوە کەتایبەتمەندێتی کرانەوەی تێدایە, بۆیە ئەو کرانەوەیە کاتێ لەناو مێژوودا دیدی ئایدیۆلۆژی بەیەك جۆر سەیری دەکرد, ئەوا وێنەیەکی ناتەواو شێوێنراوی دەبەخشیە ئەو دەقە, هەڵوەشاندنەوە بەگەڕانەوەی بۆ زەمەنی نووسین و چالاکی نێو زمانو چالاکی

ئـەو ناوەنـدە کـە زمانـە دەق دەدوێنێـت, چـونکە کرانـەوەی زمـان ماناکـانی دانەخـستووە, بـەڵکو بـواری بـە تـەئویلکردن داوە, تـاوەکو بەزەمـەنی نادیـاری خوێندنەوە بگات, ئـەوەش تـەئویلکردنی ئـەو نهێنیـەی نـاو زمانـە کـە هـەڵگری مەعریفەیەکی قووڵە, چونکە سەرباری ئەو هەموو ئاڵۆزیەی لـەناو زمانـدا هەیـە, بەڵام ئاڵۆزیەکان لەتۆڕێك لە ئاماژە پێکهاتوون, ئەو ئاماژانەش(کۆد)ی نووسـین ڕێکی نەخستوون, یەکەی مانا ڕێژیی نووسینیان لەناو خۆیان هەڵگرتووە.

بۆیە ئەو پرۆسە ڕەخنەییەی دریدا دوا مانا ئاشکرا ناکات, بەڵکو دەرخستنی جیاوازیەکە تـاوەکو لـەو جیاوازیـەوە مانـای تـازە کەشـف بکـەین, بـەدوای ئـەو جیاوازیەوە دەتـوانین سـەرلەنوێ هـەوڵی نووسـینەوەی دەق بـدەین, بۆیـە ئـەو خوێندنەوانەی تاك ڕەهەندانە سـەیری دەقـی مارکسیان دەکـردوو پێیـان وابـوو ماناکانیان ئاشکرا کردووەو نهێنیەك نەماوە لەناو نووسـینی فەلـسەفی مـارکس, ئەوە تەنها سەیرکردنی مەعریفەیـەکی ڕووکەشـانەی مـارکس بـوو, ئـەوان تـەنها ڕووی داخراوی دەقیان سەیر دەکرد, ئەو ڕوەیان بەنهێنی نووسین ڕاڤـە دەکـرد, بەو سەیرکردنەش نـەیان دەتـوانی مـارکس بکەنـە فەزایـەکی زمانـەوانی, بـەڵکو یەکەم بڕیار کەدەیاندا دەرکردنی زمان بـوو لـەناو دەقـی مـارکس, بـەواتای ئـەو دەقەیان لە فیکر جیادەکردەوە.

ئەو دەسەڵاتەی بەدەق دەدرێ وپیرۆزی بەو دەقـە دەبەخـشیٚ دەسـەڵاتێکە ڕەت دەکرێتەوەو دەدرێتەوە بە خوێنەر, تاوەکو زمان بۆناو چـەمکی فەلـسەفی بخوێنێتەوە, و لەو تێگەیشتنە سادەیە جیای بکاتەوە, ئەوەش لە ڕێگەی نەمری دەق و لەدایکبوونەوەی بەدوای هەر پرۆسەیەکی ڕەخنەیی لەلایان خوێنـەرەوە, (ڤالیری) ووتەنی مانایەکی ڕاستەقینە بۆ دەق بوونی نییە, نەبوونی مانای ڕەهـا بەواتای دەق فرە خوێندنەوە بەخۆی دەبەخشێت, چونکە زمان تاکە دەلالـەتێك بەدەستەوە نادات, تاوەکو مەبەستێك دەست نیشان بکات.

گەڕان بەدوای مانا ناکۆتاکان خاڵێکی ناو هەڵوەشاندنەوەیە کەماناکانی زمان سنورێکی ئازادیان پێ دەبەخشێت, چونکە ووتراوی نووسەر ڕەها نیە, بەوەی کەووتراو لەنەزانینەوە هاتووە, زمان ئەو نەزانینە بە مەعریفە دەگۆڕێت, بۆیە تەنها نەووتراو دەبێتەوە بە نهێنی دەق, ئەوەش شاراوەیەکی ئەودیو زمانە.

ئەگەر دەقی مارکس لەووتراوەکانی دووچاری خراپی خوێندنەوە هاتبێت, ئەوا هەڵوەشاندنەوە بە گەڕانەوەی بۆ نەووتراوەکانی, زمانی دەق دەکاتە دەسپێك بۆ خوێندنەوە, تاوەکو بەکۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆژیا سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە ڕابگەیەنێتەوە, بۆیە دریدا دەیەوێ لە بڕی ئەوەی مارکس وەك تارماییەك سەیر بکەین, پێویستە ئەو توانایە لەناو خۆمان درووست بکەین کە مارکس وەك فەیلەسوفێك ببینین, نەك وەك تێزی ئایدیۆلۆژیو ڕابەری بلۆکێکی سۆسیالیستی, بۆیە بەسەیرکردنەوەی وەك فەیلەسوفێك دەتوانین گومان لە خوێندنەوەکانی پێشوو بکەین, بەتەنها گومانە دەتوانێ ببێ بەمیکانیزمێکی کاریگەر کەپاڵ بە پرۆسەی خوێندنەوە دەنێ, چونکە نەبوونی گومان بوو وای کردبوو مارکس لەدەقێکی فەلسەفیەوە بگوازرێتەوە بۆ دەقێکی ئاینی, بەوەی نابێ خوێندنەوە سنوری ماناکان ببەزێنێ, بەڵکو لەسەر بنەمای خوێندنەوە ئاشکراکان ڕاڤەکردنەکانی بخاتە ڕوو, ئەوەش لاوازی تێگەیشتن بوو لەدەقی فەلسەفی, چونکە نەریتێك میکانیزمی خوێندنەوەی بۆخۆی گەڕاندۆتەوە, کەوای کردووە سنورە زەمەنیەکان بپارێزێ, بۆیە ئەو خوێندنەوانە دیدێکی ئایدیۆلۆژی دەست نیشان کراوی هەبووە بۆ ئیشکردن لەسەر دەقی مارکس, کەدواجار مارکسی گۆڕیوەو هەموو دیدە فەلسەفیەکانی بۆ چەمکێکی ئایدیۆلۆژی کورت کردۆتەوە, بۆیە دەبێ ئەو خاڵە ڕەچاو بکەین کەچۆن تەئویل دەکەین, تەنانەت لەخوێندنەوەمان لەو زەمەنەی کە قسە لە مەرگی مارکس دەکرێت, دەبێ بزانین تەئویل بۆ دەقی مارکس ئاراستە ستراتیژەکەی لە کوێدایە؟ بەوەی ستراتیژی تەئویل دەبێ گۆڕان لەپرۆسەکە بخولقێنێ, چونکە دەقی فەلسەفی پێویستی بە

تەئویلکردن نیە بۆ ڕاڤەکردن, بەڵکو پێویستی بە پڕۆسەیەکە بۆ گۆڕان, ئەوەش دیدێکی مارکسیانەیەو دریدا دەیەوێ لەسەیر کردنی بۆ مارکس ڕەچاوی بکات.

بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو پاشخانە کلتوریەی کە زمان ئەکتیڤێکی سەرەکیەتی ناتوانین تەئویل بکەین, بەڵکو بەئاقارێکمان دەبات کە ستراتیژێکی لێڵ کۆمەڵێك دەرەنجامی دەرەوەی دەقی فەلسەفی دەخولقێنێت, ئەوەش درووست کردنی تارماییە, نەك کۆمۆنیزم, بەڵکو کۆمۆنیزم بوونی نەبووە, تارماییە لەشوێنی کۆمۆنیزم دەرکەوتووە, بۆیە ئەو دەنگەی قسە لەمەرگی کۆمۆنیزم دەکات, بەواتای قسە لەمردنی تارمایی دەکات بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت کەتارمایی نامرێت, بەڵکو لەهەر شوێنو کاتێکدا دەکرێ دەرکەوێتەوە, ئەوەش حەقیقەتی تارماییە کە (فۆکۆ یاما)ش لە تێزەکەیدا باش هەستی پێدەکات, بۆیە پێمان دەڵێت دەکرێ کۆمۆنیزم لەهەر شوێنو ناوچەیەکی تر سەرهەڵبداتەوە, بۆیە ئەگەر"ئێمە تارماییەکان نابینین, بەلاّم ئەوان هەمیشە دەمانبینن‌و ناتوانین لەدەستیان هەڵبێین, واتا بەهەمان ئەو ئەندازەیەی تارمایی لەدەرەوە ڕا وێنا دەکرێ, لەناوەشەوە لەناو زەینی مرۆڤەکانیشدا وێنا دەکرێ"[5].

بۆیە ئەو تارماییەی لەشوێنی کۆمۆنیزم شکستی خواردووە, ئەوە شکستی کۆمۆنیزم نەبووە, بەڵکو تارمایی بووە, بەلاّم تارمایی لەتوانایدایە بەشێوەو شێوازی جیاواز بگەڕێتەوە, ئەو تارماییەی لەناو ئایدیۆلۆژیاوە هاتو شکستی خوارد, ئەوە شکستی ئایدیۆلۆژیایە نەك فەلسەفە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تارمایی مارکس ئەو ئەفسانەییە تا لێیەوە دەرباز نەبین, ناتوانین لەبارەی مارکسەوە بدوێین, چونکە بە ئەفسانە سەیرکردنی وامان لێ دەکات, لەدەرەوەی تێگەیشتنەکاندا وەك فەیلەسوفێك سەیری بکەین, کاتێ بلۆکی سۆسیالیستی دەرووخێت, بەمردنی ئەفسانە ناو دەبرێت, بەلاّم ئەو ئەفسانەیە بوونێکی ناواقیعیەو دروستکراوی خودیی سەرمایەداری خۆیەتی.

ئەگەر قسە لەمردنی تارمایی بکرێت, ئەوە تارماییە ئەنتۆلۆژیەکە مردووە, نەك ئەو تارماییە فەلسەفیەی کە نامرێت, بەڵکو لەبەرامبەر کۆتایی مێژوودا زیندوویی خۆی ڕادەگەیەنێت, بۆیە کاتێ توانای ئەوەمان نابێت مارکس لە ئەفسانە دەربکەین یان تاسای ئەوە بکەین کەئەوە مردنی تارماییە ئەنتۆلۆژیەکەیە, هۆیەکەی ئەوەیە مارکسیزم بووە بە ساتەوەختێکی ئایدیۆلۆژی, کە دەبێ ئەو هەڵچوونە ئایدیۆلۆژیە بگۆڕدرێت بەئاستی ڕەخنەیی, بەوەی هەوڵی ڕەخنەی بدەین لەناو دەقەکانیدا, چونکە ئەو زەمەنەی ئێمە تیایدا مارکس دەخوێنینەوە, جیاوازە لەو زەمەنەی مارکس تیایدا نووسیوە, وەك چۆن مارکس لە ئەمڕۆدا جەستەیەکی بایۆلۆژی مردووە, بەڵام دەقێکی زیندووە, مردنی ئەو مەرگێکی بایۆلۆژییە, ئەو لەناو نووسین پانتاییەکی زیندووی ناو ڕووبەری فەلسەفی داگیر کردووە, ڕووبەرێك دریدا ئەو مردنەی فۆکۆیاما بە مارکسی دەبەخشێت, جگە لە مردنێکی بایۆلۆژی بەهیچی تری نازانێ, ئەوەش شەڕکردنە لەگەڵ تارماییەکان, ئەو کارەش دواندنەوەی دەقە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کلتورەی لەناو زەمەندا خۆی بەهەڵگری گوتارێك زانیووە کەتەنیا تارمایی ناو گوتارەکە بووە.

بۆیە هەڵوەشاندنەوە دەست نیشان کردنی سەرکەوتنو شکستی ئەو دیدگا مارکسییە نییە, هێندەی مەبەستیەتی تارماییەکان لەمارکس بتەکێنێو لەویان جیا بکاتەوە, کەمەترسیترینیان بینینیەتی بە موقەدەسێك کەخاوەن مەملەکەتێك بێت, چونکە ئەوەیان بەتەنها ترسی دریدا نیە بەڵکو یەکێکە لە مەترسیەکانی خودیی مارکس خۆشی, کاتێ لە (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی) بەیەکێك لەوێنەکانی تارمایی ناوی دەبات.

بۆیە هەڵوەشاندنەوە جارێکی تر دەیەوێ لە گەڕانەوە بۆ دەق هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزە بەرهەم هاتووەکان بدات, تاوەکو تارماییەکان لەناو نووسین دەربکات, ئەوەش ستراتیژێکی سەرەکی ئیشکردنی دریدایە لەو

پرۆژەیە, بۆیە ئەگەر تارمایی هاملێت دەرکەوتنی حەقیقەتی کوشتنی باوك بێت, دەبێ بزانین ئەوە کام حەقیقەتە دریدا دەیەوێ لەپشت تارماییەوە بۆمانی دەربخات؟

چونکە ئەگەر لە ڕاڤەکردنی (فرۆید)ەوە, ئۆدیب کاتێ تاوانی کوشتنی باوك ئەنجام دەدات, بۆ ئەوەیە بە دایك بگات, بەڵام هاملێت دوو دڵە لەو تاوانە, ئەو تاوانە دواتر کەسێکی تر پێی هەڵدەستێ کەبرای باوکەیە, بەواتای هاملێت وەك ئۆدیب بەرەو ئارەزووەکانی ناچێت, ئەو دوودڵە لەگەیشتن بەدایك, ئەگەرچی دواتر فرۆید هەردوو پاڵەوانەکە لەناو هەستی(چەپاندن) کۆدەکاتەوە, بەڵام چەپاندنێك لای ئۆدیب شۆرش شوێنی دەگرێتەوە لە ڕێگەی کوشتنی باوکەوە, کەچی هاملێت پاشگەز دەبێتەوە, چونکە ئەو تەنها مەبەستی کوشتن نییە, چونکە کوشتن تەنها بە پرۆسەی سێکسی دەگەیەنێت, وەك چۆن ئۆدیب دواتر بە جۆکاستای دایکی دەگات, لەکاتێکدا هاملێت بەهۆی باری دەروونی خۆی کەخاوەن کەسێتیەکی هیسترياييە, وەك لە ڕاڤەکردنی فرۆید هاتووە, بۆیە لەپرۆسەی سێکسی خۆی بەدوور دەگرێت, بەگۆشەگیربوون ودوورکەوتنەوە لە کوشتنی باوك وسێکسکردن لەگەڵ دایك, ئەوا مامی ئەو کوشتنو پرۆسە سێکسیە ئەنجام دەدات, بەواتای خەونی ئەو دەگوازرێتەوە بۆکەسێکی تر.

ڕەنگە لێرەدا باشتر بگەینە ستراتیژی پرسیارەکەی دریدا لەگەڕانەوەی تارمایی هاملێت, چونکە دریدا هەرگیز بەو مەبەستە تارمایی ناگەڕێنێتەوە کە مارکس عەشقی نووسینەکانی شکسپیر بووە, بەڵکو مەبەست لەو خەونەی جیهانی مارکسیەتە کەدواجار لەڕێگەی تاوانی کوشتن براکەی دەسەڵات وەردەگرێت, ئەو کاتە دەبێ ئەوە بڵێین کە دریدا چەندە مارکس دەگەڕێنێتەوە, هێندەش دیدو بۆچوونەکانی بەدەر نییە لەدوو تێڕوانینی فەلسەفی, تێڕوانینی یەکەم ئەوەیە, کەگەڕانەوەی تارمایی بۆ ئەو دێرە دەگەڕێتەوە"کەسێك دێتە پێشەوە, من یان تۆ, دەڵێ: دەمەوێ فێربم کە زیندوو بم"(6) ئەوەش لەژێر

ڕاڤەکردنی فرۆیدەوە ئیش دەکات, چونکە"شکسپیر دوای مردنی باوکی هاملێت دەنووسێت, فرۆیدیش بەڕاڤەکردنی بۆخۆی دوای مردنی باوکی بەساڵێك ڕاڤەی دەکات"[7].

بۆیە مردن ئەو حالەتەیە کەفرۆید ڕاڤەکردنە سایکۆلۆژیەکەی پێدەخاتە ڕوو, دواتر دریداش بۆ تەئویلکردنی مارکس پشتی پێ دەبەستێ, مردنی باوك لای هەریەك لە شکسپیروفرۆید تارماییەك بەرهەم دێنێت, تارماییەك بۆیەکەمیان دەقێکی شانۆیی وبۆئەوی دیش دەقێکی ڕەخنەیی کەدەرەنجامە سایکۆلۆژیەکانی تیا دەخاتە ڕوو, بەڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەوەی بە (مردنی مارکس) ناو دەبرێت, کەلای دریدا ئەو حالەتە لێکدانەوەیە بە مردنی باوك, بۆیە دەقی سێیەم دێنێتە بەرهەم, کەدەقێکی فەلسەفیە(تارماییەکانی مارکس).

بەواتای لای هەریەکە لەو سیانە مردنی باوك دەبێتە پرۆسەیەك بۆ خولقاندنەوەی ژیان, بەلأم جیاوازیەکە لە دیدە فەلسەفیو دەرەنجامەکانەوەیە, کەهەریەك لەو سێ دەقە دەگەن بە پرسیارو دەلالەتی تایبەتی خۆیان, کەلەویدی خۆی جیادەکاتەوە, کە دەکرێت جیاوازیەکانیان لەیەکتری دەست نیشان بکرێت, بۆیە دریدا خوێندنەوەیەکی ڕەهامان بەسەردا ناسەپێنێ, هێندەی دەسپێکێك بۆ جیاوازی خوێندنەوەمان لا درووست دەکات, کەئەویش مەبەستی هەڵوەشاندنەوەیە, کەهەڵوەشاندنەوە لە ئاراستەی کارەکانیدا تێڕوانینی فەلسەفی دووەم, بەدوای تێڕوانینی یەکەم (فرۆید) لە ڕەخنەکانیدا هەستی پێدەکرێت, ئەویش لەدیدگای کارکردنیەتی, کەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە(نیتچە) وە هەیە, لەبەکارهێنانەوەی زمان.

چونکە زمانی نیتچە خاوەن توانایەکی ڕەخنەیی جیاوازە بۆ هەڵوەشاندنەوە, بەوەی ڕەخنەگرتنی لە عەقڵ هەر تەنها ڕەخنەیەك نەبوو, بەڵکو سەیرکردنی عەقڵ بوو وەك پرۆژەیەکی نیهیلیستی, بۆیە دریدا هەر وەك چۆن قسە لە

تارمایی دەکات, ئاواش لەناو کارەکەیدا تارمایی نیتچە "هەیمەنەیەکی زۆری خستۆتە سەر بنیاتی فەلسەفی دریدا, یاراستر بۆسەر هەڵوەشاندنەوەکەی ونەزعە وێرانکاریەکەی"[8].

کەواتە ئەو کتێبەی دریدا لەو دیو دەقی مارکسەوە, پشتی بە دوو فەیلەسوفی مەزن بەستووە بۆ هەڵوەشاندنەوە, بۆیە ڕەنگە ڕووبەرووی پرسیارێکی لەچەشنی ئەوە بینەوە, کەئایا دریدا نەیویستووە لەڕوانگەی خودێتی خۆیەوە قسە بکات؟

ڕەنگە پرسیاری لەو شێوەیە تەنها سەیرکردنێکی تاکڕەهەندانی مردوو بێت بۆ ئەو دەقە, چونکە دریدا لەدەقی(تارماییەکانی مارکس)دا مەبەستی نەبووە بە تەنیا باس لەفەیلەسوفێك بکات کەقسە لەمردنی دەکەن, هێندەی مەبەستیەتی لەودیو ووتراوەکانی لەسەر مارکس, لەناو نەووتراوی زماندا پڕۆژەیەکمان بخاتەوە بیر, پڕۆژەی ئەو سێ فەیلەسوفەی توانیان گۆڕان لەعەقڵی فەلسەفی بێننە کایەوە, بۆیە ئێمە نەووتراوی ئەوە نادۆزینەوە کە مردنی مارکس بگۆڕینەوە بە مارکس نەمردووە, بەڵکو قسەکردنەکان دەگوازرێنەوە بۆئەوەی کەمردن وکۆتایی فەلسەفە کارێکی بێمانایە, ئەوەی بەڕووخانی حکومەتی شورەویی مرد فەلسەفە نەبوو, بەڵکو ئایدیۆلۆژیاکان بوون ئەوانەی مارکسیان بە حزبی کردبوو, بەهەرەسهێنانیان لەبەرامبەر سەدەیەکداین کەسەدەی کۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆژیایە, سەدەیەکە بۆ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە, گەڕانەوەی دیدگای فەلسەفی(مارکس ونیتچە وفرۆید)ە بۆ خوێندنەوەی سەردەمیانە, بۆیە هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی مێژوو گەڕانەوەی ئەو سێ فەیلەسوفەیە کە ژیاری خۆرئاوایان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ برد, ئاراستەیەك کەئەمڕۆ کۆتایی مێژوو, بە پڕۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی مردوو سەیر بکات.

هەڵوەشاندنەوە ئەوەمان لەناو درووست دەکات کە فەلسەفە کۆتایی نییە, بەڵکو لەفەلسەفەدا(تەواو بوون)هەیە, تەواو بوون بۆ کار لەسەر کردنەوەیە,

کاتێ نیتچه تەواو دەبێ مانای وایه ژێرخانی ئەو کلتوره فەلسەفیەو ڕەگەزەکانی دەرکەوتوونو دەتوانرێ خەسڵەته فەلسەفیەکانی دەست نیشان بکرێت, ئەوەش دۆزینەوەی جیاوازیه لەنێوان هەردوو چەمکی (تەواو بوون)و(کۆتـایی), ئـەوەش جیاوازیه لەنێوان ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفە.

ئەگەر بمانەوێ قسه له(تەواو بوون) بکەین, ئـەوە پـەیوەنـدیی بەبـەردەوامی هەیه, فۆکۆ دەسبەرداری نیتچه نەبووە, وەك چۆن دریداش لـه (تـەواو بـوون)ی هایدگـەرەوە جـارێکی تـر هـەوڵی خوڵقاندنـەوەی ڕەخنـه دەدات, لەڕێگـەی پرسیارەوە کەهەر ئەو کلتوره فەلسەفیەشه بەردەوامی پێدەبەخشێت.

بۆیه فەلسەفه پرۆژەیەکی ئەبەدییه, ئەوەی کۆتایی دێتومەترسی مردنـی لێ دەکرێت(کۆتایی میتافیزیکیـا)یـه, کۆتـایی میتافیزیکیـاش, کۆتـایی ئایـدیۆلۆژیا بوونی فەلسەفە دەکاته پێویستیەك , بۆیه لەبەردەم چەمکی مردن ئاساییه لـەو نهێنیـه تێبگـەین کەئـەوەی دەمرێت (فۆکۆیامـا)یـه نـەك مـارکس, ئـەوەی ئـەو نهێنیــەشمان بـۆ کەشـف دەکـات, نەمیتافیزیکیایــەو نەئایـدیۆلۆژیا, بــەڵکو هەڵوەشـاندنەوەیه, بـێ ئـەوەی سـتایش بکـات دەیـەوێ بـەها ئاکاریـەکان بگەڕێنێتەوە, کەبێ هێنانەوەی مـارکس گەڕانـەوەی بـەهاکان تـەواو زەحمەتـه, ئـەویش گەڕانـەوەی مارکسێکه کـه هێشتا لـەناو زمـان کاردەکـات و بـەحزبی نـەکراوە, مارکـسێك پێمـان دەڵـێ, لەڕۆژگارێکـداین ڕۆژگـاری سـەرهەڵدانەوەی فەلسەفەو کۆتایی ئایدیۆلۆژیایه.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1- أطيــاف مــاركس/جــاك دريــدا, ترجمــة "د. منــذر عياشــي, مركــز الانمــاء الحضاري/حلب-1995, ص25.

2– ماركس پاش ماركسيزم/ بابەك ئەحمەديى, وەرگێڕانـى"ئـازاد بـەرزنجى" سـەردەم ژمـارە 14,لا154.

3- بيان الاطياف/ نديم نجدي, دار الفارابي(بيروت)الطبعة الاولى 1999, ص48.

4– لەنێوان تارمايى و بەرجەستە بووندا/ شاهۆ سەعيد, سەردەم ژمارە 14, لا156.

5– هەمان سەرچاوە, لا171.

6- أطيــاف مــاركس/جــاك دريــدا, ترجمــة د. منــذر عياشــي, مركــز الانمــاء الحضاري/حلب-1995, 15.

7- بيان الاطياف/ نديم نجدي, دار الفارابي(بيروت)الطبعة الاولى 1999, ص109

8– هەمان سەرچاوە/لا91.

## هەڵوەشاندنەوە گەرایی ییل

پەرپنەوەی هەڵوەشاندنەوە لەفەرەنساوە بۆ ئەمریکا بەهۆی سەردانە بەردەوامەکانی (جاك دریدا) بوو بۆ هەردوو زانکۆی (ییل)و (جۆن هۆبکنز)، کەبووە مایەی ئەوەی ئەو رەوتە لەئەمریکا سەرهەڵبدات، کەخاڵی جیاوازو رۆشن بەو پەرپنەوەیە دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین هەڵوەشاندنەوە لەفەلسەفەوە گوازرایەوە بۆ کاری ئەدەبی، کەپێشتریش ئەو ساتەی تەنیا لەفەرەنسا دەرکەوتبوو، (دریدا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کەدەتوانرێت بۆ هەر بوارێك پەیرەوبکرێت، بەڵام ناکرێ وەك میتۆد سەیربکرێت، بۆیە رەخنەی ئاراستەی ئەو رەخنەگرە ئەمریکییانە کردووە کەوەك میتۆد سەیری دەکەن، بۆئەوەی وردتر لەڕوانینی ئەمریکییەکان بۆ ئەو رەوتە ئاشنابین هەوڵدەدەین ئەو چوار دەنگەی نوێنەرایەتیی تێدا دەکەن، تێڕوانینەکانیان بخەینەڕوو، کەمەبەستمان لە(جیۆفری هارتمان)و (هیلیس میللەر)و (پۆل دی مان)و (هارۆڵد بلۆم)ـە.

سەرەتا بەهۆی نەبوونی دەقێکی ئامادەی (هارتمان) لەبەردەستمان، ناچارین سەردێڕێکی خێرا لەبارەی روانینی ئەو دەربخەینو دواتر دێینە سەر

دەقەکانی ئەوانی دیو پرۆژەی کارەکانیانو پرۆسەی جوودایی لەڕەوتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو رەخنەگرانە پرۆسەیەك بوو زیاتر لەنێوان دوو تەوەری سەرەکی لەململانێدا بوو، ئەوانیش لە(دووفاقیی ئامرازەکان)و (بەرایییەکانی هەڵوەشاندنەوە) خۆی دەبینییەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوە لەئەمریکا (جیۆفری هارتمان) کەوتە ژێر کاریگەریی دەقە رەخنەییەکانو ئەو دابڕانەی لەنێو نووسینی دەقدا دۆزییەوە، کەدەقێك هەیە (رەخنەی نووسراوە)، بەڵام دەقی دووەم (نووسراوی رەخنەی داهێنەرە)، کە لەدەقی دووەم مەبەستی بوو رەخنە بباتە نێو (دەلالەتە خودییەکان)، چونکە نەپەڕینەوەی خود بۆ نێو پرسیاری رەخنەیی، بەلایەوە خەوشێکی فەلسەفیی دیاربوو، ئەو کارەی دەروازەیەکیش بوو بۆ ژیاریی خۆرئاوا بۆ ئەوەی چارەسەری سنوورو لەمپەرەکانی بەردەم ئازادیی خود، کەوەك پێشنیارێك وەربگرن.

دیارە ئەو کارکردنەی هارتمان لەنێو رەخنەدا بووە رەزامەندیی گرووپی (پەیمانی ئارنۆڵد[1])یش، کەدەتوانین بۆچوونی هارتمان بۆ رەخنە لەوەدا کورت بکەینەوە، کە لەناو ئەدەبەوە دەیویست رەخنە سەرهەڵبدات، نەك لەدەرەوە، ئەوەش تاڕادەیەك لەخوێندنەوەی بونیادگەری دەچێت بۆ ئیشکردن لەسەر بونیادی دەق، ئەگەرچی مەبەستی (هارتمان) تەواو جیاوازبوو، دەیویست رەخنە لەدەرەوەی ئەدەبەوە نەیەت حوکم بەسەر رەخنەی ئەدەبیدا بدات، بەڵکو پێویستە لەوێوە رەخنەگر دەستپێبکات" کاتێك توانیی لەگرێی خۆ بەکەم زانین رزگاری بێت، چونکە ئەو رزگاربوونە دەیباتە نێو ئەو هێزەی توانای بەگەمەی ماناکان بەخشیوە، زۆر جار "هارتمان ئارامیی خوێنەر تاقیدەکاتەوە، لەڕێگای شێوە توێژینەوەیەکو بەکارهێنانی بۆ کێشەکانی راڤەکردن لەململانێ تایبەتییەکەی، نووسینەکانی رووحێکی تیژتێپەڕ دەگوازێتەوەو بۆ ئاسۆی نوێ دەردەکەوێت، ئەوەش کاریگەریی دریدای تێدا دەردەکەوێت"[2].

کەسەرەتا هەر جۆرە ئاسۆیەك لەناو نووسینەکانی نادیاربوو، چونکە ئەوەی لەناو رەخنە ئەنجامی دەدات، چوونە ژوورەوە نەبوو بۆ نێو دەق، بەڵکو کۆمەڵە دیالۆگێکی راستەوخۆ بوو بێ ئەوەی بچێتە قووڵایی گەمەی مانا، بەواتای سەرەتا دەقەکانی خۆشی سەر بە(رەخنەی نووسراو)بوو، ئەگەر داهێنانێك لەناو نووسینەکانی دەرکەوت، ئەوە بەرەنجامی پەیڕەوکردنی هەڵوەشاندنەوە بوو، نووسینەکانی کرد بە(رەخنەی داهێنەر) دەنا بەر لەئاشنابوون بەهەڵوەشاندنەوە "زمان لەگەڵ خۆیدا بونیاتێکی تێرامانخوازیی هەڵگرتبوو لەدڵە راوکەیەك، کە نەدەگونجا لەگەڵ ئامانجەکانی لەمەعریفەی پەتیو بڕواپێکراو، ئەوەش بیرۆکەی سەرەکی بوو کەرەخنەی هارتمان بەدەوریدا خولی دەخوارد، پێش ئەوەی ئاشنابێت بەهێزی شێوەگەرایی لەدەقەکانی دریدا، بەماوەیەکی درێژ"[3].

## رەهەندی ئاکارو پرۆسەی خوێندنەوە

پرسیارێك کە لەناو نیشانی ئەو تەوەرەیە دروستبێت، لەبارەی پەیوەندیی نێوان خوێندنەوەو ئاکارە، ئایا شتێك هەیە ئەو دوانە بەیەکەوە ببەستێتەوە؟

رەنگە پرسیارێکی ئاوا بتوانێت مەبەستی رەخنەمان لا رۆشن بکات، هەر نا بەوەی رەخنەگرخوازیاریەتی، بەوەی خوێندنەوەی دەق وەك ئیلتیزامێکی ئاکاری سەیر دەکات، بۆیە جیاکردنەوەی ئەو دوانە لەیەکتری دەبێتە هۆی داخستنی دەقو بەپەراوێز سەیرکردنی، خوێنەر (رەخنەگر) لەئەنجامی قووڵبوونەوەو تێرامان و غەریزەی ژیاندۆستیو گەڕان بەدوای نهێنی، وای لێدەکات شتێکی پێ بهێنێتە بوون، ئیلتیزامی ئەو خوێندنەوە نائامادەییەکی پێ دەخولقێنێت، ئەویش (ئاکار)ە، ئاکاری خوێندنەوە، لەوەدەچێت پێویست بەوە بکات لەسەر چەمکی ئاکار هەڵوەستەیەك بکەین، چونکە ئەو چەمکە خاڵی دەکرێتەوە لەو راڤە کۆمەڵایەتییەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پیادەی دەکەن، بۆیە لێرەدا ئاکار دەگۆڕدرێت بۆ سەر کایەیەکی فەلسەفی، تیایدا خوێنەری

رەخنـەگر تـەئویل بـۆ دەق دەکـات، دیـارە نـەبوونی توانایـەکی رەخنـەیی بـۆ خوێندنەوەو دەستدانە جۆرە کارێکی لەم چەشنە ئەوا بەپرۆسـەیەکی نائاگـاری ناوزەددەکرێت، چونکە هێزێکی تـر بـەرەو دەق رامانـدەکێشێت، تـەنیا لـەبوونی توانایەکەوە بۆ خوێندنەوە دەتوانین ئاگار نەدۆڕێنین، هەر کاتێـك توانیمـان ئـەو کارە وەدەستبهێنین، ئەوساتە توانای خوێندنەوەشمان دەبێت، ئـەوەش تـەنیا لەنێو پرۆسەی خوێندنـەوە لێـی دڵنیـا دەبـین، ئـەو کـارەش لای (جـی. هیلـیس میللەر)ەوە دەستپێشخەریی تێدا کرا، بەواتای هەڵوەشاندنەوە لەئەمریکا ئاگاری خوێندنــەوەی خــستەڕوو، بــەڵام ئــەو ئاگــارەی نەدۆڕانــدو کارەکــە بۆخــۆی بگەڕێنێتــەوە، بــەڵکو هەوڵیــدا لــەو روانگەیــەوە ســەرەتا بــە فەیلەســووفی ئاگــار(کانــت) دەســتپێبکات، و خوێندنەوەشــی بــۆ کتێبەکــەی (بنــەمای میتافیزیکیای ئاگار) کرد، بۆیـە ئەگـەر خوێندنـەوە پرۆسـەیەك بێـت وابەسـتەی پەیوەندیی خوێنەر بێت بەدەقـەوە، ئـەوا ئاگـار گەشـە بـەو پەیوەندییـە دەدات لەڕێگای ئەو دەقانەی تر کەجۆرە دەقئاوێزانێکیان لەگەڵ دەقی خوێنراو هەیـە، بۆیە ئاگاری خوێندنەوە بۆ دەقی، (کانت)لای میللەر هەر بەتەنیا قسەکردن نییە لەدەقەکان، بەڵکو قسەکردنە لەسێ فەیلەسووفی دواتر، بۆچی؟!

چونکە بـۆ تیـۆریی ئـازادیو خـودو چـەمکی مێـژوویی میتافیزیکیـای ئاگـار، دەکەوینە بەردەم "تیۆرەکانی کانت لەبارەی ئازادیو خودێتیی لەڕێگای چەمکی فرۆید بۆ نەست، یان لەڕێگەی هێرشکردنی نەگۆڕی نیتچە دژی کانـت، نموونـەی ئەوەش لە(بنەچەکەی ئاگار)ەکەی–ئەگەرچی نیتچە متمانە دەکاتە سەر کانـت، زیاتر لەوەی بیەوێت دانی پێدا بنێت–یان لەڕێگای دەستنیشانکردنی هایدگەر بۆ ناسینی مرۆڤ، بەوەی خودییە، وەئیرادەیش کەئەوە ساتەوەختێکی چڵە پۆپەییە لەمێژووی میتافیزیکیا"[4].

سەرەڕای ئەوەی کانت فێری (رێزگرتن لەیاسا)مان دەکات، کەئەوەش بۆخۆی جۆرێکە لە(ئاکاری دەق)و (ئاکاری خوێندنەوە)، کەهەریەکە یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو پاڵەوانەی لەڕۆمانێکدا هەڵگری پێودانگی ئاکاری تایبەت بەخۆیەتی، هەرگیز ئەو ئاکارە ناپەڕێتەوە بۆ ئەو خوێنەرەی لەڕێگای خوێندنەوەوە بەشداریی لەدەقدا دەکات، بەڵکو دەکرێت خوێنەر زۆر دژی ئاکاری پاڵەوان یان گرووپێکی کۆمەڵایەتیی نێو دەقەکە بێت، بەڵام لای (میللەر) خوێنەر کاتێك رێز لەو یاسایەی نێو دەق دەگرێت، کەسیستمێکی زمانەوانی حوکمی پێدەکات، لەبنەڕەتدا خوێنەر ئەو رێزەی لەیاسا رێزگرتن نییە لەدەق، هێندەی رێزگرتنە لەخۆی وەك خوێنەرێکیش، بەهەمان شێوەش نووسەر کاتێك هەوڵ دەدات لەساتە وەختی نووسین رێز لەخوێنەر بگرێت، لەڕاستیدا ئەو ساتە دەیەوێت رێز لەخۆی بگرێت.

لێرەدا دەتوانین تاڕادەیەك لەو تێڕوانینە هەڵوەشاندنەوە گەراییەی میللەر حاڵی بین، کە لەگەڵ بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی (دریدا)یش یەکدەگرێتەوە، بۆیە تاکتیکە دریدییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق پەیڕەو دەکات، ئەگەرچی دواجار ئەو تاکتیکە هەمان ستراتیژی دریدا بەدەستەوە نەدات، بەڵام ستراتیژی رۆشنی هەڵوەشاندنەوەمان پێدەدات، ئەو ستراتیژەی کەڕەخنەگران هێرشێکی زۆری دەکەنە سەرو میللەر ئەو هێرشانە بەهێرشی خوێنەرە منداڵکارەکان ناودەبات، کەدەیانەوێت بەردەوام رەهەندی مێژوویی بخرێتەڕوو، دیارە بەهۆی کاریگەریی (قوتابخانەی جنێڤی زمانەوانی) لەسەری، وایکردووە بڕوای بەگەمەی ئاماژەکان هەبێت، بۆ خوڵقاندنی پرسیار، بۆیە لەلای ئەو هەڵوەشاندنەوە لەنێو رەهەندێکی سیمیۆلۆژییەوە دەردەکەوێت، ئەوەش بووەتە مایەی ئەوەی کەڕەخنەگرتن لەئاگایی بەرەو جۆرە بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ببات، بەمانای رەخنەگرتن لەئاگایی لەسەر بنەمای

ڕاڤەکردنی ئاماژەی زمانەوانییەوە دێت، ئەوەش گەیاندوویەتییە ئەو بڕوایەی کە"عەقڵ دەتوانێت بەڕێگای هەستێکی تەواو بگوازرێتەوە بۆ عەقڵی ماناکانو دڵەڕاوکەیی"[5].

بۆیە گەمەکردنی لەسەر زمان وایکردووە لەزۆر تاکتیکدا لەگەڵ (جیۆفری هارتمان) یەکبگرنەوە، ئەگەرچی ئەو لەڕێگای ئاکاری خوێندنەوە توانیی پرسیاری جیاواز بەرهەم بهێنێت، پرسیاری جیاواز .. پرسیاری ئاکار، پرسیارێك بەلای (کریستۆفەر نۆرس) ئەگەر (بۆل دی مان)ی لێدەربکەین، ئەوە جگە لە(میللەر) کەسی دی توانای بەرهەمهێنانی پرسیاری ئاکاری نییە، بۆیە (میللەر)یش بەشێکی کتێبی (ئاکارەکانی خوێندنەوە)ی بۆ (بۆل دی مان) تەرخانکردووە، لەکاتێکدا بۆچوونی لەگەڵ (دی مان) لەبارەی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە تەواو لەیەك جیاوازن، ستراتیژ لای (دی مان) بۆ هەڵوەشاندنەوە چەمکێکی قووڵی هەیە بۆ دەق، (ئاشکراکردن) کەوەك جۆرە ستراتیژێك لای (دریدا)و (هارتمان) دەردەکەوێت، بەلایەوە ئەو ستراتیژە دەبێت لەڕێگای ناڕازیبوون بەگژیدا بچینەوە، بۆیە ئەو ناڕۆشنییەی لای (هارتمان) دەمێنێتەوە، ئەوا روونی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی پانتایی کارلێکراو بۆشاییەکی فراوانەو توانای دۆزینەوەی مانا دەرەکییەکانی هەیە، (هەستپێکراو) لەسەر وێناکردنی خەیاڵێك کاردەکات کەهزر کۆمەڵە وێنەیەکی نەدۆزراوە دەستنیشان دەکات، ئەوەش لەڕێگای ئاشکراکردنی رەمز کە لەپشت زمانەوە خۆی حەشارداوە، لەناو (چەمکێکی نادیار)دا، کەجیهانێکی سەراپاگیرییەو لەناو رێکخستنی دەقدا دەکەوێتە هەڵوەشاندنەوە.

لەوەدەچێ لێکچوواندنو شوبهاندنێك هەبێت لەگەڵ کارەکانی (بارتو فیش)، بەڵام هێڵێکی تایبەت هەیە کەلەوانی جیابکاتەوە، ئەویش پەیوەندیی بە(مانا)وە هەیە، کەپێی وایە جێگیرکردنی مانا کارێکی ئەستەمە، ئەمە جگە لەوەی (مانا) بەهۆی گەڕان دوادەخرێت، بۆ ئەوەش متمانە ناکاتە سەر ئەو کردە زمانەوانییەی

دەیەوێت مانا بدۆزێتەوە، چونکە پێی وایە دەکرێت میکانیزمی تر بەکار بخەین، مادامەکی کەناڵە زمانەوانییەکان دەخرێنە کار بۆ گەیشتن بەستراتیژ، سەرباری ئەو شێوە نزیکییەش، بەڵام دەیویست ساتی (رەتکردنەوە)و (بڕوابوون) ببەزێنێت کە(فیش) باسیکردووە، بۆیە رەخنەی (دی مان) بەگژدا چوونەوەیەکی ساتی رازیبوونە.

میللەر ئەو هەڵوەشاندنەوەیە ناودەنێت (خوێندنەوەیەکی نەخوێندراوە)، کە مەبەستیشی لەجەختکردنەوەیەکی (دی مان)ـە بۆ ئەو چەمکە، بەوەی "دەقی رەخنەیی کاتێك دەبێت بەدەق، دەبێت بەنەخوێنراو، وەك هەر دەقێکی تر، مەبەستی دی مان لە (نەخوێنراو) شتێکی دوور لەتیۆرە بڵاوکراوەکانە، کەپەیوەندیی بەناحەتمییەتی هەیە بۆ مانای دەق"[6]، کەئەوەش بووەتە هۆیەکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن (میللەر)ەوە، ئەوە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە بۆ وەڵام بەو رەخنانەی کە (دی مان) بەنیهلیستی ناودەبات، بەو ناوبردنەیش دەیانەوێت پرۆسە تەئویلکارییەکەی بۆ دەق بەوە لێك بدەنەوە، کە گەمەیەکی سەربەستە کەدەرەنجامەکەی سوودێك بەمانا ناگەیەنێت، بۆیە (میللەر) بەو کارەی نەك هەر تەنیا دەیەوێت توانای دەنگێکی رەخنەیی وەك خۆی دەربخاتەوەو بێئاکاری نەنوێنێت بەرامبەر بەدەقەکان، بەڵکو بەوکارەی ئەو راستییەی تێدا دەردەکەوێت، کەدەیەوێت خۆی لەبەردەم دەقەکانی (دی مان)دا وەك خوێنەرێك دەربخات نەك وەك رەخنەگرێك، ئەوەش بەشێکی سەرەکیو خاڵێکی گرنگە لەئاکاری خوێندنەوە، کە لەو ئاستەوە سەیری دەکات، کەتوانیویەتی تێپەڕاندنێکی تیۆری دروست بکات، داننان بەو خاڵەش، چەندە گەورەییو ئیزافەی دی مان لەنێو گوتاری فەلسەفیی رەخنەیی دەردەخات، هێندەیش پرۆژە رەخنەییەکەی خۆی لەئاستێکی ئاکاری بەرز پێشکەش دەکات، کەتوانیویەتی ئەو ئاکارە لەناو خوێندنەوە بپارێزێت، ئەوەش لەو رێگایەوەی کەدەبێت بەدەرخەری گۆڕان لەتیۆریی ئاکاری کانت لای دی مان، کەئەو گوتارە لای (دی مان) رەتدەکرێتەوەو دەخرێتە ژێر رەخنەوە، چونکە بڕوای وایە

کەئاکار پەیوەندیی نییە بەئارەزووەوە، بەڵکو ئەوە لاساییگەرییە، کەپەیوەندیی لەنێوان ئاکارو شتەکان دروست دەکات، چونکە وای دەبینێت ئاکار وەك زمانێك وابەستەی ئەو پێویستییە کەزمانی مرۆیی دەیخوازێت، بۆیە میللەر جیاوازیی نێوان کانتو دی مان لەو خاڵەدا چڕدەکاتەوە، کەئەگەر بەلای (کانت)ەوە "وەدەستهێنانی بڕواپێکردن لەتوانای زمانو عەقڵدایە، کەبەو تێگەیشتنەدا بچێتەوە بۆ گواستنەوەیەکی نازمانەوانی، ئەوا بەلای (دی مان) مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەی رووبەڕوو بوونەوەی سنووری توانا بۆ تێگەیشتن لەیاساکانی زمان لەگەڵ خۆیدا"[7].

ئەو دەستکاریکردنە تیۆرییەش وایکردووە هەڵوشاندنەوە ئاراستەیەکی تری بۆ بدۆزێتەوە کەتەئویلە، تەئویلکردنی دەقیش لەناو هەڵوەشاندنەوەی ئەمریکی لای (دی مان)و (بلۆم) دەرکەوتووە، کەئەوەی دواتریان لەدوابەشی ئەم نووسینە دێینە سەری، توندڕەوترین کەسی ئەو رەوتەیە تەنانەت رەخنە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەش دەکات، هەرچی سەبارەت بە (دی مان)ە تائێرە لەڕوانگەی دەقی (میللەر)ەوە تێمان روانیوە، لێرە بەدوا هەوڵدەدەین لەدیارترین دەقەکانی خۆیەوە گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوەی روانگەی میللەر جێبهێڵین و تێڕوانینی بۆ هەڵوەشاندنەوە دەربخەین.

## ئەبستمۆلۆژیای رەوانبێژی

سەیرکردنی دەق لای (دی مان) روانینێکی رەخنەیی جیاوازە، کە لەئاستی تێگەیشتنەوە بەرەو ئاستی فەلسەفی دەبرێت، ئەوەش لەڕێگەی ناوبردنی دەق بەڕەوانبێژی، یان رەوانبێژی بەدەق سەیرکردن، کەدیارە رەوانبێژی لەمانا باوەکەی رزگارکردووە، کە لەبنەڕەتدا هەوڵێك بوو بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر، ئەوەی گۆڕی، چونکە بڕوای بەو مانایە نییە کەپێی وایە رەوانبێژی لەپێناو بڕواپێهێنان بێت، بەڵکو بەلایەوە دەبێت بەستراتیژ بۆ خوێندنەوەیەکی نابینا یان کوێر، بۆیە چیدی بەلایەوە رەوانبێژی لەپێناو رازیکردنی خوێنەر نییە بۆ

بینینـەکان کـە لـەڕێگای وتـراو دەردەخرێـت، بـەڵکو خوڵقاندنـەوەی مانـا لـەنێو پرۆسەی کوێربوون دەسـتپێدەکات، کوێربـوون پرۆسـەیەکە ڕەفـزی ئـەو مانایـە دەکاتەوە کەمانای بینراوەو بەگەیشتنە قووڵایی ناوزەد دەکرێـت، بۆیـە لـەبریی ئـەوەی رازیمـان بکـات، ئـەوا دابڕانێکمـان بـۆ دروسـت دەکـات لەئاسـت ئـەو خوێندنەوەیـە خـۆ کـوێر دەکات، ئـەوەش چـەندە خـۆ کوێرکردنـە لـەماناکانی ڕەخنە، هێندەش (خۆکوێرکردنە) لەبەرامبەر وتراو.

بۆیـە خـاڵێکی گـرنگ کـەئاماژەمان پێـدا (ڕەوانبێـژی)و، پەیوەندییـەتی بـە (دەق)ەوە، کەهــەردووکیان توانـای جێگۆڕکـێ کردنیـان هەیـە بـۆ شـوێنەکانی یەکتری، کاتێك (دەق) بووە بەڕەوانبێژی، ئەوکاتە دەبێت ئەوەمان بـیر نەچـێت کەمەعریفەیەکی نوێ دێنێتە بوون، ئەوەش (ئەبستمۆلۆژیای ڕەوانبێژی)یـە، کـە لەڕێگای ڕەوانبێژیو مەعریفەی زمانەوە دوالیزمەکان دەکەونە شەڕێك بۆ ئەوەی یەکێکیان دوور بکەونەوە، بەدوورکەوتنەوەی یەکێکیان ئەویتر هڵدەبژێردرێت.

بۆیە لەبەردەم (وتراو/نەوتراو)دا پێویست بەپرۆسەیەکی ڕەخنەیی جیـاوازە، کەبـــەدوای دوورخراوەکـــە خوڵقاندنـــەوە ببێتـــە ســـتراتیژێك لـــەناو گوتـــارە ڕەخنەییەکـەدا، کـە(دی مـان) لـەڕێگای توێژینـەوەی ئاسـتی دەلالیـی خۆکـوێر دەکـات لەئاسـتی وتـراو، بـەو خـۆ کوێرکردنـە دووری دەخاتـەوە، شـتێك کەلـەو ڕووبەرە بمێنێتەوە، پانتایی نـەبینراوی (نـەوتراو)ە کەدەیـەوێت بیگۆڕێتـە سـەر (مانای بینراو)، ئەوەش بەدوای ئەو تێگەیشتنەی دێـت کەخوێندنـەوە بـۆ دەقـە ڕەخنەییـــەکان دەکـات، تـەئویلکردنی بـۆ دەقـە ڕەخنەییـەکانیش لـەو خاڵـەوە دەستپێدەکات، کەڕەخنەگر ئەگەر وا لەدەقی ڕوانیوە وتراوەکان بینراوێکی نێـو دەق بێـتو ئـەو توانـای بینینـی هـەبێت، ئـەوا لای (دی مـان) ئـەو خاڵـە تـەواو پێـچەوانە دەکەوێتـــەوە، چـونکە پێـی وایـە وتـراوی نێـو دەق بینراوێـك نییـە چاوساغێك بینیبێتی، بەڵکو پرۆسەی بینین لەئاست ئەو وتـراوەدا، واتـە بینینـی ڕەخنەگر نوێنەرایەتیی کارەکتەرێکی کوێری کردووە، بۆیە خۆکوێرکردن لەئاست

مەعریفەی دەق[8] گومانکردنە لەچەمکی مانا، بۆ ئەوەش بابەتێکی (مالارمێ) دەکاتە تەوەری قسەکردن، کەمالارمێ بەناوی (قەیرانی شیعر) پێشکەشی کردووە، پێی وایە (مالارمێ) وشەی—قەیران—ی لەنێو هەستکردنو تێگەیشتنی بۆ بینراو وەرنەگرتووە، هێندەی بەرهەمی بانگەشەکارییە، چونکە (قەیران) لەدەقەکەیدا دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو خاڵی بایەخدانی مالارمێیە کەهەر ئەوەش وایکردووە بایەخ بەپرسیار بدات.

ئەو پرسیارانەی ئاراستەی قەیرانی دەکات، قسەکردن نییە لەسەر ئەو وشەیە، چونکە هیچ جیابوونەوەیەك رووی نەداوە، تا لەبارەی ئەو وشەیە بتوانین قسەبکەین، بەلای (دی مان)ەوە ئەو کاتەی جیابوونەوە روویدا، بەواتای لەنێوان خوێندنەوەمان بۆ مالارمێو خۆکوێرکردن لەئاست ئەو مانایەی مالارمێ بەقەیرانی دەدات، ئەو ساتە دەتوانین لەسەر خودی قەیران خۆی قسەبکەین، ئەو کاتەش بونیادی ئەبستیمی ناگۆڕێتو وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوە پەیوەندییە دەلالییەکانن، کە تەئویلکردنەوەی رەوانبێژیی دەقە، بۆ ئەوەش نموونەیەکی (هۆسرەل)[9] دێنێتەوە، کە لەماوەی سێ رۆژدا ناوی موحازەرەیەکی چەند جارێك دەگۆڕێت، سەرەتا بەناوی "فەلسەفەو قەیرانی مرۆڤی خۆرئاوایی"یە، دواتر ناویدەنێت "قەیرانی زانستە مرۆڤایەتییەکانو فەلسەفە" کاتێك ئەو باسەی دەبێت بەیەکێك لەنووسینە دیارەکانیو بەشێکی کتێبێکی بۆ تەرخاندەکات، کتێبەکەی ناودەنێت "قەیرانی زانستی خۆرئاواییو فینۆمینۆلۆژیای بالاّ" ئەوەی لەو گۆڕینی ناوی دەق بەهەندوەریدەگرێت، نەگۆڕانی هەردوو وشەی (قەیران)و (خۆرئاوا)یە، کەگۆڕانیان بەسەردا نایەت، کەئەو دوو وشەیە لەڕەگدا دوو بونیادی ئەبستیمی ئەو دەقەنو گۆڕانیان تێدا روونادات.

ئەگەر لەتەوەری پێشوو لای (میللەر) جەختمان کردەوە سەر (ئاکاری خوێندنەوە)و رۆڵی (دی مان)مان لەو باسە دەستنیشان کرد، ئەوە لەو


www.dengekan.com
1/14/2007

خوێندنەوە رەخنەییەی لە (بلانشۆ) ئەو لایەنە جارێکی دی فەرامۆش ناکات، بەواتای نایەوێت لەپێناو دەرەنجامێکی رەخنەیی، هاودژبێتەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی، بۆیە ئەو رەخنەیەی (ولیەم رای) کەدەڵێت تووشی موفارەقە دێت رەخنەیەکە توانای بروابێکردنی نییە[10]، چونکە (دی مان) پێی وایە (خودی نووسەر)و (خودی خوێنەر) لەلای بلانشۆ بەشداریکردنی خود نییە لەوەی تر، بەڵکو هەولێکی خۆسەپێنەرانەی خودە بۆ دوورخستنەوەو نەفیکردنەوەی ئەوی دی، بۆیە لەرێگای (کوێری) لەئاست مانا، (دی مان) هەڵدەستێت بەپرۆسەی تەئویل، چونکە خوێندنەوەیەك لەرێگای وتراو ئەنجامدرابێت، هیچ ئیزافەیەك ناخاتە سەر وتراو، کەبلانشۆ خۆشی ئاماژەی بەوەداوە کەئیزافەیەك ناخاتە سەر وتراوەکان، ئەوەش وا لە دی مان دەکات پرۆسەی کوێربوون لەئاست ماناکانی دەق بگۆرێتە سەر پرۆسەیەکی نەبینراو کە"لەرێگەی ئیشکردنەوە لەکردەی خوێندنەوە تێبگەین، نەوەك لەرێگەی خودی پێکهاتووەوە، هەرچەندە ئەو پێدانی کارە بۆ هەر ماڵێکی بابەتی پێویستی بەوریاییەك هەیە، کەدەیەوێت ئێمە کارەکە وەك ئەوەی هەیە وەریبگرین، بەم چەشنەش لەئامادەبوونی نووسەر رزگاری دەکەین"[11]. مەبەست لەئامادەبوونی نووسەر دەستبەرداربوونە لەماناکانی نووسەر، کەبەپێی تەئویلکردنی زمان جارێکی تر ئامادەبوون بنیات بنێتەوە، ئەوەش گۆرینی (ئامادەبوونی نووسەرە) بۆ (ئامادەبوونی خوێنەر-رەخنەگر).

تائێرە ئەگەر وەك بۆچوونی (دی مان) بۆ گوتاری رەخنەیی سەیری بکەین، دواتر دەتوانین ئەوە ناوبەرین بەمیکانیزمی رەخنەیی، بەلام کاتێك ئەو میکانیزمە دێتە سەر خوێندنەوەی دیریدا بۆ رۆسۆ، ئەو کاتە هەڵوەشاندنەوە بەدوای زاراوەیەکی ترەوە خەریك دەبێت، ئەو زاراوەیەی کە بە(ئەبستمۆلۆژیای رەوانبێژی) پێمانی ناساندووە، چونکە ئەو خوێندنەوەیەی (دیریدا)ش ناودەنێت (رەوانبێژیی کوێر)، ئەوەش مانای وایە بەبۆچوونی (دی مان) ئەو رەوانبێژییە

لەناو هەڵوەشاندنەوە کاری بۆکراوە، بەتایبەت لەو خوێندنەوەیەی بۆ رۆسۆ لەلایەن فەیلەسووفی هەڵوەشاندنەوە گەرایی، بەلام ناوی رەوانبێژیی کوێری لێ نەنراوە. بەو ناوبردنەش ئەو زاراوە رەخنەییە دەخرێتە پاڵ زاراوە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوە[12]، چونکە دریدا لەرێگای (رۆسۆ)وە هەوڵی ناسین نادات، بەڵکو تەئویلکردنی زمان لەرێگای رەوانبێژییەك کەپێشتر بەهەڵە راڤەکراوە، ئەمجارە رەوانبێژیی ئەبستمۆلۆژیی لەو رەوانبێژە کوێرە دێتە بەرهەم، کەرەوانبێژیی ئەبستمۆلۆژیی نەك بەتەنها لەئاست راڤەکردنەکان رۆڵی کوێرێك دەبینێت، بەڵکو هەموو ئەو بینینانەی دەقی (بنەچەکەی زمانەکان)ی (رۆسۆ)ش فەرامۆش دەکات، دەیەوێت چەمکێکی ئەبستمیی نەبینراو بەو دەقە ببەخشێت، کەلەو رێگایەوە "(رۆسۆ)مان پێدەناسێنێت، کەرۆسۆ بۆخۆی نەیویستووە خۆی بناسێنێت"[13].

بۆیە ئەبستمۆلۆژیای رەوانبێژی بەتەنیا وەك زاراوەیەك هەڵناسێت بەخوێندنەوەی دەق، بەڵکو لەجەوهەردا ئەو زاراوەیە رۆڵی گوتار دەبینێت، گوتارێك کەهەڵگری شێوازێکی رەخنەییە، یان وەك تێزێك خۆی دەخاتەڕوو، بەکورتی ئەو ئەبستمۆلۆژیایە لەچەشنی هەڵوەشاندنەوە دەردەکەوێت، بۆیە تەنیا زاراوەیەك نییە لەجۆری زاراوە رەخنەییەکان، بەڵکو هەوڵی کۆکردنەوەی زاراوە رەخنەییەکانی دریدا لەناوخۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەو کۆکردنەوەیە چەندە پەیوەندیی هەیە بەو گەیشتنەی (دی مان) بۆ رەخنە، کەکاتێك دەبێت بەئەبستمۆلۆژیا، چونکە یەکێك لەخاسییەتە سەرەکییەکانی ئەبستمۆلۆژیا کۆکردنەوەی زانستەکانە لەناوخۆیدا، رووبەکی تری پەیوەندیی بەو چەمك و رەهەندە قووڵەی ئەبستمۆلۆژیای رەوانبێژیی (دی مان)ـەوە هەیە کەوایکردووە زاراوەکانی هەڵوەشاندنەوە بکاتە زەمینەیەك بۆ رەوانبێژیی، کەئەوەش لەبری جیابوونەوەی گوتاربووە بەیەکبوونی گوتار بۆ هەڵوەشاندنەوە، کە (پۆل دی مان) توانیی ئاسۆیەکی فراوانتری پێ ببەخشێت، کاتێك هەڵوەشاندنەوە لەلایەن

ڕەخنەگرانی ئەمریکی بەرەو ئاستێکی بەرز دەبردرێت، ڕووبەڕووی دەنگێکی تر دەبینەوە، دەنگێك کەڕەخنە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەیش دەکاتو زۆر ورد لەسەر چەمکی جیاوازیی کاردەکات، ئەگەر ئەو بەلای خەڵکانی تر ببێت بەخوێندنەوەی خراپیش، ئەویش (هارۆڵد بلۆم)ـە.

## هەڵوەشاندنەوەو خوێندنەوەی خراپ

ئەگەر هەڵوەشاندنەوە یەکێك لەبانگەشە سەرەکییەکانی جیاوازیی بوو بێت، ئەوا بەدوای سەرهەڵدانی لەئەمریکا جیاوازی بووە بەچەمکێك، تەنانەت لەناوخۆیشدا دەرکەوت، ئەوەش لای (هارۆڵد بلۆم)بوو، کەسەرەتا بەلێکۆڵینەوەیەك لەسەر (شیللی)ی شاعیر دەستیپێکرد، کەقسەکردن بوو لەشکستەکانی ژیانی ئەو شاعیرە، لەڕووی دەمارگرژییو پێنەگەیشتنی ڕەفتارو ئاکاریدا، بەتایبەت بۆ شاعیرێك کە بەدیدگایەکی نادیار لەناودەق ناسرابێت، ئەو سەرەتایە بەتەنیا داکۆکیکردن نەبوو لەشاعیرێك، کەڕەخنە لەسیستمێکی ئاکاری دەگرێتو دەیەوێت لەڕێگای شیعرەوە پەیوەندییە مرۆییە بچڕاوەکان چارەسەر بکات، بەڵکو هەولێکبوو لەناو گوتاری ڕەخنەیی، چونکە ئەو هاوڕابوو لەتەك ئەو بۆچوونەی (ریتشارد ڕۆتی) کەفەلسەفەی ئەمریکی دوای پراگماتیکی نەیتوانیوە ئاراستەی پرسیارەکانی خۆی بگۆڕێت، ئەو پرسیارانەی ئیتربوون بەپرسیاری ڕووکەش بۆدەق، ئەو پرسیارانەی لەئەمڕۆدا دەپرسن (ئەو دەقە لەتوانایدا هەیە چیمان پێ ببەخشێت؟ ئەو مانایانە چین لەناو دەق وەدەستی دێنین؟) ئەو جۆرە پرسیارانە لەجەوهەردا دەبنە بەربەست لەبەردەم خوێندنەوەی بەهێز، چونکە خوێندنەوەی بەهێز ئەوەی بەخەیاڵیدا نەیەت، ئەو پرسیارەیە کەبپرسێت "ئایا ئەو دەقە بەشێوەیەکی ڕاست پێشوازیی لێدەکرێت؟ لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا (دەیەوێت)بەشێوەیەکی خراپو هەڵە پێشوازیی لێبکرێت"[14].

بۆچی بەشێوەیەکی خراپ؟ ئەو پرسیارە چەند وەك راچەنینێك دەیبینین، بەڵام بلۆم خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە کارەکان بە(بیرکردنەوەی خراپ)یان (ئاگایی خراپ) ناودەبات، ئەوەش بەلایەوە ئەو خاڵەیە کەئەوان دەتوانن لەسەری کۆکبن لەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوەدا، دەنا جیاوازییەکی زۆر دەکەوێتە نێوانیان، تەنانەت لەو نموونانەی لەناو دەقەکانیان ئاماژەشی پێدەدەن، ئەگەر بەشێکی دیاری پرۆژە فەلسەفییەکەی (دریدا) لەسەر فەلسەفەی (هایدگەر) بنیات نرابێت، ئەوا هایدگەر لای بلۆم فەیلەسوفێکی دەرکراوە، لەوەدەچێت بیانوویەکی باشیشی هەبێت بۆ خولّقاندنی جیاوازی کۆنکرێتی، بەوەی چەمکی (خراپ) کەدەکرێت دریداو دی مانو هارتمانو میللەرو بلۆم بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بەڵام ئەو چەمکە خاوەن یەك رەهەند نییە، ئەگەر لای فەیلەسووفانی وەك (هیگڵ، نیتچە، هایدگەر) سەیری بکەین، دەبینین هەریەکەی بەشێوازی جیاواز سەیری دەکات، ئەوەش شەرعییەتێکی تەواوی پێدەدات بۆ قبووڵ نەکردنی هایدگەر، کە بادریدا پرۆژەیەکی فەلسەفییش لەسەر بنیات بنێت، بەڵام ئەو خراپی بینینە وەك یەك نییەو رەهەندی جیاوازی هەیە.

ئەگەرچی بۆ رەخنەگرتن لەسێنتەرو هەڵوەشاندنەوە، هەمان تێڕوانینی (دریدا)ی هەیە بۆ دوورخستنەوەی دەق لەو شەڕانەی لەرێگای رەوانبێژییەوە دەبنە مێژووی دەق، ئەو مێژووە لەبنەماوە رەتدەکاتەوەو هیچ نرخێك بۆ یادەوەریو گەڕانەوەی رەوانبێژی بۆ ئەو رابردووە بەهەند وەرناگرێت.

سەرباری جیاوازییەکانی، بەڵام زاراوە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەی بەتەواوی رەت نەکردووەتەوە، بەتایبەت هەردوو زاراوەی (دەنگ/ئامادەبوون)[15]، کەمیکانیزمی سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەیەو تیایدا رەخنەگرتن لەسێنتەرو گراماتۆلۆژیا لەرێگای ئەو دوو زاراوەیە توانای خولّقاندنی چەمکە فەلسەفییەکانیان دەبێت.

ئەوە وەك ئاماژەمان پێدا هاوكۆكبوونی نییە لەتەك ئەوانیتر، بەڵكو تا قـووڵ ببنـــەوە جیـــاوازیی زیاترمـــان بـــۆ دەردەكـــەوێت، ئەگـــەر (دریـــدا) هـــەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەقـی فرۆیـدی بـدات، ئـەوا (بلـۆم) بەپێـچەوانەی ئـەو فرۆیـد بەپاڵپشتی خۆی دادەنێت بەتایبەت لەڕووی خوازەی پاڵنـەرەكان (مۆتیڤـاتیۆن) لەوەدەچێت لێرەدا پێویستمان بەڕەخنەكانی (دریدا) نەبێت لە (فرۆید)، ئـەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت ئەو جیاوازییەیە كەدەكەوێتـە نێوانیـان لەگـەڵ بلـۆم، ئـەو جیاوازییەش لەسەر سامبونی یەكێكیان بەفرۆیدو وەلانانی لای ئەویترەوە نییـە، بەڵكو بەگەورە سەیركردنی ئەو فەیلەسووفەیە لەلای هەردووكیان، كەدریـدا ئـەو سیستمە فكرییەو دامەزراوەی نێو زمان هەڵدەوەشـێنێتەوە، لەكاتێكدا "فرۆیـد بەنیـسبەت بلۆمـەوە یەكێكـە لەمامۆسـتایانی رۆحـەكان لەڕاڤـەكردنی نـوێو جەنگاوەرێكی سەركێشیشە لەئیزافەو ماناكانی نەست، لەڕێگای میتۆدەكەیـەوە توانیویەتی رووحێكی نوێ بەڕاڤەكاریی ببەخشێت"[16].

ئـەوەش مانـای وایـە بلـۆم وەك دریـدا بایـەخی بەلایـەنی زانـستیی لـەدەقی فرۆیـدیزم نـەداوە، بـەڵكو لەڕاڤـەكردنی رووحـەوە سـەیری كـردووە، كەئـەوەش چەندە لـەو لایەنـە مانایـەكی خراپـی فرۆیـد بێـت، لەهـەمان كاتـدا خوێندنـەوەو وەرگرتنێكی خراپی بلۆمییە، كەئەوەش مەبەستی سەرەكیی خوێندنەوەكەیەتی، كـــە بەلایـــەوە "خوێندنـــەوە خراپـــی نووســـینە، نووســـینیش خراپیـــی خوێندنەوەیە"[17].

ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی  هەڵوەشـاندنەوەگەراكان بەكۆنەپەرست نـاوی بـەرن، كۆنەپەرسـتەكانیش وەك هەڵوەشـاندنەوەگەرایەك ئامـاژەی بـۆ دەكـەن، ئەوەش لای خۆی وەك كۆمیدیای ئەو دووبەرەیە سـەیردەكات، كۆمیدیایـەك بـێ ئـــەوەی گـــوێی پێبـــدات، درێـــژە بەڕەوتـــە رەخنەییەكـــەی خـــۆی دەدات، كەهەڵوەشـــاندنەوە لای بـــووە بەڕەخنـــەگرتن لـــەڕابردوو، بەلایـــەوە رابـــردوو دەسـەڵاتێكی خولقانـدووە دەبێـت ئـەو دەسـەڵاتە لـەناوببرێتو بكوژرێـت، ئـەو

پرۆسەی کوشتنی دەسەڵاتە لەپشت فرۆیدەوە ئەنجامدەدات، ئەوەش وایکردووە ببێت بەئۆدیبیەکی شەڕانی، هەستی شەڕانگێزیی بەسەر هەستی سێکسییدا زاڵبووە، چەپاندنو رق لێبوونەوە ئارەزووی گۆڕیوە، ئەو هێندەی غەریزەی کوشتنی باوك لەناوی دروستبووە، بەهیچ شێوەیەك پلانێکی نییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی رۆڵی باوكو شادبوون بەقوربانی (دایك)، چونکە خەونی باوکایەتیی نییە هێندەی لەناو بیرکردنەوەو هێرشبردنو خۆئامادەکردنی بەردەوامە بۆ کوشتنی باوك.

بۆیە ئەو گرێ ئۆدیبییە چەندە لەبەرامبەر رابردوو لای گەورە دەبێت، هێندەیش بۆ رابردوو پراکتیزەی دەکات، ئەوەش لەو بۆچوونەی دەردەکەوێت "گرێو گرژییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لەنێوان شاعیران (بەهێزەکان) لەهەر لاساییکردنەوەیەکی شاعیریی، وەك لای شاعیرە سەلەفییەکان هەیە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن هەر کاریگەرییەکیان هەبێت تا کارەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان سەرەو نخون بکەن"(18).

هەڵوەشاندنەوەی دەق رێکخستنەوەی پەیوەندییە، رێکخستنەوەیەك وابەستەی چارەسەری رەخنەییە، تاوەکو ستراتیژی رەخنە سیماکانی دەربکەوێت، بەتایبەت لەڕووی پەیوەندیی خود بەشیعرەوە، کەدەبێت رەخنەگرتن لەسێنتەری دەقو هەڵوەشاندنەوەی ئاماژەکان بەرەو ئاستێکی جیاواز ببردرێت کە بە(خراپی خوێندنەوە) ناوی دەبات، ئەوەش بەلایەوە "پەیوەندییەکی بەهێزە لەنێوان تاكو تێگەیشتنی هەستی لەلایەكو شیعر لەلایەکی تر، من نەهاتووم بۆ چارەسەری ئەو پەیوەندییە تاوەکو چارەسەرێکی ئاشکراکراو لەنووسینە رەخنەییەکانم بخەمەڕوو"(19).

ئەوەش تێگەیشتنێك بوو بەپێی مانا (ئارنۆڵد)ییەکە بۆ شیعر، ئارنۆڵد کەشیعری هاوواتاو یەکسان دەکردەوە بەئایین، لەو بڕوایەشدا بوو کاتێك دەڵێین (ئایینەکە مرد) بەواتای شیعر مرد، ئەو ساتە دڵنیادەبین لەدواڕۆژی شیعر،

چونکە بەهای راستەقینەی دەردەکەوێتو رۆحی شیعر پیرۆزدەبێت، چونکە چارەسەری بۆ پەیوەندیی نێوان شیعرو کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، ئەو مردنە کۆتایی هێنانە بەدەستەواژەی (شیعر ئاوێنەی کۆمەڵگایە)، بەمردنی شیعر ئەو ئاوێنەیە درزی تێدەکەوێت، تادواجار دەشکێت، لێرەدا شیعر هەر لە چەمکی (حەقیقەت)ی نیتچەییە دەچێت، کەبڕوای وابوو حەقیقەت ئاوێنەیەك بوو لەدەستی یەزدان کەوتە خوارەوەو شکا، ئەو شکانە پارچە پارچەبوونی ئاوێنەیە بەمانای فرە ئاوێنەیی جیاوازە، ئەو ساتەیش بەهای راستەقینەی شیعر دەردەکەوێتو دەتوانرێت لەو رێگایەوە ئاستی تواناو سیستمی رێکخەر سەر لەنوێ بنووسرێتەوە، دیارە وەرگرتنەوەی ئەو مانایە، ئەو واتایە نادات بەدەستەوە کە(بلۆم) رەخنەی لە (ئارنۆڵد) نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەخنەیەکی زۆری لەمیتۆدو شیعرەکانی هەبوو، تەنانەت شیعرەکانی بەنموونەی شاعیری لاواز ناودەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنی بۆ شیعر هەوڵێكو زەمینەیەك بوو بۆ قۆناغێکی تر، ئەگەرچی ئەوەش لای ئەکادیمییەکان بوو بەژێرخانێکی نەگۆڕ، ئەوەش ئەو رابردووەی سەلەفییە کەبلۆم بەگژیدا دەچێتەوە. دیارە ئەو رەخنەو بەگژداچوونەوەیە کەهەڵوەشاندنەوەی سیستمی رێکخەرو گوتاری دەق لەودیو ئاگاییەکی تەئویلییەوە وێنای ستراتیژ دەکات، بەمانای لای بلۆم ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە بووە بە(ستراتیژیی هرمنیۆتیکا)[20].

ئەوەش رەخنەگر دەکاتەوە بەنووسەر، بەمانای کاتێك بلۆم دەقی شیعریی هەڵدەوەشێنێتەوەو سیستمی شیعر لەنێو دەق لەیەك جیادەکاتەوەو بونیادەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوساتە خۆی رۆڵی رەخنەگر نابینێت، بەڵکو دەبێتەوە بەشاعیرێك، ئەوساتەش "ئاگایی هرمنیۆتیکی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر، لەتواناماندایە ئەوەش بڵێین: کەبلۆم کاردەکات لەتەك

ئیدراکی هرمنیۆتیکی بۆخودی شیعر، لەبەرئەوەی شاعیرەکە-شاعیرە لەناو شیعر-نەوەك کەسێکی بایۆگرافی بێت"[21].

بەواتای سەر لەنوێ دەق وەك رووبەرێکی نەنووسراو دەنووسێتەوە، ئەوەش دۆزینەوەی نێوان بونیادەکانە، خوێندنەوەی ئەو سیستمە نەخوێنرایەوە، کەسیستم وایکردووە بەهۆی سەپاندنی گوتار، تەنیا گوتاری نووسراو بخوێندرێتەوە، نووسراو توانای نوقمکردنی خوێنەری هەیە لەناو رەوانبێژیی زمان، کەدیارە خوێنەریش ئارەزووی نوقمبوون دەکات، بەڵام ئەوە خوێنەری شاعیرە نایەوێت نوقم بێت، بەڵکو بەئاگاییەکی تەئویلییەوە گومان لەدەق دەکات، بۆیە تەئویلی رەخنەگر ناودەنێت "لێرەدا هیچ تەئویل کارییەك نییە، بەڵکو تەنیا خراپیی تەئویلەکان هەیە، ئەوەش وادەکات هەموو رەخنەکان ببن بەشیعرێکی پەخشانی"[22].

بەواتای هەڵوەشاندنەوە دەبێت بەخوێندنەوە، خوێندنەوەیەکی جیاواز، کەبەهۆی لێکنەچوون بەتەئویلی خراپ بۆ خوێندنەوە، ئەوەش نووسینەوەی دەقە، بەڵام نووسینێك دەکرێت لەجەوهەردا خراپ بێت، بۆیە خوێندنەوەش پرۆسەیەکی خراپە، بەو تێڕوانینەش بلۆم توانیی جیاوازیی لەناو هەڵوەشاندنەوە بەتەواوی بیسەپێنێت، کەجیاوازیی لای (دریدا) ستراتیژێکی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەیە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1– ئەوگرووپە وا دەیانڕوانییە ڕەخنە کەپیشەسازییەکی دەستکاری بێت بۆ خولقاندنی هەنگاوەکان، بۆیە وەستانی (هارتمان) بەڕووی ڕەخنەی باو بووە جێگای ڕەزامەندییان.

2- التفكيكية النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، ترجمة (رعد عبدالجليل جواد)، دار الحوار-سوريا-الطبعة الثانية، 1996، ص99.

3– هەمان سەرچاوە، ص101.

4- أخلاقيات القراءة، جي. هيليس ميللر، ترجمة (سهيل نجم)، دار الكنوز الأدبية-بيروت، 1997، ص28.

5- التفكيكية النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص99.

6- أخلاقيات القراءة، جي. هيليس ميللر، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص63.

7– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص80.

8– پێویستە (مەعریفەی دەق)و (وتراوی دەق) بەیەك مانا ڕاڤە نەکەین، بەڵکو دوو چەمکی تەواو جیاوازن، وتراوی دەق پەیوەندیی بەو گوتراوانەوە هەیە کەڕاستەوخۆ زمان دەیخاتە ڕوو، هەرچی (مەعریفەی دەق)ـە، پەیوەندیی بەنەوتراوەوە هەیە، ئاستی مەعریفیی دەق کەقسەی لەبارەوە دەکاتو پەیوەندیی نەوتراو بەو چەمکانەی کەتوانای گەیشتنە نهێنیو دەرخستنی ئەو گوتارە نەبینراوەی هەیە کەگوتارێکی ئەبستمۆلۆژییە، ئەوەش تەنیا لەڕێگای تەئویلکردنی زمانو کرانەوەی زمان، ڕەخنەگر دەگەیەنێت بەنهێنیی ئەو سیستمو ڕێکخەرانەی کە لەناو زمان شاردراوەن.

9– پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین دی مان سەرەتا لەژێر کاریگەریی (فینۆمینۆلۆژیای) هۆسرەل دەستی بەکاری ڕەخنەیی کرد، بۆیە لەکارەکانی دواتریشیدا لەناو (مەعریفەی دەق)ەکانی، ئاگاییەکی هۆسرەلی، لەناو مەعریفەی دەق ئامادەبوونی هەیە.

10– سەبارەت بەتێڕوانینی (ولیەم ڕای) کەڕوانینێکی ڕەخنەییە لە (دی مان)و چەند تۆمەتباری دەکات بەومەعریفە پێشینەییە، هێندەیش بەرەخنەگرێك ناوی دەبات کەتووشی موفارەقەی سەیر هاتووە، ئەو سەرنجانەش بەهەر ڕوویەك ڕاڤەبکرێت، پێویستیی بەتێڕامانو لێوردبوونەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی باسەکەی ئێمە لەو چوارچێوەیە شوێنی نابێتەوە، ئەگەر بەناچاریش بێت دەبێت جێی بهێڵین، بەڵام ئەوەی پێویستیی بەئاماژە کردن بێت، کەبۆخۆم بەئیلتیزامێکی ئاکاریی دەزانم ئەویش ئەوەیە کەناکرێت ئەو کتێبەی (ڕای) وەك سەرچاوەیەکی نێگەتیف سەیر بکەین، بەڵکو ئەو بۆچوونەی پێشوو کەهاونزیکیی (دی مان) لە(بارتو فیش) بەدوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە لامان دروستبووە کەدەکرێت بۆ کاتی پێویست خوێنەر بۆی بگەڕێتەوە، بڕوانە: المعنى الأدبي، وليم راي، ترجمة (د.يوئيل يوسف عزيز)، دار المأمون، بغداد، 1987، ص208-237.



www.dengekan.com

1/14/2007

11- العمى والبصيرة، بول دى مان، ترجمة (سعيد الغانمي)، المجمع الثقافي- أبوظبي، 1995، ص114

12- مەبەست لەزاراوە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەیە کە(دریدا) بەکاریان دەهێنێت، کەئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لەو زاراوانە "گراماتۆلۆژیا، لۆگۆس، سێنتەر، جیاوازیی، فرەیی، دەنگ".

13- العمى والبصيرة، بول دى مان، ترجمة (سعيد الغانمي)، المجمع الثقافي- أبوظبي، 1995، ص183.

14- الهرمنيوطيقا والتفكيك، جمال العميدي.، الأقلام، العدد (1-4)، 1997، ص17.

15- لای (دریدا) بووە بەسەرچاوەی نووسینی چەندین کتێبی فەلسەفی، دیارترینیان (الكتابة والأختلاف)، (مواقع)، (صيدلية أفلاطون).

16- التفكيكية النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، ترجمة (رعد عبدالجليل جواد)، دار الحوار-سوريا-الطبعة الثانية، 1996، ص127.

17- الهرمنيوطيقا والتفكيك، جمال العميدي.، الأقلام، العدد (1-4)، 1997، ص14.

18- التفكيكية النظرية والتطبيق، كريستوفر نورس، ترجمة (رعد عبدالجليل جواد)، دار الحوار-سوريا-الطبعة الثانية، 1996، ص121.

19- حوار مع الناقد هارولد بلوم، ترجمة (د.محمد درويش)، الأقلام، آيار-حزيران 2000، ص70.

20- نووسینێکی ترمان تەرخانە بۆ ستراتیژی هرمنیۆتیکی، بۆیە لێرەدا نەگەڕاوینەتەوە بۆ هرمنیۆتیکای بلۆم، بۆ کاتی پێویست، دەکرێت خوێنەر بۆ ئەو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە: ستراتیژی هرمنیۆتیکا/نیهاد جامی/گۆڤاری ژیار، ژمارە 4.

21- مفارقة الحداثة، هارولد بلوم/ديفيد كوزنزهوي، ترجمة (خالدة حامد)، آفاق عربية، العدد (7-8)، 2001، ص84.

22- هەمان سەرچاوە، لا85.

# فیمێنیزم و هەڵوەشاندنەوەی زمان

کاتێ قسە لە فیمینیزم دەکەین ئەوەمان لامەبەستە کە ئەو تێروانینە هەر لەسەرەتاوە روون بێت, کە ئێمە لە مانا و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیە قسە ناکەین, بەڵکو دەمانەوێت قسە لە بزووتنەوەیەك بکەین کەلەژێر تیۆری زمانەوانی هاتۆتە بوون و بە تایبەتیش لەسەر تێروانینی (جۆلیا کریستیڤا) بدوێین و بەپێی پێویستی نوسینەکەئاماژە بۆ دەنگەکانی تریش دەکەین. هە لەو سەرەتایەوە پرسیارێك کە دێتە بیری خوێنەر بەرلەو وەبیری دێنمەوە, بۆچی کریستیڤا؟ چونکە بەدوای بنەما تیۆریەکانی (سیمۆن دی بۆڤار) ئەوە بۆچون ودیدی کریستیڤایە فێمینیزمی نوێی لەسەر بنیاتنرا, بەتایبەتی دوای ئەوەی (جاك لاکان) فرۆیدی خستەنێو خوێندنەوەی زمانەوانیەوە, ئەو خوێندنەوەیە چەندە بووە مایەی ئەوەی فرۆید بێتەوە گۆرەپانەکە, هێندەش بووە مایەی خولقاندنی تیۆری رەخنەی نوێ.

تیۆرێك بەجیاواز لەو رابردووەی کەتیایدا پیاو هەموو بوارەکەی کردبوو بە مولکی خۆی, ئەمجارە ژن تیایدا ویستی لە رێگەیرەخنەگرتن لەو کلتورە نێرسالارییەی رابردوو لەو عەقڵە فەلسەفییەی بە درێژایی سەدەکان ئەوی خستبووە دەرەوەی پرۆژەی بیرکردنەوە, ئەوەش بەتەنیا رەخنەیەك نەبوو بەبێ بوونی زەمینەیەکی کراوە لەبەردەم دەقەکان, بەڵکو سەردەمی پاش بونیادگەری (پۆست ستراکتۆرالیزم), کەلە بنەرەتدا رەخنەیان لە مۆدێرنە دەگرت و سەرهەڵدانی ئەو رەخنەیەشیان بۆ (نیتچە) دەگەراندەوە, کە چی فێمینیزمی نوێ بەپێچەوانەوە لە رێگەیرەخنەگرتن لە بڕواکانی نیتچەوە دەستی پێدەکرد, بۆیە ئەگەر لەرابردوودا بەشێك لە فێمینیستەکان بڕوایان وابوو

, تێروانینی نیتچە زەمینەی لە دایك بوونی تاکە, ئـەوا ئـەو بۆچـونە کەوتـە نێـو ڕەخنەوە.لەبەرامبەر ڕەخنەگرتن لە نیتـچە و لایـەنگیریکردن لـە (لاکـان), بـەڵام ئەوەی کرا بەمیکانیزمی سەرەکی بۆ ڕەخنەکەیان تێزی هەڵوەشاندنەوەی (جاك دریدا) بوو, لە ڕێگەیەوە ویستیان, ڕەخنە لە سێنتەری برواکانی نیتچە بگرن.

بۆیـە ئـەو ڕەخنـە زمانەوانیـە لـە ووشـەی (ژن) ەوە دەسـت پێدەکـات, قسەکردنەوەیە لە مەجازی بوونی ئەو ووشـەیە, مـەجازی بـوون مەبەسـتمان لـە خولْقاندنی گوتارە, کە دەسەڵاتی بە ڕەگەزی بەرامبەر بەخشیووە, ئەو ڕەخنەیە ئەگەرچی لەبنەڕەتدا دەیەوێت لـە ژنبوونـەوە دەسـتپێبکات, بـەڵام لـە راسـتیدا سـتراتیژی ڕەخنەکـە بـۆ وێرانکردنـی پیاوبوونـە, پیـاوبوون وەك سیـستەمێك کەبەرهەم هێنەری گوتارێکی نێرینەییە.

ئەوەی وادەکات ئەو ڕەخنەیە بە بایەخەوە سـەیربکرێت, پەیوەنـدی بـە دوو ئاستەوە هەیە:

یەکەمیان لەناو تیۆری زمانەوانیەوە دەیەوێبێتە دەنگ, ئەویش تێگەیـشتنە لەو دەقەی کە ڕەخنەی لێدەگیرێت, میکانیزمی ئەو ڕەخنەیە بـەپێی ئایـدیاێکی ژنانـەی تـاك ڕەهەندانەیـە بـۆ دەق, بـەڵکو ئاسـتە زمانەوانیەکـە وایلێـدەکات ڕەخنەیەکی جینالۆژی بنیات بنێت, ئەو شێوە ڕەخنەیـەی فەلـسەفەی نیتـچەی لەسەر بنیاتنراوە.

ئەو ڕەخنەیە لە زمانی مەجازەوە راماندەکێشێتە ناو ڕەوانبێژی زمـان, بۆیـە ئەگەر بمانەوێت پرسیار لە ژنبون بکـەین, ئـەوە دەبێـت سـەرەتا ماناکـانی ئـەو پرسیارە لای نیتچە وەدەست بێنین, بـەوەی ئـەو چـۆن سـەیری ئـەو ڕەگـەزە دەکات؟ ئەو هۆکارەی لە پشت ئەو سەیرکردنەوە وەستاوە چییە؟

هەریـەك لـەو دوو پرسـیارە پەیوەندیـەکی راسـتەوخۆیان بەیەکـەوە هەیـە, چونکە ئەوەی لەپشت تێروانینی ئـەو فەیلەسـوفەوە وەسـتاوە بـۆ ڕەگەزەکـەی

بەرامبەر, پەیوەندی بەرووداوێکی خودیەوە هەیە, بەمانای ئەزمونی نێرینەیی و جۆرێك لە شکستە بەرامبەر بەو ڕەگەزە وا دەکات دنیابینی فەلسەفی نیتچەیی تیابخرێتە روو,ئەگەر ئەوە بە خەوشێك سەیر بکرێت, گوزارشت لە هەڵەکردن دەکات, چونکە ئەوە هەڵەیەك نییە هێندەی تەقاندنەوەی توانای فەلسەفی فەیلەسوفە, ئەزمونی شکست لەتەك ژندا, دەبێتە هۆی گۆرینی تێروانینەکانی, ئەو گۆرینە گەورەترین دەقە داهێنانەکانی پێدەنووسێت, بەڵام ئەوە مانای وانیە کە دووردەکەوێتەوە لە دژایەتیکردنی ژن, بەڵکو ئەو دژایەتیە چەندە لەرێگەیڕەوانبێژی زمانەوەیە بەڵام ڕەوانبێژی لای نیتچە, سێنتەر بۆ زمان ناگەرێنێتەوە, بەڵکو بۆ ئەندامی سێکسی نێرینەیی دەیگوازێتەوە, چونکە سێنتەری پیاوبوون ئەندامی سێکسیەتی, سێنتەرێکە بەهۆی ئەو ئەندامەوە بانگەشەی پیابوون دەکات, هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێنتەرەش دەسپێکی قسەکردنە بۆ دنیایەکی جیاواز, بۆیە هەڵوەشاندنەوەی گوتاری سێنترالیزمی نیتچەیی, هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی پیاوبوونە بۆ فێمینیزم, بەمانای سیستمی ڕێکخەری زمان بەپێی چەمکە (دریدا) بییەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە, بۆیە فێمینیزم کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕەوانبێژیی زمان دەکات, چونکە رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەسەر چەوساندنەوە و بەئەویدی سەیرکردنی ژن.

فێمینیزم لەرێگەی ڕاڤەی دەروونی توانیویەتی سێنتەری ئەو تێگەیشتنە نیتچەییە هەڵوەشێنێتەوە, کە بوونی ژن وابەستەی درۆکردن و خۆجوانکردن دەکات. چونکە ئەو بۆچوونە هەڵگری دەلالەتێکی قوڵ نیە بۆ ژن, هێندەی ڕوانینێکی سایکۆلۆژییە و لەگەڵ ڕاڤەی جیاوازیش دەکرێت شکست بێنێت و هەڵوەشێندرێتەوە, ئەو شوناسەیبۆ ڕەوشت (نیتچە) بەژنی دەدات, کە پێویستە ژنی بە ڕەوشت منداڵی ببێت, چەندە تێگەیشتنێکی ناتەواوە بۆ کەسێتی, هێندەش ڕابەرێکی فێمێنیستی وەك (بۆڤار) دەخاتە هەڵەوە کە فەردانیبوون پێشنیار دەکات و منداڵبوون ڕەتدەکاتەوە, فێمێنیزمی نوێ

لەڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەی زمان سەرلەنوێ دەیەوێ بونیادەکانی ئەو پەیوەندییە ڕێکبخاتەوە, ئەو ڕێکخستنەوەیە خاڵی جیاوازی ئەو فێمێنیزمەیە لەگەڵ ئەوانی پێش خۆیان, کە دواتر لەناو ئەو نووسینە دەگەڕێینەوە سەری.

نیتچە بڕوای وایە (بکوژ) کەسێکە لەڕێگەیکوشتنەوە بنیاتمان دەنێتەوە, بۆیە (لۆسالۆمی) چەندە دەبێتە بکوژی ئەو, بەڵام بکوژێکە لەپشت توانا و بوونی داهێنانی ئەو وەستاوە, ئەوە سالۆمی بکوژە دەیکات بە فەیلەسوفی ژیان, سەرباری ئەوەی پێی وایە کە ژن بەهیچ جۆرێك خاوەن حەقیقەت نییە, حەقیقەت ئەو شتەیە کە بەژن نامۆیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وایە کە تەنها ژنە توانای بونیاتنانی مرۆڤی هەیە, ئەویش نەك لەبەر بەزەییەوە, بەڵکو لە درۆکردن و زەبروزەنگ و فێڵەکانیەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو عەقڵە بەتەنها تایبەت نییە بە بونیادێکەوە, بەڵکو گوتارێکی سەرەکییە, زمان کە بەرهەمهێنەری ئەو دەسەڵاتەیە, سەرلەبەری پەیوەندیی وسیستمی ڕێکخەری هەڵدەوەشێنێتەوە و لە ناو یەکەو بونیادە لێکترازاوەکانییەوەسەیری فۆنیمەکانی دەکەنەوە, ئەویش زمان لەناو دوو زانستی سەربەخۆ جیادەکاتەوە, ئاخاوتن ونوسین (گراماتولۆژیا) سێنترالیزمی لۆگۆسی دریدا, لەلایەن کریستیڤا دەگۆرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی نێرینەیی, ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی گوتاری پیاوبوونە, ئەو گوتارەی لەڕێگەیزمانەوە دەپەرێتەوە بۆ شەرعیەتدان بە ئاکار, کە (هێلین سیکسۆس)یش هەمان بۆچونی هەیە و دژی ئەو تیۆرەی پێشو دەوەستێتەوە بۆ ژن ونووسینی ژن بە تێپەراندن لە سێنتەری ئەو عەقڵە سەیر دەکات کەسێنتەری پیاو بێت.

ئەوەش نەك تەنها لەرووی مەسەلەی سێکسیەوە, ئەگەر مێژووی ئەشکەنجەدان لە فەرەنسا بەنموونە وەربگرین, کە مێژوویەکە لە ڕێگەری ئەو عەقڵەوە خۆیکردووە بە سێنتەر, بۆ ئەو مێژووەش کریستیڤا نمونە بە خانمێکی جەزائیری دێنێتەوە بە ناوی(لۆیزیت ئیگلهاریس) کە ساڵی 1957 لەژێر

ئەشکەنجەی فەرەنسیەکان گیانی لە دەستداوە, کوشتنی ئەو خانمە بەلایەوە دەبێتە لەدایکبونی پەیوەندی نێوان مێژووی ئەشکەنجە و یادەوەری مرۆڤ, بۆیە دەڵێت (یادەوەریی مرۆڤ بەشێوازێکی دڵنیابوون کاردەکات, تائەوانیش کەلەو کارانەیان بەشداریی دەکەن و شاهیدبوونە بەسەریەوە بیریانچۆتەوە, تاوەکو مرۆڤ بتوانێت بەردەوامبێت, هەڵدەستن بەچاودێریکردن لەسەرئەوانەی کەناکرێت تەحەمولبکرێت)(1).

ئەوە یادەوەرییە لەناو ئێستادا حکومدەکات, یادەوەرییەکی فەرامۆشکراو, ئەو ڕابردووە دەبێت بەبنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ سێنتەری ئەو عەقڵە, ئەوەش بەدوای ئەشکەنجەدان کۆتایی نایەت, بەڵکو سیستەمی چاودێری لە ئێستادا درێژە بەیادەوەریی ئەشکەنجەدان دەدات, لەدژی ئەو ڕەخنانەی دەبنە مەترسی لەو سێنتەرە, ئەو دیدە تارادەیەك هاوواتا دێتەوە لەگەڵ مێژووی ئەشکەنجەدان و سزا لای فۆکۆ, دواتر لەسەر سیستەمی چاودێریش, کە فۆکۆ کتێبی (چاودێری و سزا) ی بۆ ئەو بوارە تەرخانکرد, ئەگەرچی ڕەخنەگرتنی کریستیڤا لەڕێگەیڕاڤەکردنی دەروونی و زمانەوانی و لەژێرکاریگەریی لاکان دەستیکرد (بەشیکردنەوەی سروشتی گوتارێکی نوێی ژنانەی دەرکەوتوو بۆ ئازادی, ئەوەشی تێدا دۆزیەوە, کە ئەو کارە ڕێگایەکە بۆ وەدەستهێنانی شۆرشێکی زمانەوانی و وێکچوو بەشۆرشی سیاسی)(2).

ئەوە لەکاتێکدا پێویستە ئەو ڕابردووە نزیکەمان بیر نەچێت, کە بونیادگەری زمانی بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناودەبرد, بەڵام نەیویست تەئویل و ڕاڤەی ئەو زمانە بکاتەوە, ئەو شۆرشە زمانەوانییە لەلایەن کریستیڤا و هێلین سیکسۆس بەرپاکرا, شۆرشێك هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆدەی گوتارێکی ڕەمزی پێکهێنا بوو, ئەوەش لە پێناو ناسینی ئەو گوتارە کۆنکرێتیەی زمان بوو, کە گوتارێکە لەناو نەستی مرۆڤ گەشەی کردووە, پەیوەندی بەشکستی خودییەوە هەیە, خود لێرەدا وەك دەقێك سەیردەکرێت, ئەو سەیرکردنە بەرەو ئەو

پرسیارەمان دەبات کە: چۆن خود دەبێت بە دەق؟ ئەو پەیوەندییە چیە خود دەگۆڕێتە سەر دەقێك کە سیستمێکی ڕێکخەر بەڕێوەی ببات؟ ئایا ئەو ناوبردنەوەیە بە دەق تاچەند پەیوەندی بەرابردووەوە هەیە و خاڵە جیاوازەکانی کامانەن؟ بە دەق ناوبردنی خود پەیوەندی بەئاستی قسەکردن هەیە, قسەکردن دەبێت بەخوڵقێنەری ئەو دەقە, ئەگەر (میرلۆپۆنتی) لەو پرۆسەیەدا زمان بۆ دوو ئاراستە راڤە بکات, ئەوانیش: (زمانی ناراستەوخۆ) و (زمانی پەتی) بێت, ئەوا کریستیڤا ئەو دەقە لەنێو ئەو مانا زمانەوانییە ناوەستێنێت, بەڵکو سنورو ڕەهەندی فراوانتری پێدەبەخشێت, چونکە (ناراستەوخۆ / پەتی) جەختکردنەوەیە لەسەر قسەکردن, بەواتای پەیوەندی زمانەوانی بەپێی ئەو دوو ئاراستەیە فەرامۆشدەکرێت, دەیگۆڕێت بە (ئاماژەناسی) و (ڕمز), ئەگەرچی قسەکردن لای (میرلۆپۆنتی), لەڕێگەیئاراستەی (ناراستەوخۆ / پەتی) یەك ستراتیژی هەبوو, بەلاّم هەریەك لەو دووانە خۆی لەوی تر جیادەکردەوە, کریستیڤا ئەو جیاوازییە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی. سەرباری سەربەخۆبوونی ئەو دوو زاراوەیە لەناو سنوری خۆیدا, بەلاّم ئەو سەربەخۆبوونە نەبووەتە مایەی ئەوەی نەبن بەپێویستیەك بۆ یەکتر و تەنانەت یەکێکیان نەتوانێت خۆی بەسەر ئەوی تر بسەپێنێت. ئەوەش خۆ سەپاندنێکی تیۆریە, کە پەیوەندی ئاماژەکاری دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی پەیوەندی ڕەمزی, ئەوەش جیاوازی ئەو تێگەیشتنە زمانەوانییە بوو.

کریستیڤا وەك ئەوانی پێش خۆی نەهات هەموو متمانەیەکی بخاتە سەر (سۆسێر) بەڵکو زیاتر پشتی بەست بە (بێرس) , ئەو کارەش خۆجیاکردنەوەیەکی فۆرمالیستیانە نەبوو, بەڵکو لای ئەو تیۆرەکەی بێرس ڕەهەندی فراوانتری گرتۆتەخۆی, بۆیە ئەو ساتەی ئاماژە دەگۆڕێت بە ڕەمز, پەیوەندی ڕاستییەوە هەیە, کە ڕەمز توانایەکی تێپەڕەو دەتوانێت بەشداری لە گۆڕانە سۆسیۆلۆژییەکان بکات, بەوەی زمان دەتوانێت هێڵێك بۆ کۆمەڵێك

پەیوەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وبایۆلۆژی بدۆزێتەوە, بۆیە ڕەمز بەلایەوە (بەرهەمی کۆمەڵایەتیە بۆ پەیوەندی بەئەوی تر, بۆ دامەزراندن لەڕێگەیبەربەستە بابەتیەکان, کەجیاوازیە بایۆلۆژیەکان مومارەسەی دەکەن, وەبینین و مێژوو بۆ خێزان بنیات دەنێت)(3).

ئەوەش ڕەمزدەکات بە کەناڵێك بۆ پەیوەندیەکان, ئەو پەیوەندیانەی دەبێت بەسیستمێك بۆ خۆسەپاندنی خود, چونکە لەڕێگەی(قسەکردن) خود دەتوانێت ڕەمز بەرهەم بهێنێت, بەمانایەکی تر قسەکردنی خود خوڵقاندنی هێڵێکە بۆ بەستنەوەی ئەو پەیوەندیانە, کە گوتاری دەسەڵاتخوازانە بنیات دەنێت ئەوە لای (سلڤرمان) یش بەنزیکبونەوەی کریستیڤا لە لاکان ناو دەبات, چونکە لاکان هەڵسا بەڕەتکردنەوەی سیستمی پەتریارکی لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی باوك, چونکە کاتێك ئەندامی سێکسی پیاو وەزیفەیەکی دەبێت بۆ مومارەسەکردن, ئەو ساتە مانای وایە خود ڕەمزی تایبەت بەخۆی دەبێت,کە لە ژێر هەڕەشە و مەترسی باوکدا سانسۆری ناخرێتە سەر, ئەو کاتەش تارادەیەکی زۆر لە سۆسێر دوور دەکەوێتەوە, چونکە بەرەو ڕابردوویەکی فەلسەفی دەگەڕێتەوە, بۆ ئەوەش زاراوەیەکی فەلسەفی لە ئەفلاتون وەردەگرێت بەناوی (کۆرا).

کە ئەفلاتون ئەو زاراوەیەی لە قسەکردنی (تیماوس) بەکارهێناوە و مانای دەفر دەگەیەنێت, کە ئاماژە بۆ سیاقی قسەکەر دەکات, بەمەبەستی جۆرێکی نوێ لە بوون.

کریستیڤا پێی وایە تائەو ساتەوەختەی لێیهاتۆتەدەنگ, بە بابەتێکی نائامادەی بینیوە, بۆیە لەرێگەی ئەو زاراوە ئەفلاتونیە (ڕەمز) و (حەقیقەت) لەیەك جیادەکاتەوە, ئاماژەی زمانەوانی ڕووبەڕووی جیاکاری دەکاتەوە, بۆ ئەوەی ڕمز و حەقیقەت وەك یەك ڕاڤە نەکرێت, ئەوەش نەك هەر دەبێتەوە بە جیاوازییەکی تر بۆ تێگەیشتن لە خود, بەڵکو ڕەخنەیەکی فەلسەفییە لەو چەمکەی (میرلۆپۆنتی)ش, ڕەخنەیەك نیە بۆ گۆرینی نائامادە بۆ ئامادە, بەڵکو

بەئاگاهاتنەوەیە, چونکە مەدلول لە بنەڕەتدا نائامادەییەکە و (کۆڕا) ئەو نائامادەیە بە ئاگا دەهێنێتەوە, کە ئەو بابەتەی مەدلول لە (دال)ی دەوێت بابەتێکی نائامادەگییە.

خود پرۆسەیەکی بەدالکراوە کە ڕەمز دەیسەپێنێت, بەڵام ئەو سەپاندنە نابێت بە سێنتەرێك, سەرەرای بوونی ڕابردوویەکی فەلسەفی بۆ خود, مەبەستمان لەو رابردووە لە (سارتەر)ەوە تا دەگات بە (میرلۆپۆنتی) کە دیارە پرۆژەی فەلسەفی تریش بۆ خود خراوەتە روو, دیارترینیشیان پرۆژەکەی فۆکۆ بەناوی (ئارکیۆلۆژیای خود) و ڕەخنەگرتن لە سێنتەر لای دریدا بەناوی (هەڵوەشاندنەوەی خود). ئەو رابردوو کلتورێکە بۆ پاڵپشتی تاوەکو بتوانێت ڕەهەندی فراوان بە میرلۆپۆنتی ببەخشێت, و خودی قسەکەر وەك پرۆسەیەکی بەدال کراو ناوببات, ئەگەر ئەوانی بەرلەخۆی لە هەوڵی سەپاندنی خوددا بوبن, ئەوا کریستیڤا وەك دریدا ئەو کارەی نەکردووە, ویستی خود وەك پرۆژەیەکی سیمیۆلۆژیی ڕەمزی ببینێت.

خود بەدەقئاوێزانی خودە فەلسەفیەکانی تر, هەوڵی بنیاتنانی دەقێك دەدات, کە دابڕاو نییە لەو ڕابردووە, بۆیە ئەو مانایە ڕەتدەکاتەوە, کە خۆسەپاندنی وابەستەی بیرکردنەوە دەکرد, ئەوەش بەمانای گەڕاندنەوە نایەت بۆ فۆکۆ, بەڵکو جیاوازی رۆشن دەکەوێتە نێوانیان, بۆ ئەوەش دەبێت بزانین, ڕەخنەی فۆکۆ لە میرلۆپۆنتی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

فۆکۆ کاتێك کۆژیتۆکەی دیکارت دەگۆرێت, بەتەنها ڕەخنە لە میرلۆپۆنتی ناگرێت, بەڵکو (هایدگەر)یش دەکەوێتە نێو ئەو ڕەخنەیە, ئەو ڕەخنەیە لەوێوە لەیەکتری جیادەکاتەوە, ئەگەر فەلسەفەیخود لای هایدگەر لە کۆژیتۆکەی دیکات وەرگیرابێت, ئەوا فۆکۆ گریمانەی (هەڵەکردن) لە شوێنی (بیرکردنەوە) دادەنێت, بەوەی دڵنیابوون لە ئەنتولۆژیای خود لە هەڵەکردنەوەیە نەك لە

بیرکردنەوە, بەڵام هەرچی (کریستیڤا) یە خودی قسەکەر بەدەق ناودەبات, ڕەخنەکەشی لەوێوە دەستپێدەکات, لەڕێگەی دەقئاوێزانی(4) خودی قسەکەر لەگەڵ خودی نێو دەقەکانی تر, ئەوەش خولقاندنی مانای جیاوازە, بۆیە ئەوە تەنها گۆرینی چەمکی (بیرکردنەوە) نییە بۆ (هەڵەکردن) وەك فۆکۆ پێیهەڵسا, بەڵکو لای کریستیڤا قسەکردن جۆرێك لە ئاژاوەگێری تیادەردەکەوێت, لەسەر ئەو پەیوەندیە دیالکتیکیەی ئاماژەو ڕەمز, کە ڕەمز لەنێو قسەکردن خۆی بەسەر ئاماژە زمانەوانییەکان دەسەپێنێت, ئەو گۆرین و ئاوەژووبونەوەیە ناو دەبات بە (پرۆسەی هاودژبونەوەی تایبەتمەندییەکان کە لەبنەڕەتدا ئاژاوەگێریی و پارچەکردن نییە, وە پردێکی جیاکەرەوەش نییە, بەڵکو ئەوە مومارەسەیەکی بنیات و وێرانکارییە)(5).

لەو چێژەش مەبەست لە ئاخاوتنە کە فەزای شۆرش بەرهەم دەهێنێت, مەبەست لە شۆرشی زمانە, شۆرشێك خود لەڕێگەی نوێنەرایەتیکردن سیستمێکی ڕێکخەر بنیات دەنێ و بە (دەقی خودی قسەکەر) ناودەبات.

ئەوەش ئاشکراکردنی توانای شاراوەی زمان دەردەخات, بۆ ئەوەی سنوری مەدلول فراوان بکات, ئەو فراوانکردنەش ئەزمونێکە بۆ ئەو سنورەی زمان دەستنیشانی کردووە, ئەوە لەکاتێکدا پێویستە ئەوەیان لە خۆمان ئاڵۆزنەکەین کەمەبەست ڕاستەوخۆ لەو دەقە نیە کە خود تیایدا قسەدەکات, بەڵکو ئەو قسەکردنە بەرەنجامی شکستی خودێکی نێرینەیی بوو, کەبەر لە پرسیارکردن لە خودبوونی دەق, ئاماژەمان بۆ نیتچەکرد, هەر بۆیە کریستیڤا پشت بەمانا (جۆرج باتای)ە کە دەبەستێت, تاپێمان بڵێت (سنوری زمان بەوپێیەی سیستمی پەیوەندیکردن و سنوری بوونێکی خودی و سێکس و سنوری دارشتنەوەی کۆمەڵایەتیە)(6) ئەوەش لە سنوری دەستنیشانکراوی زمان دەردەچێت, بەواتای سێنتەری زمانیش دەخاتەنێو هەڵوەشاندنەوە, لەو کارەشیاندا (لۆراکیپنز) لە هەموویان توندڕەوترە بۆ لایەنگیری کردن لە هەڵوەشاندنەوە,

چونکە ئیدی زمان بەتەنها ناتوانێت ئەو وزەیەمان پێببەخشێت, یان بەمانایەکی تر زمان خاوەنی کۆدی دەلالیە, هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆدە و گەڕانەوە بەرەو نەست پێویستی بەهێزێکە کە بتوانێت سنوری زمان ببەزێنێت, بەلای (لاکان)ەوە ئەو کارە لەتوانای نەستدایە, بەڵام کریستیڤا ئەو توانایە دەگۆرێتە سەر چەمکی (میتازمان) ئەوەش دەستپێکی جیاوازی نێوانیانە، چونکە لاکان پێیوابوو (زمان وەك نەست بونیادنراوە) بەڵام بەهێنانی چەمکی (میتازمان) بەمانای سێنتەر هەڵدەوەشێنێتەوە و لەوپرۆسە هەڵوەشاندنەوەگەراییە ڕووبەرێك بۆ زمان دەدۆزێتەوە, ئەوەش ڕەتکردنەوەی زمان نیە, بەڵکو بردنیەتی بەرەو ئاراستەیەکی فراوانتر بۆ گەیشتنە ئەو دیوی نهێنیەکان, نهێنیەك کەسنورێکی دەستنیشانکراوی هەیە بۆ مانا, بۆیە میتازمان هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنورەیە, بەرلەوەی لەسەر پرسیارکردن لە میتازمان لای لاکان و وەڵامی کریستیڤا بۆ ئەو پرسیارە نزیك بکەوینەوە, پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەو ڕەخنەیەی لای لاکان جیاوازە لەو دوو ڕەخنەیەی تر, کە ئاراستەی کریستیڤا کراوە لەبارەی (زمان) و (جەستە), چونکە دوو ڕەخنەن خاوەنی زەمینەیەکی تیۆریی و فەلسەفی قوڵ نین, بەتایبەت ئەو ڕەخنەیەی لەسەر جەستە کە ڕەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیە نەوەکو فەلسەفی بێت, کە گوایە فێمێنیستەکانی پۆست مۆدێرنە, هەمان دیدی ئوسوڵیەتی ئاینی بەرهەم دێننەوە, چونکە پێیان وایە کە جەستەی ژن بووە بە تەوەری ئازادبوون و کۆمەڵایەتی, کە ئوسولیەت لە ڕێگەی داپۆشینی جەستەوە سەیری ژن دەکات و فێمێنیزمیش دەیەوێ جەستە ئازاد بکات(7). ئەگەرچی ئەو ڕەخنەیە دەیەوێت لەپشت جەستەوە دژایەتی زمان بکات بۆ داکۆکیکردن لە گوتارێکی فاشیانەی ناسیۆنالیستی, بۆیە ئەو ڕەخنەیە کە توانای ئەوەی نییە سنوری نوسینی ئایدیایەکی فاشیانە بەجێ بێلێت, چونکە فێمێنیزم تەنها مەبەستی ئازادکردنی جەستە نییە لە کۆتێك, هێندەی پرۆژەی ڕزگارکردنێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە.

هەرچی جۆری دووەمی ڕەخنەکەیە, ڕەخنەگرتنە لە ئاڵۆزیی زمان, ئەوەش پەیوەندی بەو زاراوە نوێیانەوە هەیە, کە بارگاوی دەکات بەمانای جیاوازەوە, چونکە هێنانی (ئەم جەستەیە پێویستە ناوێکی بدەینێ.. ئەگەر ئەم جەستەیە نوێ بێت, پێویستە ناوێکی نوێی بدەینێ تا بتوانین جیای بکەینەوە)(8). بۆیە ناو پێدان بەو جەستەیە قوڵبوونەوەیە بە نێو ڕەهەندی بونێکی نوێ, ڕێك بەمانای کۆڕا, بۆیە تێڕوانینی کریستیڤا بۆ دەق لەناو کلتورێکی فەلسەفیەوە هەڵدەهێنجرێت, بەڵام هەرچی ئەو تێگەیشتنەیە کە ئەو کارە بەنێگەتیڤ سەیردەکەن, وەك ئەو ڕەخنانەی (لیۆنارد جاکسۆن)(9) کەپێیوایە (بەڵگە) ناتوانێت وەك زمان جیابێتەوە, ئەوەش ناودەنێت (بنیاتنانی تێکەڵەیەك لای کریستیڤا)لە نێوان (وەزیفەی بەڵگە) و (بنیاتنانی دەنگ), ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەو بڕوایەدایە کەناکرێت پەیوەندی دال و مەدلولی زمان بگوازرێتەوە بۆ هیچ پەیوەندییەکی تر, ئەوەش لەوەدەردەچێت ڕەخنەکەی ئاراستەی کەسێکی دەستنیشانکراو بێت, بەڵکو ڕەخنەیەکی توڕەیە ئاراستەی شتراوس و لاکان, بە پلەی تایبەت و بەگشتیش بۆ هەموو بونیادگەرەکانی ترە, چونکە بڕوای وایە کە ئەوان بە هەڵە دەستکاریی تیۆرەکەی (سۆسێر) یان کردووە, بەڵام کاتێك ڕەخنە لە کریستیڤا دەگرێت لە زاراوەیەکی زمانەوانی کە (جیاکەرەوەی بەیەکەوە)ییە, کە هەڵگری جیاوازییە لەنێوان دال ومەدلول لە نێو سیستەمێکی بەڵگەیی,ئەو گومان لەو جیاوازییە و ئەو سیستمە دەکات, پێیوایە جیاوازی نییە لە نێوانیان, ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی بەهەڵە لە سۆسێر دەگات ئەوە بونیادگەرەکان نین, بەڵکو خراپیی تێگەیشتنی جاکسۆن و خوێندنەوەی ڕووکەشانەیەتی بۆ سۆسێر.ئەوەشی بەتەواوی بیردەچێت, سەرباری بەهەند وەرگرتنی سۆسێر,بەڵام ئیشکردنی کریستیڤا زیاتر لەسەر زاراوە (بێرس)ییەکانە, کە بێرس لای جاکسۆن بەتەواوی بیرچۆتەوە, بۆیە ئەو ڕەخنەیە لەدەرەوەی گەمەی شێواندن و گەمەی ئاڵۆزی و تەنیا دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی پێشووە, کە

نەبوونەتــە مايــەی نيگــەرانی کريــستيڤا, بــەڵکو وەك خــۆی لــە وتووێژێکــدا دەريــدەخات (ئەگــەر ئــاخ و ئــۆف هەڵکێــشم ئەمــە بــەهۆی ئــەو هەڵوێــستە نەگەتيڤانەيەوە نييە کە هەندێك زێوانی ڕێکخراوە کۆنەکان, ئەوانەی لە جيهـانی بيری تردا دەژين بەرامبەرم دەينوێنن, هۆيەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو هەوڵانـەی دەيانەوێت فکری من بتوێننەوە, يان سادەوساکاری بکەن)(10). چونکە ناتوانن بەشداری لەو چەمك و زاراوە نوێيانەبکەن, کە بارگاوين بەکلتوری فەلسەفی, ئەو کلتــورەی چــۆن بــۆ ئــەفلاتون دەگەڕێتــەوە, ئــاواش دەچــێتەوە ســەر (ئــارتۆ, هايدگەر, مالارمێ), کە جاکسۆن پێيوايـە نابێـت بـەم شـێوەيە0 بـۆ هايدگـەر و مالارمێ بگەڕێتەوە, لەکاتێکدا لـەناو ئـەو گەمـە ڕەوانبێژيـەی ئـەنجامی دەدات, زاراوە ئەفلاتونيەکە فەرامۆش دەکات.

بۆيە ئەگەر ئەو دوو نمونەيەی ڕەخنە لە بەرهەمەکانی کريـستيڤا ڕەخنەيـەك بن توانای خولڵاندنی ديالۆگيان هەبێت, ئەوا ڕەخنەکەی لاکان جگەی لەوەی بە پرسيارێك دەستپێدەکات, ڕەخنەيەکە قسە لەو جياوازيە دەکات کـە مانـای ئـەو چــەمکە چــيە کــە کريــستيڤا خــستويەتيە ڕوو, ئەگەرچــی بەلايــەوە چــەمکی (ميتـازمـان), وەك شـێوەيەك لـە بێمانـايی و بێهـودەيی خـۆی دەنوێنێـت, بـەڵام کريستيڤا بۆ وەڵامی ئەو پرسيارە هەوڵدەدات زەمينە فەلسەفيەکەی ئەو چەمکە و ئــەو گۆڕانــە ســيميۆلۆژييەیبۆ دەستنيــشانبکات, بــۆ ئــەوەش بــەرەو ئــەو جياکارييـە سۆسـێرييە دەگەڕێتـەوە لـەنێوان (زمـان/ئاخـاوتن), بۆيـە ميتازمـان لەڕێگەی نەخۆشی دەروونی (زمان– **Zhan**) ەوە,کەشـفی نهێنيـەکانی ئـەوديو زمان دەکات, ئەوەش لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بيرکردنەوە عەقڵانيەی کە زمـان بـەڕێوەدەبات,چـونکە بيرکردنەوەيەکـە چـەندە زمـان و نەسـت وەك يـەك سەيردەکات, بەڵام زمان لەزۆربەی کاتدا مەحکومە بەسنور و بيرکردنەوەی عەقڵ نەوەك نەست, بۆيە کاتێك بمانەوێت توانای کۆدە دەلاليەکانی زمانمـان هـەبێت, دەبێت دەسبەرداری بيرکردنـەوەی عـەقڵانی زمـان بـين و لـەو ديـو ئـەو گوتـارە

زمانەوانیەی کە خەریکی پرۆژەی بنیاتنانی فکرە, سەیری زمان بکەین, چونکە زمان پەیوەندی هەیە بە سێنتەری بیرکردنەوەوە کە عەقڵە, ئەو میکانیزمەش بۆ تێگەیشتن دەسبەرداری زمان نابێت, هێندەی واز لە ووتراو دەهێنێت, دەیەوێت لەڕێگەی میتازمانەوە ئەو سیستمە ڕێکخەرە هەڵبوەشێنێتەوە, و کەشفی کۆدەکانی بکات, کە زمان لە ڕێگەی قسەکردنی ئەو کەسە نەخۆشە دەتوانێ بەمیتازمان بگات.

ئەو کارە بۆ (لاکان)ی تووشی گومانکرد؟ ڕەخنەی ئەو لەکوێوە سەریهەڵدا؟ لاکان کە پرۆژەکەی خۆی ناونابوو (گەڕاندنەوە بۆ فرۆید) کە تیایدا نەستی هاوواتا دەکردەوە بە زمان, دیارە لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری زمانەوانی زانستەکان گۆڕانێکی مەزنیان بەخۆیانەوە بینی, چونکە ئەو تیۆرە بووە هۆی ئەوەی زمان بپەڕێتەوە نێو زانست و لە ڕوانگەی زمانناسیەوە سەیریان بکرێت, ئەوەش هەوڵێك بوو بۆ خوێندنەوەی جیاواز لە ئاست دەقەکانەوە, بۆ ئەوەی ئاستی نەدۆزراوەی دەق کەشفبکرێت, بۆیە ئەگەر لەو ساتەوەختەوە قسە لەمردنی فرۆیددەکرا, ئەوا لاکان هات هەموو ئەو بانگەشەکاریانەی بەلاوەنا و هەوڵیدا تێگەیشتنەکانی ڕۆشنبکاتەوە, چونکە کۆمەڵێك بەهەڵە تێگەیشتن ببوونە هۆی ئەوەی فرۆید بەهەڵە بخوێندرێتەوە, هۆیەکی تریش کەلە ڕاستیدا بەرپاکردنی شەرێك بوو, ئەوەیان لاکانی تووشی دووژمنایەتی کرد لە نێوان هاوپیشەکانی, کە هەندێك چەمکی فرۆیدیی ڕاستکردەوە بەگەڕاندنەوە بۆ ئەوانی تر, ئەو دۆزینەوانەی کە لاکان بەسێنتەرێك لە دەستکەوتەکانی فرۆیدی دادەنا و بەکاریشی هێنا لە ڕاستکردنەوەی فرۆید لە ناوەوە, وەك (ئامرازێکی سەرەکی بۆ وێناکردن, ئەویش دۆزینەوەی نەست بوو, نەست کە بووە سەمتێکی سەربەخۆ لەبەرامبەر سەمتی پێش هەستکردن)[11] پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لە ڕێگەی ئەو پرۆژە زمانەوانیەوە بوو بەخاڵی تێگەیشتنی نێوان فرۆید و سۆسێر, چونکە رووبەرێك نیە ئەو دووانە کۆبکاتەوە, هێندەی جیاوازییەکانی

نێوانیان وەك سیستمی سەربەخۆ دەركەوتبوو, ئەگەرچی لە ئاستی زمانەوە (ڕەمز) و (دەلالەت) لای هەردووكیان خراوەتە روو, بەوەی دەلالەت لەهەناوی ڕەمزدا دێتە بوون, بەڵام ئیشكالیەت لەو بونەیە, چونكە ڕەمز لای فرۆید بەسەر سێ جۆر دابەشدەكرێت: (ڕەمز كە پەیوەستە بە یادەوەریی), (ڕەمز كە لەناو خەوندا دەردەكەوێ), (ڕەمز لەدوا دەرئەنجامی پرۆسەیەكی سایكۆلۆژیی), هەریەك لەو سێ ڕەمزەی لای فرۆید بیانوی خۆیان هەیە تاببنە پەیوەندیەكی بێسود, كەچی لای سۆسێر بیانو بەتەواوی ڕەتدەكرێتەوە, ئەوە جگەلەوەی ڕەمز لای فرۆید مادام لە سێ ئاستەوە دەردەكەوێ, بەمانای دەبێ بەخاوەن فرە دەلالەتی, بەڵام لای سۆسێر دەلالەتەكانی ڕەمز بەتەواوی ڕەتدەكرێتەوە, یەكێك لە خوێندكارەكانی سۆسێر (بنفنیست)ە كە قسەی كردووە لەبارەی (فرە دەلالەتی ڕەمزەكان لە خەوندا, بەڵام بەتەواوی ئەوە بەهەموو جۆرێك لە زمان ڕەتدەكاتەوە)[12] بەمانای فرە دەلالەتی ڕەمز تەنیا لای فرۆید بوونی هەیە, فرە دەلالەتی ڕەمز لای سۆسێر نەك ئامادەبوونی نیە, بەڵكورەتیش دەكرێتەوە, سەرباری ئەو جیاوازییە تیۆرییە كەچی لاكان, فرۆید دەهێنێت نێو تیۆرە زمانەوانییەكەی سۆسێر, نەك تەنیا لەبەر بوونیڕەمز لای هەردووكیان, بەڵكو بونیادی دەنگی لە ڕێگەی دەرچوون لە زمان و گەمەكردن بە ووشەكان لای فرۆید هەروەها لای سۆسێریش دەبێ بە پێكهاتەی پەیوەندی زمانەوانی لە ڕێگەی دال و مەدلول, بەڵام هێنانی فرۆید بۆ ناو تیۆرەكەی سۆسێر, هێنانێك نیە بەپێی گریمانەی تیۆریی سۆسێریی, بەڵكو ئەو كارە تارادەیەك جیاوازی دەخاتە نێوان (لاكان) و (سۆسێر)یش, چونكە لای سۆسێر بوونی دال پەیوەندی بە بوونی ئاماژەوە هەیە, بەمانای بەنەبوونی یەكێكیان ئەویدیش نابێت, كەچی لای (لاكان) دال ومەدلول لەلایەك دەبن و ئاماژە لەلاكەی تر, ئەو جیاكارییە (میشال ئەریڤە) لە كتێبەكەی بەناوی (زمانەوانی و ڕاڤەی دەروونی) كەشفیكرد و دالی لای لاكان وەك بوونێكی جیاواز ناوبرد, لە كاتێكدا ئاماژە هێمایە بۆ كەسێك

(ئەوە لەکاتێکدا سۆسێر وایدەبینێ, یەکەمیان بوونی نابێت بەبێ بوونی دووەم (وەکو رووی کاغەزێك), لاکانیش جەخت لەسەر سەربەخۆی یەکێکیان دەکات بۆ ئەویتر ) (13). بەلاَم ئەگەر شەرکردنی لاکان لەسەر فرۆید شەرێك بێت لەپێناو ڕزگارکردنی فرۆید, ئەوا تەئویلی بۆ ئەو گەرانەوەیە هاو دژ دەبینین لەگەڵ میتا زمان,بۆیە دەپرسێ: (میتا زمان مانای چییە؟)بەلای کریستیڤاوە بۆ وەلاَمی ئەو پرسیارە پێویستە بەسێ تەداعی دەستپێبکەین, لەڕوانگەی سێ زمانەوانی جیاوازەوە, بەواتای لەناو سێ تیۆریی زمانەوە,ئیشکردنی بونیادگەرەکان بەتەنیا جەختکردنەوە بوو لەسەر سۆسێر, ئەوەش هۆیەکی سەرەکییە لە پشت ئەو پرسیارە, بۆچی؟ چونکە ئەو پرسیارە پرسیارێك نییە بۆ گومانکردن لە بەرامبەر, بەڵکو لەهەناوی پرسیارەکەدا گومانێکی ئەبستمۆلۆژیی ئامادەیی هەیە, ئەوەش پەیوەندی بەخوێندنەوەی بونیادگەری هەیە بۆ دەق, ئەو گومانەی لاکان لەناو تەداعیەکانی کریستیڤادا دڵنیایی ئەوەمان پێدەبەخشێت, کە گومانی لاکان بگۆڕین بۆ گومانی کریستیڤا, بەوەی گومانێکی ئەبستمۆلۆژییە, کەلە ڕێگەی میتازمانەوە هەوڵی ئاشکراکردنی تواناکانی نەست دەدات لەلای فرۆیدەوە, بەر لەهەر شتێ پێویست بەوە دەکات ئاماژە بۆ ئەو سێ تەداعیە بکەین[14].

یەکەمیان بەرئەنجامی تێگەیشتنی (م.بریال)ە, کە زمان بە شانۆگەرییەك ناو دەبات و ووشەکانیش بە ئەکتەرەکان, دەیەوێت لە روانگەی مەشقێکی شانۆییەوە ئەو وێنانەمان بۆ بشوبهێنێ, هەر بۆیە دووبارکردنەوەی ڕووداوەکان ئەو ڕووداوانەی یادەوەریی ئێمە لە خەوندا دروستیدەکەن, دووبارەبوونەوەیەکە ڕێك وەك پرۆڤەی شانۆیی وایە, کاتێك دەرهێنەر دەیەوێت بیرۆکەو دیدە تایبەتیەکانی خۆی تیادا جێگیر بکات, لەو تێگەیشتنەوە نزیکترین و دیارترین نمونە (هاملێت)ە کە کریستیڤا دەیهێنێتەوە, چونکە چەندە ئەو دەقە بۆخۆی دەقێکی شانۆییە و دەکرێ لە ژێر ئەو تەداعیەوە کاری لەسەر بکرێت, هێندەش

نزیكبوونەوەیەكی ترە لە فرۆید, بۆیە نووسەران بەو توێژە ناو دەبات كە پێش سایكۆلۆژیستەكان دەكەون, مەبەست لەو خوێندنەوە و پراكتیكانەی خۆیەتی, كەلەسەر ئەزمونی ئەدەبی دیستۆفیسكی و سۆفۆكلیس گەورەترین دۆزینەوە و تیۆری تیا بەرهەم هێناوە.

خاڵێكی تر بۆ هێنانەوەی ئەو نمونەیە, پەیوەندی بەو دیاردە دەروونیەی كارەكتەرە سەرەكیەكەی نێو دەقەكە هەیە, ئەوەیان لە دوو حاڵەتەكەی‌تر زیاتر شەرعیەت بە كریستیڤا دەدات هاملێت وەرگرێت[15] چونكە ئەو كارەكتەرە لە نێو سێ ڕەهەند, سەرپەرشتی مەشقە شانۆییەكە دەكات لەناو دەقەكەدا, ئەوانیش (هاملێت ـ كارەكتەرەكان ـ وەهم) كە خودی قسەكەر (هاملێت) لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە چارەنووسی خۆی دەسنیشاندەكات و بۆیە هەڵسان بەونواندنەی نێو دەقەكە كە هاملێت نمایشی دەكات, لە دیمەنی نواندنێكی شانۆیی, دەبێتە هۆی تراژیدیای‌كۆتایی دەق, كەبەتۆڵەسەندنەوە كۆتایی دێت, ئەوەش هەر لە مەنەلۆژە ناسراوەكەی (من هەم یان نیم.. ئەمەیە گرفتەكە) وەوە لەنێو زمان نابینرێت, چونكە زمان دەیخاتە ئەو دیو خۆیەوە, كەئەوەش تیۆریی میتازمانی كریستیڤای لەسەر بنیات دەنرێت, بۆیە قسەكردنی هاملێت لە دنیای نهێنی ئەو دیو ووتراوە, كە خۆی لەوە باش تێدەگات دەبێ ئەوە بزانێت كە باوكی مردووە, كاتێك ئەو زانینە لە دیمەنی نواندنەكە دەردەخات, زهانیبونی خۆی دەگوازێتەوە, بۆ زهانیەتی نووستوی پاشای نوێ كە مامیەتی و لەگەڵ دایكی زەماوەندی كردووە, ئەو گواستنەوەیە كاردانەوەی بە ئاگاهاتنەوەی زهانیەتی بكوژە, بۆیە ئەو زانینەی هاملێت بۆ ئەو مەبەستە بەكاری دێنێ كە ئەو چەندە بكوژی باوك نییە, بەڵام دەرخستنی تاوانی كوشتن ئاشكرا بكات, وەك چۆن تارمایی كوژراو لەوە بە ئاگا دێنێت كە ئەو نەمردووە و كوژراوە, هاملێت ئەو بەئاگاهاتنەوەیە دەگوازێتەوە بۆ نواندنێك تیایدا لە ڕێگەی میتازمانەوە دەتوانێت بگەینە ماناكانی نەست, كاتێ پێمان دەڵێت (حەق لای

باوکه, من باوکه مردووه‌که‌م) له‌و ده‌ربڕاوه‌دا زمان ڕوویه‌کی ڕووکه‌شانه‌ی نییه‌, به‌ڵکو قسه‌که‌ر نهێنیه‌که‌ی له‌و دیو زمان حه‌شار داوه, قسه‌که‌ر گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆساتی مه‌نه‌لۆژه‌که‌ی (بوون و نه‌بوون), ویستویه‌تی وه‌ڵامی به‌شێك له پرسیاره‌که بداته‌وه, بوونی ئه‌و له وێدا ئاماده‌گیه‌که حه‌قیقه‌تی له‌لایه, ئه‌وه‌ش چه‌نده له بینراوی زمان حه‌قیقه‌ت لای باوك کوژه‌که‌یه,به‌ڵام ئه‌و حه‌قیقه‌ته له ڕووی بینراوی زمان لای قسه‌که‌ره (هاملێت). بۆیه برگه‌ی (من باوکه مردووه‌که‌م) وه‌ك ده‌نگی باوك سه‌یر ناکرێت, به‌ڵکو وه‌ك به‌شێك له ده‌نگی هاملێت وه‌رده‌گیرێت, ئه‌و ده‌نگه ڕوویه‌کی تری پرسیاره‌که‌یه‌تی که ئه‌و چه‌نده له حه‌قیقه‌ت بوونی هه‌یه, به‌ڵام که‌هه‌ست ده‌کات که‌سێکی مردووه... به‌واتا بوونی له‌ده‌ستداوه, ئه‌وه‌ش مانای وایه کاتێك بوون و نه‌بوون, ده‌بن به‌دڵه‌ڕاوکه‌یه‌کی فه‌لسه‌فی ئه‌وه میتازمانه ئاشکرای ده‌کات, میتازمان.. زمان به‌ره‌و ئاستی خه‌یاڵبردنه‌وه ده‌بات, میتازمان ده‌یه‌وێ له ڕێگه‌ی ته‌داعی دووه‌مه‌وه, که‌له تێگه‌یشتنی (سۆسیر)ه‌وه زمان له‌ده‌ره‌وه‌ی حه‌قیقه‌ته, ده‌بێ ڕووه‌شاراوه‌که‌ی بدۆزرێته‌وه, چونکه زمانی ووتراو له‌ناو گریمانه‌ی ده‌سخه‌ڕۆدان و درۆکردندایه, ده‌مامکێکه بۆ شاردنه‌وه‌ی حه‌قیقه‌ت, بۆ ئه‌وه‌ش ته‌نیا به‌چونه نێو ئه‌ودیوزمان ده‌توانرێ (شاردراو) بدۆزرێته‌وه, چونکه زمان خاڵی نییه له‌ناو بیرکردنه‌وه, به‌ڵکو په‌یوه‌ندیه‌کی ڕاسته‌وخۆی به سێنته‌ری بیرکردنه‌وه (عه‌قڵ) هه‌یه و عه‌قڵ له‌چوارچێوه‌ی سنورێکه‌وه سیستمێك گریمانه‌ده‌کات, که زمان لێ نه‌چێته‌ده‌ره‌وه, ئه‌و سیستمه په‌یوه‌سته به‌و دۆخه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌ی که سانسۆر ده‌خاته سه‌ر بیرکردنه‌وه‌ی قسه‌که‌ر, قسه‌که‌ر زمانێکی تاکخوازانه‌ی تایبه‌ت به‌خۆی نییه, چونکه ئه‌وه بیرکردنه‌وه‌یه‌کی کۆمه‌ڵییه, بیرکردنه‌وه‌یه‌که سیستمی ئاکاری کۆمه‌ڵ ده‌یسه‌پێنی, ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت ئه‌و سنوره‌ی زمان ببه‌زێنین, ئه‌وا ده‌بێت له‌و دیو سنوری عه‌قڵه‌وه بیهێنینه‌وه بۆ زمان, بۆ ئه‌و که‌سه‌ی به‌هۆی تووشبوانی به‌دیارده‌یه‌کی ده‌روونی له‌ودیو سیستمه‌که قسه‌ده‌کات, ئه‌و ساته

بەرلـەوەی ئەوانیـدی وەك نەخۆشـێك سـەیربكەن, ئـەو دڵنیادەبێـت زمـانی قـسەكردنی, زمـانێكی كۆمـەڵی نییـە, بـەڵكو زمـانێكی تاكخوازانـەی تایبـەت بەخۆیەتی, زمانێكە هەڵگری نهێنی و ڕاستی شاردراوەیە, ئـەوەش وایلێدەكات گۆران لەو بینینە بكات بۆ هـەر بینراوێك, وەك خـۆی قسەی لـەبارەوە بكات, ئەگەر عەقڵ سانسۆری دەخستەسەریان, ئەوا ئـەوان دان بـەو سانسۆرە نـانێن, ئەو تێگەیشتنە فرۆیدیە وای لە لاكان كرد بگاتە ئەو بۆچوونەی كە زمان و نەست وەك یەك بونیادنراون, ئەوەش بۆچوونێكە لای كریستیڤا مایەی ڕەخنەلێگرتنـە, چونكە لاكان لە ڕێگەی گوێگرتن لـە زمانیـەكان, زیـاد لـە پێویست رۆیشتووە, ئـەوەش بـەرەو مەترسـیەكی بـردووە كـە (داخـستنی ئـەو كرانەوەیـەی بـەرەو نادیاریبردووە, بـەرەو هـاودژبوون بەومانایـەی كـە پاڵنـەری سێكسین, كـە لای فرۆید كرانەوەی هەنووكەییە)[16].

ئەوە لەلایەك, لەلایەكی تر بەهۆی تیۆرەكەی سۆسیرەوە, فرۆید نوقمی نێـو حەقیقەتێكی زمانەوانی دەكرێت, ئەو نوقم بوونـە حەقیقـەتی دەق وون دەكـات, كە لاكان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە (ئاخاوتنە حەقیقەت دروستدەكات)[17].

بۆیە بەلای كریستیڤاوە ئەوە وایكردووە, لاكان تەنانـەت نـەتوانێت جیـاوازی نێـوان (شـیزوفرینیا) و (زمـان) دەربخـات, ئـەوەش وایلێكـردووە, وەك زمانێـك ڕەفتـار بكـات و دان بـە سانـسۆر و چـەپاندن نـەنێت, لاكـان بـەو كـارەی گەراندنەوەی بۆ فرۆید دەبێ بەگەراندنەوە بۆ دیاردەیەكی دەروونی, نـەوەك بـۆ پـرۆژە فەلسەفیەكەی, چـونكە سـەرەتایترین پەیوەنـدی كـە (پێویـستیەكان و چەپاندن)ە فەرامۆشـدەكات, ڕێكخستنەوەی ئـەو پەیوەندیـەش پەیوەسـتە بـە قۆنـاغی دوای نـەمانی بـاوك, هـەر بـۆ یەگـەر بەرلـە كـوژرانی بـاوك هاملێتیـان ناسیبا...ئەوا كارەكتـەرێكی ئاسـاییمان دەبینـی كەلـە ژێـر سیـستمی چـاودێری دەدوا, بـەڵام كـاتێ دوای نـەمانی بـاوكی دەیبیـنین, زمـان بـووە بەسیـستمێكی ئاماژەكاریی كە تەنیا لە ڕێگەی چوونە قوڵاییزمان دەتوانین بیناسین, ئەگەرچی

ئەو حاڵەتە ئۆدیبیەی هاملێت بە هەمان دەرەنجامی فرۆیدیزم کۆتایی نەهاتووە, بەڵام لەڕێگەی باری دەروونی هاملێتەوە لەوە تێدەگەین کە قوربانی هەمان گرێیە. ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین ساتەوەختی بوونی باوك بۆ هاملێت, لە ساتەوەختی بەر لەفێربوونی قسەکردنی منداڵ دەچێ, کە کۆمەڵێك دەنگ دەردەبڕێت خاوەن سیستمێکی ئاماژەیی نییە, بەڵام دوای کوژرانی باوك دەبێت بە قولبونەوەی قۆناغی ئۆدیبی, ئەو قۆناغە لە بنەڕەتدا لەگەڵ فێربوونی زمان دەستپێدەکات, چونکە لەو قۆناغەدا زمان خاوەنی ئاماژەیە و دەبێت لە ڕێگەی میتازمانەوە ئەو سیستمە ئاماژەکارییە بخوێنینەوە, بۆیەئەو خوێندنەوە ڕەخنەییە بۆ پرۆژەکەی لاکان, لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی حەقیقەتی بایۆلۆژی فرۆیدبۆ مانای مەجازی, چونکە ئەگەر ئەندامی سێکسی پیاو, کە لای فرۆید بووە بە حەقیقەتێکی بایۆلۆژی جەستەیی پیاو, کە ژن ئیرەی بەو ئەندامەی جەستە دەبات, ئەوەش بە لایەوە پیاو دەکات بە جەستەیەکی ئەکتیف لە پرۆسەی سێکسیدا, بۆیە سێنترالیزمی تیۆریی فرۆید لەو ئەندامە نێرینەییە کۆدەبێتەوە, کە لای لاکان ئەو ئەندامەی جەستە مانای ڕەمزی پێدەبەخشێت, بەمانایەکی تر سێنترالیزمی پیاو خولقاندنی دەسەڵاتیەتی, ئەوەش مانای وایە کاتێك دەیەوێ حەقیقەتی بایۆلۆژی بگۆرێتە سەر مانای ڕەمزیی , مەبەستی لەو کارە سروشتی بوونی حەقیقەتی دەسەڵاتی نێرینەییە, لێرەدا پێویست بەوە دەکات ئەو مانا ڕەمزیەی لاکان, لەو مانا ڕەمزیەی فێمێنیزم جیابکەینەوە, کە دوو ڕەمزی تەواو جیاوازن.

ئەگەر لای لاکان دەسەڵات بەرهەم بێنێت, ئەوا لای فێمێنیزم کاتێ ئەو تیۆرەی فرۆید مانایەکی ڕەمزی پێدەدرێت, ئەو ڕەمز وەرگرتنە هەرگیز بەحەقیقەتی بایۆلۆژی سەیرناکەن, بەڵکو تەواو ڕەخنە ئاراستەی ئەو مانا لاکانیە دەکەن, پێشیان وایە ئەو وێنانەی لاکان بۆ بەخشینی سێکس

کێشاویەتی, باشترین دەستنیشانکردنە بۆ دەرخستنی بێهودەیی ئەو ڕۆڵە, کە دیارترین ڕەخنەکانیش لەلایان (سیکسۆس و کریستیڤا)وە ئاراستەی کراوە.

ئەوەی دواتریان کە مەبەستی سەرەکیمانە, لە ڕەخنەکەیدا هەر لەو دیدە سۆسێرییە بۆ زمان ڕەخنەی ئاراستە دەکات, چونکە ئەگەر لاکان ئەو بە سێنترالکردنە وەك بونیادێکی ئامادەکاری سەیربکات, ئاماژەیەك گوتاری (ئامادەگی دەسەلات) بەرهەم بێنێت, ئەوە ئامادەگییە کەلە نێو زمانەوە گوتار دێنێت, بۆخۆی جۆرێکە لە مومارەسەیەکی توندڕەوانەی زمان, پەیوەندی بەهەستکردن بە شکست و یادەوەرییەوە هەیە.

بۆیە لاکان تەنها لەو ئاستە ڕەخنەی لێناگیرێ, بەڵکو ڕەخنەی کریستیڤا لێی دەپەرێتەوە بۆ پەیوەندی (ووشە و شتەکان), ئەو پەیوەندیە وابەستەی شکست و تەماهیکردنە لەگەڵ شتەکان, ئەوەش کە ڕەمز دەخولقێنێت لە ڕاستیدا بونیادێکی کۆنکرێتیە بۆ تەماهی رووخان, کە لاکان زمان وەك ئەو فاکتەرە چالاکە سەیردەکات بۆ خود, کەلە ڕێگەیەوە ووشە دەردەبرێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ شتەکان, کە جەستەی ژن وەك شتەکان دەبینێ, ئەوەش چەندە حاڵەتێکی دڵڕاوکە و هەستکردنە بە هەڵەکردن, بەلام پرۆسەیەکە پاڵنەرەکەی ئەو شکستەیە کەلە سەیرکردنی بۆ بەشتکردنی بەرامبەر تێکەڵی نێو زمان بووە, ئەو ڕابردووەی خود, بیرۆکەی قسەکردنی لادەکات بە پێویستیەك, بۆیە ئەگەر ئەو حاڵەتە لای لاکان بە دالکردنی ناوێك بێت, ناوەکەش بە (باوك) ناوببات, ئەو کارە بەلای کریستیڤاوە گەرانە بەدوای کەسێکی لە دەستدراو کە باوکە, چۆن؟ ئەو گەڕانە بە دوو قۆناغ دەگەڕێنێتەوە, یەکەمیان پەیوەندی دروستکردنە بۆ خۆی , کاتێ سۆزی بۆ ئەویتر ڕادەگەیەنێ, ئەو پەیوەندیەش لە ڕێگەی دەنگەوە دروستدەکرێت, پەیوەندیەکە بینینی جەستە بەلایەوە گرفتێك نییە, چونکە دەیەوێت خۆی بخاتە شوێنی دەنگەوە, قسەکردنی هاملێت لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتووە, باهەر هاملێت بۆ ئەو حاڵەتە بەنموونە بێنینەوە, ئەگەر

پێشتر ووتمان دەنگی تارمایی دەبێتەوە بەبەشێك لەناو دەنگی هاملێت, ئەوا ئێستا بوونی ڕووبەری دەستنیشانکراوی تارمایش هەر بۆ هاملێت دەگەڕێتەوە, چونکە خود لەڕێگەی قسەکردنەوە ئەو وێنەیە دروستدەکات, کە لاکانیش لەناو ئەو (زەمانە هاملێتیە) ماوەتەوە و نەیتوانیوە بپەڕێتەوە بۆ قۆناغی دووەم, کە قۆناغێکە دوای ئەوەی دەنگ لە بری خۆدۆزینەوە, دەبێت بە دالێك بۆ ووشیارکردنەوە لە هەڵەیەکی کوشندە کە خود پێیهەڵساوە, لەو قۆناغەدا مەبەستمان لەلاکانە نەك لە هاملێت, کەلە ناو پرۆژەکەی توانای زاڵبوونی بەسەر یادەوەریی خۆی نییە, ئەوەش لە قۆناغی یەکەم دەیهێڵێتەوە, مانەوە لەو قۆناغە ڕێگە نەدانە بە خودبۆ هەستکردن بەهەڵەکە, چونکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بەرامبەر وەك ماتریال سەیر نەکات, کاتی بەدالکردنی دەنگ, ئەو کاتەی رابردوو دەگۆڕێت, ئەوەش ڕێك ئەو ساتە پەشیمانیە ئۆدیبیەیە, کاتێ حەقیقەتەکەی پێدەڵێن, لەبەرامبەر تاوانی کوشتنی باوك و نوستن لەگەڵ دایك, هەردوو چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێ, بۆچی ئەو حاڵەتەمان بۆ دۆخی مەرگەساتی ئۆدیب گەراندەوە؟ چونکە لەسەرەتای گفتوگۆ و ڕەخنەیی کریستیڤا و لاکان لەو فەزایەی گرێی ئۆدیب گفتوگۆ دەکەین, دەبێ ئەوەش بڵێین کە لاکان بەهۆی نەهاتنە نێو قۆناغی تر و مانەوەی لەناو سەرەتا و دەنگ لەلای نابێت بەدال, بەدالکردنی دەنگ ڕەخنەگرتنە لە سەرتاپای ئەو گوتارەی کە پێیوایە حەقیقەت بەرهەمدێنێت, هەربۆیە کاتێك لە ڕێگەی قەشەوە دەنگ نهێنی دێنێتە نێو کۆشکەوە, ئەو هاتنە ڕۆشنایی لە چاوی ئۆدیب وەردەگرێتەوە, بەواتای پەشیمانبونەوەیە لەو باوکایەتیەی کەبەدوای کوشتنی پاشا لەگەڵ جۆکاستا ماڵ پێکەوە دەنێن و دەبێتە باوکی چوار منداڵ, ئەو باوکایەتییەی دوای ئاشکرابوونی نهێنی کۆتایی و مەرگی باوکە, وەك چۆن فەرامۆشکردنی غەریزەی ژیاندۆستی داهاتووی خودە, ئەوەش زیادەڕۆیی کردن لەناو زمان والە لاکان دەکات, ئەو پرسیارەی فرۆید وەڵامی نەدایەوە, ئەو وەك پرسیار نەیهێڵێتەوە.

که وەڵامدانەوە بەپەراوێزکردنی ژنە, لە کاتێکدا بە پرسیار مانـەوە ئـەو تـاك ڕەهەندی بیرکردنەوە دەکوژێت, خولقاندنەوەی ئەو پرسیارە, کرانەوەیەکی ترە لەناو ئەو سیستمە نێرسالارییە, بەرەوسیستمێکی جیاواز, که پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری ژنانە لەگەڵ یەکتری لەلایەك و لەلایەکی تریش پەکخستنی عەقڵیـەتی پەتریارکییە, گـەر وورتـر قسەبکەین, دەبـێ بڵـێین (کریـستیڤا)ش وەك (دریـدا) ویــستوویەتی گوتــاری ســێنترالیزمی لۆگۆســی هەڵوەشــێنێتەوە, ئــەوەش ڕەخنەگرتنە لە ژیار و فەلسەفەی مۆدێرنە.

ئەگەر فرۆید بەیەکێك لەو سێ فەیلەسوفە سەیربکرێت, که سێ برینی مـەزن دەخەنە کلتوری خۆرئاوا, ئەوا ئـەو ڕەخنەگرتنـە لـە لاکـان دەبێـت بـە چـاوێکی گومانەوە بۆ ئێستا سەیری ئەو برینـە بکـەین,چـونکە ئـەم برینـە دەبێتـەوە بـە ئایدیۆلۆژیایەك و برین بەرهەم دێنێتەوە, بەڵام لـەبری خـستنە کلتـوری خۆرئـاوا دەیگوازێتەوە ناو فەلسەفەی فرۆید, چونکە ئەگەر فرۆیـد خـاڵێکی دۆزیبێتـەوە, بەڵام توانای ئەوەی نەبوبێت سێنتەر بگۆرێت, ئەوا مانای وایە ئەو برینە خستنە کـەلتورە دواجـار توانـای هاتنـە دەرەوەی لـە سـێنتەری عـەقڵ نییـە, چـونکە دەسـبەرداری ڕوانینـی عـەقڵ نـەبووە بـۆ حەقیقـەت,ئـەوەش مانـەوەی گوتـاری میتافیزیکیە, که مێژووەکەی لە فەیلەسـوفێکەوە دەسـت پێناکـات, بـەڵکو وەك دریدا ئاماژەی پێداوە که (مێژووی میتافیزیکیا بەتەنیا لە ئەفلاتونەوە بۆ هیگـل دەست پێناکات, بەڵکو لە پێش سوکراتیەکانەوە تا هایدگەر هـەبووە, بـەردەوام عەقڵ وەك بنچەکەی حەقیقەت دانراوە)[18].

مەبەسـتمان لـەو تێبینیـە ئەوەیـە کریـستیڤا وەك دریـدا هەڵوەشـاندنەوەی سـێنتەر بـە یـەکێك لـە پێویـستیەکان سـەیردەکات, بـەڵام گـەر لای دریـدا بـۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر بیرکردنەوە و ژیار بێت, ئەوا کریستیڤا دەیگوازێتـەوە نێو دەقی فرۆید, که دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت, که خۆی وەك فرۆیدیزمێك ناو


www.dengekan.com
1/14/2007

دەبات, بەڵام فرۆیدیزمێك كـە خوێندنـەوەی جیـاواز لـەناو دەق بەرهـەم دێنێـت, بۆیە دەبینین لە نێو زۆر لە دەقـەكانی كریـستیڤادا چـەمكی سـێنتەر دەبێـت بـە جەمسەرگیریی و بەگژداچوون لەنێوان ڕێكخـەرە عەقڵیـەكان (داخـراو) ڕێكخـەرە ناعەقڵیە پەرتەوازەكان (كراوە), واش دادەنێ كە (شیعر باشترین شـوێنگەیە بـۆ شیكردنەوە)[19].

یەكێك لەو قسانەی كـە بـۆ پاڵپـشتی قسەكانیـشی دەیهێنێتـەوە, ئامـاژە بـە وتەیەكی فرۆید دەكات, كەبەر لە قۆناغی ئۆدیپیەت ڕەگەز دەستنیشان ناكرێـت و بۆیـە كاتێـك لـە ڕێگـەی شیعرەوە شـیكردنەوەكان دەخاتـە ڕوو, بـڕوای بـەو ڕاسـتیە هەیـە (شـاعیری پێـشڕەو پیـاو بێـت یـان ژن, دەچـێتە نێـو جەسـتەی دایكەوە وبەڕەنگاری یاسای باوك دەبێتەوە و هەر بۆ نمونە (مالارمێ), یاساكانی گراماتیك تێدەدات, بۆ ئەوەی یاسای باوك وێران بكـات و تەماهیـشی دەكـات لـە ڕێگەی هەڵقوڵینی سیمیۆلۆژیی دایكایەتی)[20].

ئەوە لە كاتێدا لاكان دەیـەوێت ئـەو یاسـایە بـە پـیرۆز ڕابگرێـت,بۆیـە زهـان چەندە ئەو دیاردە دەروونییە بێ كە نەخۆش لە ڕێگەیەوە كەشفی زمانی بكرێت, بەڵام زیادەڕۆیكردن لەگەڵیدا, تەئویلكار توشی زهان دەكات و سیستمی گوتاری لا ناهێڵێت, بۆیە كریستیڤا لەبەرامبەر پرسیاری لاكان بۆ میتازمان, ئەو تەئویلـە زیادلـە پێویـستەش بـەجۆرێك لـە زهـان نـاو دەبـات, كـە ئـەویش لـە ڕێگـەی میتازمانەوە, دەتوانین نهێنی پرۆسە تەئویلكارییەكەی تەئویلكار بناسین.

ئـەو ناسـینەش مانـای میتازمانمـان بـۆ ئاشـكرادەكات, كـە ئـەویش هەڵوەشـاندنەوەی زمانـە, بـەڵام ناكرێـت بـە تێگەیـشتن لـە ماناكـانی هەڵوەشاندنەوەی زمان لای فێمینیزم, چونكە ئەو پرۆسە ڕەخنەییە بـووە هـۆی زەمینەی دۆخێكی نوێ بۆ ژن, كە پێشتر لە ناو گوتاری فەلـسەفی نائامـادەبوو, ئەویش پۆست مۆدێرنەی ژنە, كە ڕەخنەی ئاراستەی مۆدێرنەی فەلسەفی كـرد,

بەوەش ژن هاتە ناو پۆست مۆدێرنە و ئاراستەیەکی ڕەخنەیی سەربەخۆی بونیادنا.

هەڵوەشاندنەوەی زمان جگە لەوەی ڕەخنەی لەو کلتورە فەلسەفییە گرت و دواتر پایەی خۆشی لەناو ڕەخنەی فەلسەفی دەستنیشانکرد, بۆیە پەیوەندی فێمینیزم بە پۆست مۆدێرنە, هەرگیز باسێك نییە جێگەی گومانکردن بێت, چونکە ئینتیماکردن و دۆزینەوەی ژن لەو ڕووبەرە بەرپرسیارییەکی ئاکاری فێمینیزمە و بەکارێکی سەرەکی خۆی دادەنێت.

بەتایبەت کاتێك پۆست مۆدێرنە ویستویەتی کۆنترۆڵی ئەو دۆخەی دوای مۆدێرنە بکات, ئەوا دۆخێکی نێرینەییە و ژن تیایدا بوونی کراوەتە دەرەوە, ئەوەش پەیوەندی بەو ووتەیەی (کریج ئۆینز) هەیە, کە بیستساڵ لەمەوبەر ووتویەتی(کەمی بەشداربووی نێو ئەڵقە سیمینارەکانی لە بارەی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە, دەریدەخات کە پۆست مۆدێرنە خولقێنەرێکی ترە بۆ پیاو ودواتر ڕێکخستنەوەی, کە ژنان ناگرێتەوە)[21].

ئەو ووتەیە بۆ ئەو ساڵانەی دوایی وایکرد, ژن ئەگەر بەناچاریش بێت خۆی بسەپێنێت, ئەو خۆسەپاندنەش وەك پێویستیەك سەیربکات, کە پۆست مۆدێرنە بۆ ئەوەی خۆی لە مۆدێرنە جیابکاتەوە, بەبێ پۆست مۆدێرنەیەکی ژنانە ناتوانێت بەشێکی سەرەکی پرۆژەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت, پۆست مۆدێرنەی ژن ڕووبەرێکی فراوانە بۆ مومارەسەکردنی نووسین, چونکە (نووسین مەعریفەیەکی زانستییە لە چوارچێوەی خەیاڵ یاخود تەکنیکێك بۆ خەیاڵەوە, بەردەوام لای دەمێنێتەوە و لاسایی ئەو وێنەیە دەکاتەوە و لە چوارچێوەی بەسەربردنێکی خەیاڵی دەتوانێت ببێت بە ئەزموونی خەڵکانێك)[22].

بۆیە نووسین بۆ کریستیڤا دەبێت بە ئەزموونی خەڵکانێك کە بەشداریکرنی ژنە, ئەگەرچی بڕوای بەجیاکاری نوسەری ژن و نوسەری پیاو نییە, بەڵکو بەرهەمهێنانی ئەزموونێکە, کەلە پاڵ پۆست مۆدێرنەکانی تر کایەیەکی تری

کەشفکرد, بەتایبەتی کاتێك نووسین تەنها ڕەخنە ئاراستەی مۆدێرنەکان ناکات, بەڵکو بەرەو رابردوویەکی دورتر دەگەڕێتەوە, ئەو سانسۆرە سیاسیو ئاینی و کۆمەڵایەتیە دەکرێتە دەرەوە, ئەو ئازادییە بۆ ژن دەبێتە هۆی سەرەتای دەقێکی مەعریفی بێنێتە بوون, دەقێك بۆ ئەو ڕەگەزە رووبەڕووی گومان و پرسیار دەبێتەوە, دواتر کوشتنی گومانەکان لە رێگای نووسینەوە ئاراستەمان دەکرێت, پرسیارێك کە دێتە بوون پرسیاری خوێنەرە لەو دەقە, کەچۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقە دەکەین, ئایا ئەو دەقە زەمینەیەك نیە بۆ ڕەخنەگرتنی فەلسەفی لە مۆدێرنە؟ ئەو پرسیارە دەست پێکردن نییە بۆ سەرەتای لە دایکبوونی پۆست مۆدێرنەی ژن, بەڵکو لە دایك بوونی دەقی مەعریفیە و کە تیوریزەی ئەو فەلسەفەیە دەکات, وەك توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی, بۆیە هێنانی ژن بۆ نێو پۆست مۆدێرنە, تەنها هەولێکی کریستیڤا نییە, بەڵکو هێنانەوەی مێژووی ژنە بە ڕوانینی ڕەخنەیی لە مۆدێرنە, ئەو مێژووە دەتوانین بەوە ناو بەرین کەلە(سیمۆن دی بۆڤار)ەوە دەستپێدەکات, کریستیڤا خۆیشی ئەو راستیەی دەرخستووە, کەلە ژێر کاریگەری نووسینەکانی ئەودایە, بەلاّم بەکۆمەلێك جیاوازییەوە, کە جیاوازی فەلسەفین بۆ کێشەی ژن, بە تایبەتی بۆ مەسەلەی دایکایەتی, بێگومان مەسەلەی دایکایەتی بۆ ژن هەڵگری مانای جیاوازە, بەلاّم (سیمۆن دی بۆڤار وا سەیری دایکایەتی کردووە وەك شێوەیەك لە کۆیلایەتی, یان وەك بەربەستێك بۆ ژنان, بەلاّم لە رووی راڤەکردنی دەروونی, هەروەها لەڕووی زۆرینەیەکی زۆر لە ژنان, دایکایەتی هەرچەندە قورس بێت {کە قورسە لە رووی دارایی و پیشەیی و سۆزداریی} ڕێگایەکە بۆ ئاشکرا کردن لە بارەی دەروون, پێشکەشکردنی بەشدارییەکە, کە شایەنی بەراووردکردن نییە بۆ ژیار, ئەوەش جیاوازی جەوهەریمە لەگەڵ تیۆرەکانی سیمۆن دی بۆڤار)[23] سەربارى ئەو جیاوازییە جەوهەریانە, پۆست مۆدێرنەی ژن بۆ نووسینەکانی بۆڤار دەگەڕێنینەوە, کە سەرەتای بوێری ژنە لە نێو بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن

له مۆدێرنه, بۆیه كاتێك بۆڤار له كتێبی (ڕەگەزەكەی تر) به دەستەواژەی – من ژنم – دەستپێدەكات, ئەگەرچی مەبەستی نییه له بەرامبەر مۆدێرنـەدا ژنبـوونی خۆی ڕابگەیەنێت, هێندەی لەو دەستپێكەوە دەیەوێت گوتارێكی فێمینیـستیانه ڕابگەیەنێت, له دژی ئەو ڕابردووەی كه هەر له میتولۆژیایەوە بـۆ ئـاین و مۆراڵـه كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان درێژەیان بەكۆیلەبوونی ئـەو داوە, مۆدێرنـەش تـەنها وەك فینۆمینۆلۆژیایـەك بـۆ پیـاو سـەری كـردووە, كەلـه ڕێگـەی منـاڵ بـوون دەیكاتەوە به كۆیلـه, ئەگەرچـی لای (كریـستیڤا) منـداڵ بـوون ئامـاژە نییـه بـۆ كۆیله بـوون, هێنـدەی هـەوڵێكی ژنـه بـۆ خۆناسـین, چـونكه گوتـاری نێرینـەیی گوتارێكه له ڕێگای ڕاڤەكردنی دەروونیەوە بۆ نەست دەیەوێ ڕاڤـەی بكـات, بـۆ چەمكی یەكسانی له نێوان ڕەگەزەكان, بەوەی ئایدیۆلۆژیای نێرینەیی وێنای ئەو گوتارەی كـردووە, ئـەو ئایدیولۆژیایـەش دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ ووتەكـەی (كـۆرا كابلان) كاتێك ووتی ( ئایدیۆلۆژیا دەنگۆیەكی چوكییە–ئەندامی سێكسی پیـاو– كه پیاوی هەموو توێژێك بۆی دەگەڕێتـەوە, كەلـه ڕێگایـەوە ئەشـكەنجەی ژنـان دەدەن)[24].

بۆیه له ڕاڤەكردن بۆ نەست دەردەكـەوێت, ئـەو حاڵەتـه بـۆ نـەخۆش بـوونی نێرینـه دەگەڕێتـەوە, كـه پیاولـه ڕێگـەی ئەنـدامی سێكـسیەوە هێـزی خـۆی دەنوێنێت, ئەگەرچی بەر له كریستیڤا ئەو چەوساندنەوە سێكسییه لەسـەر ژن لەنێو دەقه ئەدەبیەكان لای (كیـت میلیـت) خرابـووە ڕوو, كـه دیـالۆگێكی زۆری ووروژاند , (نۆرمان میللەر) كه لەو كتێبەدا ڕەخنەی لێگیراوە, پێی وایه (میلیـت) له ئاستی سیاقی گێرانەوە نایەته دەنگ, ئەوە له پاڵ هێرشێكی توند بۆ سـەری وەك ژنێك كه دەیەوێت دژایەتی ڕەگەزەكەی تر بكات, سەرەڕای ئەوە ئەو كتێبه (ڕەخنەیەكی بەهێز ئاراستەی كلتوری باوكسالاری دەكات, ئەگەرچی هەندێك لـه ڕەخنـەگرە ژنـەكان, وای دەبیـنن هەڵبـژاردنی بـۆ نووسـەرەكان زۆر هەمـەڕەكی بووە, هەندێكی تریشیان لەوبڕوایەدان كه ئەو لەوە تێناگات, كه هێنده بەسه بۆ

هێزێکی وێرانکەر لە خەیاڵی گێرانەوە, بۆ نمونە هەژارییەکی پێوەیە, بۆ سروشتی لادەر, کە لادانێکی قوڵ هەیە لە (ڕۆژانی دزی)جینیە, جیهانی سێکس بەو شێوەیە دەبینێت, کە خۆی وێنای کردووە)[26].

بۆیە زۆر نوسینی تری ژنانە ناکەونە ناو ئەو مێژووە, چونکە نووسین زیاتر ئینتمایەکی سیاسی هەیە و ناتوانێت لەو جوغزە سیاسیە دەربچێت, لەوانەش (بیرکردنەوە لە ژن)ی ماری ئیلمان, کە ژن لەو هەوڵەدا زیاتر لە دیدێکی سیاسیەوە بەرەو ئاستی ڕەخنە بەرزدەکرێتەوە, ئەگەرچی ئەو ڕەخنەیە هێرش بکاتە سەر ڕەخنەکانی نێرینەش لە ژن, بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە فێمینیزم و پۆست مۆدێرنە نییە, بەڵکو ڕەخنەیەکی سیاسی مولتەزیمە, کەلە ژێر کاریگەریی دۆخی سیاسی 1968ی ئەوروپا نووسراوە, تەواو پێچەوانەی (ماری ئیلمان) دەنگێکی تر هەیە کە نوێنەری دیاری پۆست مۆدێرنەی ژنانە, ئەویش (لۆرا کیپنز)ە, ئەگەر پێشتر ئاماژەمان بە لایەنگریی (کیپنز) دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی زمان, دەبێت ئەوەش بڵێین تەواوکەری بۆچونەکانی لەوێدا دەگاتە چڵەپۆپە, ئەو کاتەی پۆست مۆدێرنە بەلایەوە دەبێ بە هەڵوەشاندنەوەی چەپخوازانەی ژن, بەوەی مارکسیزم تاکە ئایدیایەك نەبێ بۆ ئازادبوون, بەڵکو دەیویست بەدوای پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی, لە نێوان (مارکسیزم, فێمینیزم, پاش بونیادگەریی چەپخوازەکان بگەیەنێتەئاستێك کە ئاراستەیەك بۆ دیدێکی ڕۆشنی پۆست مۆدێرنەی ژن دەستنیشان بکات, لەنێوان مارکسیزم و تیۆرە زمانەوانییەکان. ئەویش وەك کریستیڤا بایەخی بە خوێندنەوەی (ئالتوسێر)داوە بۆ مارکس, ئەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەگە فێمینیزمیەکە لای (کیپنز) تەواو قوڵبۆتەوە, بەوەی جیابوونەوەی ژن لە هەستکردن بەداگیرکردنی لەلایەن پیاوەوە, ئەوەش بەمانای ئەوە نییە کە ئەو ڕەخنەی لە کۆمۆنیزمیش نەبووە, چونکە ئینتیما مارکسیەکەی جیاوازە لە سیستمی کۆمۆنیستی.

بۆیە ئاماژە بەجیابوونەوەی ئەو ژنانە دەدات لە ناو هێزێکی چەپ کە بەمانا سیاسـیەکەی لـەناو هەیمەنـەی پیـاودا بـوون, کاتێـك جیابونـەوەی خۆیـان وا ڕادەگەیـەنن (ئێمـە کاتێـك چارەسـەری وەزعـی ژن دەکـەین لـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداری, وەبەتایبـەت لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکان, ئـەوە دۆزینەوەیەکـە وابەستەبوونی ژن بە پیاو لە پەیوەندییەکی داگیرکارییە, ئێمە خۆمان بە بەشێك لە جیهانی سێیەم دادەنێین)[27].

ئـەو ڕووداوە کەلـە سـاڵی 1967 دا کۆمـەڵێك ژن لـەناو هێزێکـی چـەپ جیادەبنەوە, بۆ (کیینز) هیچ لەو ووتە فەلسەفیەی (بۆڤار) کەمتر نییە, کە ژنـی لای پیاو بە ئەویدی ناوبرد, ئـەو ڕووداوە سـەرەتایەکی تـر بـوو بـۆ فێمینیـزم, ئەوەش دەمانگەیەنێت بەو تێگەیشتنەی کە کریستیڤا لە بەردەم دوو کلتوردایە: کلتوری دەق و کلتوری ڕووداوەکانی خۆرئاوا, کەلە سەدەی نۆزدەدا سیاسـەت و ئایین لەیەکتر جیاکرانەوە, ئەوەش بـووە مایـەی ئـەوەی دوو ئـەنجام وەدەسـت بێت, یەکەمیان (سیاسەت) کە ڕێکخستنێکی ئـابوری بەرهـەمهێنان, دووەمـیش (ئاکار) بوو, کەچربوونەوە و لە دەستدانی دامەزراوەکان بـوو, هەریـەك لـەو دوو ئەنجامەش کاردانەوەی خۆی هەبوو (یا ئەوەتە دەوڵەت ئیـدراك بـەو ئیمتیازاتـە ئاکارییە دەکات و تێکەڵی دەکات لەگەڵ عەقلانیەتی ئابوری خۆی, کـە ئـەوەش ڕووەو سـەراپاگیرییەتی فاشـیزم یـان سـتالینیزم دەچـوو, یـاخود دەوڵـەت دووردەکەوێتەوە لەو ڕۆڵەو ڕۆڵی خۆی دەنوێنێت, بە وێنەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگای لیبرالیزمی تەکنۆکراتی, کە دەبێتە ڕۆیشتن بەرەو زیادبوونی پیادەکردنی جوانکاریی لەسەر ئەو بوارەی کە بۆمان گرنگە)[28].

ئەوەش کتێبەکەی (لیوتار)مـان بیردێنێتـەوە, چـونکە ئـەوەی کریـستیڤا لـە دەقەکەیـدا ئامـاژەی پێـدەدات, هـەلو مـەرجی پۆسـت مۆدێرنـەی ژنانـە, هەلومەرجێك کە کاتێك لیۆتار ئاماژەی بۆکرد و کـردی بـە ناونیـشانی دەقەکـەی (هەلومەرجی پۆست مۆدێرنە) بە پێویستیەك سەیری دەکرد کە پرۆژەی مۆدێرنە

تەواو بووە, بۆیە ئەو دوو ئەنجامە سیاسی و ئاکارییە, دەبنە هەلومەجی ژن بۆ هاتنە نێو پۆست مۆدێرنە, چونکە هیچ پاساوێکی کلتوری توانای دروستکردنی بەربەستی نییە, و ناتوانێت لە سەردەمێك کە قسەکردن و گفتوگۆکان لە بارەی فرە جیاوازیی دەنگەکانە, جیاوازی ژن و بزوتنەوەکەی قبول نەکات, بۆیە پێویستیەك کە ئەو ڕەنگەی پۆست مۆدێرنە نەیەوێت فەرامۆشی بکات, دەیالوگ کردنە لەسەر شوناسی نەتەوەیی و کۆچکردن بەرەو غوربەت, کە ئایا مەرجە بۆ دەستکەوتنی شوناس لەو ڕووبەرە جوگرافیە ژیان بەسەر بەرێت, کەتیایدا لە دایك دەبێت؟ یاخود شوناس وابەستە نییە بە شوێنێکەوە؟ ئەوە لە کاتێکدا دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت, کە کریستیڤا لە تەمەنی 25 ساڵیەوە (بولگاریا) شوێنی لە دایك بوونی جێهێشتووە و (36) ساڵە لە فەڕەنسا ژیان بەسەر دەبات, بۆیە لەدەرەوەی یوتوپیای غوربەتەوەیە, بەڵکو لەناو ئەزمونێکەوە قسەدەکات کە خۆی بەشێکە لەو ئەزموونە.

ئەو کۆچکردنە بووەتە هۆی ئەوەی خۆرئاوا بکەوێتە بەر هەڕەشەی پەناهەندەی خۆرهەڵاتی, ئەوەش پەیوەندی بە خراپی باری ئابوری و ئەخلاقی بەپلەی یەکەمەوە هەیە.لەگەڵ ئەوەشدا پیاداچوونەوە بە چەمکی شوناس پێویستیەکی حەتمییە, ئەوەش تەنیا گۆرینی ئەو چەمکە نییە لەنێو مانایەکی بەسەرچوو, بەڵکو دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو چەمکەیە لەگەڵ ڕەگەزێکی مرۆیی, ئەوەش گواستنەوەی ئەو چەمکەیە لەمانای زاراوەیی بۆ مانای فەرهەنگی.

چونکە ئەگەر شوناس و نەتەوە لە مانا زاراوەییەکەیدا وابەستەبن بە بوونی کەسێتی مرۆڤ, ئەوا ئەو وابەستەبوونە لە نێو مانای فەرهەنگی تەواو گۆرانی بەسەردا دێت, بەواتایەکی تر ئەگەر دەوڵەت لە قۆناغی مۆدێرنەدا لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەدا گەشە بەخۆی بدات, ئەوالای پۆست مۆدێرنە زمانی ڕەسەنی مرۆڤ نابێت بە پێوانە بۆ شوناس و مەرج نییە لەنێو چوارچێوەی

نەتەوە, شوناس درێژە بەخۆی بدات چونکە مرۆڤ لە کەسێتیەکی نەتەوەیی بەرەو کەسێتیەکی گەردوونی هەنگاو دەنێت, بەواتای کلتوری نەتەوە لەو داخستنە ڕزگاری دەبێت و دەچێتە نێو فرە کلتوری نەتەوەکانی ترەوە, ئەوەش وادەکات مرۆڤ لە ئاستێکی بالاتر لە ڕەسەنایەتیەوە بژیێت, چونکە ڕەسەنایەتی لەگەڵ بەردەوامی رۆژگار بایەخی کەمتر دەبێتەوە, ئەوەش کاردانەوەی فرە کلتوریە, کلتوری داخراو ناچاردەکات لەناوخۆیدا تووشی نائومێدی و دڵەڕاوکەیی بکات, ئەو هەستەش لەبری ژیاندۆستی خۆی, تەنیا ڕقی لەبەرامبەر کلتوری نەتەوەکان و شوناسی مرۆڤی گەردوونی گەورە دەبێت, ڕقێکە لەسەر بچوکردنەوەی مرۆڤی نەتەوەیی وەستاوەتەوە, ئەوە بەمانای دەستبەرداربوونی تایبەتمەندییەپۆزەتیفەکانی خۆی نیە, بەڵکو هەستکردنە بەو ڕاستیەی کە ئەوانەی نایانەوێت لەنێو ڕەسەنێتی نەتەوە بێنەدەرەوە, لە جەوهەردا بروایان بە داخستنی کلتورەکەیان هەیە, کە ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیونالیستانە شوورەی بەدەوری بڕواکانیان دروستکردووە, ئاهەنگی ناسیۆنالیزم بۆ ڕەسەنایەتی لە ڕاستیدا پرسەی بەردەوامی ناسیۆنالیزمە بۆ نەتەوە, قبوڵکردنی مانەوە لە ناو نەتەوە, مرۆڤەکەیە ئەو بڕیارە دەدات, کە دەتوانێت بەهەڵگری تایبەتمەندیەکانی لە دەرەوەی ڕەسەنایەتیەوە داکۆکی لە شوناس بکات.

کریستیڤا لەسەیرکردنی ئەو حاڵەتە بڕوای وایە ئاینە تاك پەرستەکان ئیرادەو ئارەزوویان بە مرۆڤ بەخشیووە, بەلام هێزی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی (خێزان, کۆمەلگا, نەتەوە, دەوڵەت)بەربەست دروستدەکەن و دەبنە هۆی خولقاندنی ئەو دۆخەی کە (بیرۆکەکان بەم جۆرە لە ئاسمانەوە ناکەونە خوارەوە, دواتر کلتورێك هەردەبێت ئێمە بروای پێبهێنین, ئەو کلتورەش بووە بە ئاین و بەها ومێژوو, هەموویشیان بەرهەمی‌ئیرادەی کۆمەڵییە, نەوەك فەردی بێت)[29].

ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مانا ڕاستەقینەکان لە ڕێگەی نەریتی کۆمەڵی ئاوەژوودەبێتەوە, لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە توندوتیژیی, بۆیە کلتوری نەتەوە دواجار دەبێتە کلتورێکی داخراوی تورەکە شوناسی نەتەوە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت, ڕاکردن لەو شوناسە و هەوڵدان بۆ تێکەڵبوون بەکلتورەکانی تر, هەوڵێکی گەردوونییە بۆ ڕزگاربوون, ئەو کاتە مرۆڤ ئەگەر تووشی نامۆبوونیش بێت, ئەوا نامۆبوون لە دەرچوون لە شوێنی لەدایك بوونەوە دەست پێناکات, هێندەی نامۆبوون هەستێکە لەناوەوەی مرۆڤدا ئامادەگی هەیە, چونکە شوێن پڕی کردووە لەو هەستە لە ناوەوەی خۆیدا, بۆیە کاتێك مرۆڤ دەیەوێت بەهەموو تایبەتمەندییە پۆزەتیڤەکانی خۆیەوە شوناس وەدەست بهێنێتەوە, بەتایبەت بۆ ژن کە سەرەتا بەدوای ئەو شوناسە دەگەڕێت لەگەل پیاودا, دواتر لە ڕێگەی چالاکی فێمینیزمانەوە دژایەتی خۆی بۆ ئەو بەرامبەرە ڕادەگەیەنێت, بەوەی تا چەند فێمینیزم توانای دەرخستنی شوناسی هەبووە[30].

چونکە مێژووی نامۆبوونی مرۆڤ, مێژووی نامۆبوونی ژنە بە کلتوری جیاواز, بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کریستیڤا کە لە میتۆلۆژیای یونانیدا ژنانی (دانیداس) ئەو خەڵکانەن کە دێنە نێو ئەغریق, بۆیە هاتنە نێو ژیاری یونانی و چۆنییەتی پێشوازیکردن لە ژنانی کلتوری جیاواز بەلایەوە بووە بە پرسیارێك بۆ شوناس, پرسیارێك لە ئینتیمای نەتەوەییەوە گوازراوەتەوە بۆ پرسیاری فەلسەفی لە شوناس, بەوەی ئیدی ناکرێت شوناس پەیوەست بێت بە سیستمێکی داخراو, چونکە ئەو بەهایەی سیستمی داخراو داکۆکی لێدەکات لەبنەماوە مرۆڤ جێی هێشتووە, ئەگەر ئەو داخستنە نەتوانێت قبوڵیشی بکات, بەڵام ئەو تێگەیشتنە قووڵە لە بەها لە ڕەخنەیەکەوە دەستپێدەکات, دواجار لەنێوان کرانەوە و ڕزگار بوون, داخستن ئەو ڕزگار بوونە بە مردن دەگۆڕێت, ئەوەش لە ڕاستیدا مردنی ئەو کلتورەیە, بۆچی مردنی ئەو کلتورە؟ هەر لەبەرئەوەی داکۆکی لە بەها دەکات؟

لەو بڕوایەداین مەسەلەکە لەوە قوڵتربێت, چونکە ئەو داکۆکیکردنە دەبێتە کوشتنی ژیاندۆستی, لەبەرئەوەی توانای خۆگونجاندن و هاویەکسان بوونی نییە, لەگەڵ (داواکاری سەربەخۆیی سێکس, خەڵکی خێرا یان درەنگ خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە ئەدۆزنەوە لەگەڵ ئەو دیاردانە,وەهەروەها بەها ئاینیەکان پێویستن, لەهەمان کاتدا بەرگە گرتنیشی زەحمەتە)[31].

لەو قسەیەی کریستیڤا دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەهای ئاینی چەندە لە ڕابردوودا پێویستیەك بوو بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا و لە هەندێك باردا ئەو بەهایانە پێویستیەك بن بۆ مرۆڤ, بەڵام قبولکردنی ئەو بەهایانە ئاسان نییە, چونکە ئەو بەهایانە لەگەڵ ئارەزووی سروشتی و ژیاندۆستی مرۆڤێکی گەردونی نایەتەوە, ئەوەش بۆ ئامۆژگاریکردنی کۆمەڵگا نییە, چونکە کۆمەڵگا کە بنەمای کۆنکرێتی بۆ کلتور دادەڕێژێت وا ئاسان نییە بەدێرێکی ڕەخنەیی تێکەڵی کرانەوەی بکەین, بۆیە (ئەو زەمەنە زەمەنی ئامۆژگاریکردن نییە, ئەوەساتی دەستنیشانکردنە ـ ئەوە ساتی نەگەتیفە ـ وەباشترە تەرکیز لەسەر ئەوە بکرێت کە یارمەتی تاکە کەسێك یاخود دوو کەس بدەین بۆ ڕزگاربوونی)[32] ئەوەش بەمانای زەمینەیەکی فەردانی و ڕەگەزییە, کە بێگومان بڕوای بە ڕزگارکردنی تاکەکان هەیە زیاتر لەوەی کۆمەڵگا ڕزگار بکات, بۆیە دەکرێت وا سەیری پۆست مۆدێرنەی ژن بکەین کە هەوڵێکە بۆ ووشیارکردنەوە و بەئاگاهاتنەوەی ژن لە کلتوری داخراوو بەها ئەستەمەکان لەسەر بنەمای فەردانی, کە ئەویش بەرهەمی ئەو زەمینە زمانەوانییە کە فەرد لەسەر ئاستی هەڵوەشاندنەوەی زمانەوە بنەمای تیوریی خۆی بنیات دەنێت.

**پەراوێز و سەرچاوەكان:**

1- سياسة صغرى..ميكرو سياسة / بيان كتب 21 يناير 2002.

2- حركة النقد النسوي / د. بشرى موسى صالح / الثورة الاسبوعي (انترنيت)

3- نصيات / ج. هيوسلفرمان / ترجمة (حسن ناظم) و (علي حاكم صالح) المركز الثقافي العربي (بيروت) 2002 / ص257

4– لەبەرئەوەی لەڕۆشنبیری ئێمەدا دەقئاوێزان زۆر ناوی دێت, بەلاّم بەبێ ناسین و تێگەیشتنێكی تیۆریی و لەبەرئەوەی ئەو تیۆرەی كریستیڤا بۆ دەق هێنایە بوون, لێرەدا هەوڵ دەدەین تێگەیشتنێك لەو بارەیەوە بخەینە ڕوو.

دەقئاوێزان پەیوندی نێوان دەقێكە لەگەڵ دەقێكی تر, یان لەگەڵ چەند دەقێك, ئەوەش دەق دەكات بەسێنتەرێك بۆ پەیوەندیەكی دیالەكتیكی, كە دەق دابڕاو نییە لە دەقەكانی بەرلەخۆی, بەڵكو لە گفتوگۆی نێوان دەقەكاندایە, بەلاّم دەقە نوێیەكە لەناو ئاگاییەكی مێژوویدا دەجولێتەوە, كە ڕەهەندێكی ئەبستیمولۆژی پێدەدرێت, ئەوەش دەق وەك زانستێكی سەربەخۆ سەیردەكات, بۆیە كریستیڤا لەو بڕوایەدایە دەتوانێت (والەزمان بكەین بەشێوەیەك كاربكات لەسەر مادییەت بۆ ڕێگەی پەیوەندیی و تێگەیشتن سەبارەت بەكۆمەڵگا, نەشبێت بەكارێكی نامۆ لەسەر زمان, لە نووسەری دووەم) (ماهي السيميولوجيا / برنارتوسان, ترجمة محمد نظيف, افريقا الشرق المغرب, الطبعة الثانية 1994/ص 92) كاتێك دەق دەبێت بەزانست, بەواتای ئاگایی دەق گوتارێكە توانای نووسین و ڕەخنە و زەمەنی هەیە, دەقێكە لە ئاوێزانبوونیبە دەقەكانی تر نایەوێت مێژوو بەرهەم بهێنێتەوە, هێندەی ماناكان دەكەونە نێو ڕوانینی ڕەخنەیی و زمان لە پرۆسەیەكی جیاوازدا مانای جیاواز بەرهەمدەهێنێت, ئەوەش ڕەتكردنەوەی زمانی دەق نییە, بەڵكو پرۆسەیەكی سیمانالیزییە < سەبارەت سیمانالیزا یان سیمیۆلۆژیای ڕاڤەكاری, بڕوانە نووسینێكی ترمان بەناوی: سیمانالیزا و ئەدەب / ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ, ژمارە /334> كە مانا لەسنورێكی دەستنیشانكراوەوە بۆ ڕەهەندێكی قوڵ دەبردرێت, ئەو ڕەهەندەش لە نێو زماندا بوونی هەیە, بەواتای زمان ڕەهەندێكی فراوان بە ماناكان دەبەخشێتەوە, هەر بۆیە زانستی دەق تەنیا پەیوەست نییە بە دەقی فەلسەفییەوە, بەڵكو لەنێو دەقی ئەدەبیشدا بەهەمان ئاراستە

بەڕێوەدەچێت, کە دیارە کریستیڤا بۆ نووسینی ڕۆمانی (سامورای) نووسین ئاوێزانی واقیع دەکات, چونکە ڕۆمانەکەی لە واقیعی شەستەکانی فەرەنسا دەدوێت, بۆیە گەر هەر یەك لە (لاکان, فۆکۆ, بارت, سۆسێر) کۆمەڵێك ئاماژەیان لە نێو دەقەکانی خۆیان بەرهەم هێنابێت, ئەوا بەهاتنیان بۆ نێو دەقەکەی کریستیڤا ئاماژە فەلسەفیەکانیان بە ئاماژەی تر دەگۆڕێت, ئەوەش وەك خۆی بڕوای وایە لە (زماندا دەشێت ئەم گوزەرە ـئەم پەڕینەوەیە ـ لە گێرانەوەی بۆ دەق بێت, وەکو جێگۆرکێ لە دیمەنی کەرنەڤاڵەوە بۆ دەقی نووسراو, زاراوەی دەقئاوێزان بەمانای(جێگۆرکێ)ی سیستمێك یان زیاتر لە سیستمێکی نیشانەیی (ئاماژەیی) بە بە سیستمێکی تری نیشانەیی دێت) {ئینسایکلۆپیدیای زاراوەی ئەدەبی / بەهرام میقدادی, وەرگێرانی (ئازاد بەرزنجی) سەردەم, ژمارە 23/ل200} ئەوەش گۆڕینی (شوێن) ی ئاماژەیە لە ڕووبەرێکەوە بۆ ڕووبەرێکی تر, ئەو جێگۆرکێیە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین لەناو دەق کەشفی مانا بکەین, هەربۆیە کاتێك نوسینەکانی ژنە نووسەری فەرەنسی (کۆلێت) ئەو نووسەرەی بێ ئەوەی لەناو نووسین هیچ پرسیارێك ئاراستەی بکات, بەلآم لە ڕێگەی پەیوەندیی دەقەکانی بە دەقی ترەوە, ئەوەش لە ڕێگەی ئاماژەی گۆرداو , کە کریستیڤا لە ئیشکردنەوە لەسەر دەقی (بۆرگۆنیا).. ناوچەیەکی فەرەنسییە کە خۆشم دەوێ) ی کۆلێت, ئاماژەکانی ئەو دەقە دەشوبهێنێتەوە و نزیکی دەکاتەوە لە تابلۆی نیگارکێشە مەزنەکانی وەك (بۆسان) و (فانۆ) < کولیت..العبقرية النسائية / بيان الكتب 11- مارس -2002>.

دیار بۆ هەر دوو چەمکی (دەق/ئاوێزان) تا لەمانایەکدا نەیناسین, توانای دۆزینەوەی ئەو زەمینەیەمان نابێت کەپەیوەندیی نوێ دەخوڵقێنن, بۆئەوەش دەبێت (دەقئاوێزان) و (ئاوێزانبوونی دەق) بەیەك واتا ڕاڤە نەکەین, چونکە دوو واتای سەربەخۆو خاوەن سیستمی جیاوازن.

(دەقئاوێزان کۆمەڵە دەقێکە کە دەتوانێت نزیکی بکەینەوە لەو دەقەی لە پێشمانەوە دەیبینین, یان کۆمەڵە دەقێك کەلەکاتی خوێندنەوەی دەقێکدا لە یادەوەریمان دەیدۆزینەوە, بەلآم ئاوێزانبوونی دەق کۆمەڵێك پەیوەندییە لە نێوان دەقەکان دەیدۆزینەوە, کە کێشەی کاریگەر و کارلێکەر دەبەزێنن بۆ کاری بونیاد و ئاواز و پانتایی و داهێنان (بعض مصطلحات نظرية النص / د. محمد خير البقاعي / الموقف الثقافي العدد(8) ص50-51) دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانە دەق لە سیستمێکی دەلالی بەرەو زانست دەبەن, کە خاوەن سیستمێکە بەشەکانی خۆی لەنێو زمان دەجولێنێت, ئەو جووڵانە خاوەن ئاراستەیەکی سیمیۆلۆژین, ئەوەش گۆران بەسەر دۆخی مەعریفی دێنێت, لە ڕێگەی وازهێنان لە چەمکی باو, ئەو ئاراستە سیمیولۆژیە دەبێت بە زەمینەیەکی ئەکتیف لەناو زانستدا, بەلآم خاڵی سەرەکیکەدەبێت بە خاڵی جیابوونەوە و جیاوازیی میتۆدیی, گۆڕینی وەزیفی زمانە, زمان تیایدا دەبێت بە پرۆسەیەکی ڕاڤەکاریی, ئەگەر ئاماژە لەنێو زانستێك لەتەك زمان (سیمیۆلۆژیا)یان بنیاتدەنا, بەلآم بەهۆی زانست بەخشین بەدەق و وەرگرتنەوەی زانست لە

ئامارژەو پیادانی بەدەق, ئەوا (زمان/ئامارژە)دەگۆڕێت بۆ سیمانالیزا, بەو گۆرینەش ئەو دەسکەوتە مەعریفیەی سیمیۆلۆژیا پێیگەیشت لەڕووی بەرهەمهێنانی مانا و سیستمی ڕێکخەری ئامارژە, ئەوا دەقناسی ڕەخنە لەو ماناو سیستمە دەگرێت, لە ڕێگەی راڤەکردنەوەی ئەو پەیوەندییە زمانەوانییە, کەلە بنەماوە ڕەخنەگرتنە لە زماننناسی, بەواتای ڕەخنەگرتنێکە لە زانست, کەلە ڕێگەی دەقئاوێزان توانی مۆرکە زمانەوانییەکە بۆ سیمیۆلۆژیا بگۆرێت, ئەوەش لە ڕێگەی چەمکی (ئیدیۆلۆژم), ئەو چەمکە دەبێت بە ستراتیژی ڕەخنە, چونکە لە توانایدایە ئاستێکی جیاواز بنیات بنێت, بەوەی ئەو تێگەیشتنە ساکارەی کە هەر نزیکایەتیەکی دەنگ و فۆنیمەکانی ناودەنا (دزینی ئەدەبی), لە ڕێگەی ئەو چەمکەوە چارەسەریکرد, بەوەی ئەوە دزینی ئەدەبی نییە, بەقەد ئەوەی ئاستی دەنگی نێو زمانە.

خالێکی تری جیاوازیبوونی کریستیڤا بە تەنیا بایەخدان نەبووبە مەدلول, کە تیۆرە زمانەوانییەکان و سیمیۆلۆژیستەکان گرنگیان بەدال دەدا, بەڵکو ئەو سیستمە زمانەوانییەی لەنێو دەق تێکشکاند, کە بەردەوام زمان تیایدا دووبارەدەبۆەوە, بۆیە ساکارترین تێگەیشتن بۆ ئەو جیابوونەوەیەش ئەوەیە, ئەگەر (دال) لە نێویەکەی دەنگی دووبارەبێتەوە, ئەوا (مەدلول) دووبارە نابێتەوە, ئەوەش خالّی نییە لەو بڕوایەی کە (دەق لە بنەڕەتدا زمان نییە, بەڵکو لەبەرئەوەی دەردەچێت لەمەسەلە بنەڕەتیەکەی خۆی ـ جا ئەگەر ئەدەبی بێت یان شیعریی یاخود جۆری تر ـ, بەهەڵکۆڵینیهێڵێکی ستوونی لە ڕووبەری دەق) < علم النص / جوليا كريستيفا / ترجمة, فريد الزاهي, دار توبقال (الطبعة الثانية)1997/ص8 >, بۆیە بەرهەمهێنەری دەق لەناو زەمەنی لەدایکبونی بەردەوامدا دەژیێت, ئەوەش خولّقاندنەوەی زمانە لەسەر ئەو کلتورەی کەڕابردوویەکی دیاری هەیە, ڕابردوویەك سۆسێر دەیویست مانای تیایدابشارێتەوە, بەهۆی گەمەکردنی زمانەوانی بە دال, کەچی کریستیڤا ئەو شاردنەوەیە دەگۆڕێت بۆ (بیرکردنەوە لە مانا) چونکە دەق لەنێو (واقع) و (مێژوو) سەرهەڵدەدات, کە ئەوەی یەکەمیان دەگۆڕێت بە زمان, زمان هەوڵ گەیشتنە مانا دەدات, ئەو گەیشتنەش لەجەوهەردا بیرکردنەوەیە بۆ فرەمانایی, نەوەك شاردنەوەبێت لە نێو زمان, بۆیە زمان تەقینەوەیەك لەناو دەق بەرپاناکات, بەڵکو دەق لەناو ڕووبەری زمان هەڵدەستێت بە تەقینەوە, کە ئەوەش هێڵی بەیانی مێژوو دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەی نوێ کەلە ناو تاك مانایی نەمێنێتەوە.

ئەوەش گۆڕانی دەلالیە بۆ مێژوو, بەواتای دەق تەنیا نووسینەوەیەکی زانستی نییە, هێندەی هەڵدەستێت بەدانانی سانسۆر لەسەر ئەو زانستە تاوەکو بتوانێت ڕەخنە لە زانست بگرێت و دەق بکات بەڕووبەرێك بۆ کایە ئەبستیمی و کۆمەڵایەتیەکان, چونکە (زانستی دەق لەوە گەورەترە تەنیاببێ بە سیمیۆلۆژییان سیمیاگەری, بەڵکو وەك بونیادێکی ڕەخنەیی دەردەکەوێت بۆ مانا و ڕەگەزەکان و یاساکانی, دواتریش بۆ دامەزراندنی شیکردنەوەی سیمیۆتیکی) < علم النص, جولیا کریستیفا (هـ.س.پ.) ص16 > (سیمیۆتیکا) ش بەلایەوە

تەنیا زاراوەیەکی زمانەوانی نییە بۆ ناسینی ئاماژە زمانەوانییەکان, وەك (بێرس) لە تیۆرە زمانەوانیەکەی خستییەڕوو, بەڵکو ئەو زاراوەیە لای (کریستیڤا) مانای تری پێدەدرێت, لەزاراوەیەکی زمانەوانییەوە بەرەو زانستی ڕەخنەیی دەگۆڕێت, تیایدا لەیەك کاتدا دەبێت بە زانستێکی ڕەخنەیی و ڕەخنە لە زانستیش دەگرێت, واتە (زانست) و (ڕەخنە) دەکات بە دوالیزمی سیمیۆتیکا.

بۆیە ئەگەر ئەو زاراوەیە پێشتر بەناسینی ئاماژە و دۆزینەوەی ڕەمزەکانی نێو زمان خەریك بوو, ئەوا لای کریستیڤا ئەو زاراوەیە لەناو خۆیدا ممارەسەی فیکر دەکات, ئەوەش دەیگەیەنێت بەو ئاراستەی کە گەشە بەزانست بدات و نەیەڵێت لە شوێنێك بوەستێت, ڕەخنەش دەبێت بەفاکتەرێکی سەرەکی ئەو گەشەسەندنەی زانست, کە ڕەخنە تیایدا ئاراستەی دەرەوە ناکات, بەڵکو بەرلەوەی ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی دەرەوە بکات ئاراستەی خودی خۆی دەکات, بەواتای بۆ مانا بێرسیەکەی زاراوەکە, بۆ ئەوەی لەنێو مانایەکی زمانەوانی قەتیس نەکرێت و بتوانێت لەگەڵ ئەو گەشە سیمیۆلۆژیە بەردەوامی بەخۆی ببەخشێت.

دیارە گەڕاندنەوە بۆ خودی خۆی (مەبەست لە زاراوەکەیە) تەنها ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی بەرهەمدێنێتەوە, هیگل ووتەنی زانست بازنەیەکی داخراوە لەسەر خۆی, بۆ ئەوەی ئەو گەڕاندنەوەیەش تەنیا بە مەداری ئەو بازنەیە نەسوڕێتەوە, پێویستە گەڕاندنەوەکە, گەڕاندنەوەیەکی ڕەخنەیی بێت, ئەو ڕەخنەیەش چەندە ڕەخنەگرتنە لە خودی خۆی, بەلام ڕەخنەیەکە کەلەو ڕەوتە و ئایدیۆلۆژیایەی کەلە ناو بازنە داخراوەکەی زانست حوکم دەکات, ستراتیژی ئەو ڕەخنەیە بۆ کرانەوەی بازنەکەیە, کرانەوەیەك کە (کۆتایی/سەرەتا) بەیەك نەگەیەنرێتەوە, بەواتای بازنەکە جارێکی تر دانەخرێتەوە, هێندەی بەسەر گوتاری تر بکرێتەوە, لەو خاڵەشدا حەقیقەتی ئەو ڕەخنەیە ئاشکرا دەبێت کە ئەو کرانەوەیە دەریدەخات, ڕەخنەگرتنی لە خودی خۆی ڕەخنەگرتن بووە لە داخستن, نەك لەخودی زاراوەکە, چونکە کرانەوەی بەسەر گوتاری تر, هەمان ستراتیژ و مەبەستی بێرس بووە, بۆیە سیمیۆتیکای کریستیڤا چەندە هەڵگری ڕەخنەیە, بەلام ئەو ڕەخنەیە لە پەیوەندیە زمانەوانییەکانی بێرس (ئەیقونە, ئاماژە, ڕەمز) خاڵی نین و بەڵکو ئەو پەیوەندییە زەمینەی میکانیزمی کارکردنە, میکانیزمی جەوهەری سیمیوتیکا, بەلام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت, کەبەر لە بوونی ئەو زەمینەیە هیچ فەیلەسوفێك توانای تێکشکاندنی ئەو بازنەی زانستی نەبوبێت, چونکە ئەگەر (هیگل) نەیتوانیبێت خۆی لەو بازنە داخراوە ڕزگار بکات, ئەوا بەلای کریستیڤاوە فەیلەسوفی مەزن (کارل مارکس) یەکەم کەس بووە بەو کارە هەڵسابێت, وەك چۆن چەمکی (بەها)ش لای ئەو فەیلەسوفەوە دەستپێدەکات, وەك ئاڵتۆسێر ئاماژەی بۆکردووە, ئاواش (فیکری مارکس نۆبەرەی دەربڕین بوو, لە شێوەکانی کاری بەرهەمهێنراو, وەك تایبەتیەکی مەزن لە سیستمی سیمیۆتیکا) <الدلالیة.. علم النقدي أو نقد للعلم /

جوليـا كريـستيفا, ترجمـة محمـد البكـري, العـرب والفكـر العـالمى, العـدد (1) شـتاء 1988/ص65>.

پێویسته ئاماژه بۆئەو خاڵە بکەین, کە قسەکردنی کریستیڤا لەسەر مارکس, لە ژێـر تێروانینـی (خوێندنەوه بـۆ سـەرمایه)ی ئاڵتوسـێره, دەکرێت ئـەوەش وەك دەقئاوێزانێـك لـە نێـو دەقـی ئاڵتوسێر سەیربکەین, کە بووه بەسەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ڕەخنەگرتن لە زانست.

ئەوه جگەلەوەی ئەو تێڕوانینەی کریستیڤا بەرەنجامی خوێندنەوەی ئەو ڕابردووه فەلسەفیەیە لەلایـەك و لەلایـەکی تـریش بـۆ ئـەو زەمینەیـەی زانـستی زمـان, کەلەسـەر هـەردوو کلتـوری فەلسەفی و زمانەوانییەکە, توانیویەتی لە ڕێگەی سیمیۆلۆژیای ڕاڤەکارییەوه, ئەو دوو کلتـوره بەرەو ڕووی یـەکتر بکاتـەوه, تـاوەکو بتوانێت پەیوەندیـەك بخولقێنێـت, کـە هاوڕێیەتیکردنـە لەگەڵ زانسته مرۆییەکان (سۆسـیۆلۆژیا, ماتماتیـك, سـایکۆلۆژیا) ئـەوەش گەشەسـەندنی ئـەو دیده (بێرس) یه بوو بۆ زمـان, کاتێـك لـەنێو زانـستی فەلـسەفی هەوڵیـدا زانـسته تیۆرییـەکان بەشداری پێبکات, لەوانه (لۆژیك, ئاکارناسی, ئیستاتیکا) ئەوەش سڕینەوەی هەر هەوڵێك بـوو بۆ ئەوانەی دەیانوویست فەلسەفەو زانست لەیەکتر جیابکەنەوه, بەو کارەش ڕاڤـەکردنی زمـان لە پرۆژەیەکی نمایـشکردن دەبێت بەپرۆژەیـەکی ڕەخنـەیی, کـە کۆمـەڵێك زاراوەی ڕەخنـەیی دەبێت بە میکانیزمی سەرەکی ئەو پرۆژەیه, ئەوەش وادەکات تاك مانایی ببێت بـە فرەمانـایی لە ئاستی جیاوازدا, بۆیه بیرکردنەوه لە مانا.. بیرکردنەوەیه لە ناو زانسته مرۆییەکان.

5- نـصيات /ج. هيوسلفرمان / ترجمـة (حسن نـاظم)و (علـي حـاكم صـالح) المركز الثقافي العربي (بيروت)2002ص262.

6- الحداثـة و مابعد الحداثـة / جوليـا كريستيفا: مابعد الحداثـة / اعداد و تقديم (بيتر بروكر) ترجمة (د.عبدالوهاب علوب) مراجعة (د.جـابر عـصفور) المجتمـع الثقـافي أبوظبي 1995 ص313.

7– ئـەو تێروانینـه زیـاتر لـەناو نووسـینی ئـەو ڕوونـاکبیره عەرەبانـه دەبینرێـت کـه سـەفەری خۆرئاوایان کردووه, وەك داکۆکیکردنێك له گوتـاری نەتـەوەیی عـەرەبی خستویانەته ڕوو, بـۆ دوا نمونەی ئەو نووسینەش دەکرێت ئاماژه بـەو سەرچاوەیه بکـەین (الخطـاب الآصـولي و المرأة و فكر مابعد الحداثة / شريف حتاتة, الثورة الأسبوعي 2002/10/16) یا بـەو دوابیه لەناو نووسینەکانی فاروق ڕەفیقدا هەمان دیـدمان زۆر بەڕۆشـنی بەرچـاوکەوت, ئـەویش لەناو هەر دوو کتێبی (پاکس ئەمریکانا) و (ماڵێکی لێکترازاوو ویژدانێکی بیمار) نووسـەری ئـەو دوو کتێبـه تەنانـەت نـەیتوانی وەك هەنـدێك لـه نووسـەرانی عـەرەب ناسـیۆنالیزمیش دڵخـۆش بکـات, بـەڵکو ڕقەکـەی ئـەو لـە ناسـیونالیزمی کوردییـەوه دەسـتی پێکـرد, تـەنیا تـوانی هەناسەیەکی پچڕ پچڕ به ئوسـولیەت ببەخـشێت, بـەڕادەی ئـەوەی دوا وتـاری ئوسـولیەت لـه ستایشکردنی ئەو دوو کتێبه بـەوه کۆتـایی دێت, کـه نووسـەرەکەی ئـەو دوو کتێبـه زمـانێکی فەلــسەفی نــوێی هێناوەتــه کایــەوه, بێئاگــایی ئوســولیەت لــه نووســین ئــەو بۆچــونەی

پێدەخولقێنێت, دەنا ئەو زمانە زمانێکی هەڵچووی نێو گوتاری ئایدیۆلۆژیە و لەزمانی حزبە شەرکەرەکانی شەری ناخۆ و هەندێ ووتاری ئاینی ئسولیەت دەچێت بۆ هەڕەشەکردن, چونکە دیدێکە پەیوەندی بە توڕەبونی دەرەوەی نووسینەوە هەیە و توڕەبوونێك لە ئاستی پەستی خودی نەگوازراوەتەوە بۆ نێو گوتارێکی فەلسەفی, بۆیە ئەوە نموونەیەکی هەرە بچوکی ئەو خودە توڕەیەیە, کە لای نیتچە ئەو توڕەییە گەورە دەبێت و لە ئەنجامدا خودێکی نیتچەیی دژ بە ژن بەرهەم دێنێت.

8- وتووێژێك لەگەڵ کریستیڤا / هدی ئەیوب, وەرگێرانی جەمال ڕەشید,گەلاوێژی نوێ, ژمارە 2 / ل172.

9- سەبارەت بەو ڕەخنانە بڕوانە: بؤس البنيوية / ليونارد جاكسون (ترجمة) ثائر ديب / دراسات فكرية (دمشق) 2001 ص353.

10- وتووێژێك لەگەڵ کریستیڤا / هەمان سەرچاوە ل173.

11- جاك لاكان واغواء التحليل النفسي / اعداد وترجمة (عبدالمقصود عبدالكريم) الفصل الثاني: لاكان و العودة الى فرويد / مالكولم بويى, المجلس الاعلى للثقافة 1999/ص78.

12- اللسانية و التحليل النفسي / الفكر العربي العدد (49/48) شباط 1988/ص124.

***13- هەمان سەرچاوە / ص124***

14- ئەو سێ تەداعیەش گەڕانەوەیە بۆ (بریال, سۆسێر,بنفنیست), کە هەر سێکیان دەبن بەخاوەنی یەك ستراتیژ بۆ گوتاری زهان.

15- ئەوە تاکە کاری کریستیڤانییە لەسەر شانۆ, بەتایبەت یەکێك لەدیارترین بەرهەمەکانی بۆ ئەزموونی شێتی لە شانۆی ئارتۆ تەرخانکردووە.

16- اسم موت أو حياة / جوليا كريستيفا, (ترجمة) د. صبحي البستاني, الفكر العربى المعاصر, العدد (23) كانون الثاني 1983/ص72.

17- جينالوجيات مابعد الحداثة / رشيد بوطيب, مجلة (أفق) العدد (27) نوفمبر 2002.

***18- هەمان سەرچاوە***

19- النظرية الادبية المعاصرة / رامان سلدن, (ترجمة) سعيد الغانمي / بيروت الطبعة الاولى 1996/ ص207.

20- هەمان سەرچاوە / ص209.

21- الحداثة و مابعد الحداثة / هەمان سەرچاوە / ص309.

22– هەمان سەرچاوە / ص316
23- جوليا كريستيفا: الهوية في الآختلاف, (ترجمة) أزراج عمر, مجلة الكاتبة, العدد (2) كانون الثاني 1994 / ص54.
24- النظرية الآدبية امعاصر / رامان سلدن / هەمان سەرچاوە / ص193.
25– دیارە لەنێو دەقی ئەدەبی ژن لەشیعردا گوزارشت لەخۆی ناکات, وەك دەبینین پیاو لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێ بێتەدەنگ هەربۆیە شیعری مالامیێ لای کریستیڤا پەیوەندی دەنگە بە چەپاندن, کەدیارە ژن زیاتر پەنادەباتە بەر نووسینی ڕۆمان. بۆیە بەشێکی سەرەکی پرۆژەی فێمێنیزم لە ڕێگەی ڕۆمانەوە خراوەتە ڕوو, ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆمان لەهەناوی شاردا هاتۆتە بوون, شاربوونی ڕۆمان بەمانای گۆران لە دۆخی سروشتی مرۆڤ بۆدۆخی تەکنەلۆژی, گۆڕان لە شێوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگایەك کە ئامرازەکانی بەهەمهێنان ئامرازی سروشتین, هەرچی کۆمەڵگای شاریە, کۆمەڵگایەکە دامەزراوەکانی سەرەڕای ئەو گەشەسەندنە تەکنلوژیە خێرایە, بوونی سیستمی دامەزراوەکان, چەمکی تاکی هێناوەتە بوون, ئەو چەمکە تەواو گۆڕانی بەسەر ئەو دیدەهێنا کە خۆشەویستی و عەشقی وەك ئەفسانە سەیردەکرد, ئەو چەمکەی بارگاوی دەکرد بە دنیایەك فانتازیا, کەچی کۆمەڵگای نوێ بەپێی پێداویستیەکانی ژیان سەیری عەشق دەکات, پاکی چیتر ئەو مانا نەگۆڕەی نییە, کە هەر کۆمەڵگایەك سیمبولێکی کلتوری تیاهەبێت, بەڵکو تاك بەپێی تێگەیشتنی خۆی چەمکێکی ئاکاریی بەو مانایە دەدات, ئەوە مانایەکی سەپێندراو نییە بەر لە بوونی تاك وێنای دنیایەکی چەپێندراو کرابێت بە ناوی ئەخلاق و حەرامەوە, ئەو دنیایە تەواو لەو کۆمەڵگا نوێیە ڕەتدەکرێتەوە, بۆیەبۆ فێمێنیزم ڕۆمان فراوانترین ڕووبەرە کە تیایدا قسە لە بێمافی و چەوساندنەوە و زەبروزەنگ و کۆتایی‌هێنان بەو دنیا نێر سالارییە بێت, کە تیایدا زمان سەرلەنوێ زەمینەیەکی تیۆریی بۆ دنیا بنیات بنێت, فێمێنیزم دەیەوێ بەدوای هەڵوەشاندنەوەی زمان, لەناو ڕۆماندا ڕووبەرێکی نوێ و جیاواز بۆ نووسینەوەی زمان بخولقێنێت, بوونی بزووتنەوەیەکی چالاکی فێمێنیستیانە پەیوەندیی بە بوونی ڕۆمانی مەزنی ژنەوە هەیە, چونکە ڕۆمان توانای ڕاکێشانی توانایەکی مەزنی لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە هەیە کە دەستکاری ئەو دنیایە بکات, لە ڕێگەی خولقاندنەوەی زمان, بۆیە کاتێ ژنی کورد لە دووتوێی ئەرشیفکردنی تاوانەکانی پیاو و قوربانیەکانی زەبروزەنگ و چەند ووتارێکی رۆژنامە نووسینانەی ئاسایی نێو دنیایەکی ئاڵۆز لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تورە دەرناچێت, یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی, نەبوونی ڕۆمانی ژنی کوردە, لە کۆمەڵگایەکدا مایەی شەرمە نەك پێکەنین کە قسە لە فێمێنیزم بکرێت و ژنەکانی خاوەنی ڕۆمانێك نەبێت, کە قسە لەخۆی بکات, ئەوەش دەبێت دەقێك بێ ژن خۆی بینوسێت, لە ڕوانینی خۆیەوە لەو دنیا ئاڵۆزە بێتە قسەکردن و سەرلەنوێ بنیاتی زمان بکاتەوە, ئاماژەکردن بۆ ڕۆمانی (لاجا)ی تەسلیمە نسرین باشترین نمونەیەکە, تا لەو ناوبردنە ئەوەبڵێین, کە ئەوە لێکۆڵینەوە و ووتارەکان نەبوون

ئەشکەنجە و ئازاری ژنانی بەنگلادشی بەدنیا ناساند, بەڵکو ئەو ڕۆمانە بوو توانی وەك سەدایەك هەستی بەرپرسیارێتی ژن بگوازێتەوە بۆ دنیا, بۆیە بونی ئەو ژانرە ئەدەبیە لابردنی لەبەردەم پەیوەندیی فێمێنیزم بەگروب و هێزەکانی کۆمەڵگا, نەبوونیشی بەمانای دەستنیشانکردنی ڕووبەرێکی تەسکی کارکردن کەلە توانای نییە تێگەیشتنێکی فیکریمان لەبارەی جیهانبینی خۆی پێ ببەخشێت.نەبوونی دیدێکی فکریی مانای کێشەو ململانێی ئایدیولۆژیی ئەوی هێناوەتە بوون, وەك چۆن لەهەموو کۆمەڵگایەك ئەو گروپە سیاسیانە کەم نین لەبەرگی فێمێنیزم گروپێکی ئایدیۆلۆژی ژنانە دروست دەکەن, ئەوەش لە بڕوابوونیان بەکێشەی ژنەوە نەهاتووە, بەڵکو لە لێدان و لاوازکردنی بزوتنەوەی ژنەوە سەرچاوەی گرتووە, وەك چۆن ئەو نادادپەروەریی و نەبوونی یەکسانیەی (تەسلیمە نەسرین) لە ڕۆمانەکەیدا ڕەخنەی ئاراستەی دەکات, لای فێمێنیستەکانی بەنگلادش کە خۆیان وابەستەی ئوسولیەت کردووە, لەوبڕوایەدان کەئاین یەکسانی مافی لەنێوان ژن و پیاو فەرامۆش نەکردووە, ئەوەش بۆ ئەوەنیە قسەیەکی جیاواز لە بارەی یەکسانی ژنەوە بکەن, بەڵکو دەیانەوێ دەنگی ئەو کپ بکەنەوە, لە ڕێگەی چوونە نێو ئەو ڕێکخراوانەی دەستکردی هێزی سیاسین, بەزمانی خۆی ووتەنی (وای بۆ دەچن کە دەبێ من لەگەڵ ئەواندا کاربکەم) (تەسلیمە نەسرین: بەچەکی هیومانیزم دەجەنگم / سەردەم, ژمارە (6)/ل184).

ئەوەش ستراتیژێکی ئەو هێزە سیاسیانەیە کەلە بەرگی فێمێنیزم دەیانەوێت کۆتای بەو دەنگە ڕەخنەییانە بێنن, کەلای هێزە سیاسیەکانی کوردیش ژمارەی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە کەم نین, کە حزبی کوردی لە ڕوویەك بۆ لێدان لەو بزووتنەوەیە دروستیکردوون, لە ڕوویەکی تریش بۆ کۆکردنەوەی لایەنگیر بۆ حزب دڵی پێیان خۆشە.

***26- النظرية الادبية المعاصرة / رامان سلدن, هەمان سەرچاوە / ص195.***

***27- الحداثة و مابعد الحداثة / هەمان سەرچاوە / ص325.***

***28– هەمان سەرچاوە / ص314.***

***29- جوليا كريستيفا: الامة الهوية و العنف / رسول محمد رسول, (بيان الثقافة) العدد (25) ينار 2001***

30– ئەوەش بەرەنجامی ئەو سێ قۆناغەیە کە (جۆناتان رێی) لە ڕێگەی پرسیارەوە ئاراستەی کریستیڤای دەکات.

***31- جوليا كريستيفا: الهوية في الآختلاف, (ترجمة) أزراج عمر, مجلة الكاتبة, العدد (2) كانون الثاني 1994/ص54.***

32– هەمان سەرچاوەی / ص54.

# بەشی سێیەم
# هیرمنیۆتیکا

# هیرمنیۆتیكای گومان

كاتیَ هیرمنیۆتیكا.. گومان دەكات بەچەمكێكی سەرەكی بەواتای ڕەهەندێكی تر ومانایەكی تازەگەرانە بەتەئویل دەبەخشێت, بەوەی لەچەمكە كۆنەكەی بیگۆڕێت, ئەوەش لەڕێگەی گومانی فەلسەفیەوەیە,كە دیارە گومان بۆخۆی ڕەخنەیە لە مەعریفە و ئەو توانا دەست نیشان كراوەیءِ اماژەی پێداوە, دەیەویَ ئاست وبیركردنەوە وفەزای جیاوازتری پێببەخشێت,بەوەی فەلسەفەی ئامادە كەوتۆتە نێو گومانەوە,ئەوەش گومانێكی ڕەهانیە, بەوەی بەگومان كۆتایی پیَ بێنێت, بەڵكو گومانی میتۆدیە, كە ئەو گومانە لەسەرەتادا لەفەلسەفەدا لای فەیلەسوفانی یۆنانی سەری هەڵدا, بەلاّم گومانێك بوو ڕەهایی بەخۆی نەدەبەخشیو بەڵكو گومانێكی میتۆدی بووە, بۆ ئەوەی بتوانیَ گوتارە فەلسەفیەكەی خۆی ڕابگەیەنێت, بەبیَ گومانكردن ئەو نازانێت چی دەكات, هەر بۆیە ئەو گومان كردنە دەبێت ستراتیژێكی ڕۆشنی هەبێت, تاوەكو لەدوا جار بگات بە دەرەنجامە فەلسەفیەكانی خۆی و ڕەگی فەلسەفی دابكوتیَ.

بۆیـە کـاتێ هیرمنیۆتیکـا وەك چـەمکێك دەیهێنێـت, بـەو مەبەسـتەیە کـە مانایەکی مۆدێرنیتی پێ ببەخشێت, تاوەکو بتوانێ لەدەلالەتە باوەکـان ڕزگـاری بکات ولەنێو فەزایەکی فەلسەفیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات, بۆئەوەش پۆل ڕیکۆر دەگەڕێتەوە بۆئـەو سـێ فەیلەسـوفەی بـەپڕۆژەی گومـان گـەورەترین گۆڕانیـان لەعەقڵی فەلسەفی بەرپاکرد[1].

ئەو سێ فەیلەسوفە گومان گوتاری جیاوازیی پێ بەرهەم هێنان, بەلاّم لەسەر ئەو خاڵەش کۆك بـوون کـە "کارەکـەیان بـەگومانکردن لەگومانـەکانی ووشـیاری دەسـت پێدەکـەن وپاشـان دەیانـەوێ تـەگبیرێك بـۆ نهێنـی سـڕینەوە دەکارکـەن,هەرچـۆنێ بـووە مەبەسـتی هەرسـێکیان جیـا لـەوەی کـە تێکـدەری ووشـیارین, بـەڵکو بـەر فراوانکردنیـەتی"[2] بـەو بـەر فراوانکردنـەش توانیویانـە کۆمەڵێك مانای نوێ کەشـف بکـەن, کـە بـەبێ گومـانکردن نـەیان دەتـوانی ئـەو مانایانە وەدەست بێنن, چونکە مەعریفـەی بـاو ماناکـانی تووشـی دەسـخەڕۆدان کردبوو, ئەوان هاتن ماناکانیان بۆ ئاشکرا کـردین, نـەوەکو ڕاڤـەی بابەتـەکانمان بۆبکەن, بۆیە ئەو پرۆسە گومانکاریە کە ڕیکـۆر تیـۆریزەی دەکـات پرۆسـەیەکی هیرمنیۆتیکیـە بـۆ فرێـدانی ئـەو ڕووخـسارە وکەمکردنـەوەیان و ئـەوەش هیرمنیۆتیکا دەگۆڕێ بـۆ پرۆسـەی کەمکردنـەوەی گومـان, بۆیـە ئـەو گومانـەی لەنێو دەق ڕێگەی فرە خوێندنەوەیی دەگرێت, ئەو گومانە دەرمێنێت, یا هەوڵی کەم کردنەوەی دەدات, تاوەکو مانا شاراوەکان توانـای ئـەوەیان هـەبێت بتـوانن لەشوێنی گومان دەربکـەون, بۆیـە سـڕینەوە بەلایـەوە بەرهـەم هێنـەری خـودی ئەوپرۆسەیە بۆ(زیندووکردنەوە), زیندووکردنەوەی ئەوانەی بەبت کـراون ولـەنێو نووسین توانای جولـەکردنیان لەدەست داوە, هیرمنیۆتیکـا ئـەو جەسـتە بـەبت کراوە دەخاتەوە جولە تاگومان لەهەموو ئەوگریمانانە بکات کە سەپاندبوویە نێو فـەزای دەق و ڕووپۆشـیماناکانی پـێ کردبـوو, بـەوکارەش ڕیکـۆر دەسـەلاّت دەگەڕێنێتـەوە بـۆ زمـان, بـەوەی دەیکاتـەوە بـە کارەکتـەرێکی کـارای نێـو

زیندووکردنەوە, ئەوەش فەزایەکە بۆ بیرکردنەوە, بەواتای گەیشتن نییە بەڕەها, بەڵکو ئنتیماکردنە بۆ نێو فەزایەکی کراوە,گۆڕینی تەئویلە لە گومانەوە بۆ مانا, نەك ڕاڤەکردنی بابەت, بەڵکو تەنها ئازادکردنەوەی زمانە لەڕەهایی بیرکردنەوەی وەستاو, تەئویل کردنەوەی زمانە لەنێو جەستەی دەق کە جەستەیەکە نامرێت, بەڵکو لەڕێگەی تەئویل کردنی زمان بەردەوام زیندوێتی خۆی ڕادەگەیەنێتەوە, ئەوەش کەشفکردنی نهێنی زمانەوانی ڕەمزەکان دەخاتە پەیوەندیی نێوان خەون‌وئاین,چونکە بەلایەوە ڕەمز ئەو دەسپێکەیە کەلێی دەچێتە نێو مانا, ئەوەش تەئویل کردنی نهێنی ئەودیو ڕەمزە, بەچونە نێو ئەودیو ڕەمز, دەیەوێ ئەوگومانەی ڕەمز دەیخاتە نێو خوێندنەوە لای ببات بۆگەیشتن بەمانای شاراوە,چونکە"ڕەمز مانا ئاشکرا ناکات, بەڵکو دەیشارێتەوەولەجیاتی ئەو مانایەکی ساختە دەخاتە ڕوو, ئەرکی ڕاڤەکردن لێرەدا لابردنی مانای ساختەو رووکەشە بۆ گەیشتن بەمانای ڕاستەقینەو ناوەکی"[3].

ئەوەش دەرکردنی ڕەمزە لەدامەزراوێکی سۆسیۆلۆژی بۆ دامەزراوێکی زمانەوانی,چونکە ڕەمز لای ڕیکۆر ئەوە نییە کە مارکس بۆ گۆڕان دەیخاتە نێو دەق و لەخوێندنەوەمان بۆ کۆمەڵگا کەشفی ڕەمزدەکەین, یا وەك فرۆید ڕەمزی خستە نێو نەستەوە، کە بەو کارەی دەیویست لەنێو فەزای نائاگاییدا ڕاڤەی ڕەمز بکەین, بەڵکو ڕیکۆر راڤەکردنی ڕەمز دەبەستێتەوە بە دامەزراوێکی زمانەوانیەوە کە زمان تەنها ڕەمز تەفسیر ناکات,بەڵکو سەرجەم ئەو دەلالەتانەی لەودیو ڕەمزەوەن ودەیانەوێ مانای ڕاستەقینە بشارنەوەومانای ساختەکاریی لەشوێنی دەربخەن و هەموو ئەوانە لەنێو زماندا دەکەونە نێو پرۆسەی تەئویلەوە, تاوەکو دواجار تەئویل مانای ناوەکی وەدەست دێنێت, ئەوەش ئاشکراکردنی پرۆسەی تەئویلە,بەوەی پرۆسەیەکە دەیەوێ ڕەمز بکاتە میکانیزمی مانا ودواجار هەر لەو ڕێگەیەوەش کەشفی نەووتراوی دەق بکات, بەواتای زمانە کەشفی مانا دەکات, ئەوەش لەو ڕاستیەوە هاتووە کە هەریەك لەو دوانە جیاواز نین لەنێو نووسین, بەڵکو پێوەندیەکی دیالەکتیکیان هەیە بۆ

بەرهەم هێنانی دەق, ڕیکۆر بەجیاواز لە بونیادگەرەکان بۆ زمان سەیری دەقی دەکرد, وبایەخی ئاخاوتنی دەگەڕاندەوە نێو زمان, بەلاّم لەسەر ئە وبنەمایەی کە پارێزگاری لەسەربەخۆیی مانا بکات, دیارە گەڕانەوەی بەهای ئاخاوتن بۆ نێو زمان لەسەر ئەو ڕاستیە جەوهەریە وەستاوە کە ئاخاوتن دەتوانێ دەلالەت لەتەئویل بکات بەوەی"ئاخاوتن شێوازێکە بۆ تەفسیرکردنی بیروبۆچوونی کەسێك بۆخەلّکانی تر, لەکاتێکدا هیرمنیۆتیکا لەبەکارهێنانە فەلسەفی وئەکادیمیەکەیدا, واتە لێکدانەوەی دەقەکان"[4].

بۆیە گەڕانەوەی ئاخاوتن بۆ نێو زمان داڕشتنەوەی تیۆرێکی ترە بۆ خوێندنەوە, تاوەکو تەنیا لەڕووبەری نووسراو دەق نەخوێنێتەوە, بەلّکو گەڕان بەدوای نادیار پرۆسەیەکی ئەکتیڤی نێو هیرمنیۆتیکایە, ئەو نادیارەی زمان شاردوویەتیەوە, ئەوەش وا دەکات لەڕێگەی تەئویل کردنی ئاماژە زمانەوانیەکان خود بناسرێت, ئەوەش جەختکردنەوەی "ڕیکۆر" ە کاتێ دەلّێ: "تێگەیشتن لەچەمکی جیهانی ئاماژەکان ڕێگایەکە بۆ چەمکی خودی مرۆڤ"[5].

مرۆڤ لێرەدا هەر تەنها خودێکی ئاسایی نییە, بەلّکو خاوەن چەمکێکە کە ئاماژەیە بۆ نووسەر, ئەوەش هەست کردنیەتی بە پەیوەندیی نێوان نووسەر ودەق, پەیوەندیەك لەسەر مانای شاراوە وەستاوە, بۆیە پرسیار لە نووسەر دەبێ بە پرسیاری(خود کێیە؟) چونکە ئەو خودە لە دواجاردا پەیوەندیی لەگەلّ دەق درووست دەکات, بەواتای بکەری (زمان, کردار, ئاکار, گێڕانەوە) یە, هەریەك لەوانە لەناو زەمەنی دەق کە زەمەنێکی فەلسەفیە بەکار دەخات, زەمەنێکە لای ڕیکۆر پەیوەندیان هەیە بەدوو زەمەنەوە, ئەوانیش(زەمەنی مێژوویی) و(زەمەنی گێڕانەوە) ن, ئەو دوو زەمەنەش زەمەنی نێو میتۆلۆژیایە, زەمەنێکە بەئەفسانە دەست پێدەکات وتاپاش ڕۆمانیش لەخۆی دەگرێت, بەواتای هەموو ئەوانەی دەکەونە نێوان ئە ودوانە دەبنە شوێنی بایەخدانی,(گێڕانەوە بنیاتنەرەکان) یش لەزەمەنی مێژوویدا "ڕۆلّێکی زۆر

گرنگیان بینیووه, که لەکلتوره گەورەکاندا ئەم جۆره گێڕانەوانەن: لەدایکبوونی مەسیح, هیجرەتی پێغەمبەری ئیسلام, بنیاتنانە سیاسیەکانی چەشنی بنیاتی ڕۆما, شۆرشی فەرەنسا, شۆرشی ئۆکتۆبەرو هی تریش. لەڕاستیدا هەر نەتەوەو میللەتێك ڕۆژگاری مەزنی خۆی هەیە کە ڕۆژگاری بنیاتنانیەتی, بەڕای من ئەم پەیوەندییەی نێوان گێڕانەوە وبنیاتنان گەلێ گرنگە,چونکە لێرەدا یەکە بونیادی کۆیاد پێك دێت"[6].

کۆیاد بونیادێکە لەنێوان هەردوو زەمەنەکە هاتۆتە بەرهەم, ئەوەش خولقاندنی پەیوەندیە لەنێوان خود وئاماژەی بەرهەم هێنەر لە هیرمنیۆتیکادا, چونکە ئەگەر تەئویل مانابخاتەوە نێو نووسینەوە, ئەوا ئەو تێگەیشتنە لەمرۆڤ لەوەی توانای مەعریفی وئەو میکانیزمەی نێو نووسین کە بەرەو چ ئاراستەیەکی فەلسەفی دەبات, ئەوەش گەیشتنە تەئویلە بەمانای نوێ وڕاستەقینە, ئەگەر لەو چەمکەوە سەیری دەستەواژەی "خۆت بناسە"ی سوقرات بکەین, بەوەی تەئویل کردنمان بۆ سوقرات هەر تەنیا گەیشتن نییە بە مانای ڕاستەقینە کە لەڕێگەی پرسیارەوە شاردراوەتەوە, بەڵکو ئەوساتە دەرکەوتنی مەعریفەی ئێمەیە لەساتەوەختی تەئویل ودواتر ئەو ئیشکردنەمان لەناو ئەو دەستەواژەیەوەو ڕۆیردنی بەنێو ئاراستەی فەلسەفی بۆخۆناسین,یاخود کۆژیتۆ ناسراوەکەی دیکارت"من بیر دەکەمەوە,کەواتە هەم" تەئویل بۆخۆی ئەو کۆژیتۆیە دەخاتە نێو گومانی هیرمنیۆتیکیفەیلەسوفەوە, بەوەی بیرکردنەوەی فەیلەسوف پرۆسەیەکی گومانکاریە بۆ تەئویل کردنەوەی بوون, بەوەی گومان لەوانەی تر دەکات کە لە نائامادەگی بیرکردنەوەدا بوونەوئەوەش بۆتە هۆی سڕینەوەی بوونیان, بەلاّم کاتێ دیکارت بەدڵنیایەوە بڕوای بەبیرکردنەوەی خۆی هەیە, بەواتای دەیەوێ لەڕێگەی گومان کردن لەو بیرکردنەوەی پێشوو بڕوا بەبوونی خۆی بکات, بۆیە تەئویل کردنەوەی کۆژیتۆ گوماناویەکەی فڕێدانی ئەو ڕووبەندانەیە کە کەوتونەتە سەر مانای فەلسەفی کۆژیتۆکەو تەئویل خوازیارە تیایدا بگاتە ئەو مانا ڕاستەقینەی کەزمان لەناو خۆیدا حەشاریداوە کە دیارە

زمان بۆ گەشەکردنی تیۆریزەی نێو تەئویل بۆ ڕەمز پێویستی بەچارەسەری فینۆمینۆلۆژی هەیە, چونکە لەناو زماندا بەڕوونی هەست بە(نەقسی بونیاد) دەکرێت, ئەوبونیادەی کۆیاد دەخولقێنێت لەناو زەمەنی مێژوویی وگێڕانەوە توانای خولقاندنی میتۆلۆژیای هەیە, تەئویل لەڕێگەی فینۆمینۆلۆژیای زمانەوە لەسەر نەقسی بونیاد ئیش دەکاتەوە, نەقسی بونیاد خەوشێك نییە لەناو نوسین, بەڵکو فەزایەکی کراوەی زمانە لەناو دەق, کاتێ ئاماژەکان لەڕێگەی سیستمێکی سەربەخۆدا ئەوبنیاتەی نێو گوتار تەواو دەکەن, بەمەبەستی گەیاندنی گوتار, بەڵام لەدوای داخستنەکانی ئاماژە,, تەئویل هەوڵی دۆزینەوەی نەقسی بونیاد دەدات, تا لەنێو بونیادەوە زەمەن ببینێت وتوانای کەشف کردنی ڕووی ڕاستەقینەی مانای هەبێت, ئەوەش لەناو هەردوو زەمەنەکەی بونیاد دوو زمانی جیاوازی تیا شاردراوەتەوە, بۆیە بە تەئویل کردنی زەمەنی مێژوویی(نەقسی بونیاد) زەمەن دەگۆڕێ بۆ دەقێکی ئەفسانەیی, وەك چۆن زەمەنی گێڕانەوە دەکات بەزەمەنێکی ڕەمزی, ئەوەش لەڕێگەی زمانەوە دەمانگەیەنێ بەوەی زەمەنەکان هەڵگری چەمکێکی قووڵترن لەوەی هەیەولەناو زماندا دەکەونە ململانێ, بەوەی هەریەك لەو زەمەنە زەمەنی تری هەیە کە دەلالەت لەزمانی ئەو زەمەنە دەکات, زەمەنی مێژوویی زمانێکی میتۆلۆژیی هەیە, ئەو زمانەش پێویستی بەچارەسەری فینۆمینۆلۆژیانەیە, هەر ئەو جۆرەچارەسەریەش توانای تەئویل کردنی زمانی ڕەمزی نێو زەمەنی گێڕانەوەی هەیە,چونکە ئەوەی لە دواجاردا دەبێتە فاکتەری گومان لەنێوان ئەو دوو زەمەنە پەیوەندیی بەریەکەوتنی نێوان عەقڵ وئەفسانەیە, کە دیارە ئەفسانە لەنێو بیرکردنەوەی عەقڵی مرۆیی تەئویل دەکرێت, بۆیە ئەو دوانە لەپرۆسەی بەریەککەوتن توشی گومان دێن, کە گومانێکی فەلسەفیە بۆ دۆزینەوەی ڕاستەقینە, لەڕێگەی تەئویل کردنیئەوڕەمزانەی دەبنەوە ئاماژە, بەڵام هەرگیز ئەوە نابێتە مایەی ئەوەی بڵێین ئاماژەکانیش دەبنە ڕەمز, بەڵکو تەنیا ڕەمزە دەبێتەوە ئاماژە,پێچەوانەکەی تەواو هەڵەیە(7).

کەوابێ گومان شکست بەخوێندنەوەی سەرەتا دێنیٚوهەولّی تێکشکاندنی تێگەیشتنی یەکەم خوێندنەوە دەدات, تاوەکو بمانگەیەنێت بە حەقیقەتی دەق, بۆیە هیرمنیۆتیك اچەندە هەولّێکە بۆ فرەخوێندنەوەیی مانا و ڕزگارکردنیەتی لەبیرکردنەوەی ڕەها, ئەوا هیرمنیۆتیکای گومان هێندەش جەخت لەسەر گومانکردن دەکاتەوە,تاوەکو بگات بە دەرەنجامێك کە مەعریفەی جیاوازمان پیٚ ببەخشێت, ئەوەش یەقین و ڕەها پێدان نییە بەخوێندنەوە, بەڵکو لەتوانای گومان هەیە گومان لەو پڕۆسە تەئویل کاریەش بکات وستراتیژێکی تر بۆ تەئویل دەست نیشان بکات.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**

1– مەبەست لەو سیٚ فەیلەسوفە(مارکس وفرۆیدو نیتچە)یە.

2– هرمنیۆتیك: زیندووبوونەوەی مانا یان کەمبوونەوەیگومان/ پۆل ڕیکۆر, وەرگێڕانی: پەیمان, بیری نویٚ, ژمارە22, ل40

3– هیرمنیۆتیکاو کێشەی ڕاڤەکردنی دەق, نەسر حامد ئەبوزید, وەرگێڕانی: ئازاد سوبحی, برایەتیئەدەبوهونەر, ژمارە 164

4– ئیرادەوڕاڤە/ ئەحمەد ئەبوزەید, وەرگێرانی: شاهۆ سەعید, سەردەم ژمارە 16 ل35.

5– ستراتیژی هیرمنیۆتیکا, نیهاد جامی, ژیار,ژمارە 4 ل173.

6– لەگەلٚ ئەقلّی خۆرئاوا, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی, دەزگای چاپوپەخشی سەردەم, ل190,بەشی"پۆل ڕیکۆر: هیرمنیۆتیكوفەلسەفەی ئاکار".

7– بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ڕەمز وچۆنیەتی تەئویل کردنی لای ریکۆر,. بڕوانە: بول ریکور.. هرمنيوطيقا الرموز و التأمل الفلسفي, باتريك جويز, ترجمة: فاطمة الذهبي, الموقف الثقافي العدد26

# هیرمنیۆتیکاو هەڵوەشاندنەوە

پەیوەندیی نێوان هیرمنیۆتیکاو هەڵوەشاندنەوە پەیوەندیەکی نوێی نێو ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمریکی بوو کە لەلایان هارۆلد بلۆمەوە هاتە بوون مەبەستیش بەر لە هەرشتێك هەوڵدان بوو بۆ دەربازبوون و دەرچوون بوو لەنێو سنوری زەمەنەکانی پێش خۆی ، ئەگەر هایدگەر مەبەستی بووە لەسەر بناغەیەکی فەلسەفیەوە چەمکی بوون بە میتۆدێك بگەیەنێت[1] ئەوا ئەمرۆ هیرمنیۆتیکا دەبێت بە بەشێك لەناو تێزیی فیکریی‌و کاری خۆی بەچەمکی نوێدا دەبات، بەواتای نایەوێت لە شوێنێك چەق ببەستێت، بەڵکو لەتوانای دایە لەگەڵ شەپۆلە نوێیەکان گۆڕانکاری بەسەرخۆیدا بێنێ، ئەگەر لەهاتنی بونیادگەریی‌و دەرکەوتنی پۆل ریکۆر وامەزەند کرابێ تەئویل گەیشتبێتە ترۆپك، ئەوا هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ دەرکەوتنی چەندان ناوی وەك بلۆم‌و دیمان دەهێنێتە ئاراوە.

گەر بمانەوێت پەیوەندیی‌و گۆڕانکاری تەئویل بەهەڵوەشاندنەوە بزانین ئەوا پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ریکۆر بۆ ئەوەی ئەو قورسیەی لەناو ئەو دوو تێزە هەبووە لێمان ناڕۆشن نەبێت، بەتایبەتی بۆ ریکۆر کەپێی وایە تەئویل کە دێت دەیەوێ گومانەکانی نێو هەر دەقێك کەم بکاتەوە لەڕێگەی وەلانانی هەمو ئەو نەجولاوانەی کە دەبنە مایەی وەستاندنی زەمەنی کارکەر، ئەوەش لەڕێگەی تێڕامانی ئاگایانە تاوەکو(وتراوەکان) ئەوانەی بە درێژایی زەمەن دێن و

لەپــشت(نــەوتراوەکان) خۆیــان حەشــار دەدەن بیــان ناســین‌و شوناســی ڕاســتەقینەیان بۆمــان ئاشــکرا بێــت، ئــەوەش ئاماژەیــە بــۆ فــرە تــەئویلی‌و خوێندنەوە، چونکە ئەوە پرۆژەیەکە کە تەئویل کاری بۆ دەکات لەناو(سڕینەوە/ زیندووبوونەوە) دایە، بۆیە ڕیکۆر دەیەوێ لەتەئویل کردن گومانـەکانی نـاو دەق بـسڕێتەوە، هەڵبــەت ســڕینەوەش لای ئــەو بەرامبەرەکــەی زینــدوو دەکاتــەوە کە(مانا) یە، چونکە گومانـەکان کـاتێ تـەوژم دێـنن ماناکـان دەسـڕنەوەو زیـاتر لەنێو کۆمەڵێك گریمانە دەمانخاتە ناو گەمەیەك کە زمـان تیایـدا سـست دەبێـت، بەڵام کاتێ تەئویل هەوڵی سڕینەوەی گومان دەدات، ئەوا مانـا دەکەوێتـە جولـە تاوەك سەرەتاکانی بەرهەمهێنان زیندوو دەبێتەوە، لە زینـدوو بونەوەشـدا زمـان لەئامرازێکی سستی بێدەسـەڵات دەپـەڕێتـەوە بـۆ بونیـادێکی بکـەر، بۆیـە زمـان بەهۆی تەئویلی دەق دەکەوێتە کارکردن بۆ ئەوەی لەپاڵ زیندوو کردنەوە کـاری بیرکردنەوەشمان بۆ ئەنجام بدات، ئەوەش گەڕانەوەیە بـەرەو یـادەوەریی دەق، یادەوەریەك کە هەموو ماناکان لە ئێستادا زیندوون، پێش هێرمنیۆتیکای گومـان بوونیان هەبوو، بۆیە ئەوەی لەو هێرمنیۆتیکایە پێی دەگەین دۆزینەوەی مانایە، زینـدوو کردنەوەیەکـە کـە پێـشتر گومـان بۆئـەوەی خـۆی بـسەپێنێت هـەوڵی سڕینەوەی دابوو.

هێرمنیۆتیکـای مانـا هـەوڵی بینینـی ڕووی ڕاسـتەقینە دەدات، نـەك کـاری ڕاڤەکردن، بۆیە"ئەم هرمینۆتیکە، بابەتەکە لێك ناداتـەوە، بـەڵکو ڕووبەنـدەکان لادەباو شیکردنەوەیەکە ڕو پۆشەکان کەم دەکاتەوە"[2] زمـان چـاوگەی بکـەری ئەو هێرمنیۆتیکایە، هایدگەر ئاسا پێی وایە مـرۆڤ بۆخـۆی زمانـە، چـونکە تـەنها زمان دەبێت بە بونیادە پێکهاتووەکان، هەربۆیە کاتێ زمان دەکاتەوە لەڕێگـەی زمـانێکی ڕەمزیـەوە کـە ڕەهەنـدێکی فیکریـی بـەو تێڕامانانـە ببەخـشێت، کـە تێڕوانینی پێچەوانە دەدەن بەدەستەوە[3].

ئـەوەش زمانەکـە دەیگەیـەنێ بەکەشـف کـردن، وەك لـەکتێبی(فرۆیـدو فەلـسەفە) ڕیکـۆر هەوڵیـدا زمـانی ڕەمـزی لای فرۆیـد کـە پێکهاتـەی ڕەمزیـە لەنێوان (خەون/ ئاین) ئاشکرا بکات، ئـەوەش تێڕوانینێکـی تـەئویلی بـوو، ئـەو کتێبــە لەکاتێکـدا هاتــە گۆڕەپانەکــە کەهــەموو نوســینەکان لەســەر لاکــان دەنووسران‌و فرۆید فرێدرابووە گۆشەیەکی کتێبخانەکان، بەڵام ڕیکۆر وای کـرد سەرلەنوێ فرۆید بخوێنرێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەبوو کتێبەکەی جەختی لەسـەر میتـا سـایکۆلۆرژیا دەکـرد[4] لـەوەوە دەیویـست هـەموو ئـەو ئاماژانـەی فرۆیـد بەناتـەواویی بـۆ ئێمـە جێـی هێـشتووەو هـەموو ئـەو وتارانـەش کـە لەسـەری نووسـران‌و نـەیانتوانیوە ڕەهەنـدەکانی زمـان بخوێننـەوە، نـەك لەبـەر ئـەوەی ئەوانە بێتوانان، بەڵکو هۆکارەکە نەبوونی فاکتەرەکانی ڕەخنەیـە، بۆیـە کـاتێ ڕووبەرووی ئەو ئاماژانە دەبێتـەوە، ئـەو وتەیـەمان بـیر دێنێتـەوە کـە لـەتیۆرە تەئویلیەکەیـدا دەڵـێ"تێگەیـشتن لەچـەمکی جیهـانی ئاماژەکـان ڕێگایەکـە بۆچەمکی خودیی مرۆیی"[5].

لێرەدا هەست بـە پەیوەندیـەکی هایدگـەری دەکـەین لـەنێوان(ئامـاژە/ شـتەکان) ئـەوەش ساناکاریەکمان لە تەئویلی ڕیکۆر بۆ دەکات کە ئاماژە بۆخۆی لەتوانایدا هەیـە شـتەکان لـەتاك ڕەهەنـدیی دەربـاز بکـات، بۆیـە" ئـەوە ئێمـە نـین ئامـاژە بۆشـتەکان دەکـەین‌و دەرکیـان پێدەکەین، بەڵکو خودیی شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشکرا دەکەن"[6].

ئەوەش درووست کردنی پەیوەندیەکە لەڕێگەی زمانەوە هەوڵی دواندنی دەق دەدات، زمان لەکارکردن لەناو دەقـدا دەیـەوێ بـەرەو نـاخی مـرۆڤ شـۆڕببێتەوەو بەوەش زمان دەق هەڵدەوەشێنێتەوە، تاوەکو ڕووە شاراوەکانی ئاشکرا بکـات‌و لێکدانەوە بۆ ڕەمزەکان بکات، بۆئەوەش ڕیکۆر پێی وایە"دەبێ ڕەمـز بـە زمـان گوزارشــتی لێ بکرێــت، پاشــان تەفــسیرکردن لای ڕیکــۆر دەچــێتەوە ســەر تەفــسیرکردنی هێمــا لــەناو دەقــە زمانەوانیــەکان، ئەمــەش ئامــانجی هیرمنیۆتیکایە"[7].

ئـەوەش لەڕێگـەی ئـەو هەڵوەشـاندنەوەیەی کـە تـەئویل لەیـەکتریان جیـا دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ماناکان، کەئەو کارەش بوارەکەی بـۆ هەڵوەشـاندنەوە وەك تێزێكو لەناو ئەوانیش بـۆ ڕەخنـەگرێکی وەك(هارۆلـد بلـۆم) خۆشـکرد، کـە هەوڵیدا تەئویل بەپێی ئەو تێڕوانینەی هەڵوەشاندنەوە تیـۆریزەی هیرمنیۆتیکـا بکـاتو سـتراتیژیی کـارکردن دەسـت نیـشان بکـات، بـەوەش کـردەی ناونـان سەرلەنوێ چەمکی دی بۆخۆی دیار خست، ویستی بڵێت دەبێت بەفاکتـەرەکانی کارکردندا بچنەوە، بۆئەوەش لەڕێگەی کوشتنی پاشا لـەلایان ئـۆدیبی کوڕیـەوە شانۆگەریەکەی سۆفۆکلیس دەهێنێتە ناو ئەو پانتاییە تەئویلکاریە.

ئەگەر کوشتن لەئەنجامی بەدحاڵی بوون بێت لە خوێندنەوە، ئەوا خوێندنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەزەمەنی وێرانە دێت تاوەکو زەمەنی تاوان ڕابگرێـت، کەواتـە خوێندنـەوە پێویـستی بـە میکـانیزمێکی بـوێر هـەبوو بـۆ هیرمنیۆتیکـا، بۆیـە کـارکردنی بلـۆم لـەڕووی پـشت بەسـتنە بـۆ ڕزگـار بـوون لـە بـەدحاڵی بـوونی خوێندنەوە، بەو کارەش توانی پانتـایی ڕەخنـە بەئاسـتێکی زمانـەوانی فراوانـدا ببات، ئەوەش لەڕێگەی ئەو کردەی ناونانەی کە بە (هیرمنیۆتیکـای گۆڕانکـاری) ناوی دەبات، کەئەوەش بیرۆکەی ململانێیە لەنێوان نەوەکانـەوە بـۆ شوناسـێکی نوێ[8].

لەبـەر ئـەوە ڕێك دەکـرێ بـسەپێنرێتە سـەر ئـەو دەقانـەی کـەخاوەن تاکـە ڕەهەندو چوارچێوەیەکی تەسکن لەخـەیاڵو توانـای ڕزگاربوونیـان نیـە بـۆ خـۆ جیاکردنەوە لە خەیاڵی نـەوەی پێـشوویان، چـونکە فراوانـی خـەیاڵ لـە سـنوری دەقی نەوەی پێش خۆی تەئویلی تازە بۆ دەق دێنێ، کە هاتنی ئـەو تەئویلـەش هاتنی تێڕوانینی نەوەیەکی تازەیە کەدەبێت هەموو ئەو هێزەی ببـوە داینـەمۆی دەقـی پێـشوو ئـەو بیرمێنێـت، واتـە ئـەو خوێندنەوەیـەی تـەئویل بـۆی دەکـات سـڕینەوەی ئاسـەواری ڕابـردووە لەسـەر هەنوکـە، ئـەوەش بـەو مانایـەی بلـۆم (کوشـتنی دوێنـێ) کوشـتنی پاشـایە لـەلایان ئـۆدیبی کوڕیـەوە، بۆیـە ئـەوە پڕۆژەیەکە بۆ کوشتنی باوك، کوشتنێك ئۆدیب لە نائاگاییـەوە ئـەنجامی دەدات،

پرۆژەی کوشتن لێرەدا تارمایی ڕابردووە بەسەرمانەوە ئەگەرچی کوشتن لای بلۆم لە نائاگاییەوە نیە، هێندەی لەناو ئاگاییەوە ئەنجامی دەدات، بۆیە کاتێ دریدا دەیەوێ لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی تەئویلیەوە سەر لەنوێ تێڕوانینە فەلسەفیەکانی بلۆم هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە (بۆل دی مان) ئەو کارەی بە دوو گریمانەدا دەبات لەوەی دەکرێ گومانمان لەوە نەبێت کە دەکرێت خوێندنەوەیەکی خراپی کردبێت بۆ ڕۆسۆ[9].

ئەوەش هێندەی پەیوەندیی بە زمانو ڕەوانبێژیی دریداوە هەیە خۆی بە بونیادەکانی تر نابەستێتەوە، بۆیە ئەو هاتووە زمان لای ڕۆسۆ بخاتە نێو ئەو سیستەمەی کە ئەو لەڕەوانبێژیدا دەیەوێ تەئویلی بکاتەوە، هەڵبەت ئەوەش دەکەوێتە بەردەم پرسیارو ڕەخنەوە، ئەوەی پێویست بە ئاماژەکردن بکات ئەوەیە کە بلۆم هەرگیز نەیویستووە هاوڕا بێتەوە لەگەڵ دریداو دی مان هێندەی دەیەوێ کۆمەڵێك پرسیاری تازەمان ڕووبەڕوو بکاتەوە، بۆ پانتاییەکی تازەی ئاشکراکردن کە لەبەدحاڵی بوونی خوێندنەوە دەربازی بکات، ئەوەش پرسیاری ماهیەتی ژیان لە ڕووی چۆنیەتی ژیانو چێژیی دەقە ئاینیو ئەدەبیەکانە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ ئەو پرسیارانە دەربڕینیان بەتەواویی ناچێتە سەرو ناتوانین بەویستی خۆمان بپرسین، چونکە یا ئازاراویە یاخود بێمانایە[10].

ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکانی بلۆم (11) لەوکاتەدا بەکاری خۆیان دەزانن گۆڕینی ئەو مانایانەیە کە دەیانەوێ بەرەو شوێنی تریان بەرن، ئەوەش بە (گەڕانەوەی مەبەست) کە هەموو ئەو پێشهاتانەی پێش خۆی پێی وابوو مانای تازەی دۆزیوەتەوە ئەو دێت ئەوانە بەتەئویلی خراپ بۆ خوێندنەوە ناو دەبات، دێت بەپێی ئەو زاراوانەی ئیشی پێدەکات تێڕوانینێکیتر دەدات بەدەستەوە، ئەوەش پیاچوونەوەیە بەو مانا دەست نیشان کراوانەی کە ڕەهەندێکی ڕەهای پێدرا بوو، بۆیە ئەگەر لەزاراوەی(خراپ خەملاندن) ووە سەیر بکەین، ئەوسا تەئویلی(بلۆم) مان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو وایدەبینێ تەئویلی ڕەخنەگران خوێندنەوەیەکی خراپ بووە، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە

هەڵوەشاندنەوە لەناو فەوزایەکی گەورەی ڕۆشنبیریەوە دەیەوێ سنورێك بۆ بەربلاّویی دابنێت، بلۆم یەکێك لە هۆکاری هاتنی بۆ تەئویل بۆ ئەو خالّە دەگەڕێنێتەوە کە شاعیرەکان بۆ خۆشیان خراپ لە قەسیدەکانیان تێگەیشتوون، بەمانای مەعریفەیەك لەپشت شاعیرەوە نەبووە.

ستراتیژیی هیرمنیۆتیکای بلۆم لە بوونی مانای جیاواز ستراتیژێك نیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ڕێکخەری دەق، بەڵکو ئەوە تەنها تاکتیکێکی نێو کارکردنە کە لەو ڕێگەیەوە هەموو ئەوانەی خۆیان بەدەق نیشان دەدەن دەبێت بە دەقێکی ڕووتی لەدەرەوەی مەعریفە بیانناسین.

تەئویل ئاماژەیەکی مەعریفیە بۆ کارکردن لەو چەمکەی بە(کاریگەریی) ناوی بردووە، لەو زاراوەیەوە پەیوەندیی نێوان دەقەکان ئاشکرا دەکات کە متمانەیان کردۆتەوە سەر یەکتریی، چونکە مەعریفەیەك نیە ئەوان عەودالّی نادیار بکات، بۆیە لەبەرامبەر یەکتریی سەرسامی دایان دەگرێت، بەڕادەیەك بکەونە ژێر کاریگەریی یەکتریی، ئەوکاریگەریانەش فرمان بەسەر خوێندنەوەو نوسیندا دەدەن، بۆیە "خوێندنەوە خراپی نووسینە، نووسینیش هەروا خراپی خوێندنەوەیە"[12].

(غنوسیەت) خالّێکی دی بلۆمە بۆ تەئویل کەبەوەش دەیەوێ غنوسیەتی کلاسیکی پێبخوێنێتەوە، کە تایبەتمەنمدیەکانیشی لە سێ توخم پێك دێت، (مێژوویی) بۆئەوەی تێڕوانینی ئەدەبی خۆی دەست نیشان بکات، توخمی (ئەدەبی) ش گەشە پێدەدات تاوەکو چەمکی (خراپی خوێندنەوە) و(خراپی خەملاندن) ی پێبگۆڕێت، بە (توخمی سایکۆلۆژی) ش چارەسەری تیۆری کارکردن دەکات لە ڕێگەی (ڕێژەی گۆڕانکاریی) ئەوەش گوزارشت لە شەش ستراتیژ دەکات[13].

(درز تێخستن) بە خراپی خوێندنەوەو خراپی خەملاندن دێت، کەئەوەش کاتی خۆی شاعیرو فەیلەسوفی ڕۆمانی (لۆکریتیۆس) بەمانای (لادان) بەکاری هێنا، ئەوەش بۆ گۆڕانی جیهانە، چونکە نەبوون واتە مانەوەی جیهان وەك

خۆی، بۆیە (درز تێخستن) هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیەکان دەدات، تاوەکو بگاتە ئاسۆیەکی نوێ کە ئەوەش خاڵی هاوڕای هەڵوەشێنەرەکانە، وە ستراتیژیی دووەم لەسرووتە سۆفیگەریە کۆنەکانەوە وەرگیراوە کە ناوی دەنێ (تەواوکردن) ئەوەش بەمانای ئاخاوتنی عیرفانی دێت، ئەو ستراتیژە دوای هاوڕابوون لەناو کردەی تەئویل هاودژ دەبێتەوە، چونکە پێی وایە پێش ئەو دەلالەتەکان نەگەیشتوون بە قوڵایی ماناکان، بۆئەوەی دابڕانێکیش لەگەڵ پەیکەرەکانی ڕابردوو دروست بکات (کەلێن) وەك ستراتیژێکی دی دێنێ، تائەوەش بە ستراتیژیی چوارەمی بگەیەنێ کە (کۆپی) ە،ئەوەش بۆ پاڵەوانی کارێك ناو دەنرێ، بەڵام بلۆم دەیەوێ ئەفلاتونیەتی نوێ بۆ چەمکێکی گشتی بەکار بێنێت، چونکە پێشتر هەریەك لە فرۆیدو هایدگەر کاریان پێکردووە، بەڵام بلۆم دەیەوێ بونیادی ستراتیژیی ئەو چەمکە هەڵوەشێنێتەوە، تا لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو مانای فەلسەفی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەش نەك بەکارکردن لەناو مێژوودا هێندەی دەیەوێ لە (ئێستا) دا (ڕابردوو) بدۆزێتەوە، بۆیە لە (ستراتیژیی پاککردنەوە) دەیەوێ خەیاڵ بباتە ناو هەندێ گەردیلەوە، وە لە دواستراتیژیشی بەناوی (بەئاگا هاتن) کە ئەوەش بۆ بە ئاگا هاتنی مردووانە تیایدا لەو سرووتە نزیك دەبێتەوە کە لەڕۆژە شوومەکان مردوو دەیەوێ سەردانی ماڵەکەی خۆی بکات، ئەو ماڵەی پێش مردن تیایدا ژیاوە، هەر شەش ستراتیژەکەش بەرەو خوێندنەوەیەکی دیالەکتیکی دەبات، کە لە سێ جولە پێکهاتووە:

**جولەی یەکەم: درز تێخستن ------ تەواوکردن**

**جولەی دووەم: کەلێن ------ کۆپی**

**جولەی سێیەم: پاککردنەوە ------ بەئاگا هاتن**

بلۆم بەو پۆلین کردنەی دەیەوێ مەجازیەتی خوێندنەوە ناو ببات بە (ڕەوانبێژیی دایکرۆنییە)[14] ئەوەش لەدژی سایکرۆنییە "هەوڵ دەدات دەق لەچوارچێوەیەکی سەرمەدی دابخات"[15] بەڵام (فرانك لنتریشیا) ئەو پۆلینەی

بلۆم بەكارێكی خۆهەڵخەڵەتێنەر تێدەگات، كەچی (كریستۆڤەر نۆرس) پێیوایە ستراتیژیی تەئویلی بلۆم گۆڕینی مانای دەقە لەدەقەكانیتر، لەوەشدا بلۆمو دریدا دەبنە هاوڕا لەسەر ئەو بنەمایەی دەق دەڕواتەوە بۆ یادەوەریی لەشێوەی زنجیرەیەك ڕووبەڕووبونەوەی ڕەوانبێژیی، بەلاَم خاڵی جیابونەوەی بلۆم لەهەڵوەشاندنەوە لەو خاڵەوەیە بلۆم دەیەوێ كردەی هەڵوەشاندنەوە لەخاڵێكدا بوەستێ بۆئەوەی توانای دەست بەسەرداگرتنی هەبێت بۆ تەعبیركردن[16].

ئەوەش خاڵێكی ناكۆكی نێوانیان بوو ئەگەرچی بلۆم زیاتر لە هەڵوەشاندنەوەی (دریدا) وەوە نزیك بوو نەك لە هەڵوەشاندنەوەی ییل، هەربۆیە هیرمنیۆتیكای بلۆم وەك هەڵوەشێنەرەكانیتر نیە كە هەڵسێ بە پەیڕەوكردنی پیتو خاڵی ستراتیژیەتی مەجازیی، ئەگەرچی مەجاز یەكێكە لە ستراتیژیی داكۆكی بلۆم لە هاتنەدیی لە (خراپی خوێندنەوەی بەهێز)[17] بەلاَم بلۆم دیسان هەموان ڕەتناكاتەوە، چونكە ئەو بەلۆژیكی كاركردن خەریكە، هەر ئەوەشە وای لێدەكات هاوڕابێتەوە لەگەڵ (ڕیتشارد ڕۆرتی) كەوای دەبینێ فەلسەفەی ئەمریكی دوای براگماتیكی تاكو ئێستا بۆ دەق پرسیارە براگماتیكیەكان دەڵێتەوە لەچەشنی: بۆچ شتێك چاكی بكەینەوە؟ بۆچی دەكرێت بیكەین؟ لەتوانایدایە چی بە ئێمە ببەخشێت؟[18].

بۆیە ستراتیژیی تەئویلی بلۆم كردەیەكە كە هەموو تیۆرو بۆچوونێك هەڵناوەشێنێتەوە، هەموو ئەوانەی تازەشن دیسان قبوڵیان ناكات، چونكە ئەو ڕاستگۆیی لە كاركردن پەیڕەو دەكاتو هەر بەوتێگەیشتنەوەش سەیریی دەق دەكات.

## پەراوێزو سەرچاوەكان:

1- اشكاليات القراءة واليات التأويل/ نصر حامد ابو زيد, المركز الثقافي العربي(بيروت) الطبعة الخامسة، 1999.

2– هرمینۆتیك: زیندوو بونەوەی مانا یان كەمبوونەوەی گومان/ پۆل ڕیكۆر, وەرگێرانی: پەیمان، بیری نوێ ژ(22).

3- عصر البنيوية/ اديث كريزويل, ترجمة: جابر عصفور، سلسلة كتاب شهرية (بغداد) 1985.
4- هەمان سەرچاوە.
5- الطليعة الادبية، عدد(2) 1999.
6- اشكاليات القراءة واليات التأويل/ نصر حامد ابو زيد, المركز الثقافي العربي(بيروت) الطبعة الخامسة، 1999.
7- هەمان سەرچاوە.
8- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
9،10- هەمان سەرچاوە.
11- زاراوە تەئویلیەکانی بلۆم پێکهاتووە لە (خراپی خوێندنەوە، خراپی خەملاندن، کاریگەریی، غنوسیەت، گۆڕانکاریی، ڕێژەی گۆڕانکاریی).
12- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
13- ئەو شەش ستراتیژەش ئەمانەن (درز تێخستن، تەواوکردن، کەلێن، کۆپی، پاککردنەوە، بەئاگا هاتن).
14- مەبەست لە دایکرۆنی دەقئاوێزانە.
15- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
16- هەمان سەرچاوە
17- هەمان سەرچاوە.
18- هەمان سەرچاوە.

مـۆدێرنیتی خـەونی کۆمەڵگایـەکی عـەقلانی هـەبوو, کۆمەڵگایـەك بتـوانیٚ تـەئویل بـۆ دیـاردە ژیـاری وکولتوریـەکان بکـات, بۆیـە بـەدوای دەرکـەوتنی کۆمەڵێك فەیلەسوف کە توانیان گۆڕان لە گوتـاری فەلـسەفیدا بکـەن, ئـەوەش وایکـرد (هـانز جـۆرج گـادامێر)لـەناو ئـەوکلتورەوە تـەئویل بـۆ ڕابـردوو بکـات, ئەوەش کارێك بوو بەلای (هابرماس)ەوە بووە ئەنجامی ڕەخنە لێگرتن, چـونکە هــەردوو فەیلەســوفەکە خۆیــان بــە ڕۆڵــەی شــەرعی عەقلانیــەت دادەنــێن, عەقلانیەت ئەو پرۆژەیـەی تـوانی دەیـالۆگ لـە فەلـسەفەی ئەڵمانیـدا درووسـت بکات وبەبایەخـەوە لـەو دەیالۆگـە بڕوانـیٚ کـە لـەنێوان ئـەو دووفەیلەسـووفەدا درووست بوو, پرۆژەکەی هابرماس کە بە ناوی (عەقلانیـەتی بـەردەوامبوون) ە ڕەخنەلـــەپرۆژەی (عەقلانیـــەنی هیرمنیـــۆتیکی) گـــادامێر گـــرتو وای ناوبردکـەگادامێر توانیویـەتی لـە ڕێگـەی هیرمنیۆتیکـا وە چارەسـەر بـۆ ڕاڤـە کۆمەلأیەتیەکان بخاتـەڕوو, بـەوەی سۆسـیۆلۆژیا لـە ڕووی(بایـەخ.. شـوێنگە.. پرۆسە.. پەیوەندیی بەزانستەکان.. پەیوەندیی بەئایدیۆلۆژیا)وە تەئویل بکات و ئاسۆی نویٚ بۆ گەیشتن پێشنیار بکات و زمـانێکی نـویٚ بخـولقێنیٚ کـە نـاوی دەنیٚ (زمانی سەرنجەکان) ئەو زمانەش "زمانێکی بێلایەنەو دەشتوانیٚ ئاسـۆی ڕاڤەی کۆمەلأیەتی بەرز بکاتـەوە بـۆ سـەرووی ئاسـتی سـەرنجەکان وبۆچـوونە کەسیەکان"[1].

کەواتە عەقلانیەتی هیرمنیۆتیکی لەکویٚ سەرچاوە دەگرێت وچـۆن تیۆرێك بۆخۆی دادەمەزرێنیٚ؟ عەقلانیـەت لـەو پرۆژەیـەی گـادامێر لەڕێگـەی پرۆسـەی تەئویلەوە خۆی دەردەخات, پرۆسەیەك دەگەڕێتەوە بەرەو ڕابردوو, بۆیـە ئـەو پرسـیارەی ئـەو پرۆسـە هیرمنیۆتیکیـە دەیـەویٚ وەلأمـی سەرچـاوە وتیـۆریی عەقلانیـەتی هیرمنیـۆتیکی بداتـەوە, ڕووبـەرووی پرسـیاری ترمـان دەکاتـەوە, بـەوەی ئـاخۆ هیرمنیۆتیکـای مێـژوو ڕاڤـەکردنی ڕابـردووە ویـاخود گەڕانـەوەی

مێژووه بۆ نێو پرۆسەی تەئویل؟ مەبەست لەو هیرمنیۆتیکایە چییە؟ چەمك وگرفتەكانی چین؟ چونكە چەمكی تەئویل لەو پرۆسەیە تەواو بەدژی ئەوروانینە دەكەوێتەوە كە بۆ مێژوو هەمانە, مێژوو لەناو زەمەنی ئەرشیفكراو تەئویل ناكات, بۆ ئەوەی خوازە ودەلالەتەكانی بگەڕێنێتەوە نێو نووسین, بەڵكو هیرمنیۆتیكای مێژوو لە ڕێگەی پرسیاركردن لەو زەمەنەی كە تەئویل كاری تێدا دەكات, كە دوو زەمەنی تەواو جیاوازن وهیرمنیۆتیكا دەیەوێ ئەو دوو زەمەنە بەیەكەوە بگەیەنێتەوە تا لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیە دەق لەنێو ڕەهەندیی مێژوویی دەربكرێ, وەك ئەبستیمێك سەیربكرێت, كە دابڕاو نەبێت لەو سەردەمەی كە تەئویل دەكرێت, بەڵكو دەق وەك بابەتێكی زیندوو كە هەڵگری پاشخانێكی مێژووییە تەئویل دەكرێت, ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو تەئویلانەی لە پێشوو بۆ دەقەكە كراون فەرامۆش بكرێت, هۆیەكەشی ئەوەیە تەئویل تێیدا ویستویەتی بەكۆمەڵێك میكانیزم وئامرازی ڕەخنەیی ئامادە دەست بە تەئویل بكات, ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی دۆزینەوەی مانا جگە لەوەی نووسەری دەق بە دیاری خستووە, مانایەكی تر لەناو دەق كەشف نەكرێت, بۆیە پرۆسەی تەئویلی گادامێرلە پرۆسەی تەئویل كردنەوەی مێژوو هەموو ئەو ئامرازە ئامادانەی كەبەر لە تەئویل دەست نیشان دەكرا ئەو فەرامۆشی كردن, وەك تەئویلكارێكی ئەو زەمەنەی كە تێیدا دەژی مێژووی تەئویل دەكرد, ئەوەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ماناوگەیشتن بوو بە حەقیقەتی لەبیركراو, حەقیقەتێك كاتێ لە تەئویل وە دەستی دێنێت, حەقیقەتی ڕەها نییە, بەڵكو تەنیا بەرەنجامی ئەو پرۆسە تەئویلییە كە تەئویلكار پێی گەیشتووە, بە تایبەت بۆ تەئویلكردنی دەقی ئەدەبی كە"ناكرێ مەبەستی نووسەری تێدا دەست نیشان بكرێت, یان چۆنیەتی تێگەیشتن لە سەردەمەكەی"[2].

ئــەوكارە تــەنیا شــوێنگەی تــەئویلكارە لــەناو دەق ومــەرج نییــە دەق ڕەنگدانەوەی خودی نووسەر بێت, ئەوەش بووە مایەی جیاكردنـەوەی دەق لـە نووسەر, كە بەو جیاكاریەش گادامێر دەیویست حەقیقـەتی تـەئویل لـەناو دەق وە دەست بێنێت, نەك تـەئویل كردنـی بڕواكـانی نووسـەر, ئـەوەش لـە ڕێگـەی پرسـیاركردن لـەناو دەق هـەوڵی خولقانـدنی پەیوەندیـەكی دیالەكتیكییانـەی تەئویلكارە لەگەڵ دەق بۆ بەرهەمهێنانی مانا, بۆیـە پرسـیار بەلایـەوە خـاڵێكی سەرەكیە بۆ دەست كەوتنی مانا,كە لە بەرەو پێش چوونی زانستیش مەترسـی لـەناو چـوونی پرسـیارەكان سـەرهەڵنادات, وەك ئـەو بۆچـونەی پێـی وایـە بەگەشـەكردنی زانـست پرسـیارەكان ماهیـەتی خۆیـان دەدۆڕێـنن, چـونكە پرسیارخاڵی گومان وگەڕانە بۆ گەیشتنە حەقیقـەت, بۆیـە ئـەو بۆچـونەی پێـی وایە كە فەلسەفە ماهیەت لە دەست دەدات, بەوەی گەر لە ڕابردوو زانیـاری لـە بــارەی نــەزانراوەكان پــێ دەدایــن, ئــەوا ئــەمڕۆ زانــست لــە ئاســتێكی پێشكەوتووەو فەلسەفە ئەو ڕۆڵەی نەماوە, لە بەرامبـەر ئـەو هەڵـە تێگەیـشتنە گادامێر ناچار بوو ئەوە بـدركێنێت كـە فەلـسەفە زانیاریمـان لـەبارەی شـتەكان پێ نادات, چونكە وەزیفەی فەلسەفە ئەوە نییـە كـە زانیاریمـان بـداتی, بـەڵكو دەبێ بزانین سنووری ئیشكردنی فەلسەفە چۆنەو پێشبینی چی لێ دەكرێت؟

فەلسەفە فێری شێوازی پرسیاركردنمان ناكات, بـەڵكو دەبـێ ئێمـە خۆمـان بزانین چۆن پرسیار دەكەین, لە چۆنیەتی پرسیاركردنەوە بەهای فەلـسەفەمان بۆ دەردەكەوێت, كە دەكرێـت كەشـفی زۆر ماتریالمـان بـۆ نـەكرێت, بۆیـە ئـەو تێگەیشتنەی بڕوای وایـە دەبێـت زۆرتـرین نـەزانراو بـزانین, بـەلای گـادامێرەوە تێگەیــشتنێكی هەڵەیــەو بــەڵكو مەبەســت لــەو كــارە فێركردنــی گیــانی پرسیاركردنە, ئەو گیانەی كە لـە ئـەمڕۆدا وون بـووە دەبـێ زینـدوو بكرێتـەوە, تـەنیا پرسـیارە دەتـوانێ بـە حەقیقـەتمان بگەیـەنێت, حەقیقـەت ماتریـاڵێكی

ئامادەكراو نییە, بەڵكوئەو دژی ئەو تێگەیشتنەیە كە دەیەوێ داكۆكی لێبكات ودەیەوێ لە ڕێگەی پرسیاركردنەوە بە حەقیقەت بگات, پرسیاركردن لە حەقیقەت گومان لەو چەمكەی پێشوو درووست دەكات, وەك چۆن ئەو حەقیقەتەی لە ڕێگەی پرسیاركردن پێی دەگات, بە تەئویل كردنێكی ناو دەق دایدەنێت نەك گەیشتنی یەقین بێت بە حەقیقەت, ئەوەی لەنێو پڕۆسەیەكی هیرمنیۆتیكی بە حەقیقەت وەری دەگرین, لەناو پڕۆسەیەكی تەئویلكاری تردا توانای ئەو حەقیقەت بوونە لە دەست دەدات, ئەوەش حەقیقەت پەیوەست دەكات بەو تەئویلەی ئەنجام دەدرێت كە مانای تێدا بەرهەم دێت, بەرهەمهێنانەوەی مانا لەسەر تێگەیشتن لە دەق وەستاوە, تێگەیشتن لە دەق وا دەكات توانای ئەو پرسیارە بزانێت كە ئاراستەی دەق دەكرێت, بەواتای بەرهەمهێنانەوەی مانا بۆ مۆدێرنیتی ئەو كۆمەڵگایەی كە دەیەوێ پێی بگات لە ڕێگەی تێگەیشتن لە عەقلاّنیەت وەستاوە, عەقلاّنیەتیش لەو تێگەیشتنەوە دەبێ تەئویل بۆ ڕابردوو بكاتەوە, ئەوساكە تواناوحەقیقەتی مەبەست بۆ تەئویلكار ڕوون دەبێت, چونكە زمان لە(فیقه)دەركراوە بۆ فەلسەفە وبەو كارەش هیرمنیۆتیكا دەبێ بە پڕۆسەی ئەنتۆلۆژی كە زمان لەپاڵ ئاگایی مێژوویی وئیستاتیكی بەرەو پڕۆسەی هیرمنیۆتیكی دەچن, ئەو كاتەش زمان دەبێ بەو كەینونەیەی كە تێگەیشتن ڕاڤە دەكات, ڕاڤەكردنیش لەناو زماندا بەرەو كرانەوە دەچێت تاوەكو دواندن بێنێتە دی, كە لەهەمان كاتدا دەبێتە زمانی ڕاڤەكردن, زمانێك كە ستراتیژی هیرمنیۆتیكای فەلسەفیە ومانا بەرهەم دێنێت, ئەوەش پەیوەندیی خوێندنەوە پەیوەست دەكات بە تێگەیشتنەوە,(تێگەیشتن) یش چەمكێكی سەرەكی هیرمنیۆتیكای مۆدێرنیتیە كە لەلایان( شلایر ماخر)كرا بە سێنتەری تەئویل و تێیدا(زماننناسی.. گریمانەی دەق.. ڕوانینی نووسەر) دەبنە ئەو سێ ئاراستەیەی كە لە تەئویلدا پشتی پێ

دەبەستیٚ, هەرچی گادامێرە ئاستی دەیالۆگی نێوان حەقیقەت ومیتۆد لە سیٚ ئاراستەی جیاواز وسەربەخۆ سەیر دەکات, ئەوانیش (جوانکاری.. مێژوویی.. زمانەوانین)[3].

تەئویل خوازیارە هەریەك لەو ئاراستەیە توێژینەوەکانی بۆ گەیشتن بێت بەحەقیقەت, دیارە زمانەوانی ئەو ئاراستەیە بۆگەیشتنە حەقیقەت, کە یارمەتی هەردوو ئاراستەی جوانکاری و مێژوویی دەدات, بۆ ئەوەی شوێنی میتۆد بگرێتەوە, بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ حەقیقەت کە گوتارێك کەشف دەکات, پێکهاتەکانی(زمان.. دەق.. خوێنەر)ە, زمان لەهەر پرۆسەیەکی تەئویلکاری ئەو تێگەیشتنە دەدات بەدەستەوە کە تەئویلکار جەختی لەسەر دەکاتەوە, بە واتای ئەو ئاراستە مێژوویەی لە دەقێکدا تەئویلی دەکەین, لەئاراستە جوانکاریەکەی زمان تەواو لە تەئویلی پێشوو جیاواز دەبێت, هەر بۆیە کاتیٚ دوو تەئویلکار یەك ئاراستەی نێو دەقێك تەئویل دەکەن, بەلاّم دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازمان بۆ بەرهەم دێنن, هۆیەکەی ئەوەیە زمان لەناو تەئویل زمانی تەئویلکارە, تەئویلکارە جیاوازی بە دەق دەبەخشێت و زمانە ئەو مافەی پێداوەکە جیاواز بیر بکاتەوە, ئەو کاتە تەئویلکار دەبیٚ بە زمانێك لە شوێنی تێگەیشتن, چونکە زمان و تێگەیشتن بەیەکەوە لەناو دەق ئیشدەکەن, ئەوەش وادەکات گادامێر"خراپ گوزارشت کردن لە فکرێك دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپ تێگەیشتنی ڕەچەڵەك"[4].

بەواتای خراپ خوێندنەوە, تێگەیشتنی خراپە بۆ بنەما سەرەتایەکانی خوێندنەوەکە, بۆیە پرسیارێك بۆ گەیشتنە خوێندنەوەکە گرنگ بێت, دەبیٚ تەئویلکار بەر لە چوونە نێو زمان بۆ تەئویل پرسیار لەسرووشتی ئەو حەقیقەتە بکات, بەوەی چ حەقیقەتێکە ئەو دەیەویٚ پێی بگات!؟ چونکە ئەو سیٚ ئاراستەیە لە تەئویلدا چەندە سەربەخۆن, هێندەش ئاگایی هەریەکێکیان

پەیوەندیی هەیە بە ئاگایی ئەوەی ترەوە, بە مانای ئاگایی ئیستاتیکی دابڕاو نیە لە ساتەوەختتی ئاگایی هیرمنیۆتیکی مێژوویی, ئەوەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە زیان بەو ململانێیەی نێوانیان بدات, ئەگەرچی (ئۆسکار بیکر) وایدەبینێ کە" هیچ بنەمایەك بۆ ململانێ نابینێ لەسەر ئەو جیاوازیەی نێوان ئاراستەی جوانکاری وئاراستەی مێژوویی_ هیرمنیۆتیکی, تاوەکو مشتومڕەکان لە کۆتاییدا متمانە بکەنە سەرجۆری ئەو مرۆڤەی, کە تاکی لێ پێکدێت"[5].

چونکە ئەو ئاراستە ئیستاتیکیە بە ئاراستەیەکی تەقلیدیی سەیر دەکات, کە لە(کانت) هەڵێنجراو بێت, نەك ئاراستەیەکی نوێ بێت بۆ تەئویل, وەك چۆن ئەو مۆرکە مێژوویە لەکارە هونەریەکان بۆ (شۆپنهاوەر) دەگەڕێنێتەوە, چونکە شۆپنهاوەر بڕوای وابوو حەقیقەت لەودیو مێژوو دەست پێدەکات, ئەو ڕەخنەیەش لەگادامێر ئەو حەقیقەتە گادامێریەی زیاتر سەلماند کە وازهێنان لە حەقیقەت بە مانای وازهێنان لە ڕەخنە دێت , بۆیە تێڕامانی هیرنتیۆتیکی تەنانەت لەسەر جۆری تەئویلەکەشی وای کرد ڕەخنە ببێ بە پێویستیەك, ئەو ڕەخنەیەش لە فرە تێگەیشتنی جیاوازی تەئویلەوە وەدەست دێت, چونکە هیرمنیۆتیکا گرفتێکی میتۆدیی نییە, هێندەی گرفتی تەئویلکارە لە بەرامبەر جیهان کە لەنێو پرۆسەی تەئویل وێنای دەکات, چونکە تەئویلکار لەو وێناکردنە پابەندی میتۆد نابێت هێندەی دەیەوێ تێگەیشتن بەرەو حەقیقەت ببات, ئەوەش بۆ خۆی هەوڵدانە بۆگەیشتنە میتۆدێکی سەربەخۆ, کە دەبێتە خاڵی جیاوازی گادامێر لە دلتای, چونکە دلتای کاتێك ڕەخنە لە ماخر دەگرێت وپەیوەندیی تەئویل بە زانستە مرۆییەکان ناو دەبات ولەناو ئەو زانستە گۆڕانی بەسەردا دێت, ئەو بۆچوونە بەلای گادامێرەوە ڕەت دەکرێتەوە, نەك لەبەر ئەوەی گادامێر بە جیاواز لەو بڕوای تەواوی بەوەیە مانا لە دەق سەربەخۆیە

وپەیوەندیی بەئاستی ئاگایی خوێنەرەوە نییە, بەڵکو سەرباری گرنگی ئەو خاڵە, بەلاّم ئەوەی دەبێتە تیرەیەك بۆ جیابوونەوەیان ئەوەیە کە هێرمنیۆتیکای گادامێری چەندە لە پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە لەگەڵ زانستە مرۆییەکان, ئەوا لە ڕووخساری ئەودیوی ئەو پەیوەندیە"بانگەوازێکە بۆ بەرگریکردن لە نەمان لەناو زانستەکان"[(6)].

ئەوەش بەمەبەستی پاوان کردنی حەقیقەت نییە, بەڵکو داکۆکی کردنە لەحەقیقەت, لەڕێگەی گرێ بەندیەك لەنێوان فەلسەفەو زانستەکان, کە دیارە پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو زانستەکانیش گەڕانەوەیە بۆ پرسیارەکانی هایدگەر, گادامێر ووتەنی بەبێ گەڕانەوە بۆ هایدگەرکارێکە بۆمان ناچێتە سەر, پێویستە تەئویل توانای ئەوەی هەبێت لە هێرمنیۆتیکای دەقەوە لەناو زەمەنی تەئویلکارەوە تەئویل بکات, ئەوەش بەمەبەستی گەیشتنە بە مانای نوێ, کە هەمان مانا کۆنەکانمان بۆ بەرهەم نەهێنێتەوە, بەڵکو دەق لەنێوان هەر دوو زەمەنی جیاواز بتوانێ زەمەنێکیتر بە مانای نوێ بخولقێنێتەوە, چونکە"گادامێر وای دەبینی کە تێگەیشتن نوێنەرایەتی کرداری خودیانەی تاك ناکات, بەڵکو ئەو دۆخەی مرۆڤی تێدایە بۆخۆی لەناو سەیرورەتی کەلەپوورە, کە بە بەردەوامی ئێستا وڕابردووی تێدا دەتوێتەوە"[(7)].

بەو مەبەستەی کە تێگەیشتنی تەئویلکار لەو سەردەمەدا بتوانێ لەناو کلتورێکی ڕابردوو بۆ دەق تەئویل بکاتەوە, کەبەر لەهەموو شتێك ئەو کارە تێگەیشتنە لەخودی خۆی لەناو دەقدا, دواتر جیاوازی خستنە نێو مێژووە, بەوەی واقیعی مێژوویی لەناو زەمەنی ئەمڕۆدا بۆشاییەك درووست دەکات, لە ڕێگەی تێگەیشتن بۆئەو واقیعە کەمانایە, ئەوەش یەکێتیەکە لە نێوان دەق و تێگەیشتنی مێژوو, کەگادامێر لەپاڵ تێگەیشتن چەمکی(ئاسۆ) ش دەکاتە میکانیزمێکی تر لەناو تەئویل, کەئەویش پەیوەندیی بە خوێندنەوەی

سەردەمیانە هەیە بۆ مێژوو کە(ئاسۆی ڕابردوو) و(ئاسۆی ئێمە) یا ئامادە, کە ئەوەی دواییان مەبەست لە زەمەنی ئاسۆی تەئویلکارەو(ئاسۆی ڕابردوو) ش زەمەنی ئاسۆی دەقە, کە هەردوو ئاسۆکە دەتوێنێتەوە, نەك وەك چەمکی سەربەخۆ دەربکەون لەناو تەئویل, چونکە تەئویلکار لەنێو تەئویلی خودیدا سەیری دەق دەکات, ئەوە لەکاتێکدا کەلەپوورێکی ئامادە هەیە(تێگەیشتنی کۆن, لایەنگیری, پێشبینیەکانی پێشوو)کە مەرجی سەرەکی پڕۆسەی تەئویل بوون وئەو مەرجە سەرەکیانە لەناو تێگەیشتنە خودیەکانی ئەو دووئاسۆیە دەتوێتەوە, بۆیە کاتێك بەشێك لە دەقە مێژوویەکان لەناو پڕۆسەی تەئویل شوێنیان نابێتەوە, هۆیەکەی بۆ ئەو دەقە دەگەڕێتەوە کە لەناو ئاگایی مێژوویی هیچی ئەوتۆی جیٚ نەهێشتووە, چونکە ئەوە دەقەکەیە بڕیار لەسەر چوونە نێو تەئویل دەدات, وەك چۆن دیسان ئەوە تەئویل نییە ئەو دەقە فەرامۆش دەکات, بەڵکو دەق شتێکی ئەوتۆی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە تا تەئویل بکرێت, جا ئەو دەقانە دەقی فەلسەفی بن یاخود دەقی ئەدەبی, بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە دەقەکانی شکسپیر بەنمونە وەردەگرین, کاتیٚ دەقەکانی(شالیر.. ماکبێس.. ئۆتێللۆ.. هاملێت.. ریتشاردی سێیەم.. خەونی نیوە شەوی هاوین) لە زەمەنی ئێستادا دەقی مێژوویی مەزنن ودەچنە نێو پڕۆسەی تەئویلەوە, پەیوەندیی بەو ئاگاییە ئیستاتیکی ومێژوویە هەیەکە توانای خولْقاندنەوەی لەناو هەموو زەمەنەکان پاراستووە, هەر ئەوەشە وای کردووە(جاك دریدا) بتوانیٚ  بۆ خوێندنەوەی چەمکی کۆتایی مێژوو لەناو دەقی هاملێت کاربکاتەوە و زەمەنی تارمایی هاملێت بکات  بە زەمەنی تارمایی لە ئێستادا, ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە حەقیقەتێکە کە هاملێت دەیەویٚ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە پێی بگات, دریدا دەیەویٚ پرسیاری هاملێت بگەڕێنێتەوە ئەو سەردەمەو لەنێو پڕۆسەی هیرمنیۆتیکی وەڵامی بداتەوە, کە

ئەوەش کەشف کردنی مانای نەدۆزراوەیە کە دەق بەلایدا نەچووە, مانایەك لەو دەقە بەرهەم دێنێت کە لە خوێندنەوەکانی  پێشوو جیاواز بێت, وەك چۆن لە خوێندنەوەی بۆ ئەفلاتوون هەرگیز ئەو مانایە ناگەڕێنێتەوە کە لە خوێندنەوەی فەیلەسوفانی وەك کانت ودیکارت ئامادەبوونیان هەبوو, ئەوەش بۆ ئەو میکانیزمانە دەگەڕێتەوە کە تێیدا دەق ومێژووی پێ  تەئویل دەکرێت, بۆیە کاتێ لەڕێگەی سێ پرسیارەوە دەیەوێ دەیالۆگ لەگەڵ گادامێر بخولقێنێ, چونکە پێی وایە لە دوا باسیدا دەیەوێ ڕەهایی بسەپێنێتە سەر پرۆسەی هیرمنیۆتیکی,کە دیارە ئەوکارەش لای گادامێر تەنیا بە تەئویلێك ناو دەبردرا نەك ڕەهایی بداتە تەئویل, بەڵام ئەوکارەی بۆتە مایەی ئەوەی دریدا بە پرسیارێکی تر کۆتایی بەو ووتارەکورتەی بێنێت, کە سێ پرسیاری گرتۆتە خۆیی ولەدوا دێری ووتارەکەدا دەپرسێت"ئایا کەسێك ناتوانێ بە ڕێگایەکی تەواو جیاوازیی بیرکردنەوە بڕوانێتە دەقەکان؟"[8].

ئەوپرسیارەش بەمەبەستی تێکشکاندنی ئەو ڕەهاییە لە تەئویلدا کە سنوری دەست کەوتنی مانا دەست نیشان دەکات,, چونکە تەئویلی ڕەها مانا لە شوێنێك دەوەستێنێ ونایەڵێ گەشە بکات, بۆیە بە ڕەهایی بیرکردنەوە بۆ خۆی دژ وەستانەوەیە بەرامبەر بە(تێگەیشتن) ئەو چەمکەی لە هیرمنیۆتیکادا تێگەیشتنێکی سادەی هەبوو بۆ دەق کە لە شلایرماخر وەرگیرابوو, گادامێر کردی بە چەمکێکی فەلسەفی کە دۆخە مێژوویەکەی نێو دەقی سەر لەنوێ پێ خولقاندەوە, بە جیاواز لە بۆچوونی(دلتای) ش, چونکە دلتای واسەیری تێگەیشتنی دەکردکە" ڕەگەزێکی گرنگە بۆگۆڕینی خودیی یان پرۆژەی بیرلێکراوە, کە لەلایان تەئویلکارەوە شوێنگەیەکی وا داگیر دەکات کەئەو مەودایەی نێوان خۆیو شتەکە بەلاوە دەنێتو دەبێتە هاوشانی"[9].

ئـەوە سـەرباری ئـەوەی گـادامێر ئـەو چـەمکەی بـردە نێـو دەلالـەتی فەلـسەفیەوە, ویـستی ئـەو لایەنگیریـەی ئـەو دوانـە هـەیانبوو(مەبەسـت لـە ماخرودلتایـە), کەنـەیان دەتـوانی دەسـبەرداری دیکـارت بـن وئـەوەش وای کردبوو تەئویل لەخالێکدا دەست نیشان کراوبێت, بـەلام گـادامێر لـە ڕێگـەی چەمکی تێگەیشتن لـە مێـژوو هـەموو ئـەو میکانیزمانـەی نێـو خوێندنـەوەی لـە پڕۆسـەی تـەئویل فەرامۆشـکرد, کـە مانایـان لـە خالێکدا بەنـد دەکـرد,ئـەو دەیویـست تـەئویل بـە ئاقارێکدا بـەرێت, کـە نەدەرەنجامـەکانی لـە پێـشوودا تاقیکرابێتـەوەو نـە ئـەو مانایانـەی لـە دەق بەرهـەمی دێنـێ مانـای کەشـف کراوبن, ئـەوەش وایکـرد تـەئویل ئەوخالە بکاتـە سـتراتیژی کـارکردنی لـەنێو دەقە مێژووییەکان, کە چیتر"ئێمە بەو وێنەیە ناڕوانینە ئـەفلاتوون کـە دیکـارت یا کانـت بینیویانـە, بـەلکو ئێمـە ئـەفلاتوون بـە شـێوەیەکی جیـاواز دەبیـنین, هۆیەکەشی دیکارت وکانتن"[(10)].

چونکەئەوان لەنێو زەمەنێك تەئویلی دەقیان کرد, کەپەیوەندیی بەزەمـەنی دەقەوە هەیەو زەمەنی هیرمنیـۆتیکی بەتـەواوی تێیـدا فـەرامۆش دەکرێت کە گادامێر دەیویست پەیوەنـدیی تـەئویلکار پەیوەنـدیی مرۆڤێك بێـت بەئاسـۆی ئێمەو ئاسۆی ڕابردوو, ئەوەش وەك پێشتر ئامـاژەمان پێدا لەناو ئاسۆی توانەو ەئاسـۆیەکی نـوێ بەرهـەم دێنێـت, نـەك مەبەسـتی لەتێپـەرکردنی شـوێنگەی تەئویلکار بێت, چونکە ئەوەیان تەنها لـە ئارەزوویەکـەوە هـاتووە, بـەلکو ئـەو مەبەستی بوو پڕۆسەی تەئویل کردنی دەق پڕۆسەیەك بێت ئەو لایەنـە کەشـف بکـات کـە ڕووبـەڕێکی نادیـارە, ئـەو گۆڕانـەی گـادامێر لەپڕۆسـەی تـەئویل خولقانـــدی پڕۆســـەیەك نـــەبوو بـــەدژی ڕوانینیکانـــت, هێنـــدەی دژی بانگەشەیکانتیە نوێیەکان بوو, کـەحوکمی پێشینەیان لەسـەر مێـژوو هـەبوو, بەوەی دەق ئەوکەلەپورە بووکە دەبوو لـەنێو زەمەنـە مێژوویەکـە ڕاڤـە بکرێـت

وپارێزگـاری لەدەلالەتـە ڕەوانبێـژی ومەجازییـەکانی بکـەن, کەئـەوەش بـووە مایەی ئـەوەیگادامێر نـەك هـەر دەق لـەنێو دووبارەکردنـەوەی بەرهـەم هێنـان دەربکات, بەڵکو تەواو سەرپێچی کرد لەچەمکی تێگەیشتن لەدەق, بەوەی ئـەو مێژووەی لەناو دەق ئامادەیی هەبوو, هەر ئـەویش بـوو توانـای دەسـت نیـشان کردنـی تـەئویلی هـەبوو, ئـەو مێـژووە لـەلای ئـەو لەئێـستادا دەبـێ پرسـیار وتێڕامـان وبیرکردنــەوە ســنوورەکەی دەســت نیــشان بکــات, بــەوەی لــە (ئامادەبوونی ئێستا) سەیری ئەو مێژووە دەکات, نەك ئێـستا لـە(ئامـادەبوونی مێژوو) تەئویل بکات, بۆیە ئـەو ڕاڤەکردنـەی لەمـەداری نووسـەرکۆبۆوە کەوتـە ســەرە مــەرگو(مێــژووی ئێــستا) لــەنێو هــەردوو ئاســۆکە دەرکــەوت, ئـەوەش"ئاسـۆی دەیـالۆگ دەکاتـەوەو وادەکـات تێگەیـشتن هـەبێت لـەنێوان ڕاڤـەکاری نـوێ ودەقـی کـۆن"[11] بـەوەش لەلایـەك شکـستی بـەو ڕوانینـە ڕووکەشـانەیە هێنـا بـۆ دەق ولەلایـەکی تـریش بەکەلـەپوور سـەیرکردنی ئـەو دەقەکەئەو دوولایەنی خستە پـەراوێزەوەو دەقـی وەك جەسـتەیەکی بنیاتنـەر سەیردەکرد بـەوەی لەزەمـەنی ئێستا دانـەبڕاوە, بـەڵکو دەیکـات بـەو هێـزەی کەلەپاڵ کاریگەریی ئێستا توانـای خوڵقانـدنی تێگەیـشتنی جیاوازیـان هـەبێت, تێگەیشتنێك کەلەپێشوودا (دلتای‌وماخر) دەیانووت زمان لـەناودەق ڕەمـزە بـۆ ماتریالێـك, چـونکە بـەلای گـادامێرەوە دەکـرێ ئـەو پەیوەندیـەی لـەنێوان نووسـەروخوێنەرهەیە لەبنـەماوە پەیوەندیـەك بێـت لەسـەر بنـەمای نـەبوون درووسـت دەبێـت, بـەڵکو تـەنها بەبەشـداریکردن لـەناو دەق دەتـوانرێ ئـەو پەیوەندیە بدۆزرێتەوە, بەواتای زمان لـەناو دەق ئـەو ڕەمـزەی دەست نیـشان کـردووە کەخوێنــەر ئامــاژەی پێـداوە, چــونکە هــەر پرۆســەیەکی نووســین بەداخستنی زمانەکە کۆتایی بەدەقەکە دێنێـت, بەشداریکردنی خوێنـەر لـەناو دەق وادەکـات ئـەو زمانـە جـارێکی تـر بکرێتـەوە, بەکرانەوەشـی ئەوسـنوورە

دەست نیشان ناكات كەپێشتر ئاماژەی زمانەوانی ببوە سیستمی ڕێكخەری, بەڵكو خوێنەرلەپرۆسەی تەئویلكردندا دەیەوێ ئەو ڕووبەرە بدۆزێتەوە كەزمان لەكرانەوەیدا دەیەوێ بەشداری لەنێو نووسینەوەی بكرێت, چونكە زمان بەلایەوە ئەوكەناڵەیەكە دوو زەمەنەكە بەیەك دەگەیەنێت,كەلەناو زمان تێگەیشتن دەمانبات بۆتوانەوەی ئاسۆ, بەمانای دوای ئەوەی زمان ئەو دووئاسۆیە كەهەریەكەو هەڵگری زەمەنی خۆیەتی ولەناو تەئویل كۆیان دەكاتەوە ولەئاسۆیەكی تردا لەناوخۆی دەیان توێنێتەوە, دیارە لەقسەكردنمان لەتەئویل لای گادامێر نابێ ئەوە فەرامۆش بكەین كە ئەو پرۆسەیە پەیوەندیی هەیە بە دوو دیدگای فەلسەفی, یەكەمیان(ئەرستۆ) یەكەپەیوەندیەكی قووڵ هەیەلەنێوانیان لەبارەی سرووشتەوە, چ لەڕووی چەمكی خودییانە, یاخود ڕاڤەكردنی گادامێر بۆ سرووشت كە لەئاكاری ئەرستۆییەوە وەرگیراوە, بەتایبەتی" لەكێشەی ڕۆڵی عەقڵ لەكردار, نەخوازەللا لەكرداری ئاكاری, لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت بەشێوەیەكی ئەبستراكیانە پێشبینی چەمكی عەقڵ وكرداری بكرێت, چونكە لەو كاتەدا ناتوانین ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ناوەڕاست لەنێوانیان"[12].

دیدگای فەلسەفی دووەمیش ئەودیدگایەی (هابرماس) ئاماژەی پێ دەدا لەبارەی پرۆسەی هیرمنیۆتیكی, كەناكرێ دیدگای هایدگەر لەهیرمنیۆتیكای گادامێری جیا بكەینەوە,كە دیارە گادامێر بۆ خۆشی ویستویەتی ئەو پەیوەندیە بهێڵێتەوە, كە هایدگەر لەناو تەئویل كاری تێداكردووە, بەتایبەت كاتێ بۆ پرسیارە ناسراوەكەی هایدگەر گەڕایەوە"میتافیزیكا چییە ! ؟"

گادامێر ویستی لەتەئویل كردنەوەی ئەو پرسیارە ئەوە ڕوون بكاتەوە كە هایدگەر نەیویستووە پێناسی میتافیزیكیا بخاتەڕوو, هێندەی مەبەستیەتی بەهای ڕاستەقینەی دەربخات, لەپاڵ ئەو بۆچوونەی كەخوازیارە میتافیزیكا

چۆن بێت, ئەوەش بەمەبەستی گەیشتنە حەقیقەتی پرسیارەکەی هایدگەرە, کە بۆخۆی گەیشتنە پرسیارێکی ترە لەو دەقە کە پەیوەندیی بە جیاوازی هەیە لەنێوان"تێگەیشتنی دەقێکی میتافیزیکی دیاری کراو, یان بۆ چارەسەری گرفتێکی دەست نیشان کراو لەسیستمێکی میتافیزیکی"[13].

هێرمنیۆتیکا بەدوای ئەو دوو دیدگا فەلسەفیە دەتوانێ پەیوەندیەکی نوێ بدۆزێتەوە کەگەشەی بەو چەمکە تەئویلکارییەی هایدگەر داوە, ئەویش پەیوەندیی(من—خود)بە(تۆ—بابەت), بەشداری کردنی خودە لەناو خودی دەقدا, بەلاّم ئەو خودەی گادامێر هەرگیز وەك ئەو عەقلّەی دیکارت نییەکەخۆی بکات بەچاوگەی ڕەها, بەڵکو تەئویلکار دەبێ بەو خودەی کەڕۆڵی(سێنتەری ئاگایی)دەگێڕێت, تەئویلکار ئەو خودەیەکە دەبێ بە قسەکەرێك لەناو دەقەوە, چونکە دەقە مێژوویەکان بابەتێکی داخراون وتەئویل لەئەنجامی توانەوەی هەردوو ئاسۆکە ڕووەوکرانەوەیان دەبات, کەئەویش کرانەوەی زمانە, بەو کرانەوەیەش هەموو ئەو مەغزا شاراوانەی لەناو دەق نارۆشنن هەوڵی بەدیارخستنی دەدرێت, لەکرانەوە وچوونە ژوورەوە بۆ ناو دەق دەبێت ئاگایی ئەوەمان هەبێت کەمەودای (من/تۆ)و (خود/بابەت) لەلای گادامێر دوو مەودای یەکسان نین, منو تۆکەکورت کراوەی(تەئویلکار)و(دەق)ە, ناکرێ لەگەڵ(خود)و(بابەت) بەیەکەوە یەکسانیان بکەینەوە, نەك هەر لەبەر ئەوەی پرۆسەکە پرۆسەیەکی خودییە, بەڵکو سەرباری ئەو ەلەناو پرۆسەی تەئویل"دەق دەچێتە ناو ئاسۆی ماناکانی تەئویلکار"[14].

بەتایبەت تەئویل کردن لەبواری ئەدەبی(کەمەبەستمان لەدەقی شیعریە) لەچەمکیگادامێری تەئویل بۆ دەیالۆگەکانی ناو دەق دەکرێت, ئەوە ئەو کات ەزمانێك تەئویل دەکەین کە بە شیعرکراوە, زمانێکە لەدەربڕینی ئاساییەوە بۆ

شیعرییەت گۆڕاوە, دەست کەوتنی مانا لەتەئویل کردنی ئەو زمانە شیعرییەدا بەرەنجامی پرۆسەی تەئویلکارە, بۆ دەست نیشان کردنی سنوری دەیالۆگ, ئەوەش ئاڵوگۆڕکردنێکە لەناو دەق, بەوەی ڕاڤەکردنی دیدگای زمان بۆشتەکان دەگۆڕێتە سەر ئارەزووی شیعر لەناو زمان, بەوەش سیاقێکی تر دەیالۆگ بەڕێوە دەبات, کەهەرگیز سیاقی دەیالۆگی قسەکردنمان نییە, دیارە ئەو تێگەیشتنە لەگۆڕانی ئاستی زمان تەنها ئیشکالیەتێکی نێو دەقی شیعرییەو پەیوەندیی بەدەقە فەلسەفی ومێژوویەکان نییە, چونکە هیرمنیۆتیکای گادامێری تەئویل کردنێکی خودییانەیە بۆ دەق, کەتەئویلکارلەناو دەقی مێژوویی پرۆسەی تەئویل دەخولقێنێت, دەیەوێ لەساتەوەختتی تەئویل وێنای زەمەنی دۆزینەوە بکات, کەجارێکی تر تەئویل پرسیارە فەلسەفیەکان دەگەڕێنێتەوە, بەلاّم هەرگیز ئەو وەلاّمانە وەدەست ناهێنێتەوە, بەڵکو بەدوای وەلاّمی تازە دەگەڕێت بۆ پرسیارەکان, بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەی فەیلەسوفانی پێشوو بەمانای فەلسەفییان گەیاند ئەو جارێکی تر تەئویل بۆ ئەو پرسیارانە بکاتەوەو دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە پرسیارەکان وەزیفەو دەلالەتی خۆیان نەدۆڕاندووە ولەتوانایاندا هەیە لەو ڕۆژگارەشدا بیانکاتەوە بەتەوەری باسەکان, نەك وەك ئەوەی فەیلەسوفەکان پێی گەیشتوون, بەڵکو دەروازەیەك بێت بۆ دەست پێکردنەوەو خولقاندنەوەی ئێمە لەناوپرسیارەکان, کەهەر بەو جۆرەش دەتوانێ مانای نوێ وەدەست بێنێت, بۆیە تەئویلکردنەوەی فەلسەفەگومان کردنە لەمانایەك کە سنوری بیرکردنەوەی دەست نیشانکردووە,تەئویل دەیەوێ گومان لە وبڕوایە بکات کە گومانی میتۆدییە, گومانێکە تەئویلکارە مۆدێرنەکان هەوڵیانداوە لەڕێگەیەوە بگەنە مانای تازە, ئەوەش بەپشت بەستن بە تەئویل, کە سەرلەنوێ دەق دەخرێتەوە پرۆسەی خوێندنەو تەئویلکردن, مێژووش وەك دەقێك شایستەی

تەئویل کردنە, کە تەئویلکار مێـژوو لەزەمـەنی ئێـستا دەگەڕێنێتـەوە نێـو ئـەو زەمەنـە, تـاوەکو خوێندنـەوە زەمـەنێکی تـری پـێ ببەخـشێت.. زەمـەنێك کەتـەئویل کردنـی عەقلانیەتـە, بـەلام هابرمـاس بـڕوای تـەواوی بـەوە هەیـە کەناکرێ بۆ تەئویلکردنەوەی عەقلانیەت پـشت بـەڕابردوو ببەسـترێت, ئـەوەش گومانکردنە لەتوانای مێژوو, بەواتای ئەو بڕوای بەو ئاسۆ نوێیەی تەئویل نییە.

بۆیە ئەگەر گادامێرلەڕێگەی تەئویل کردنەوەی ڕابردوو بگـات بەعەقلانیـەتی هێرمنیۆتیکی, ئەوا ئەو پـڕۆژە عەقلانیـە بـەلای هابرماسـەوە خـاوەن ڕەگێکـی ئەنتۆلۆژییـە کەهـەڵێنجراوی نێـو دەقـی هایدگـەرە, بـەوەی ویـستویەتی لـەنێو دیدگای فەلسەفی هایدگەرەوە تەئویل بۆعەقلانیـەتی کۆمـەڵگا بکاتـەوە, بۆیـە زمان کەخاڵی دەروازەکردنی هایدگەر بـوو بـۆ نێـو فەلـسەفە, گـادامێریش وەك ئەو زمان بەوکەینونەیە ناو دەبات کـە مـرۆڤ پەیوەنـدیی خـۆی لەڕێگـەی زمـان وجیهـان وێنـا دەکـات, بـەمانای مـرۆڤ نائامادەیەکـە ولەڕێگــەی پرۆسـەی تەئویلەوە ئامـادەگی خـۆی ڕادەگەیـەنێت, بۆیـە تێگەیـشتن لـەزمان دەبـێ بـە تێگەیشتن لەکەینونە, ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو مانا هایدگەریەی کەپێی وایـە ئـەوەی"شـایەنی ئـەوەبێت ببـێ بەفیکرکەینونەیـە کـە ئـەوی لێ پێکـدێت, جیاوازیش لەنێوان ئەنتۆلۆژیی وعەقڵی ئەو فەزا سـیمیۆلۆژییە کەئـەویش پـڕە لـە تێگەیـشتن"[15] بۆیـە بـەلای گادامێریـشەوە لـەو تەئویلـەی هایدگـەرەوە جارێکی تـر تـەئویلی کۆمـەڵگا بـەرەو پـێش دەبردرێـت, تاکتیکێکـەو دەیـەوێ ستراتیژێکی نوێ بەعەقڵ ببەخشێت, بەوەی کەلێنی نێوان ئـەنتۆلۆژیا وعـەقڵ, پانتایی تێگەیشتن دەخولقێنێت.

تەئویل کردنەوەی ڕابـردوو بەدوانـدنی گەردوونـە بـۆ ئـەوەی ڕایـردوو لـەناو زەمەنی ئێستادا ئاسۆیەکی نـوێ بخولقێنێـت, ئـەوەش جیـاوازە لـەو ڕوانینـەی هابرمـاس بـۆ تـەئویل لەبەرامبـەر زانـستەکان, ئـەو"وای دەبینـێ کەوەسـفی

هێرمنیوتیکی بۆ زانستەکان نابێت بەپەیوەندیەك, تەنها بۆکایە سۆسیۆلۆژیەکان نەبێت"[16].

چونکە تەئویل پرۆسەیەکی سەراپاگیریی نیە, هێندەی قوولّ بوونەوەیە لەڕەهەندێکەوە, ئەو ڕەهەندەی بەلای هابرماسەوە بۆ نێو ئایدیۆلۆژیا دەچێتە خوارەوە, ئەو ڕەخنەیەی گادامێر لەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئاراستەی کۆمەلّگای دەکات ڕەخنەیەکە تێروانینی ئایدیۆلۆژی دەخولّقێنیّ, ئەو تێروانینە بەو مانایەی کەتەئویل تەسلیم بەئیرادەی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی دەبێت, ئەوەش وادەکات تێگەیشتنی هەریەکێکیان دیدێکی جیاواز بخولّقێنێت بۆحەقیقەت, چونکەگادامێر چەندە ویستویەتی لەتەئویلکردندا بەحەقیقەت بگات, ئەوا هابرماسیش سی سالّ زیاترە لەنووسینەکانیدا جەخت دەکاتەوە سەر ئە ولایەنە, بەلاّم ئەو ڕەخنە لەو تێگەیشتنە گادامێریە دەگرێت کە دەیەویّ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆمێژوو حەقیقەت وەدەست بێنێت, چونکە توانای نییەخۆی لەوهەلّومەرجە مێژووییە ڕزگار بکات, بەلای هابرماسەوە ڕابردوو ناتوانیّ ڕەخنە لەخۆی بگرێت, هەر بۆیەشە ڕەخنەگرتنی لەگادامێر لەو هاوڕێکیە دێت بۆ مانا, بەواتای ئەو ڕوانینە بۆ تێگەیشتن ناتەواو دەکەوێتەوە, چونکە ئەو هاوڕێکیە بۆ مانا تەواو نییە, ئەوەش بەجۆرێکی ئایدیۆلۆژی دەبینێت, چونکە بەلایەوە عەقلاّنیەت پێویستە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە بگات بەو تێگەیشتنە, ئەو تێگەیشتنەی بەلای گادامێرەو ەدەیەویّ بەحەقیقەت بگات, ئەو حەقیقەتە بەلای هابرماسەوە بۆخۆی ڕوویەکیتری هەیە, ڕوویەك کەهەلّگری ئایدیۆلۆژیایە, ئەوەی لەو ڕەخنەیەی هاتووە کە ناکریّ"لەهیچ حالەتێکدا سۆسیۆلۆژیا کورت بکرێتەوە , تەنها بۆ سۆسیۆلۆژیای تەئویلکارانە"[17] نەبێت, گادامێرلە وەلاّم بەو ڕەخنەیە پێی وای ەهابرماسیش وەك ئەو بڕوای بەو توانایە هەیە کە دەرگا بۆ ئاخاوتن ئاوەلاّ دەکات,

ئەگەرچــی ڕەخنەشــی لێــی ئەوەیەکــەهابرماس نــاتوانێ جیــاوازی لــەنێوان تایبەتمەندیی سۆسیۆلۆژی وبەرژەوەندیی سیاسی بکات.

ئەوەش خاڵێکی سەرەکی دەیالۆگی نێوان ئـەو دوو فەیلەسـوفەیە بـەمانای دەیـالۆگی نێوانیـان دەیالۆگێکـە تایبـەت بەکۆمـەڵگا, کۆمەڵگایـەك کـە دیـدە عەقلانیەکانی چۆن دەخاتە نێو پەیوەندیی دیالـەکتیکی, چـونکە دەیالۆگـەکان نەیان توانی قەناعەت بەیەك بکەن یان دەتـوانین بڵێین دوای وەڵامدانـەوەکانی گادامێرکەنەیتوانی بڕوا ڕەخنەیەکانی هابرماس جێ پێلەق بکـات, ئـەمجارەیان هابرماس بـۆ ڕەخنـەگرتن لـەو ڕووە ئایدیۆلۆژیایـەی نێـو چـەمکی تێگەیـشتنی گــادامێری, هــەوڵی خوڵقانــدنی تیــۆرێکی ڕەخنەییــدا لــەبارەی ڕاڤــەکردنی دەروونی, کـە بەشـێوەیەکی میتۆدیانـە بتـوانێ ئایـدیۆلۆژیا بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیەوە, تاوەکو(عەقلانیـەتی هیرمنیـۆتیکی)بـە(عەقلانیـەتی بـەردەوام بـوون) بگۆڕێت, چـونکە هابرمـاس سـەرباری ڕەخنـەکانی لـەگادامێر پێـی وایـە واقیـع ئاوەژووکراوەتــەوە, دەبــێ ئـەو واقیعــە لەڕێگــەی دەیالۆگــەوە بخرێتــە ژێـر ڕۆشنایی ڕەخنەیی, ڕەخنـەگرتنیش لـەو واقیعـەی کـەپێی وایـە سـەرمایەداری ویــستوویەتی ڕوویــەکی ســاختەکاری بــۆ دەربخــات, ڕەخنەیەکــە لەبنــەمای فەلــسەفی(کانــت)ەوە هــەڵێنجراوە, چــونکە پرســیاری کانــت لەدەقــە ناســراوەکەی(ســەردەمی ڕۆشــنگەری چــییە؟) پرســیارێکە چــەندە قــسە لەزەمەنێکـە هێنـدە نـاوبردنی ئـەو زەمەنەیـە بـە زەمـەنی ڕەخنـەیی کەتێیـدا ڕەخنــە لــەو سیــستمە سیاسـیە دەگرێـت ودەیـەوێت حەقیقـەتی فەلـسەفەی مــارکس بکاتــە پێوانــە بۆرزگــاری,[18] ئەگەرچــی ڕزگــاربوون لەڕێگــەی بــڕوا فەلسەفیەکانی مارکسەوە دەبینێ, بەڵام ئەوە بەو مانایـە نییەکـە تێگەیشتنی بــۆ مــارکس تێگەیــشتنێکی مێــژوویی بێــت, وەك گــادامێر لــە هیرمنیۆتیکــا مەبەسـتی بـوو, بـەڵکو لای هابرمـاس عەقلانیـەتی بـەردەوامبوون لەوەدایەکـە

لەتەئویلکردندا لەهەندێ بنەمای فەلسەفی مارکس دوور دەکەوێتەوە, چونکە ئەگەر تەئویلی مارکس بۆ دنیا لەڕێگەی بەرهەمی دەستی پرۆلیتاریا بێت, ئەوا هابرماس چەندە ئەو بەرهەمەی کارکردنی بەلاوە گرنگە, هێندەش(پەیوەندی/زمان) بەلایەوە گرنگی خۆی هەیە, بەڕادەی ئەوەی لەکارکردن زیاتر لایەنگیری زمان وپەیوەندی دەکات, چونکە لە چوار چێوەیەکی دەست نیشان کراو دووری دەکاتەوە وبواری فرەمانایی وکۆمەڵێك پرسیاری بۆ دەخاتە ڕوو.

کاتێ زمان بایەخی لە (کار) زیاتر بێت, ئەوکاتە تەئویل کردن بۆ ڕزگاری وتەئویل کردن بۆ مارکس بەیەکەوە دەچن بۆ پرۆژەی هێرمنیۆتیکای عەقلانیەتی بەردەوامبوون, کە تێیدا زمان وتەئویل پەیوەندیی نوێ دەدۆزنەوە, کەواتە ڕزگاربوون ئەو بابەتەیە کەجیاوازی جەوهەری لەوە دەست نیشان دەکرێت, کە(کار)گۆڕاوەب ۆ(زمان), ئەگەر مارکس ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا ببەستێتەوە بەب ەرهەم هێنانی کاری ئەو چینە, ئەوا بەلای(هابرماس)ەوە مارکس ئەو فەیلەسووفەیە کەدەبێ پەنای ببەینە بەر, بەڵام پێویستە سەر لەنوێ پرسیارەکانی بخەینەوە ژێر ڕەخنەوە وتەئویلی بکەینەوە, هەر ئەو تەئویل کردنەشە کار دەگۆڕێت بەزمان, کەئاقارێکی فراوانتری پێدەبەخشێت, ئەگەر لە (کار)دا پرۆلیتاریا بیەوێت لەگۆڕینی دنیا پەیوەندیەکی نوێ بخولقێنێت, ئەوا زمان بەلایەوە لەگەڵ جۆرێك لەپەیوەندیی دەیانەوێ ئەوگۆڕانە وەدەست بێنێت, چونکە گەر مارکس لەسەرەتاوە بیەوێ بەپەیوەندیی بگات, ئەوا هابرماس بە پێچەوانەی ئەو پەیوەندیی لەتەك زمان دەبێتە چەمکێکی تر بۆ ڕزگاری, ئەو پەیوەندیە نوێیەی کە دەبێتە خەونی مەبەست, پەیوەندیەکە وبەهۆی گۆڕینی چەمکی (کار) بۆ (زمان) گۆڕانی ناوەکی لەخۆ گرتووە, بەوەی ئەو چەمکە نابێتەوە بەچەمکێکی جیهانی,

هۆیەکەشـی ئەوەیـە سـەرمایەداری توانیویـەتی دەسـکاری جیهـان بکـات, بەمانایـەکیتر ئـەو نـاتوانێ وەك مـارکس دەسـەڵاتی چـینێك بکاتـە هێمـا بـۆ ڕزگاربوون, چـونکە پەیوەندیـەکان لەوانـەش پەیوەنـدیی پرۆلیتاریـا مانایـەکی جیهانیان نەماوە, هێندەی هەر پەیوەندیەك مانای جیاوازی هەیەوئـەوەش وای کـردووە ڕەخنـەگرتن لـەلای سـەر هەڵبـدات, بـەڵام خـۆی ووتـەنی"تائاسـتی پانتاییە گشتیەکان بـەر فـراوانتر نـەبن, مـەرامی دڵخـوازیی قسەکردن وتوانـای پەیوەندیەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەدەست نایەن"[19].

ئەوەش مەبەستی لەخودی فەلسەفە خۆشـی بـوو, ئـەو ڕەخنەیـەی بـەلای مارکسەوە بەوەکۆتایی دەهات, کە فەلسەفە ئەوکاتە دەتوانێ بگاتە مەبەسـتی خۆی کاتێ توانی وەك فەلسەفە خۆی نەهێڵێت, ئەو تێگەیشتنە لەڕەخنـە لای هابرماس دیدێکی ناتەواوە, چونکە ڕەخنە توانـای ئـەو سـەربەخۆبوونەی نییـە لەفەلـسەفەدا, بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا ڕەخنـەگرتنی لـەمارکس ڕەخنەیەکـە لـەبڕوابوونی بەفەلـسەفەی مارکـسەوە هـاتووە,. نـەك لەڕەتکردنەوەی, ئەوەش لەئەنجامی قبووڵ نەکردنی مارکسیزمە وەك ئـاینێکی سەرزەوی, بەڵکو ئەو مارکس وەك فەیلەسوفێك سەیر دەکات.

هابرماس کاتێ مارکس دەخاتە ژێر ڕەخنـەوە لـەو حەقیقەتـە بەئاگایـە کـە ڕێگای ڕزگاربوون بەمارکسەوە بەستراوە, بەڵام ڕوانینی بۆ مارکسی ناو مێـژوو, ڕوانینێکـە جیایـە لـەو ڕوانینـەی گـادامێر بـۆ مێـژوو هەیـەتی, چـونکەگادامێر دەیویست لەڕێگەی عەقلانیەتی هیرمنیۆتیکی دەقە مێژوویـەکان تـەئویل بکـات ولەناو مێژوودا ئەو ئاسۆیەی تەئویلکار بۆ ئایندە بخاتەڕوو, بەڵام هابرمـاس لـە وەڵام بـە گـادامێر ڕەخنـەی ئـەوەی لێ گـرت کـە مێـژوو توانـای کرانـەوەی بەسەرئێـستا وئاینـدە نییـەوهات لـە پـرۆژەی مـۆدێرنیتی تـەئویلی نـاو نـا(عەقلانیـەتی بـەردەوامبوون) کـە مەبەسـتی شـوێن گرتنـەوەی تیۆرییـە

هیرمنیۆتیکیەکەی گادامێر بوو, ئەوەش وای کرد هیرمنیۆتیکای ڕەخنەیی لای هابرماس ببێتەوە بەشێك لەناو پڕۆژەی مۆدێرنیتی.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**


1- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة/عمرمهيبل, مجلة(نزوى)العدد(22).
2- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ديفيد كوزنز هوي, ترجمة: خالدة حامد, الثقافة الاجنبية, العدد(2)ص14.
3- ئەوجیاوازیەی گادامێر لە ماخر جیاوازبوونی بنەماکانی پڕۆسەی تەئویل نییە, بەڵکو تێرامان و ڕۆچوونی زیاتری ئەو ئاراستانەیە بۆ تێگەیشتن, ئەوە لەکاتێکدا ئەو زمانەوانی فەرامۆش ناکات, بەڵکو بە دیدێکی تر سەیری دەکات, وەك چۆن لەبری(گریمانەی دەق)و(ڕوانینی نووسەر)دێت قوولتر بونیادی دەق تەئویل دەکات, ئەو دوو ئاراستەیە بە(ئاگایی مێژوویی)و(ئاگایی ئیستاتیکی)دەگەیەنێت, بەواتای ماخر گریمانەی نێو دەق وڕوانینی نووسەرلەوگریمانەیەکردبوو بە چەقی سێنتەرەکە, بەوەش(ئاگایی)فەرامۆش کردبوو,گادامێر بەگۆڕینی ئەو سێ ئاراستەیە جیاوازیەکی نوێی بۆ تێگەیشتن درووست کرد.
4- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة.
5- ماوراء الهرمنيوطيقا/ديفيد كوزنز هوي, ترجمة: خالدة حامد, الثقافة الاجنبية,العدد(4)2001, ص18.
6- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة
7- القراءة والتأويل/ ايان ماكلين, ترجمة: خالدة حامد, الثقافة الاجنبية, العدد(1)1999, ص10.
8- سێ پرسیار لەگادامێر/ جاك دریدا, سەردەم ژمارە(17)ل163.
9- غادامير ومهمة الذات في الفلسفة التأويل المعاصر/ علي حسن الربيعي, الزمان العدد(296).
10- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ص9.
11- غادامير والمهمة الذات في الفلسفة التأويل المعاصر/ص9.
12- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ص17.
13- هەمان سەرچاوە/ص13.
14- هەمان سەرچاوە/ص22.
15- من اجل سيميولوجيا هرمونطيقية للذات/ هيوغ. جي. سلفرمان, ترجمة: فاطمة كاظم الذهبي, الطليعة الادبية العدد(2)1999, ص63.
16- ماوراء الهرمنيوطيقا/ص25.





www.dengekan.com
1/14/2007

17- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة.

18– بەلای (د.حریری)یەوە تیۆری زانستی نویٚ سیٚ بابەت لەخۆ دەگریٚ, ئەوانیش(تەکنیکی, ئەزموونی, ڕزگاری)ن, کە دیارە هابرماس زیاتر لەسەر بابەتی سیٚیەم پیٚداگری دەکات.

19– هرمنیۆتیکای ڕەخنەیی/دکتۆر حریری, وەرگیٚرانی: محەمەد ئەمین عارف, ئیٚستا ژمارە 21, ل63.

# بەشی چوارەم
# سیمیۆلۆژیا

# سەرەتایەك بۆ سیمیۆلۆژیا

یەكێك لەو زانستە نوێیانەی ناومیتۆدی ڕەخنەیی كە توانی عەقڵی خۆرئاوا ڕووبەرووی ئەبستمۆلۆژیای ڕەخنەیی بكاتەوە زانستی ئامازە (سیمۆلۆژیا) بوو, بەوەش گوتاری عەقڵی خۆرئاوای خستە ژێر پرسیارەوە, ئەو زانستەش سەرەتا لای فەیلەسووفی ئەمریكی (چارلز ساندرز بێرس) بە ناوی (سیمۆتیكا) ناسرا, دواتر لەلای (فردینان دی سۆسێر) بە (سیمۆلۆژیا) دەركەوت, سیمۆلۆژیا میتۆدێكی ڕەخنەییە بۆ ڕاڤە كردن, دامەزراندنی پێوەندی نێوان ئاماژەو زمانە, خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە كە لەناو زماندا كاردەكەن, ئەوخاڵەش كرۆكی باسەكانی (سۆسێر) بوو چونكە زمان بەلایەوە سیستەمێكی ئاماژەكارییە, بۆیە زمان ناسی دەبێ بە بەشێك لەناو ئاماژە, بەواتای ئاماژەی زمانەوانی ئەو دووانەن كە ناتوانین لەیەكتریان دابڕین, ئەویش (دال/ مەدلول)ن, دال وێنەی دەنگییە.. وێنەیەك هەست پێكراوە, پێوەندی بە هەستەكانەوە هەیە, وێنەیەك بیستن دەبینێ و بە هاوبەشی لەگەڵ بینین وێنای وێنەیەكی زهنی دەكەن, ئەو وێنەیەش گەیشتنە مەدلولە كە گەیشتۆتە فكر, ئەوەش پێوەندیەكی بێسوودەكە بە ئاماژەی ڕەمزی ناودەبرێت, ئەوەش وای لە كەسانێك كرد بیخەنە ژێر

ڕەخنەوە, دیارترین ئەوڕەخنانەش وتارێکی (بنفنیست) بوو لەژێر ناوی (سروشتی ئاماژەی زمانەوانی), ئەوەی (سۆسێر) بە پێوەندیەکی بێ سوود ناوی دەبات, (بنفنیست) بەپێویستیەکی دەزانێ, چونکە هیچ بێ سوودیەك نابینێ لەنێوان پێوەندی دال و مەدلول, لەسەر ئەوبنەمایەش ئەو بۆچوونە دەسڕێتەوە کە ئاماژەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ, ئەوەش بە (ئاماژە / بابەت) ناودەبات, بەوناوبردنەش لە (بێرس) خۆی نزیك دەکاتەوە, بۆیە ئەگەر توانای سۆسێر لە ئاماژەی زمانەوانیەوە دەربکەوێت ئەوا بێرس لە ئاماژەی (نا زمانەوانی) باڵادەستەو توانیویەتی بەتاکتیکی پێشکەوتوو سیمۆلۆژیا لە سنوری بەرتەسك بۆپێوەندیەکانی زمان دەربکات چونکە ویستی کارلەسەر نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بکات و ئاماژە سۆسیۆلۆژیەکان بخوێنێتەوە, نەك بەفەرامۆش کردنی چەمکە زمانەوانیەکان, بەڵکو لەزاراوە زمانەوانیەکانەوە بۆئەو ئاماژە نازمانەوانیانە دەپەڕێتەوە, بۆیە میتا زمان گرفتێکی سەرەکی کارکردنی بێرس بوو لەناو کارکردنی (سیمۆتیکا)دا, لەوکارکردنەشدا هیچ پێوەندیەك لەنێوان (بابەت/ تەئویل)دا نییە, تەئویل سنورێکی ناکۆتا دەبەخشێت بۆتێپەڕاندنی چەمکی ئاماژەکان, ئەوەش لای سوسێر ونە, بۆیە (بێرس) لەئاستێکی فراوانترەوە لە ناو ئاماژە کاردەکات, چونکە ئەگەر لای (سۆسێر) ئەو پێوەندیە پایەکانی لەسەر دال و مەدلول دابمەزرێنێت, ئەوا لای (بێرس) دەبێ بە (شیکەرەوە, بابەت, وێنەدار), ئەو (بابەت)ە لای سۆسێر بوونی نیە, بەڵام بێرس بەدووجۆر لەیەکتریان جیادەکاتەوە (دینامیکی/ ڕاستەوخۆ) ئەوەش پێوەندی کردنی ئاماژەیە بە پێوەندیەکان لەوەی تەنیا ئاماژە نیە نرخی پێ دەدرێت, بەڵکو لەو کاتەدا ئاماژەی بەشەکان هەمان وەزیفەی کارای دەبێت, ئەوەش قووڵ بوونەوەیەتی لە چەمکی فەلسەفی, چونکە (بێرس) دەیەوێ لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە لەناو ئاماژە کاربکات, بۆیە گەڕانەوە بۆ (کانت) دەکاتە (ئەیقونە) تاوەکو لە (لۆژیکی ئەرستۆیی) وەری بگرێت, کە دەیگەیەنێت بە تەعویز

وەرگرتنەوە لە لۆژیکی ئەرستۆیی بۆ (لۆژیکی پێوەندیەکان) کەدەبێ بە ستراتیژی گەیشتن بە سیمۆتیکا ئەوەش بۆ گەیشتنە دەرەنجامەکانی بە (کانت) دا چۆتەوە, چونکە (کانت) بۆ ئەو فەیلەسوفێك بوو, پێشتریش لەبواری فەلسەفە دەیویست لە ڕێگەی زانستی ئەزموونگەری کاری لەسەردا بکات, ئەوەش پشکنینێکی تربوو لەسەر ئەو فەیلەسووفە کەبە لۆژیکی تری گەیاند, چونکە سیمۆتیکا سەرهەڵدانێکی فەلسەفی بوو لەناو (پێشڤە چوون, واقعی, براگماتیکی).

بۆیە هەریەکە لەو دوو ئاماژە ناسە خاوەن تێڕوانینی تایبەتن لە ئاماژە ناسیدا, ئەوەش لەدەرەنجامەکانیدا بەمەعریفەیەکی قووڵی ئاماژە ناسی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە, تابەو هۆشیاریە سیمۆلۆژیەمان بگەیەنێت, کە ئاماژەکان بەپێی سیستەمێك توخمەکانی بەرهەم هێنان پێکدێنێت, کە وادەکات سیمۆلۆژیا دژی هەمووئەودەقانە بووەستێتەوە, ئەوانەی لەناو خۆیاندا دەرگا لە ئاماژەکان دادەخەن, دەرگاداخستن لە ئاماژە سست بوونی زمانە لەناودەقدا, زمان لەو نووسینانەدا توانایەکی کزیان تیاماوەکە ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان لە پێوەندی بەتوخمەکان بپارێزن, بۆیە بونیادی زمان لەناو وەهمێکدایە کە توانای بکەری خۆی لە دەست دەدات, لەوکاتەدا زمان بونیادی فکری و بونیادی ئیستاتیکی دەدۆڕێنێت, چونکە زمان لەبنەڕەتدا لە ئاخاوتن جیادەبێتەوە, وەك تاکە جەستەیەك کارناکەن, بەڵکو ئاخاوتن وەك بونیادێکی زمان کاری خۆی دەکات, ئەگەرچی سۆسێر ئەوەی کەشفکرد کە زمان سیستەمێکی ئاماژەکارییە و ئاخاوتنیش ڕوویەکی ئازادە لەناو زمان, چونکە زمان سەرەڕای ئەوەی هەڵگری فۆرمە, بەڵام ناوەڕۆکێکی سەربەخۆی هەیە, وەك چۆن ئاخاوتن هەرچەندە گوزارشت لەناوەڕۆك بکات, دواجار فۆرمێك هەیە ڕوویەکی تەواوکەریەتی, بۆیە جەخت کردنەوەو گۆڕینەوە لەسەر پێوەندی (زمان / ئاخاوتن) لەڕێگەی ئاڵۆزی ئاماژەکارییەوە دەبێت ئەو دەقانەی زمان تیایدا کزن, کۆمەڵەدەقێکی مردوون

کـه توانـای جوڵـەو بزاوتیـان لەدەسـت داوە, چـونکە (دال) لـەبری پەڕینـەوەو گەیشتن بۆ (مەدلول) جارێکی تر دال بەرهەم دێنێتەوە, ئەوەش بۆ شایی نێـوان (دەق/ وەرگرە), کە شوێنی لە پرۆسەی خوێندنەوە گیراوە, داگیرکردنی شوێنی مەدلول بە دال بەواتای کوشتنی ئاماژەکان دێت, کەوابێ مردنی دەق فـەنابوونی ئاماژەکانە, کاتێ ئاماژەکان لـەناو دەق ون دەبـن زمـان لـەناو وتراوەکـان خـۆی بەگەمەیەکی نیهلیستی خەریك دەکات, کەناتوانێ لەوفـەزا بێهودەیـە دەربـچێت, بۆیە دەقی زیندوو فکرناکاتە لقێکی پێوەنـدی بـە زمـان, بـەڵکو زمـان بـۆ خـۆی دەبێ بەهەڵگری فکر, بۆیە مانەوەی زمان, مانەوەی گوتاری فکرییە.

زمان هاوکێشەیەکە بـۆ دەستنیـشان کردنـی توانـا عەقڵیـەکان کـە مـرۆڤ لـە رێگـەی زمانـەوە خـودی هۆشـیار دەخولقێنێـت, ئـەوەش بـۆ هۆشـیاری زمـان دەگەڕێتــەوە, چــونکە نەســت و زمــان بــەلای (جــاك لاکــان)ەوە, وەك یــەك بونیادنراون, بەواتای توانای نەست توانای زمانە, ئەوەش دڵنیابوونە لە مێژووی زمان, بەوەی پێش ئەوەی نەست هۆشیاری بەگـەڕبخات زمـان هـەبوو, بـەواتای زمان وزەیەکی ئەزەلییە.

زمــان لەرێگــەی سیــستمی زمانــەوانی لــەناو نووســین کاردەکــات, ئــەوەش بایەخدانیەتی بە سیستەمی دەلالی, بەڵام ئەو دەقانەی ڕاسـتەوخۆ پێوەنـدی بـە نووسین دروست دەکەن, تەنها دەیانەوێ هەڵچوونێکی کۆمەڵایـەتی تۆماربکـەن, ئــەوەش نووســینەوەی زەمــەنی ڕووداوەکــانی کۆمەڵگایــە کــە نووســین دەباتــە ئاراستەیەکی ون لە گوتار, چونکە هەسـت بـە ئامـادە نـەبوونی گوتـار دەکرێـت لەدەقدا, ڕاستە گوتارێك هەیە بەڵام لاواز... خاوەن توانایەکی کزە, بۆیـە کاتـێ زمان دەیەوێ بەپێی سیستەمی تایبەتمەندی دەلالی گوتار بەرهـەم بێنێـت, ئـەوا گوتارێك دێنێت کە ئاماژەکارییە, هەڵبەت لەوساتەدا نووسین پلەیەکی باڵا تۆمار دەکـات, بـەوەی (سـاتی گوتـار) پەڕینەوەیـە بـۆ نێـو چـەمکی قـووڵی ڕووداو, خوێندنەوەی سیمۆلۆژیای ڕووداوی گریمانکراوە بۆ نێو زمان, بۆیە ئاماژە خـاڵی

کـارکردنی لەناوئـەو دەقانەدایەکـە سیـستەمێك ڕێکیـان دەخـات و توانـای فرەرەهەنـدی تـەئویلی هەیـە ئـەوەش دەبـێ بەهـەرەمێکی بـەدوا یـەکهاتوو کـە دەقیـان پێکهێنـاوە. لـەژێر سیـستەمێکی دەلالی, بۆیـە ئەگـەر نووسـین دالێکـی ناتـەواوی گەیانـدن بـێ, ئـەوا مـەدلول دەبـێ لـەلایان وەرگـرەوە لـە (سـیاق)ی گەیەنراو تـەئویل بـۆ دالـەکان بکـات, وەرگـر لـەکردەی خوێندنـەوە هەڵدەسـتێ بەکاری نووسین ئەوەش پرۆژەیەکی هاوبەشە ((بەمجۆرەش دەق لەنوێوە خـۆی دەنووسێتەوە, بێ ئـەوەی نوسـەرێك هـەبێ بینووسـێتەوە, کەواتەخوێندنـەوەی بەرهەمهێنەر دەقێکیترە لە نێو دەقی یەکەمدا))[1].

ئـەوەش دۆزینـەوەی ئاماژەیـە, چـونکە ئاماژەکـان لـەناو بونیـادی زمـان کۆبوونەتـەوە, بـۆ دامەزرانـدنی سیـستەمێکی دەلالی بـۆ گوتـاری دەق, ئـەو گوتارەش زیندوویەتی بـەهۆی توانـای ئاماژەکانـە پێکهاتـەی گوتـار لـە ڕێگـەی هەردوو سیستەمی زمانەوانی و دەلالـین, بـەواتای زمـان لـە پێوەنـدی بەمەرجـە گەیەنـەرەکانی (سـیاق) دەکەوێتـە کارکردنـەوە بـۆ سـتراتیژی گوتـار, ئـەویش ستراتیژی تایبەتمەندی ئەو چەمکەیە کە زمانـەوانی لـەناو بونیـادی زاتـی خۆیـدا بەدوای کەشفکردنی مانا دەگەڕێت, ماناش وێنەیەکی زهنـی بەرهـەم دێنێـت کـە گەیشتنە بـە دەلالـەت, ئـەوەش نووسینەوەی جەسـتەی گوتـارە, گوتـار لـەناو میتۆدی سیمۆلۆژیادا گوتارێکی تردادەمەزرێنێ کە (گوتاری ڕەخنەییە), ئەویش پێکهاتەکانی گوتـاری دەقـە لـە پێوەندیـەکی سیانەیی کـە بـریتین لـە (سـیاق, سیستەمی زمانەوانی, دامەزراوەکان) ئەوەش واقعێکی نادامەزراوەییە لە ڕێگـەی ئـامرازە عـەقڵی و ژیریـەکان دەبـێ بـە ڕێکخـەری گوتـار, چـونکە دەق چـاوگەی بابەتە کە پێوەندی ئاماژە بە پێوەندیە ڕاستەوخۆو دینامیکیەکان دەدۆزێتـەوە, لە (سیاق)ی وەرگرتندادەبێتە مەرجی بەرهەمهێنەری گوتار, ئەو مەرجەش بەبێ پێوەندی نێوان(نێرەر/نێردراو) نایەتە دی, بەمانای ئەوەی هەریەك لەوپێوەندیە گوتارێکی سەربەخۆن و لە پێوەندیەکی هارمۆنیدا گوتارێکی تر بەرهەم دێنن, کە گوتاری پێوەندی دوانەییە.

بەواتای (گوتاری سێیەم) خوێندنەوەی وەرگرە, بۆیە ئەو گوتارە تەئویلێکە بۆ دامەزراندن, وێناکردنی گوتارێکی تازەیە کە بەدوای دۆزینەوەی مانای شاراوەی گوتاری یەکەمە, ئەو گوتارە هەرگیز نامانگەیەنێتەوە بەرەو گوتارێکی پێشوو, هێندەی دەیەوێت لە ئێستادا ڕابردوو ئاشکرابکات, ئاشکراکردنی ڕابردووش تەئویلی وەرگرە بۆ گوتاری یەکەم, کەدەسەڵاتی دەق لەتەئویلدا مانامەجازیەکانی ڕادەگرێت بۆ بەجوڵە کەوتنی مانا دواخراوو شاراوەکان, تەئویلی ئاماژەکان پێوەندی نێوان (خود/سەمت)ە, لەو ڕێگەیەوەش پێویستمان بەمانای مەجازی نامێنێ, ئەوەش خوێندنەوەی ستراکتۆریەتی زمانە, کەدەیەوێ خود بناسێ, ناسینیش گەڕانێکی فەلسەفیە بۆ پرسیاری (خۆت بناسە)ی سوقرات.

کەوابێ تەئویل دەیەوێ لەکەناڵی زمانەوانییەوە جۆرە گوتارێکی ئاماژەکاری بنووسێتەوە, ئەوەش گۆڕین و شوێنی دەلالەتەکانە, بەگۆڕینی شوێنی دەلالەتەکان (مانا)کانی مەجاز شاردبوویەوە هەست بەگیانی شاراوەی دەکەین.

ئەوەش لەڕێگەی قووڵ بوونەوەیە بۆ نێو دەلالەتەکانی وەدەستیان دێنین, بۆیە (گریماس) گوتاری یەکەم بە (گوتاری لۆژیکی) ناودەبات, کە جوڵەیەکە حاڵەتی سەرەتایی و کۆتایی هەیە, بەواتای چیرۆکێکە خاوەنی گرێ چنی درامی بۆ گەیشتنە لووتکە, ئەوەش بەمانای بەکارهێنانی تواناکان, کە کۆمەڵە کردەیەکە بۆ وەدەست کەوتنی مەعریفە, مەعریفەش لەو چەمکەی کە گوتار دۆزینەوەی پرسیارە, دۆزینەوەی پرسیار دەسکەوتنی دەسەڵاتێکە بۆوەرگر کە (بییر بۆردیۆ)بە دەسەڵاتی ڕەمزی ناوی دەبات.

ضونكة بةريَكخةريَكى رةمزى دةبينيَت, ئةو رةمزةى لة (ئةيقونة)وة هاتووةو لة (ئاماذة)دا جيَطير دةبآ, ئةوةش لةبةرامبةر (سؤسيَر) هةلَوةستةيةكمان ثيَدةكات, بةوةى ئامادةنةبوونى (بابةت) لاى (سؤسيَر) طريمانى رةضاو نةكردنى ميَذوو لةلامان دروست دةكات, وةك

(فريدريك جيمسؤن) رِةسةنايةتى سؤسيَر بؤجةخت كردنةوةى بؤسةر زمان دةطةرِيَنيَتةوة, ضونكة لة هةركاتيَكدا بة سيستةميَكى تةواوى دةزانآ بةبآ رِةضاوكردنى ميَذوو بؤية زمان بونياديَكى سةربةخؤية كة لة ميَذوو دادةبرِيَت و بؤخؤى لةناو سيستةمى زمانةوانى دةيةوآ طةشةبكات, بةواتاى ميَذو زمانةكة ناطؤرِيَت, بةلَكو زمان ثاريَزطارى لةو مؤركة رِةسةنةى خؤى دةكات, ئةوةش بةماناى مت بوونى زمان نايةت, بةلَكو بةشدارى كردنيةتى لةنيَو سيستةميَك كة (سؤسيَر) نموونة بة سيستةمى يارى كردن لة شةترةنج ديَنيَتةوة, بؤية ئةطةر سيستةميَك لة شةترةنجدا فةرمان بة (قةلآ, فيل, ئةسث) بدات, ئةو سيستةمة لة زماندا فرمان بة ئامادةكان دةكةن بؤ ويَناكردنى طوتارى سيَيةم.

ئـەو گوتـارەش بـەر لـە كرانـەوەی (زمـان) لـەتواناى نـەبوو ئومێـدی بـوونی ڕابگەیەنێت, بەڵام زمان لە کردنـەوەی خۆیـدا هـەوڵی قـووڵ بوونـەوەو ڕۆچـوون دەدات لـەناو گوتـاری یەکەمـدا, ئـەوەش پێوەنـدی گوتـاری دووەمـە بەیەکـەم, چـونکە زمـان لـەو پرۆسـەیەدا دەبـێ بەکـەناڵی گەیانـدنی ئـەو دوو گوتـارە کـە (سـتراتیژی گوتارەکـان) هـاتن و وێنـاکردنی گوتـاری سـێیەمە, ئـەوەش ستراکتۆریەتی پێوەندی زمانـە بۆفـۆرم بـوونی, فۆرمێـك بـێ بـوونی سیـستەم و دەنگـەکان و فکرەکـان بوونیـان نییـە, چـونکە ئـەوە سیـستەمە زمـان دروسـت دەکات, بۆیـە توخمـەکان بـێ ئـەو سیـستەمە دروسـت نـابن و هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایەش (بونیادگەری زمانەوانی) دامەزرا.

## بونیادگەری زمانەوانی

بەهۆی کارەساتی جەنگی جیهانی یەکـەم, دابڕانێکـی ڕۆشـنبیری لـە نێـوان ئەوروپاو ئەمریکا دروست بوو, ئەوەش بووە هـۆی ئـەوەی کتێبەکـەی سۆسـێر (زمانەوانی گشتی) درەنگ بگاتە لای زمانەوانـەکانی ئـەمریکای بـاکور, ئەوەلـە

کاتێکدا لەلای ئەوان توێژینەوەی زمان بەهۆی (فرانزبۆس/ 1858ـ1914) خاوەنی هێلێکی سەربەخۆی زمانەوانی وەسفی بوو, بەڵام بەگەیشتنی (سۆسێر) بۆ ئەمریکا زمانەوانێکی تر دروست بوو ئەویش (ئێدوارد سابیر/ 1884ــ1939)بوو بە تایبەت دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (زمان)لە (1921) بەو کتێبە توانی کاریگەریەکی گەورە دروست بکات, کەئەمرۆ بە (بونیادگەری زمانەوانی) ناودەبرێت, بەو کارەش وەك (سۆسێر) گەیشتە دۆزینەوەی ئەو ئاستە بۆ زمان کە (جیاوازی نێوان دوو دەنگ مانای قسەکەرنییە بۆ زمان, تەنها ئەوکاتەی لەگەڵ بونیادی دەنگی گونجاوی (یاخاڵە نمونەییەکان) بۆ ئەو زمانەی کەلێی دەدوێت))(2) ئەوەش پێوەندی (ئاگایی خود) بوو بۆ زمانەکەی لەسەر ئاراستەی دەنگی, کە بە میکانیزمێکیتر پێوەندی (زمان /ژیار)ی بەیەکەوە دەبەستەوە, لەرێگەی توێژینەوە لەسەر مێژووی خێڵەکان کە پێوەندیەکی ئەنترۆپۆلۆژی زمان بوو, ئەوەش دیاری کردنی پێوەندی زمانە بە مێژووی خود.

بۆیە کتێبەزمانەوانیەکانی دوای خۆی کەلەلایەن (لیۆنارد بلۆمفێلد)و (پریگرۆسمپ) نووسران, نەیانتوانی زمانەوانی ئەمریکی لە کاریگەری (ئیدوارد سابیر) رزگار بکەن, چونکە بەلای ئەو زمان تاکە میکانیزمی گوزارشتە لەکۆمەڵگا بۆ دەست نیشان کردنی گۆشەگیری خودو پێوەندی بە کۆمەڵگاوە, نەك (جیهانی بابەتی)و (چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان), ئەوەش وادەکات لە ئامادە نەبوونی زمان پێوەندیەکان بپچڕێن و تەنها خودی زمانەکە پێوەندی و چالاکییەکان بەیەك دەگەیەنن, چونکە هەموو چالاکیەکانی کۆمەڵگا بۆ زمان دەگەڕێتەوە, (زمان)یش پێوەندی رەمزبوونە بە ژیارەوە, ژیاریش خوڵقاندنەوەی زمانە, بۆ ئەوەش (سابیر) (زمان و رۆیشتن) دەخاتە پرۆسەی فێربوون, رۆیشتن.. کردەیەکە دوای پێگەیشتنی خانەبایەلۆژیەکانی جەستەی منداڵ لەلایەن دایك و باوکیەوە فێردەکرێت کە چۆن بڕوات, ئەوەش نەریتێکی

کۆمەڵایەتییەو دەبێ پەیڕەو بکرێت و پێوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە نییە, ئەوەی پێوەندی بە زمانەوە هەبێ مەحکوم بوونی هەردووکیانە, مرۆڤ چۆن مەحکومە بەوەی بڕوات, ئاواش مەحکومە بە زمان, بەلاّم (ڕۆیشتن) غەریزەیەکە پێگەیشتنی خانەکانی جەستەبەجێ دەگەیەنن, کەچی (زمان) تەنیا پەیوەستە بەوەزیفەی ڕۆشنبیری, بۆیە((جیاوازی نێوانیان بەگەورەیی دەمێنێتەوە لە نێوان گوزارشتی نائیرادەیی لەهەست و جۆری ئاسایی لەگەیشتنی فکرەکان کە ئاخاوتنە))[3].

بەمانای ئاخاوتن لە شێوەی ئاسایی خۆیدا هەوڵی گەیاندنی دالەکان دەدات, بەلاّم (هەست) هەڵدەستێ بە جوڵەی نائیرادەیی کە لە توانای ئەو بەدەرە, ڕۆیشتنی منداڵ و پێگرتنی لەو قۆناغە هەنگاوێکە بۆ بازدان لە قۆناغی گاگۆڵکێوە ئەوەش پێویستی بە ئیرادەیەکە بەدەر لە ڕۆشنبیری, کە کۆمەڵگا وەك نەریتێك بۆ گەورە بوون پیادەی دەکات, لەبەرامبەر ئەوەدا(ئاخاوتن) سیستەمێکی دەنگی بەڕێوەی دەبات بۆ گەیشتنی فکر, ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات, کەدەکرێت منداڵێك فێری ڕۆیشتن نەبێت, بەلاّم زمانی هەبێت بۆ پرسیار, چونکە دواجار زمان توانای پرسیاری لادروست دەکات بۆ ڕۆیشتن. لەسەر ئەو بنەمایەی کە سێنتەری زمان لەناو مێشکدایە, بەواتای هەردوو کردارەکە چاوگەکەیان مێشکە, بەلاّم (هەست) دەیەوێ توانا نائیرادەییەکان بسەپێنێ, کەچی(زمان) دەیەوێ بۆخۆی گەشە بکات و پارێزگاری لەبوونی خۆی بکات, ئەوسا پرسیار بۆ گۆڕان بێنێت, چونکە زمان ئامرازێکە توانای ژیان کردنەوەبەری ئەو زنجیرە پێوەندیەی هەیە کە کۆمەڵگا لە چەمکە سادەکەیەوە بۆ چالاکیەکانی دەیگەڕێنێتەوە, کەلە بنەماوە تەنیا خودی زمان لەتوانایدایە ئەوچالاکیانە گەشەپێ بدات زمان تەنیا گوزارشت لە فکرناکات, چونکە لەدەرەوەی گەیشتنی فکر دەق دەنووسێتەوە ئەوەش ڕێکخستنی سیستەمێکی زمانەوانی و پێوەندی دەلالیە, کەواتە (خود) دەیەوێ لە ڕێگەی

نووسینەوە بەدوای ئازادی گەردوونی بگەڕێت ئەوەش کەشف کردنی نەزانراوەکان و دۆزینەوەی پێوەندیە شاراوەکانە لەڕێگەی زمانەوە, زمان ئاوەژووی پێوەندیەکان دەنووسێتەوە, لە ڕێگەی فڕێدانی کۆمەڵێك ئاماژە, ئەو ئاماژانە نووسین لە ناودەق کۆدەکەنەوەو جیهانێك دادەمەزرێنن لەسەر پێوەندیەکی زمانەوانی کەلە دەقێکی تر ناچێت, چونکە سیستەمێك پێوەندیەکانی لەناو سەربەخۆی ئاماژەکان پاراستووە, ئەگەر ئامێری (پیانۆ) بە نمونە وەربگرین کەهەرئەو ئامێرەیە هەموو پیانۆژەنەکان دەیژەنن, بەڵام هەریەکەو پارێزگاری لە ئاماژەکانی خۆی دەکات, بۆیە ئەوەی لای (شۆپان) هەیە تەواو جیاوازە لەو ئاماژانەی کەلە ڕێگەی دەنگی مۆسیقی ترەوە (باخ) ئاراستەمان دەکات, چونکە ئاماژەکان خاوەن زمانێکن لەیەك ناچن, ئەوەش ڕێکخستنی ئاماژەکانە کە سیستەمێك زمان لەناو (دال)ی گەیاندن ڕێك دەخات, بۆیە ئەو (دال)ەی لە سەمفۆنیای (دەریای بەستەڵەك)ی چایکۆفسکی وێنای جیهانێکی ئاماژەکاریی دەکات, کە پێشنیاری قوڵبوونەوە بۆ نێو دەریادەخاتە ڕوو, زمانێکە لەلای (بتهۆڤن) لەسەمفۆنیای (قەدەر) مەترسیەك هەیە, ترسێکی سایکۆلۆژیە, هەڵگری ڕەهەندێکی فۆبیاییە, ئەوەش چاوەڕوانی دەخاتە پرۆژەی مەرگدۆستیەوە, بەڵام ئەگەر هەر ئەو چاوەڕوانیە بەراورد بکەین بە (چاوەڕوانی) پیانۆژەنی ئێرانی (جەواد مەعروفی) دیسان چاوەڕوانی یەك ئاماژە بەرهەم ناهێنێتەوە, دالێك هەیە لای (مەعروف)ی — دال—ی چاوەڕوانیە, ئەوەش لەڕێگەی دەنگەکانەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێ, لەکردەی وەرگرتن وەرگر وێنای وێنەیەکی هزری دەکات, وێنەی چاوەڕوانیە ئەو وێنەیە ترسێکی سایکۆلۆژی هەڵنەگرتووە, پێشبینی مەرگ ناکەین, بۆیە مەرج نییە ئاماژەی زمانەوانی پارێزگاری لەو یەکەیە بکات, بەڵکو دەکرێ (ئاماژەی نازمانەوانی)ش بەهەمان شێوە ئەو هێڵە سەربەخۆیە بپارێزێت, چونکە زمان بەتەنها ئاخاوتن بەئاماژە داناباتە خوارەوە, بەڵکو بەشەکانی

تری زمانیش بەتەواوکەری جەستەی زمان دەزانێت, تەنانەت ئەو بەشانەی تەنها دەنگن, بەڵام لەتواناییاندایە رۆڵی رستەیەك بگەیەنن, بۆ نموونە دەنگی (چ..چ..چ.. چ) هەمان واتای ئەو رستەیە دەدات بەدەستەوە (چ کارەساتێکی گەورەیە..!) بەمانای ئێمە لەبەردەم تراژیدیاکاندا, ئەوتراژیدیانەی ماهیەتو لۆژیك لەزمان وەردەگرنەوە, دەتوانین تەنها دەنگ دەربڕین, چونکە بوونی تراژیدیاکان, ونبوونی زمانە لەپێوەندیەکان, بۆیە ئەو دەنگانە لەزماندا دەرناکەینە دەرەوە.

(ئێدوارد سابیر) ئەوەشی بۆ رون کردینەوە کە هەرسیستەمێکی زمانەوانی خاوەن پێودانگێکی ئیستاتیکیە ئەو پێودانگەی دەکرێ لەزمانێکی تر هەڵگری ئەو خاسیەتە نەبێ, تەنانەت بەشەرمیش نابڕێ, بۆیە کاتێ رووبەڕووی دوو دەقی زمان جیاوازدەبینەوە, دەبینین هەریەك لەدەقەکان لەناو زمانەکەی خۆیدا چەمکێکی ئیستاتیکی زمانەوانی فەزای دەقەکەی داگیرکردووە, بەڵام بۆ زمانەکەی تر ئەو چەمکە ماناکانی خۆی لەدەست دەدات(4).

چونکە زمانی دەقەکان بەپێی ئەو سیستەمە تایبەتمەندە نووسراون, کە زمان پێوەندیە سیۆسیۆلۆژیەکان گریمان دەکات, بۆیە لە وەرگێڕانی دەقەکان بۆ زمانێکی تر وێنە شیعریەکانی ئەو چەمکە ئیستاتیکیە زمانەوانیە لەدەست دەدات, بەو جۆرە کارکردنەش لەسەر زمان (ئێدوارد سابیر) توانی زمانەوانی ئەمریکی بەرەو سیستمێکی تر بێنێو لە (فرانزبۆس) رزگاری بکات, بەڵام لەڕێگەی پشت بەستن بە گێڕانەوەی حیکایەتەکان.

زمانی بەدامەزراوێکی نەستی سەیردەکرد کە لەمرۆناسی جیانابێتەوە, بەو کارەش هەوڵیدا لایەنێکی گرنگ بایەخ پێبدات, کە زمانەوانەکانی تر فەرامۆشیان کردبوو, ئەویش (ئەنترۆپۆلۆژیا) بوو, بۆیە لە روانگەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیەوە لەزمانی دەکۆڵیەوەو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای دەبەستەوە بەمێژووی زمان, ئەوەش بەمەبەستی گۆڕینی (دال–مەدلول)ی سۆسێر بوو بۆ

(ڕەمز/فکر) زمان بەلایەوە دەبووە ئەو ڕەمزەی کە کاری بۆ دامەزراندنی فکر دەکرد, بەوەش زمانی بەناو کلتوردا ڕۆدەبرد تاوەکو بەهۆی زمانەوە (مێژووی ژیار) وەدەست بێنێت, وەك لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانی هندیەکانی ئەمریکا ئەنبجامیدا, توانی بگات بە مێژووی ژیاری کۆمەڵگاکەیان, کەواتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بناسین دەبێ توێژینەوەی زمان بکەین, دیارە ناشتوانین لەزمان بگەین ئەگەر لەکەناڵی ئەنترۆپۆلۆژیەوە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکەین, هەریەك لەو دووانەش ئەرشیفێکە بۆ ئەوەیتر, بۆیە چیرۆکی ژیاری کۆمەڵگا, چیرۆکێکە زمان پێوەندیەکانی ڕێکدەخات لەڕێگەی توێژینەوەی (ئەنترۆ- سۆسیۆلۆژی) ئەو توێژینەوەیەش لەهەوڵەکانی پێشوو جیای دەکردەوەو کردی بە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی (بونیادگەری زمانەوانی) هەر بۆیە ماهیەتی (ئیدوارد سابیر) شتێکی ئەوتۆی لە (سوسیر) کەمتر نییە, بەوەی توانی ئاسۆیەکی نوێ بۆزمان بدۆزێتەوە.

## فۆرمالیستی ڕووسی

زمان پێویستی بە ڕزگارکردنی ناوەکی هەیە, ڕاڤەکردنی بونیادگەرانەش بۆ زمان, ئەو توانایە لەئەستۆ دەگرێت لەڕێگەی پێوەندی زمان و ئەدەب, چونکە ئەدەب سەرباری ئەوەی سیستمێکی ئاماژەکاریە, ئەوا سیستمێکی تر هەیە, کە زمانە, هەر ئەویشە ئاماژە دەکاتەوە بە سیستم, بۆیە زمان فۆرمێکە توانای دامەزراندنی سیستمێکی فۆرمالیستی هەیە, ئەوەش سەربەخۆیی زمانە کە سیستمێك پێوەندی لەنێوان ڕەگەزەکان دروست دەکات, هەموو ئەو ڕەگەزانەش پێوەندیان بەیەکەوە هەیە, بەدوای ئەو بەشانە دەگەڕێن کە ستراتیژی پێوەندیەکان دیار دەخات, ئەوەش بەهۆی وەزیفەکانیان دەردەکەون.

بۆیە فۆمالیستە روسەکان لەسەر بنەمایەکی هەرەزانستی لەتیۆری ئەدەبی نزیك دەبوونەوە بەوەی هەوڵی کردنەوەی زمانیان دەدا, کرانەوەش

دۆزینـەوەی ئامـاژە بـوو لـەناو پرۆسـەی نووسـین, ئـەوەش پێوەندیـەکی تـری لـەنێوان دەق و وەرگـر دروست دەکـرد, بۆیـە کاتـێ (کلیـنش بـرۆکس) لەسـەر گۆڕانکاریەکی هۆراس مارفێل سووربوو کەوا مانیفێستێکی سیاسی نییە, بەڵکو وەك هەر دەقێکی تر سەیری دەکرد, کەزمان تیایدا کۆمەڵە بونیادێکن بوونـە بەدامەزراندنی گوتارە ئەدەبیەکـە, ئـەوەش کـارکردنێکی وردبینانـەبوو لەسـەر زمـان کـە دەقـە کرچـەکانی لەباڵادەسـتی زمـانی دەقـەکان جیـادەکردەوە, ئەوەش خولّقاندنی چێژی جوانکـاری بـوو لـە پێوەندیـە زمانەوانییـەکان, ئـەوە سـەرباری ئـەوەی کـەتوانی ئـیتر نووسـەر بەسەرچـاوەی نهێنیـە رەهایـەکان دانەنێت, چونکە لەکرانەوەی زمان نهێنیەکانی دەق نامێنێت, بەڵکو وەرگر ئـەو زمانە راڤەدەکات. ئەوبارو دۆخە سیاسیەی ئـەوان تیایـدا دەژیـان لـەباربوو بـۆ دەرکـەوتنیان, چـونکە کاتـێ شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر هەڵگیرسـا, ئـەوان تـەنها دوو ساڵ بوو دەستیان بەکارکردن کرد بوو, بەوەش توانیان تێکـەڵی شـۆڕش بـبنو هۆشیاری کۆمەڵگا لەچەمکێکی مرۆییەوە بـەکار بخەنـەوە, بـۆ ئـەوەش "زمـان هۆشی بە بەر ئەوشتانە پێدەکردنـەوە کـەببووە بابـەتی ئاسـایی لـە هۆشـیاری رۆژانەمان"(5).

(شکۆلۆفسکی) هۆش کردنەبەری ئەو شتانەی کە ئیـدراکیان پێدەکـەین بـە یـەکێك لـە ئامانجـەکانی کـاری هونـەری دەدانـێ (ئیـدراك) لـە (زانـین) جیایـە, چـونکە شـتە زانراوەکـان بابـەتن, بـەڵام (ئیـدراك) فۆرمـە کـە رۆدەچـێتە نێویۆتۆپیاکـاتی جـوانی, دەسـکەوتنی ئـەو یۆتۆپیایـەش توانایـەکی قورسـی دەوێ, میکـانیزمی دەسـکەوتنی تـەنیا جیهـانی ئەزموونکاریەتـە.. بەتـەنها بەزموون دەکرێ ئەو فۆرمە وەدەست بێت, ئەوەش رەخنەی رووسی بۆ زمـانی شتەکان (نووسین, ئاماژە, جلو بەرگ) گۆڕی, بەوەش زمانو ئاخـاوتن لەیـەك جیاکرایـەوە, ئـەو کـارەش تـا رادەیـەك بـۆ گەڕانـەوەی یـەکێك لـە قوتابیـەکان سۆسێر دەگەڕێتەوە کە لە 1917 گەڕایەوە مۆسکۆ کـەناوی (کارشـفکی) بـوو

لەو كارانەی (كارشفكی) ئەنجامی دەدا, وای لە رەخنـەگرەكان كـرد بایـەخێكی تایبەت بدەن بە پێوەندی دەنـگ بەشـیعرەوە, بـەوەش رەزمـی شـیعر بـوو بـە رەزمـی زمـان, ئـەوەش جیاوازیـەكی بنـەڕەتیان هەیـە, چـونكە شـیعر بـەهۆی شاعیرەوە رەزمی خۆی گریمان دەكات.

ئەگەر شۆڕشی ئۆكتۆبەر سەرەتا پێشوازیەكی گەرمی لێكـردن, ئـەوا دواتـر لــە 1924 هێرشــی خۆیــان بۆســەر فۆرمالیــستەكان راگەیانــد لەلایــەن (ترۆتسكی)یـەوە بۆیـە شـۆڕش ئیـدی دەرگـای كـاركردنی لێ تـەسـك كردنـەوە, دوای چوار ساڵ لەو هێرشانەیان دواجار بەیەكجاری رەتیان كردنـەوە, ئـەوەش بووە مایەی ئەوەی فۆرمالیستەكان بڵاوەی لێ بكەن, چونكە شۆڕش دەیویست ماركسیزم وەك ئاینێكی بەشـەری سـەیربكات, بـەو كـارەش شـۆڕش كەسـێكی وەك (شكۆلۆفـسكی) ناچـاركرد رووبكاتـە سـینەما, و ئـیتر نووسـینەكانی بـۆ سینەما تەرخان بكات, ئەگەرچی ئـەو پێشتریش خولیـای بـۆ سـینەما هـەبوو, هەندێ كاری بچوكی لە رووی نووسینەوە ئەنجامـدا بـوو, بـەڵام رەتكردنـەوەی لەلایەن كۆمۆنیستەكانەوە وای كرد بە یەكجاری رووبكاتە سینەما.

وەك چۆن (یاكۆپسن)یش ناچاربوو رێگای كـۆچ بگرێتەبـەرو رووسـیا بـەجێ بێڵێت لەگەڵ ئەوەی هەریـەك لـەوان پەراگەنـدەبوون, بـەڵام شـۆڕش بـەردەوام بـوو لەسـەر هێـرش كردنـە سـەریان, ئەگەرچـی ئـەو كـارەش نـەبووە مایـەی دەستەوەســانیان, بــەڵكو لــەپرۆژەی نووســین بــەردەوام بــوون, ئەگەرچــی كاریگەری فۆرمالیستی بەسەر بڕواكانیان مابوو بەتایبەت لەسـەر نووسـینەكانی (تۆماشفسكی).

فۆرم نابێ بەتاكتیكی بكەر بۆ ستراتیژی مۆدێرنیزم, بـەڵكو تـاكتیكی بكـەر زمانە, دواجار بەر لەگەیشتنی فۆرم بەرهەم دێـت, فـۆرمیش دەبـێ بەشوناسـی مۆدێرنیزم. شوناسێك كە زمان وەدەستی هێناوە, هـەر ئـەو زمانـەی كـاری بـۆ فۆرمی نوێش كردووە, هـەر ئەویـشە لەپـشت فۆرمـەوە بابـەتی نـوێش دروست دەكات, بەڵام "ئامانجی فۆرمی نوێ تـەعبیر كـردن لـەناوەڕۆكێكی نـوێ نییـە,

بەڵكو فۆرمی نوێ دێت تـاجێی ئـەو فۆرمـە كۆنـە بگرێتـەوە, كـە ئـیدی بـەهاو توانای ئیستاتیكی خۆی لەدەستداوە"[6].

بەواتای فۆرم چەندە بـۆ نوێكردنـەوەی خـۆی دێـت, هێنـدەش مەبەسـتێتی گۆڕان بەسەر بابەتەكانیش دابێنێت, ئەوەش تێڕوانینێكی فكریـە دەیـەوێ ئـەو رەخنەیەی بە ئایدیای ئەخلاقی دیسلین كرابـوو كودەتایـەكی بەسـەردا بێنێـت لەڕووی بایەخدان بە فۆرمـەوە, چـونكە رەخنـەی رووسـی تـا دە سـاڵ بـەر لـە سەدەی بیستەم لە ئایدیایە رزگاری نەببوو, فـۆرمو پێودانگـە ئیـستاتیكیەكان كێشەی رەخنـە نـەبوو (میرژۆفـسكی) و (فلادیمێـر بریۆسـۆفی)و چـەندانی تـر هـەوڵی ئەوەیانـدا بنـەماو سیـستمی دەقو پێودانگـە جوانكاریـەكانی پێوانـەی دەق بن, ئەوەش هاتنی ژیارێك بـوو كـە پەیوەسـت بـوو بەشـارەوە, سـەدەی بیستەم سەدەی شاربوون بوو.. شار بەمانای ژیار, كـە ئیـدی فـۆرم گوتـارێكی ئیستاتیكی دادەمەزرێنێت ئەوەش گەیشتن بوو بە چێژێك, كە لەڕێگـەی هەوڵـە تیۆریەكانی (شكۆلۆفسكی) یەكەم بـەردی بنـەما سـەرەتاییەكانی فۆرمالیـستی دامەزراند, كە تا ئەمڕۆ كاریگەریـەكی گـەورەی بەسـەر تێـورە ئیـستاتیكیەكان هەیەو (یاكۆپسن) لە كتێبێكدا كاریگـەری (شكۆلۆفـسكی)و هاوڕێكـانی بەسـەر نەخشەی شیعری نوێی رووسی دیار ی كـرد, كاتـێ لەچـلەكان خاسـیەتەكانیان دەركـــەوت (وجودیـــەت)و (بونیادگـــەری) كەوتنـــە ژێركاریگەریانـــەوە (فۆرمالیـستەكان) توانیـان یەكـەم ئاسـۆی زانـستی رەخنـەی رووسـی لەلایـەن (بۆریس ئاخنیام, تۆماشفسكی, تینیانۆف, ژیرمۆنسكی) لەبەردەم شاكارەكان (لێرمـەنتۆف, گۆگـۆل, دستۆفـسكی) ئـاوەڵا بكـەن, سـەربارەی ئـەوەی فۆرمالیـستەكان لەگـەڵ خۆیانـدا چـەند نـاوێكی تـازەی رەخنـەیان هێنـا دیارترینیان (ڤینۆگرادۆڤیش)و (ئۆسـپ بریـك) ئـەوەی دواتریـان بـەهۆی كـەمی نووسینەكانی كـە زیـاتر تیـۆریین بـۆ فـۆرمو ماهیـەتی زیـاتر لای (قوتابخانـەی براگ) ئاشكرادەبێت, بۆیە (بریـك)و (گینۆكـۆر) زیـاتر هـەوڵی چەسـپاندنی ئـەو بنەمایانـەیان دەدا كـە فۆرمالیـستی لەسـەری دەوەسـتا, ئـەوەش (گیـورگی

ڤینۆکۆر)ی سووورتر دەکرد لەسەر پێوەندی زمان بە تایبەت لەسەر شیعرەکانی (مایکۆفسکی), بۆیە فۆرمالیستەکان لەگەڵ (مایکۆفسکی)و فۆتۆریستەکانی تر پێوەندیەکی بەتینیان هەبوو.

فۆرمالیستی دەیویست پێوەندیە زمانەوانیەکان لەناو دەقدا بدۆزێتەوەو پشت بەو بونیادە دەرەکیانە نەبەستن کە دەیانەوێ هێڵێك بەدەق بگەیەنن, ئەوەش رەخنەیەك بوو لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو, چیتر رەخنەگر نەدەبوو ئەو پۆلیسەی رەگەزو توخمەکان بگرێتو کارەکتەر ئەشکەنجە بدات, بەو جۆرەش دەیانوویست تەنها پێوەندی بەخودی ئەدەب گرێ بدەنەوە, دەقی ئەدەبیان لەرەهەندە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکەی دادەبڕی, ئەوەش سەربەخۆیی پانتایی دەقە بەوەی دەبێ لەواقیع جیابێتەوەو مێژووی کۆمەڵگا.. مێژووی نووسین نەبێت, بەوەش (مێژوو) یان لە (نووسین) جیادەکردەوە, نووسین دەست نیشانکردنی شوێنگەی (ئێستا) بوو, بۆ ئەوەی بەدیدێکی سەردەمیانە سەیری مێژوو بکەین, ئەوەش سەلماندنی بۆچوونی فەلسەفی (هیگل) بوو کە زیاتر لەلای (ئاخنبام) کاری بۆ دەکرا, بەوەی نابێ (زەمەنی مێژوویی) بە (زەمەنی ئێستا)ی نووسینەوە ببەسترێتەوە, چونکە زەمەنی نووسین.. سەیرکردنەوەی مێژووە لەئێستادا, واتە بۆ ئەوەی مێژووبناسین, نابێ ئێستا دووبارەبکرێتەوە, بەڵکو نووسین لە (ئێستا)دا هەوڵی ناساندنی (مێژوو) دەدات, چونکە (مێژوو) توانای خولقاندنی (ئێستا)ی نییە لەناو ئەو دەقانەی کە دەیانەوێ بەرەو رابردوو بگەڕێنەوە ئەوەش (ئۆسیب بریك)ی زیاتر قوڵ دەکردەوە لەو مەسەلەیەو تا گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ "ئەگەر پۆشکینیش نەبوایە, یەڤگین ئۆگین هەر دەنووسرا"(7).

ئەو بۆچوونە بەلای (بابەك ئەحمەدی)یەوە زیادە رۆییە, چونکە (بابەك) پێی وایە نەك هەر (بریك) بەڵکو لەو تێڕوانینە (شکۆلۆفسکی)یش تووشی موفارەقە هاتووەلەبەرامبەر (مێژوو)دا, بەوەی کاتێ دەیەوێ توانایەکی خودی

بۆ مێژوو دروست بکات, بە ئاگاییەوە تەسلیمی دەسەڵاتی مێژوو دەبێتەوە, چونکە "هەر وێناندنێك دەبێت ئیدراکێکی نوێ سەبارەت بە بابەتەکە بەدەستەوەبدات, نەك ماناکەی دووبارە بکاتەوە"(8), ئەو قسەیە هەرگیز بەوە لێك نادرێتەوە کە فۆرمالیستی توانای دامەزراندنی بنەمایەکی زانستی بۆ رەخنە نەبووە, بەڵکو خاسیەتەکانی نوێگەری لەلای فۆرمالیستی رۆشنن.

ئەوەتا کاتێ لەشەستەکانی سەدەی بیستەم, رەخنەی ئەڵمانی زۆر درەنگ ئاوڕیان لێ داونەتەوە, ئەوەش بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندیەی لە رەخنەدا ئاشکرایان کرد, بەتایبەت لەنامۆبوونی زمان, وەك (شکۆلۆفسکی) لەدەقەکانی (تۆلستۆی) کاری لەسەر دەکات, چونکە لەلای (تۆلستۆی) پرسیاری وەرگر گەڕانە بەدوای فۆرم لە رێگەی پێوەندی خوێنەرو دەقەکەدا, ئەوەش بۆ ئاشکراکردنی دەقە لەلایەن خوێنەرەوە, تاوەکو نووسین ئاراستەیەکی تری هێز وەربگرێت وەك لە رۆمانی (شەڕو ئاشتی)دا بۆ ئەوەی بەقوڵایی فەنتازیاکانی شەڕمان ببات, هەوڵی دەرخستنی ئەو وێنانە دەدات, کە توانای ئیدراکی قووڵی هەیە, کە دوای ئەمیش (وێتمیزسترێن) بە رۆمانی (تراسترام شاندی) توانی شۆڕشێك لەبواری فۆرم بەرپابکات.

## قوتابخانەی پراگ

یاکۆپسن هاندەرێکی سەرەکی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە بوو, کەوای لە زمانزانی چیکسلۆفاکی (ماتیسیۆس) کرد لەساڵی 1926 بڕیاری راگەیاندنی بدات, هەر لەسەرەتاوەش بایەخیان بە (زانستی دەنگی ئاخاوتن) دەدا, بەتایبەت لەرووی تیۆری ئەدەبیو هونەری, هەوڵیان دەدا زمان دۆزینەوەی تیۆری ئەدەبو ئیستاتیکای دەق بێ, بۆیە ئەگەر رەخنەگرانی پێشوو لە صیکسلۆفاکیا بابەتی سەرەکی رەخنەکانیان بریتی بوو لە (زمانی شیعری, کێش, شێواز) ئەوا بەدەرکەوتنی دیارترین کەسی ئەو قوتابخانەیە (مۆکارۆفسکی) رەخنەش لەو شێوازە گۆڕانی بەسەر داهات, تەنانەت ئەو

بایەخـــەی (ئۆتۆكـــازریچ) بـــۆ (شـــیعریەتی شـــوێن)و (دیـــدگای ســـایكۆلۆژیا)و (ئیستاتیكای مۆسیقا) لای ئەو رەتكرایەوە, لەبری ئەوە بایـەخی بـە كـەلتوری چیكسلۆفاكی دەدا وەك لە كتێبی (تێرامانەكان لـەبارەی ئیـستاتیكای شـیعری چیكسلۆفاكی) 1923, دەیویـست سـێ شـاعیری ناوەراسـتی سـەدەی نـۆزدە لەیەك جیابكاتەوە, ئەوانیش (نیرۆدا, وجك, فرجلكی) بـەو كـارەش ئـەوەی لای ئەو دەبووە مایەی سەرنج راكێشان كاركردنـە بـۆ (كـار, وەرگـر) ئـەوەش ئـەو گریمانەیە كە (فلیكس خۆدیشكا)ی قوتابی دەستی كەوتووە لـەنێوان شـێوازی (دیاردەگـــەری) ئینگـــاردن و نموونـــەی بونیادگەرانـــەی مامۆســـتاكەی چـــونكە مامۆســـتاكەی كـــاری هونـــەری بـــە ئاژاوەیـــەك ناودەبـــات بـــۆ رێكخـــستنی پێوەندیـەكان, بـەپێی وەزیفـەی ماناكـان چارەسـەری كۆمـەڵێك بابـەتی كـۆنی ناسراو دەكاتو رێكیان دەخاتەوە, بـەپێی رێكخستنەوەی پێوەندیـەكی نـوێ, ئەوەش بەها بەخشینە بە ئیستاتیكا, گەرانەوەیە بۆ چێژێك كـە پێوەندیـەكانی لەســـەر ئێـــستا دابمـــەزرێت, ئـــەوەش كـــاری رێكخـــەری ئـــەو سیـــستەمە بـــە ئاژاوەگێرییـــە, , كـــە (مۆكارۆفـــسكی) لەرێگـــەی ئـــاڵۆزكردنی پێوەندیـــەكان دەكەوێتە كـاركردن, ئەگەرچـی لـەو تاكتیكـە زمانەوانیـەدا, دان بـە كاریگـەری (بێرسن) نانێ, بەڵام لـە (دینامیكیـەتی پێوەندیـەكان) هەسـت بـەو كاریگەریـە دەكرێـت, بۆیـە تـاكتیكی بێرسـانەی مۆكارۆفـسكی گەیـشتنە بـە (سـتراتیژی زمان), بۆ ئەوەی ناراستەوخۆ (بێرسن) رەتبكاتەوەو (سۆسێر) قەبووڵ یكـات, دێت (ئەرنست كاسرەر) دەخاتە ژێر رەخنەوە, سەبارەت بەو وتراوە نوێیانـەی لـــەبارەی (كانـــت)ەوە لـــەكتێبی (فەلـــسەفەی فۆرمالیـــستی رەمزیـــەت) نووسیوویەتی, كە پێش ئەو (بێرس) لەسیمیۆتیكا گەرابوە بۆ كانت, بۆیـە ئـەو چـــەند بیـــەوێ بێـــرس رەتبكاتـــەوە, بـــەڵام لەبنـــەماوە كاریگـــەری ئـــەوی بەســـەرەوەیە, مۆكارۆفـــسكی دەیـــەوێ لەبایەخـــدانی بـــەرەمزەكان بـــەرەو (سۆسێر)یش بگەرێتەوە, ئەوەش سەربەخۆبوونێكی زاتیە بە (رەمز)و(زەمـەن)

پێوەندیەکی ناڕاستەوخۆی ئۆبجێکتە بە واقیع, کە خوازیارە ئیستاتیکا بەمارکسیزم ببەستێتەوە, ئەوەش دوای ئەو هەوڵانەی دەستی پێکرد کە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات, بۆیە مارکسیزمی بەو جیهانە دەزانی کە تەنها لەڕێگەی ئەو جیهانەوە دەتوانین بگەینە راستی, ئەوەش دروستکردنی پێوەندی بوو لەگەڵ مارکسیزم, بەو کارەش دەیویست گونجاندنێك لەنێوان ئەو دوانە دروست بکات, ئەوەش لە تەنیا ئاڕاستەیەکی زمانەوانی نەبوو بۆ (داهاتوو) بەڵکو ئاوڕی لە (رابردوو)ش دەدایەوە, ئەوەتا کۆمەڵێك رەخنەی ئاڕاستەی فۆرمالیستەکان کردو لەڕووی زانستیەوە رەتی دەکردنەوە, بەتایبەت رەخنەیەکی زۆری لەنووسینەکانی (تینیانۆف) دەگرت لەڕووی راڤەکردنی ناوەکی بۆ دەق, ئەوەش دوان بوو لەسەرپێوەندی (ئەدەب)و (کۆمەڵگا) ئەوەی فۆرمالیستەکان بە (هونەری پێشڕەو) ناویان دەبرد, ئەو هونەرەی بە هونەرێکی لاسایی کەرەوە ناودەبرد, کە لەژێر کاریگەری (هونەری میللی)یەوە هاتۆتە بوون, بەوەش رەخنەی لە (سۆسیۆلۆژیای هونەری شکۆلۆفسکی) دەگرت, بەتایبەت بۆ کتێبی (تیۆری بڵاوکردنەوە) بۆ چەمکی بونیاد لای (مۆکارۆفسکی) لە فۆرمی دەرەکی جیایەو, ئەو چەمکە لای ئەو یەکگرتنی ناوەکی هەمووانە, لەڕێگەی پێوەندی ئاڵوگۆڕی بەشەکان, ئەوەش لەو رابردووە فەلسەفیەی ئەوەوە هاتووە. بەتایبەت لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەل, یا بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری زمان, سەرەتا لەلای (سۆسێر)ەوە دواجار بۆ (کارل بۆیهلەر), هەروەها بایەخدانی بەفەیلەسووفی پۆڵەندی (رۆمان ئەنقاردن) بە تایبەت بۆ کتێبی (کاری هونەری) بەمەبەستی بایەخدان بە ئیستاتیکای زمانەوانی, یا بۆ کتێبی (فەلسەفەی هونەر)ی برۆدەرکریستیانن, کە دەیویست ئیستاتیکای ناوەڕۆك لەکاری هونەری جیابکاتەوە, بە مەبەستی دەستنیشان کردنی رۆڵو بایەخدانی بە ئیستاتیکا وەك بابەت, ئەوەش وروژاندنی فەلسەفیە بۆ کاری هونەری: کە ئایا پرۆسەی

هەر پرۆژەیەكی هونەری بەدەركردنی ئیستاتیكا چیمان پێ دەبەخشێت!؟
ئەو پرسیارەش ماهیەتی پرۆسەی هونەری بۆ بنیات نانی زمان دەگەڕێنێتەوە كە دامەزراندنی ئیستاتیكایە, ئەوەش بۆ فەلسەفەی ئەو رەمزانەی ناو زمانە كەلای (بێرس) لەوەوە دەچنە سەر ئاماژە, چاوگە كەشیان (ئەیقونە)یە, ئەو رەمزانەش فۆرم لەتەك سیستەمی زمانەوانی بەكاردەخەن, بۆیە "ئەگەر وامان دانا كە وێنەو فكرو هەستەكان ناوەڕۆكن, هەردەبێ ئەوەش بڵێین كە توخمە زمانەوانەكانیش فۆرمن"[9].

ئەوەش بەها وەرگرتنەوە نیە لە (ئاماژەی زمانەوانی) بەڵكو لەشێوەیەكی بایەخداری وەك زمانەوانی سەیری دەكات, ئەگەرچی فۆرمی پێ مەزنتربێت چونكە بە بەشێكی ئەوی دەزانێت, بۆیە فۆرم ئەو سیستەمە نازمانەوانیەیە كەبێ بوونی ئەو كاری هونەری تەنها گێڕانەوەیەك دەبێت, گێڕانەوەش بەبێ زمان ناتوانێ (سیستەمی دەلال) وەدەست بێنێت.

ئەوەش هاوتەبابوونی (مۆكارۆفسكی)یە لەو خاڵەدا لەگەڵ فۆرمالیستەكان, كە فۆرم وەزیفەی دەبێتە (شێواندن)و (رێكخەر) فۆرم شێوازێك بۆ ئاخاوتن دەدۆزێتەوە, دەیەوێ زمانەوانی لەهێڵێكی ئاسۆیی لەگەڵ دەقەكاندا بڕوات, بۆ ئەوەش لەڕێگەی فۆنۆلۆژیا دەیەوێ (بیستراو)و (دەنگ) لەشیعردا لەیەك جودا بكاتەوە, بۆ ئەوەی پێوەندیە هەرەمەكیەكان رێكبخەنەوە لەسەر ئاڕاستەی ئەو دەنگانەی بوونیان پێوەندیەكی تر بەمانا دروست بكات.

## قوتابخانەی باختین

سەدەی بیستەم ئاسۆیەكی نوێ بوو بۆ فكری مرۆیی كە كۆمەڵێك گۆڕانكاریی لەگەڵ خۆیدا هێنا, ماركسیزم بوو بەو گوتارەی توانی ئاسۆی فكری مرۆڤ بگۆڕێت, دوای شكستی بەلشەفیەكان لەبەرامبەر قەیسەردا روویەكی تری ئەو فەلسەفەیە لەلایان (لینین)ەوە دەركەوت, ئەویش وەبیرهێنانەوەی ئەو حەقیقەتەی ماركس بوو, كە ماركسیزم بڕوای بە

ریفۆرمیستیەت نییە, وەك بەلشەفییەكان تێیگەیشتبوون, بەڵكو دەبێ كودەتا بەسەر سیستەمی سەرمایەداری بێنێت, ئەو تێگەیشتنەی لینین بۆ ماركسیزم لە واقعی حاڵی تاكتیكی بەلشەفیەكان دەركەوت, كاتێ داوای تەمەن درێژیان بۆ قەیسەر دەخواستو ئازادیش بۆ خۆیان, ئەوا پیاوانی قەیسەر بە گوللە وەڵامیان دانەوە, بۆیە بە گۆڕینی تاكتیكەكان شۆڕشی ئۆكتۆبەر هەڵگیرسا, ئەو شۆڕشەی سەرەتا رێگای بە فۆرمالیستەكاندا بە ئازادی خۆیان كاربكەن, بەڵام دواتر بەدوای كتێبەكەی ترۆتسكی (ئەدەبو شۆڕش) بەتەواوی بەر بەستیان خستە رێگایان, چونكە ماركسیەتیان بەدەقێكی پیرۆز دەبینی كە شایەنی رەخنە لێگرتن نییە, هەر بۆیە كاتێ لە 1933 (بلۆمفێلد) كتێبە زمانەوانیەكەی بەناوی (زمان) چاپكرد كە (باس لەتیۆرییە رەوشتیەكەی خۆی دەكا لە راستیە زمانەوانیەكاندا, بەشێوەیەك (لبشی) لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ماتەریالیزمی میكانیكیەوە ئیلهامی وەرگرتووە, نەك لەماتریالیزمی مێژووییەوە, ئەو كارەشی لەلایان هەندێ كەسی ماتەریالیستی دیالەكتێكییەوە بەئایدیالیزمێكی رووت دانرا"[10].

بۆیە شۆڕشی ئۆكتۆبەر بەدوای هاتنی فۆرمالیستەكان پێویستی بە قوتابخانەیەكی زمانەوانی هەبوو كە داكۆكی لەشۆڕش بكاتو بەرەو رووی رەخنەكان بوەستێتەوە, بەوەی ماركسیزم لەزمان جیانەكەنەوە كە دواتر لەنێوان فۆرمالیستو ماركسیزم ئەوەی شۆڕش خەونی پێوە دەبینی لەلایان (قوتابخانەی باختین)ەوە هاتەدی كە هەریەك لە "میخائیل باختین, باڤێل مدفیف, ڤالنكین ڤۆلۆ شینۆف" دەیانوویست بەوكارەیان زمان لەبونیاتی فۆرمالیستانەوە بپەڕێننەوە بۆ ماركسیزم, بەوەی گریمانە مێژووییەكانی ئەو فەلسەفەیە بگەڕێننەوە بۆ نێو ئەدەب, لەرێگەی بەستنەوەو دروست كردنی پێوەندی لەدیدێكی ئابووریانەوە بە گوتاری سۆسیۆلۆژیا دەگەیەنرا, ئەوەش

کێشانی بازنەیەك بوو بەدەوری زمان, ئەو بازنەیەش ئایدیۆلۆژیا بوو, چونکە لای ئەوان زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوو.

بۆیە لەلای (ڤۆلۆشینۆف) وشە دەبێ بەئاماژەی کۆمەڵایەتی کە توانای وەدەست کەوتنی مانای هەیە لەساتە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیەکان, بەوەش وەزیفەی ئاماژەیان گۆڕی بۆ چەمکێکی چینایەتی, ئەگەرچی (باختین) لەڕووی خوێندنەوەی بۆ دەق, هەواڵی لێ کرانەوەی زمانی دەداو جەختی لەسەر (زمان)و (ئایدۆلۆژیا) دەکردەوە, بەڵام ئامادە نەبو خاڵێك بۆ کۆتایی دابنێت, بەڵکو دەیویست ئاسۆیەك بۆ پێشڤەچوون‌و خوێندنەوە واڵابکات, ئەوەش لەژێر ئەو ڕۆشناییەوە کە بەلایەوە دەق بینراوێکە.. نەبینراوەکەی سیستەمی زمانەوانییە, نەبینراوی دەق لە داخستنی زمان لە ئەیقونە, ڕێگای وەدەستکەوتنی نابێت, کاتێ ئەیقونە بینراوەکانی دەق تەئویلی کۆمەڵێك ڕەمزدەکات, ئەوا ئاماژەکانی نووسین ڕێگایەك بۆ دۆزینەوەشیان دەدەن, ئەو ڕێگایەش کرانەوەی زمانە, کە لەودیوو دەق نەبینراوبوو, ئەو خوێندنەوەیەش بۆ کرانەوەی زمان دراشتنەوەی نووسینە, ئەوەش (باختین) پێوەندی (ڕۆشنبیر)و (کۆمەڵگا)ی پێ دروست دەکرد, ئەگەرچی ئەو پێوەندیە لەلایادی خودی‌مارکس خۆیەوە لەچلەکانی سەدەی نۆزدە تیشکی هاویشتۆتە سەر, بەڵام ئەو پێوەندیەی مارکس لێیەوەدوا, تا سەدەی بیستەم تەنها لەدوو تویێ کتێبە نووسراوەکان مایەوە, بەڵام لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو پێوەندیە دەپەڕێتەوە نێو میتۆدە ڕەخنەییەکان, دیارە بەلای مارکسیزم گۆڕانی فەلسەفی یەکێکە لەو توانا ڕەخنەییانەی ئەو فەلسەیە, بە واتا ئەوەی ئەو چەمکەی مارکسی لەفەیلەسووفەکانی ترجیادەکردەوە, ئەوەبوو کە مارکس ئەو تێزەی پێچەوانەکردەوە, گوایە مرۆڤ لەڕێگەی ئامادەگی سۆسیۆلۆژی هۆشیاری دابین دەکات, چونکە بەو کارە هۆشیاری مرۆڤ دەسڕدرێتەوە, ئەوەش دروست کردنەوەیەکی تری فەلسەفی بوو بەجیهانەوە, ڕەخنەگرتن

بوو له سیستەمی عەقڵی هیگلیزم, چونکە (هیگل) دامەزراوە یاساییەکان بەداهێنانی عەقڵی مرۆڤ دەزانی, کەچی (مارکس) هەوڵیدا ئەو بۆچوونە شکست پێ بێنێت, بەوەی (هەموو دامەزراوە عەقڵیەکان (ئایدیۆلۆژی) بەرهەم هێنانی بوونێکی ئابووری‌و واقیعێکی کۆمەڵایەتین)[11] ئەوەش بەمانای چەمکی کلتوری واتایەکی سەربەخۆی نییە, بەڵکو قۆناغە مێژووییەکان گریمانی ئەو کلتورە دەکەن لەڕێگەی "ئاکار, ئاین, فەلسەفە" ئەوەش ئەو خاڵە بوو کە (مارکس)و (ئەنگلس) لە "ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی" جەختێکی زۆریان کردۆتە سەری, کەواتە ئەو پێوەندیەی نێوان (رۆشنبیری, کۆمەڵگا) پێوەندی ئاماژەیە بەفکرەوە, کە پێشتر بەر لە (باختین) زمانەوانی سویسری (سۆسێر) بەجەخت کردنەوەی بۆ زمان دیدی فیلۆلۆژی (جۆن لۆك)ی دووبارە بوژاندەوە, ئەوەش دواتر لای فۆرمالیستەکان بووە بنەمایەکی سەرەکی بۆ کارکردن, کە توانی سیستەمی ئامادەگی لەڕێگەی ئەو بۆچوونەی (لۆك)ەوە تێکبشکێنێت, بەوەی ئەدەب پانتاییەکی سەربەخۆیە بۆ راڤەکردن‌و خوێندنەوە, کە دواجار (قوتابخانەی باختین) هەوڵی وەرگەڕاندنی ئەو بۆچوونەی‌دا, چونکە ئەدەب لای ئەوان جیهانێکی سەربەخۆی ئاماژەکان نەبوو, بەڵکو ئەو زمانە لە ئایدۆلۆژیا دانابڕێت ئەوەی لەوساتەدا رۆڵی ئایدیۆلۆژیا دەگەیەنێ (وشە)یە, بۆیە لای ئەو قوتابخانەیەوە (وشە) توانای ئەوەی هەیە هاودژبێتەوە لەگەڵ خۆیدا, چونکە ململانێی نێوان (ئایدۆلۆژیا/زمان) لەپانتایی وشەدا دەسازێنرێت, بەڵام بەتێپەڕینی زەمەن ئەو بڕوایەی باختین کەوتە ژێر رەخنەوە, چونکە دەق پێویستی بەئازادبوون بوو لەو گوتارە دەرەکیەی کە ئایدیۆلۆژیا خۆی هێناوەتە ناو زمانەوە, دەق پێویستی بە گوتارێکی ناوەکی ناو بونیادی زمان هەیە, کە توانای ئەبستمۆلۆژی بەرهەم بێنێت, لێرەدا دەبێ (باختین) نەخەینە ناو بازنەیەکی تەسکی ئایدیۆلۆژی, راستە ئەو بڕوای بەو پێوەندیەی نێوان (ئەدەب)و

(ئایـدیۆلۆژیا) هـەبوو, بـەڵام رەخنـەی لـەو کەسـانە دەگـرت, کـە نـاتوانن لەچوارچێوەی دەقەکانی ئایدیۆلۆژیا لابدەن, مەبەستی لـەو نووسـەرانەبوو کـە دەیانوویـست ئەدەبەکـەیان ببێتـە ئاوێتەیـەك بـۆ فەلـسەفەی مارکـسیزم, ئـەو تێگەیشتنەی باختین بەدڵی دەسەڵات نەبوو, بەڵام هەر چۆنێك بێت بـۆ ئـەوان (باختین) لە (فۆرمالیستیەکان) باشتربوو.

چونکە فۆمالیستەکان ئایدیۆلۆژیایان نەدەهێنایە نـاو دەق, بـەڵکو نووسـین بەلایانـەوە بۆخـۆی ئایدیۆلۆژیایـەکی سەربەسـتە کـە دەق دەخوڵقێنێـت, لـەو بارەیەشــەوە "بــاختین جــەخت دەکاتــەوە کــە قوتابخانــەی فۆرمالیــستی جوانکاری کەرەستەی بونیادنانە, چونکە کێشەکانی خوڵقاندنی شـیعری کـورت دەکاتــەوە بــۆ مەســەلە زمانەوانیــەکان"(12) لەکاتێکـدا ئـەو توانایانـەی تـر فەرامۆشی دەکـات کـە پێوەنـدی (بابـەت)و (زمـان) دروسـت دەکـەن, ئـەوەش بەلای (تۆدۆرۆف)ەوە خۆ جیاکردنەوەی (باختین)ە لـە فۆرمالیـستەکان, زمـان تەنها لەئاستێك دەرناکەوێت, بەڵکو لە ئاسـتەکانی (هـەواڵ/نوانـدن) کارەکـانی خۆیان زیـاتر رادەپـەڕێنن, ئاسـتی (نوانـدن) وەك ئـەوەی لای فۆرمالیـستەکان هەبوو, زمان وەزیفەی گێڕانەوە نەبوو, چونکە زمانـەوانی کۆمـەڵێك رووداوە بـۆ یەکگرتنــەوەی توخمــەکانی دەق, کەسیــستەمی نووســین دەبــێ بەرێکخــەری ئاخـاوتن, بـەڵام لای (بـاختین) بایـەخ بـە ئاسـتی (هـەواڵ) دەدرا لەرێگـەی (وشــە)وە هــەوڵی دروســت کردنــی پێوەنــدی دەدا لەگــەڵ دەوروبــەرە کۆمەڵایەتیەکە, بەوەش وشە خـۆی دادەبڕێت لەوشـەکانی دەقـی تـر, چـونکە سنوری ئاماژەکانی زمان لەرێگـەی ئـەو سیستمە زمانەوانیـە دەردەخـرێ, کـە بەشێکی لـەئاخاوتن خـۆی دەردەخـات, ئـەوەش چـەند پێوەنـدی ئایدیۆلۆژیـە بەدەقــەکان هێنــدەش بــوارێکی کراوەیــە بــۆ دیالــەکتیکی دەق تــاوەکو پێکهاتــەکانی زمــان لــەناو دەقـدا پێوەنـدی نێـوان (دەق/خوێنـەر) لـەڕووی ئایدیۆلۆژیای بدۆزێتەوە, بۆیە (وشە) کە رۆڵـی ئایـدیۆلۆژی دەبینـێ بـچوکترین بەشی بەردەکـەوێت, ئـەوەش بۆخـۆی چـەمکێکی تـر لـە ڕووی ئایـدیۆلۆژیا بـە

باختین دەبەخشێت, کەنەك هەر لەمارکس جیابێت, بەڵکو لە کەسانی وەك (ئالتۆسێر, گۆڵدمان, گرامشی, فۆکۆ)ش جیابێت, ئەوانەی دوای ئەو هاتن بەڵام چەمکی ئایدیۆلۆژی باختین مەسەلەیەکی ترە, هەر ئەو واتا بەخشینەیەتی بەئاماژەوای لێکردووە شوێنێکی دیار بۆخۆی بدۆزێتەوە, کەتەواو جیاواز بێت لەئاماژە ناسەکانی ترو ببێت بە قوتابخانەیەکی تایبەت لەپاڵ قوتابخانە زمانەوانیەکانی تر لەجۆری قوتابخانەکانی "جنێف, نیۆیۆرك, کۆپنهاگن".

(قوتابخانەی جنێف) دەیویست سەر لەنوێ چارەسەر بخاتەڕوو بۆتیۆری زمان (چارلزبالی) کە بە دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت, هەوڵیدا شێوازی عەقڵانیانە بخولقێنێت, لەوەی گوزارشتە هەڵچووەکانی زمان بشکێنێتەوە, لەوەشدا گەشەی بەو تیۆرەی (سۆسێر)دا, کە دەبێ زمان‌و ئاخاوتن لەیەك جیابکرێتەوە, (ئەلبرت سیشهایی)ش بایەخی بە فاکتەرە زمانەوانی‌و دەروونیەکان دەدا لەڕستەدا, دیارە لەئەمڕۆدا (هنری خرای) دیارترین کەسی ئەو قوتابخانەیەو لەکارەکانیشیدا دەیەوێ بە پێوەندیە ڕێکخەرەکاندا بچێتەوەو بەپێی تێگەیشتن لە (سۆسێر) چارەسەری بکاتەوە بەڵام هەرچی (قوتابخانەی کۆپنهاگن)ە بەتەواوی خۆیان وەك گروپێکی توندڕەو دەردەخست, لەوەی زمان فۆرمەو ناوەڕۆك نییە, لەو ڕێگەوەش خوازیار بوون (زمان/ نووسین) بەتاکە زمانێك بناسن, ئەوەش خاڵی هەرە سەرەکی جیاوازییان بوو لەگەڵ (قوتابخانەی براگ), چونکە ئەگەر (قوتابخانەی براگ) دەیویست زمان ستراتیژێکی ڕەوان بێ بۆ دامەزراندن, ئەوا لەلای (قوتابخانەی کۆپنهاگن) زمان‌و نوویسن دوو توخمن لەبونیادە هەمە جۆرەکان, بۆیە هەریەك لەو قوتابخانانە هەوڵیدا گەشە بەتیۆرە زمانەوانیەکەی سۆسێر بدات‌و ئیدی سەدەی بیستەم بوو بە سەدەی زمان کە ناکرێ ئیتر فەرامۆش بکرێت, بەڵکو بەو دەرگا کردنەوەیە توانیان چەندین قوتابخانەو ڕەوتی جیاواز بهێننەدی, ئەوەش وای کرد حەتمیەتی زمان ببێ بە

پێویستییەك لەوەی زمان زانستێكەو لەناو زانستەكانی مەعریفە رۆڵێكی سەرەكی هەیە بۆ گەشەكردنو پێشڤەچوون, ئەو سەرەتایەش بوو بە دەروازەیەك بۆ (ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی) لای (شتراوس)و دواتر (رۆلان بارت) هەموو ئەو هەوڵانەی چڕكردەوە بەوەی بنەمایەك بۆ (سیمۆلۆژیا) دابنێت, هەر ئەو بنەمایەش بوو وای كرد (دریدا, ئیكۆ, كریستیفا) گەشەی پێ بدەنو (سیمۆلۆژیای هاوچەرخ) بخولقێننو دواجار (چۆمسكی)ش زمان بەئاقارێكی فكریو دامەزراوەی عەقڵیدابباب.

**پەراوێزو سەرچاوەكان:**


1- البعد السيميائي للسياق/ باسل حاتم-ايان ميسن /ترجمة (سلمان حسين) الثقافة الأجنبية عدد (1) 1998.

2–ئاگایی زمان.. زمانی ئاگایی/ عبدالمطلب عبدالله/ دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/سلێمانی 1999.

3- البنيوية وعلم الأشارة/ترنس هوكز /ترجمة (مجيد الماشطة) سلسلة المائة كتاب (بغداد) 1986.

4- مدخل للتعرف باللغة/ إدوارد سابير-ترجمة (سعيد الغانمي) اللغة والخطاب ألأدبي (بيروت) 1993.

5– رۆجەر فاولەر لەوتاری (ما القواعد) پەندێكی فەرەنسی دێنێتەوە, دیارە كاتێ (سەعید غانمی) ئەو وتارە وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی, بەلایەوە ئەو پەندەی (فاولەر) هێناویەتیەوە كەمتر لەعەرەبی نزیكەو ئەو پەندێكی تر دێنێتەوە كە لێیەوە نزیك بێت, بۆ ئەوەش پشت دەبەستێ بە پەندێكی كوردی لەبری فەرەنسیەكە, بۆیە هەر بە رێنوسی كوردی دەنووسێت "هەر زمانێك لەراستیا ئادەمیزادە" بڕوانە" اللغة والخطاب الأدبي–اختيار وترجمه (سعيد الغانمى) المركز الثقافي العربى (بیروت) 1993/ لاپەڕە (64).

6- النظرية الأدبية المعاصرة/ رامان سلدن ترجمة (سعيد الغانمي) المؤسسة العربية للدراسات (بيروت) 1996.

7– فۆرمالیستە رووسەكان/ بابەك ئەحمەدی, وەرگێڕانی (ئازاد بەرزنجی) گەلاوێژی نوێ ژمارە (2).

8– هەمان سەرچاوە.

9– هەمان سەرچاوە.

10- النظرية الأدبية والاستطيقا عند مدرسة براغ/رينيه ويليك, ترجمة (د.محمد عصفور) الثقافة الأجنبية-عدد (1) 1988.

11- بنچینە زمانەوانیەکانو لێکدانەوەی فەلسەفەی بونیادگەری/سەعید غانمی وەرگێڕانی (فایەق ڕەحیم) گەلاوێژی نوێ ژمارە (9) ئابی /1998.
12- النظرية الأدبية المعاصرة/ رامان سلدن, ترجمة (سعيد الغانمي) المؤسسة العربية للدراسات-بيروت/ 1996.

## ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی

ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی گەڕانە بەدوای مێژووی زمان, ئەوەش توێژینەوەیە لەبارەی ئەرکیۆلۆژیاوە, کە ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوری لەڕێگەی "زمانزانی, ئەنتۆلۆژیا, ئەرکیۆلۆژیا" دەیەوێ بەرەو زەمەنێکیدوور بگەڕێینەوە, تاوەکولە ئەفسانەکانەوە زمان بناسین, بۆیە شتراوس[1] توێژینەوەکانی لەوکۆمەڵگایانەوە دەست پێکردکە لەدەرەوەی مێژووی نووسیندا بوون, ئەوەش بۆ پەیوەندیی نێوان ئەفسانەو زمان بوو, ئەفسانەش"پەیوەندیی بە سیستمی زمانەوە هەیەوبەشێکی جیانەکراوەشە لە زمان,کەچی زمانیش لەئەفسانەدا هەندێك لە تایبەتمەندیەکانیخۆی دەردەخات"[2].

بەواتای بەرلە زەمەنی خولڤاندن ئاوڕ لەوکۆمەڵگایانە دەداتەوە, وەك خۆی دەڵێت"ئێمە دەزانین کە نووسین لە خۆرهەلاتی دەریای ناوەڕاستدا لە

دەوروبەری سێ تا چوار هەزار ساڵ بەرلە زاین هاتۆتە کایەوە کە داهێنانێکی گەورە بوو"[3].

ئەوە مانای وایە دوای چاخەب ەردینەکان دەرکەوت, چونکە چاخە بەردینەکان لەئەنجامی گەشەکردنیان شێوەی نووسینیان تۆمارکرد, ئەوەش زیاترلەئاستی"نواندنی زمان" نزیکە نەك "ئاستی هەواڵ", ئەو شێوە نووسینە هەوڵی بە دواندنی زمانێکی وێنەیی دەدا, ئەگەرلەسەر پاشماوەی ئەشکەوتە کۆنەکان وورد بینەوە, ئەوسا لە مێژووی ئەوزمانە دڵنیا دەبین کە بەدوای هاتنی چاخی بەردین نووسین هاتووە, نووسینیش درووست کردنی مێژووە, دامەزراندنی دەسەڵاتە, چونکە ئاماژەیەکە"لەکارەکانی دەسەڵات لەلایان دەستەیەك لە مرۆڤ بەسەر مرۆڤەکانی ترەوە"[4].

نووسین چەند جەختکردنەوە بێت لەسەر دەست پێکردنەوەی هۆشیاری ورازینەبوون بە کۆیلایەتی, بەڵام سەرەتای تەقینەوەی ململانێی مرۆڤە,کۆمەڵگا ئەوکاتەی دەگات بەژیار ئەوسا سەرەتای هەنگاونانیەتی بۆ پرسیار وردردۆنگی لەبەرامبەرهێزەدەرەکیوگومانەبوونگەراییەکان لە بەرامبەر دەستە چەوسێنەرەکان.

ئەو شێوە زمانەی سەر ئەشکەوتەکان, زمانی مرۆڤی سەرەتایی مێژووی نووسین بوو, چونکە ئەو مرۆڤە توانای قسەکردنی نەبووە, بۆیە شتراوس بە گەڕانەوە بۆ ئەو زەمەنە دەیەوێ بەرلەوەی زمان لە بنەما سەرەتاییەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت,لەگەشەکردنی ئەو زمانە توانای مرۆڤ بۆ لێك گەیشتن بدۆزێتەوە, کەبەر لەویش"ئێدوارد سابیر" بۆ توێژینەوەی زمانەوانی بایەخی بە ئەنترۆپۆلۆژیا دابوو, ئەگەرچی پرۆژەکەی شتراوس زۆر لەکارەکەی ئەو جیاواز بوو, چۆن؟ چونکە ئەگەر لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا بێت کە نووسینی وێنەیی ئاماژەی زمانەوانیە, کە سیستم لەو نووسینەدا بە تەنها خودیی ئاماژەکەیە نەك زمانەکە, ئەوە دەبێ بڵێین ئاماژە زمان دەخولقێنێت, ئەوەش زیاتر ئاماژەی وێنەین, بەڵام دواترلە دوای بە فۆرم بوونی


www.dengekan.com
1/14/2007

وێنە پەیوەندیی زمان درووست دەکات, بەوەش وێنە سەرەڕای وەزیفەی خۆیکارێکی تریشی پێ ڕادەسپێردرا, کە تێگەیشتنە لە یەکتری ودرووست کردنی مێژوویەکە, بەوەش هەوڵی خۆ چڕکردنەوەی دا لەناوکۆمەڵە ئاماژەیەك کە سیستمێکی دیاریکراو بۆ نواندن بگرێتە خۆ, هەر بۆ نمونە: "ناڵی ئەسپ ئاماژەیە بۆ ئەسپ"

مێژووی ئەو نووسینە دەکەوێتە پێش نووسینی"هیرۆگلیفی"ش, بەواتای پەیوەندیەکانی مرۆڤ وزمان ئەو درووستیکرد, پەیوەندیی مرۆڤ بە دەورووبەر, ئەوەش پەیوەندی یمرۆڤ بوو بەو هەموونەریت و ڕەفتار وجولەیەیکە لە دەوری دان, بەدوای ئەوقۆناغە وهاتنی شێوەیەکی نوێی نووسین کە بە"لۆگۆگرافیك" ناسراوە, نووسین چووە ئاستێکی ترەوە,لۆگۆگرافیك ڕێکخستنی ئاماژەکانی نووسین بوو, ئامـاژەی لە فەوزای تێگەیشتن دەربازکرد, ئەو ئاماژانەی لەنووسینی وێنەیی چەند دەلالەتێکیان دەگرتەخۆ, ئەو دلالەتەکەی ڕوون کردەوە, بەوەش ڕەمز ئاماژەکەی دەکردە زمانێکی یەکگرتوو, تاوەکو نەکەوینە هەڵەی مێژوو, ئەو مێژووەی بەبێ زمان ناتوانین بۆکۆمەڵگا درووستی بکەین, مێژووی کۆمەڵگا.. مێژووی زمانە, زمان سەرەتای چوونە نێو ژیاری کۆمەڵگایە, کۆمەڵگای بێ زمانیش خاوەنی ژیار نییە, چونکە لەو حالەتەدا ئەو کۆمەڵگایە خاسیەتی تێگەیشتنی نییە ولەبەردەم فیکردا ئاسۆیەکی ناڕۆشنە, بۆیە زمان خولڵقاندنی فیکرە, ئێمە کاتێ مرۆڤی سەرەتایی تەنها لە شێوەی گیاندارێکی ترسناك دەهێنینەوە یادمان, هۆیەکەی ئەوەیە ئەو مرۆڤە توانای زمانی نەبووە بەنەبوونی هیچ زمانێکیش نەبووە بەخاوەنی هیچ ژیارێك, بەڵکونەتوانراوە لەگەڵ ئاژەڵان جیا بکرێتەوە, چونکە یەك جولەی گریمان کراوی ژیان بەڕێوەیان دەبات.. ئەویش گریمانی غەریزەییە, غەریزەی زۆربوون ومانەوە, مانەوەش مێگەل بوونە, بۆیە زمان بۆ ووشیاربوونەوەی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤە, ئەوەی کۆمەڵگای سەرەتایی دەکات بەمێگەلی ژیانێکی ئاژەڵیانەیەو زمان لەکۆمەڵگای هاوچەرخ لەسەر لۆژیکی چەمکی عەقلانیەت بەرهەم دێت, ئەوەش زمان

بەخشینە بە دیاردە ژیاریەکان,, ئەگەر زەنگی دەرگا وەربگرین ودووجۆرە دەنگ بە نمونە بێنینەوە, ئەوسا دەتوانین چەمکی زمان لە کۆمەڵگای هاوچەرخ تێبگەین, دەنگی یەکەم ئەو زەنگەی لەبەشی هەرە زۆریماڵەکان باوە دەبینین ئەو دەنگە بۆ بەئاگابوونە لەکارێك وراکردنە بۆلای دەرگاکە, بەلاّم دەنگی دووەم"دەنگی بولبول" ئەو دەنگە بە مانا یهاتنی میوانێکی ئازیزە, هەڵبەت خاوەن ماڵ بە خۆشحاڵیەوە خۆی بۆ پێشوازی ئامادە دەکات, ئێمە کاتێ گوێمان لەدەنگی بولبول دەبێت وەك دەنگی پێشوو ڕاناکەین, چونکە ئێمە ناچینە فریای کەسێکەوە بەڵکو بۆ پێشوازی میوانەکەی ئەودیو دەرگاکە دەچین, با بۆ تێگەیشتنی زیاتر دوو دەنگیتر بێنینەوە, ئەگەر بەدەگمەنیش بێت هەندێك ماڵ زەنگێك بەکار دێنن کە دەنگی"حەپینی سەگە" کاتێ دەبینە میوانی ئەو ماڵانەولەزەنگی بەر دەرگاکە دەدەین,کە دەنگی سەگ بەرگوێی خاوەن ماڵدەکەوێت نەك میوان, بەلاّم ئەگەر هەمان نمونە بگوازینەوە بۆ ئەو زەنگەی "دەنگی پیانۆ"یە ئەو دەنگە ناچارمان دەکات بەردەوام شاعیریەتێك ورۆمانسیەتێکمان تیا بێت بۆ پێشوازی میوانەکانمان, چونکە دەنگەکە بەرەو ئە ورۆمانسیەتەمان دەبات, ئێمە دەزانین ئەو دەنگانە ڕەمزن بۆ کردنەوەی دەرگا, بەلاّم ڕەمزی یەکەم دەبێتە ئاماژەیەکی جاڕسکەر"زەنگی تەقلیدی, دەنگی سەگ" بەلاّم کاتێ پەنجە بە زەنگەکەوە دەنێین وبەکاری ئەیکون هەڵدەستین و زەنگەکە دەبێ بە دەنگی بولبول یا پیانۆئەوەش ئاماژەی خۆشنودی لەناومان درووست دەکات, وامان لێ دەکات لە ئاماژەی جاڕسکەرەوە بەرەو ئاماژەی خۆشنودیەوە سەیری سەردانی میوان بکەین.

ئەوەش پەیوەندیی کردنی دەنگە بە زمانەوە کە شتراوس لە یاکۆپسنی وەرگرتووە دەیوویست بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا بیگوازێتەوە, ئەگەرچی لە لێکۆلینەوەکەیدا لەژێ رناوی"ڕاڤەکردنی بونیادگەرانە بۆ زمان وئەنترۆپۆلۆژیا" لەو نووسینەدا وای ناوبردکە"دەرکەوتنی زانستی وەزیفەکانی دەنگ وەك

کایەیەکی سەربەخۆ وایە لەناو زانستی زمانەوانی کە وەك شۆڕشێکە دەکرێ بەراووردی بکەین بە شۆڕشی ئەتۆمی"[5].

ئەوەش وای لێکرد مرۆڤ بە زمان ناو ببات و"زمان"یش بەکۆمەڵگا, ئەنترۆپۆلۆژیای کردە پەیوەندیەکی دوانەیی لەنێوان مرۆڤ وزمان, بۆیە کاتێ لە 1950 کە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات گەڕایەوە پاریس, تا پێنج ساڵ هیچی ئەوتۆی بڵاو نەکردەوە, دواتر لە 1955بە کتێبی(گەرمیانیە خەمناکەکان) توانی بە توێژینەوە لە ژیانی مرۆڤ, مرۆڤ بەرەو بونیادی فیکریی کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە, ئەگەرچی ئەو کتێبە دوای مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدای فۆکۆ نووسرا, بەڵام ناوبانگێکی زۆری بۆ درووست کرد, چونکە تێگەیشتنی نوێی لەبەرامبەر مێژوودەربڕیی کە بریتیە" لە دابڕانێکی تەواو لە تێگەیشتنی کلاسیکی بۆ خودیی فەلسەفی, لیڤی شتراوس دەریدەخست کەکۆمەڵگا سەرەتاییەکان لەناوەڕۆکدا وەك کۆمەڵگا مۆدێرنەکانن"[6].

ئەوەش نەك هەر لە تێگەیشتنە کلاسیکیەکان جیای دەکردەوە, بەڵکو لە "فۆکۆ"ش جیا دەبۆوە, ئەوەی فۆکۆ بەکاریگەری کۆمەڵگای مۆدێرنیتی ناوی دەبرد, ئەوا شتراوس ئەوکاریگەریەی دەگەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگای سەرەتایی, ئەوکتێبە بۆ شتراوس ناسین وتێزی ئەنترۆپۆلۆژیا بوو,کە بووە مایەی ئەوەی لە 1959بکرێ بە مامۆستای ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە کۆلێژی(دی فرانس)، لەوماوەیەدا پەیوەندیی بە یاکۆبسن نەپچڕابوو, بەڵکو پرۆژەی هاوبەشیشیان ئەنجامدا, وەك بەهاوکاری یاکۆبسن هەوڵیدا قەسیدەی (پشیلە) ی بۆدلێر بخوێنێتەوە, ئەوخوێندنەوەیەش بووە جۆرێك لە ڕەخنەی بونیادگەریی لەجۆری دەنگ وپێکهاتەی ڕستە, لەسەر ڕێکخەریی زمانەوانی هەوڵدانێکی نوێگەرانەی ڕەخنە بوو, کەدوای ئەو بارتیس وجینیت لەکارەکانیاندا بەتەواویی پەیڕەوی ئەو توانا دەنگیانە دەکەن," هێلکاری دەنگسازی نییە, بەڵکوهێلکاری ڕێزمان

وزانستی دەلالەتە ولەم بوارەدا هێلکاری ڕەوانبێژیە لەوبوارەدا ئاراستەیان دەکات بۆشیکردنەوەی ئاسەوارەکان"[7].

ئەوەش ئەرکیۆلۆژیایە کە دەبێ بە لقێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوری, ئەنترۆپۆلۆژیای کلتوریش دەیەوێ لەنێو ئەفسانەدا ئاماژە زمانەوانیەکان بدۆزێتەوە, بۆیە بەهۆی بایەخ دانی سەرەکی بە ئەفسانە شتراوس توانی لەنێو میتۆلۆژیاوە مێژووی زمان وەدەست بێنێت,کە لەڕێگەی ئەفسانەدا دەیەوێ ڕەوشتە بەسەرچووەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە عەقڵ بە لاپەڕەیەکی سپی ناو دەبات ولە توانای مرۆڤدا هەیە بەویستی خۆی چی لەسەر تۆمار بکات, بەوەش لە بیرۆکە ماتماتیکیەکانی ئەفلاتون دوور دەکەوێتەوە, چونکە ئەفلاتون (بازنە, سێگۆشە, هێل)ی بەشێوەیەکی غەریزەیی دەگەیاندەوە بە عەقڵ, هەر بۆیە شتراوس بۆ دوو سەدە پێش ئەمرۆ دەگەڕێتەوە وئەو فەلسەفەیە بەڕاست دەزانێت, بۆئەوەی مرۆڤ بەپێی ئەو زەمەنە ئەفسانە بنووسێتەوە, ئەگەرچی لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار ئەفسانە کۆمەڵێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە, با ئەمریکا وەربگرین, ئەوئەمریکایەی(شتراوس, مارکۆزە, هانا ئارنێت) دژی دەوەستانەوە, ئەوانە لەگەڵ بیریی فەلسەفی ئەمریکا نەدەگونجان, بەتایبەتی شتراوس چونکە واقیعی ئەمریکی ئەفسانە بە ئەفسونێك ناودەبات کەباوەڕیان پێی نییە, لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ شتراوس لە ئەفسانەی ئەمریکای باکور بدوا بوایە, دەگەڕایەوە سەر باشوریش یا بە پێچەوانەوە, بۆیە لەگەڕانەوە بۆ هەریەکێکیان پشت بەوی تر دەبەستێت, چونکە بەر لە دۆزینەوەکەی کۆلۆمبس ڕێژەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە گەلێك زیاتر بووە, بۆیە ئەگەر ئەو ئەفسانانە بە یەکتر بەراوورد بکەینەوە, دەبینین شتراوس بەهەڵەدا نەچووە, چونکە هاونزیکیەك لە ئەفسانەکاندا هەیە, بەڵام بەهۆی تێپەڕینی زەمەن گۆڕانیان بەسەردا هاتووە, وەك لە ئەفسانەی (هندۆکی کۆن) و(هیندیەکانی پیرۆ)هەستی پێدەکرێت, کاتێ بمانەوێ بگەینە ڕاستی ئەفسانەکە وئەو زیادەکاریەی لەلایان باکوروباشوردا

خراوەتە سەرئەفسانەکە, ئەوە دەبێ لە پەیوەندیە مرۆییەکانی پاڵەوانەکانەوە بکۆڵینەوە, دەبێ پرسیار لەناسینی کەسەکان بکەین:

ئەوانە کێن؟ پەیوەندیی ڕەگەزیان بەیەکەوە چیە؟ چونکە ئەو پرسیارانە دەمانگەیەنن بەڕاستی مێژووی ئەفسانە, ئەو ئەفسانانەی پڕیەتی لە کەسایەتی نائاسایی لەچەشنی مەسیح یا کەسی میکاڤیللی, کە میکاڤیلیەتی ئەو کەسایەتیە دەبێتە هۆی خولقاندنی ئەفسانەکان, وەك لەیەکێك لەئەفسانەکان ژنێك دەیەوێ بچێتە لای خوا کە مێردیی دەبێت, لەڕێگە ڕێکەوتی پیاوێکی ساختەچی دێت, پیاوەکە پێی دەڵێت من خودام ولەگەڵیدا دەخەوێت وسکی پڕدەکات, دواتر تووشی مێردەکەی دێت وئەویش سکی پڕدەکاتەوە ,لەوسك پڕبوونەوە دوانەیەکی دەبێت, ئەودوانەیەبەتەواوی لەیەك جیان, تەنانەت لەڕووی ڕەنگیشەوە ناچنەوە سەریەك, یەکێکیان ڕەش وئەویتر سپی, ڕەشەکە کوڕێکی ئازابوو بەرگریی لە هیندیەکان دەکرد, ئەویتریان کوڕێکی ترسنۆك بووگەلێك کاری خراپی ئەنجام دەدا, ئەو ئەفسانەیە لەهەردوو ئەمریکای باکور وباشور هەیە, وەلێ لەڕووی پەیوەندیەکانی زمانەوە هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە, ئەگەرچی دەتوانین بەئاسانی ئاماژە زمانەوانیەکانی بدۆزینەوە,کە ئاراستەکانی مانا دەست نیشان دەکات, زمان دەلالەتی ماناکان دەدۆزێتەوە, مانا کۆمەڵە ئاماژەیەکە جیهانێکی ناواقیعی نیشان دەدات, ئەوەش دەرخستنی دیووی شاراوەی حەقیقەتە, بۆیە ناکرێ ئەفسانە لەژیانی مرۆیی دەرکەینە دەرەوە, بەتایبەت بۆ ئەو نەتەوانەی زمانەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە, هەڕەشەی مێژوو لەئێستا.. ئێستاش لەمێژوو, هەموومان ئەو ئەفسانەیەمان بیستووە کەکچێك ڕۆژی بووکێنی کە دەیگەیەننەماڵی زاوا دەیەوێ بچێتە سەر ئاو, بەڵام ناتوانێ بچێ چونکە دەرەوەی ژوورەکە میوانەکانی لێیە ودواتر هەرلەوێ دەست بەئاو دەگەیەنێت وخۆشی بە لەتە نانێك پاك دەکاتەوە وهەر ئەو کاتە دەبێتە مەیمون, ئەوەش ئەفسانەی درووست بوونی مەیمونە, ئەگەر لە چەمکی

داریونیزمەوە لەو ئەفسانەیە ڕابمێنین, مرۆڤ لەشێوەی مەیمون دەرکەوتووە ولـە مرۆڤیشەوە بەرەو مەیمون گەڕاوەتەوە, واتە بەهۆی لـەخۆبایی بوونـەوە بـەرەو نـەژادیی خـۆی گەڕاوەتـەوە, ئـەوەش خەسـڵەتێکی مرۆڤـە لەسـاتەوەختی سـەرکەوتن وبەختەوەریـدا لـەخۆبایی دەبێـت, مێـژووی ئـەوکارەش بۆیەکـەم پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خێزانی ئادەم وحەوا دەگەڕێتـەوە, لەئـەنجامی بوونیـان لەبەهەشت هەڵە دەکەن وفڕێدەدرێنە سەر زەوی.

بۆیە لێرەدا ڕووبەرووی ئەو پرسیارەی نێوان ئەفسانەومێژوو دەبینـەوە کـە" کەی ئەفسانە کۆتایی دێت وکەی مێژوو دەست پێدەکات؟"[(8)].

دەسپێکردنی مێژوو جیابوونەوەیە لەئەفسانە لەسەر ئەرکیۆلۆژیای ئەفسانە, داڕشـتنەوەیەتی لەئێـستادا, کـە لـە زەمـەنی لـەدایکبوونی ناکـات, وەك چـۆن داهاتووش ناتوانێ وەك ئێستا بێـت,کۆتـایی ئەفـسانە سـەرەتای دەسـپێکردنی مێـژووە, مێژوولەسـەر ئـەرکیۆلۆژیای ئەفـسانە خـۆی دادەمـەزرێنێت, ئـەو دامەزراندنەوەیـەش لـەڕێگای زمانەوەیـە, زمـان هـەوڵ دەدات پەیوەنـدیی لێـك گەیـشتن لـەنێوان(ئەفـسانە/ مێـژوو)درووسـت بکـات, لەڕێگـەی (ئاخـاوتن/ قسەکەر)و(نووسین-دەقی نووسراو) ئەو پەیوەندیە لێك گەیشتنە مرۆڤ لـەئاژەڵ جیا دەکاتەوە, چونکە گیانداران لەپەیوەندیی نازمانەوانی دان و لەبری (ووشەی نووسراو) هەستەکانی (بینین, بیستن, بـۆنکردن, دەسـت لێـدان) بـەکاردەهێنن, بۆیە مرۆڤ لـە بـەکارهێنانی هەسـتەکانی بـەجۆرێك لەسرووشـتی گیانـداران نزیـك دەبێتەوە(سێکس, خواردن, نەریت).

لێـرەدا دەبـێ بپرسـین جیـاوازی چییە لـەنێوان مـرۆڤ وگیانـداران, لـەکاتی نانخواردن یا لەکاتی پڕۆسەی سێکسی, ئایا بەتـەنها پڕۆسـەیەکی نازمانـەوانی بەئەنجام ناگەیەنن؟ ئەو پشیلە مێیەی لەڕەشەمێدا دەیەوێ مێینەکەی دەستەمۆ بکات, یائەوکەڵەشێرەی لەبەرامبـەر مریـشکێکدا خـۆی گیـف دەکاتـەوە , هـەر ئەوشێوە نێرایەتیە نییە پیاوێك لەبەرامبەر ژنێکدا دەینوێنێت؟

دیاره ئـەوەی لەیـەکتریان جیـا دەکاتـەوە تـەنیا زمانـە, بـەلاّم مـرۆڤ بـەبیّ بـەکارهیّنانی هەسـتەکانی توانـای ئـەو ئامـاژە زمانەوانیانـەی نییـە, وەك چـۆن گیانداران لەنەبوونی زمان, هەست نـاتوانیّ شـویّنی بگریّتـەوە, چـونکە نـەبوونی ئەو پەیوەندیە زمانەوانیـە وای لیّ دەکـات بـەردەوام لـە تیّنەگەیـشتنی یەکتریـدا بـژین, خـۆ ئەگـەر زمـان لەنیّوانیانـدا هەبوایـە, زمـانیّکی یـەکگرتووی خـاوەن سیستمیّکی ئاماژەکاریی, ئەوسا توانای گەیانـدنی فکرەکـانی یـەکتریان دەبـوو, ئـەوەش دەیبردنـە سـەر بیرکردنـەوە لـە عـەقلّ وئەوسـا لەگـەلّ مـرۆڤ جیـاواز نەدەبوون, خۆ مرۆرڤ کاتیّ بـە منـدالّی لـەدایك دەبیّـت زمـانی تیّگەیـشتنی نییـە بەمانای زمانیّکی دیاریکراو, بەلاّم "ئەو لەدایك دەبیّت ئامادەیی توانایەکی تیایە بۆدەسکەوتنی زمان"(9).

کەچـی گیانـداران ئـەو توانایـەیان نییـە, ئەنترۆپۆلۆژیـستە زمانەوزانیـەکان نمونەیـەکی سۆسـیّر دیّننــەوە وبـەجۆریّکیتر دایدەریّژنـەوە, کـاتیّ سۆسـیّر سیستمی زمانەوانی بە یاری شەترەنج ناودەبات, ئەوان لەو نمونەیە دیّنـە سـەر پەیوەندیی دوو یاری کە یەکەمیان شەترەنجە وئەویتریش دامـە یـە, لـە دامـەدا هیچ پلانیّك نییە, بەقەد ئەوەی یاریزان کار بۆ خواردنی داش ودرووست کردنـی ئاغا دەکات لە ریّگـەی ئـەو هیّلـە ئاسـۆییە, ئاغـاش تـەنها توانایـەکی بـۆ زیـاد دەبیّت, کە تیّپەرینە بە هیّلەکان ودەسەلاّت بەسەر داگرتنە, تابـەردەمی چـۆل بیّـت توانـای رۆیـشتنیهەیە, بـەلاّم لـەیاری شـەترەنجدا ئەسـپ کـە لەشـیّوەی پیتی(ئیّلـی ئینگلیـزی)کـار دەکـات, ئـەو وەزیفەیـەی بەئەسـپ دراوە جیـاوازە لە(قەلاّ) کەکاری لەچەشنی ئاغای دامەدایە, لەهەمووی مـەزنتر لەدامـەدا شـتیّك نییە وەك ئەوەی شەترەنج پیّی بووتریّ"کش مەلیك" و نەخشە وپلانـی فکریـی سەرکەوتن وشکست هاتن دەست نیشان بکات, بۆیـە دەتـوانین گیانـداران بـەو سیـستمە نـاو بیّـنین کەلـە(دامـە) دا هەیـە وسیـستمی زمانـەوانی مـرۆڤیش بەسیستمی یاری شەترەنج ناو بەرین.

## ئەفسانەو مۆسیقا

هەرنوسـراوێك"نووسـین وئـاوازە" نووسـین تۆمـاركردنی هەمووكردەیـەكی زمانەوانییە, ئەوەش لەنووسینەوە وهەڵسانی, وەرگر بـە خوێندنـەوەی ئاوازێك دەگەیەنێت لەڕێگەی دەنگەوە, وەك چۆن نۆتـەی مۆسـیقی نووسـراوێكە كـاتیٚ مۆسیقاژەنێك كاری لەسەر دەكات, نووسراوەكەی سەركاغەز لەڕێگـەی دەنگـی ئامێرەكـــەی بەئێمەدەگەیـــەنێت, هەڵبـــەت دەتـــوانیٚ هـــەمان نوســـراو لەڕێگـەوی(دەم) بەئێمـە بگەیـەنێت كـەجۆرە دەنگێكـی مۆسـیقیە, ئـەوەش بەرلەوەی خوێندنەوەی نۆتە بێت, ئاوازێكی دەنگی فۆنیمەكانە, كـە دەبـیٚ بـە نووسـینەوەی زمـان, زمانێـك لای دانیـشتوانی ڕاسـتەقینەی ئیـستراليەكان كێشانی كۆمەڵە هێلێكی ئالۆزبوو كە زەحمەتە كەسێكی خۆر هەلآتی لەوهێلٚ و وێنانە حالٚی بێت, لەكاتێكدا خۆرئاواییەك دەتوانیٚ بگاتە مانـای هێڵـەكان, ئـەو تێگەیشتنە لەزمان پەیوەندیی مرۆڤـە بـە ئامـاژەوە, تێگەیـشتن لەمۆسیقاشـدا هەر هەمان تاكتیك بەڕێوەی دەبات, چونكە مۆسیقا لەئەفسانە جیا نابێتەوە و لەڕێگەی كۆمەڵە ئاماژەی بیستراوگوتارێكی ئەفسانەیی بونیاد دەنێت.

شتراوس ئەو بە(هاوفۆرمی)و(هاوسێیەتی) ناودەبات, یەكێك لەنمونەكانیـشی ئۆپێرای"ئەنگوستیلە" ی ڤاگنەرە, لەو بارەیەوە دەلٚیٚ:

"یـەكێك لـەگرنگترین بابەتـەكانی ئـەم ئۆپێرایـە چـاو پۆشـیكردنە لەعەشـق, ئەمەش سەرەتا لەگەنجینەی زێڕینی ڕووباری (ڕاین)دا ڕوودەدات,كاتێـك كـچانی ڕووباری ڕاین (ئالبریخ) ئاگادار دەكەن كەئەگەر دەیەوێت زێـر بەدەسـت بێنێـت, پێویستە چاولەعەشقی مرۆیی بپۆشیٚ بۆ ئەوەی زێر بەدەسـت بهێنێـت, لێـرەوە لەڕاسیتیدا دەست لەعەشق هەڵدەگریٚ"[10].

ئەو پەیوەندیە هونەرمەندێكی مۆسیقی هەستی پێناكات, چونكە ئەو دەیەویٚ لەناو هونەرەكەی خۆیدا بتوێتەوە, بـەلآم ئەنترۆپۆلۆژیـستێك كـاری دۆزینـەوەی ئەفـسانەیە لـەنێو كـاری ڕۆشـنبیریدا, بۆیـە ئـەو ئیـدراك بەومەسـەلەیە دەكـات,

شتراوس كاتێ بۆ"ڕینی لیبۆوینر" ی ئاواز دانەریی هاوڕێی باسی ئەفسانە دەكات" كە لەسەرەتاوە دوو چیرۆك لەیەك دەئاڵێن ودواتر تێكەڵ دەبن ودەبنەیەك بابەت"[11] سەرەتا ئاواز دانەرەكە نكوڵی لەوە دەكات كەسەر لەبەری مێژووی مۆسیقا شتێكی لەو چەشنەی تێدا بێت, كەچی دواتر پارچە مۆسیقایەكی خۆی بۆ دەنێرێ كە پێكهاتەی ئەو ئەفسانەیە بوو, كەسەرەتا نكوڵی لێوە دەكرد, ئەومۆسیقایەش زمانێكە لەناو مانادا كەئاماژە ئاراستەی وەرگر دەكات, بەواتا وەك هەر سیستمێكی زمانەوانی دەنگ ومانا لەخۆ دەگرێت, ئەو دوانەش بەلای یاكۆپسن "دوو لایەنی لێك دانەبڕاوی زمانن, چونكە لەلایەكەوە دەنگ دەرخەری واتایەكەیەو لەلایەكی دیكەشەوە هیچ واتایەك بەبێ ئەو دەنگەی كەدەرخەریەتی بوونی نییە, لەمۆسیقادا پانتایی دەنگ زاڵەو لەئەفسانەشدا پانتایی واتا"[12].

بەمانای مۆسیقا لەودیو دەنگەوە ئەفسانە بەرهەم دێنێت, لەئەفسانەشدا ماناكان دەست دەكەون ئەومانایانەی بەبێ ووشە لەڕێگەی"ئاواز" ەوە مانا دادەمەزرێنێ, ئەوەش پێچەوانە دەبێت لەگەڵ ڕۆسۆ, ڕۆسۆ پێی وایە ووشە هەڵبژێردراوەكان نابنەكۆمەڵە ئاوازی نێو سیمفۆنیایەكی مۆسیقی, ئەگەرچی لەهەندێ باردا پاشەكشە لەوبۆچونانە دەكات, چونكە ووشە دەنگێكەو ئەو دەنگەش ئاوازێكی هەست پێكراوە, ئەو سیستمە نووسراوەش خاوەنی بونیادێكی بكەری تایبەتە كەوێنەكانی هزری كردووە بەشاردنەوەی كۆد, ئەوەش وەك ئەوخۆحەشاردنەوەی سیستمی زمانە لەناو نووسیندا, بۆیە مۆسیقا لەڕێگەی دەنگەوە بەرەو ڕەگی ئەفسانەدا دەچێتە خوارەوە.

كاتێ بمانەوێ مۆسیقاوئەفسانە بە ناڕۆشنی لەلامان نەمێنێتەوە, دەبێ ڕێكخەرێكی زمانەوانی پارێزگاری لەیەكەی هیرمنیۆتیكی لەگەڵ ئەفسانەدا بكات, با ئۆپێرای ئەلیكترای ڕیتشارد شتراوس بێنینەوە یادمان, لەو ئۆپێرایەدا ئاستی دەنگی كارەكتەرەكان مامەلەكردنە لەگەل خودی ئەفسانەكەدا, ئەوەی دەیەوێ دەنگی ئۆپێرا وكارەكتەرەكان وئەفسانەكە نەشێوێنێت مۆسیقایە, مۆسیقا

گەیاندنی ئەفسانەیە لە دووتوێی سیستمێكی ئاماژەكاریی, ئەوئۆپێرایە سەرلەبەری زمانیمۆسیقا دەیكاتە گوتارێكی سیمیۆلۆژیی داپۆشراو بەمیتۆلۆژیا, ئەوەش كرانەوەی مانایە, ئەو مانایەی ئەفسانەكان لەگەڵ خۆیان دەیهێنن وداهێنەرانی وەك (ڕیتشارد شتراوس) ماناكان دەكەنە كۆمەڵە ئاستێكی دەنگی كەپێشتر لەدووتوێی پەڕاوەكانەوە ناسیبووومان, بەو كارەی ناسینی ئێمە بۆ ئەفسانەكە لەو چەمكە باوە جیا دەبێتەوە, چونكە ئەمجارەیان ووشەكان ڕادەگیرێن وبوار بۆئاوازەكان فەراهەم دەكرێت.

## توخمەكانی زمان

شتراوس خواردن وسێکسی بە پەیوەندیەکی سەپێنراوی دوو پڕۆسەی بایەلۆژی بۆسەر مرۆڤ دەزانی کە توخمەکانی زمان پێکدێنن, ئەوانەش لەکۆمەڵە پرسیارێکدا دەیانەوێ مرۆڤ بناسن, ئەو پرسیارانەش لە حەزەکانی ئەو مرۆڤەوە هاتووە بۆ جۆری خواردن وشێوەی پڕۆسەی سێکسی, توانای غەریزەیی ئەوکەسە چەندە وچەندە بەلای سێکسی ناسرووشتیدا دەڕوات وچەندە پارێزگارە لەسەر ئەدگارە سرووشتیەکان, هەروەها لەکۆمەڵگای حەرامدا پەیوەندیی سێکسی مرۆڤ بەئاژەڵ پەیوەندیەکی باوەو پرسیارێکی هەرە باوی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانە کە پەیوەندیی بە شیرازەی خێزانەوە هەیە, وەك لەیەك لەفلمەکانی بازۆلۆنی دادەبینین پەیوەندی سێکسی کوڕەکە لەگەڵ بەراز لەناو کێڵگەدا سەرەتای دەرخستنی ئاماژەی تێکچوونی پەیوەندیە خێزانیەکانە, کە دواتر ئەو (ئەیکون) ەیە دەبێت بە ئاماژەی سەرەکی فلمەکە, کاتێ دەبینین دایکەکە شەوانە لەیانەکان دەبێت و بەسەر خۆشی لەسەر شۆستەکان دەمێنێتەوە تاوەکو هەرزەکارەکان لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە, ئەوەش لەپاڵ ئیدمانبونی باوکەکە بەخواردنەوە ولادان لە نەریتی خێزانەکە لەلایان کچەکەی سەرلەبەری فلمەکە دەکاتە ئاماژەی ڕووخانی خێزان.

خواردن هەروەك سێکس توخمێکی تری زمانە, ڕەنگە لەخواردندا ئەوەی بایەخی نەبێ ئەوەیە کەئێمە لەگەڵ کێ نان دەخۆین, چونکە ئێمە کاتێ بانگی یەکێك دەکەین بۆ نان خواردن, بەواتای بە دانیشتنەکەی ڕازین, بەلاّم"شێوەی دانیشتن مەسەلەیەکی پرۆتۆکۆلی گرنگە"[13].

ئەوە سەرباری ئەوە خواردنە ئامادەکراوەکە چییە, ئیتاڵیەك قرژاڵ بەخۆشترین خواردن دەزانێت, بەلاّم ئەگەر کوردێك بۆ خواردنی ئەوگۆشتە بانگ بکات, لەوانەیە تاهەفتەیەك قێزی لەهەموو خواردنێکیش بێتەوە وبۆ ماوەیەکی زۆریش ئەو سفرە پیسەی بیر نەچێتەوە, مەسیحیەکانی لەندەن وەك کەسێکی ئیسلام خواردنی سەگیان پێ حەرامە, لەکاتێکدا مەسیحیەکی

سویسرایی بە خواردنی سەرەکیخۆی دەزانێ, ئەوەی شتراوس لەجۆری گۆشت مەبەستیەتی (قرژاڵ, بەراز, سەگ)ن, بەڵکو گۆشتی مرۆڤە, ئەوگۆشتەی لەزۆر قۆناغی مرۆیی مرۆڤ ناچاربووە بیخوات, بەتایبەت لەکاتی جەنگدا کاتێ سەربازەکان گۆشتی هاوڕێ مردووەکانی خۆیان دەخۆن,"شانۆی ئەڵمانی چەندین دەقی لەو بوارەدا هەیە" ڕاستە ئەو هەڵوێستە کردەیەکی بێ مانایە, چونکە هەرگیز دڵمان بەلای گۆشتی مرۆڤدا ناچێت, مرۆڤ ناتوانێ خوێنی دۆستەکەی لەگلاسێکدا بخوات, یا لەسەر جەستەی زامداری, بەلاّم زۆر ئاساییە لەڕێگەی دەرزییەوە خوێنی بگرن وبیدەنە کەسێکی ترەوە, کەواتە گرفتەکە لەجۆری خواردنە, ئێمە ناتوانین ئەو شتانە بخۆین وبخۆینەوە, بەلاّم بەڕێگەی تر بەلامانەوە ئاساییە, تۆ ئەگەر گورچیلەکانت لەکاربکەون وهەموو دونیات پێبدەن ئامادە نیت گورچیلەی نزیکترین کەسی خۆت لەڕێگەی دەمەوە بخۆیت, بەلاّم تامردن خۆت بەقەرزارباری دەزانیت ئەوکاتەی هەمان گورچیلەت لەڕێگەی نەشتەرگەرییەوە بۆ دەچێنن, ئێمە لەمێژووی ئیسلامدا ئەو ژنەمان چەند بەدڕندە دێتە بەرچاو کاتێ هەمزە هەموو براکانی کوشتوەو داوا دەکات بۆی بکوژنەوە,کاتێ هەمزەی بۆ دەکوژن ودەچێتە سەر تەرمەکەی خوێنی فڕ دەکات, چونکە بەڵێنی دابوو ئەو کارە بکات,ئەو بەڵێنەی ئەو بۆتۆڵە سەندنەوە بوو, بەلاّم وێنەکە ئەوپەڕی شەرانگێزی لەخۆ گرتووە, ئێمە لەشەرانگێزیەتی ئەو وێنەیەوە دەچینە سەر پرسیارێکی شتراوس:"ئایا یاسایەك هەیە بتوانێ خواردنێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤەکان بدۆزێتەوە, لەسەرتاپایکلتورە مرۆییەکان ولەهەموو شوێنێکدا؟"[(14)].

دەتوانین ئەو دوو توخمەی زمان ببەستینەوە بەکاتی ئاهەنگی ژنهێنان, ئەوکاتەی بووك وزاوا لەناویەك قاپد اپارچە کێکێك دەکەنە دوولەت ودەیخۆن,

یا بەیەکەوە لە گلاسێکدا شەربەت دەخۆنەوە, کە لەدوای ڕۆیشتنی میوانەکانیش توخمی دووەمیش"پرۆسەی سێکسی"دەست پێدەکات[15].

ئەمرۆش نییە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان واهەست دەکەن هاویەکسانیەکی قووڵ هەیە لەنێوان ئەوەی بە(دەم) ەوە هەیە لەگەڵ پرۆسەی سێکسی, ئەوەش بەهێزی پەیوەندیەکانی زمان دادەنرێت, پەیوەندیەك کە هەردووکیان کۆبکاتەوە, ئەویش(دەم) ە, لە وەزیفەی خواردنەوە بۆ وەزیفەی ماچ دەگوازرێتەوە, یا بۆ بەکارهێنانی پرۆسەی سێکسی لای کەسی لادەر, ئەو حالەتە لەتەواوی فلمە سێکسیەکاندا دەبینرێت, یاخود وەك لەدانپیانانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکی(بیل کلنتۆن) دا هاتووە, کە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ مۆنیکاوە لەم ڕێگەیەوە بووە, لێرەدا ئەوەی بەهۆی ئەو ڕەفتارانەوە بەلادەر ناودەبرێت هەڵگری کەسێتیەکی نەخۆشن, کە چەپاندن تووشی ئەوحالەتەی کردوون, یاخود هەستکردن بە خۆ بەکەم زانین کە ئەوەیان مەبەستی ئەو نووسینەی ئێمە نیە.

## چارەسەرکردنی نەخۆشی

ئەفسانە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکانی هەیە, کەکەسی نەخۆش لەڕێگەی چیرۆکە ئەفسانەییەکەوە لە دڵەڕاوکەی واقیع دەکرێتە دەرەوە و بەرەو نێو میتۆلۆژیا دەبردرێت, لەوکاتەشدا ئەفسانە پەیوەندیی نێوان(میکرۆب/ نەخۆش) دەدۆزێتەوە, ئەوەش بەچارەسەری (شامان)[16] ناسراوە.

دەبێ نەخۆش ببردرێتە نێو ئەو فەزایە کە ئەو بڕوای پێیەتی لەژیانیدا وبووە بە خەونێکی بەئاکام نەگەیشتووی, منداڵێك خەون بەشارێکی یاریەوە دەبینێت کەگیانداران لەیاریەکەیدا بەشداربن, دەبێ ئەوئەفسانەیەی بۆ منداڵەکە دەگێڕدرێتەوە لەو سرووشتەی خۆی بێت, دەنا ئنتیمای بۆ ناکات, هەر ئەو چیرۆکەشە دەبێتە چارەسەری شەهرەیار, یا کاتێ ژنێك نائومێدیی

تووشـی خـەمۆکی کـردووە, دەبـێ بەرەوئـەو ئەفـسانەیە نزیـك بکرێتـەوە, کـە لەڕێگـەی کائینـە ئەفسانەییەکان ئومێدیی لـەناو درووسـت بکاتـەوە, ئـەوەش پەیوەنــدیی گێڕەرەوەیــە بەئەفــسانە, چــونکەگێڕەرەوە لــەناو سیــستمی ئاخاوتنـدا چـیرۆکێکی بیـستراو بەکەسـی نـەخۆش دەگەیـەنێت,کـە دەبێـت بـە دەقی بیستراو, ئەوەش کەسی نەخۆش ناچار دەکـات بـەهۆی سـەرنج ڕاکێـشی چیرۆکەکە تاکۆتایی گوێ بیستی بێت.

## تێکشکاندنی کرنۆلۆژیای مانا

### چۆن جارێکی تر مانا بخوێنینەوە؟

ئێمە ناتوانین ماناکـان بخوێنینـەوە, تـاوەکو زەمـەنیکرنۆلۆژیای مانـا تێـك نەشـکێنین وسـەرلەنوێ پەیوەندییـەکان ڕێـك نەخەینـەوە, ئێـستا ئەفـسانەی ئۆدیب وەردەگرین, کە سیستمێکی زمانەوانی وێنای دەقێکی شـانۆیی کـردووە لای شاعیروشانۆنامەنووسی یۆنانی سۆفۆکلیس.

دەبێ ئەو سیستمە زمانەوانیەی لەدەقەکـەدا فـۆرم ونـاوەڕۆکی کـردووە بـە زمانێکی تر بۆ گەیاندنی لەنێوان مانا نەستیەکانی ئەفـسانە ومەبەسـتی ئاگـایی بۆگەیانـدن, ئەنجامـەکانی ئەفـسانە لەبەرچـاو بگیرێـت, بـۆ ئـەوەش شـتراوس کۆمەڵێك ژمارە دەنووسێت, کە بەشـێك لـەو ژمارانـە دووبـارە دەبنـەوە, دواتـر هەوڵ دەدات ئەو ژمارانەی دووبارە بوونەتەوە بـەدوای یـەك بیـان نووسـێتەوە, بەو کارەش ئەو ژمارانـە لەسـەر ئەفـسانەی ئۆدیـب پراکتیـزە دەکـات, تـاوەکو زمان ومانا بدۆزێتەوە, ئەوەش لەڕێگەی تێکشکاندنی هێلەکرنۆلۆژیەکانی مانـا, بـەوکارەش جـارێکی تـر مانـا ڕێـك دەخەینـەوە سـەر سیـستمێکی هاویـەکی پەیوەندیەکان.

**7,5,3,7,5,2,1,8,7,5,4,1,8,6,4,3,2,8,7,4,**
**2,1**

بەمانای ژمارەکان بەدوای یەك ڕیزدەکەین ئەو ژمارانەی لەخشتەی پێشوو نووسیومانە4 بەدوای 4 دەنووسرێتو1 بەدوای یەكو3 بەهەمان شێوە, بەم شێوەیە ماناکان لێك نزیك دەکاتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی کەئەنجام لەنێوان خشتەکەو ماناکانی ئەفسانە بەم شێوەیەی خوارەوە مانا لەئۆدیپۆس ڕێك دەخاتەوە

| | | | |
|---|---|---|---|
| **کادمۆس بەدوای<br>خوشکەکەیدا<br>دەگەڕێت** | | | |
| | | کادمۆس ئەژدیها<br>**دەکوژێت** | |
| | کچانی سپارتیات<br>**یەکتری دەکوژن** | | |
| | | | لابداکۆس= **شەلە** |
| | ئۆدیب لایۆسی قەشە<br>**دەکوژێت** | | لایۆس= چەپەیە |
| | | ئۆدیب **(ئەباهۆل)ی**<br>باوکی خۆی دەکوژێت | |
| | | | ئۆیب= قاچی برینە |
| **ئۆدیب**,<br>**جۆکاستای دایکی**<br>خۆی **دەهێنێت** | | | |
| | ئیسۆکلیس بۆلۆنیسی<br>**برای دەکوژێت** | | |
| **ئەنتیگۆنا پۆلۆسیسی**<br>برای دەخاتەگۆڕەوە,<br>هەرچەندە لەوکارە<br>**ئاگادارکراوەتەوە**<br>کەنەیکات | | | |

لەڕێگـەی ئەوخـشتەیەوە دەتـوانین سـەرلەبەری ئەفـسانەکە بخوێنینـەوە, ئەگەر لەلای ڕاست بۆچەپ بیخوێنینەوە ئەوە بەپێی مەبەسـتەکانی ئاگـایی بـۆ گەیاندنی ئەنجامەکان بۆ ئەفسانەکە حاڵی دەبین کە هـەر لـە گـەڕانی کـادمۆس بەدوای خوشـکەکەی دەسـت پێـدەکات, تـا دەگاتەکوشـتنی بۆلـۆنیس لـەلایان ئیتۆکلیسی برایـەوە, بـەڵام ئەگـەر بمانـەوێ لـەنێو مانـا نەسـتیەکانی ئەفسانە سیـستمی زمانـەوانی بدۆزینـەوە, ئـەوە دەبـێ لەسـەرەوەبۆخوارەوە دابـەزین, بەواتای لە(گەڕانیکادمۆس) بۆ هێنانی جۆکاستا لەلایان ئۆدیبەوە, ئەو سـتونە بـە لـەگۆڕنانی پۆلۆسـیس لـەلایان ئـەنتیگۆنای خوشـکی بـەجێ دەگەیـەنرێ, هەرسێ کردەی ناومانـا کەجـەخت کردنەوەیـە لەسـەر پەیوەندیـەکانی خێـزان, کەچـی لەسـتونی دووەمـدا کوشـتنی لایـۆس وبۆلـۆنیس بـۆ بەگژداچـوونەوەی پەیوەندیەکانە, ئەگەرچی مانا لەستوونی سـێیەمدا لـەناو دەلالـەتی کووشـتندا دووبارە دەبێتەوە, بەڵام شتراوس ئاماژەی ئـەو سـتوونە بـەوە جیـا دەکاتـەوە کەئەمجارە کادمۆسوئۆدیب دەبنە پیاوکوژ, کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ دڕنـدەیی, ئـەوەی هـەر خوێندنەوەیـەك فەرامۆشـی دەکـات وشـتراوس لەخوێندنـەوەی میتۆلۆژیا بە بایەخەوە لێی دەڕوانێت ئاماژەی بایەلۆژی کەسـەکانە, بۆیـە ئـەو خوێندنەوەکە بەناتەواو دەزانێت ئەگەر پێمـان نـەڵێت کـە"لابـداکۆس, لایـۆس, ئۆدیـب"سـیفاتە کەسـیەکانیان چیە,کەئـەوەش گەیـشتنە کـۆد وتێکـشکاندنی هێلە بـەدوا یەکـەکانی ئەفسانەیە بـۆ وەدەسـت کـەوتنی مانـا, مانـا بایـەخ بـە مەبەست نادات, چونکە مەبەست خولیای ئەنجامەکانی کۆتاییە, بەڵام ماناکـان دەیانەوێ پەیوەندیە هاونزیکیە بونیادگەراییەکان دەست نیشان بکەن.

شتراوس بـەو کـارەی فرۆیـد دەخاتـە نـاو خوێندنەوەیـەکی تـرەوە, کـە لـە نەخۆشیە دەروونیەکانەوە بـەرەو فەلـسەفە دەیهێنێـت, چـونکە ئۆدیپـۆس بـۆ فرۆید سـێنتەری تێڕوانینـە سـایکۆلۆژیەکانی بـوو,کـە تـاك لەڕێگـەی ڕاسـتەوە دەیویست بەرەو ڕووداوە کتوپڕەکانی ڕابردوو بگەڕێتـەوە, شـتراوس گـوێی لـە

مرۆڤـەكانی ناوخێـڵ ڕادەگـرت, تاوەكوئەفـسانەكانی نـاو خێـڵ لەسـەر زاری خۆیانـەوە ببیـستیّ, یـەكێك لـەو ئەفـسانانەش: كوڕێـك دەكەوێتـە عەشـقی خوشكەكەی خۆیـەوە, بـەڵام كچەكە لەدەست عەشقی براكـەی سـەری خـۆی هەڵدەگرێت وئاسمان بۆلای خـۆی ڕایدەكێشێت ودەبـیّ بـە(مـانگ) وبراكەشـی دەبیّ بە(خۆر) تابەدوایدا بچێتن, بـەڵام لـەكاتی مـانگ گیرانـدا نائومێـد دەبێـت بەوەی پێی بگات[17].

دیارە ئەو ئەفسانەیە بۆ درووست بوونی چیرۆكی مانگ وخـۆرە,ئـەویش لـە ڕاڤەكردنی ئەنترۆپۆلۆژی زیاتر لەخـەون دەچـن,كـاتیّ دەمانـەویّ ڕاڤـەی ڕەمـز بكەین, هەمان دەلالەتی ئەو چـەمكە ڕەمزیـەی هەیەكـە لەخەونـدا هەیـە, بۆیـە لـەخۆڕا نـەبوو كـە فرۆیـد ئەفـسانەی خێڵـەكان وسـایكۆلۆژیای بەیەكـەوە دەبەستەوە.

## جینالۆژیای زمان

شتراوس دەیویست هێلێك لە بۆچوونەكانی لەنێوان(جینالۆژیا, سـایكۆلۆژیا, ماركسیزم) درووست بكات, ئەوەش گەڕانەوە بوو بـۆ پرسـیارە سـەرەتایەكانی بیركردنەوەی لەسرووشـت, چـونكە ئـەو دەیویست لەسـەیركردنی بـۆ درەخـت بەرەو جینالۆژیای درەختەكە قـووڵ بێتـەوە, كـە كۆمەڵـە قۆنـاغێكی هەیـە بـۆ گەشەكردن تابەر بگرێت لەو دیدگایەوە دەیویست لەگەڵ مێژووی مـرۆڤ ڕەفتـار بكات, هەڵبـەت ئـەوكارەی كردی بـەدژی مێژوونووسـان, چـونكە ئـەوان مێـژوو وەك زومی كامێرای وێنە دەردەخەنەوە, هەر بۆیە مامەڵـەی شـتراوس تەنانـەت لەگەڵ زمانەوانیش بۆ ڕێكخستنەوەی پەیوەندیەكان بوو, بەواتای ووشـەی وەك بونیـادێكی سـەربەخۆ سـەیر نـەدەكرد, وەك لەهەنـدیّ زمانـدا تـەنها بـۆ مەبەستیدەلالەت بەكاردێت, وەك لە زمانی(شینۆك) لەلای (بـاكور_خۆرئـاوای) ئەمریكای باكورەوە ووشە ماناكان ناگەیەنیّ, هێندەی دەیـەویّ دەلالـەت بـدات

بەدەستەوە,ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیە بکەین"کچە چاوشینەکە کوڕەکەمی شێت کردووە"ئەوا لای ئەوان ئەو ڕستەیە ئاوای بەسەر دێت"چاوشینە کچەکە کردی شێت کوڕەکەم"

## ئەنترۆپۆلۆژیا لە ڕەخنەی وجودیەتدا

سارتەر هێرشێکی توندی کردە سەر چەمکی بونیادی نەستی عەقڵ لای شتراوس, وبەتەواوی جەختی لەوەکردەوە کە نەست هیچ بنەمایەکی زانستی نییە, وە سەبارەت بە خوێندنەوەی بونیادگەرانە بۆ مارکسیزم کۆمەڵێك ڕەخنە لە شتراوس دەگرێت, چونکە بەلایەوە نەیتوانیوە جگە لە فکریی سەرەتایی مارکسیزم بەرەو ماناکانی مێژوو نزیك بکەوێتەوە, چونکە مێژوو لەسەر کۆمەڵێك ئاستدا کار دەکات, لەوانە(هێزی بەرهەم هێنان)و(پەیوەندیی بەرهەم هێنان) کە یەکەمیان لەناو بەگژدا چوونەوەکانی موڵکیەتی تایبەتی وڕێرەوی سۆسیالیزم درووست دەبێت.

هەرچی(پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان) ە لەناوجیاوازی ململانیێ ئابوریەکان دێتە بوون, ئەوەش لەو پرسیارەی سەرەتای لێکۆڵینەوەکەی سارتەردا هاتووەکە:"ئایا ئەو میکانیزمانەمان هەیە کە ئەنترۆپۆلۆژیا دابمەزرێنین؟"[18]

وەڵامی ئەوپرسیارە ومیکانیزمەکانی لەناوفەلسەفەی مارکسیزمدا دەبینێت, ئەو فەلسەفەیە بەوە ناودەبات کە تائەم ڕۆژگارە فەلسەفەیەك نییە تێیپەڕاندبێت, وجودیەتی خۆشی بەبەشێکی دەرکەوتوو لەناو ئەو فەلسەفەیەدا ناو برد, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر لەسەر ووشەی فەلسەفە پێداگری بکات وبڵێت: تا لەفەلسەفە نزیك بینەوە ئەو لێمان دوور دەکەوێتەوە, چونکە کۆمەڵە بەشێکیتر هەن کەناڕۆشنن, وەکاتیێ فەلسەفەی مارکسی بەو فەلسەفەیە ناو برد کە توانای گۆڕانی هەیە بۆ کۆمەڵگا, هۆیەکەی ئەوەبوو فەلسەفەی کانت لەقۆناغی پیشەسازی ویستی بۆ بۆرژوازیەت وێنەیەکی جیهانی بەمرۆڤ ببەخشێت وفەلسەفەی دیکارت فکرەی عەقڵی بۆ بیرکردنەوەی بۆرژوازی لەپێش شۆرشدا

درووست کرد, ئەو بۆچوونەشی وای لێدەکرد بگاتە ئەو بڕوایەی کە هەریەك لەو دوو فەلسەفەیە عەقڵی ڕاڤەکاری تیا ونبووە.

ئەگەرچی ئەو ڕەخنانەی سارتە رناتوانێ بەتەواوی ئەو بۆچوونەمان لادرووست بکات کە شتراوس نەیتوانیوە مارکسیزم لەچەمکە کلتوریەکەی بەرەوکۆمەڵگای سەرەتایی بهێنێت, ڕەنگە پێویستیە ڕەوانبێژیەکان لە دەروازەکردن بۆ مێژوو لەلای هەردووکیان جیاوازی هەبێت, شتراوس نەریتەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی بەشێوەیەك لەدەرەوەی مێژوو ڕاڤەدەکات, لەو ڕووەوە ئەدمۆند لیتش تاڕادەیەکی باش لێی تێگەیشتووە وپێی وایە کۆنەستی یادەوەریی لەڕێگەی پڕۆگرامێك کە شایستەی گۆڕانکاری بێت دەخاتەکار, کە دیارە ئەو سیستمە لای (دۆرکایم) یش بەسیستمێکی قبوڵ کراو دەزانرێت, کە بە دوو بوون گریمانی دەکات: "بوونی تاکایەتی کە بۆ کیانی ئەندامێتی دەگەڕێتەوە بوونی کۆمەلأیەتیش کە کۆمەڵگا نوێنەرایەتی دەکات"[19].

هەرچی سارتەرە دان بەو سیستمە نانێت, چونکە بۆخۆی لەڕێگەی ئاگاییەوە بەکاری تاکانەگەیشتووە, لەبەرئەوەی ئازادیی مەبەستی هەرە دیاری فەلسەفەی وجودیەتی سارتەرە, کەچی شتراوس ئەو بۆچوونە مرۆییەی کە ستراتیژیەکەی ئازادییە فەرامۆشی دەکات, ئەوەش خاڵی ناکۆکیەتی لەگەڵ سارتەردا, چونکە بەرلەوەی سارتەر هێرش بکاتە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی, شتراوس هەر لەسەرەتای کارکردنی بەدژی وجودیەت وەستایەوەو بەهەموو شێوەیەك ڕەتی کردەوە, ئەوەش تەنها ئالاَ هەڵگریی وجودیەت نەبوو کە لێی هاتبووە وەلاَم بەڵکو کۆمەڵێك دەنگی تریش لێی هاتنە وەلاَم کە دیارترینیان(هنری لۆڤیڤەر)بوو, کەزۆر بەتوندی ڕەخنەی لە ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری گرت وبەهێلێکی ئالۆزی نێوان بونیادی نەستی ئەفسانە ویاسا نەگۆڕەکانی سرووشت ناوبرد, شتراوسیشی بەوە تاوانبارکردکە بەشداریی لەوناکۆکیانە نەکردووە کە فەڕەنسا لەجەنگی جەزائیرەوە هەیبووە, بەڵکو خەریکیگەڕان وپارێزگاری کردن

بــووە لەمیتۆدەکــەی خــۆی, بــەواتای مەبەســتی بووکــاری شــتراوس لــەپاڵ ئــەنترۆپۆلۆژیا دەبــوو بەشــداریی کــردن بێــت لــە گۆڕانکاریــە سیاســیەکان, ئــەو ڕەخنەیەش بە تەنها ئاراستەی شتراوس نەکراوەو بەڵکو ڕەخنەیەکە ڕووبــەرووی تەواوی بونیادگەرەکان کراوە, بەڵام لەبەرامبەر ئەو ڕەخنانەی سارتەر لەڕێگــەی کتێبــی"ڕەخنــەگرتن لەعــەقڵی دیالــەکتیك" ئاراســتەی کردبــوو بەتایبــەت کــاتێ ویستوویەتیجیاوازینێوان(عــەقڵی ڕاڤــەکاریی) و(دیالــەکتیکی عــەقڵ)دەربخــات, دەرخستنی ئەو جیاوازیە بەلای شتراوسەوە, تــەنیا هەڵەیــەکی سارتەرەولەســەر ئەو هەڵــەی ســارتەر پــێ دادەگــرێ وپرســیارێکی ئاراســتە دەکــات: کــە لــەنێوان ئەودووانەدا کــە جیاوازیــەکانیان دەر دەخــات"بۆچــی لەنێوانیانــدا بەیەکداچــوون ڕوودەدات؟ کامەیان بنەمای تایبەتی هەیــە؟ کــاتێ بڵــێین بایەکــەم پــێش دووەم بکەوێت؟"[20].

دواتر ئەو پرسیارەش دەباتەوە ئاستێکی تری زمان ئاستێك کە سارتەر تەواو فەرامۆشــی کــردووە وئــەوبیری دەهێنێتــەوە"چــی لــەو میللەتانــە بکــەین کــەبێ مێژوون؟"[21].

چونکە وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا کەشــتراوس لــە مێــژووەوە لــەزمان دەست پێدەکات, بەبێ مێژوو زمان بونی نییە, مرۆڤی ســەرەتایی کــاتێ لەســەر شوێنەوارەکان زمانی نووسراو بەجێ دێلێت بەواتای مێژوو تۆمار دەکات, چونکە زمــان ومێــژوو پەیوەندیــەکی دوانــەییان هەیەولەیــەکتری جیــا نابنــەوە, ئــەوەش پەیوەندیی مێژووی مرۆڤە بەزمانەوە, مێژوویەك یەکەی هاوبەشــی بۆمرۆڤوزمــان دەنووسێتەوە,ئەویش ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیە کەئەوەش ژێرخانی بونیادنــانی مێــژووی زمانــە, تــا بتــوانین لــە ڕەهەنــدە ئیــستاتیکیەکانی زمــان وپەیوەندیــە دەلالیەکان وورد بینەوە.

## پەراوێزوسەرچاوەکان:

1- کلۆد لیڤی شتراوس, لە1908لە بەلژیکا لەدایکبووە, شتێکی ئەوتۆی منالّی خۆی بیر نایەتەوە, ئەوە نەبێت منالّێکی گۆشەگیرو تەنها بووە, بیرکردنەوەوخوێندنەوە زۆربەی کاتی ژیانی بردووە, سالّی 1932بڕوانامەی فەلسەفەی یاسای لەزانکۆی پاریس وەرگرتووەوکراوە بەمامۆستا, دوو سالّ دوای ئەوە بەرەو برازیل ڕۆیشت ولەزانکۆی سان پاولۆ داوایان لێکردببێ بەمامۆستای ئەنترۆپۆلۆژیا, ئەوەی وای لێکرد ئەو داوایە قبولّ بکات ئەوە بوو, کە ئەو شوێنە دەرفەتێکە تیایدا گەشت بکات بۆتوێژینەوە لەبارەی مرۆڤەوە, ئەوەبوو چەند لێکۆلینەوەیەکی لەبارەی خێڵە سەرەتایەکان تیادا ئەنجامدا, بەلاّم ئەوەندە نەمایەوە, چونکەلە1939 بۆخزمەتی سەربازی گەڕایەوە پاریس, لەوێش نەیتوانی زۆر بمێنێتەوە, چونکەلەگەلّ ڕووخانی پاریس بەرەوئەمریکا سەفەری کردولەنیۆرك بوو بە مامۆستا, لەهەمان ئەوخوێندنگایەی کەئەو مامۆستابوو تیایدا, مامۆستایەکی تریشی لێبوو ئەویش یاکۆپسن بوو, هاتبووە نیۆرك وگروپی"نیۆرکی زمانەوانی"دامەزراندبوو, ئەوناسینە بۆ شتراوس سەرەتای ڕێگایەکی زانستی بوو بووە پەیوەندیی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا وئاستی دەنگی کە پێکهاتەی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانین "عصر البنيوية, اديث كريزويل".

2- بنچینە زمانەوانیەکان, سەعید غانمی, وەرگێرانی (فایەق رەحیم) گەلاوێژی نویێ ژمارە 9ئابی 1998.

3- مرۆڤی سەرەتایی ومرۆڤی شارستانی, چاوپێکەوتن و وەرگێرانی: عوسمان یاسین, وەرگێران ژمارە 1هاوینی1997.

4- هەمان سەرچاوە.

5- في البنيوية والالسنية, د. و. فوكيما, ترجمة: د.محمد الحاج صالح, الاقلام العدد 1983/9.

6- زانین ودەسەلاّت/ بابەك ئەحمەدی, وەرگێرانی: ڕێبین هەردی, سەردەم ژمارە2/1999.

7- بونیادگەریی و شیکردنەوەی وێژەیی/میشێل فۆکۆ
وەرگێرانی:لەتیف هەلّمەت,گەلاوێژی نویێ, ژمارە(13/12)ی1999.

8- ئەفسانەو واتا, کلۆد لیڤی شتراوس, وەرگێرانی: محەمەد جواد مستەفا, گوتار ژمارە 7و8.

9- اللغة والانتروبولوجيا, ادموند ليتش, ترجمة (باقر جاسم وعباس جودة) الثقافة الاجنبية العدد 1994/3.
10- ئەفسانەومۆسیقا, کلۆد لیڤی شتراوس, وەرگێرانی: راسان موختار, سەردەم ژمارە 2000/9.
11- هەمان سەرچاوە.
12- هەمان سەرچاوە.
13- اللغةوالانتروبولوجيا, هەمان سەرچاوە.
14- هەمان سەرچاوە.
15- چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی هەیە ,کاتێ زاوا لەخزمەتی میوانەکان دەبێت, چێشتی قەیسی بۆ نامێنێت, بۆیە شەو ورك دەگرێت وناچێتە لای بووك, کاتێ پرسیاری لێدەکەن بۆناچیتە پەردەوە, بەتوورەییەوەدەڵێ کێ قەیسی خواردووە با ئەو بچێتە پەردەوە, ئەگەر ئەو چیرۆکە ڕاڤەبکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی شتراوس بەپەیوەندیی توخمی زمان ناوی دەبات, بەتەواوی لەوچیرۆکەدا بوونی هەیە, چونکە نەخواردنی چێشتەکە بەمانای لەدەست چوونی توخمی سەرەکیە.
16- شامان: قەشەیەك بوو کاری جادووگەریی دەکرد, لەڕێگەیگێرانەوەی ئەفسانەکان چارەسەری نەخۆشیەکانی دەکردلەو رووداوە کتوپڕانەی تووشی مرۆڤ دەهاتن.

**17- عصر البنيوية, اديث كريزويل, ترجمة: جابر عصفور,سلسلة كتاب شهرية افاق(بغداد)1985**

18- نقد العقل الجدلي, جان بول سارتر, ترجمة: د.عبدالمنعم الحفني, المركز العربي للثقافة والعلوم/بيروت
19- عصر البنيوية/ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
20- الفكر البري, كلودليفي شتراوس, ترجمة: د.نظير جاهل, المؤسسة الجماعية للدراسات, بيروت/1984.
21- هەمان سەرچاوە.

# بنەماكانی سیمیۆلۆژیا

زمان ئاوێتەی سیستمی دەلالی دەبێتو لەناو ئەو سیستمەدا شوێنگەی گوتار ئاراستەی وەرگر دەكات, وەك چۆن شتە بینراوەكان لەڕێگەی كۆدی گەیاندن هەولّی ناردنی ئامـاژەی بینـراو دەدەن, ئـەوەش لـەدەرەوەی زمـان بـەمانای ئاسانكاری نایەت, بەڵكو قورسییەكەی زیاترە, چونكە ئەو ناتوانێ مانا وەدەست بهێنێ, تاوەكو دەلالەتەكان نەگۆڕێتە سەر زمان، ئەوەش زمانی بینراوە كە هەولّی بەدواندنی شتەكان دەدات. بۆیە ئەو سیستمە دەلالییەی كە زمان ئاوێتەی بووە، ئەوا لەناو زمانی شتەكاندا(بینراو) دەیانەوێ شتەكان بگۆڕن بۆ یەكێتیە دەنگییەكان, چونكە لەناو نائامادەگی موفرەدەی زمانەوانیدایە, ئەوەش گۆڕینی بۆچوونی (سۆسێر)بوو تێپەڕاندنێك بوو كە بارت لەو ڕەهەندەوە ئاماژە دەكاتە بەشێكی زمان نەك بەپێچەوانەوە. بۆیە كاتێك شتەكان وەك دالێك لەلایەن نووسەرەوە ئاراستەی خوێنەر دەكرێت, ئەوا ئەو شتانە لەڕێگەی دالەوە هەولّی بەدواندن دەدەن, چونكە دال شتەكان لەئامرازێكی مردووەوە دەگۆڕێ بۆ ئاماژەی نازمانەوانی, كەواتە شتەكان سەرتاپایان دەبنە دال, ئەگەرچی هەندێ شتی بێ دەلالەتیش دەردەكەون كە لەوكاتەدا پرسیاری"مانای ئەو بێدەلالییە چییە"؟[1] لامان سەرهەڵدەدات. ئەو پرسیارە لەو ئامـاژانەی دەیانەوێ لەدەرەوەی دەلالەتەوە دەربكەون. دیارە مەبەست لەو پرسیارە زیادەڕۆیی وەسفی نووسەرە، ئەوەش بەمەبەستی ئەگەرێتی ئیستاتیكییە بۆ وێنەكانی واقیع, تێپەڕینی زمان بەسەر مرۆڤدا زمانی"ئەو منداڵەی كە لەدونیا لەدایك دەبێ

دەچێتە دونیایەکی دی کە پڕە لـەزمان, مـرۆڤ بوونـەوەرێکی زمانەوانییـە, زمـان تەنها وەسیلەیەك نییە بۆ پێکگەیشتن تا بەکاربهێنرێت"[2].

چونکە زمان کاری بەوە نییە کەی دەتوانێ مرۆڤەکـە بناسـێ, ئـەو لەڕێگـەی ناسینی (بکەر)ەوە دەتوانێ گوتار ئاشکرا بکاتو سیستمێکی زمانەوانی هەڕەمی گوتارێکی دیکە دابمەزرێنێت, ئەوەش فۆرمێکە بـۆ ئـەوەی گوتـاری ئەبستراکت کـراو بـەرەو تیکـشکاندنێك ببـات کـە زمـان ڕێکخـەرەوەی گوتـارە لەڕێگـەی رووخاندنی نووسراوی پێشوو کـە ئـەو وێرانکردنـەش بەپرسـیار دەسـتپێدەکات. پرسیار گوتاری تاکڕەهەند دەکوژێت, ئەو گوتارەی بەدرێـژایی زەمـەن هـەڵگری یەك مانا بوو, پرسیار بـۆ ئاشـکراکردنی ئـەودیوی گوتـارە, تـاکو کۆمـەڵێك مانـا لەناو دەقدا بدۆزرێتـەوە, ئـەوەش سـتراتیژی دەقـە نووسـەر لـەودیو وتراوەکـان حەشاری داوە,گۆڕینی ئاراستەکانی دەقە بـۆ نێـو جیهانێـك کـە"دەق فەزایـەکی فرە ڕەهەندە, تیایدا نووسینی جۆراوجۆرئاوێتەی یەکـدی دەبنولەگـەڵ یەکـدیی هاودژدەبن, بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو نووسینانە لەوانی دی ڕەسەنتربێ: دەق پێکهاتەیەکە لە وەرگرتن لە کۆمەڵێك سەرچاوەی ڕۆشنبیری جیاجیاوە"[3]. فرە ڕەهەنـدیی مانـا لـەدەق دەبـێ بەپەیوەندییـەکی ئاوێتـەیی نێـوان کلتورەکـان, ئەوانـەی بەیەکدادەچـنەوە, بـەڵام کەسـیان رەسـەن بـوونی خۆیـان بـۆ خـۆی ناگەڕێنێتەوە, بەڵکو ئەو خاڵەی هەر کلتورێك بەیـەکێکی دی دەناسـێنێ زمانـە. کەواتە زمان کلتورە جیاوازەکان لەناو دەق دەکاتە کۆمەڵە مانایـەك کـە دواجـار ئەو مانایەش لەچەمکە باوەکەی دەرباز دەکات کە ئەو مەزنیە بۆ نووسـەر بـوو, بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی(بارت)دا ئەو خاڵەی کلتورەکان لەسەری کۆدەبنەوە درا بە(خوێنەر). ئەوەش گۆڕینی ئاراستەیەکی مەزن بوو لەڕووی ڕەخنەوە, چـونکە تا ئەو ساتەوەختە نووسەر بەچاوگەی سەرەکی دەق دادەنرا, بـەڵام کاتێـك ئـەو رۆڵـە بەخوێنـەر دەسـپێردرێ مانـای وایـە راگەیانـدنی(مـەرگی نووسـەر)ە. ئـەو کارەش دەسەڵاتێکی تازەبوو لەدەق, کە تاکە مەدلولێك بەرهەم ناهێنێت. بەڵکو

مەدلول لەشوێنگەیەکی نائارامدا دەردەکەوێت. تا مەدلول ناجێگیر بێت, دەبینە خاوەن مانای تازەتر. ئەوەش بەرەنجامی یاریکردنە بەدال تا بەرەو رەگی زمان بچێتە ناخییەوە. بۆیە لەئالۆگۆڕی پەیوەندییەکانیان لەتاکتیك لەیەك دەچن, چونکە"دەق وەك زمان ناچێتە نێو بونیادێکەوە, بەڵام بونیادێکە نە ناوەندی هەیە نە داخران دەزانێ"[4].

بەواتای زمان بونیادێکە لەوێستگەیەکدا داناخرێو سەنتەرێکیش نییە کۆنترۆڵی جولەو سنوری دەسەڵات دیاری بکات, بەڵکو بونیادێکە وەك جیوە دەستگیر ناکرێت. ئەو لەودیو دەقەوە دەردەکەوێت, بۆیە گومانکردن لەودیوی زمان تیۆری دەسەڵات وەدەست دێنێ ئەویش لەڕێگەی نووسینەوەیە کە وابێ تەنها لەڕێگەی پرۆسەی نووسینەوەیە پراکتیزەی تیۆر بۆ دەق دەکەین بۆیە نووسین پراکتیزەکردنی تیۆری دەقە. وشە دەبێت بەکەناڵی پەیوەندی شتەکانو دروستکردنی پەیوەندییەك کە زمان وەبەر شتەکان بکات, تاوەکو دواتر زمان لەودیو شتەکانەوە مانا وەدەست بێنێت, کە تیۆر هەموو ئەو پەیوەندییانە رێکدەخاتەوە. مانا لەناو تیۆردا لەجولەیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەك رەهەندی دی بەنووسین دەبەخشێت. ئەوەش خوێندنەوەی زمانە بۆ(بۆشاییە سۆسیۆلۆژییەکان)کە وادەکات دەق لەڕێگەی دامەزراوە مەعریفییەکان بەجۆرێك لەباسێکی مۆراڵی سەیربکرێت, کە تیۆر دەق لەسەر کۆمەڵێك توخمی وەك(چێژ, میتۆد, خوێندنەوە)کۆ دەکاتەوە ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە دەق مانای هەمەچەشن بەرهەمدێنێت. کە ماناکان لەیەکتریەوە جیاوازن. جیاوازی ماناکان وامان لێدەکات دەق بەخاوەن(چەمکێکی نەمریی)سەیر بکەین, چونکە لە هەر خوێندنەوەیەکدا دەتوانێ بەرەو ئاقارێکمان بەرێت کەلە خوێندنەوەی پێشوو جیابێتەوە,ئەوەش ئاستی هۆشیاری خوێنەرە کە سنووری دەستنیشان کردنی مانا دیاری دەکات. چونکە دەق خاوەن رەگەزێکی قوڵی مانایەو ئەوەی

هۆشیارییەکی مەزنتری لابێت ئـەوە زیـاتر ئیـدراك بـەماناكان دەكـات. كـەوابێ دەتوانین خوێنەرەكان لەجیاوازی کلتـوردا خوێندنـەوەیان لەیـەك دەق بەچـەند مانایەکی جیاواز بەرین. بۆیە دەقی نەمر تێکەڵی کلتـورە جیاوازەکـان دەبێـت. تەنانەت ئەو خوێنەرەی لەدەقێکدا بەدوای مانادا دەگـەڕێت, ئـەو چـەند مانـای جیـاوازە بەدەسـتدێنێ. زۆر دوورە لەخوێنــەری کلتـورێکی دی کــە کۆمــەڵێك مانای دی لەهەمان دەق وەدەست دێنێتەوە, ئەوەش مەزنی ئەو دەقانەیـە کـە لەتیۆردا پەیوەندییەکانی خۆیان لەلایەن نووسـەرەوە تۆکمـە کـردووەو لەسـەر یەك ئاستی دەلالەت نەنووسراون, تا بەدوای پرۆسەی نووسینی بمرێت. چونکە دەق لەپرۆسـەی خوێندنـەوە لەبـەردەم چـەمکی(مـردن/ نـەمریی)دایـە. ئـەو دەقانــەی تاکــە مانایــەك بــۆ هــەموو ئاســتە رۆشــنبیرییەکانی خوێنــەران وەدەستدێنن. بەدوای نووسینەوە تـەرمێکمان پێدەبەخـشن, کـە ئیـدی بـواری چێژی نووسـین نـادات, بـەڵام ئـەو دەقانـەی کـە خـاوەن فرەمانایيـە سـەرباری ئەوەی دەبن بەخاوەن چەمکێکی نەمریی و شەڕی زینـدوویی خـۆی لەگـەڵ تـاك مانـایی دەق ڕادەگەیـەنێ. شـەڕێك کـە گـۆڕینی وەزیفـەی نووسـەرە, بـوونی نووسەرە لەدەقدا ئەو گۆڕانەی بەسەردا دێت کە بـوونی لەگـەڵ دەسـتپێکردنی نووسـین و خوڵقانـدنی پەیوەندییەکانـە نـەوەکو لەکوشـتنی دالـەکان و پێـدانی مانایـەك بەدەقەکـەدا. ئـەو کـارە نـەك بـوونی ئـەو ناپـارێزێ, بـەڵکو لەگـەڵ دەقەکەی دەینێژێ, چونکە گریمانی دەق نەك لەوکاتەدا(چێژ)دەگۆڕێت, بەڵکو هەوڵی بارگەدانان دەدات کە ڕێگەی نەدرێت بێتە نێو دەقەوە.

ئامادەنـەبوونی چـێژ هۆکـارێکی سـەرەکی کوشـتنی دەقـە, چـونکە چـێژ لەگۆڕینی مانـاو گەمـەکردن بـەدال توانـای ڕاشـڵەقاندنەوەی ماناکـانی هەیـە بـۆ وەدەسـت کـەوتنی دەلالــەتی دیـی. ئـەوەش بـەو واتایـەی کـە تیـۆری دەق پارێزگـاریی لـە زینـدوویی ئـەو دەقـە دەکـات و ئاماژەکـانی لـەناو یـەك مانـادا ناخنکێنێت, بەڵکو ئاماژەکان کراوەن و توانـای خوڵقانـدنی مانـای نـەدۆزراوەیان

هەیە. بۆیە(بارت) سیمیۆلۆژیا بەوێنەیەکی بەرهەمهاتووی زمانەوانی دەزانێت کە توانای هەیە بەسەر شتە بینراوە نازمانەوانییەکانیش بچەسپێ, چونکە ئێمە کاتێ سەیری(سۆسێر) دەکەین کەتوانی(زمان/ ئاخاوتن)لەیەك جیابکاتەوە, ئەوا(بارت)یش هەوڵیدا لەتێڕوانینێکی دیکەوەلەو باباتە نزیك بکەوێتەوە, زمان بەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە دادەنێت کە سیستمێکە لەبەها, بەمانای بەشێکی گۆڕانکارییە لە زمان. لەوکاتەدا ئاخاوتن لە(زمان) دەردەکاتە دەرەوە, چونکە(ئاخاوتن)دەیەوێت بەشداریی لەو بونیادەی زمان بکات. کە زمان بەهاتنی ئەو هەست بەداگیرکردنی سەربەخۆیی خۆی دەکات. بەدەرکردنیش دەیەوێت رێسایەك لەبەهاو گەمەی زمانی کە تەواوکەری یەکدی بن, ئەوەش پەیوەندی(دامەزراو/ سیستەم)ەئەو پەیوەندییە بەدوایەك هاتووە چەمکێکی تۆتالیتارییە بۆ زمان. بۆیە ئەو کردەیەی کە سنووری دەسەڵاتی تاك دەست نیشان دەکات ئاخاوتنە. ئەوەش هیچ مەترسییەکی بۆ پەیوەندی ئەوان نییە. چونکە هەریەك لەو دوانە بەبێ یەکتری ناتوانن پارێزگاری لەبەردەوامی خۆیان بکەن, بەڵکو پێویستیان بەجۆرێك لەئاڵوگۆڕییە. چونکە بوونی هەریەکێکیان بێ ئەویتر جۆرێك لەناتەواوی دەدەخات.

بەردەوامیی(ئاخاوتن)لای مرۆڤیش توانی زمانەوانی لەسنووری بەرتەسك رزگار بکاتو بەرەو سیستمی فراوانتری بێنێت. بەڵام(بارت)کاتێ دەیەوێ لەیەکترییان جیا بکاتەوە, مەبەست لەکارکردنە لەناو مانادا, کە دواجار هەردووکیان سیستمی زمانەوانی پێك دێنن, بەڵام زمانەوانی هەرگیز سەرتاپای ئاماژە پێك ناهێنێت, بەڵکو ئاماژە دەبێت بەلقێك لەناو زمانەوانی, ئەوەش بەمەبەستی کەشفکردنی سیستمی پەیوەندییەکانی ئاماژەیە لەناو کەناڵی(مانا)گەیەنراوەکان. بەواتای لۆژیکی پەیوەندییەکان دەخاتە نێو پرۆسەی کەشفکردن. ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی رەمزەکانی بەرهەمهێنەری دەقە بۆ گەیشتن بەدەلالەت. ئەوەش پێچەوانەکردنەوەی لۆژیکی ئاراستەکراوە بۆ

کەشفکردنی پەیوەندییە دەستکەوتووەکانی نێو تـەئویلی ئاماژەکانـە. بـەواتای جارێکی دی تەئویلی ئەو ئاماژانە دەکەینەوە بۆ دروسـتکردنەوەی سیـستەمێکی تازە لەپەیوەندیی‌و ڕێکخستنەوەو گۆڕینی لـۆژیکی نووسـین. بـارت کاتـێ زمـان بەدامەزراوێکی کۆمەڵایەتی ناو دەبات, تەنها لەسەر (سۆسێر)ەوە کارناکات, زۆر بەهۆشـیارییەوە (چـەمکی دۆرکـایم)بـۆ هۆشـیاریی کۆمەڵایـەتی لـەپاڵ(چـەمکی سۆسێر)بەکاردەخات. ئەوەش بەدوای توێژینەوەی قوڵ هـاتووە, چـونکە دەبـێ بزانین بۆ لەناو ئەو هەمووە تەنها دۆرکایم؟! دیارە سۆسێر کاریگەرییەکی زۆری دۆرکایمی بەسەرەوە بووە. ئەوکاریگەرییە وای لێکرد پاشەکشەیەك لـەناو زمـان بکات ئەویش ئاخاوتن‌و ڕۆڵی تاك بوو. بـەواتای دۆرکـایم گـۆڕانێکی تیـا دروسـت دەکات. ئەویش گۆڕینی ئاخاوتنی تاکە بۆ هۆشیاری کۆمەڵایەتی, ئەو گۆڕانـەش فرەئاســتی تێگەیــشتنی زمانــە لای سۆســێر کــە بــارت بــە(سیــستمی بەهاکان)ناویدەبات پێش ئەویش(میرلوپۆنتی) دەیویست تەوزیفی جیاوازییـەکان بکاتەوە, کاتێ کردەی سەپێنراوی بەسیستم ناودەبرد.

بارت کاتێ(دال/ مەدلول)وەك بنەمایەکی سیمیۆلۆژی باسدەکات کە سۆسـێر تیایـدا ڕەمـز ڕەتدەکاتـەوەو لەشـوێنیدا پەیوەندیـەکی دال دادەنێـت ئـەویش ناودەنێـت(بەڵگـە) کـە فەرهـەنگو دەقـەکان کۆمـەڵێك واتایـان پێبەخـشیوە, لەوانـە(ئامـاژە, ئەیقونـە, ڕەمـز). بـەوەش مـەدلول لـە(ڕەمـز)ەوە گـۆڕانێکی بەسەرئێت کە(بەڵگە)یە. ئەو لێکگرێدانەوەیەش بەدال لای ئەوانی دواتر هەسـتی پێـدەکرێت. وەك لای(یالمسلیف) هـەر موفرەدەیـەکی زمانـەوانی بـۆ دوو یەکـە هەڵدەوەشێنێتەوە. تاوەکو دواجـار بـۆ مـوفرەدەی تـازە دروسـتیان بکاتـەوە. ئـەوەش لـەلای(سۆرنـسن)لەشـێوەی نزیکبـوونی خـوێن لەوێنـەی بـاوك‌و کـوڕ دەهێنێتەوە. بۆیە بەشێکی زۆریان ئەو بایەخـە بـۆ دال دەگەڕێننـەوەو مـەدلول فەرامۆش دەکەن.[5] چونکە دال بـەهۆی (بەڵگـە)وە توانـای دەستنیـشانکردنی پەیوەندی خۆی هەیە بەمەدلولـەوە. لـەو بۆچـوونە تیۆرییـەوە ئەگـەر پراکتیـك

لەسەر دەقەکانی مارکس بکەین، ئەوا بارت پێیوایە دەتوانین وەک دەقێك کە هەڵگری سیستمێکی سیمانتیکییە بخوێنینەوە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی بەهەمان شێوەی خوێنەر بەدەقی نووسەری دی نایبینێ، چونکە لای مارکس کۆمەڵێك دەرئەنجامی سیاسی لەناو دەقدا دەردەکەون. بەڵام وەك دەقی فەلسەفی توانای بەرهەمهێنانەوەی هەیە کە بارت ئەوەی لەو دەقانەی(مارکس)دەبینێت لەدەقەکانی لینینو ترۆتسکی هەستی پێناکات. کە دیارە مەبەستی ئەوەیە سیستمی زمان لاواز دەکاتو هەوڵی لەناوبردنی دەدات. ئەگەرچی لینین دەیەوێت گوتارێکی مارکسی لەناو نووسین بنیات بنێت، بەڵام ئەوەی وایکردووە بارت بێنێتە سەر ئەو بۆچوونەی کە "شیکردنەوەی مارکس کە ئێستا یەك روانینی هەیە بۆ کاری ئەدەبی، دەکرێ روانینی مادیانەی خۆی دەوڵەمەند بکات، بەوەی بەرووی فرەییدا بکرێتەوە. ئەوە ئەگەر دەزگا مارکسییەکان رێگە بدەن"[(6)].

ئەوەیە کە نووسین لای ئەوان لەناو ونبوونی سیستمی سیمانتیکییە، چونکە نووسین لەپلەی سفری گوتارەوە نەهاتووە، بەڵکو لەدەقی(وەرگیراو)ەوە دەیەوێ وێنای گوتارێك بکات. کە هەموو بەها زمانەوانییەکانی خۆی دەدۆرێنێت. دەیەوێت زمان بەئامرازێکی ئەبستراکتی سەیر بکات. لەشوێنیدا فەلسەفەی کارلەسەرکراو دووبارەکردنەوەی هەمان دەقە، تەنانەت(پەراوە فەلسەفییەکانی)لینین ئەوەی تیانییە ببێ بەدەقی سەربەخۆ، بەڵکو سەلماندنی بۆچوونە فەلسەفییەکانی مارکسە، دەیەوێت ڕەوانبێژی لەو وەزیفەو مانا باوەی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پێیدرابوو دەری بکات. بەوەی ئیتر کۆمەڵە رێسایەك بەرەو ڕازیبوونمان نەهێنن، تا لەستراتیژدا بە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ناوببەین، بەڵکو دەیویست ڕەوانبێژی لەپاڵ سۆسیۆلۆژیاوە بەدوای ستراتیژێکدا بگەڕێت، چونکە سۆسیۆلۆژیای زیاتر بەتاکتیك دەبینی، کە لەگەڵ ڕەوانبێژی بەدوای ئاسۆیەکی دی بەکاریان دێنن. ئەوەش لەڕێگەی گەمەکردنە بەداڵەکان.

كە دەروازەیـەكی ئـازادە بـۆ چـوونە نێـو پانتـایی دەق. بـەبێ ئـەوەی ڕەچـاوی مەدلول بكات. بۆیە(كردنەوە/ داخستن)ی دەق لەڕێگەی ئەو گەمەیـەوە خوێنـەر كاری تیا دەكات, ئەوەش(ئارەزوو)ی خوێنەرە لەكاركردن. كە بێشك(ئارەزوو)ش (چێژی)لەڕێگەی ئەو گەمەیە بەئاگادێتو پلەیەكی ئۆرگازمییە. ئەوەی(فرۆید)بە لوتكـەی پلـەی بـاڵای لـە زایەنـد دادەنێـت. لـەلای(بـارت) ئـەو پلەیـە لەڕێگـەی نووسینەوە وەدەست دێت.

خوێنەر لەئەنجامی ئـارەزووی بـۆ دەقێكـەوە, لەڕێگـەی نووسـینەوە هـەوڵی هەڵساندنی(چێژ)دەدات. لەوكاتەدا(خود)دەیەوێت لەگەمەكردن بەدالـەكانی دەق ئـارەزوو بباتـە قۆناغێـك كـە(چـێژ) بگاتـە پلـەی بـاڵا, پلـەی بـاڵای چـێژ بەرهەمهێانەوەی دەقە. گەڕانێكە لەپانتایی دەق. ئازادی ئەو گەڕانە لەوەدایە كە مـەدلول ناسـەپێنێتە سـەر گەمـە ئازادەكـەی. لێرەدا ئەگـەر ئـەدەبی سێكـسی وەربگرین كە تا چەند چێژی تیا وەدەست دێت, ئـەوا(بـارت) جـەخت دەكاتـەوە سـەر ئـەوەی كـە ئـەو ئەدەبـە دەقێكـە بەتاڵـە لەچـێژی دەق, چـونكە هـەموو هەوڵدانـەكانی بـۆ ئەوەیـە بگاتـە مەبەسـتی كۆتـایی لەگریمانـەكانی خوێندنـەوە لەڕووی(مێژوو, ڕۆشنبیریی, سایكۆلۆژی) لەپەیوەندی زمان بەدوورە.

زیاتر مەبەستی دەستكەوتنی ئابووری بـازاڕە[7]. كـە دەقـی داخـراو دەدات بەدەسـتەوە, هـەر وەك چـۆن ڕۆمانـە واقیعییـەكان بـەهۆی مانـا دەستنیشانكراوەكان هەمان جۆری دەق دەخولقێنن. دەستنیشانكردنی سـنوری مانا وەستاندنی خوێنەرەكە دەبێت بەڕێگر لەبەردەم بەشداریكردنی لەدەلالەتو نووسینەوەی, بۆیە (دەقـی كـراوە) بەپێـچەوانەی (داخـراو)هەوڵـدەدات خوێنـەر بەشداربێت. بۆیە بەرهەمهێنانەوەی زۆرترین مانا لەناو دەقدا, ئەوەش ناو دەنـێ (دەقی نووسراو) كە خوێنەر مانای تازەی تیا دەنووسـێتەوە. ئـەوەی دیكەشـی (داخراو) ناودەنێ (دەقی خوێنراو) كە ماناكانی جێگیرو نەگۆڕنو خوێنەر بەپێی دانانی ئەو مانا نەگۆڕانە دەیخوێنێتەوەو توانـای بەشـداریكردنی لـەمانادا نییـە.

دەقی کراوە ئـەوەی (بـارت) نـاوی دەنـێ (دەقـی نووسـراو) دەقێکـە پێویـستە خوێنــەر بەشـداریی تیـا بکـات بـۆ نووسـینەوەی مانـا, ئـەوەش هـەرگیز(مانـا وتراوەکان)نییە, چونکە ئەو جۆرە دەقە هەڵگری کۆمـەڵێك(مانـای نـەوتراوە)کـە بەرهەمهێنەری دەق لەپشت(وتراوەکان) حەشاری داوەو بواری بۆ نووسـینەوەی خوێنەر فەراهەم کردووە کە بینووسینەوە, ئەوەش گەمەکردنی خوێنەرە بـەدال کـە لـەدەقی(خـوێنراو)کراوەتـە دەرەوە. کەچـی لـە(نووسـراو)دا بـەردەوام لەجوڵەدایـە, دەیـەوێ لەسـەمایەکی بەردەوامـدا بێـت. وەك(خوێنـەر) نییـە کـە بەهۆی کۆتایی پێهاتنی نووسـینی(دال)ی فرێداوەتـە دەرەوە. ئـەوەش دەقێکـە خوێنەر ناتوانێت ئینتیمای بۆ بکاتو بەدوای چێژی نووسینەوە خەریك بێت. ئەو چێژەی دەق وەڵام بەپرسیاری(بلانشۆ)دەداتەوە کە کاری ئـەدەبی بـەرەو کـوێ دەڕوات؟ "ئـەدەب بـەرەو خـۆی دەڕوا, بـەرەو جەوهـەری خـۆی کـە بریتییـە لەنەمان"[8].

ئەو فەناکردنەی زمان لەناو نووسین چەمکی تازەگەریی دەخوڵقێنێ, بەوەی پرسیاری (ئەدەب چییە؟)ی سارتـەر دەخاتـە نێـو پرۆسـەی بیرکردنـەوە, نـەك بەوەی تەنها پەیوەستی بکات بەمێژووی نووسین, بەڵکو دەیگوازێتەوە بـۆ کایـە سیمۆلۆژیەکان تاوەکو ڕاڤەی ئاماژەکانی ئەدەب بکات. ئەوەش ناودەنێ"بوونی ڕەهەندی سێیەم بـۆ فـۆرم" بـەدوای تێکـەڵبوونی ئاسـۆی زمانـەوانیو سـتوونی شێوازەکان. ئـەوەش وەزیفـەی پەیوەندییەکانـە بـۆ بەرهـەمهێنانی گوتـار. ئـەو گوتـــارەی ئەفـــسانەیەکی ئەدەبییـــە لەڕێگـــەی دەلالەتـــەوە کـــە مەعریفـــە خوڵقاندویـــەتی, بـــەواتای زمـــان ئەفـــسانەیەکە چـــیرۆکی خـــۆی لـــەناو دەق دەنووسێتەوە. بەدوای ئەوەی لە(چەمکی سۆسێر)ەوە بۆ ئاماژە ئەفسانە وەك سیـستەمێکی ئاماژەکـاری دیاریـدەکات بـەوەی دال دەکـات بەدەلالـەت بـۆ گوزارشـتکردن, کـە زمـانی (مانـا) زمـانێکی دیکەشـی هـەڵگرتووە ئـەویش(میتـا زمان)ە. ئـەوەش بەهاکـەی بـۆ فـۆرم دەگەڕێتـەوە, نـەك بـۆ ئـەو پەیامـەی کـە

گوتارەکەی لەخۆگرتووە بۆ مانا. چونکە نووسەر کە بەبەرهەمهێنەری مانا ناسراوە, کەچی بەلای(بارت)ەوە تەنیا ئاماژەی بەتاڵ بەرهەمدێنێت[9]. ئەوە زمانە لەناو دەق فۆرمێك درووستدەکات بێ ئەوەی قسەی لەبارەوە بکات, ئەویش خولْقاندنی سیستەمە بەپێی رێکخەرەکان، بۆیە سیمۆلۆژیا لەهاتنی بۆ ناو دەقو کارکردن لەتەك کاری ئەدەبی بۆ تەواوکردنی کەموکوڕییەکانی ئەدەبە وەك چۆن کارە ئەدەبییەکەش دەیەوێ کەلێنەکانی ئاماژە پڕ بکاتەوە ئەوەش لەوکاتەی کە دەق کۆمەڵە فۆرمێکی خولْقاندووەو ئاماژەکان فرمانی دەسەڵات رایەڵ دەکەن. ئەو هێزەی کە دەیەوێ ڕەهەندێکی قووڵ بەزمان ببەخشێت ئاماژەیە, کە سیستەمو بەهاو شوناس دەق بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون دەبات.

زمانیش دەسەڵاتێکە سیستەمێك بەڕێوەی دەبات, بارت لەکەشفکردنی ئەو دەسەڵاتە لەپرسیاری دەسەڵات پێدراوو پێنەدراودا دەیەوێت رۆبچێتە نێو زمانەوە. بەوکارەش دەیەوێ دەسەڵات لەو چەمکە سیاسییە دەربکەینو هەست بەبوونی لەناو دامەزراوەکان بکەین, چونکە سەپاندنی گوتار لەلایەن دەسەڵاتەوە لەناو دامەزراوەکان, بەرهەم هێنانەوەی هەمە چەشنی دەسەڵاتی زمانە کە گوتارێك بەڕێوە دەباتو دەیسەپێنێتە سەری تووشی هەڵە دێت بەپێی لادان لەسیستەمەکە. (ئەمبرتۆ ئیکۆ) لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا پێیوایە کە (بارت) بۆ خوێندنەوەی ئەو باسەی کە لەکۆلێژی(دی فرانس) پێشکەشی کردووە, دەسەڵاتی بەرهەمهێناوەتەوە,"چونکە لەفەرەنسادا هیچ شتێك هێندەی وانە وتنەوە لەکۆلێژی دی فرانسو بەرهەمهێنانی زانین دەسەڵاتی فەرهەنگی نابەخشێت"[10].

دەرکردنی دەسەڵات لەتاکە چەمکێكو هێنانی بۆ ناو فرە چەمکیو ئامادەبوونی ئەو چەمکە لەناو دامەزراوەکان, گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندی دەسەڵاتو مەعریفەی فۆکۆ, چونکە(فۆکۆ)بەر لە(بارت) لەو مەسەلەیەی کۆڵییەوەو دەسەڵاتی هەر لەوە دەکرد هەڵگری زەبروزەنگ بێت, مەعریفەشی

بەجۆرێکی دەسەڵات ناوبرد, کە هەر دەسەڵاتیشە دواجار مەعریفە دەخولقێنێتەوە,(ئیکۆ) ئەوەی لەبارت بەکۆمیدیا سەیری دەکات ئەوەیە مادام زمان پەیوەست بێت بەدەسەڵاتەوە, ئیدی فاشیزمی زمان یانی چی؟ کە دیارە ئەو پرسیارە ئیدراکە بە حەقیقەتوگەڕانەوەیە بۆ پرسیاری(فۆکۆ) لە(ئەرکۆلۆژیای مەعریفە), چونکە کاتێ(فۆکۆ) پرسیاری ئەوەی کرد کە بوونی ئێمە پێویستییەکە لەناو دەسەڵاتداو توانای ڕاکردنمان نەبێت بۆ شوێنێك لەدەرەوەی دەسەڵاتی کە(بارت) بۆ ئەو پرسیارە هەوڵی ناساندنی سنووری دەستنیشانکراوی زمان دەدات, کە ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو سنوورەوە بێن, بەڵکو پێویستمان بەو شۆڕشە زمانەوانیەیە کە بەگۆڕین بۆ گوتاری ئەبستمۆلۆژی زمان دەتوانێ بەڕووی دەسەڵاتو پەیوەندییەکان بوەستێتەوە. ئەگەرچی(ئیکۆ) جارێکی دی(بارت) دەخاتە ناو رەخنەوە کە"هیچ کاتێك لەزماندا شۆڕش ڕوونادات"[11]. ئەوەش پشتبەستنە بە(فۆکۆ) بەوەی لەدەسەڵاتدا شۆڕش ڕوو نادات. ئەویش زمان وەك دەسەڵات سەیر دەکات, چونکە(ئیکۆ) لەبەرامبەر شۆڕشی زماندا کە(بارت) لەدەستەواژەکەی(مالارمێ) وەریگرتووە(گۆڕینی زمان) وایلێدێت دەبێ گومان لەو دەسەڵاتە بکەین, ئەوەش جەخت کردنەوەی(ئیکۆ)یە لەو ڕەخنەیەی ئاراستەی(بارت)ی دەکات, کە زمان هەرگیز توانای شۆڕشی نییە, بەواتای سنوور بەزاندنی زمان بەئەفسوس تێدەگات. کە وابێ دەبێت زمان لەخزمەتی دەسەڵاتدا بێ, ئەو دەبێتە رایەڵکردنی فرمانەکانی دەسەڵاتو توانای ئازادبوونی خۆی لەدەستدەدات. ئازادبوون دەبێتە ئەو چەمکەی لەدەرەوەی زمان بوونی دەبێت. (زمان)ی مرۆڤیش لەلای(بارت)ەوە داخراوە. تەنانەت لەزمانی ناوەکیش بەدژی تۆتالیتاری زمان دەبینێ، ئەوەیە ناچارمان دەکات لەناو سوڕانەوەی زمانو ناپاکی کردن لێ بمێنێتەوە, ئەوەش شەڕکردنی زمانە لەناو دەقدا. دەق لەڕێگەی نووسینەوە زمان ئەو سیستمە تێکدەشکێنێو گوتارێکی ئەبستمۆلۆژی دەخولقێنێت. ئەوەش لەسەردەستی(ژۆلیا کریستیفا)وە ئاشکراکرا. کە بەدیدێکی رۆشنی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ دادەنرێت, وەك ئەوەی

چۆن(ئیکۆ)ش هەوڵیدا بەدوای(مەرگی نووسەر)ی بارت ستراتیژێکی رۆشن بۆ دەق دەستنیشان بکات کە تیایدا خوێنەر لەدیدگایەکی دیکەوە دەسەڵات وەربگرێتەوە. بەدوای ئەوەی بنەماکان هەبوون کە بتوانرێ گەشەی پێبدرێو گۆڕانو ئیزافەی تیابکرێت.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


1–کاریگەری واقیع–رۆلان بارت–و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد–برایەتی–ژ2251.

2–گفتۆگۆیەك لەگەڵ(رۆلان بارت)و/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا–رێگای کوردستان–پاشکۆی ئەدەبو هونەر–ژ239.

3–مەرگی نووسەر–رۆلان بارت–و/ ئازاد بەرزنجی–سەراب–ژ3–4.

4– لەکاری ئەدەبیەوە بۆ دەق–رۆلان بارت, و: ئازاد سوبحی– سەراب–ژ3–4.

5- مبادیء فی علم الادلة-رولان بارت-ترجمة: محمد البكری- دار الشؤون الثقافة بغداد- الطبعة الثانیة1986.

6– لەکاری ئەدەبیەوە بۆ دەق– رۆلان بارت–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

7- النظریة الادبیة المعاصرة, رامان سلدن, ترجمة: سعید الغانمی-بیروت1996.

8– گەڕان بەدوای ئەپستیمێکی شیاو بۆ نووسین– د.محەمەد بەرادە–و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد–رامان–ژ31.

9- فی اصول الخطاب النقدی الجدید, ترجمة وتقدیم: احمد المدینی- بغداد1987.

10– زمان, دەسەڵات, هێز–ئەمبێرتۆ ئیکۆ–و/ یاسین عومەر–ئایندە–ژ10.

11– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ

سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ هاتە سەر ئەو کلتورەی کە خاسیەتەکانی میتـۆدێکی لەبەر دەست دابوو، بۆ ئـەوەی ئـەو میتـۆدەش لـە شـوێنێکدا نەوەسـتێ هـەوڵی خوێندنەوەی ستراتیژەکانی میتۆدیدا, لەڕێگەی نووسینەوەیەکی نادیاری ئاماژە, چونکە ئەگەرچی توانرا بوو پەیوەندیە دەلالیـەکان بدۆزرێتـەوە لەڕێگـەی زمـان ناسیەوە, بەڵام نەتوانرا بوو جێگۆرکێ بە پەیوەندی نێوان دالومەدلول بکرێـت, ئـەوەی دواتـر سـیمیۆلۆژیای هاوچـەرخ کـردی, چـونکە کـەلێنێك لـەئارادا بـوو.. دەرفەتی گۆڕانی تیۆریش هەبوو مادامەکی بنەما سـەرەکیەکان لـەئارادان, واتـە دەکرێ میتۆدەکە جارێکی تر ئیزافە بە خۆوە بگرێـت, دیارترینیـان دەرکـەوتنی دەقئاوێزان بوو، وە ئەگەر بە"مـەرگی نووسـەر" خوێنـەر دەسـەلاتی وەدەسـت هێنا, ئەمجارەیان ئەم چەمکە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ نێو دەق, ئەو توخمانەی لای بارت کزبوون یاخود بەدەگمەن هەست بەبوونیان دەکرا, ئەوا سـیمیۆلۆژیای هاوچەرخ هەوڵی دەرخستنیانی داو کردی بە میکانیزمی دەسەلاتی خوێنەر, بۆیە ئەو ئیزافەیە لەسەر بنەمایەکی تیۆری کۆیان ناکاتەوە, چونکە لای هەریەکێکیان سیمیۆلۆژیا خـاوەن چـەمکێکی سـەربەخۆیە, ئـەو چـەمکەش لای هەریـەکێکیان لەوانی تر جیاوازە, دیارترینیان(کریستیڤا, ئیکۆ) ودواتر ڕەخنەگرتنی (دریدا)یە لەڕێگەی گراماتۆلۆژیاوە, کە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەوگۆڕانکاریانە بدوێین کەلەو بـوارەدا خولقانـدیان, بەتایبـەت لـەڕووی دەقئـاوێزان و ڕەخنـەی ئەبـستمۆلۆژی کریستیڤا, کەهێندە نەبوو بارت بنەما سیمیۆلۆژیەکانی دەسـت نیـشان کردبـوو, بەڵام تێڕوانینـە سـیمیۆلۆژیەکانی کریـستیڤا بـووە جێگـەی سـەرنج دانـی, بۆیـە ئەستەمە بەبێ دوان لەکریستیڤا بتـوانین لـە سـیمیۆلۆژیای هاوچـەرخ تێبگـەین,

چونکە ئەو نەك هەرخۆی سەرقاڵی سیمیۆلۆژیا کردبوو, بەڵکو دەیویست گۆڕان لەو نێوەندە درووست بکات, لەڕووی پەیوەندی دەق بە مێژوو لەلایەك ولەلایەکی تریش بەمەعریفەوە, ئەوەش لە ڕێگەی پرسیارکردن لەزەمەنی ئێستا.

## پرسیاری ئێستاو دامەزراندنی شوناس

ئێستا چییە؟ لەکوێ ئێستا بدۆزینەوە؟ لەنێو پەڕاوەکانی مێژوو یا لە زەمەنی خۆیدا؟ ئەو پرسیارانە چەندە ئاراستەی زەمەن دەکرێن, هێندەش دەق بە وەڵام دێنن, چونکە دەق توانای بەرهەم هێنانی(ئێستا) ی هەیە, (ئێستا)ش زەمەنی نادیاری دەقە, بە پێچەوانەی (ڕابردوو) کە مێژوو بەرهەم دێنێتەوە, بە واتای هەریەکە لە زەمەنی ئێستاو ڕابردوو دوو دەقی جیا بەرهەم دێنن, ئەوانیش(دەقی مەعریفە)و(دەقیمێژوو)ن, مێژوو ئەو دەقەیە ئێمە بە پێچی کۆلانەکانی نامۆ نین ودالە ئاراستەکراوەکانی گۆرانیەکی سواوە, کەچی مەعریفە دەقێکی ترە, ڕووبەرێکی تازەی نووسینە کە ئێستا زەمەنی خۆی تیا بەرهەم دێنێت, زەمەنێك دەیەوێ پرسیار بکات, پرسیار بۆ دامەزراندنی ڕەخنە لە مانا ئامادەگیەکان.. ئەوەش دەقی مەعریفیە, ئەو دەقەی هەرگیز بڕوای بەوە نییە لەڕێگەی ڕابردووەوە بزانێت لەمێژوودا چیکراوە, بۆیە پرسیار لە زانستی دەق یەکێکە لەهەرە پرسیارە سەرەکیەکان کە ئاراستەی سێنتەری دەقی دەکات, ئەو پرسیارەش کارکردنە بۆ ستراتیژی سیمیۆلۆژیا,کە بە دەقناسی دەبەستێتەوە, چونکە دەیەوێ مانا بخاتە ژێر ڕەخنەوە, ڕەخنەلە توخمو ڕێساوماناکان, ئەوەش ڕاڤەکردنێکی دەلالیە, بۆیە دەلالەت ئەو بەگژدا چوونەوە مەعریفیەیە کە دەق دەکاتە زانست بۆ ئەوەی لە پرۆژەیەکی ئەبستراکتی نووسینەوە بیگۆڕێتە سەر یەکەیەکی مەعریفیکە زیاد لە ئاراستەیەکی دیاری کراوی هەیە, ئەوەش وەستانی دەقە لەسەر فرەئاستی دەلالەت"بەرجەستەبوونی ماددیانەی دالیش کە بەدەنگ چەند ڕێسایەکی ووردەوە دێو هەڵگری مادیەتی جەستەییومێژووییە, جولانەوەی ڕەهای نێگەتیف ڕادەگرێ کە دەشیا لە میانی لاهوتیەتێکی نێگەتیڤدا تەنیا لەناو

مەدلولدا بمابایەوە, لە نووسیندا نێگەتیڤ فۆرمەلەیەك وەردەگرێت, دەلالـەتی نـوێش پێـشوازی نێگـەتیڤ دەكـا تـا لـەناو نووسـینێك زمـانێكی گـەردوونی جیهانیـدا, جـارێكی دیکـه زمـان ڕێك بخاتـەوە"[1] ئـەوەش وا لـە دەق دەكـات لەسـەریەكەیەكی نـەگۆڕ نەمێنێتـەوە, چـونكە ئاراسـتەی دەلالی بـۆ مانـا لـە دەرەوەی جولـەی واقیعـی دێتـە بـوون, ئـەوەش وادەكـات دەق لـەواقیع نەچـێتەوە, بـەڵكو بـۆ خـۆی سـەربەخۆی خـودی لـە ڕێگـەی نووسـین دەسـت نیشان بكات, ئەو چەمكە"یاكۆپسن"و"فۆرمالیستی"ەكانمـان بـیر دێنێتـەوە, بـەلآم ئـەوەی لەیـەكتریان جیـا دەكاتەوەئەوەیـە یاكۆپـسن دەیویـست ووشـە لە"پێكهات/دەلالەت"دا جگە لە میرنشینێكی جیاواز لـە واقیـع هیـچیتر نـەبێت, ئـەوەش بەهایـەكی تایبەتمەنـدە, كـە بـەهای لـە ئاراسـتەبوونی بـۆ زمانـەوانی دەبینی, كەچی كریستیڤا دەیەوێ ئەوئاراستە زمانەوانیە بخاتە ژێر ڕەخنـەوە, ئـەو ڕەخنەیـەش بـۆ ڕەتكردنـەوەی ئـەو بنـەمای گۆڕانكاریەیـە, تـاوەكو دەق مۆركێكی دەلالی لەناو ئەو ئاراستەیە دابمەزرێنێت[2].

چونكە براكسیسێكی سیمیۆلۆژیانەیە, ئێمە لەبەردەم ڕەخنە لە زمـان نـابێ وا حاڵی بین كەئەوە ڕەتكردنەوەی زمانە, چونكە سـەرتاپای ئـەو پەیوەندیانـە تەنانەت براكسیسە سیمیۆلۆژیەكانیش لەڕێگەی زمانەوانیە, بەواتای زمانـەوانی لە دەقناسی دەرناكات, وەك چۆن نایكاتـە فاكتـەرێكیش بـۆ ناسـین, ئـەوەش زیاترخۆ جیاكردنەوەیە لە یاكۆپسن, بەتایبـەت لـەڕوی تێگەیـشتن لەدەقـەوە, دەق بەلایـــەوە میكانیزمێكـــە لەڕێگـــەی زمانـــەوە سیـــستمی زمانـــەوانی دەگەڕێنێتەوە ئەوەش بەرهەم هێنانی گەیاندنو ئاستی دەنگیە, دیارە پێـشتر هەردوو قوتابخانەیب اختینو براگ بایـەخێكی تایبـەتیان بـە ئاسـتی دەنگـی دابوو, بەلآم كریستیڤا دەیەوێ لەو ئاسـتەوە بـەرەو ئـاوێزانكردنی دەق بـڕوات, دەقئـاوێزان بـە پێویـستیەك سـەیر دەكـات, كـە بـێ بـوونی ئـەو, ئـەو دەقـە مەعریفیە نایەتە بـوون, ئـەوەش بـەهۆی دەقـیتر دەخولقێنرێت,كەبەدەربڕینـە دەنگیە كانی دەقیتر بـەراوورد دەكرێت, یـاخود لـەفۆرمی دەقەكانـدا ئـەوەش جیادەكاتەوە.

سەراپای دەق پێکهاتەیەلەمانا, دەقئاوێزانیش نووسینەوەی چەمکی مانایە, پێویستی بە زمانە بۆ نووسینەوەی دەق, زمانیش خۆی دانابڕێت لە پەیوەندیەکانی پێشوو, ئەو بونیادانە جارێکیتر بەرهەمدەهێنرێنەوە, زمان لەهێنانەوەی بونیادەکان خاڵێك بۆگەڕاندنەوەی یادەوەری درووست دەکات تاوەکو دەلالەتی نوێی پێ ببەخشن, بۆ ئەوەش کریستیڤا لە ووتارێکدا بەناوی(چۆن قسە بۆئەدەب بکەین) دەنووسێت"وادەردەکەوێ دۆزینەوەی بابەتێکی نوێ بەهۆی میتا زمانێکەوە کە لەناوچەی نێوان(ڕێکەوت)و (زەرورەت)دادامەزراوە, ئەمڕۆ بوو بەڕێسایەك بۆ گشت زانستێك"[3] ئەگەرچی ناکرێ دەقئاوێزان بەڕێسایەك ناوبەرێت, کە دیارە بۆخۆشی مەبەستی لەو خاڵە نییە, بەڵکو لێرەدا تەنهاوەك ڕێرەوێك دەیبینێ, کە هەموو دەقەکان پێیدا تێدەپەڕن.

(شکۆلۆفسکی)بەلای (تۆدۆرۆف)ەوە یەکەم کەس بووە باسی لەوجۆرە دەقانەکردووە, بەواتای ئەوەی هیچ دەقێك خاوەن هێلێکی سەربەخۆو دابڕاو نییە لە دەقەکانی پێش خۆی, بەڵکو هەموو دەقێك ئاوێزانبوونی دەقەکانی پێش خۆیەتی, بەلاٚم ئەوەی تواناو دەسەلاٚتی لەناو دەقدا پێدراوە بۆ نووسینەوەی مانا تەنها زمانە, زمان دەلالەتی نوێ لەناو دەق بەرهەم دێنێت, بۆیە بارت لەوە ووریامان دەکاتەوەکەگەیشتن بەمێژووی دەقئاوێزان کارێکەلەتوانا بەدەرە,ئەوەش دەبێتەپاڵ پشتێك بۆ بۆچوونەکانی کریستیڤا, تاگومان لەڕەچەڵەکی دەقئاوێزان نەکرێت, ئەو دەقانەی دەیانەوێ خۆیان دابڕن, هەڵبەت لەناو زمانێکی بێ دەسەلاٚتدا خۆیان لە دەرەوەی مەعریفە دەنووسنەوە,کە جۆرە دەقێکن لەناو"ئامادەنەبوونی مەعریفی"داخۆیان نوقمی فۆڕمێك دەکەن کە لەدەرەوەی زمان دەیەوێ دەق بخولقێنێ, ئەوەش دەقێکە لە دەرەوەی چێژی دەلالەتەوەیە, دەبێتە جۆرە نووسراوێك کە خاوەن ڕەگەزی پێکهاتووی دەق نییەوبە"دەقی‌نەنووسراو"دەمێنێتەوە,کاتێ کاری هونەری گەڕاندەوە بۆ ڕابردووی کارەکانی پێش خۆی, بەوەش کردەی

داهێنانی بە کارێکی سەربەخۆ ناو نەبرد, بەڵکو گەڕاندیەوە بۆ پاشخانی ڕۆشنبیری دەقەکان, ئەگەر چاو بەناو دەقە فەلسەفیەکاندا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت, کە بوونی دەقئاوێزان تەنها لەبواری ئەدەبدا نییە, بەڵکو دەبینین دەقێکی فەلسەفی نییە تەواو لەوانی پێش خۆی جیا بێت, ئەوە تەنها لاکان‌وکریستیڤا نین کار لەسەر فرۆید دەکەنەوە, بەڵکو(فرۆید)یش ئەو پیاوەی بە تیۆری‌دەروونناسی گۆڕانێکی تەواوی بەسەر مەعریفەی پێش خۆی هێنا لەڕێگەی چەمکی"نەست"ەوە, کەچی پێش ئەو نیتچە باسی نەستی کردووە, بەلاّم بەشێوەیەکی جیاواز وەك فرۆید نەیدەبەستەوە بە دەزگای فکری"فرۆید چەند جارێك ووتویەتی کەس نەبووە لە نیتچە باشتر خۆی بناسێت‌و, لەئایندەشدا هەرگیزکەسێك نییە لەو خۆی باشتر بیناسێت"[4] وە نیتچە بۆخۆشی لەو باسەدا لەژێرکاریگەری"گۆتە"دا بووە, بەواتای هەموو دەقێك لەدایکبوونی ئەو زەمینەیە کە مەعریفەیەکی لەبارەوە خراوەتە ڕوو, بۆیە لەو چەمکەوە باختین توانی چوونە ناوەوەی دەقەکان تیۆریزە بکات‌و شیعری لە بازنەی دەقەکانی پێشوو دەرنەکرد, بەڵکو لە دەیالۆگ دەریکردە دەرەوە, ئەوەشی بە دیاردەیەکی زمانەوانی ناونەبرد, بەڵکوگەڕاندیەوە بۆ گوتار, چونکە دووکردەی زمان دێنە ناویەوە کە لەڕێگەی گوزارشتی یەك بەوی ترەو ەپەیوەندیەکی دەلالی‌کەگوتاری پەیوەندیی گفتوگۆکردن بەرهەم دێنن"[5] بۆیە باختین ئەگەرچی یەکەم دەست پێشخەر بووە, بەلاّم هیچ ناوێك ی‌لێ نەناوە, بەڵکو لەناو دەقدا کاری بۆ کردووە, گەڕاندویەتیەوە بۆ فەلسەفەی ئیستاتیکی لەبارەی ئاماژە ی‌زمانەوانی, بەلاّم کاتێ کریستیڤا کار لەناو ئەو چەمکەدا دەکات‌وگەشەی پێ دەدات, نایەوێ لەوسنورە دیاری کراوانەدا بەکاریان بێنێتەوە, بەڵکو مەبەستی فراوانکردنی ئاسۆی ئەو چەمکەیە,کە دەیەوێ لەڕێگەی"سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە"چەمکی ئەبستمۆلۆژی بگوازێتەوە بۆ کێشەکان, ئەوەش جۆرێکی تری خولّقاندنە, کە دەبێ بە پێکهاتەی دەق, بەدوای ئەوەی لە ڕووبەرە براکسیسی دەلالەتەکان دەکات,

بەو زیادەکاریەش سەرلەنوێ پەیوەندی"دەق"و"مێژوو" دەخولقێنێتەوە, لەوەشدا دەتوانین پێناسەکەی بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە بڵێین: بەدوای هێرمنیۆتیکای دەقەکانی پێشوو خوێندنەوە بەکاری نووسین هەڵدەستێ تاوەکو فرەمانایی بەو دەقانە ببەخشێت.

لەوەشدا توانیویەتی"فەناکردن" بە پەڕینە بۆ نێو دڵی گوتارێکی ترئاماژە بدات کە دژ بە خودی"سێنتەریدەق"یش دەوەستێت, ئەوەش مانای دەقیئاوێزان لەسەرکراو سەراوژێر دەکات, لێرەدا دەبێت ئاماژە بە دوو جۆرە دەقئاوێزان بدەین جۆرێکیان لە نائاگایەوە نووسەر دەکەوێتە ناویەوە, ئەوەی تریان بەهۆشیاریەوە نووسەر دەچێتە ناو فەزای دەقەکە.

لەیەکەمدا خۆی دەخزێنێتە ناو جیهانێك کە دەبێتە شێوێنەری مانای دەق, نەك دەسکەوتنی مانای تازە,کەچی لەوەی تر ئەو بەرەو دونیای دەقێك دەڕوات دەیەوێ خۆی بسەپێنێ, بەدوای هێنانی کردە هاوبەشەکان ئەوانیش(خواستن, هەڵمژین, بەیەکداچوون, گۆزاندن, بەرجەستەبوون, ئاوێزانبوون).

کریستیڤا کاتێ ناو لەچوونە ناوەوەی دەقەکان دەنێ دەقئاوێزان هەر بەتەنها بەکردەی ناونان هەڵناستێ, بەڵکو هەوڵی خولقاندنی ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژی دەدات, کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی ژیانی ڕۆشنبیری تێکەڵی سۆسیۆلۆژیا دەکات, ئەوەش پەیوەندییمەعریفەیەبەدەقەوە,کەڕەخنەلەدەق جیا ناکاتەوە, بەڵکو بە بەشێکی تەواوکەری دەزانێت,کەلەشێوەی چەمکی ئاماژە دەردەکەوێتو بابەت دەبێتە پەیوەندیی نێوان مەعریفەو براکسیس, ئەوەش گەڕانەوەی خوێندنەوەیە بۆ دەقەکانی ڕابردوو, کەشفکردنی نهێنیەکانی دەقە, ئەو نهێنیەی لەدەقی چاوگە نائامادەبوو, بۆیە دەقئاوێزان ناودەنێ بە"ئامادەبوونی ئەبستمۆلۆژی" بەواتای دەقی پێشوو لەناو نووسیندا بوونی نامێنێ, بەقەد ئەوەی تەنها بۆ هێنانەوەیمێژوویو ئاماژەیکۆمەڵایەتی دێتەوە,ئەوەش پەیوەندی کردنی دەقە بە دەقەکانی

پێش خۆی, کە نووسین دەبێتە ڕێکخەری ماناوگەڕان بەدوای کەینونەی زمان, تاوەکولەسەر شوێنەواری دەقەکانی پێشوو هێلێکیتر بدۆزێتەوە بۆ خولْقاندن, ئاماژەکانی دەق دەلالەتی سەربەخۆ وەدەست دێنن بەواتای ئاماژە لە دەلالەتی"دەقی ڕابردوو"جیا دەبێتەوەو مانایەکیتر وەدەست دێنێت, کەواتە دەقئاوێزان بۆ کریستیڤا ئەو شوێنە نییەکە هەموو بۆچونەکانی لەوێ کەڵەکە بکات, بەڵکو ئەو دواتر زۆر لێی بەدوور بوو, ئەو کاتەی لە ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژیەوە بەرەو ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی ڕۆیشت, کە بەپێی دیدگایەکی مێژوویکۆمەلأیەتی دەیویست سیمیۆلۆژیا دەربخات.

بۆیەگەڕانەوە بۆ نێو زەمەنی نووسراو بنەمایەکی سەرەکی ئەو دەقەیە, کە جارێکیتر توخمو ڕستەکان دەنووسێتەوە, نووسین لەو دەقە نوێیەدا ئەوە بە پێویستیەك نازانێ کە لەسەر کۆمەڵە دەقی نووسەرێك کار بکات, بەڵکو دەتوانێ چەند نووسەرێك هەڵبژێرێت کەدەقەکانیان سەر بەیەك قۆناغیش نین‌و ڕێبازی جیاوازیشیان گرتۆتەخۆ,کەچی نووسینی ئەو دەقە هەوڵ دەدات لەفەزای دەقەکانی پێشوو پەیوەندیەکی تازە بدۆزێتەوە, کە نووسین ڕووبەرێکی نادیارکەشف دەکات, بەواتای دەقی ڕابردوو دووبارە ناکاتەوە, بەڵکو دەیکاتە ژێرخان بۆ دەقی ئێستا, بەلأم دەبێ ئەو دەقانەی ئاوێزانیان لەسەر دەکرێت, توانای ئەوەیان تیابێت ببنەژێرخان بۆ دەقێکی نوێ, چونکەکاتێ دەمانەوێ دەقیتر بەرهەم بێنین, بەرەو یادەوەری دەقەکان دەگەڕێینەوە, تاوەکو لەئێستادا زەمەنێك بۆ دەق دەست نیشان بکەین, کە توانای ئەوەمان هەبێت لەیادەوەری جیای بکەینەوە, ئەوەش جیاکردنەوەیە لەو ڕاگەیاندنانەی کە دەق بەدزی تاوانبار دەکەن, چونکە یەکێك لەهەرە مەبەستەکانی دەیەوێ دەقئاوێزان لەدزین جیا بکاتەوە, ئەوەش بە"ئیدیۆلۆژیم"ناو دەبات, کە تێکشکاندنی مۆرکی زمانە, لەشوێنیدا بایەخ بە مۆرکی ئاماژەکان دەدرێت, تاوەکو میتۆدی سیمیۆلۆژیا دەست نیشان بکات,

كه بەبێ ئيدیۆلۆژیم كاری دەق تەواو ناكات, تەنها بە ئاوێتەبوون لەگەڵیدا نەبێت,ئەوەش ڕۆڵی ڕێكخەرلەناودەق دەبينێت.

لەڕێگەی دەستكاری كردنی دەق دەیەوێ لە دەقەكان بكۆڵێتەوە, ئەوەش لە فۆرمالیستو بونیادگەری جیای دەكاتەوە, بەوەی لە ناو سێنتەری دەقدا بەرەو دەرەوە دێت, ئەوكارەش تێپەڕاندنێكە لە سیستمی زمانەوانی, ئەگەرچی پێش ئەو قوتابخانەی باختین دەیویست پەیوەندیەك لەنێوان جیهانی ناوەكیـدەق(زمان)وجیهانیـدەرەكی (ئايدیۆلۆژيا) درووست بكات, بەلام نەك لە(ناوەكی) بۆ(دەرەكی) بەڵكو بەیەك هێلی تەریب دەیانهێنا, وەهەندێ جارخوێندنەوەكە لەدەرەوە بۆ ناوەوەی دەق دەهات, چونكە پێش ئەویش دەكەوت, بەتایبەت بۆ سەردەمی گەشەكردنی قوتابخانەكەیان كە ماركسیزم لە لووتكەی گەشەكردنیدا بوو,كەچی كریستیڤا لەتێپەڕاندنی زمان دەیزانی ئەو زانستەی لەدەقدا پەیرەوی دەكات, تەنها بە پشت بەستن بە سیمیۆلۆژيا ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە,لەوەشدا پێچەوانەی كەسانی پێش خۆی دەبێتەوە ئەوەش لەو كاتەی دەیوویست بونیادگەری بخاتە ژێر ڕەخنەوە, ئەگەرچی پێشی وابوو"ڕەتكردنەوەی بونیادگەری لەزۆر كاتدا بەڵگەیە لەسەر نەفامیەكی قوولّ بۆ ئەو گۆڕانكاریە ڕیشەییانەی لەچەمكەكاندا كردوویەتی لەزۆربەی بوارە زانستیەكاندا"[6].

ئەوەش گەڕانە بەدوای ڕەخنەیەكی قوول كە لە نووسینی ڕۆمانەكەیدا(ساموڕای) ستراتیژی ڕەخنەیی خۆی لە بەرامبە ربونیادگەری ئاشكرادەكات, لەو ڕۆمانەدا هەریەكە لە(بارت, فۆكۆ, لاكان, فیلیب سۆلێرس) كەسایەتی سەرەكی ڕۆمانەكەن, دەست پێكردنی ڕۆمانەكەش لەسەر زاری ژنێكە(هەڵبەت مەبەست لەخۆیەتی)كە باروودۆخی ڕۆشنبیرانی فەرەنسای شەستەكان دەگێڕێتەوە, لەناو ڕۆمانەكەدا گێڕانەوە بە دوو چەمك دەبردرێت, چەمكی یەكەم: ڕەخنەی كریستیڤایە لە كۆمەڵگادا كەسانێك "دەڵێن كریستیڤا لەم ڕۆمانەدا نهێنیەكی شاراوەی هەیە یا دەیەوێت تۆڵە لە ناحەزەكانی

بكاتەوە"[7] چەمکی دووەم: ستراتیژی سیمیۆلۆژیایە لە گۆڕینی ئاماژەکان بۆ چەمکی فەلسەفیو نووسینەوەی زەمەنێکی نادیار بۆ ڕابردوو, ئەوەش "تێکشکاندنی ڕابردوو"ە بۆ نێو نادیار, کە ڕەخنەی ئەو لە بونیادگەری لەوە دەردەچێت هەر ڕەخنەیەکی ئاسایی بێت, بەڵکو ڕەخنەیەکە لەو قۆناغە بە هەموو ڕەهەندە فکریو سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیریەکانیشیەوە, ڕەخنەیەك کە لە دەربڕین ووردبینانە ئاراستەی خوێنەری دەکات, تاوەکو هەموو ئەوانەی لەناو سیمیۆلۆژیادا پێی دەگەن ڕۆشن بن, ئەوە سەرباری ئەو ئاڵۆزیەی لە زماندا هەیەتی کە"زمانێکی دووفاقی دوالیزمییە واتە بەشێك لەنیشانە هەڵدانی بابەتی تێدایە کە پارێزگاری لە بنەماکانی زانستیمرۆیی دەکات وە بەشێکی خودیی دەروونی تێدایە کە دەڕوات بەرەو جیهانی پەیوەست بە خەیاڵی نووسینی ئەدەبیەوە"[8].

نووسین لای کریستیڤا ئەزموونی زمانە, بۆیە خوێندنەوەکانی سنوری ناوەڕۆكو ڕەوانبێژیەکان تێدەپەڕێنیو ئەو بەهایەی بارت بۆ دال دەیگەڕاندەوە, ئەوا کریستیڤا بە پێچەوانەوە بەهاکان بۆ مەدلول دەگەڕێنێتەوە, مەدلول لای ئەو چەمکێکی قووڵی هەیە, ئەوەش ڕۆچوونە نێو فەلسەفەیە, کە ئاخاوتنی ڕۆژانە لەڕێگەی"مەدلول"ەوە دەگۆڕێتە سەرگوتارێکی شیعریی, لەناو ئەو گوتارەدا زمان کەناڵی پەڕینەوەیەتیکە خۆی لە سیستمەکانی ئاخاوتن دەرباز بکات, بەو هۆیەش"کردەیدەلالی" بە گوتارەکە دەبەخشێت, چونکە لەسەر"دەلالەتی ڕاستەوخۆ" کاردەکات نەك ناڕاستەوخۆ, وە ئەگەر پێشتر دال بەکردەیەکی دووبارە بۆوەی فۆنیمەکان بناسریٚ, ئەوا لای کریستیڤا مەدلول دووبارە نابێتەوە, ئەوەش سەپاندنی ئەونییە بەسەریا, بەڵکو سرووشتی مەدلولە, بەڵام ئەوە وای لیٚکرد دژی دووبارە بوونەوەی ماناش بووەستێتو"مانای مانا"ڕەت بکاتەوەو"دەلالەتی ڕاستەوخۆ" شوێنی"ناڕاستەوخۆکان" ی بگرێتەوە, چونکە بەلایەوە دال لە پەیوەندیە زمانەوانیەکان نەك هەر نەگەیشتووە, بەڵکو تووشی نامۆبوونیش

هاتووه, بۆیه ئەو کرداره هەڵگری مانایەو هەرگیز نەیتوانیووه دال فەرامۆش بکات, ئەوەش بۆ بەکارنەکردنی زمانو نەتوانینیئیرادەیگۆڕان بۆ ئاینده دەگەڕێتەوه, هەڵبەت مەبەست لە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبە, کە تا ئەو ڕۆژگاره دەقەکان نەیانتوانیووه سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن, چونکە ڕەگێکی ئایدیۆلۆژیا بەنێو ئەدەبدا بردراوەتە خوارەوه, ئەوەش بووه بە سێنتەری دەق, ئەو سێنتەرەش دەکاتە چەقی پرسیارەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوه, چونکە "تاریکی" بەشێکی زۆری لە ئیستاتیکای نووسین گرتووه.

کارکردن لەسەر زمان پێویستی بە گەڕانەوه بۆ خاڵی دەسپێك هەیە, تاوەکو"زمان/مانا"بە یەکەوه پارێزگاری لە یەکەی نووسین بکەن, بۆ ئەوەش مالارمێ بە نموونە دەهێنێتەوه,کە مالارمێ بەردەوام دەیەوێ لە لەدایکبوونێکی تازەدا بژییت,بۆ ئەوەی ئەو کارانەی پێشوو ئاشکرابکات, ئەوەش ئاشکراکردنی زمانە بۆ گەڕاندنەوەی ڕابردوو, دەتوانین ئەوەش بە خاڵێکی تری جودابوون لە بارت ناوبەرین, چونکە بارت دۆزینەوه لەڕێگەی چێژی نووسینو گەمەکردن بە دال دەدۆزێتەوه,کەچی کریستیڤا بە گەڕانەوه بۆ ڕابردووی زمان دەیەوێ لەڕێگەی نەستو چۆنیەتی بەکارهێنان یزمانی ڕۆژانە هێلێکی سەربەخۆ لەناو دەق درووست بکات, ئەو هێلەی لەزۆرکارکردن لەسەر دال توێژاڵێك بەسەر مانادا دەدات, ئەوەش تێڕوانینی سۆسێریانەیە, کەلە بڕی ئەوه کریستیڤا پشت بەشیکردنەوەی لاکان دەبەستێت, ئەوەش ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لەناو زماندا کە سنورەکانی دال تێدەپەڕێنێ, بەواتای ئەوکۆمەڵە دالەی زمان ئاراستەی وەرگری دەکات لەگەڵ مەدلول تووشی بەیەکداچوونێك دێت, بەو کارەش بەها کۆمەڵایەتیو مێژوویەکان دەکەونە بەر دەست لێدان, چونکە سیستمی دەلالی لەبەردەم گۆڕانکاریدایە, ئەو واقیعەی دەق لەڕێگەی زمانەوه وێنەی دەکێشا, گۆڕانی بەسەردا دێت, چونکە کاتێ دەق دەبێتە دال بەمانای دەبێتە خاوەن وێنەیەك کە واقیع لەشێوەیەکی نەگۆڕ دەر ناخاتەوه, ئەوەش کۆمەڵە گریمانەیەکی ئەفلاتوونیە کە

پەیوەندیەکی هاوبەشی بەوێنەو شتەکان هەیە, لەبەر ئەوەی"ئەفلاتوون بە جەنگێك هەڵسا کە مەبەستی سەپاندنی تێزەکانی بوو لەبارەی زمانەوە, وەك ئامرازێکی گوزارشت کە مەبەستێکیفێرکاری هەبوو"(9).

کەوابێ دەق لە دەرەوەی واقیع لەدایك دەبێت, ئەوەش جیاکردنەوەی زمانە لەمێژوو, بەوکارەش دەق لەپێناو مێژووی کۆمەڵایەتی بەرەو زمان دەگوازرێتەوە, کە مێژوو دەبێ بە خاوەنی چەمکی کۆتایی, چونکە لە چەمك یهیگلیزمەوە دەڕوانێتە مێژوو, مێژوویەك لەدەرەوەیچ ەمکی ئەدەبی بە ئەفسووس دەبینێت, بەو تێڕوانینەش توانی گۆڕانێك لەفکری ڕەخنەی خۆرئاوا درووست بکات, بەوەی هێڵێکی ڕەخنەیی لەنێوان مارکسو فرۆید ببەستێتەوە بە زمان, هەر لەو چەمکەش لە ئەزموونی(باتای.. مالارمێ.. ئارتۆ.. لۆتریامۆن) نزیك کەوتەوە, ویستی دەقەکانیان بەنێو پانتاییەکی تازەی ڕەخنەدا ببات کە دژی ئەو خوێندنەوانەی پێشوو بێتەوە, پەی بەبەشە شاراوەکانی دەق ببات, وەك لەکتێبی(شۆڕشی زمانی شیعریی) ئەو بۆچوونەی بارت هەڵدەوەشێنێتەوە, چونکە ئەوکارەی بارت گوتاری فکری خۆرئاوایە بەرەو یەك گوتاری هەست پێکراوی مەعریفی بوو, کە لەڕێگەی پێکهاتەکان دەیبینی, ئەو پێکهاتە ڕێکخەرانەی دەیتوانی هزر بەناو هەموو ئەو ئەزموونە لۆگۆسیانە ببات کە مەبەستی بوو, ئەو ڕێکخەرە ببوە بەربەست لەبەردەم چالاکیە عەقڵیەکان, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی عەقڵ لە ئارەزوو خۆی بەدوور بگرێت, بەوەش خود نەیدەتوانی گۆڕان لەگوتارە سۆسیۆلۆژیەکان بکات, بەڵکو چاوەڕوانی ئەو گوتارەی دەکرد, کە ئەو شوێنگەی بزاوتی بۆ دەست نیشان بکات.

بۆ ئەوەش کریستیڤا لەکتێبەکەیدا ڕاڤەکردنێکی سایکۆلۆژی ئاڵۆزی بۆ پەیوەندی نێوان"ئاسایی"و"شیعریی" دەخاتە ڕوو, ئەوەش پەیوەندیی بە ساتەکانی ئیدراکە هەستیەکانە لای مناڵ, کە سیستمی خێزان دەبێ بە ڕێکخەری, بەواتای لە قۆناغی"پێش ئۆدیبییەت" خێزان ڕێگە لە هەموو ئەو

پەیوەندیانە دەگرێت کە منال بتوانێت کەسایەتیەکی سەربەخۆ بۆخۆی درووست بکات, بەڵکو هەر لەسەرەتاوە دەیکاتە کۆیلەی ئەو دەسەلآتە کە خێزانە, چونکە خێزان ڕێکخەرێکی نییە بۆ پەیوەندی بە(جولە.. ئاماژە.. ڕەمز .. دەنگ) ئەوانەش پێکهاتەی‌سیمیۆلۆژیانو هەر لەو پێکهاتە نارێکخەرەی خەون دەکات, بۆیە ئەویش وەك لاکان بەرەو فرۆید دەگەڕێتەوە بەتایبەت ئەو کاتەی دەبینین بەکارهێنانی دەنگەکان لە شیعردا بۆ یەکەم پاڵنەرە سێکسیەکان دەگەڕێنێتەوە ودەیبەستێتەوە بەساتە ئیدراك نەکراوەکانی مندالەکە لەنەستی خود تۆمارکراوە, ئەوەش ڕاڤەکردنێکی فرییدیانە بووبۆ دەق,کەلەژێر تێڕوانینە نوێیەکانی لاکان بۆ فرۆید شرۆڤەی کردووە, بەوەی ڕەمز دەبوو بەبابەتی سەرەکی"سیمیۆلۆژیای کریستیڤا"مەبەستیشی گۆڕینی واقیعە کۆمەلآیەتیەکان بوو لەڕێگەی سیستمێکی ڕەمزی داخراو, بەوەی زمان لەنێو بونیادە کۆمەلآیەتیەکانو لەدەرەوەی بونیادەکان براکسیسی گوتارە شیعریەکەی خۆی دەکات, بۆیە پێی وایە شیعری نوێ لەهەندێ کاتدا وێنەی شۆڕشێکیکۆمەلآیەتی ڕەسم دەکات, وەهەندێ کاتیش ترسی لەوە هەیە بۆرژوازی لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیاوە بتوانێ شۆڕشێکی شیعریی بەرپا بکات, لە کەناڵی ئەو پاڵنەرە چەپێنراوانەی کە کۆمەلگا نەفی دەکاتەوە"[10].

بۆیە لەبەرامبەر ئەو مەترسی ووەهمانە دەبێت گوتاری بەرهەم هێنانی مەعریفە لەژێر ڕۆشنایی سیمیۆلۆژیاوە بێتە بوون, ئەوە بەو تێگەیشتنەی کە توانای دەسکەوتنی شوناسی دەقی هەیە,زانستی دەقیش مانا بە هەمووتوخمو ڕێساکانی دەخاتە ژێر ڕەخنەوە, چونکە پەیوەندیەکی فەلسەفیە بەڕەخنەوە, کەهەڵدەستن بە خوێندنەوەی زەمەن لەڕێگەی تۆبۆگرافی بۆ دال, دال لەو چەمکە فەلسەفیە لەناو بیرکردنەوەدا دەبێت, نەك وەك پێشتر لۆژیکی زمان فرمانی بە دال دەکرد بۆ ئاراستەکردن, ئەوەش بەمانا "کانت"یەکەی ڕەخنەیەکی میتۆدە لەبەشێکی خۆی, کەلە میتۆد یفەلسەفی

جیا نابێتەوە, چونکە سیمیۆلۆژیا دەبێتە فەلسەفە وزانست, ئەو زانستەش زانستی دەقە کە بەنێو خانەکانی فەلسەفەدا دەتوێتەوە, وەك توانەوەی فەلسەفە لەناو زانستدا, ئەوەش ڕۆشناییەکی ئەو میتۆدەیە, کە بەدوای زانستدا دەگەڕێت, زانست بۆدەق پێویستی بە توانایەکی مەزنە بۆ جیاکردنەوە لە "ئایدیۆلۆژیا"و" ئاین", بەلاَم دەق بۆ ئەوەی ببیَ بە خاوەن پانتاییەکی سەربەخۆ, دەبێ "پانتایی زمان" بتەقێنێتەوە, بە تەقاندنەوەی زمان دەق دوو پانتایی سەربەخۆ پێك دێنێت, ئەوانیش "ڕەمز/بەڕەمزکراو"ن, ئەوانەش هیچ پەیوەندیەك نییە بەیەکیان بگەیەنێت, ڕەمز هەموو ئەو ئەفسانەو چیرۆکی میللیو داستانانە دەگرێتەوە کە لەسەر یەکەیەکی ڕەمزی کار دەکەن, هەرچی"بەڕەمز کراوە" پێکهاتووە لە(لاوچاکی.. ترس.. ناپاکی.. سۆزانی) ئەوانەش ئاماژەن بۆ سیفاتی پاڵەوانی نێوئەفسانەو داستانەکان, بۆیە دەق کاتێ ڕەمزو بەڕەمزکراو وەك دوو پانتایی سەربەخۆ وەردەگرێت, لەناو پانتایی گشتی دەق بەیەکیان دەگەیەنێت, وە ئەوکاتەی پانتایی زمان تەقیەوە, دەق توخمەکانی خۆی لەمێژوو جیا دەکاتەوە, تاوەکو ڕەمزو بە ڕەمزکراوی پێ دابمەزرێنێت, چونکە تیۆریزەی ئەو دوانە بۆ نێو یەکەی سیمیۆلۆژی ڕۆشناییەکی نوێیە بۆ سیمیۆلۆژیا وتوانی لەناو واتای فراوانترەوە کاری لەتەکدا بکات وببێتە هۆی ئەوەی دەرگایەك بۆ"ئیمبرتۆئیکۆ"ش بکاتەوە.

## خوێنەرو ستراتیژی خوێندنەوە

لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژە وەك زانستێك, کۆد وسیستم ودەلالەت سنوروکارکردنیان دەست نیشان کرد, دواتر پەڕیەوە ناو دەق, چونکە ئەگەر دەق ڕێکخەرێکی دەلال یدامەزرێنەری گوتارەکەی بێت, ئەوا ئاماژە دەبووە کەناڵێك بۆ دەست نیشانکردنی شوناسی دەق ورەگەزە بەرهەم هێنەرەکان, کە دواتر لە قۆناغی سێیەمدا بەهاتنی (چەمکی خوێندنەوە) ڕەگەزە بەرهەم

هێنەرەكانی دەق فەرامۆش دەكران, بە فەرامۆش كردنیشی هیرمنیۆتیكاو ڕاڤەكردنی ڕەخنەیی پشت گوێ خران, ئەوەش لەپێناو(ستراتیژی دەق) بوو, كە(خوێنەر) لە دەق بەدەنگ ئەهات, ئەوخوێندنەوەیەی خوێنەر فرە تەئویلی دەقی فەرامۆش دەكرد, ئەوەش وایدەكرد(دەق) بە ستراتیژێكی ڕاستەوخۆ بگات بە خوێنەر, خوێنەر بە دەسەلآتێك دەگەیەنێ, دەسەلآتی بەدەنگ هاتن لە ئاماژەكان, ئەو كارەش بە ڕاڤەكردنی دەق لێك نادرێتەوە, چونكەكاتێ دەمانەوێ لە تیۆرەكەی (فرۆید)ەوە تەئویلی خەون بكەین, ڕاستە ئێمە ئەوكاتە بایەخ بەو ڕەمزانە دەدەین, كە لە خەونەكەدا بوونیان هەیە, بەلآم ئەو ڕەمزانە بە تەئویلی جیاواز دەبەین, تەئویل لەڕووی سایكۆلۆژیەوە پێكهاتەكانی ئەوخەونە لێك دەداتەوە, دەق ژێرخانێكی ئاشكرای نییە كە ب هەڕەوانی یەك شێوە شیكردنەوە بگرێتە خۆی, هەندێك جار دەقێك بەچەندین تەئویلدا دەبردرێت ئەنجام ستراتیژێك نییە كە دەق پێی بگات, بەڵكو(ناكۆتاكان) ڕێگا بەستراتیژ نادەن, لەوكاتەدا تەئویل دڵە ڕاوكەیەك تووشی (خوێنەر) دەكات, بەردەوام گومانێكی لا درووست كردووە, ئەو گومانەش بەرەو پرسیاری دەبات, پرسیارێك هەرگیز ڕێگەی نادات بگاتە بڕوا پێكراو, بۆیە لەوكاتەدا دەبێ خوێندنەوە فرە تەئویلی فەرامۆش بكات, لەبڕی ئەوەش بەریەك كەوتنێك لەنێوان دەق وئاماژە زمانەوانیەكان درووست بكات, ئەو بەریەك كەوتنە گەیشتنە بەدیاریكردنی ئاماژەكان لە دەقدا ئەوەش خاڵی پەیوەندیی تیۆری نێوان(دەق/ئاماژە)یە.

بەلآم (ئەمبێرتۆئیكۆ) لەبەرامبەر تیۆری ئاماژەكان, بەپرسیارێك ڕووبەڕووی گومانێكمان دەكاتەوە, كە ئایا تیۆری ئاماژەكان بوونیان هەیە؟ چونكە نەك مەرگی ئاماژەكان, بەڵكو گومان لەبوونیان دەكات.

ئەگەرچی بۆ مێژووی ئاماژە زۆر لە بێرس وسۆسێر دوورتر دەڕوات, ئەو مێژووە بۆ فەیلەسوفەکانی وەك(بیکۆن, لۆك, لامبرت, هۆسرەل) دەگەڕێنێتەوە, بەلاّم ئەگەر بەدوای ئەو مێژووەوە بگەڕێینەوە, ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ, ئەوەی لەفەلسەفەدا هەیە, بەتایبەت لەلای(لۆك) یا(هۆسرەل) ئاماژەن بەبێ ڕۆشنایی خستنە سەرێکی مەعریفی دەمێنێتەوە, ئەوەش تاهاتنی سۆسێر نەکەوتە ژێر ڕۆشنایی و بەهاتنیشی ئەومێژووەی(ئیکۆ) دوورتر دەبیات, بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانین(سۆسێر) بۆ(هۆسرەل)و(بێرس )بۆ (کانت)بگەڕێنینەوە, یا(بایسینیز) کە یەکەمین کەس بووە جەختی لەسەر ووشەو وێنە کردووە وەك ئاماژە, بەلاّم ئیکۆ پێی وایە ئەو ئاماژەیە مانایەکی فراوانی نییەکە تێی بگەیت, وەك ئەو هێمایەی سەر شەقام کە نازانیت بەرەو باکور یا باشوردەڕوات, ئەوەش پەیوەندیی بە سیاقی ماناوە هەیە, کە پەیوەندیی ئاماژەن بە ڕێساکانی دەلالەت, بۆیە"تیۆری گەیشتن پەیوەندیەکی جەدەلیە بەتیۆر بۆ مەدلول, ئەوەش پێش هەموو شتێك ببێ بەتیۆر بۆ ئاماژەکان"(11).

لەسەر ئاستی ڕەوانبێژی سەربەخۆی ڕەگەزەکانی دەق دەبنە هۆی وێرانکردنی ماناکان, چونکە ئەگەر(شێر) کە ئاژەڵەو(پاشا)مرۆڤ, بەلاّم لە بەکارهێنانی مەجازی(پاشای دارستان)کە بۆ(شێر)بەکار دێت, کەلێرەدا پاشا لەناونانی مرۆڤەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاژەڵ, ئەوەش لە پۆلین کردنی دەلالی لای شتراوس یەك وەزیفەی زمانەوانیان هەیە(شێر)و(پاشا)یەك ئاماژە دەدەن بەدەستەوەکە ئاماژەی دەسەلاّتە.

بۆیە مەجاز کاریگەر نابێ, ئەگەر ئاماژەکان لەبەرامبەر دەقدا مانا وەدەست نەهێنن"ئیدیۆلۆژیەتی ئاماژە وەك کریستیڤا دیاری کردووە, ئینسیجام دەکات لەگەڵ بڕواکلاسیکیەکان بۆ بابەت"(12), کەلەناو دەقدا ئالۆگۆر لەنێوانیان دەبینین وەك لەڕستەی"سەگ لەوپیاوە

بەوەفاترە"كەلێرەدا سەگ دەبێتەڕەمزێك بۆوەفا, ڕەمزێك توانای دژایەتی بۆ مرۆڤە بێ وەفاكان هەیە.

لەلای ئیكۆ خوێنەر ڕۆڵی سەرەكی هەیە لەئاستی ئاماژەدا, ئەوەش لەڕێگەی پەیوەندیەكانی گەیاندنە كە خوێندنەوە لەڕێگەی پرۆسەی ڕەخنەیی دەسەڵاتی خوێنەر دەردەخات, بۆئەوی خوێنەریش جارێكی تر سیستمی دەلالی لەناو ئەو دەسەڵاتەدا وەدەست بێنێت, پێویستەگومان لەوسیستمە دەلالیە بكات كە(سێنتەری دەق)ی پێك هێناوە, بە تێكشكاندنی سێنتەری دەق تەنیا ئاماژەكانی نێو دەق ناخوێنێتەوە بەڵكو ئەوكارە دەبێتە مایەی ئەوەی كە دەق بەرەو كرانەوە ببات, چونكە ئەوە خوێندنەوەیە جارێكی تر سیستمی داخراوی دەق دەكاتەوە, كرانەوەش سەرەتای پەیوەندی زیندووی خوێنەرە لەناو دەقدا, چونكە دەبیتە بەشێكی زیندوو لەبەشداری كردن لەناو سیتمە دەلالیەكان, بەواتای نووسین دەبێتە ئەو كەناڵەی كەجارێكیتر خۆی تێدا دەنووسێتەوە, نووسینەوە لەسەر ئاستی میكانیزم وبونیادی دەق, نەك لەسەر بەرهەم هێنەری دەق"بەم پێیەش پرۆسەی ڕەخنە دەبێتە پرۆسەی پشكنینی ڕەخنەگر بۆ شوێنی خۆی لە دونیا, نەوەكو بۆ شوێنی دەق لەناو دەقەكانی تردا"[13].

لێرەوە خوێنەر لەڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوە دەیەوێ تیۆرێك بۆ مانا بدۆزێتەوە لەسەر دوو ئاراستەی سیمیۆلۆژی, ئەوانیش "ئیستیدلال/پەیوەندیی"ن, سیمیۆلۆژیای ئیستیدلالی بۆ وەڵام بەكۆدەكان هاتووە, هەرچی سیمیۆلۆژیای پەیوەندییە تیۆرێكە بۆ بەرهەمهێنانی ئاماژە ئەوەش دووئاراستەی جیای زمان وئاخاوتنە, ئیكۆ پەیوەندیی بونیادگەرانەی زمان بەسەردەم لەناو فۆرمێكی ئیستاتیكی دادەبڕێت, بەڵكولەناوكۆدی ئاماژەكاری ڕێكدەخاتەوە, لەبەرامبەر فرە تەئویلیش كۆمەڵە فۆرمێك"دەقیكراوە" درووست دەكەن, ئەوەش لەناویەك خوێندنەوەوە

گریمانــەکانی خوێنــەر ناســەپێنێتە ســەر دەق, بەڵکولەهــەر خوێندنەوەیــەك تەئویل دەروازەیەکی تر بۆ خوێندنــەوەی دوای خــۆی دەکاتــەوە, چــونکە ئــەو دەقانــە دەقــی کــراوەنو داخــراو نــین, کرانــەوەی دەق چــێژێکی ئاراســتەکراوە بەرەو ئیستاتیکا, ئیستاتیکاش بۆخۆی دەقێکــی کراوەیــە وتوانــای فرەبینینــی جوانی هەیە, ئەوەش ماناکانی لــە پەیوەندیــەکی ئاڵوگۆڕیــدا دەردەکــەوێت,کــە ئەوە بە وەزیفەی کاتی ناو دەبات, ئاماژە"کۆدەکانی"دەسـت نیـشان دەکـات, دواتــر لەڕێگــەی گــۆڕینی شــوێنەکان گۆڕانیــان بەســەردا دێــت, تاوەکوخوێنــەر ئاماژەی تازە وەدەست بێنێت, ئەگەر چی"ولیــەم رای" ئــەو کــارەی ئیکــۆ بــە دووبارەکردنەوەی گریمانەیەکی بونیادگەری ناودەبات, دەیەوێ لە پرۆسـەیەکی بــەردەوام جــارێکیتر بگەڕێتــەوە ســەر ڕێکخــستنەوەی کۆدەکــان, تاوەکومانــا وەدەست بێنێ"[14].

کــۆد نایــەوێ ببــێ بــەخاوەنی ڕاســتەقینەی مانــا, بــەڵکو تــەنها کــار بــۆ ڕاڤــەکردنی گوتــارە زمانەوانیەکــە دەکــات, بۆیــە کــاتێ بــەکاری ڕێکخــستنەوە هەڵدەستێتەوە, دەیــەوێ مانــا بــۆ گوتــارە ئاراســتەکراوەکە وەدەســت بێنێــت, چونکەکاری ئەو تەنها لەسەر ئاستی دەقی ئەدەبی نییە, ئەگەرچی ئەوکارەش لەسنوری تیۆرەوە دەرناچێت وناپەڕێتەوە بۆ پراکتیك.

بەشـێك لەتوێــژەران وای دەبیــنن کــەئیکۆ جورئــەتی ئــەوە ناکــات نمونــەی پراکتیکی بخاتە ڕوو, ئەگەرچی ئیکۆ یــەکێك لــە هەوڵــە پراکتیکیــەکانی کورتــە چیرۆکێکی ئەلفۆنس بوو بەناوی"بەڕاسـتی مەرگەسـاتێکی پاریـسیە" لـەبارەی ژن ومێردێکــە کــە هــەردووکیان گومانیــان لەیــەکتری هەیــە پەیوەنــدیی تریــان هــــەبێت, بۆیــــە هــــەردووکیان بڕیــــاری ســــەفەرکردن دەدەن, ڕێکــــەوت لــــە چێــشتخانەیەك یــــەکتری دەبیننــــەوە, لــــەو دانیــــشتنە بڕیــــار دەدەن بــــەرەو کێشەکانی ڕابردوو نەگەڕێنەوەو ژیانێکی بەختەوەر لەگەڵ یەکتری بەرنە ســەر, ئیکــۆ لــە ڕوانگــەی خوێندنــەوەی ئامــاژە زمانەوانیەکانــەوە ئــەو چــیرۆکە دەخوێنێتــەوە, ئــەو خوێندنەوەیــەش بــە زمــان هێنــانی دەقــە لــەناو بونیــادی

ناوەکی, دیارە ئەو بونیادەش بۆشایی نێوان دەق وخوێنەرە, کە ئیکۆ ئەو بۆشاییە لەڕێگەی ماناوە پڕ دەکاتەوە, ئەوەش فراوانکردنی ڕەهەندەکانی ئاماژەیە, کەوابێ "نووسەروخوێنەری نمونەیی دەبنە ستراتیژیای دەقەکان"[15].

خوێنەری نمونەیش دیارە مەبەست لەوخوێنەرەیە کەخێرا بەسەر دەقەکان تێناپەڕێ, بەڵکو چەند جارێك دەق دەخوێنێتەوە, تاوەکو ئەوەی بە پڕۆژەیەکی نیهلیستی لای خوێنەری ئاسایی ناو دەبرێ, ئەو ئاسۆیەك لەودیوو نووسین بدۆزێتەوە, ئیکۆ کاتێك ئەو کورتە چیرۆکەی ئەلفۆنس دەخوێنێتەوە, وەڵامی زۆر لە ڕەخنەی توێژەران دەداتەوە, لەپێش هەمووشیان بە ولیم رای کە ئیکۆ بە تیۆریستێکی ئاماژەکاری دەبینێ کە توانای پەڕینەوەی نییە بۆ نێو پراکتیك, ئەگەر ئەو نمونەیەش بەجێ بێڵین وبچینە سەر دەقەکانی وەك"ناویگوڵ"و"باندۆلی فۆکۆ"یا کورتە چیرۆکی"شتەکە" ئەوسا ئەوەمان تێدەگەیەنێ کە دەکرێ لەناو دەقە ئەدەبیەکانیەوە بۆ تیۆرەکانی بگەڕێین, چونکە فەزای دەقەکان باشترین شوێنن بۆ دۆزینەوەی ماناکان, وەك لە چیرۆکی"شتەکە"دا دەبینین, خوێندنەوە هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ مانایەکی مەجازی بەو شتەببەخشێت, کە لە ناونیشانەکەی وامان لێ دەکات, پرسیاری لێبکەین و بزانین: ئەو شتە چییە ! ؟

"لە شێوەی بادەمێکی رووتەخت دابووکە بە ووردبینیەکی زۆرەوە تاشرابوو, وەك نمونەی ئەڵماسە گەورەکە, ڕەنگدانەوەی کانزایی نزیکە تاریکی هەبوو"[16] خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەوکۆمەڵە گریمانەیەك بۆ ماناکانی ناو چیرۆکەکە دەست نیشان دەکات, کاتێ ئاماژە نووسین وەك ووبەری دیاری نووسراو بە"چەوە"کە ناو دەبات, چونکە یەك گریمانە توانای وەدەست کەوتنی مانای نییە, بۆیە لە فەرامۆشکردنی خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو

ئامـاژە زمانەوانیـە دەبێتـەوە,کـە لـەژێر سیـستمێکی دەسـت نیـشان کـراوی نووسین جەستەی گوتارە دەقیان ڕاگەیاندووە, لەڕێگەی ناونیشانی دەقەوە.

ئیکـۆ خوێنـەر بـۆ ناسـین وگـەڕان دێنێـت, بۆیـە"ئەوخوێنـەرەی نـەتوانێ تـەئویلێك هەڵبـژێرێ ئیـدیی وون دەبـێ, تەنانـەت ئەگـەر توانـای خوێندنـەوە حەرفیـەکانی شیعریـشی هـەبێت, ناونیـشان دەبـێ فیکرەکـان تێـك بـدات نـەك ڕێکیبخـات"[17] بـەواتای کـردەی خوێندنـەوە لـە ناونیـشانی دەقەوەدەیـەوێ ئاراسـتەیەکیتر جیـا لـەوەی ناونیـشان لامـان درووسـت بێـت, تاوەکوئـەوەی لەسەرەتادا مانایەکمان لا درووست دەکات, ئەو مانایـە بـەرە وچـەمك و واتـایتر بێـنین, وەك "شـتەکە" لـە مانـای وێنەیەکیمـەجازی بـۆ" چـەو"دەهێنێـت, ئەوەش ئاماژەی سەرەکی لـە دەق دەخولقێنێـت, وخوێنـەر ئـەو ئاماژەیـە بـۆ گۆڕین ودەسکەوتنی مانا بـەکار دێنێت, لەوکاتـەش دووگوتـار دەسـت نیـشان دەکات, یەکەمیان ڕەخنەییەکە گوتارێکی ڕازیکـەرە, ئـەوەی تـریش هونەرییـە کە گوتارێکی هەڵخەڵەتێنەرەو داوا دەکات بەوویستی خـۆت بکـەی, بـۆ ئـەوەی زیاترلەوێنەی گوتارەکانەوە حاڵی بین ئەو نموونەیەی ئیکۆ دێنینـەوە"گوتـاری ڕەخنەیی پێشنیارێکە پێشکەشی ژنێکی دەکەم تـاوەکو لەگەڵمدا بێـت, بـەڵام گوتاری ئەفرێنەر پێشنیارێکە پێشکەشی ژنێکی دەکەم تا لەگـەڵ هـەر پیاوێـك بڕوات"[18].

بەواتای گوتاری یەکەم هەوڵدەدات ژنەکە ڕازی بکات تاوەکولەگەڵیـدا بێـت, کەچـی لـە گوتـاری دووەمـدا هەوڵـدەدات ژنەکـە هـەڵ خەڵـەتێنێ بـەوەی کەسێکیجوان وسەرنج ڕاکێشە ولە توانای هەیە لەگەڵ هەر پیاوێکی تر بڕوات.

کـەوابێ دەق نهێنیـەکی شـاراوەی هەیـە, ئـەو نهێنیـەش لـەلای خوێنـەری ڕاستەقینە ئەوکاتـە دەردەکـەوێت کـە ئیـدراکی بـە بۆشـاییەکان کـرد, چـونکە نهێنی دەق لەبۆشایی دایە, ڕۆڵی خوێنەر بە مانا"سارتەر"یەکەی پڕکردنـەوەی ئەو بۆشاییە کە پەیوەنـدیی خـۆی بـەدەق درووسـت دەکـات, ئـەوە دوای ئـەو

خوێندنەوەیـەی بـۆ ئامـاژە ئاشـكراكانی دەكـات, چـونكە"زمـان دەتـوانێ پـتر گوزارشت لەشتە بەزیوو پەككەوتەكان بكات, وەك لە شتە نەبووەكان"[19].

بۆیە ئەو دەقانەی كە خاوەن ئاستێكی باڵان لە چێژی ئیستاتیكا بـەردەوام بەلای ئیكۆ وە بایەخێكی تایبەتیان هەیە, بوونی ئاڵۆزیش لەو گوتـارە داوای لێ دەكات گۆڕان بەسەركۆدەكاندا بێنێت, ئـەوەش دەرچـوونە بـۆ ئاسـتێكی تـری تێگەیشتن, دامەزراندنی پەیوەندیەكی تازەی تیۆرە بۆ خوێنەر, چونكە ئەوەی لەخوێندنەوە لای "ئاسـیەروفینۆمینۆلۆژیەكان" لـەودیوی زمـان بەجەدەلیـەتی خود دادەنرا, ئەوا لای ئیكۆ خوێنەر بـە گەڕانـەوە بـۆ ڕابردووكەشـفی بڕواكـانی خـۆی ناكـات, بـەڵكو بـەرەو ئاماژەكـان دەگەڕێتـەوە, كـە هـەر ئـەوانیش سنورەكەی دەست نیشان دەكـەن, چـونكە لـەو كاتـەدا خوێنـەر پێویـستی بـە توانایەكی ڕۆشنبیری فراوان هەیە بۆ خوێندنەوەی بینراو, ئەوەش ئیـستاتیكای پێكهاتەی فۆرمە بە دەوری مانادا.

بەبێ توانا وئیرادە بۆ خوێندنەوەی ئەو فۆرمە ئەوا ناتوانین ئاماژەكانی نێـو ئـەو دەقـە ئیـستاتیكیە كەشـف بكـەین و هـەر بـە ئامـاژەی ئـاڵۆز كـراو لامـان دەمێنێتـەوە, چـونكە ئـەو جـۆرە دەقانـە لەیەكـەم بیـنین وخوێندنـەوە نامـان گەیەنن بە ڕاڤەكردن وجیاكردنە وتەئویلی گوتـارە جوانكاریەكـە, بـەڵكو لەهـەر ڕاڤەكردنێكدا كۆمـەڵێك مانـای تازەمـان پـێ دەبەخـشێت, هـەر لەبـەر ئـەوەش ئیكۆ ئەو جۆرە دەقانە بە دەقی لووتكە ناو دەنـێ, كـە خوێنـەری ئاسـایی بـە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی توانای ئەو ڕاڤەكاریەی هەیە, بۆ ئـەوەش چـەمكی "ڕەخنەی ڕاڤەكاری" بەكار دێنێت.

بۆیە نووسین ساتەوەختی سەرهەڵدانی پەیوەست دەكات بە ڕۆڵی خوێنـەر, كـە لـەو سـاتەدا خوێنـەر هـەوڵی كـردەی زمانـەوانی وئاماژەكاریـەكانی نێـو بونیـادی دەق دەدات, سیـستمی ئاماژەكـان بـە بونیـادێكی نێـو دەق جیـا دەكاتـەوە, چـونكە دەق بـۆ خوێنـەر دەبـێ بـە دامەزرانـدنێكی براگمـاتیكی,

ئەوەش بۆ"سیاق" یگشتی دەبێت بە چەمکی یەك لەو دوومانایە, کە بۆ چەمکی دەلالیش سیاقی زمانەوانی لەناو نووسین کا ردەکات, بەواتای دوالیزمی نێوان دەق وخوێنەر دەبێ بە چەمکی دەلالی وبراگماتیکی, ئەوەش پەیوەندیەکی تری سیمیۆلۆژیای هاوچەرخە کە ئیکۆ هەولی گۆڕانکاری سنورەکانی کارکردنی تیا داوە, بەلآم نەیتوانی لەو چەمکە سەرەکیانە تێبپەڕێنێت کە کریستیڤا هێنایە بوون وگفتووگۆیان لەبارەوە بکات, تا دریدا بەوکارە هەلنەستا.

## سیمیۆلۆژیای هرمنیۆتیکی

سیمیۆلۆژیایەکی تەواو جیاوازە لەوانی پێش خۆی هۆیەکەشی پەیوەندیی نییە بە بنەما وتیۆرەکان هێندەی پەیوەستە بەهەلوەشاندنەوەی بونیاد, و رەخنەگرتنە لە سیمیۆلۆژیا، کە لە بەشەکانی دواتر جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەری کە چۆن گراماتۆلۆژیا شوێنی ئەو دەگرێتەوە، چونکە بەلگەکە وەك بونیادێکی سیمیۆلۆژی لای بارت دەرکەوتبوو, ئەوا لای دریدا ئەو بونیادە هەلدەوەشێنرێتەوە, هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئنتیمای میتافیزیکی بەلگە, بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بونیادەش تاکە رێگە بەلایەوە هەلوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسە, ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە ماف بە خۆی دەدات کە بونیاد سێنتەریی نییە, بەلکو بونیاد ئامادەگیەکە لەنێو زماندا.

زمان و عەقل دامەزراوەی یەك بونیادن کە لەنێوخانەیەکدا گەورە دەبن, دواجا رزمان سێنتەرێك بۆ کۆبوونەوەیان قبوول ناکات, بەلکو ئەگەر سێنتەری عەقل بیرکردنەوەکان بێت, ئەوا زمان بە دوای ئەو پەیوەندیە ناکۆتایانە دەگەڕێت بۆکەشف بوون, هەرئەوەش دەبێ بە جیاوازیی نێوانیان, جیاوازیی بەو چەمکەی کە زیاترمانای مەجازیی هەبێ لەنێوان زمان وعەقل, نەك چەمکێکی زەمەنی و دەست نیشان کراو, بەلکو کۆمەلە بونیادێکی ئالۆزن, بونیادیی

نەبینراو کە ئینتیمای زەمەنی نییە ئەوەش ئەلتەرناتیڤێکە بۆ سێنتەر, سێنتەری عەقڵ ودەنگەکان, چونکە ئەگەرعەقڵ دەبێ بە لۆژیکی فەلسەفی, ئەوا دەنگیش دەلالەتە بۆ ئامادەبوونی قسەکەر, بە واتای دەنگ وعەقڵ لەناو سێنتەریی ئاگایی سیستمێك لەئامادەبوونیان سەلماندبوو, کەچی جیاوازیی ئەو سیستمە تێکدەشکێنێ, دەیەوێ لۆژیکێك بۆ زمان بدۆزێتەوە بیکات بەکۆتایی بیرکردنەوەکان, بەڵکو ئەو ئامادەگیە هەڵدەوەشێنێتەوە,کەهەریەك لە عەقڵ ودەنگ دەبن بە کۆمەڵێك کۆد, چونکە ئەگەر لەپیشوودا ئاماژەیەکیان بەدەستەوە دەدا, ئەوا هەڵوەشاندنەوەی هەر کۆدێك لەوان ئاماژەی جیاواز دەردەخەن, بۆیە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر بونیاد دەخاتە دەرەوەی دەسەلآتێك بۆ بیرکردنەوە, ئەوەش گەمەکردنە بە بونیاد کە چەمکێکی ڕەهایی لەپێشوودا هەبووە, ئەو چەمکەی لێ دەسەنرێتەوە, بونیاد لەنێو سێنتەر نییە" ئێمە دەتوانین بەبێ سێنتەر بمێنینەوە, من وای دەبینم کەسێنتەر وەزیفەیەونەك بوون بێ یان واقیع, بەڵکو تەنیا وەزیفەیە"[20].

کاتێ بونیاد بۆخۆی دەبێ بە سێنتەر, بەمانای ئەوەی هەمان توانای دەبێ, بەلآم نەك بۆ خولقاندنەوەی سێنتەر, بەڵکو لەمانای دالێکەوە دەگۆڕدرێت بۆ گەمەیەکی بەردەوام, مانایەك نییە گریمانە بکرێت, هێندەی "دال"ێك هەیە لەگەمەی زماندا دیدی جیاوازیی پێدەبەخشرێت, ئەوەش خولقاندنی جیاوازیی و تێکشکاندنی ئەو چەمکە نەگۆڕەیە, بۆیە بونیاد لەڕێگەی دەرکەوتنی گراماتۆلۆژیا هەڵدەوەشێتەوە, سێنترالیزمی دەنگیش دەخاتە بەردەم هەڵوەشاندنەوەی بونیادە دەنگیەکان بۆ دەقی نووسراو, کە نووسراو دەنگ دەکاتە چەندین بەشی جیاوازوسەربەخۆ, ئەوەش مانای جیاوازمان پێدەبەخشێت, ئەوەش لەڕێگەی زانستێکی ترەوە دێت کەزانستی نووسینە(گراماتۆلۆژیا), بەوەی ئەو زانستە ئەو توانایەی لەنێو نووسین درووستکرد, کەدەق لەنێوهەرپرۆسەیەکی خوێندنەوەدا زەمەنێکی جیاواز

بەرهەم دێنێت, زەمەنی خوێنەر.. ئەو زەمەنەی لەنێو دەقدا ماناکانی بەرهەمهێنەر ڕەهایی نابێت و زمان لە ئاستی ڕووداو دەگوازێتەوە بۆ دەلالەتی فەلسەفی, لەهەر پرۆسەیەکی ڕەخنەییدا کۆمەڵێك مانا کەشف دەکرێت, چونکە دەق بە ئاقارێك دەبات کە هەڵگریی کۆمەڵێك جیاوازی بێت, مانا بەردەوام دەقی جیاواز دەخولڤێنێ, جیاوازی ئەو دیدە فەلسەفیەی دەق دەکاتە ڕووبەرێك بۆ فەلسەفە, هەرئەو ڕووبەرە فەلسەفیەشە کە لە دەرەنجامەکانی بەرهەم هێنانەوەی مانا زمان دەکات بەتیۆر, بوونی تیۆریش زمانێکی تر دەخولقێنێ, لەناو دەقدا سیستمێك ئامادەگی دەبێ پارێزگاری لەو زمانە دەکات کە نووسین دەیخوڵقێنێت, ئەوەش جیاکردنەوەی زمان و ئاخاوتن بوو لەیەك, سۆسێر ئاخاوتنی لەنێو زمان دەرنەکرد, بەڵکو بەلقێکی نێو زمانی دەزانی, بەلاّم دریدا وەك سیستمێکی جیاواز سەیری دەکات, کە ئازادبوونی خۆی لە ڕێگەی دەنگەوە وەدەست دێنێت, لێرەدا فۆنیمەکان ممارەسەی ئازادبوونی خۆیان دەکەن, بە پێچەوانەی ئەو دیدگا سۆسێریە کە نەهاتووە جیای بکاتەوە بەڵکو ڕۆڵی نوێنەرایەتیشی پێدراوە لە زانستی زمان, ئەو تێروانینە چەندە قسەکردنە لە سۆسێر, هێندەش دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەوە سیمیۆلۆژیای کریستیڤایە, دریدای هێناوەتە قسەکردن, نەك لەبەر ئەوی لە ڕوانگەی دیدی ئەو دەدوێت, بەڵکو ئیشکردنەوەکانی لەسەر ئەو ئاستەیە کە کریستیڤا پێی گەیشتووە, ئاستێك سۆسێر زەمینەی بۆ خوڵقاند, بۆیە چەندە ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی سۆسێر دەکات کە سیمیۆلۆژیا چۆن دەبردرێتە نێو سایکۆلۆژیا,. بۆ ئەوەش ووتەیەك دەهێنێتەوە"دەشێ وێنای توانای زانست بکرێت, کە بایەخ بە لێکۆلینەوەی ژیانی بەڵگەکان دەدات لەناو کۆمەڵگادا وئەو زانستەش بەشێکە لە دەروونناسی کۆمەلاّیەتی و دواتریش لە دەروونناسی گشتی, ئەوەش هەڵگریی ناوی سیمیۆلۆژیایە"[(21)].

ئەو دیدە سیمیۆلۆژیە بۆ دەروونناسی چەندە دەربڕی سۆسێر بوو, بەڵام ئیشکردنەوەی کریستیڤا بوو لەسەر دەقی فرۆید, بۆیە دەکرێت ڕەخنەی دریدا بۆ خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیای کریستیڤا سەیر بکرێت.

ئەو دیدەش دەکەوێتە نێو هەڵوەشاندنەوە کە(میتافیزیکیای ئامادە)ی دابەش کردبووە سەر(سێنتەر) و(بونیاد), چونکە(ئامادە)بونیادێك نییە بۆ سێنتەری(میتافیزیکیا), بەواتای بونیاد سێنتەرێك نییە بۆ زمان, بەڵکو لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکیای ئامادە, فرەمانایی دەردەکەوێت, ئەو دەرکەوتنەش گەمەیەکی زمانەوانییە وحەقیقەتی مانا لەنێو تاك مانایی بوونی نییە, بۆیە لەو چەمکە زمانەوانییە(مەدلول) شوێنێکی نابێت, چونکە بەبوونی شوێنێك بۆ مەدلول, بە واتای خۆی لە دال جیا دەکاتەوە, بۆیە گوتاری میتافیزیکی ئەو ئامادەیەی هەڵوەشایەوەکە بتوانێ بپەڕێتەوە و پەیوەندی لە نێوان دوانەکان درووست بکات(جەستە/رۆح),(هەست/نەست), (چاکە/خراپە),(ئامادە/نائامادە), (جوانی/قێزەون),(دۆگما/مەعریفە).

چونکە(بەڵگە) کلتورێکی میتافیزیکیە ولای سۆسێر بەهەند وەرگیراوەو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پەیوەندیی زمانەوانی, کە سیمیۆلۆژیستەکانی تریش بایەخیان پێداوە, بەتایبەت بارت لە بنەماکانی سیمیۆلۆژیادا, بەڵام دریدا لە بونیادی ووشەدا دژایەتی دەکات وئەو بونیادە دابەش دەکاتە سەرئاستی چەند فۆنیمێك, چونکە لەو بڕوایە دایە سۆسێریش ئەگەر لە ناچاری نەبوایە وئەلتەرناتیڤی بۆی هەبوایە رەتی دەکردەوە, نەبوونی چەمکێکی هاودژ بۆزمانی بەکار هێنان ناچاری کردووە, بەڵام بە هۆی ئەوگەشە زمانەوانیەی سیمیۆلۆژیستەکان, ئەوا ئەلتەرناتیڤ لای دریدا بوونی نییە, بۆیە ئەو پەیوەندیە زمانەوانییە بەدوای بنەما وتیۆرە سیمیۆلۆژیەکان توانیویەتی بگاتە ئەو بڕوایەی کە"زمانی بەکارهێنان بێلایەن وبێ تاوان نییە, بەڵکو زمانیمیتافیزیکی خۆرئاوا, کەتەنیاهەڵگری ژمارەیەکی گرنگ نییە لە گریمانەی

جیاواز, بەڵکوهەروەها گریمانەی وابەستە وبەشێوەیەکی سەمتی, ئەو سەرنجەش پاڵمان پێوە دەنێت بۆ توێژینەوە لەسەر شوێنەواری ئەو گریمانەیەی نێوگوتاری سۆسێریی"[22].

کە گەمەی زمان لەو پرۆسە سیمیۆلۆژیە وەك بیرۆکەیەك خۆی دەردەخات, ئەوەش ئەو فێڵ ەبنیاتنەرانەیەکە کانت ناوی دەبات بە(وەهمی ترانسندنتالی) وەهمێك لەگەڵ رۆژگار ورۆشنبیری وزمان گۆرانی بەسەردا دێت, بۆیە زمان لەرێگەی دەمامکەوە بە فێڵێك هەڵدەستێ, کە پرۆژەی بنیاتنانی لەخۆگرتووەو بە پێیکلتورەکانی ئەو دەمامکە دەگۆردرێت و ئە ودەمامکە نوێنەرایەتی زمان دەکات, ئەوەش رەخنەگرتنەلە میتافیزیکیاوگۆرینی لە(ئامادەیەکە) وە بۆ(نائامادەیەك) کە زمان لە رێگەی سەمتە دەلالیەکان دەتوانێ گەمەکەی خۆی بباتە ئاستی بالآ, گەمەیەك دەق دەکەوێتە نێوان(هیرمنیۆتیکا)و(هەڵوەشاندنەوە), ئەوەش سیمیۆلۆژیای هرمنیۆتیکیە, بەڵام ئەوەی لێرەدا بەلامانەوەگرنگ بێت ئەوپرسیارەیە ئەگەرسیمیۆلۆژیای کریستیڤا هێندەکاریگەریلەسەرسیمیۆلۆژیای هاوچەرخ هەبوو ئاخۆ ئەو سیمیۆلۆژیایە بەوگۆرانە لە بنەماکانی بارت وەستا یاخود توانی سیمیۆلۆژیایەکی نوێ بەرهەم بێنێت؟دیارە ئەوسیمیۆلۆژیایە بووە خاوەنی سیمیۆلۆژیای راڤەکاری کە بەپێی چەمکە کریستیڤیایەکە ناوی برد بە سیمانالیزا, ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین سیمیۆلۆژیای راڤەکاری (سیمانالیزا) چییە؟

### پەراوێزوسەرچاوەکان:

1– گەڕان بەدوای ئەپستیمێکی شیاو بۆ نووسین/د.محەمەد بەرادە, وەرگێڕانی(نەوزاد ئەحمەد) رامان ژمارە31.
2- سيميائية كريستيفا/ارشد علي محمد,الموقف الثقافي,العدد 16 السنة الثالثة/1998.
3– گەڕان بەدوای ئەپستیمێکی شیاو (هەمان سەرچاوە).
4– گفتوگۆ لەگەڵ: جەی. پی. ستێرن/ برایان ماگی, وەرگێرانی(ئازاد بەرزنجی)سەردەم, ژمارە11.
5- دراسة في بلاغة التناص الادبي/ د.شجاع العاني, الموقف الثقافي, العدد 17 السنة الثالثة 1998.
6– وتووێژێك لەگەڵ: ژۆلیاکریستیڤا/ هدى ايوب, وەرگێرانی(جەمال ڕەشید)گەلاوێژی نوێ, ژمارە 2.
7– ڕۆشنبیرانی جۆلیا کریستیڤا/گەلاوێژی نوێ ژمارە 11.
8– وتووێژێك لەگەڵ کریستیڤا/ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
9- علم النص/جوليا كريستيفا,ترجمة(فريد الزاهي) دار التوبقال/الطبعة الاولى1991.
10- النظرية الادبية المعاصرة/رامان سلدن,ترجمة (سعيد الغانمي)الموءسسة العربية للدراسات (بيروت) 1996.
11- نظرية العلامات و دور القارىء/ امبرتو ايكو, ترجمة (د.عبدالستار جواد) الاديب المعاصر العدد46.
12– هەمان سەرچاوە.
13– مانا ستراتیژییەکانی کردنەوەی دەق/بەختیارعەلی/ بوون ژمارە(1)1994.
14- المعنى الادبي/ وليم راي, ترجمة (د.يوئيل يوسف عزيز) دار المامون (بغداد) 1988.
15- امبرتوايكو..الجنة مكتبة فاتنة/ حسب اللةيحيى, الحكمة العدد (6) 1999.
16– شتەکە/ ئەمبێرتۆ ئیکۆ, وەرگێرانی(عەتا محەمەد)ئایندە, ژمارە (3).
17– ناوونیشان ومانا/ئەمبێرتۆئیکۆ, وەرگێرانی(نەوزاد ئەحمەد)رامان ژمارە4.
18- امبرتوايكو..الجنة مكتبة فاتنة/هەمان سەرچاوە.
19– ناوونیشان ومانا/هەمان سەرچاوە.
20- التفكيك: المركز والعب/ الطليعة الادبية/ العدد, (6/5)1990 ص64.

21- مواقع/جاك دريدا, ترجمة وتقديم (فريد الزاهي) دار التوبقال للنشر/ الطبعة الاولى,1992/ص27.
22– هەمان سەرچاوە/ص23.

## سیمیۆلۆژیای ڕاڤەكاریی

سیمیۆلۆژیای ڕاڤەكاریی(سیمانالیزا) بەتەنیا هەولێك نییە بۆگەشەسەندنێكی تیۆریی بەڵكو لەپاڵ ئەو گەشە سیمیۆلۆژیە دەیەوێت بەدوای ئاراستەیەكی نوێ بگەڕێت بۆ تیۆریی ئەدەبی بە مانای سیمیۆلۆژیایەكە زیاتر لەشێوەی تیۆرێكی ڕەخنەیی و ئەدەبی دەردەكەوێت لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەشیعرەوە دەیەوێ جارێكی تر دەقە فەلسەفیەكان بێنێتەوە دواندن, ئەوەش لەڕێگەی پەیوەندیەكی نوێ پەیوەندیەك كەڕەخنە بەتەواویی فەرامۆشی كردبوو, كەدیارە هەر لەو قسەكردنەیەشەوە نابێت ئەوە فەرامۆش بكەین, كە پەیوەندیی ئەو سیمیۆلۆژیایە لەگەڵ ئەدەبدا پەیوەندیەك نییە بۆ خوێندنەوەی دەق, بەڵكو پەیوەندیەكە دەیەوێ لە زەمینەیەكی فەلسەفیەوە, تیۆر بۆ ئەدەب بەرهەم بێنێت, تیۆرێك لەپێناو دەقێكی دەست نیشانكراو كار نەكات, هێندەی دەیەوێ ژانری ئەدەبی وەك كاییەكی سەربەخۆ سەیر بكات وشوێنگەی لەناو بیركردنەوەوگۆڕان دەست نیشان بكات , كە

تاچەند دەتوانێت بوونی خۆی بسەپێنێت. هەر بۆیە کریستیڤا لەوەرگرتنی چەمکێکی هیگل بۆ بەخراپ سەیرکردنی شیعر پەیوەندی بەو بەشداریە هەیەکە تاچەند شیعر توانای گۆڕان و بەرهەمهێنانی مەعریفەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ گفتوگۆیەکی فراوانیش بخولقێنێت, نایەت لەسەر بۆچوونەکانی خۆی شیعر مەحکوم بکات, بەڵکو دێت ئەو چەمکانەی بەدوای ڕوانینی بە نێگەتیڤکردنی شیعر سەیری دەکات, لەنێو مانا فەلسەفیەکەی فەلسەفەی یۆنانیەوە کاری پێدەکاتەوە. ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر نەتوانین لەدیدێکی سەراپاگیری بۆ سیمیۆلۆژیا جیاوازی کریستیڤا بدۆزینەوە, ئەوا لەپرۆسەی سیمانالیزیی بۆ دەقی شیعریی تەواوی ئەو خاسیەتە جیاوازانە هەست پێدەکەین کەبارگاوین بە دەلالەتی فەلسەفی قووڵەوە.

ئەوەش توێژینەوەیەکی سیمیۆلۆژی نییە بۆ شیعر, بەڵکو وەك چارەسەرێکی سیمانالیزیی دەردەکەوێت لە ڕێگەی مومارەسەی بەردەوامی دال, بەڵام لە ڕوانگەیەکی نێگەتیڤەوە, ئەوەش بەتەنیا دەسپێکێك نییە بۆ نێو جیهانێکی جیاواز, بەڵکو چارەسەرێکی فەلسەفیشە بۆ ڕەتکردنەوەی شیعر لەناو پرۆسەی بیرکردنەوە,کەلەڕوانگەی (هیگل)ەوە سەیری نێگەتیڤ دەکات, ئەو چارەسەرە بۆ ڕەتکردنەوە دەبێتە جۆرە دژایەتی کردنێکی خود لەگەڵ خۆشیدا, کەلای هیگل دەبێ بە "جیاوازی رەها", چونکە پەیوەندی لەگەڵ هیچ شتێك درووست ناکات, بەواتای لە دەرەوەی هەموو پەیوەندیەك لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر دەژیێت, ئەو سەرنجە بەتەنیا مایەی گەڕانەوە نییە بۆ هیگڵ, بەڵکو متمانە کردنە سەر چەمکی"دیالەکتیك" یشە, ئەو گەڕانەوەیە لەنێو زەمینەیەکی فەلسەفییەوە دەیەوێ بە نێگەتیڤکردنی شیعر, ئەو ژانرە ئەدەبییە لەنێو پرۆسەی بیرکردنەوە دەربکات, کەوابێت گەڕانەوە بۆ ئەو فەیلەسووفە پەیوەندی بەو تێگەیشتنە فەلسەفییەوە هەیە بۆ شیعر

کە"چەمکی شیعر لە فەلسەفەی هیگل, بەو پێیەی ناوبژیکەرێکە گوزارشت لە بایەخێکی دەست نیشان کراو دەکات.

" لەدەرەوەی خود" کە دەکرێت دوای کۆتایی پێهێنان خۆی ڕەت بکاتەوە, ئەوەش بە پەرژینکراوکردن دائەنرێ, بۆ ئەو بایەخەی یەکەمجار بانگ هێشتی ناسین دەکات لەسەر سرووشتی بوونی شیعرو، وە بایەخدانیشی بەڕێرەوی دیالەکتیکی لای هیگل "[1].

بۆچی؟ چونکە پەیوەندی نێوان"بەشیعریی بوون" و"ئاسایی بوون" پەیوەندی بە سیستمێکی ئیقاعی هەیە, کە دوای قۆناغی ئۆدیبیەت ئاکاری کۆمەلآیەتی ڕێگە نادات گەشە سرووشتیەکانی مرۆڤ پەرەبستێنێ, بەڵکو بە پێی ئەو ئاکارە دەبێت ڕەفتار بکات, بۆیە پاڵنەرە جەستەیی وعەقڵیەکان لە دۆخی ئاسایی بوونی خۆی بەرەو دۆخی شیعریی بوون دەڕۆن, ئەو دۆخە گەڕانەوەیە بۆ بەر لە قۆناغی ئۆدیبیەت, کە تەنیا لەنێو شیعردا ئیقاع ودەنگەکان دەتوانن لەناو نەست ئازاد ببن, بە واتای شیعر هەوڵی ئازادیی بەخشین دەدات.. نەك ئازاد بوونی خود, بەڵکو لەڕێگەی دەنگ وئیقاع و ووشە دەیەوێ بۆ بەر لە قۆناغی ئۆدیبیەت بگەڕێتەوە, ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ منالی نەوەکو خولقاندنی مەعریفە بێت, چونکە مەبەستی مومارەسەکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکانی نێو نەستە، بۆیە دەنگ بەلایەوە وەك پاڵنەرێکی زایەندیی سەیر دەکات, زمانی قسەکەر لەناو شیعر شێوازێکە ڕووەو بنیاتنانێکی ڕەتکەرەوە, چونکە کاتێ دەق دەبێ بە هەڵگریی دەلالەتی شیعریی, بەمانای وەزیفەی شیعریی دەستنیشان دەکرێت, وە هەر جیاوازیەك لەنێو بیرکردنەوەی دەلالی هەبێت, ئەوە مومارەسەی سیمانالیزیی نێو خوێندنەوەی دەقە کە دەست نیشانی دەکات, کاتێ شیعر وەك نێگەتیڤ سەیر کرا, ئەوساتە بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی دێتە پێشەوە, بەلآم چونکەکارکردنی کریستیڤا بەردەوام لەسەر زەمینەیەکی فەلسەفیەوە بەرهەمدێت, بۆیە ئەگەر

نێگەتیڤ بە مانا هیگلیەکەی وەربگرێت, ئەوا بۆڕەتکردنەوەش بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە, کە ڕەتکردنەوە لە فەلسەفەی یۆنانی لە"هەڵەکردن"و"نائامادەیی‌بوون" سەرچاوە دەگرێت, بەلایانەوە هەر لە بنەماوە پرۆسەکە بە هەڵە هاتووە, ئەگەر کریستیڤا لەو ڕوانگەیەشەوە شیعر ڕەتبکاتەوە, ئەوا چەمکی دووەم بۆ ڕەتکردنەوە "نائامادەگی بوون" تەواو خۆی دەسەپێنێ, کە مادامەکی هەڵەیەك هەیە, ئەوا توانای خۆ سەپاندنیشی نابێت و بە ئامادەیی دەمێنێتەوە, چونکە لە فەلسەفەی یۆنانیدا"خۆسەپاندن" ڕێك دەبێت بە دوالیزمی "ڕەتکردنەوە/ خۆسەپاندن "بە دوای ئەوەی غەریزەی خۆشەویستی بەرهەمی دێنێ, لەو بەرهەمهێنراوەش یەکبوون دەیسەپێنێ, لەکاتێکدا ڕەتکردنەوە ڕێك بە پێچەوانەوە کار دەکات, کە بەرهەمی غەریزەی وێراکردنە, بۆیە ڕەتیش دەکرێتەوە, چونکە لەبنەماوە گوزارشت لەدەرکردن دەکات, ئەگەر قسەکانمان کورت بکەینەوە لە کورترین ماناادا دەڵێین"خۆ سەپاندن /ڕەتکردنەوە" بەرەنجامی گەشەی پەیوەندیی هەریەکە لە خۆشەویستی و مەرگە, بۆیە ئەو دوالیزمە بەرهەمی‌ئەو دوو خودا دژ بەیەکەی یۆنانیەکانن, ئەو دوالیزمەی لە مناڵدانی ئەو دوو سیمبولە ئاینیە هاتوونەتەبوون کە بە"ئیرۆس وتاناتۆس" ناسراون. ئەو دوو چەمکە بۆ ڕەتکردنەوە چەندە ئاسۆیەکی جیاواز بۆ دیدێکی فەلسەفی دەستنیشان دەکەن, لە ڕێگەی پەڕینەوە لە ئەفسانەوە بۆ فەلسەفە و دواتر پەیوەندی نێوان فەلسەفەو زانست لەلایەکی‌تر, وە لەلایەکی تر ئەو ڕەتکردنەوەیە پەیوەندی بەخودی شیعرخۆشیەوە هەیە, چونکە ئەگەر شیعر بەکارێکی فەردیی ناو ببردرێت, کە تاك لەڕێگەی ئەندێشەی خۆیەوە بەرهەمی بێنێ, یاخود شیعر لەپێناو مەبەستێکی گشتی بنووسرێت, بۆ ئەوەش کوپلەیەك لەقەسیدەیەکی "بۆدلێر"دێنێتەوە, کە دەلالەت لەو قەسیدەیەدا کاتێ باسی ژوورێك دەکات

شته هەست پێکراوەکان هەمان ئەو شێوەیەی نێو ئاخاوتنی هەیە, بە مانای زمان توانای ئەوەی نەبووە لەناو خۆیدا دەستمان بەرکۆمەڵەێ موفرەدە وماتریالێك بکەوێت کە لە توانای ئاخاوتن نەبێت, ئەوەش لە دووتوێی تێگەیشتنە(سۆسێر)ییەکە هەڵێنجراوە, کە ئاخاوتن ناتوانێ نوێنەرایەتی سەرتاپای زمان بکات, بەڵکو تەنیا موفرەدەیەکی فەردانی نێو زمانە, بۆیە لەناو دەقە شیعریەکەشدا تەنیا موفرەدەی فەردانی زمان دەبینین, نەوەکو شیعرەکە توانای ئەوەی هەبێت بەو شتانەمان بگەێنێت کە لەتوانای ئاخاوتن بەدەرە. ئەگەرچی کاتێ خوێندنەوەی سەراپاگیری بۆ قەسیدەکە بکرێت, دەتوانێت بەوە ڕازیمان بکات, کە بەرزکردنەوەیەکی بالأیە لەنێو پرۆسەیەکی فەردانی, بەلاّم لەڕاستیدا"لەچوارچێوەی هەمان پراکتیکی نا پێکهاتە بیدایە, بەبەڵگەدار وگشتی, وە دواتریش فەردانیەت ڕەتدەکاتەوە, لەبەر ئەوەی بەڵگە دارشتێکی نافەردیەو بەرەو ئاراستەیەکی گشتی دەروات"[2] ئەوەش دەبەستێتەوە بەو تێروانینە فەلسەفییەی(ئەفلاتون) کە قسەکردنی خود دوان وئاخاوتن نییە لەسەر خود، بە مانای ڕەتکردنەوەی شیعر بەلایەوە ڕەتکردنەوەیەکی فەلسەفیە,کە هەمووئەو بیانوو پاساوانەی بە پرۆسەی فەردانی ویان گشتیناوی دەبەن, لەبنەرەتدا هەوڵێکە بۆ وەرگرتنەوەی ژیانی لە دەست دراو, وەرگرتنەوەیەك هیچ ڕوانینێکی نوێ بە بوون نابەخشێت, هێندەی پاڵنەرە چەپێنراوەکان حوکمی تیا دەکەن, ئەوەش لە ئەزموونی شیعریی(مالارمێ)و(لۆتریامۆن)و(بۆدلێر) بە ووردیی کاری لەسەر دەکات. ئەگەرچی خوێندنەوەی بۆ هەریەك لەئەزموونە شیعریەکان بە پاڵپشتی سەرچاوە وتیۆری ئەدەبی نییە, بەڵکو لە زەمینەی فەلسەفیەوەیە, ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شیعر لەنێو فەلسەفە پرۆسەیەکی نەگەتیڤەو ئەو دەستەواژەیە تەواو پوکاوەتەوە کە دەڵێت"شیعر فەلسەفەیە..!" دیارە ئەو سەیرکردنەی بۆ شیعر هەمان سەیرکردنی نییە بۆ ڕۆمان, بەڵکو هەریەك لەو

دوو ژانـره ئەدەبیـە زۆر بـە جیاواز سـەیریان دەکـات, بۆیـە بـۆ ڕۆمـان هـەر لەسـەرەتاوە چـەمکێکی(میخائیـل بـاختین) دێنێتـەوە, کـە ئیدیۆلۆژیمـە, ئـەو چەمکە بەدوای بەشداریی کردنی سیمیۆلۆژیی بەشداری دەق دەکات, لەچوونە نێـو دەقــەکانی تــردا. ئــەو چــەمکە دوای نووســینی ڕۆمــان نایەتــەبوون, بەڵکولەگەڵ دەستپێکردنی نووسین بوونی هەیە, ئەگەر زیادەڕۆیمان نـەکردبێت دەبێـت بلـێین, ئیـدیۆلۆژیم بـەر لەنووسـین بـوونی هەیـە, ئـەو لـە بنەڕەتـدا بەشداری لە بیرۆکەی ڕۆمانیش دەکات , ئـەوەش ئاسـتی دەنگـە. ڕۆمـان وەك دەقێـك پەیوەنـدی گـووتراوی نێـوان چـەند دەقێکـە, کـە(بـاختین) بـە چەمکی(دیالۆگکردن ) ی نێو دەق ناوی دەبات, چونکە پەیوەنـدی بـە ئاسـتی دەنگی نێو دەقەکان هەیە, هەر بۆیە کاتێ دەق پەیوەندی بە دەقـەکانی پـێش خـۆی دەکـات و ڕووبـەڕێك بـۆ دیـالۆگکردن دەدۆزێتـەوە, کـە دیالۆگێکـە بـۆ تێگەیـشتن, لــەو تێگەیـشتنەوە زەمــەن هــاودژ دەکاتــەوە, ئــەوەش ڕێــك گەڕانەوەیە بۆ ئەو ووتەیەی باختین "کاتێك لەدەستەواژەیەکی دەست نیشان کراو تێگەیشتین, مانای وایە ئێمە قسەی هاودژی ئاراستە دەکەین"[3] بـەمانای پەیوەنـدیکردن بـۆ بەرهــەم هێنانــەوەی ماناکــانی ڕابــردوو نییــە, بــەڵکو پەیوەندیەکە دەیەوێ مانا سەراوژێر بکات وسەرلەنوێ دەقێکی جیاواز بەرهـەم بێنێـت, بـەڵام دەقێـك خـاڵی نییـە لـە دەقـەکانی پـێش خـۆی, بۆیـە ئـەوەی لەپێـشوودا پێـی دەووتـرا(دزینـی ئـەدەبی) کریـستیڤا لەڕێگـەی توێژینـەوەی بەردەوامی لەسەر بـاختین تـوانی(دیـالۆگکردن) بگـۆڕێت بـۆ دوو چـەمکی نـوێ ئەوانیش(دەقئاوێزان)و(فرەدەنگی لـە ڕۆمانـدا) بـوو، بۆیـە فرەدەنگـی ئاسـتی جیـاوازی ئیدیۆلۆژیمـە لـەناو دەق, چـونکە بـاختین زوو ووتــی "نووســەر لــە جیهــانێکی پــڕ ووشەگەشــە دەکـات, کـە لــەناویان بــەدوای ڕێگاکــەی خــۆی دەگەڕێت"[4].

مەبەستی باختین لەوەدا بوو کە ووشـەلە پەیوەنـدی کردنـە بـە یـادەوەری, دواتر دەیەوێ لە زەمەنی یادەوەری جیا بێتەوەو زەمەنی دەق بەرهەم بێنێـت, ئەوەش ئاگایی دەق دەکات بـە ئاگـایی ئیـدیۆلۆژیم, کـە وەزیفـەی ئیـدیۆلۆژیم لەناو ڕۆماندا پێشوازیکردنی دەنگە لە ئاستێکەوە کە دەنـگ بـەرەو ئاسـتێکی تـر دەبـات, چـونکە سیـستمی بەرهـەم هێنـەری دەق سیـستمێکە کـە ڕۆمـانی بنیات ناوە, کەلەسەر بنـەمای ئاخـاوتن بنیـاتنراوە نـەوەکو نووسـین, ئـەوەش راڤـەکردنێکی تۆپۆلۆگیـە بـۆ دەنـگ, ئـەو ڕاڤەکردنـە دەبێتـەهۆی ئـەوەی شوێنگەی هەریەکە لە (ئاخاوتن)و(نووسین) لەنێو رۆماندا بناسین, کە ئاخـاوتن ئیدیۆلۆژیمی خـۆی دەگـۆرێ بـۆ نووسـراو, ئـەوەش نووسـینەوەی دەنگـە, کـە بەلای باختین ئیـدیۆلۆژیم بـچووکترین یەکـەی ئایدیۆلۆژیایـە, بۆیـە ئـەو گۆڕانـە لەپێنا وئایدیۆلوژیای دەقە, کە لە کورترین پێناسدا دەبێ بڵـێین پێکهاتـەیـەکی زمانەوانیە, چونکە تێگەیشتنی بۆ ئایـدیۆلۆژیا تێگەیـشتنێکی جیـاوازە, نـە بـە ململانێـی چینایەتی دەبینـێ و, وە نـە بـە هەیمەنـەی ڕونـاکبیریی نێوکۆمـەڵی مەدەنی سەیری دەکات, بەڵکو بەلایـەوە ئایـدیۆلۆژیا پەیوەسـتە بـەو پێکهاتـە زمانەوانیـەی کارەکتـەری نێـو ڕۆمـان کـە بۆچـوونەکانی خـۆی دەخاتـەڕوو, ئـــەوەش خـــاڵێکی تـــرە بـــۆ دیـــالۆگ کـــردن"دیـــالۆگکردن چـــەمکێکی سیمیۆلۆژیە,کەسنوری زانستی زمـان دەبڕێـت, بـۆ ئـەوەی بێتـە بوارێـك یـان کاییەکیفراوانترکەکاییـە یـان زانـست لەڕێگـەی زمانەوانیـەوە, وە دیـالۆگ کردنیش دوای ئەوە دیدگایەکی گـشتیە لـەفکرو هونـەرو ژیـان, دەکـرێ لـە زۆر بواردا پراکتیزە بکرێت, لەبەر ئەوەی ڕوانینێکی نوێیە, کـە هەڵدەسـتێ لەسـەر بـڕوای دیالـەکتیکی لەگـەڵ ڕوانینـی مۆنۆلۆگیکـۆن وبـراوە لـەفکرو هونـەرو ژیـان"[5] ئەودیالۆگـەش بەبەرهـەمی دوو فەیلەسـوف دەزانێـت ئـەوانیش (سوقرات) و (مینیب دۆکادۆر)ە , ئەوەی دواییان فەیلەسوفێکی سەدەی سێی پێش زایینە . دیـالۆگی سـوقرات وەك ڕەگـەزێکی کەڕنـەڤاڵی مایـەی سـەرنج و

تێڕامانـه, چـونكه ئەودیالۆگـه لەتێگەیـشتنی مێـژوویی جیـا بۆتـەوەو بـەرەو تێگەیـشتنێكی عـەقڵی ڕۆیـشتووه, بەمەبەسـتی دەرخـستنی حەقیقـەت كـه بەرهـەمی ئـەو زەمینەییـه كـه دیـالۆگی تیـا دەخولْقێنرێـت, ئـەو دیالۆگـه سـوقراتیەش بـەپێی تێگەیـشتنی بـاختین توانـای دژایـەتیكردنی مۆنۆلـۆژی هەیـه, ئـەو دژایەتیـه بەرهـەمهێنانی ئـەو حەقیقەتـه سـوقراتییه كـه لەرێگـەی دیالۆگكردنەوە توانـای دەسـكەوتنی دەنگـەكانی هەیـه, ئـەوەش دیـالۆگكردنی دەنگه. ئەو دیالۆگەش دەبیْ به زەمینەیەك بۆ ڕۆمان , كه گۆڕینی (دیالۆگ)بـۆ (ووشه)گواستنەوەیه له دادگاكەی سوقراتەوە بـۆ ڕۆمـان, چـونكه ووشـه تـەنیا پێكهاتێكی دەلالی نییه بۆ ڕسته, بەڵكو ئەو پێكهاتەیه هەڵدەستیْ بـه سـازدانی كۆمەڵێك پەیوەندی نێوان ئەو زنجیره بەدوا یەك هاتوانەی نێو ڕسـته, ئـەوەش بـەلای(كریـستیڤا)وه سـیْ ڕەهەنـدی تایبـەت بـۆ پانتـایی دەق دەسـت نیـشان دەكات كـه پێكهـاتوون لـه(نووسـین, وەرگـر, سـیاق) ئـەو سـیْ ڕەهەنـده سـیْ ڕەگەزیی سەرەكین بۆ دیـالۆگكردن, دیـالۆگكردنیش پەیوەنـدی بـەو ئایـدیال و پێكگەیـشتنەی ووشـەوە هەیـه, چـونكه ووشـه كـه دواترلەڕێگـەی سیـستمی ڕێكخەرگوتارێك بەرهەم دێنێت كه دەقـه, یـا بـه مانایـەكی ت ردەقێـك بەرهـەم دێنێت كەگوتاره, بۆیه بەشـداریی كردنـی ووشـه لەگـەڵ ووشـەدا خوێندنـەوەی ووشەیەكی تره, بەواتای خوێندنەوەیەكی تره بۆگوتار, دارشتنەوەیەكی نوێیـه بۆ دەق, ئەوەش لای (باختین) لەدایكبوونی دوو تـەوەری نوێیـه كـه(دیـالۆگ ) و(دووفاقیەته).دووفاقیەتی زمان پەیوەنـدی بـەو زمانـه شـیعرییەی نێـو ڕۆمـان هەیه, كه زمانێكه لەپۆلین كردنـی كۆمەلاْیـەتی جیـا بۆتـەوە, "ئـەوەی لێـرەدا بەلامانەوە گرنگه, ئەوفۆرمەیه كه بەرجەستەی ئەو ململانێیه یا ئەو بەرابەرییـه دەكات, لـەنێوان فۆرمـه پەخـشانیەكانی ڕۆمـاننووس, وه فـۆرمی دیـالۆگكردن بەدرێژكراوەیەكیـسرووشتی دادەنـیْ, بـۆ لاسـاییكردنەوە پـۆلین كراوەكـانی هونەری پەخشانی رۆماننووس, لەسەر بـەردەوامی گەشـه سـەندن, وه بـاختین

دەگـەڕا بـەدوای فۆرمـەکانی ڕۆمـان کـە بـە پێـی ئـەو هێڵـە لەگەشەسـەندن تێپــەڕێت, ئــەوەش لەڕۆمانــەکانی (ســۆیفت) و (رابلیــە)و(دۆستۆفــسکی) دۆزیــەوە,کەڕۆمانــەکانیان نوێنەرایــەتی ئــەو لوتکەیــە دەکــات, کــە فــۆرمی دیالۆگکردن لەپەخشانی رۆمان پێی گەیشتوون, (کریستیڤا)ش هەوڵیدا ڕێگاکە تەواو بکـات, بۆیەگـەڕا بـە دوای ئـەو فۆرمانـە لـەڕۆمانی سـەدەی بیـستەم,کە لەکارەکانی (جیمس جۆیس)و(فرانز کافکا) دۆزییـەوە"[6] ئـەوەش بـەگوتاریی کەڕنـەڤال نـاو بـراوە,گوتارێکـە کریـستیڤا لەڕێگـەی درێـژەدان بـە پڕۆژەکـەی باختین هەوڵیدا چەمکەکانی دەست نیشان بکـات, ئـەو گوتـارە دەیگەیـەنێ بـە لـۆژیکی شـیعریی"لەبـەر ئـەوەی ڕێـسایی کـۆدی زمانــەوانی تێدەپــەڕێنێت, هــەروەها ڕێـسای ئاکـاری کۆمەلایـەتیش,کـەلۆژیکی خـەونی لەسـەر بنیـات نراوە"[7] کەوابێت ئەوەی وادەکات بۆ ئـەوگوتارە بگەڕێتـەوە پەیوەنـدیی بـەو تێپەڕاندنە هەیـە کەلەڕێگـەی لـۆژیکی شـیعرییەوە توانـای خۆسـەپاندنی هەیـە بەسەر ئەو لۆژیکەی خەون کە بەرهەمی ئاکاری کۆمەلایەتیە, زمـانیی شـیعریی ئەو کۆدە زمانەوانییـە تێدەپـەڕێنێت, هـەر ڕۆمـانێکیش بونیـاتێکی کەڕنـەڤاڵی هـەبوو, بـەڕۆمانی فـرە دەنگـی (پۆلیڤـۆنی)نـاو دەبرێـت, ئـەوەش ڕۆمـانێکی دەگمەنە, بۆیە دەبینین لەهەر سەدەیەکدا ئاماژە بە سـێ هـەولی ڕۆماننووسـی کراوە, ئەگەر بـاختین ئامـاژە بـە (رابلیـە, سـۆیفت, دۆستۆفسکی)بدات, ئـەوا (کریستیڤا)ش بۆسەدەی بیست سێ ناوی تری دەخاتەسـەر(جـویس, برۆسـت, کافکـا), وە بەلایـەوە ئـەو جـۆرە دەقـە تـەنیا دابڕانێکـی لـە بـواری نووسـینی ئەدەبی نەخولقاندووە, بـەڵکو دابڕانـی لـە نووسـینی فەلـسەفی وکۆمەڵایـەتیش بەرپا کردووە.دیـارە بـەدوای وەرگرتنـی دیـالۆگی سـوقرات بـۆ ڕۆمـان, مانـای وانییـە ڕۆمـان لەبـەردەم تاکـەکلتورێکی کەڕنەڤاڵیـدا بـووە,کـە ئـەو کلتـورە نەیتوانیبێ فراوان ببێت و لەناو ئەو چـوار چێوەیە گەشـەی نـەکردبێت, بـەڵکو زۆر شێوەی تری لێ لـەدایك بـوو, کـە دیارترینیـان(مونیـب دۆکـادار)ە, کـەوەك

نمونـەی دووەمـی دیـالۆگ لای هەریەکـە لـە بـاختین وکریـستیڤا دەهێنرێتـەوە, بەتەنیا نمونە هێنانەوەیەکی ئاساییش نییـە, بـەڵکو دوو نموونـەو ئامـاژەن بـۆ لـەدایك بـوونی ڕۆمـان, بەتایبـەت ئـەو گەشـە سـەندنەی ڕۆمـانی خۆرئـاوایی بۆ(مونیـب)دەگەڕێننـەوە, ئـەوەش بـە مونیبیـەت نـاو دەبـرێ, کەمەبەسـت لـە ناوبردنە بە(دامەزراندنی ڕەگـەز), ئـەوناو بردنـەش لـە ڕۆمانیـەکان وەرگـیراوە, کەلەسەدەی یەکـەمی زایـین بـەکارییان هێنـاوە"بـەڵام ئـەو ڕەگـەزە زۆر پـێش ئەوکاتـە دەرکـەوتووە, لەوانەیـە(ئەنتـسنیس) یەکـەم نوێنـەر بێـت بـۆ ئـەو ڕەگـەزە, قوتـابی سـوقرات و, وە یەکێکەلـە نووسـەرانی (دیالۆگـەکانی سوقراتییە) وەهیراکلیتس–یش ئەویش هەروامونیبیاتە, کە داهێنانی لەناو ئـەو ڕەگـەزە ئەدەبییـە بـە شـێوەیەك کـردووە کـە بـەپێی شیـشرۆن نـاودەبرێ بـە (لۆگیستۆریـسۆس) بـەڵام هەرچـی ( فـارۆن)ە مانەوەیـەکی دەسـت نیـشان کراوبەو ڕەگەزە دەدات"[8].

ئەو دوو تێگەیشتنە بۆ دیالۆگ و فرەدەنگی لـەناو ڕۆمـان وایکـردووە دەق وەك ڕووبەڕێك بـۆ سـیمانالیزا بخرێتـە ڕوو,کـە لەبنەڕەتـدا دیـالۆگی فەلـسەفیە لـەناو ئەدەبـدا, بەتایبـەت لـەنێو فەلـسەفەی یۆنانیـدا, چـونکە ئەگـەر لـە گفتووگۆکردن لەبارەی شیعرەوە بەچەمکێکی هیگلیزم قسە لەنێگەتیڤ بـوونی شیعر دەکا, بـەڵام ئـەو ئاگاییـە فەلـسەفییەی لەپـشت دەقەوەیـە, ئاگاییـەکی هیگلی نییە, بەڵکو ئاگاییەکی ئەفلاتونیە. وەك چۆن لەدرێژەدان بە پرۆژەکەی باختین بۆ دیالۆگ و فرە دەنگی نێو ڕۆمـان, لەپـشت ئـەو ئاگاییـە مارکسیەوە کار ناکات, کە لەناو پرۆژەی باختین ئامادەگی هەبوو, بـەڵکو ئـەوە ئاگاییـەکی سـوقراتیە دەبـێ بـە میکـانیزمی دەق, چـونکە ئاگـایی مارکـسی دەبـوو بـە سێنتەری دەق, بەلام کریـستیڤا دەیویـست لـەو سـێنتەرە دەربـچێت لەڕێگـەی دیالۆگکردنەوە, بۆ ئەوەش دیالۆگە سوقراتییەکە لای بووە بـە میکـانیزمی ئـەو

دەقە, بۆیە پەیوەندیی سیمانالیزاو ئەدەب پەیوەندییەکە لەسەر دیالۆگکردن لەناو ئاگایی فەلسەفییەوە وەستاوە.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**

1- مقولة الشعرومقولات الفلسفة/عادل عبداللة/الاقلام العدد (9/7)1997/ص39.
2- علم النص/جوليا كريستيفا, ترجمة (فريدالزاهى) دارتوبقال(المغرب) الطبعة الثانية 1997/ص76.
3- التناص فى الخطاب النقدى المعاصر/عبدالوهاب ترو/الفكر العربى المعاصر/العدد(61/60)شباط 1989/ص77.
4- نفس المصدر/ص77.
5- الحوارية وفلسفة اللغة عند باختين/باسم صالح حميد/الطليعة الادبية/العدد(2)1999/ص69.
6- نفس المصدر/ص68.
7- الكلمة والحواروالرواية/جوليا كريستيفا, ترجمة(حسن المودن)الاداب الاجنبيةالعدد(104)2000/ص80.

8- نفس المصدر/ص92.

## گراماتۆلۆژیا: ڕەخنەگرتن لەسیمیۆلۆژیا

پرسیارکردن لە چیەتی نووسین لە پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دریدا, پرسیارکردنە لە سێ ئاراستەی جیاواز, بەوەی نووسین بەسێ ئاراستە تێدەپەڕێت, کە هەریەکە لەو سێ ئاراستەیە ئەزموونی قۆناغێکە کە دریدا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر جارێکی تر نووسین دەخاتەوە نێو زمان, بەوەش سێنترالیزمی دەنگ کە بە سێنتەر بوونی لەسەر مافی نووسین بووە, بە مانای ئەوەی لەسەر ئەرکی نووسینەوە خۆی بەسێنتەر کردووە, ئەو سێنتەرە هەڵدەوەشێنێتەوە, چونکە ووشە وەك ئامرازێکی دەنگی لە پڕۆسەی گەیاندن بووە بە هۆکارو زەمینە بۆ سێنترالیزمی لۆگۆس, ئەوەش لەدووەم ئاراستەی ئیشکردنی لەسەر نووسین کەناوی دەبات بە گراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین).

ئاراستەی یەکەم کەناوی ناوە (فارماگۆن) ئیشکردنەوەیە لەسەر ئەفلاتوون, کە دیارە ئەفلاتوون بە سێنترالیزمی دەنگ ڕەت ناکاتەوە, بەڵکو

ئەو ڕەتکردنەوەیە بەرەنجامی تیۆرە زمانەوانیەکەی سۆسێر بوو, کە دیارە سۆسێر چەندە ئاخاوتنو زمان لەیەك جیادەکاتەوە بەڵام دواتر لەخاڵێکدا کۆیان دەکاتەوەو بایەخ بەوێنەی دەنگی ووشە دەدات, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەنەتوانێ دیدی میتافیزیکی بۆ بەڵگەی زمانەوانی ڕەت بکاتەوە, بۆیە ئەو سەرەکیترین پرسیاری لەبارەی نووسین لەتیۆرەکەی فەرامۆش کرد ئەوەش بووە مایەی ئەوەی دریدا بێت ئەو پرسیارە لەنووسین بکاتو لە ڕێگەی ئەو پرسیارەشەوە لە نووسین بدوێت, بۆ ئەو دوانەش پرسی "لەکوێوە نووسین دەست پێدەکات, وە لە کوێ و کەی شوێنەواری کەمدەبێتەوە؟ کەدایدەنا بە ڕەگێکی هاوبەش بۆ ئاخاوتنو نووسین, وەبۆ نووسین بە مانا باوەکەی؟ لەکوێ وکەی لە نووسینەوە بۆ ئەویتر دەپەڕینەوە بۆ نووسین بە مانا فراوانەکەی, وە بۆ نووسین بەمانا تەسکەکەی؟"[1].

ئەوەش پرسیارکردنە لەسەرەتای نووسین بەوەی لەکوێ نووسین بەشێکی دەچێتە ناو شوێنەوارەوە, بەمانای ئەوەی نووسین دەبێتەوە بەشێك لە ڕابردوو, کاتێك بەشێکی نووسین دەبێت بە شوێنەوار لە ڕاستیدا دەیەوێت مانای باو بۆ نووسین تێك بشکێنێت و مانایەکی جیاوازی پێببەخشێت, ئەوەش پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژیی نیە بە مانا بونیادگەریەکەی کە فۆکۆ کاری بۆ دەکرد, بەڵکو ئەو پرۆسەیە لای دریدا هەڵوەشاندنەوەی سێنتەرە بەوەی سەرلەنوێ بونیاد تێك بشکێنێتەوەو ماناکانی نێو نووسین بەشێکی زۆری بە شوێنەوار ناوبەرێتو بەجێی بێلێت.

ئەو بەجێهێشتنەش بەرەنجامی تێگەیشتنیەتی لە چەمکی نووسین, چونکە نووسین بەبەرهەمی زانستو حەقیقەت سەیر ناکات, بەڵکو بەبەرهەمی ئەفسانەو درۆکردنی دادەنێت, نووسین لەلایەوە لەناو ئەفسانەو درۆکردن دێتە بوون, ئەوەش تەنها لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر نووسین دەتوانێ

جـــارێکی تـــر مانـــا بخولقێنێتـــەوە, بـــەڵام چـــەندە مانایەکـــە شـــیاوی هەڵوەشاندنەوەی ترە, بەهەمان شێوەش دەبێت ئاسۆکانی بـەردەمی ئـاوەڵا بن و لەناو ماناکانی پێشوو خۆیان دیل نەکردبێت.

ئێمە ئەگەر لە بەردەم هەردوو ناونانی دریدا بووەستین, دەبیـنین پرۆسـەی هەڵوەشـــاندنەوەگەرایی لـــە پرۆســـەیەکی بەردەوامدایـــە بـــۆ تێکـــشکاندن‌و بنیاتنانەوە, چونکە ئەفسانە بۆ خۆی هەڵگری شوێنەوارە لـەنێو مانـادا, بـەڵام کاتێك نووسین بە شـوێنەوار دەبینینـەوە مانـای وایـە لەهـەر کوێیـەك نووسـین هـەبوو شـوێنەوار هەیـە ودەبـێ بـە جێـی بـێڵین, بۆیـە ئـەو ئومێـدەی بەرلـەو نووسینی بەزانست ناو دەبرد, ئەو ئومێدە بەلایـەوە وەهمێکـە کـە دەچـێتەوە ناو پاشماوەکانی شـوێنەوار, چـونکە توانـای بەخـشینی زانستی نییـە, ئەگـەر بێـــت‌و ئـــەو زانـــستە خـــۆی لـــەناو شـــوێنەواری نووســـین دەربـــاز نـــەکات, و ڕەخنەگرتنیشی لە میتافیزیکـا بـووە هـۆی ئـەوەی (حەقیقـەتی نووسـین) بـە (درۆکردنـــی نووســـین) بگۆڕێـــت, بـــەوەی ئـــەوە حەقیقـــەت نییـــە کـــە نووســـین لەلایەتی بەڵکو درۆکردنی نووسینە, بەڵام ئەو درۆکردنە وەك پێویستیەك سەیر دەکات.

ئـەوە لەکاتێکـدا دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە زانـست چـەمکی(ئامـادە بـوونی سـێنتەر) بەرهـەم دێنێتـەوە, وەك چۆن میتافیزیکیـاش لـەناو هـەمان بەرهـەم هێنانـدا دەژییـت, بۆیـە زانـست دیـدێك نییـە کـە تیایـدا نووسـین بگـات بـە کەشـفکردنی نادیـار, بـەڵکو نـاو بردنـەوەی ئـەو زانستە بـە ئەفـسانە بـەمانای نووسـین بەرهـەمی ڕابـردووە.. دەقێکـی بیـستراوە, کەتیایـدا نووسـین ئاسـتی دەنگی تیا دەکوژێت, چونکە نایەوێت ووشەی دەنگی جارێکی تـر ببێتـەوە بـە لۆگۆس, ئەوەش ڕەخنەگرتنی بوو لە تیۆری زمانەوانی سۆسێر,کە پەیوەنـدیی هەیە بە ئیشکالیەتی نێوان ئاخاوتن‌و نووسـین, بـەوەی ئـەو تـەنها بایـەخی بـە

ئاخاوتن داوەو نووسینی فەرامۆش کردووە, ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی سۆسێر سێنتەر بخولقێنێت لە ڕێگەی بەسێنترال بوونی دەنگ, کە ئەو سێنتەرە لای دریدا بەشێکە لەسێنترالیزمی لۆگۆس.

ئەوەش دەرگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە جیاوازی نێوان هەڵوەشاندنەوە و بونیادگەری لەدیارترین چەمکی گوتاری ڕەخنەیی بدۆزینەوە, بەوەی بونیادگەری لەناو ئەو تیۆرەی سۆسێرەوە هاتۆتە بوون و تەنانەت ویستویانە ئاسۆکانی فۆرمالیستەکان فراوان بکەن, دواتر گەشەیان بە تێڕوانینی شکۆلۆفسکی وباختین وئەوانیتردا, بەمانای ئەوەی ئەوان زەمینەی بوونیان بۆ ئەو تیۆرە دەگەڕاندەوە, ڕێك بە پێچەوانەی دریدا کە بۆ هەڵوەشاندنەوە دێت ڕەخنە لەو تیۆرە دەگرێت.

بۆیە ئەگەر بونیادگەری لە ڕێگەی دەنگەوە بەشداری لە خولقاندنی سێنتەر بکات, ئەوا هەڵوەشاندنەوە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر دایە, لەڕێگەی کەمکردنەوەی توانای دەنگی لەناو زمان ودواتر گۆڕینی ئاخاوتن بۆ نووسین.

ئەوە سەرەڕای جیاوازی بنەڕەتی دریدا لەگەڵ سۆسێر لە ڕووی تێگەیشتنیان بۆ ئاماژە کە دواتر دریدا لە ڕێگەی گراماتۆلۆژیاوە ڕەخنە ئاراستەی سیمیۆلۆژیا دەکات, ئەگەرچی ناکرێت ئەو ڕەخنەیەی دریدا تەواو بەوە لێك بدەینەوە کە ئەو دژی سیمیۆلۆژیایە هێندەی دەتوانین گۆڕانی قۆناغی دریدیش بۆ سیمیۆلۆژیا دەست نیشان بکەین, بەڵام بەجیاوازی تێگەیشتنی ئەوەوە لە ئاماژە, ئەگەر"سۆسێر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاماژە دالو مەدلول نیە, بەڵکو ئاماژە جیاوازبوونو "الارجاء"ەبۆیە سۆسێر ئاماژە وەك یەکێتیەك دەبینێت, لەکاتێکدا دریدا وەك جیاوازی دەیبینێتەوە"[2].

کاتێ هەڵوەشاندنەوە ئاخاوتن دەگۆڕێت بە نووسراو, لەو ڕێگەیەوەش سێنترالیزمی دەنگ هەڵدەوەشێنێتەوە, بۆچوونێکی دیار هەیە کەلەسەر ئەوە کۆکن کە دریدا بەو کارە لە ڕێگەی سێنترالیزمی نووسینەوە سێنتەر بەرهەم دێنێتەوە, چونکە هەمان بونیاد کە لە ئاخاوتن بوونی هەیە بۆ بنیاتنانی سێنتەر, هەر ئەو بونیادەشە دەتوانێ نووسین بە سێنتەر بکات, دیارە بەلای "رافیندران" ئەو ڕەخنە گرتنە لە دریدا ڕەخنەیەکی بێگوناح ونیاز پاکانە نییە, بۆیە بەر لەوەی ڕاڤە بکرێت پێویستە گوزارشت لە دەلالەتەکەی بکرێت, چونکە ئەگەر دەنگ بیەوێ بە سێنتەر بوونی ڕۆح ڕابگەیەنێتەوە, ئەوا نووسین لە بە سێنتەر بوونی خۆی بە سێنتەر کردنی جەستە هەڵدەستێت, بۆیە ئەو بەسێنتەر ناوبردنە پەیوەستە بە بایەخدانی فەیلەسوفانی پاش مۆدێرنیتی لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنیان لە مۆدێرنیتی[3].

ئەوە لە کاتێکدا دریدا بێئاگا نەبووە لەو جۆرە ڕەخنانە بۆیە زوو درکی بەوە کردوو ئەوەی ڕوونکردەوە کە سێنتەر نەك تەنها لەناو بونیادی هەڵوەشاندنەوە ناخولقێنرێتەوە, بەڵکو لە ڕاستیدا سێنتەر پێویستیەك نیە, بۆیە دەڵێت: " ئێمە دەتوانین بەبێ سێنتەر بمێنینەوە, من وای دەبینم کەسێنتەر وەزیفەیەو نەك بوون بێ یا واقیع, بەڵکو تەنیا وەزیفەیە"[4].

بەوەزیفە بوونی سێنتەر وادەکات لە نێوان"دەنگو سێنتەر" ڕەخنە گرتنی لە ڕۆسۆ ڕەخنەگرتن بێت لە هەیمەنە کردنی دەنگ بەسەر نووسین, ئەگەرچی ئەوەیان بەلای "بۆل دی مان" ەوە دریدا" لە ڕێگەی زاراوەکانیەوە نەیتوانیووە هەنگاوێك بڕواتە پێشەوە, لەبەر ئەوەی بنیاتی دەقی ڕۆسۆ لە ڕێگەی سیستمی ئامادە بوونو نا ئامادەبوون سیستمێکە ئیدراکی بۆ مەعریفەی بێ مەبەست فڕێ دەدات, لەبەرامبەر مەعریفەی نێگەتیڤی بێ چارەسەر, وە لە نێوانیشیاندا وەکو یەك دابەشیان دەکات"[5].

بەلآم لە گەلّ ئەوەشدا پێی وانیە ئەو بۆچوونە ڕەخنە گرتن بێت لە دریدا چونکە دواتر دریدا دێتەوە سەر هەمان ستراتیژ بۆ ئاستە جیاوازەکانی مەعریفە.

ئەوەی بەلای (دی مان)ەوە دریداو ڕۆسۆ کۆدەکاتەوە پەیوەندیی بە تێگەیشتنی هەر دووکیانەوە هەیە بۆ زمان, چونکە ئەگەر ڕۆسۆ کلیلی زمان نە لە هەستەوە سەیر بکات و, وە نە لە بەهای مەعریفی بۆ زمانەکەی, بەلّکو لە ئیدراك کردنی بێت بەوەی کە ئەوە زمانە قسە لەخۆی دەکات, بەمانای ووتراوی زمان بۆ ووتراوی ئامادەبوون دەگەڕێنێتەوە, ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئیشکردنی دریدایە, بۆیە بەلایەوە دەکرێت لە دریداوە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆسۆ بکرێت, بەمانای خوێندنەوەی دریدا بۆ ڕۆسۆ هەلّوەشاندنەوەی سێنتەرو خولّقاندنەوەی ڕووبەرێکی کراوەیە بۆ زمان کەتیایدا چەمکەکانی ڕۆسۆ لەڕێگەی ڕەخنە گرتن لەسێنتەری لۆژیك دەبردرێتە ئاستێکی ترەوە, کە زمان تیایدا جیاوازی خۆی دەردەخات, نەوەك جیاوازی بابەت, ئەوەش بۆ دی مان دەبێتە هۆی ئەوەی بپرسێت: کەوابێت چۆن دەقی دریدا لە دەقی ڕۆسۆ جیاوازە؟ ئەو پرسیارە دەباتەوە ناو ڕەوانبێژی زمانی ئەدەبی بەوەی جیاوازی نێوان ئەو دوانە جیاوازی ڕەوانبێژی زمانە, کەلەڕووی ڕەوانبێژیەوە جیاوازی نێوان زمانی ڕەخنەیی‌و زمانی ئەدەبیە, دەنا لە جەوهەردا هەردووکیان یەك شت دەلّێن.

کەدیارە نابێت ئەوەشمان بیر بچێت ئەو سووربوونەی دریدا بۆ زمانی ئەدەبی بەرەنجامی سووربوونیەتی لە پێناو هەلّوەشاندنەوەی سێنتەر لەناو گوتاری ئەدەبی‌وهونەریدا, هەرئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی لە بەشێکی پرۆژەکەیدا قسەکردنێکی وورد لەسەر شانۆی توندوتیژی ئارتۆ بکات بەڕادەی ئەوەی ئەو شانۆیە ناو دەبات بە شانۆیەك کە تیایدا گەڕانەوەیە بەرەو

نووسین‌وهه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی سێنترالیزمی ده‌نگه‌, هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه له‌لای ئارتۆ به‌ره‌نجامی سه‌ره‌ونخونکردنی ته‌واوی بزاڤه‌ شانۆیه‌که‌ نیه‌, به‌ڵکو ئه‌وه‌ی دریداش ئاماژه‌ی بۆ ده‌کاته‌وه ئه‌و دێره‌ی ئارتۆیه‌ که‌ بڕوای وایه‌ تاکو ئێستا هه‌ریه‌که‌ له‌شانۆوسه‌ما بوونیان نیه‌, به‌ مانای ئه‌وه‌ی بۆ ئارتۆ ئه‌وه‌ی پێی ده‌ووترێ شانۆ له‌ڕاستیدا شانۆ نیه‌ چونکه‌ کۆمه‌ڵێك گوتاری خستۆته‌ ناو خۆی بوونی ئه‌و گوتارانه‌ وایان کردووه‌ ڕۆڵی شانۆ وون بێت, یه‌کێك له‌و گوتارانه‌ی که‌ شانۆی ئارتۆ ده‌یکاته‌ ده‌ره‌وه‌, ده‌رکردنی یه‌زدانه‌ له‌شانۆدا, ده‌رکردنی یه‌زدان له‌شانۆدا به‌مانای شانۆیه‌ك بڕوای به‌ بوونی سێنترالیزمی لۆگۆس نیه‌ له‌ناو خۆیدا, شانۆیه‌ك که‌ بوونی نه‌بووه‌ په‌یوه‌سته‌ به‌ بوونی لۆگۆس, لێره‌دا ده‌کرێ به‌شی هه‌ره‌ زۆری ئه‌و ڕه‌خنه‌یه‌ به‌ر شانۆی یۆنانی بکه‌وێت که‌ دواجار ته‌واوی شانۆکه‌و گوتاری بیرکه‌ره‌وه‌ گوتارێك نه‌بووه‌ له‌ده‌ست ده‌رهێنه‌روئه‌کته‌ره‌کان هێنده‌ی گوتارێك بووه‌ له‌ ڕێگه‌ی ووشه‌ی ده‌نگیه‌وه‌ چاره‌نووسی شانۆگه‌ریه‌کان یه‌زدان ده‌ست نیشانی کردووه‌, ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ نمونه‌یه‌کی زیندوو له‌ناو ئه‌و شانۆیه‌ بێنینه‌وه‌ با ئاماژه‌ به‌ ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس بکه‌ین, ئه‌وه‌ ئۆدیب نیه‌ له‌ ڕێگه‌ی زمانه‌وه‌ کاره‌کته‌ر ده‌باته‌ ناو تراژیدیا, وه‌نه‌ نووسه‌ری ده‌قه‌که‌شه‌, به‌ڵکو ته‌سلیم بوونی هه‌ریه‌که‌ له‌ته‌واوی کاره‌کته‌ره‌کان‌ونووسه‌رن به‌ بڕیاری یه‌زدان به‌وه‌ی زه‌مه‌نی تراژیدیا زه‌مه‌نێکه‌ یه‌زدان به‌رهه‌م هێنه‌ریه‌تی, کاتێ ئارتۆ ئه‌و گوتاره‌ میتافیزیکیه‌ له‌ شانۆکه‌ی دوور ده‌کاته‌وه‌, هه‌مان ستراتیژی دریدا مه‌به‌ستیه‌تی له‌و شانۆیه‌ بوونی هه‌یه‌, چونکه‌ لای ئارتۆ وێنه‌ی ده‌نگی ووشه‌ شتێك نیه‌ توانای ده‌سه‌ڵات وه‌رگرتنی هه‌بێت, وه‌ك پێشتریش ئاماژه‌مان بۆ کرد که‌ لای دریداش ده‌نگ به‌شێکی به‌ سێنترالیزم بوونی لۆگۆس به‌رهه‌م دێنێت.

ده‌رکردنی ووشه‌ی ده‌نگیش لای ئارتۆوگۆڕینی به‌ وێنه‌ی جوڵاوی جه‌سته‌ پڕۆسه‌ی له‌دایکبوونی نووسین دێنێته‌ بوون، به‌ڵام نووسینێك بێلایه‌ن نه‌بێت له‌

ڕووی ئامــادەبوونی دەرهێنەروئەکتــەران, ئــەوە دواجــار جەســتەیە دەقێــك دەنووسێتەوە تیایدا لەبڕی ئامادەبوونی میتـافیزیکی ڕووی ئـەودیوی ئەوترسـە میتافیزیکیە دەتەقێنێتەوە کە وەك تاعونێك دەردەکەوێت هەموو ئەو پیسیەی نـاو جەسـتە دێنێتـە دەرەوەوپڕۆسـەی کاتاریـسی جەسـتە دەسـت پێـدەکات, ئەگەر بـەزمانی دریـدا قسە بکـەین, دەڵـێین نووسـین جەستە پـاك دەکاتـەوە لەهەموو ئەو پیـسیەی دەنـگ تیایـدا دەسـەلاتی تۆقێنـەری لـەناومان خولقانـد بوو, چونکە شـانۆ بـۆ ئـارتۆ دەسـپێکێکی نوێیـە, شـانۆی کلاسـیکی بەلایـەوە تووشی وەستانی ئەو خوێنە بووە کەلە شوێنی خـۆی پـیس دەبێـتو دەیکـات بەگرێیەك, ئەو گرێیە پەتایەکە هەریەکە لە میتافیزیکیا ودەنـگ خولقاندویانـە, جەستە لەبەرەنجامی نووسینەوەی خۆی ئەو گرێیە دەتەقێنێتەوە, ئەو خوێنـە پیسە دەتەقێنێتەوەو جەستە لەو پیسیە ئازاد دەکات, ئەوەش پڕۆسەیەك نیـە کەتەنها ئەکتەرودەرهێنـەر تیایـدا ئـازاد بـن, هێنـدەی وەرگـر بەهـەمان شـێوە بەشداری لەپرۆسەی پاکبوونەوە دەکات, بەوەی بەشداریی لە پڕۆسـەی بیـنین دەکات, ئەو پڕۆسەیە لە شانۆی ئارتۆ ساتەوەختی بەشداریی پڕۆسەی نمـایش وکردەی وەرگرتنە, ئەگەرچـی ئـەوە مەبەسـتی ئێمـە نیـە کـە لەشـانۆی ئـارتۆ بدوێین بەڵکو تێگەیـشتنی دریدایـە بۆئـەو شـانۆیە کـە ئـارتۆ هـەوڵی نووسـینی داوە لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەنگ.

کـاتێ گراماتۆلۆژیـا لەڕێگــەی ڕەخنــەگرتن لــە دەنگولۆگـۆس تیـۆریزەی چەمکەکەی خـۆی دەکـات, دەکەوێتـە ڕووبـەروو بوونـەوە لەگـەڵ سـیمیۆلۆژیا, ئەوەش ئەگەر لەشوێنێکدا ڕەخنـەی گرامـاتۆلۆژی لـە سـەر سـیمیۆلۆژیا قـووڵ بکاتەوە, لەڕوویەکی ترو لەلای ڕەخنـەگرێکی وەك سـلڤرمان بـە سـیمیۆلۆژیای هیرمنیۆتیکی ناو دەبرێت, ئەو بابەتـەش شـوێنی نووسـینی سـەربەخۆ بۆخـۆی تەرخان دەکات.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1- الشكل و الخطاب/محمد الماكري, المركز الثقافي العربي(بيروت)1991 ص82.
2- البنيوية و التفكيك/س. رافيندران, ترجمة"خالدة حامد" دار الشؤون الثقافية(بغداد) 2002, ص151.
3– بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو تێگەیشتنەی رافیندران بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو, لاپەرەکانی 145–146.
4- التفكيك: المركز و اللعب, الطليعة الادبية, العدد(5-6)1990 ص 64.
5- العمى و البصيرة, بول دي مان, ترجمة" سعيد الغانمي" منشورات المجمع الثقافي(ابو ظبي)الطبعة الاولى 1995, ص191.

## سیمیۆلۆژیای چۆمسکی

بەدوای ئەو ڕەخنەگرتنە لە عەقلانیەت, سیمیۆلۆژیا پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرهەڵدانی زمان هەبوو, کە ئەو گەشە زمانەوانیەچۆن بەهەمان شێوەی گەشەی فیسیۆلۆژی جەستە دەرکەوتووە, بەمانای پێویستی بە پرسیار گەلێك هەبوو کە ئاخۆ زمان عەقلی کردۆتە دەرەوەی یاخود بە دوای سێنتەری ئەو عەقڵەوە زمان ڕەخنەی لە سێنتەر گرت؟ ئەوەش پرسیارێکی نائامادە بوو هۆیەکەشی ئەوە بوو دوای سۆسێر سیمیۆلۆژیا سەر گەرمی زەمینە وبنیاتە زمانەوانییەکە نەبوو, هێندەی بە پەیوەندیی ئاماژە بە زمانەوە لەلایەكولەلایەکیتر پەیوەندی ئاماژە ناسی بە ئەدەبەوە خەریك بوو،بۆیە هاتنی چۆمسکی بوو بە قۆناغێکی تری دوای سۆسێریی, بەواتای ئێمە لە سیمیۆلۆژیادا"قۆناغی سۆسێریی"[1] و"قۆناغی چۆمسکی"مان هەیە, ئەگەر قۆناغە سۆسێریەکە بووبێتە هۆی ئەوەی میتۆدی سیمیۆلۆژی لێ بەرهەم بێت,وسیمیۆلۆژیای هاوچەرخیش گەشەی پێ بدات, بەلام بێ بوونی قۆناغی چۆمسکی تووشی وەستان دەهات, بۆیە ئەو قۆناغە دۆخێکی ڕەخنەییە بۆ زمان,چونکە گەڕانەوەکەی بەستنەوەی پەیوەندیەکی پچڕاوە,ئەوەش وای کرد زمان دانەبڕێت لەو گەشە تیۆریەی کە بەدرێژایی مێژوو هاتووە,تەنانەت ئەو نەك تەنها ئەو زەمینەیە بۆ سۆسێر دەگەڕێنێتەوە,بەڵکو ئەو مێژووە بۆ یۆنانیەکانو هندیە کۆنەکان دەبات, بۆ ئەو ساتەوەختەی کە توێژینەوە لەبارەی زمانەوە ئەنجام دراوە, ئەومێژووە لەپاڵ ئەوگەشە زمانەوانییەی کە بووە خوڵقێنەری سیمیۆلۆژیا, دەبێ بە کلتوری زمان, ئەو کلتورە دەبێ بە زەمینەی ئیشکردنەوە, بە مانای دەیەوێت سیمیۆلۆژیا لە شوێنێکدا دانەخرێت, بەڵکو بە دوای لە دایکبوونی ئەو زانستە

پێویستە ئەو لایەنە شاراوانەی تیا کەشف بکرێت, کە بەنادیاریی لای سۆسێروبێرس ماونەتەوە,چونکە هەریەك لەودوانە ئەوەی دەریان خست لای ئەوانیتر کەمتر بیری لێ کرایەوە,چونکە بیر لە فراوانکردنی تیۆرە زمانەوانیەکە نەدەکرایەوە, هێندەی ئەو تیۆرە دەهێنرایە ناو ڕەخنە لەپێناو ئاراستەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دەق, کە تیایدا ئەو مانا زمانەوانیانە بارگاوی دەکرا بە فرە دەلالەتییەوە, هەرچی چۆمسکیە ئەو تیۆرە ناگوازێتەوە ناو ڕەخنە, بەڵکو ئەو تیۆرە وەك زانستێك سەیر دەکات کە پێویستی بەڕوە نادیارەکەی بووە, بۆیە لە نێوان مرۆڤوئاژەڵ پەیوەندیەکی هاوبەشی زمان دەبینێت, کە ئەگەر لای مرۆڤ"ئاماژەی زمانەوانی"ببێت بەشێوەی ئاخاوتن ئەوا لای گیانداران سیستمی پەیوەندیی شوێنی ئەو ئامازە زمانەوانیانە دەگرێتەوە(2).

ئەوەی ئەو دووانە لەیەك جیا دەکاتەوە ئاخاوتنە, چونکە سیستمی پەیوەندیی توانای زمانێکی هاوبەشی هەیە لای گیانداران, بەڵام ئەو زمانە توانای بیرکردنەوەی نییە.

کەچی مرۆڤ لە ئاخاوتن ڕووبەرێکی فراوان بۆ بیرکردنەوە دەست نیشان دەکات, بۆیە جیاوازی"ئامازەی زمانەوانی"مرۆڤو"سیستمی پەیوەندیی"گیانداران بیرکردنەوەیە, کە پەیوەندیی بەو دامەزراوە عەقڵیەوە هەیە, کەچی لای چۆمسکی ئەو تێڕوانینە دیکارتیە بیانوویەکی نییە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو جیاوازیە دەست نیشان بکات, ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە زمان لە ئاستی بایەلۆژی گۆشەگیرەو لەشوێنێکدا دەیوەستێنێت, بۆیە ئەگەر منداڵ پێکهاتەی جەستە لەلای مانایەکی نەگۆڕی نەبێت,بەڵام لەگەڵ گەشەی فیسیۆلۆژی زمان لەلای دەچێتە ئاستێکی گۆشەگیرەوە بەوەی سنوری دەست نیشان کراو دەبێت, ئەوەش پەیوەندیی بەو تێگەیشتنە هەیە بەوەی ئەوچۆن سەیری زمان دەکات, یا بەواتایەکی تر پرسیاری: زمان چییە؟ پرسیارێکە سەرباری ئەو تێگەیشتنە مێژووییەو ئەو گۆڕانەی لە بەرەنجامی ئەو پرسیارە هاتە بوون, بەڵام ئەو ڕابردووە

زمانەوانییە تەنیا کلتورێکە بۆ ئەو پرسیارە, کلتورێك دەبێ بە پاڵ پشتێك کە توانای تێگەیشتن بەرەو ئاراستەیەکی تر ببات, چونکە چۆمسکی ئەگەرچی لەو مانا دیکارتیە, کە مانایەکی عەقڵیە بۆ زمان, ئەوە دەر دەخات کە مۆدێرنیتی ئەو جیاوازیە عەقلانیەی بەسەر چووەو توانای ڕازیکردنی زانستی نییە, چونکە لای چۆمسکی زمان ئەندامێکی ئەکتیڤی مرۆڤە, ئەندامێکە بۆ ئەوەی لە زمانی ئاژەڵ جیای بکەینەوە, ئەوە نییە بڵێین ئاخاوتنیمرۆڤ دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ کائینێکیعاقڵەوئاژەڵ کائینێکیبێ عەقڵە, بەڵکو ئەو دێت لەو خانەیە دەکۆڵێتەوە کە زمان دێنێت,چونکە بەلایەوە زمان بەرەنجامی هەردوو فاکتەری"ئاستی دەسپێك"و"بەردەوامی شارەزاییە".

ئاستی دەسپێك ئاستێکە سەرەتای درووست بوونی پێکهاتەیە, کە ئەو ئاستە دەتوانێ زمان وەك دەربڕاز بوونێك وەربگرێت, کەوا بەستەیە بە" عەقڵ/مێشك"ەوە, بۆیە ئەو ئاستە فاکتەری یەکەمی بوونی زمانە کە منداڵ یەکەم ساتەوەختی زمان تیایدا گەشە دەکاتو لای ئاژەڵ ئەو ساتەوەختە بوونی نییە, کە دیارە بۆ مرۆڤ فاکتەری یەکەم بە هەموو شێوەیەك گرنگترە, چونکە هەرچی فاکتەری دووەمە"بەردەوامی شارەزایی" پەیوەندیی بەو تایبەتمەندیەی زمان هەیە کە مرۆڤ پەیڕەوی دەکات, یانی فاکتەری دووەم.. فاکتەرێکی گریمانە کراوی نێو ئەو سیستەمەی قسەکردنەی نێو زمانە, کەچی هەرچی فاکتەری یەکەمە پەیوەندی بە عەقڵومێشکەوە هەیەودەتوانرێ بەفاکتەرێکی سرووشت ناوبرێت، لای چۆمسکی بونیادگەری زمانەوانیو ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی توانیان دەسکەوتی گەورە بە زانستی زمان ببەخشن, بە مانای ڕۆڵی سۆسێرو ئێدوارد سابیر بە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە زمانەوانیە دەزانێت, ئەوە سەرەڕای ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەزمانەوانێکی تر دەدات کە بەر لە بونیادگەرەکان ئامانجی زمانەوانی بە کەشفکردنی بونیاد ناو بردووە, ئەویش زمانەوانی دانیمارکی"ئۆتۆ برسبرسن"ە, کە ئەو زانستەی ناو برد بە ئامانجێکی سەرەکی بۆێ اشکراکردنی بونیاد"لە عەقڵی قسەکەر کە توانای بەرهەمهێنان وتێگەیشتن

له گوزارشته ئازادەکانی هەیە, ئەوانەی دەبنە نوێ لەسەر قسەکەر وبیسەر, یاخود تەنانەت لەسەر مێژووی زمانیش, ئەوەش ڕووداوێکی ڕێکخەرە بۆ ژیانی ڕۆژانە, وە چەمکی بونیاد لای سبرسن بە ڕۆحی نوێنەرایەتی دادەنرێت کە هەندێك پاڵنەرن دەچنە نێو شیاوەکان لەسەربەرهەم هێنانو تێگەیشتنی گوزارشتە ئازادەکان"[3].

ئەوە سەرەڕای ئەوەی پێی وابووە زانستی زمان لە ئەمریکا زانستێك بووە وەك میکانیزمێك بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا دەرکەوتووە, نەوەك لەپێناو زماندا بووبێت, بەڵکو زمان بووە بە میکانیزمێك بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا, بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی ئەگەرچی کۆکردنەوەی دوو زانست بوو لەناو یەك, بەلاَم زانستی دووەم لەناو یەکەمدا تواوەتەوە, بۆیە ئەو دیدگا بونیادگەریە بۆ زمان بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە, سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دیدە توانیویەتی زمان بەرەو پێش ببات, بەلاَم چۆمسکی پێی وایە پرسیاری زمان چییە؟پرسیارێك بوو بۆ ئەمریکیەکان قووڵبوونەوە نەبووە لەناو خودی زمان, بەڵکو پرسیارێك بوو بەرەو مرۆڤناسی دەڕۆیشت, پەیوەندیی بەو پەیوەندیە زمانەوانیەوە هەبوو کە لای ئێدوارد سابیر بۆ قسەکردن منداڵ دەبەستڕایەوە بە جۆری ئەو کلتورە کۆمەلاَیەتیەی کۆمەڵگا گریمانەی دەکات, کەچی لای چۆمسکی ئەوقسەکردنە وابەستە دەکرێت بە توانای نەستی, بە مانای زمان لە پەیوەندیەکی ئەنترۆپۆلۆژیەوە گەشە بە کلتور نادات, بەڵکو زمان پەیوەندیی هەیە بە ئاستی سایکۆلۆژی, ئەوەش پەیوەندیی نێوان ووشەو ئاگایی منداڵە, بەمانای لەهەر کلتورێکدا ڕێزمانی زمانەکە دەیسەپێنێ, چونکە"زمان ڕێکخستنێکی ئاڵۆزە لە ڕێزمان کە هەریەك لەوان تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو وپێکهاتەی نەحوییدەست نیشان کراو"[4].

بنیاتی دامەزراندنی تیۆری زمانەوانی چۆمسکی لە نێوان ئێدوارد سابیرو بلۆمفێڵدە, ئەگەرچی نزیکایەتی بۆچوونەکانی خۆی بۆ لای بلۆمفێڵد دەگوازێتەوەش, بەلاَم ڕەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی کارەکانیشی دەکات,

بەڕادەی ئەوەی بەو شێوەیە ڕەخنە لە ئێدوارد سابیر ناگرێت, ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانە پەیوەندیی بە ڕەوانی وئالۆزنەکردنی سابیر هەبێت, کە لای بلۆمفیڵد شتەکان بە ئاسانیخۆیان نادەن بەدەستەوە, هەر بۆ نمونە ئەگەر کتێبەکەی بلۆمفیڵد لەژێر کاریگەری کتێبەکەی سابیر نووسرا بێت, تەنانەت بە شێوەوقەبارەش خۆی گەورەتر بنوێنێت, کەچی ئەو سادەیەی سابیر نەبۆتە هۆی ئەوەی ڕوویفەلسەفی خۆی لە دەست بدات, بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەرەنجامانەی ئەو پێی دەگات, دەرەنجامێکن تەنانەت زمانەوانێکیوەك "چۆمسکی"ش لە هەندێ خاڵ نەبێ دەنا لەوە ناچێت کێشەیەکی تیۆری ئەو تۆی لەگەڵدا هەبێت, ئەگەرچی ئەو ڕوانینەی هەر لە سەرەتاوە نەبووە, چونکە کارەکانی سەرەتای زیاتر پەیوەندیی بە زانستی زمانەوە هەبووە, بەو شێوەیەی کە زانستێکی سەربەخۆیەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە زانستێکیترەوە نەبووە, کەچی لە کارەکانی دوایی ئەو زانستەی بەستەوە بە دەروونناسی, ئەو پەیوەندیە لەنێوان زمانناسیودەروونناسیدا بووبە "هۆی ناسینی چۆمسکی هەنووکە نەوەك بەرهەمەکانی کە زیاتر تەکنیك بوو لە زانستی زمان, بەو پێیەی کە کایەیەکی مەعریفی سەربەخۆیە"[5].

ئەو هۆکارەی وای لێکرد زمان بەرێتەوە ناو دەروون پەیوەندیی بە ڕەخنەکانی بوو لە ڕەفتارگەری بلۆمفێڵدوقوتابخانەکەی, کە ئەو ڕەخنەیە تا ئەو ئاستە ڕۆیی کە ئیدیی زمان وەك لەکارەکانی بەراییدا بە کایەیەکی سەربەخۆ ناوی دەبرد, تەواو دژ بەو بۆچوونەی خۆی وەستایەوە,تەنانەت گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە زمانناسی لقێکە لەناو دەروونناسیدا, بۆیە سیمیۆلۆژیای چۆمسکی چەندە پەیوەندیی زمانە بە دەروونەوە, هێندەش ئەو پەیوەندیە ئاماژەی کرد بە خاوەن دوو ڕووخسار, یەکەمیان ئەوەیە ئاماژە هێمایە بۆ مەدلول, یاخود ئەو ڕووبەرەی کە بوونێك داگیر دەکات, دووەمیش ئەو مانایەی کە لە زماندا هێمای بۆ دەکرێت, بە مانای ئاماژەی زمانەوانی بریتیە لەو هێماکردنەی کە ڕووبەری دەلالەت دیاری دەکاتو هەروەها دەست نیشان کردنی مانای قسەکەر

دەگرێتەخۆی، ئەو تێگەیشتنەی بۆ ئاماژە ئەگەرچی ڕوانینێکە پێشتر لای بێرس هەبووە[6]، بەڵام ئەوەی چۆمسکی گۆڕانی تیا دەکات، ئەو دوو گوتارەیە کە لە زمان جیای دەکاتەوە: "گوتاری فەلسەفی" و "گوتاری دەروونی".

گوتاری یەکەم لەڕێگەی عەقڵەوەیە، هەرچی گوتاری دەروونیە وابەستەی دەکات بە مێشکەوە، بە مانای ئاماژەو پەیوەندیی دال ومەدلول دەباتە دەرەوەی ئەو گوتارە، چونکە پێش ئەو.. ئەو دوو گوتارە فەرامۆش کرا بوون، هەر لەناو زمان سەیر دەکران، لێرەدا ئەگەر ئاماژە بۆ دووناو بکەین دەڵێین، ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی "ئێدوارد سابیر" گوتاری فەلسەفی کردبووە بەشێك لەناو زمان، وەك چۆن ئەو گوتارە دەروونیەش لای "جاك لاکان" نەك تەنها لەناو زمان توانرا بۆوەو جیا نەدەکرایەوە، بەڵکو لاکان بڕوای وابوو کە زمان ونەست وەك یەك بونیاد نراون، بۆیە لەنێوان ئەو تێگەیشتنانەدا چۆمسکی دەگاتە ئەو بڕوایەی لەنێوان زمان ودەروونناسییدا پێویستمان بەتەئویل کردنەوەی گریمانەکانی ئەو پەیوەندییە دەبێت، ئەوەش لەسەر بنەما سیمیۆلۆژیەکەی "بارت"ەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت، بە مانای بنەما سیمیۆلۆژیەکەی بارت لەڕەخنەدا پراکتیزەی دەکات، وەری دەگرێتەوە بۆ تەئویل کردنەوەی گریمانەکانی نێوان زانستی زمان ودەروونناسییدا، ئەویش "بەڵگە"یە.

ئەگەر لای بارت بەڵگە شوێنی ئەو ڕەمزە دەگرێتەوە کە سۆسێر ڕەتی دەکاتەوە، بەوەش بەدوای نەمانی ڕەمز بەڵگە دێت، پەیوەندیی نێوان دال ومەدلول بەیەك دەگەیەنێت، بەڵام "بەڵگەی زمانەوانی" چۆمسکی هەمان ئەو مانا کلاسیکیەی نییەکە لای ئێدوارد سابیر هەبوو، کە بەڵگەیەك بوو تەنها وەزیفەی ڕاڤەکردنی دەنگ بوو لەناو واقیعێکی دەروونی، بەڵکو ئەو تێگەیشتنە بۆ بەڵگە دەگۆڕێتە سەر ئاستێکی گوماناویی، بەوەی بەڵگە وەزیفەی دەبێ بە گەڕانەوەی "بنیاتی عەقڵانی بۆ بیرۆکە گوماناویەکان بۆ ئەو بەڵگە زمانەوانیی و واقیعە دەروونیانەی کە بە شێوەیەك دەرکەوتوون"[7].

ئەوەش دیدێکی تازەگەرانە ونـامۆ نییـە بـۆ زمـان, هێنـدەی گەڕانەوەیـە بـۆ تێڕوانینی ڕابردوو, قسەکردنەوەیە لەو دەستەواژە سەرەتایەی پێی وابوو "زمان ئاوێنـەی فیکـرە" ئـەو گەڕانەوەیـەش بـە مەبەسـتی خـستنەوە ڕووی تێڕوانینـە کۆنەکان نییە بۆ زمان, هێندەی دەیەوێت لـە پەیوەنـدیی قـسەکەر بـە زمانـەوە بلێیت: کاتێ زمان دەبێت بە ئاوێنەی فیکر مانای وایە مرۆڤ بەشداریی دەکـات لـە پەیوەندیی نێوان زمانو عەقڵ, بۆیە زمان وعەقڵ ئەو دوانەیەن کە ڕەنگدانەوەی یەکترین,بۆ ئەوەش نمونە بە قسەکردنەوەی منداڵ دێنێتەوە, کە قـسەکردن لای منداڵ ڕەنگدانەوەی ئاستی ئاگاییەتی, بۆیە ئەوە پڕۆسەی فێرکردن نییە منـداڵ بـەم شـێوەیە قـسە دەکـات, بـەڵکو توانـای عـەقڵی خۆیـەتی بـەپێی خانـەکانی مێشکی پەیوەندیی قسەکردنی زمان دەست نیشان دەکرێت, ئەو گەڕانەوەیـەش بۆ ئەو دەستەواژەیە دەیگەیەنێتە ئەو دەرەنجامە نوێیەی کە تیایدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات, کاتێ دەگەینە ئـەوەی کـە بلێین"زمـان ئاوێنـەی فیکـرە بـە مانـا قووڵو گرنگەکەی, ئەوە بەرهەمی زیرەکی مرۆییە کەلای هەموو تاکێك خولقاوە, بە هاوکاریی پرۆسەکانی دەکەونە دەرەوەی وەرگرتنی ئاگاییوئیرادە"[8].

ئـەو تێڕوانینـە بـەو مانایـە نییـە کـە لـە نێـوان سۆسێروچۆمـسکی بـە تـەنیا نزیکبوونەوە هەیە لە یەکتریی, بەڵکو جیاوازی مەزن لە نێوانیان بەدی دەکرێت, وەك لە پەیوەندیی زمان بە عەقڵ و پۆلێن کردنی عەقڵ بەسەر دوو بەش بەناوی "مێشك"و"زهن".

ئەو دوو بەشەش لە عەقڵدا کاریان دەبێ بە خولقاندنی جیاوازیی لـەناو زمـان لەڕێگەی دوو گوتار, یەکـەمیان عەقلانیوئەویـدیش سـایکۆلۆژیی, بـەلأم ئـەوەی وادەکات جارێکیتر چۆمسکی بە سۆسێر بگەیەنێتەوە, پەیوەندیی هەیە بـەوەی کـە زمـان بەلایـەوە خـاوەنی"سرووشـتێکیخۆ نوێکردنـەوە وداهێنـەرە, ئـەو کێشەیەش لەنێوان هەردوو تیۆری سۆسێرییوچۆمسکیەت کێشەی سـێنتراله لـە میتۆدی زمانەوانی"[9].

هەر ئەو سێنترال بوونیمیتۆدەشە وای کردووە, گواستنەوەی تیۆرەکانی چۆمسکی بۆ زمانی نەتەوە جیاوازەکان ببێت بەکارێکی ئەستەمو قورس, تەنانەت بەوەرگێرانی دەقەکانیشی هێشتان ئاسان نییە تێگەیشتن لێی, هەروەك وەرگێرێکی عەرەبی کتێبی"زمانوعەقلّ"ەکەی دەلّێت:"چۆمسکی بەرێزمانێکی زمانەوانیهاتووە, لە بەد بەختیشدایە پراکتیزە ناکرێت, تەنها لەسەر زمانی ئینگلیزی نەبێت, وە بانگەوازی ئەوەش دەکات کە بۆ زمانەکانی تریش دەست دەدات, بەلاّم سوود وەرگرتن لێی دەست نیشان کراوە"[10].

## پەراوێزوسەرچاوەکان:

1–ناوبردنی ئەو قۆناغە بە سۆسێریی مانای دەسبەردار بوون نییە لە بێرس, بەلّکو پەیوەندیی بەو ڕاستیەوە هەیە کە سیمیۆلۆژیا زیاتر پشتی بە بۆچوونەکانی سۆسێ ربەستووە, دەنا ناوبردنی ئەو قۆناغە مەبەستمان لە هەر دووکیانە.

2–ئاماژە کردن بۆ پەیوەندیی مرۆڤو ئاژەلّ بە تەنیا لای چۆمسکی دەرنەخراوە, بەلّکو پێشتر هەر هەمان پەیوەندیی لای"ئەمبێرتۆئیکۆ"ش قسەی لەبارەوە کراوە, بە تایبەتی ئیکۆ نمونە بە شێر دێنێتەوە, کە بە پاشای دارستان ناسراوە, ئەو ناسینە بۆ خۆی پاشا ئاماژەیە بۆ مرۆڤ ودارستانیش بۆ ئاژەلّ, بڕوانە: نظرية العلامات ودور القارىء/ امبيرتوايكو, ترجمة "د.عبدالستار جواد"الاديب المعاصر, العدد46", بەلاّم جیاوازی چۆمسکی لە ئیکۆ لەو خالّەوەیە کە چۆمسکی ئەو پەیوەندیە لە ئاستی تیۆری زمانەوە دەست نیشان دەکات, نەوەکو لە ڕووی ئاماژە زمانەوانیەکە.

3-اللغة والعقل/تشومسكي, ترجمة"رمضان مهلهل سدخان"الثقافة الاجنبية, العدد(1)1988ص5.

4–هەمان سەرچاوە/ص6.

5-جومسكي/جون لاينز, ترجمة"بيداء علي العبيدي"و"نغم قحطان العزاوي"دار الشؤن الثقافية(بغداد)2001/ص113.

6–تەنانەت لە ڕووی پەیوەندیی عەقلّی مرۆییو سرووشتی خەیالّکردن بۆ وە دەست کەوتنی مەعریفە لای مرۆڤ پشتی بەستووە بە چەندین ووتەی بێرسو ئەوەش گەیاندویەتیە ئەو

بڕوایەی کە ناتوانرێ "زمان وەدەست بێت تەنیا لەڕێگەی سیستمێکیدەست نیشان کراوی پێشتر نەبێت" (جومسكي: اللغة والعقل/حسب اللة يحيى,افاق عربية, العدد الاول/1997/ص72) ئەو قسەیە بەو مانابیە کە ئەو بە هیچ جۆرێك نایەوێت بچێتە ناو سیستمێکی زمانەوە کەخاوەن زەمینەو کلتورێك نەبێت, بەڵکو ئەوەی بەلایەوە گرنگە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو ڕابردوو زمانەوانییە.

7-تحقيقات صغرى داخل اطار المنطق الرياضي في مشكلات اللغة البشرية/جومسكي, ترجمة "رمضان مهلهل سدخان"الثقافة الاجنبية, العدد (2) لسنة2000/ص109.

8-تأملات في اللغة/جومسكي, ترجمة "د.مرتضى جواد باقر"و"د.عبدالجبار محمد علي"
دار الشؤن الثقافية (بغداد)1991/ص15.

9- مباحث في علم اللغة واللسانيات/د.رشيد عبدالرحمن العبيدي, دار الشؤن الثقافية (بغداد)2002/ص303.

10- جومسكي:اللغة والعقل/حسب اللة يحيى, افاق عربية, العدد الاول/1997,ص72.

بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی– چاپکراوە



www.dengekan.com
1/14/2007